زمان و زار

ساڵی سێیەم- ژمارە (٩) (گەڵاڕێزان-٢٧٢٣) (پاییزی-٢٠٢٣)

گۆڤارێکی زمانناسیی وەرزییە

خاوەن ئیمتیاز:
د. تەها ڕەسووڵ

سەرنووسەر:
فەرەیدوون سامان

سەرنووسەری فەخری:
تۆفیق وەهبی بەگ

زمان و زار

دەستەی راوژێکاری:

د. وریا عومەر ئەمین

د. هۆگر مەحمود

د. مزگین چالی

د.بێستوون حەسەن ئەحمەد

کامران رەحیمی

کۆمەڵگەی پەروەردەیی مارگرێت
دەری دەکات

بۆ پەیوەندی بە گۆڤاری زمان و زار

fereydunsaman61@gmail.com

00964 750 448 0493

ڕاوێژکاری کارگێڕی:

ئەڤین ئەحمەد

ڕاوێژکاری یاسایی

سالم سەلمان کوببەچی

هەڵەگری: لوقمان.م شلانی - مەسعود لاوە

دیزاین: ئومێد محەمەد

چاپ: ٢٠٢٣

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی تاران

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:

گوزارشت لە راوبۆچوونی نووسەرەکەی دەکات

پێڕست

- دەور و بایەخی زمانی کوردی لە پرۆسەی ئێتنۆ – کۆمەڵایەتیدا..............٧
د. ڕەشاد میران
دۆسێی تایبەت بە زمانی ستانداردی کوردی...٢١
ڕێکار ئەحمەد: شتێک بەناوی جووتستانداردی نییە...٢١
پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: دوو جۆر ڕێنووس لە ڕاژەی نووسین و زمانی کوردیدا نییە........٣٣
د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: هۆی هەرە سەرەکی نەبوونی زمانی ستاندارد.............٣٩
مستەفا غەفوور: زمانی ستاندارد ناسنامەیەکە هیچ هێزێک ناتوانی لە کوردی بستێنێتەوە.......٤٧
شاسوار هەرشەمی: چۆنیەتی پێکهاتنی زمانی ستاندارد...٦٣
-نەڤەرەی ڕۆکیرۆ- بێخزانی (Rokiro Theory- Bekhzani)...............٧٥
تاریق هەمەوەندی
- د.بێهرووز چەمەنئارا: بنکەیەکی نیشتیمانی بە ناوی شانامەی کوردی هەبێت.....١٠١
دیمانە/ قاسم تاباک
- ئەرکەکانی (ی) لە زمانی کوردیدا و چۆنیەتیی بەکاربردنیان..................١١٥
داستان شەریف
- زمانی کوردی بە پێی پۆلینکردنی تایپۆلۆجیی زمانەکانی جیهان............١٢٧
د. ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین
- هونەری نووسین و زانستی ڕێنووس...١٣٥
کازم عەباس زەندی
- زمانی ئادەم، تێنەگەیشتن یان بوختان بە خودا!.......................................١٦٣
شاسوار هەرشەمی
- زمانی کوردی لە بەردەم کۆنترین و بەهێزترین زمانەکانی جیهاندا.......١٦٧
یووسف ئیسماعیل
- زمان و یادەوەری لە ڕۆمانی گڕی سەهۆڵ..یان بەرخودانی کۆبانێ......١٧٧
فەرەیدون سامان
- ئاڤێستا لە بەرهەمێکی زانستیی ڕووسییدا...١٩١
د.جەبار قادر
- ناو ناسنامەیە..١٩٩
حەمەفەریق حەسەن
- هەڵاڵەی زمانی کوردی...٢٠٥
چۆلی فایەق
- پسپۆری زمانی کوردی ئیبراهیم ئەمین باڵدار...٢١١
ئا/زمان و زار

- شەهابەددین سوهرەوەردی چیرۆکی نامۆیەتی مرۆڤ لەدەقی چیرۆکی غەوارەی غەریبدا.......٢١٥
ئەیوب گازرانی
- زانای گەورەی کورد ئەلجەزەری...٢٢٣
ئەمین سالح دێوانە باڵەکی
- ناونانی زمانەکان (وەرگیراو لە کتێبی تێگەیشتنی هەڵە لە زمان)...........٢٢٧
د. عادل محەمەدی
جینۆسایدی فەرهەنگی لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا...............................٢٣٣
ئازاد وەڵەدبەگی
پەیوەندییە واتاییەکان لە پێواژۆی وەرگێڕاندا..٢٤٣
پ.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد
- کتێبی ئەمجارە: وردە سەرنج،زمان، دەسەڵات، ناسنامە.........................٢٧١
خوێندنەوەی: بێهزاد خۆشحاڵی
- لرستان و فرهنگ و تاریخ لری مصاحبه با رامین گارا، محقق و نویسنده کرد...........٢٧٥
مصاحبەکننده: هاشم علیویسی
- واژە سازی در زبان کوردی..٣٠٣
نامدار جابری
- اللغة اداة للتعبير و التفاهم..٣٠٧
هياس محمود كاكەيى

- Hevpeyvîn bi Kinyazê Îbrahîm re..5
Hejarê Şamilêv
- Yek Ji Encamên Asîmîlasyonê: Lixwenebanbûn..............................25
Dr. Dilawer Zeraq
Qaçaxê kurê Şebab...37
Berhevkirin: raper ozeri
- Mîr Celadet Bedirxan.Mîrê Ziman û Alfabeya Kurdî............................47
Konê Reş
- dereqa Qaçaxê Mirad da..55
Emerîkê Serdar
Heciyê Cindî، Ji mirinê yek ji avakerên Kurdolojiyê 32 sal derbaz dibe.....61
Jêgiran
Çend rûpel ji jiyana Ereb Şamîlov..65
WEZÎRÊ EŞO
ELÎYÊ EBDULRREHMAN: Jîyan û berhemên wî......................................77
Dr. Maruf Xeznedar

دەور و بایەخی زمانی کوردی
لە پرۆسەی ئێتنۆ – کۆمەڵایەتیدا

د. ڕەشاد میران

پێشەکی:

کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە ڕێرەوی مێژوویەکی درێژدا دروستبووین؛ تا گەیشتوون بە شێوە و ئاستی پێشکەوتنی ئێستاکەیان، بە چەندین قۆناغی مێژووییدا تێپەڕبوون و گەلێک پرۆسەی جۆراوجۆریان بەسەردا هاتوون، وەکو پرۆسەکانی- مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی و... هتد، ئەم پرۆسانە هەموویان لەیەک کاتدا ڕوودەدەن و هەر یەکێکیان ئەوانیتر تەواو دەکات و پێکەوە سیما و دەق و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان دیاردەکەن ؛ ئەوەش چونکە هیچ کۆمەڵگایەک نییە کە مێژوو، توخم و مۆرکی کۆمەڵایەتی یان ئێتنکی(نەتەوەیی) نەبێت. لێرەشدا ئێمە هەردوو چەمکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بە تەواوکەری یەکدی دەزانین.

(مێژوو) وەکو ئاشکرایە مێژووی کۆمەڵگا و میللەت و کۆمەڵانی خەڵکە، هەلومەرج و سیما کۆمەڵایەتییەکانیش ئاکام و بەرهەمی مێژوون، هەربۆیەش هەردوو زانستی مێژوو و کۆمەڵناسی تابڵێی لەیەک نزیکن.

مێژوونووسی بەناوبانگ ئیدوارد هالیت کار، بەم بۆنەیەوە دەڵێ: «هەرچەندی مێژوو کۆمەڵایەتی بێت و سۆسیۆلۆگیا مێژوویی بێت، ئەوا بۆ بەرژەوەندیی هەردووکیانە، با لە نێوانیاندا سنوور نەهێڵین»[1]. جا، لەم گۆشەنیگاوە، ئێمە کە باسی کۆمەڵگا و سیمای کۆمەڵایەتی و (کۆمەڵناسی) دەکەین، هەروەهاش (ئێتنۆگرافیا) و سیمای ئێتنیکی و نەتەوەیی، ئەوا مێژوو و هۆکاری مێژوویی تا ئەوپەڕی ڕەچاوکراون.

هەرچی هاوپەیوەندارییی دووچەمکی کۆمەڵایەتی و ئێتنیکیە ئەوا ئەویش تا بڵێی بەهێز و هەمان کاتیش ئاڵۆزە. پێشەکیش چەمکی ئێتنکی پێویست بە ڕوونکردنەوە دەکات- ئێتنکی لە وشەی ئێتنۆگرافیاوە هاتووە بەمانای هەموو ئەو سیما و خەسڵەتە تایبەتییە « نەتەوەییانە»ی کۆمەڵە خەڵکێک پێیانەوە دەناسرێ... ئەگەرچی وشەی ئێتنیکی فراوانترە لە نەتەوەیی، چونکە ئێتنۆگرافیا، وەکو زانستێک، تەنیا لە میللەت و نەتەوە ناکۆڵێتەوە، بەڵکو ئەو گرووپ و کۆمەڵە خەڵکانەش دەگرێتەوە کە هێشتا هەر لە ڕێرەوی دروستبوون دان، واتە نەبووین بە میللەت- وەکو خێڵ، یەکێتیی خێڵەتی (لە قۆناغی مەشاعییەتی سەرەتاییدا) . جا هاوپەیوەندارییی بەهێزی دوو چەمکی کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی، بەتایبەتی لەتێزێکی باوی ئێتنۆگرافیدا دەردەکەوێت کە دەڵێ: نە ئێتنۆس بێ کۆمەڵگا دەبێت و نە کۆمەڵگاش بێ سیما

و خەسڵەتی ئێتنیکی- بۆیەش کەواتە هەموو توخم و مۆرک و خەسڵەتێکی کۆمەڵایەتی هەمان کات، بەڕادەیەک، ئێتنیکین و بە پێچەوانەشەوە. چەندین نەوەی بەدوای یەکدا هاتووی کۆمەڵەیەک کاتێک، لە ڕەوتێکی مێژوویی درێژدا کۆدەبنەوە و یەک دەگرن، نیشانە و ماکی ئێتنیکیی هاوبەشیان بۆ پەیدا دەبن، وەکو- ناو، زمان، خاکی هاوبەش، کولتووری هاوبەش... هتد، واتە ئێتنۆسێک پێکدێنن، ئەوا لە هەمانکات ڕێکخراوە و یاسا و سیمای کۆمەڵایەتییان بۆ دروستدەبن، واتە کۆمەڵگا پێکدێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا ، کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی دوو بواری جیا و هەر یەکێکیان مەودای کار و ئاکامی خۆیی هەیە، بۆیەش ئێتنۆگرافیا لە زۆر وڵاتانی جیهاندا زانستێکی سەربەخۆیە، ئەگەرچی پەیوەندیی توند و بەهێزی لەگەڵ زانستانیتری ئینسانی، پێش هەموویان مێژوو و کۆمەڵناسی، دا هەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیدا هەوڵدەدەین، لە ڕوانگەی ئێتنۆگرافیاوە، دەور و بایەخی زمانی کوردی لە ژیانی واقیعیی کۆمەڵگای کوردیدا و کاریگەریی لەسەر دیاردەکانی پڕۆسەی ئێتنۆ کۆمەڵایەتی دەربخەین. بایەخی ئەم باسەش لەوە دایە کە تاوەکو ئێستا، بەپێی زانیاری ئێمە، نەبۆتە بابەتی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، بەتایبەتیش لایەنە ئێتنیکییەکەی؛ بۆیەش سەرچاوەی زانستیی ئەم بابەتە تابڵێی دەگمەنە و ئەوەش ئێمەی ناچارکرد، شانبەشانی بەکارهێنانی سەرچاوەی بیانی و تیۆری، زێتر پەنا بەرینە بەر چاودێریکردنی ڕاستەخۆ (الملاحظە المباشرە)ی ژیانی کوردەواری بۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەی مەبەستمان بوون، ئەمەش وایکرد کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەڕادەیەک شەقڵێکی مەیدانی بەخۆوە بگرێ.

زمان وەکو دیاردەیەکی ئێتنۆ کۆمەڵایەتی

زمان یەکێکە لە نیشانە و ماکە ئێتنیکییە هەرە گرنگەکانی میللەتان، نە هەر ئەوە بەڵکو زۆرجار ناسنامەی نەتەوەیی بەهۆی زمانەوە دەسنیشان دەکرێ، چونکە زمان تا بڵێی دیار و بەرچاوە و هەست پێکراوە.

زمان خاوەن کولتوورە – هەموو کولتوورێک دەبێ بە زمانێک دەرببڕێ، بۆیەش زمان ئەگەرچی بەشێکە لە کولتوور، بەڵام «کەسایەتیی» تەواوی خۆی هەیە و لەبەر ئەوەشە کە هەمیشە دەگوترێ: زمان و کولتوور . لەم ڕووەوە گەلێ کەس و خەڵکی

میللەتان هەن کە، لەبەر هەر هۆیەک بێت، بە زمانی نەتەوەیی خۆیان ناپەیڤن، کەچی خۆناسی و هۆشیاریی نەتەوەییان هەیە و خۆیان بە ئەندامی میللەت و نەتەوەی خۆیان دەزانن ؛ بەڵام ئەمانە لە سۆنگەی ئەوەوە کە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان قسە ناکەن، ئەوا بێگومان بە ڕادەیەکی زۆر دوورن لە کولتووری میللەتەکەیانەوە، ئەوەش چونکە کولتوور هەمیشە نەتەوەییە - گرنگترین و بەرچاوترین ماکی نەتەوەییش زمانە. نەتەنیا ئەوە ، بەڵکو کولتوور، بەلایەنە ماددی و گیانییەکەیەوە، وەکو گوتمان، بەهۆی زمانەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادە دەکرێ ؛ زیاد لەوەش نەک هەر کولتوور، بەڵکو سەرلەبەری ژیانی کۆمەڵایەتی، هەر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە بگرە تا دەگاتە ناو و بەڕێوەچوونی کاروباری ڕێکخراو و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بە زمانی نەتەوەیی دەبن. جا بۆیە زمان، کەواتە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیشە[٢] ؛ ئەمەش ، واتە هاوپەیوەنداری و کارلێککردنی هەردوو لایەنی ئێتنیکی و کۆمەڵایەتیی زمان، ڕێک دەور و بایەخی ئەمەی دوایی لە پرۆسەی ئێتنۆ کۆمەڵایەتیدا دەردەخات. زمانی کوردیش بێگومان لەو ڕەوتە ڕیزپەر نییە و هەمان دەور لە کۆمەڵگای کوردیدا دەبینێ.

لەم گۆشەنیگایەوە، ئەگەر وردبینەوە لە چەند بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد کە توند بە زمانەوە بەستراونەتەوە، ئەوا دەتواین سەرنجی ئەم ڕۆڵەی زمانی کورد بدەین. ئەم بوارانەش کە بۆ ئەم باسە هەڵمانبژاردوون ئەمانەن: دیالێکت و زمانی ئەدەبیی کوردی، ناو (ناوی کەسی) ، ئایین.

دیالێکت و زمانی ئەدەبیی کوردی

سەبارەت بە بوارەکانی دیالێکت و زمانی ئەدەبیی کوردی، زمانەوانانی کورد و بێگانە، بە ڕادەیـەک لە سەریان نووسیوون، بەڵام باسەکانیان وەکو پێویست، بەڕای ئێمە، نەخراونەتە نێو قەوارەی ژیان و ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کوردەوارییەوە- هەرگیز لە لایەنی ئێتنیکیی ئەم دوو بوارە، واتە دیالێکت و زمانی ئەدەبیی کوردی، نەکۆڵراوەتەوە، ئەوەش کەلێنێکی گەورەیە لە لێکۆڵینەوەی دیالێکتۆلۆگی؛ هەمان شتیش سەبارەت بە زمانی ئەدەبیی کوردی. ئەم تۆژینەوەیە ناتوانێ ئەم کەلێنە پڕ بکاتەوە، بەڵام هەوڵدەدات تیشک بخاتەسەر هەندێ لایەنی، یان هەر نەبێ چەند پرسیارێک قووت بکاتەوە.

دیالێکت دیاردەیەکی ئاڵۆزە و تاکو ئێستاش کێشەیەکە بەرەو ڕووی زمانەوان و پسپۆرانی ئێتنۆگرافیا دەبێتەوە (٣). زێدەڕۆیی نابێت بڵێین، هێشتا دیالێکتەکانی زمانانی زۆربەی میللەتانی جیهان بەتەواوی دیاری نەکراون، بەڵام ئەوەی تاکو ئێستا زانایان سەلماندوویانە زۆریی ژمارەی دیالێکتەکانی زمانێک، هەروەها جۆراوجۆری و لە زۆر حاڵەتدا جیاوازیی قووڵی نێوانیشیان نابن بەهۆی هەڵوەشانەوە و نەمانی زمانی هاوبەشی میللەتەکە.

سەبارەت بە جیاوازیی زۆری نێوان دیالێکتەکانی زمان، ئەم نموونەیە دێنینەوە: زمانی ئەدەبیی ئەڵمانی لەسەر بنچینەی دیالێکتەکانی باکووری ئەم زمانە دروستبووە و دیالێکتەکانی خوارووش نەک هەر زۆر دوورن لەوانەی باکوور، بگرە لە زمانانی هۆڵەندی و فریزیەوە گەلێ نزیکترن(٤) ؛ هەروەهاش جیاوازیی دیالێکتۆلۆگیی گەورە لەناو زمانی نەتەوەی یەکگرتوو و پێشکەوتووشدا بەدیی دەکرێن، وەکو زمانانی ئینگلیزی و یابانی.

هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، زۆری و جۆراوجۆریی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، هەروەها جیاوازیی نێوانیشیان، هەرگیز نابن بە بنەمایەک بۆ لەدەستدانی مۆرکی نەتەوەیی و شەقلی سەرتاپاگیری بۆ هەموو کورد و بۆ خۆناسیی ئێتنیکی و هوشیاریی نەتەوەییان***.

ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتانە، لێرەدا دەبن بە سەرەتایەک بۆ لەقەڵەمدانیان بە بەشێکی ئێتنۆسی کوردی. بەم بۆنەیەوە، زێتر لەهەموو شتێک، ئەم فاکتەرەیە، واتە ڕادە و ئاستی خۆناسیی ئێتنیکی و هوشیاریی نەتەوەیی هەڵگرانی دیالێکتەکان، کە بووە بە مایەی جیاکردنەوەی دیالێکتەکانی لوڕی و بەختیاری و زازایی لە زمانی کوردی.

ئەمەش بەڕای ئێمە، بۆچوونێکی کۆنە و پێویستە پسپۆران لێکۆڵینەوەی مەیدانیی نوێ لە هەلومەرجی هەڵچوون و زێدەبوونی هوشیاریی نەتەوەییدا، لەسەر خۆناسی و هەستی نەتەوەیی ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتانە ئەنجامبدەن. وەکو دەزانین، شەرەفخانی مەزن، لە شەرەفنامە(٥) پایە بڵندەکەیدا، لوڕ و بەختیاریی بە کورد داناون، بەتایبەتیش لەو نەخشەیەی کە ئەو بۆ ڕووبەری کوردستانی کێشاوە؛ کەسیش نابێ لەو باوەڕەدا بێ کە فیکر و بۆچوونی (پان کوردیزمانە) ئەوساکە لەئارادا بووبێ، بەتایبەتیش لای زانایەکی وەکو شەرەفخانی بەتلیسی. نە هەر ئەوە، بەڵکو کەسیش ناتوانێ گومان لە کوردبوونی فەیلییەکان بکات، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین کە

فەیلی بەشێکە لە لوڕی- وەکو زۆربەی زمانەوانی کورد ئەمە دەسەلمێنن.

هەرچی زمانی ئەدەبیی یەکگرتووە، ئاستی پێشکەوتن و دانپیانان و بەکارهێنانیەتی، ئەوا بەڵگەیەکی ڕوونی ئاستی پێگەیشتن و کاملبوونی نەتەوەیی ئێتنۆسەکە دەگەینێ [٧].لەگەڵ ئەوەشدا ، میللەت و نەتەوەی وا هەن کە ئەگەرچی بە ئاستی بەرزی هوشیاریی نەتەوەیی و کامڵبوونی ئێتنیکی ناسراون، بەڵام زێتر لە زمانێکی ئەدەبییان هەیە ؛ بۆ نموونە، نەرویج دوو زمانی ئەدەبیی هەیە و هەردووکیشیان بەکاردێن و بەڕەسمی دانیان پیا نراون، ئەمانیش بریتین لە زمانانی بوکمۆل (bokmol) و نینۆشک (nynorsk)، هەرچەندە زۆربەی نووسین و چاپەمەنی بە بوکمۆل دەردەچن. هەروەها زمانی ئەدەبیی ئەرمەنیی ڕۆژئاوا، کە ئەرمەنییەکانی تورکیا و ئەوڕوپا و ئەمریکا بەکاریدێنن و زمانی ئەدەبیی ئەرمەنیی ڕۆژهەڵاتیش بۆ ئەرمەنییەکانی ئەرمەنستان- ئەمانە ئەگەرچی لێک نزیکن، بەڵام دوو زمانی ئەدەبیی ئەرمەنین[٨].

سەبارەت بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، دەبێ بڵێین کەوا ئێمە، بەداخەوە، زمانێکی ئەدەبیی لەو بابەتەمان نییە لەسەر ئاستی هەموو ئێتنۆسی کورد. هەموومان باش ئەوە دەزانین کە کورد دوو، هەندێ جار زیاتریش، زمانی ئەدەبیی هەیە- سۆرانی (کرمانجی خواروو) و کرمانجی (کرمانجی باکوور) ؛ هەروەها زمانی ئەدەبیی کوردەکانی وڵاتانی سۆڤیەتی جاران و زیاد لەوەش ئەوا خەریکە زازاییەکانیش زمانی ئەدەبیی خۆیان دەبێ. ئەوەی کێشەی ئەم زمانە ئەدەبییانەشی ئاڵۆزتر کردووە، ئەوەیە کە هەریەک لەو زمانانە ئەلف و بێ و ڕێنووسی تایبەتیی خۆی هەیە، هەموو ئەمە بەڵگەیەکی ڕوون و دیاری کزی و لاوازیی یەکگرتوویی و بێهێزی یەکێتیی ئێتنیکیی کوردە، بێگومان هۆ و هۆکاری ئەمەش زۆر و مێژوویشن.

هەروەکو گوتمان، میللەت و نەتەوەیتریش هەن کە زێتر لە زمانێکی ئەدەبییان هەیە و لای ئەوان لەسۆنگەی پێگەیشتوویی و کامڵبوونی نەتەوەیی و کیانی سیاسییانەوە،ڕەنگە، شتێکی ئاساییە؛ بەڵام ئەمە بۆ کورد، بەو ڕەوشەوە کە پێشتر باسمانکرد، بێگومان مەترسییەکی گەورە پێکدێنێ و لە ئاست ئەمەشدا ئێمە ئەوپەڕی کەمتەرخەمین.

ئەم زمانە ئەدەبییانەی ئێمە، بە ڕادەیەکی زۆر خۆڕسکانە و بە هەوڵ و کۆششی کەڵە زانا و ڕۆشنبیرانی پێشڕەوی میللەتی کورد دروستبووین کە، زۆربەی کات ئەمانە، لە هەلومەرجی سەخت و دژواردا ویستوویانە بە زمانی خۆیان بنووسن.

لە کوردستانی باشوور ،بەڕاژە، هەلی زێتر و باشتر لە بەشەکانیتری کوردستان ڕەخساون بۆ ئیشکردن لەپێناو زمانی ئەدەبی و پەرەپێدانی. بەڵام لەوێش، لە باشوور، ئیشکردن بۆ زمانی ئەدەبیی کوردی بە گوێرەی پێویست نەبووە، تەنانەت دوای ڕاپەڕین و ڕزگاربوونی کوردستانیش.

کورد دوای ساڵی ١٩٩١ بەشێوەی فەرمی و ئەکادیمیانە شتێکی وای بۆ زمانی ئەدەبیی خۆیی نەکردووە. دەزگا سیاسی و دەوڵەتی و ئەکادیمیەکان، دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت، دەبوایە بەکوردیکردنی هەموو بوارەکانی ژیانی کوردستان بکەن بە ئەرک و ئامانجی یەکەمینیان.

مرۆڤ بە هەر زمانێک قسە بکات، بخوێنێ و بنووسێت، ئەوا خزمەتی ئەو زمانە دەکات، ئێمەی کوردیش لە کوردستانی ئازادکراودا زۆربەی کات خزمەتی زمانی عەرەبی دەکەین- نووسراو بەعەرەبی دەردەچن، وانە لە قوتابخانە و زانکۆ بە عەرەبی دەگوترێنەوە، ناونیشانی دایرە و شوێن و بازاڕگە و دوکانان بەعەربین، گەڕەکەکانی ناوشاران لەسەر زاری خەڵک هەروەک خۆیانن (٧ نیسان، حی صدام، مستشفی صدام...)، خەڵک منداڵانیان لە قوتابخانەکانی عەرەبی و تورکی دادەنێن- ئەمە هەمووی نەزانینی نرخ و بایەخی زمانی نەتەوەیی و کزی و لاوازیی هوشیاریی نەتەوەیی دەگەیەنێ. لەم بوارەدا ڕێکخراو و دەزگا سیاسییەکان دەیانتوانی ببن بە قوتابخانەیەک بۆ ڕێنماییکردنی خەڵک و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی نەتەوەییان، زانکۆش دەبوایە لە پەرەپێدانی زمانی ئەدەبیی کوردی دەوری پێشڕەوانە بگرێتە دەست.

ئێمە لێرەدا پێشنیار دەکەین، بەمەبەستی پێشخستنی زمانی ئەدەبیی کوردی بایەخی پێویست بە دەرچووانی بەشی کوردی بدرێت ؛ لە دەزگا و دایرەکاندا سوودیان لێ وەربگیرێت، بۆ نموونە، هەر دایریەکی فەرمی گرووپێکی دەرچووانی بەشی کوردی هەبێت بۆ وەرگێڕانی ئەو نووسینانەی بەعەرەبی لەو دایرەوە دەردەچن. ئەمە وەکو هەنگاوی یەکەم بۆ بە کوردیکردنی نووسین و بڵاوکراوەکانی دەزگا دەوڵەتییەکانی کوردستان. هەروەها ئەوپەڕی هاندانی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی، هەم بە مەبەستی خزمەتکردنی زمانی ئەدەبیی کوردی و هەم بۆ بەکوردیکردنی ئەدەبیاتی بێگانە و گەیاندنی زانیاری و زانستی نوێ بە خەڵکی کوردستان- ئەوەش بەتەرخانکردنی خەڵاتی باش بۆ ئەوانەی لە بواری تەرجومەدا کاردەکەن، لەم پڕۆسەیەشدا وەزارەتی

ڕۆشنبیری و زانكۆكان دەتوانن دەوری سەرەكی و كاریگەریان هەبێ.

هەموو ئەوەی لە سەرەوەدا گوترا، نابێ وا بگەینێ كە ئێمە دژی زمانی عەرەبی یان هەر زمانێكیترین، بە پێچەوانەوە ڕێزی هەموو میللەت و زمان و كولتوورێك دەگرین، هەر ئەم لێكۆڵینەوەیە لەسەر گرنگی و بایەخی زمانە بەگشتی و لەناو زمانانیش كوردی كە مافێكی خۆمانە خزمەتی بكەین و گەشەی پێ بدەین.

لەگەڵ ئەو كەمتەرخەمییەی ئێمەشدا بەرامبەر بە زمانی ئەدەبیمان و پشتگوێ خستنی، دەتوانین سەرنج بدەین كە زمانی ئەدەبیی كوردی بەرەوپێش دەچێ و بەردەوامە لە بینینی دەوری خۆی لە پڕۆسەی ئێتنۆ – كۆمەڵایەتیدا، ئەوەش پێش هەموو شتێك بە كۆشش و تەقەلای لەخۆبووردوانەی ڕۆشنبیرانی كورد- بەردەوام نووسین و بەرهەمەكانی ئەمانە بە زمانی كوردی و داهێنانی وشە و زاراوەی نوێ بە سوود وەرگرتن لە دیالێكتەكان و لە فۆلكلۆر، هەروەهاش لە زمانانی بیانی وایكردووە كە شەقڵی زیندوویەتی بە زمانە ئەدەبییەكەمانەوە هەر بمێنێ. هەر لەبەر ئەو ڕۆڵە مەزنەی ڕۆشنبیرانە كە ئێمە، لە تۆژینەوەیەكەماندا[١٠]، گەیشتووین بەو ئەنجامەی كە تەنیا ڕۆشنبیران، دوای ئەوەی دەبن بە توێژاڵێكی كۆمەڵایەتیی یەكگرتوو، دەتوانن ببن بە سەربژاردە (نخبە) بۆ وەرگرتنی دەوری پێشڕەوانە لە پەلەپێكردنی پڕۆسەی گۆڕانكاری لە كۆمەڵگای كوردیدا. بەڵام ژیاندنەوە و پەرەپێدانی زمان و كولتووری نەتەوەیی و داهێنانی گۆڕانكاری لە كۆمەڵگای كوردیدا، تەنیا بە هەوڵ و خەباتی ڕۆشنبیران سیمای وەرچەرخان و سەرتاپاگیری وەرناگرێت، ئەگەر هەموو چین و توێژاڵ و دەزگا سیاسی و ئەكادیمی و دەوڵەتییەكانی كۆمەڵگای كوردی بەشداری لەم پڕۆسەیە چارەنووسازەدا نەكەن.

ناوی کەسی Anthroponym

ئەوەش بوارێكیترە كە لەڕوانگەی زانستەوە، بەشێكە لە زمان، چونكە ناوی كەسی پێش هەموو شتێك بریتییە لە وشە، ئەگەرچی سیمانتیكای ئەم وشەیە، واتە مانا و ناوەڕۆكی بە كەمترین ڕادە لەسەر ستروكتوڕ و بنیادی زمانەكە دەوەستێت[١١]، لەمەدا زێتر هۆكاری سۆسیۆكولتووری دەور دەبینێ.

ئاكشرایە كە ناو، ناوی مرۆڤ، دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە و وەكو باوە، هەر میللەتە

ناو بەزمانی نەتەوەیی خۆی بۆ ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێ. بەڵام زۆر جاران، لەبەر گەلێ هۆ و هۆکاری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ، ناوی سەربە زمانێکیتری بێگانە لەناو میللەتێکدا بڵاودەبنەوە. نموونەش بۆ ئەمە زۆرن، نزیکەی هەر هەموو میللەتانی موسڵمان ناوی عەرەبی، یان بەرەچەڵەک عەرەبی، بەکاردێنن، کوردیش وەکو میللەتێکی موسڵمان لەم ڕێسایە بەدەرنییە.

سەبارەت بەو ناوە (عەرەبی) یانەی لە کوردەواریدا باون، دەتوانین بڵێین کەوا هەرگیز لەخۆوە هەڵنەبژێردراون، بەڵکو لەزۆر لایەنەوە سایکۆلۆژیا و مینتالیتێتی (عەقڵیەت) مرۆی کورد دەردەبڕن- لەلایەکەوە سایکۆلۆژیای پڕ عەقیدەی ئیسلامی، لەلایەکیتریشەوە شێوازی بیرکردنەوە و عەقڵیەتی باوکسالاری، هەردووکیشیان سیمای هەرەدیار و کاریگەری کۆمەڵگای کوردین. هەروەها هەندێ لە ناوەکانی ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی لایەنیتریش ڕەنگدەدەنەوە، وەکو: ڕووداوی مێژوویی و سیاسی و دیاردەکانی سروشتیی وڵاتەکەیان، ئەوەش نەتەنیا بۆ کورد، بەڵکو دیاردەیەکی گشتیە و هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە- بۆ نموونە، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا، گەلێ لە ناوە کەسییەکانی خەڵکی وڵاتەکانی سۆڤیەت لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم شۆڕشەیان دەربڕیوە، وەکو ناوی «لینمارین» کە کورتکراوەیەکی ناوەکانی لینین و مارکس و ئێنگلسە؛ یان ناوی «میلور» کە هەر پیتێکی ئیشارەتە بۆ ناوەکانی مارکس، ئینگلس، لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر(١٢). بێگومان کاریگەریی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەسەر میللەتانیتری سۆڤیەتی کە لەبەر گەلێ هۆکار هوشیاریی کۆمەڵایەتییان نزمتر بوو لە ڕووس، زۆر بەهێزتربوو و لە گەلێ لایەنەوە گۆڕانی بنەڕەتیی لە کۆمەڵگاکانیان داهێنابوو و ئەوەش ڕەنگی خۆی، یەک لەوانە، لە ناوی کەسی دابووەوە- وەکو لای ئەلتاییەکان لە ئاسیای ناوەڕاست ناوی کەسیی «کازێت» بەمانای ڕۆژنامە و «شورنال» بەمانای گۆڤار پەیابوون؛ پێش شۆڕش ئەلتاییەکان ڕۆژنامە و گۆڤاری خۆیان نەبووە. لای کازاخ و قرگیزەکان، کە دوو میللەتی ئاسیای ناوەڕاستن و ئێستاکە دەوڵەتی خۆیان هەیە، ئەم ناوانە هاتنە ئاراوە: کەلخۆزبێک (کەلخۆز بە زمانی ڕووسی واتە کێڵگەی هەرەوەزی) و هیتری لەم بابەتە پەیابوون کە پەیوەندییان بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە هەبوو (١٣).

لەکۆمەڵگای کوردیشدا، بەهەمان جۆر، ناوی کەسیی ئەندامەکانی دیاردە و ڕووداوەکانیان ڕەنگداوەتەوە. شانبەشانی ئەوەش، ناونانی منداڵی تازە لەدایکبوو،

خۆی لە خۆیدا، پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و مەراسیمی ئایینی دەگرێتەخۆ. جاران، دەبوایە مەلایەک ناوی هەڵبژاریردراو بەگوێی منداڵەکەدا بانگبدات- حاڵەتی واش دەبوو کە مەلا ناوەکەی بەدڵ نەدەبوو، دەیگۆڕی و ناوێکی موسڵمانانەتری بە گوێی منداڵەکەدا بانگدەدا – باوک و دایکیشی بێ دەسەڵاتانە بە ناوەکەی ڕازی دەبوون. کەواتە، ناو و پڕۆسەی ناونان مانا و ناوەڕۆکی ئایینی، واتە سۆسیۆکولتووریی بەخۆوە گرتبوو . ئەم ناوە ئیسلامییە هەڵبژێردراوانە ئەگەرچی عەرەبی بوون، بەڵام لە ڕەوتی مێژوویەکی درێژدا مۆرکی کوردیزمیان وەرگرتووە. ئەم جۆرە ناوانە بە ڕادەیەک لە کۆمەڵگای کوردیدا بڵاون کە وای لێ هاتووە بڵێین ئەمانە تایبەتن بە کوردەوە، وەکو: قادر، ڕەشید، عەبدوڵڵا، سلێمان، جەبار، ڕەسوڵ، مەولود، عەزیز... هتد، ناوی ژنانیش حەلیمە، فاتیمە، بەدیعە...هتد. جگە لەوەش، زۆر لەوانە گۆڕانی فۆنۆتیکییان بەسەردادێ [١٤]، وەکو- عەولا، ڕەشۆ، قەدۆ، فاتێ، حەلێ...هتد، ئەم ناوانە، گەلێکیتریش، نەک هەر سیمای کوردییان وەرگرتووە، بەڵکو بەهۆی ئەو گۆڕانە فۆنۆتیکییەوە تەواو بووین بە کوردی و کورد بێ ئەوەی گومان لە کوردیبوونیان بکات بەکاریان دێنێ.

ناو و ناونان، وەکو دیاردە و پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، وەکو گوتمان، لە ڕێرەوی مێژووییەکی درێژدا گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەکەونە ژێر کارتێکردنی ڕووداو و هۆکاری جۆراوجۆرەوە- واتە مێژووی خۆیان هەیە.

سەبارەت بە ناونان، هەر زوو دەتوانین بڵێین زۆر کەمبۆتەوە و شێوەی پڕۆسەی جارانی نەماوە. هەرچی دیاردەی ناوە، ئەوا دەتوانین سەرنج بدەین کە دوای ئەوەی ناوی ئیسلامی (عەرەبی) لە کۆمەڵگای کوردیدا بەجۆرێکی سەرەکی باوی هەبوو، لە ساڵانی چلەکانی ئەم سەدەیەوە خەڵکی زێتر ناوی کوردییان بەکارهێناوە، بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندییان بەو ڕووداوە مێژوویی- سیاسییانەوە هەبووە کە دەوریان بینیووە لە بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی کورد بەگشتی «راپەڕین و شۆڕش و بزووتنەوە چەکدارییەکان»؛ ناوی وا هاتنە ئاراوە کە ڕاستەوخۆ مانا و ناوەڕۆکی کوردایەتییان دەربڕیووە، یان دیاردەکانی سروشتیی کوردستانیان نیشانداون، وەکو : ئازاد، خەبات، سیروان، کوردستان، مەهاباد، چیا، ئەڤین، بێریڤان، فێنک...هتد. کەواتە ناوی ئەندامانی میللەتێک، کۆمەڵگایەک دەتوانن ببن بە ئاماژە بۆ ئەو قۆناغە مێژوویی – کۆمەڵایەتییەی کە ئەو میللەتە تیایدا دەژی.

بەهەمان جۆر، لەو ساڵانەی دوایی و بە پێوەندیی بەو مەینەتییانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتن لە کوردستانی باشوور، بەرزبوونەوە و زێدەبوونی هوشیاریی ئایینیی خەڵک شێوەی پڕۆسەیەکی هەستپێکراوی وەرگرتووە و بۆیەش دەبینین، جارێکیتر، ناوی ئیسلامیی- عەرەبی ئەوا دێنەوە پێش. لە ناوێکی وەکو «محەمەد نەوزاد»یان «عبدالرحمان کاوە»دا زۆر بە ئاسانی دەتوانین دوو نەوەی سەربە «ئایدیۆلۆگیا» ی جیاواز بەدیی بکەین.

لێرەدا، گرنگ بەلای ئێمەوە ئەوەیە کە مرۆی کورد کاتێک ناوی ئیسلامیی عەرەبی بۆ منداڵەکەی دادەنێ، ئەوا لەو ناوانە دەبێت کە لە کوردەواریدا بڵاون ؛ یان دەتوانین بڵێین ئەو ناوانەی «بووین بە کوردی» هەروەکو لەسەرەوە بینیمان ناوی کەسی Anthroponym لە کاتێکدا خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەروەها دەور و بایەخی نەتەوەیی هەیە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێت بەجۆرێک لە شەقڵ و سیمای نەتەوەیی بۆ ئێتنۆسێک.

زمان و ئایین

زمان، وەک گوتمان، دیاردەیەکی ئێتنۆ کۆمەڵایەتییە. هەرچی ئایینە هەمان مەودای سەرتاپاگیریی زمانی هەیە لەناو میللەتان و توخمێکی کولتوورە، کولتووری گیانی.

مەودای سەرتاپاگیریی ئایین لەوە دایە کە دەبێت بەشتێک زێتر لە تەنیا ئایین، زیاتر لە تەنها پەرستن و بەجێهێنانی ڕەوشتی دینی، بەڵکو دەخزێتە ناو فیکر و هزر و دەروونـی مرۆڤەوە، ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ملکەچی خۆیی دەکات، بەمەشەوە ئایین سەرلەبەری ژیانی کۆمەڵایەتی هەڵدەسوڕێنێ[١٥] . ئایین توخمێکی هەرە گرنگی کولتووری گیانییە، بۆیەش کەواتە هەمیشە نەتەوەییە، تەنانەت ئەگەر ئایینەکە لە بێگانەشەوە وەرگیرابێت، ئەوەش چونکە، وەکو چەند جارێک جەختمان لەسەر کردەوە، کولتوور بەهۆی زمانەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا پیادەدەکرێ، زمان و کولتووریش دوو نیشانە و ماکی ئێتنیکیی میللەتانن.

ئایینی ئیسلام، لە سۆنگەی ئـەوەوە کە بە مێژوو و بە ڕەچەڵەک عەرەبییە، بنەما و یاساکانی بە زمانی عەرەبی داڕێژراون، بۆیە ئاساییە لەلایەن میللەتانیتری ناعەرەبەوە، لەمانە کوردیش، وەک ئایینێکی عەرەبی سەیربکرێ، واتە وەکو توخمێکی کولتووری بێگانە. ئەمەش لایەنی ڕاستیی خۆی هەیە، هەر نەبێ لەبەر زمانەکەی کە

زمانی عەرەبییە و ،ئەو زمانە، جێپەنجەی بەسەر زمان و کولتووری ئەو میللەتانەوە تا بڵێی دیار و ئاشکرایە. بەڵام ئەمە لەگەڵ ئەو تێزەی ئێمەدا ناگونجێ، ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد و دەڵێ: ئایین توخمێکی کولتوورییە و کولتووریش هەمیشە نەتەوەییە. لێرەدا ئێمە ،بۆ سەلماندنی ئەو تێزەمان پەنا دەبەینە بەر ژیانی واقیعیی کوردەواری.

لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی کوردی لە ڕێی ئایین و شەریعەتی ئیسلامییەوە (عەرەبیزم)ی زۆری تێکەتووەوە، کەچی زمانی کوردیش شانبەشانی عەرەبی نزیکەی لەهەموو سرووتێکی ئایینی و تەنانەت لەهەندێ فەرزیشدا بەکاردەبرێ، وەکو: مارەکردن، تەڵقینداني مردوو (ئەگەرچی مەلا هەمان گوتەکان لەم دوو حاڵەتەدا بەعەرەبیش دووپات دەکاتەوە)، نزاکردن، مەولود، جەژن..هتد؛ نەهەر ئەوە، بەڵکو تەنانەت بەشێکی نوێژیش کە فەرزێکی ئیسلامیی سەرەکییە، بە کوردی دەبێ وەکو: نییەتهێنان بۆ نوێژکردن- بەبێ نییەتهێنان نوێژەکە بەتاڵە، هەروەها دوعاکردنی دوای نوێژ. کەواتە دەتوانین بڵێین زمانی کوردی، بەڕادەیەکی باش، خزاوەتە نێو ئایینی ئیسلامەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا.

بێگومان ئەم پرۆسەیەش هەر بەردەوام دەبێ و مرۆی کورد، بە حوکمی وردە وردە زێدەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی و زانینی گرنگی و بەهای زمانی نەتەوەیی، تا دێ زێتر و زێتر ئایینەکەی بەزمانی خۆی پیادە دەکات و ئەوەش، بەڕای ئێمە، هەرگیز دژی بنەما و یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی نییە.

کەواتە، لێرەشدا زمانی کوردی دەوری ئێتنۆکۆمەڵایەتیی خۆی بینیووە و بووە بە مۆرکێکی نەتەوەیی بۆ دیاردەیەکی سۆسیۆکولتووریی وەکو ئایین .

ئەنجام و پێشنیار

-زمان، وەکو بۆمان دەرکەوت، دیاردەیەکی ئێتنۆ کۆمەڵایەتیی یەکجار گرنگ و چالاکە و دەوری خۆی دەبینێ لە پرۆسەی ئێتنۆ کۆمەڵایەتیدا. زمان لەناو کولتووردا شەخسیەتی سەربەخۆی هەیە و، لەگەڵێ ڕووەوە، ئاوێنەیەکی ڕوونی ئاستی پێشکەوتنی میللەت و کۆمەڵگایانە و ڕادەی توندی و بەهێزیی یەکێتیی ئێتنیکییان دەخاتەڕوو .

-سەبارەت بەدیالێکتەکانی زمانی کوردی، وەک دیالێکتەکانی هەموو زمانێک، زۆری و جیاوازیی نێوانیان نابن بەهۆ و بنچینە بۆ نەمان و هەڵوەشانەوەی زمانی کوردیی هاوبەش. دیالێکتەکانی لوڕی، بەختیاری، زازا، کە هەندێ لە زمانەوانان گومان لە کوردێتییان دەکەن، پێویستیان بەلێکۆڵینەوەیەکی ئێتنۆگرافی و لینگۆیستیکی نوێ هەیە، لە هەلومەرجی زێدەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتانە، بۆ دیاریکردنی خۆناسی و ئینتیما و هەستی نەتەوەییان.

-زمانی ئەدەبیی کوردی لە کوردستانی باشوور بە ڕادەیەکی زۆر خۆڕسکانە بەرەو پێش دەچێ، نووسین و بەرهەمەکانی ڕۆشنبیرانی لێ دەرچێ، ئەکادیمیانە و بە ڕەسمی هیچی وای بۆ نەکراوە. پێویستە، بەڵکو ئەرکێکی نەتەوەیی پیرۆزە، ئەوپەڕی بایەخ بە زمانی ئەدەبیی کوردی ، لەسەر ئاستی حکومەت و لەسەر ئاستی زانکۆ، بدرێ و نووسین و چاپەمەنییەکان بکرێن بە کوردی- ئەوەش بە ڕێگەی دامەزراندنی دەرچووانی بەشی کوردی لە دەزگا دەوڵەتییەکان بۆ بەکوردیکردنی ڕەوتی نووسین و بەڕێوبردنی کاروباری ئیداری . پشتگیرییەکی تەواوی بزاڤی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی بکرێت و خەڵاتی شیاوی بۆ تەرخان بکرێ.

-ناوی کەسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە زۆر حاڵەتدا دەبێت بە شەقڵ و مۆرکێکی نەتەوەیی، واتە دەوری ئێتنیکی دەبینێت. هەروەهاش ناو دەبێت بە ئاوێنەیەک بۆ قۆناغی مێژوویی ، ڕووداو و ئایدیۆلۆگیا ڕەنگدەداتەوە.

ئەو ناوە ئیسلامی- عەرەبییانەی لە کوردەواریدا بڵاون، بە ڕادەیەکی زۆر بووین بە کوردی- ئەمەش هێز و توانای زمانی کوردی دەردەبڕێ و جێپەنجەکانی بەسەر پرۆسەی ئێتنۆ کۆمەڵایەتیی دەردەخات.

-کولتوور هەمیشە نەتەوەییە، چونکە بە زمانی نەتەوەیی پیادەدەکرێ، بۆیەش کەواتە ئایین وەکو دیاردەیەکی سۆسیۆکولتووری، لە حاڵەتی کوردیدا ئیسلام، ئایینێکی کوردیی نەتەوەییە.

-ئەگەر تاکو ئێستا پرۆسەی ئێتنۆ کۆمەڵایەتی لە کوردستان خۆڕسکانە و لەخۆوە بەڕێوەچووە ، ئیمڕۆ دەتوانین، بەڕێگای دەزگا دەوڵەتی و ئەکادیمیەکانەوە، دەستکاری بکەین و ڕێگای بۆ خۆش بکەین، هوشیارانە و بە پلان بەرەوپێشەوە پەلەی پێ بکەین.

سەرچاوە و پەراوێز

١- ادوارد هاليت كار (ماهو التاريخ) ترجمه- بيارعقل و ماهر كيالى، الموسسه العربيه للدراسات و النشر، بيروت ط١٩٧٦/١ص٦١.

2. V.A.Nikonov ; Emia e obshestvo. Moskva 1972.p.8

3. E.M.Oranski; Vedenie v Iranskyou Filologyou. Moskva, 1988, p29.

4. C.A.Arutunov,, Etnikiskie Protsesi e Yazik,,- Rasi e Narodi,, 151985/, Nayka, Moskva, 1986.p.32

٥. هەمان سەرچاوە.

٦. شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی – هەژار کردوویە بەکوردی، چاپی دووەم ١٩٨١.ل١٢٧-١٢٨.

٧. C.A.Arutunov ، هەمان سەرچاوە، ل٣٩.

8. V.P.Berkov. Yazikovoe Polojenie v Narvegia, v kn. Isledovania v Yazikoznania i Ethnografia – (Yazik I Etnos). Leningrad, Nauka,1983.p.5.

٩. C.A.Arutunov ، هەمان سەرچاوە، ل٣٣.

١٠. د. ڕەشاد میران، سیماکانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا، دەستنووس بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین قبوڵکراوە.

11. Alim Gafurov,, Imia i Istoria - ob imina arabov, persov, tajikov i turkov- slovar,, Moskva Nauka, 1987.p.3.

١٢. V.A.nikonov ، هەمان سەرچاوە ل٦٩.

١٣. سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

14. K.K.Kurdoev,, Sobstvinie Imina V Kurdiskom Yazike»,v kn.,,Strani i Narodi Blejnevo i Srednevo Vostoka,,. Kurdovedine, XIII, Eerivan. 985.p.194195-.

١٥. ڕەشاد میران: ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣، ل٧٤.

پەراوێز

* Ethnic process

** ئێمە وشەی «میللەت» لەبەرامبەر (القومیە) و (نەتەوەش) بەرامبەر (الامە)ی عەرەبیدا بەکاردێنین کە دوو قۆناغی مێژوویی کۆمەڵایەتین ئێتنۆس پیایاندا تێدەپەڕێ.

*** ئێتنۆس: چەمکێکی زانستی ئێتنۆگرافیایە بۆ کۆمەڵە خەڵکێک بەکاردێت کە ئەندامەکانی نیشانە و ماکی هابەشیان هەبێت و بەهۆیانەوە لەکۆمەڵانی خەڵکی دی جیابکرێنەوە.

**** خۆناسیی ئێتنیکی – (الوعی الذاتی الاثنی)؛ هوشیاریی نەتەوەیی- (الوعی القومی).

– لە ئێتنۆگرافیا و فیلۆلۆژیای سۆڤیەتی و ڕووسیدا، هەروەها نزیکەی لەهەموو ئەوروپا و ئەمریکاشدا، لوڕ و بەختیاری بە کورد دانانرێن، وەک دوو میللەتی سەربەخۆ سەیریان دەکەن.

***** دەربارەی زازا، بڕوانە:Mackenzie D.N.

Kurdish Dialect Studies 1. Oxford University press London.1961..

دۆسییەکی تایبەت
بە زمانی ستانداردی کوردی

ئامادەکردنی: گۆڤاری زمان و زار

رێکار ئەحمەد:

شتێك بەناوی جووتستانداردی نییە..

وتوویژکردن لەسەر پرسی زمانی ستانداردی کوردی زۆر هەڵدەگرێت و ڕاوبۆچوونی جیاوازیش هەن، کە هەندێجار دەبێتە مایەی لێکحاڵی نەبوون، بەڵام ئێمە لە سۆنگەی ئازادی ڕادەربڕین و و هزری جیاوازەوە لە گۆڤاری زمان و زاردا ئەم دۆسیەیە بە ڤالایی بۆ توێژەران و زماناسان و خوێنەرانی هێژا دەهێڵینەوە، تەنانەت بۆ ئەو نووسەرانەش کە لەگەڵ پەیام ئامانجی ئێمەش ناتەباو نەگونجاون، وەرامەکانیان بەوپەڕی ئازادی بڵاو دەکەینەوە. بەشداربووانی بەشی دووەمی ئەم دۆسییە بەڕێزان (ڕێکار ئەحمەد- پ.د هۆگر مەحمودفەرەج- د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین)ن. تەوەرەکانیش ئەمانەن:

* تا چەند باوەڕت بە زمانی ستاندارد هەیە؟ پێناسەت بۆ زمانی ستاندار چییە وچۆن دەڕوانیتە پرسی جووتستانداردی بۆ زمانی کوردی؟ کۆسپەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی چین؟ نووسەران تا چەند لە جیهانی سایبەریدا(سۆسیال میدیاو ئینتەرنیت) لە پێناو زمانێکی ستاندارد یان پێوەر دەور دەبینن. ئەکادیمیای کوردی چی دەورێکی لە چاودێری کردن بەسەر زمانی کوردیدا دەبینن ؟ لە پیناو بە کوردیکردنی زاراوە نوێباوەکانی سەردەمدا کێ بەرپرسە؟ کی بەرامبەر ئەو پاشاگەردنییەی لە زمانی کوردی درووست بووە بەرپرسە؟ هۆکاری چییە کە هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە؟ پێتوایە بوونی دووجۆرە ڕێنووس یان پتر خزمەتی زمان دەکات؟ ئایا فرەیی لە ژمارە و نفووس دەبێتە هۆکار بۆ درووست بوونی زمانی ستاندارد؟ چۆن چاو لە پرسی هەبوونی پرۆژە و سیاسەتی زمانی بۆ زمانی ستاندارد بکەین؟ سەردەمی جیهانگیریی هەڕەشەیە یان دەرفەتیکە بۆ زمانی ستانداردی کوردی؟

*** تا چەند باوەڕت بە زمانی ستاندارد هەیە؟**

ڕێکار ئەحمەد: زمانی هاوبەش بە هۆی قسەکردن و تێکەڵاوی مرۆڤەکان لە نێو کۆمەڵدا دەڕسکێ و پێدەگات، بۆ نموونە ئەگەر فێرخوازانی فێرگەیەک هاوزار و زمانیش نەبن و لە یەکدی جیاوازیش بن، بەڵام فێرگەکە بۆ خۆی زارێکی تایبەت وەک زمانی پەروەردە و خوێندن سەرپشک بکات و مامۆستاکان بەو زارە وانە بڵێنەوە و بدوێن، ئیدی فێرخوازەکانیش ناچار دەبن پێڕەوییان لێ بکەن. سەرەنجام بە تێپەڕبوونی کات، تەنیا بە شەش ساڵ ئەو زارە باڵادەست دەبێ، لە نێو فێرگەکە و خوێندکارانیدا وەک زمانی ستاندارد ڕۆڵ دەبینێ و دەچەسپێ؛ خۆ ئەگەر سەرجەم فێرگەکان هاوکات و هاوشان بوون، ڕێژەکە بەرزتر دەبێتەوە و پانتاییەکەی بەرفراوانتر دەبێ؛ ئەم شێوازە لەگەڵ زمانی کارگە، گوند، پەرستگەکانیشدا دێتەوە. تەنانەت هەندێک زمان بەهۆی پەڕتووکی دینی و ڕێنوێنی پێشەوایانی ئایینیەوە باڵادەست بوون و وەک زمانی ستاندارد جێیان گرت. بە هەمان شێوە هۆکاری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگیش لە چوارچێوەی هەرێم، دەڤەر و نیشتمانێکدا زارەکان لە یەکدی نزیک دەکەنەوە، لە کۆتاییدا زمانی کەسانی پێشەنگی ئەو بوارانە سەرپشک دەکرێ و زمانی ستاندارد دەئافرێ.

بێگومان زمانی ستاندارد یەکێک لە جۆرەکانی نووسینە، لە بازنەی زانستی و ئەکادیمیدا خزمەت بە کۆمەڵ دەکات، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە باس لە پێناسەی زمانی ستاندارد و نموونەکانی لە نێو توێژەراندا هاتۆتە ئاراوە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە. هەرچەندە هاوڕایی لەسەر پێناسەی زمان و شێوازی ستانداردیدا نییە، بەڵام ئەم جۆرە زمانە لە ڕێی بەرهەمی زانستی و وێژەیی نووسراوی ناودارانەوە جێگیر دەبێ.

ڕاستییەکەی زمانی ستاندارد وێڕای ئەوەی لە بوارە جیاجیاکاندا ئاسانکاری دەکات، لە هەمان کاتدا مزاختن و تێچووی گشتی کۆمەڵ، کەم دەکاتەوە. لەم سۆنگەیەوە باوەڕی تەواوم بە زمانی ستاندارد هەیە و دەبێ شێلگیرانە و لێبڕاوانە کاری بۆ بکرێ، چونکە پێویستییەکی گرنگ و سەردەمییە، بەڵام بە یاسا مسۆگەر دەبێ. واتە دەبێ پەرلەمان یاسای بۆ دەربچووێنێ و لایەنی پەیوەندار بەدواداچوونی بۆ بکات. ئەمە بە پلەی یەکەم، ئەرکی سەرەکی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنە، بۆ چەسپاندن و گەشەپێدانیش دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەستەڵاتی خۆی دەکاربکات و سەرپێچیکاران ڕووبەڕووی دادگە بکاتەوە؛ کاری دادگەیە لێپرسینەوە لە لادەر و سەرپێچیکاران بکات و سزایان بدات. بە سەپاندنی سزا، هەم ڕۆژنامەوان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە

پارێزەوە ڕەفتار دەکەن و لە ئاکامدا ناچار دەبن پێبەندبن، هەمیش کەس و لایەنی دیکە بوێرەی ئەوە ناکەن سنوور ببەزێنن. ئیدی بەو هۆیەوە زمانی ستاندارد زۆر بە خێرایی گەشە دەکات و کۆتایی بە کێشە لاوەکیەکان دەهێنێ.

* **پێناسەت بۆ زمانی ستاندار چییە وچۆن دەڕوانیتە پرسی جووتستانداردی بۆ زمانی کوردی؟**

ڕێکار ئەحمەد: زمانی ستاندارد، زمانی فەرمی قەوارە و نیشتمانێکە، لە لایەن حکومەت و دەستەڵاتدارانەوە پەسندکراوە، لە ڕووی ستایلییەوە بێلایەنە، لە فێرگە و زانکۆکاندا پێی دەخوێنرێ، واتە زمانی پەروەردە و خوێندنە. بە واتایەکی دی فۆرمی ئەو زمانەیە کە منداڵان پێی فێری نووسین و خوێندنەوە دەبن، ڕۆژنامە و بڵاوکراوە فەرمییەکان بەو زمانە دەردەچن. ئەو زمانە ستانداردە ئەگەر زمانی نەتەوەیەکیش بێ، دیسانەوە لە وڵات و نیشتمانێکدا فەرمییە و زۆرترین دەرفەت بۆ پەیوەندی نێوان تاک و پێکهاتەکانی نێو ئەو سنوورە دەڕەخسێنێت. واتە ئەگەر تاکەکانی جێوار لەو نیشتمانەدا بە زمان و زاری دیکەش قسە بکەن، هەر لێی تێدەگەن.

بە دیوێکی دیکە، زمانی ستاندارد لە نێو کۆمەڵدا وەک مۆدێلی زمانی باڵادەست پەسند کراوە، کەسانی ڕۆشنبیر و نووسەر قسەی پێ دەکەن و بەرهەمی پێ دەنووسن. ئەو زمانە لە ماوەی پرۆسەی مێژوویی و سروشتی خۆیدا، فۆرمی وەرگرتووە و پشتی بە زانستی زمانەوانی بەستووە، واتە لە وێستگەی مێژوویدا پەکی نەکەوتووە و لەگەڵ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکاندا نەرم بووە و خۆی سازاندووە؛ بۆیە زمانی ستاندارد سروشتێکی ڕێژەیی هەیە، سەرکردە سیاسییەکان و پێشەنگانی فەرهەنگی نرخ و بەهایان بۆ داناوە و سەرپشکیان کردووە.

شتێک بەناوی جووتستانداردی نییە، دوو زار هاوکات و هاوشان بۆ جێگیربوون و سەپاندنی دەستەڵاتی خۆیان هاوڕکی دەکەن؛ مخابن لە ئاکامدا لە یەکتر هاوێر دەبن و دوور دەکەونەوە، بوار و دەرفەت بۆ یەکبوونی زمانی کوردی ناهێڵنەوە. من دژی گەشەپێدانی زارەکان نیم، گرنگە هەموو زارەکان بەهێزتر بکرێن و وشەگەلی هەموو زار و بنزارەکان کۆ بکرێنەوە و بپارێزرێن. ئێمە لە هەرێمی کوردستان، میکانیزمی ئەو کارە و سیستەمی پەروەردەیی ئەوەمان هەیە و دەتوانین لە فێرگەکاندا هەنگاوی بۆ هەڵبگرینەوە، بەتایبەتیش لە هێنانی وشەی جوان و ڕەسەن، بەڵام دەبێ هەوڵی لەیەکتر نێزیککردنەوەیان بدرێ. لە دەستپێکدا زۆر پێویستە کار لەسەر ڕستەسازی

نێوان زارەکان بکرێ، هاوتا بکرێن و وەکو یەک دابڕێژرێن، پاشان ڕاناوە هاوبەشەکان سەرپشک بکرێن، لە دواییدا پێویستە پێوەری زمانی ستاندارد لەبەرچاو بگیرێ. زمانی ستاندارد نێوەندگیرە، واتە چەقی بازنەکە بەرجەستە دەکات و چواردەورەی خۆی کۆدەکاتەوە. من زاری بادینی بۆ زمانی ستانداردی کوردی بە باشترین دەبینم، چونکە لە ناوەڕاستی زاری بۆتانی و سۆرانیدا جێی گرتووە، ڕستەسازییەکەی لەگەڵ سۆرانیدا هاوبەشە و مۆرکی زمانی باپیرانمانی پاراستووە، نیشانەی نێر و مێی بنیاتی هەیە، لە زۆر شوێنی دیکەشدا باسم کردووە.

❊ کۆسپەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی چین؟

ڕێکار ئەحمەد: کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی یەکجار زۆرن، لە سەرووی هەموویانەوە زمانی ڕاگەیاندن و پاوانخوازی حزبە دەستەڵاتدار و بنکە فراوانەکانە، ئەوان دەیانەوێ بەو شێوەیە پێگەی خۆیان لە ناوچەکاندا بپارێزن و لە دەستی نەدەن. هەندێکی دیکە دەیانەوێ لە ڕێی زمانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە، بناسرێنەوە. هەندێک وشە و دەستەواژەی حزبەکان هەن، بە قامک دەناسرێنەوە. بەو هۆیەوە کۆسپ و تەگەرەی گەورەیان لە بەردەم هەنگاوەکانی کاروانی زمانی ستانداردی کوردیدا قیت کردۆتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئاستی هۆشیاری تاکی کوردی وەکو پێویست نییە، هەتا ئێستاش ململانێی و کێبەرکێ لەسەر هۆز و ناوچە و زارێکی تایبەت لە لووتکەدایە. مخابن زۆربەی نووسەر و ڕۆشنبیران لە جیاتی ئەوەی لە خەمی زمانی ستانداردی کوردیدا بن، لە خەمی بژێوی خۆیان یان لە خەمی پێشخستنی زمانی ڕاگەیاندنی حزب و هۆز و ناوچەکەی خۆیانن، بەو هۆیەوە نەک هەر ژمارەی کۆسپەکان کەم نابنەوە، بەڵکو سەخت و دژواتر دەبن. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە بەشێک لە سیاسیەکان نەک هەر شارەزاییان لە دیرۆکی زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو پێشخستنی زمان بە ئەرکی خۆیان نازانن، ئەوان کەد و خەباتی خۆیان بۆ بەهێزکردنی پێگەی حزبە دڵخوازەکەی خۆیان، بۆ زۆرترکردنی ئەندام و لایەنگرانی حزب، بۆ وەدەستهێنان و مسۆگەرکردنی دەنگی خەڵک چڕ کردۆتەوە؛ ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێی هاوێری و دابڕان بەرفراوانتر کردۆتەوە و ئاریشەکان قووڵتر دەکاتەوە. لە هەمووی کارەساتبارتر زۆری و بۆری بڵاوکراوەکانە، هەندێک دەزگە و ناوەند تەنیا بۆ سەرگەرمکردنی هەندێک کەس قوت کراوەنەتەوە و پارەیان بۆ هەڵدەڕێژرێ. ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانەدا نییە، خەریکە هەر دەزگە و ناوەندێکی ڕاگەیاندن، زمانێکی تایبەت بە خۆی

دروست دەکات، ئەو ناوەندانە نەک شارەزاییان لە زانستی زمان و دیرۆکی زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو سەرەڕۆیانە و بێباکانە دەیان و سەتان وشەی بیانی و ڕەزا قورس لە تێرکەی زمانی کوردی دەپەستن و بارەکەی گرانتر دەکەن. هیچ گومانی تێدانییە کە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو پاشاگەردانییەدا بەرپرسیارن، ئەگەر نەڵێین خۆیان بەشێکی سەرەکی ئەو گێژاو و سەرگەردانیەن.

*** نووسەران تا چەند لە جیهانی سایبەریدا (سۆسیال میدیاو ئینتەرنیت) لە پێناو زمانێکی ستاندارد یان پێوەر دەور دەبینن.**

ڕێکارئەحمەد: گومانی تێدانییە، نووسەر و ڕۆشنبیران دەتوانن لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆیان تاو بدەن و لە جیهانی ئینتەرنێتدا ڕۆڵی کارا لە جوانکردن و ستانداردکردنی زمانی کوردیدا بینن. تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت باوەشێکی کراوەی بەخۆڕایین، دەروازەیان لەسەر پشتە، بێ ڕێبەند و سانسۆرن، نووسەران دەتوانن ئازادانە ڕامان و بیرۆکەکانی خۆیان ڕادەستی خوێنەران بکەن. ئەگەر نووسەران لە ڕاژەی زمانی خۆیاندا بن، پێڕەوی ڕێساکانی نووسین بکەن، قامک لەسەر هەڵە و کێماسییەکان دابنێن و ڕێنوێنی لاوان بکەن؛ گەنج و لاوەکان لاساییان دەکەنەوە و بە دوای هەنگاوی ئەواندا دەڕۆن، ئەوکاتە بە خشکەیی زمانی ستاندارد شوێن بە ناڕاستییەکان لەق دەکات و خۆیشی دەرسکێ و پێدەگات. پێشتر ئاماژەمان بەوەدابوو کە زمان بە هۆی پێوەندی و تێکەڵاوی مرۆڤەکانەوە دروست دەبێ، گەشە دەکات و دەڕسکێ. ئێستا کە پێوەندی کۆمەڵایەتی لە کورتی داوە و خاوبۆتەوە، دەتوانین بڵێین تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و ماڵی ئینتەرنێت جێی ئەوانی گرتۆتەوە، ئیدی نووسەران دەتوانن لەو ماڵەدا پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ خوێنەراندا خۆشتر بکەن و لەگەڵیاندا بدوێن و ڕێنوێنیان بکەن. بەتایبەتیش ئەگەر هەڵەیەکیان بینی، دەشێن بێ دوودڵی ڕاستییان بکەنەوە، سۆراغی بنەچەی وشەکان بکەن و ساغیان بکەنەوە، کاتێک دیتران ئەو ڕاستییانە دەبینن، بێڕاوەستان پەسندیان دەکەن.

*** ئەکادیمیای کوردی چی دەورێکی لە چاودێری کردن بەسەر زمانی کوردیدا دەبینن؟**

ڕێکار ئەحمەد: مخابن هەتا ئێستا ئەکادیمیای کوردی شتێکی ئەوتۆی نەکردووە شایانی باسکردن و ڕێزلێنان بێ. ئەکادیمیا بە مردوویی لە دایک بووە، تەرمێکە و لەسەر تاتەشۆر درێژکراوە و هەندێک بژێوی خۆیانی پێ دابین دەکەن.

ئەکادیمیا ئەگەر شیانی هەبوایە و لە ڕاژەی زمانی کوردی بوایە، خزمەتی دەکرد. خزمەتکردن بە قسەی گەورە نییە، بە کار و خەمخۆری پێوانە دەکرێ و هەڵدەسەنگێنرێ. ئێستا ئەکادیمیا توانای نییە چاودێری بەسەر زمانی کوردیدا بکات، چونکە کارەکانی خۆیان پڕاوپڕن لە هەڵە. بە هەندێک پێشنیار و ڕاسپاردە و بڕیاری هەڵە، کۆسپیان لەبەردەم گەشەی زمانی کوردی داناوە و خەڵکیان دووچاری نیگەرانی و سەرگەردانی کردووە. من ڕێزم بۆ ئەندامانی ئەکادیمیا هەیە، بەڵام هەندێکیان لە دوور و نزیکەوە سەریان لە زمانەوانی دەرناچێ و کاری ئەوان نییە، هی وایان هەیە ناتوانێ دوو ڕستەی کوردی بە بێ هەڵە بنووسێ. هەندێکی دیکەشیان پێداگری لەسەر هەڵە دەکەن و نایانەوێ پەشیمان ببنەوە. ئەمەش وای کردووە کە ئەکادیمیا وەکو تابلۆی سەر باڵاخانەیەک بمێنێتەوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ تۆزی لێ بنیشێ و کاڵ ببێتەوە.

*** لە بە کوردی کردنی زاراوە نوێباوەکانی سەردەمدا کێ بەرپرسە؟**

ڕێکار ئەحمەد: ئێستا ئەرکی بەکوردیکردنی زاراوەی نوێ، لە ئەستۆی نووسەراندایە و ئەوان بەرپرسیارن. مخابن دامەزراوەیەکی تایبەت بەو کارەمان نییە، ئەگەر ناوەندێکی زمانەوانی لە وێنەی کۆڕی زانیاری کورد هەبوایە، دەمگوت ئەوان بەرپرسیاری سەرەکین. ڕاستە چەندین زانکۆمان هەیە و حزبە دەستەڵاتدارەکانیش ناوەندی جۆراوجۆریان دامەزراندووە، بەڵام نە کار بۆ زمان دەکەن و نە بەلای ئەو کارانەشدا دەچن. هەندێک زاراوەی نوێی جیهانی هەن، لەوانەیە پێویست بە کوردیکردنیان نەکات، کێشەی گەورەمان ئەو زاراوە نوێنانە نین، بەڵکو کرۆکی کێشەکە ئەوەیە هەر کەسە و لە لای خۆیەوە، دز ئاسا بە ناو بێستانی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و زمانی دیکە وەردەبێ و پەیڤ دەڕنێ؛ ئەو کەسانە وشەی سەیر و قەرەمات دێنن و دەرخواردی خەڵکی دەدەن. ئەوانە شانازی بە دزی دەکەن و زمانی کوردیش دەشێوێنن و هیچ ناوەندێکیش ورتە ناکات. بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان ئەگەر شارەزاییان لە زمانی کوردی هەبێ، ئەگەر خەمخۆری زمانی کوردی بن، ئەگەر چاو لە کێماسییەکان نەپۆشن، هەرگیز ڕێ بە ڕۆژنامەوان و بێژەران نادەن کە وشەی بیانی پەلکێش بکەن و لە بەرنامەیەکی چەند خولەکیدا لە قوڕگی خەڵکی بپەستن. زۆر نووسەر لەبەرامبەر ئەو بێ ڕێزییەی بە زمانی کوردی دەکرێ، هاواری لێ هەڵساوە، بەڵام بەڕێوەبەرانی ئەو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانە مێشیش میوانیان نەبووە.

به بڕوای من هەر کەسەوە لەلای خۆیەوە لە بەکوردیکردنی زاراوە نوێباوەکان بەرپرسیارە. ئەو ناوەندانەی گوایە بۆ خزمەت بە زمانی کوردی دامەزران، ئەو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانەی گوایە بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای گەل و پاراستنی زمانی کوردی ئەسپە شەلەی خۆیان تاودەدەن، ئەو فەرهەنگنووس و نووسەرانەی کە گوایە لە خەمی کۆکردنەوەی وشەی ڕەسەنی کوردیدان و مەبەستیان قازانج و سوودی دارایی نییە، لە بەکوردیکردنی زاراوە نوێباوەکانی سەردەم بەرپرسیاری سەرەکین.

*** کێ بەرامبەر ئەو پاشاگەردنییەی لە زمانی کوردی دروست بووە بەرپرسە؟**

ڕێکار ئەحمەد: بێگومان حکومەتی هەرێم بە پلەی یەکەم لەو پاشاگەردانییەی لە زمانی کوردی دروست بووە و دروست دەبێ، بەرپرسیارە، بە تایبەتیش وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەروەها مەکتەبی ڕاگەیاندنی حزبەکان بە تێکڕایی بەرپرسیارن، چونکە ڕۆژنامە و گۆڤار و پێگەی تایبەت بەڕێوە دەبەن؛ هەروەها هەندێک ئەندامی دەستڕۆیشتووی نێو حزبە دەستەلاتدارەکانیش بە پلەی دووەم بەرپرسیارن، چونکە بۆ بەرژەوەندی و ئامانجی خۆیان، دەیان ناوەندی بەناو فەرهەنگیان دامەزراندووە، دەیان ڕادیۆ و تەلەفزۆنیان هەیە، گۆڤار و ڕۆژنامەی سێبەر دەردەچوێنن و پشتیوانیان لێ دەکەن، بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان برەو بە زۆری و بۆری دەدەن. ئەو بەرپرسانە، چونکە بەخۆڕایی سامانیان وەدەست کەتووە، ئاوڕ لە دواوە نادەنەوە و بە دووربینی بەرەواژی و لێڵاوی لە داهاتوو دەڕوانن. بە پارەی ئەوان هەندێک بەرهەم چاپ کراون کە فریان بە زمانی کوردییەوە نییە، تەنانەت خاڵ و وێرگوڵ و نیشانەی پرسیار و مەندەهۆشیشیان تێدانییە، ئیدی چۆن پاشاگەردانی دروست نابێ.

*** هۆکاری چییە کە هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە؟**

ڕێکار ئەحمەد: میدیای کوردی دەستەمۆیە، خاوەن بڕیاری خۆی نییە، بژێوی خۆی بۆ دابین ناکرێ، بۆیە ناتوانێ ئازادانە هەنگاو هەڵبگرێتەوە. جاران دەگوترا ئاشی نەزان خوا دەیگێڕێ، ئێمەش دەبێ بڵێین میدیای کوردی حزب و بەرپرسی هەڵتۆقیو دەیگێڕن، واتە ئەوان ئاشەوانی میدیای کوردین؛ ئاشەوانیش هەمیشە لە خەمی ئەوەدایە باراش لە کورتی نەدات و لە هەڕمێن نەکەوێ. ئیدی ئەگەر زمانی ستاندارد جێگیر بکرێ، لەوانەیە لە دەستپێکدا ژمارەیەک هۆز و عەشیرەت لە حزب دوور بکەونەوە، بەو هۆیەوە

بەرژەوەندی حزب زیانی بەربکەوێ و بەرگەی ئەو زیانە نەگرێ، بۆیە میدیای کوردی بە ترسەوە لە زمانی ستاندارد دەڕوانێ و حەز بە چارەی ناکات.

*** پێتوایە بوونی دووجۆرە ڕێنووس یان پتر خزمەتی زمان دەکات؟**

ڕێکار ئەحمەد: دوو جۆر ڕێنووس خۆی لە خۆیدا بازاڕەکەی شێواندووە و پاشاگەردانی دروست کردووە. کوردانی باشوور، ڕۆژهەڵات، خۆراسان و بەشێکی زۆری کوردی ڕۆژئاواش ناتوانن سوود لەو بەرهەمانە وەربگرن کە بە پیتی لاتینی چاپکراون و چاپ دەکرێن، هەروەها پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە. من بۆ خۆم هەرگیز لەگەڵ ڕێنووسی لاتینیدا نیم و کێماسی یەکجار زۆری هەیە و لاسایی کردنەوەی تورک و پاشکۆیەتی ئورۆپایە. کورد لەوەتەی هەیە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسێ، لە لاتینی پێچەوانەیە. لە لایەکی دیکەشەوە من ئەم ئابێیەی ئەمانەی پێ دەنووسم، بە هی باپیرانمان دەزانم، چونکە لە بیست و هەشت پیت کە عەرەب هەیەتی، بیست و دوو پیت لە ئابێی دێرینی باپیرانمان وەرگیراون، ئەو پیتانە لە ئابێکانی ئاڤێستایی، پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی، مانی و ئێزدی وەرگیراون، هەروەها هەندێک پیتیش یان لەگەڵ زمانی فارسیدا هاوبەش یان تایبەت بە ڕێنووسی کوردیین، ئیدی دەستەواژەی ئەلفوبێی عەرەبی یان ئارامی پەسند نییە. من ئەم ڕێنووسە بە باشتر و لەبارتر دەبینم، چونکە دەمێکە پێی دەنووسرێ، بەرهەمە دێرینەکان بەمە نووسراون، تەنانەت کوردانی باکووریش هەمووی نۆهەت ساڵ دەبێ، لێرە و لەوێ بە دزییەوە بە ئابێی لاتینی دەنووسن. ئەگەر بگوترێ ئیدی کوردانی باکوور ناتوانن بەم ئابێیە بنووسن!! دەکرێ بۆ ئابێی ئاڤێستایی بگەڕێینەوە، ڕاستییەکەی ئابێی ئاڤێستایی بۆ کوردی نووسین زۆر لەبارە، لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێ و هەموو دەنگ و هێماکانیشی هەیە.

دوو جۆر ڕێنووس گێژۆک(شەقیقە)ی زمانی کوردییە، لە ناچارییەوە پەسند کراوە و خزمەت بە داهاتووی ڕێنووس و زمانی ستانداردی کوردی ناکات.

*** ئایا فرەیی لە ژمارە و نفووس دەبێتە هۆکار بۆ درووست بوونی زمانی ستاندارد؟**

ڕێکار ئەحمەد: فرەیی لە ژمارەی تاکەکانی نەتەوەیەک هەرگیز بۆ دروست بوونی زمانی ستاندارد هۆکارێک نەبووە و نییە و نابێ. زمانی ستاندارد پێویستی بە بڕیاری سیاسی فەرمانڕەوا هەیە و لەو ڕێیەوە وەسەر پێ دەکەوێ و دەچەسپێ. زۆری ژمارەی

ڕووناکبیر و نووسەران هاوکاری بە جێگیربوونی زمانی ستاندارد دەکەن، بەڵام بڕیای حکومەت و زمانی سیاسەت و فەرمانڕەوایان ئەو کێشەیە یەکلایی دەکەنەوە. ڕاستییەکەی زمانی ستاندارد بە بڕیار و لەسەر بنەمای یەکێک لە زارەکانی زمانێک دادەمەزرێ و سەقامگیر دەبێ؛ واتە پەیوەندی بە کەمی و زۆری ژمارەی ئەو مرۆڤانەوە نییە کە قسەی پێ دەکەن و پێی دەدوێن و پێی دەنووسن. زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە پەڕتووکی پەروەردە و فێرکردنی پێ دەنووسرێ و لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێ، هەروەها ئەو زمانەیە کە نووسراوە فەرمییەکانی حکومەتی پێ دەنووسرێ، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بۆ پەیڕەوکردن لەو زمانە ئەرکدار دەکرێن، لەوانەیە تا زمانی ستاندارد بە تەواوی لە خەم دەردەچێ، بەرنامەی تایبەت لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە زارەکانی دیکەش بمێنن، بەڵام دوایی تەنیا وشە جیاوازەکان کۆ دەکرێنەوە و سوودیان لێوەردەگیرێ.

*** چۆن چاو لە پرسی هەبوونی پرۆژە و سیاسەتی زمانی بۆ زمانی ستاندارد بکەین؟**

ڕێکار ئەحمەد: پرسی هەبوونی پرۆژە و سیاسەتی زمان بۆ بەستانداردکردنی زمانێک زۆر گرنگ و پێویستن، بەڵام دیسانیشەوە بەبێ بڕیاری سیاسی حکومەت و فەرمانڕەوایان ناکام دەمێنێتەوە. پرۆژە ئەوەیە دەستەڵاتدار بڕیار دەربکات و ناوەندێک لە کەسانی شارەزا و زمانزان پێکبهێنێ و بۆ هەڵبژاردنی زارێک سەرپشکیان بکات. ڕاستییەکەی هەڵبژاردنی یەکێک لە زارەکانی زمانی کوردی و پەراوێزخستنی زارەکانی دیکە، ئەگەر هۆشیارانە و لێزانانە ڕەفتاری لەگەڵدا نەکرێ، لەوانەیە وشەگەلێکی زمانی کوردی بە فیرۆ بچن و گۆڕانکاری ناسروشتی ڕووبدات و هەندێک تەکنیکی زمانەوانی بسڕێتەوە، بەو هۆیەوە زیان بە نیهادەک(میرات)ی زمانی کوردی دەکەوێ. دەبێ بە پرۆژە سوود لە هەنگاوی بە ستانداردکردنی زمانەکانی دیکە وەربگرین. لە وڵاتی فەرەنسا، بەکردەوە زاری پاریس بەهێزکرا و ئەوانی دیکە پەراوێز خران، سەرەنجام زمانی ستاندارد دروست بوو. هەر بەو شێوەیەش زمانی ستانداردی کوردی بە سوود وەرگرتن لە ئاسانکاری و توانای هەموو زارەکان دەخەملێت، دەوڵەمەند دەکرێت و سەقامگیر دەبێت.

*** سەردەمی جیهانگیریی هەڕەشەیە یان دەرفەتیکە بۆ زمانی ستانداردی کوردی؟**

ڕێکار ئەحمەد: ڕاشکاوانە دەڵێم سەردەمی جیهانگیری مەترسی لەسەر زمانی کوردی دروست نەکردووە و ناکات. هەموومان دەزانین کە فەرمانڕەوایانی تورکیا بە درێژایی

سەت ساڵی ڕابردوو، سەرسەختانە دژایەتی زمانی کوردیان کردووە و دەکەن، فەرمانڕەوایانی ئێرانیش بە بەرنامە زمانی کوردی پشتگوێ دەخەن و بواری پەروەردە و فێرکردنیان لێ گرتووە، هەروەها میدیای باشووری کوردستانیش وێڕای ئەوەی ئاژاوەگێڕە، لە نێو پاشاگەردانیشدا نغرۆ بووە، بەڵام خۆشبەختانە زمانی کوردی هەر بە پێوەیە و لە سەردەمی جیهانگیریشدا ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبێ و باشتر پاسەوانی لە خۆی دەکات. ڕاستییەکەی بە هۆی ئەوەی سەردەمی جیهانگیری دەروازەیەکی لە باری دیکەی بە ڕووی زمانە نکۆڵی لێکراوەکاندا کردۆتەوە، ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ زمانی کوردی پێگەی خۆی بەهێزتر دەکات و ڕەوشی خۆی باشتر دەکات. جاران بە دزییەوە بڵاوکراوەی کوردی دەردەچوون، ئەگەر ڕێپێدراویش بوان، دیسانەوە لە بەردەم مقەسی دەستەڵاتدا بوون، کەچی ئێستا بە هەزاران ڕۆژنامە، گۆڤار و ماڵپەڕی ئینتەرنێتی هەن وبێ ڕێبەند دەچنە ماڵی کوردان و وەژوور دەکەن. لەوانەیە ئەم شێوازە زار و بنزارەکان بەهێزتر بکات، بەڵام مخابن بە کردەوە کار لەسەر زمانی ستاندارد ناکرێ. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە، زاری سۆرانی و بۆتانی دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە و باشتر خزمەت دەکرێن. ئەوەتا ڕژێمی تورکیا ناچارە بووە لە نێو پرۆژەی زمانی هەڵبژاردەدا ماف بە منداڵانی کورد بدات کە بە زمانی خۆیان، بە زاری کردکی (زازاکی) و زاری بۆتانی بخوێنن. هەروەها خەمخۆرانی زاری گۆرانی، بەتایبەتیش دڵسۆزانی هۆرامی لێبڕاوانە کار بۆ زیندوو هێشتنەوەی هۆرامی دەکەن، خۆشبەختانە باقی زار و بنزارەکانی دیکەش هێشتا هەر زیندوون.

ئەگەر باس لە هەڕەشەکانی سەردەمی جیهانگیری بکەین، دەبێ بوێرانە بڵێین هەڕەشەکە نێوەخۆییە و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان لە باشوور و باکوور، کورەی ئەو هەڕەشەیەن و ئاگرەکە جۆش دەدەن، چونکە هەندێکیان ئامانجدارن و ئەوانی دیکەش مەبەستی تایبەتیان هەیە. مخابن بە بیانۆی دین، زمانی خێڵایەتی و ناوچەگەریێتی گورز لە زمانی کوردی دەوەشێنن. باوەڕ ناکەم لە هیچ وڵاتێکی ئەم جیهانەدا لە فێرگەکاندا دوو زار بخوێندرێن، بڵاوکراوەی فەرمی، ڕۆژنامە و گۆڤار بە چەندین زار و بنزار دەربچن، بێگومان بۆ ڕازیکردن و خۆرسەندی خەڵک ئەو سیاسەتە پیرۆ دەکەن، بەو هۆیەشەوە کۆسپی دیکە لەبەردەم کاروانی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی دادەنێن.

لە پێوەند بە هەڕەشەی جیهانگیری لەسەر زمانەکان، دامەزراوەی ئێتنۆلۆگ(Ethnologue Languages of the World) لە ساڵی ١٩٩٩دا ئاکامی

لێکۆڵینەوەیەکی ئاشکرای کرد و ڕایگەیاند کە پەنجا و یەک زمان لە جیهاندا هەن و هەر یەک لەوانە تەنیا یەک ئاخێوەریان ماوە، بیست و هەشت لەو زمانانە لە ئوسترالیادان. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، نزیکەی پێنج سەت زمانی دیکە لە جیهاندا هەن کە ئاخێوەرانی هەر یەکێکیان لە سەت کەس کەمترە، هەروەها هەزار و پێنج سەت زمانی دیکەش هەن کە ئاخێوەرانی هەر یەکێکیان ناگاتە هەزار مرۆڤ؛ سێ هەزار زمان هەن، ئاخێوەرانی هەر یەکەیان لە پێنج هەزار مرۆڤ کەمترە. لەوانەیە تا ئێستا هەندێک لەو زمانانە وەکو چرا کوژابنەوە و لە داهاتووشدا هەندێکی دیکەش بکوژێنەوە. هەر لەم پێوەندەدا کەس و دامەزراوە هەن کە جیهانگیری بە مەرگی هەندێک زمان دەبینن و لەو باوەڕەدان هەندێک زمان لەبەرامبەر لافاوی جیهانگیریدا خۆیان ناگرن و بزر دەبن، بەڵام هەرگیز ئەو مەترسە لە زمانی کوردی نزیک نابێتەوە، نەک ئاخێوەرانی زمانی کوردی و زارەکانی، بەڵکو ئاخێوەرانی هیچ بنزارێکیشی لە ملیۆن کەس کەمتر نین. بێگومان هەندێک تۆژەر هەن کە سەردەمی جیهانگیری وەک گەف و هەڕەشە بۆ سەر زمانی نەتەوەی بێ دەوڵەت دەبینن.

سەردەمی جیهانگیری بۆ هەندێک زمان و نەتەوە، خۆی لە خۆیدا شێوازێکی دیکەی داگیرکارییە و بە خشکەیی بەڕێوە دەچێ. هەندێک نووسەر و دامەزراوە وەک دڵسۆز و خەمخۆری نەتەوەکەیان، خۆیان وێنا دەکەن و پاساوی بێبەش نەبوون و دانەبڕان، گەورە دەکەنەوە و بە زەقی پێشانی دەدەن، لێبڕاوانە بانگەشەی جیاربوون لە بازنەی جیهانگیریدا دەکەن، وشەی بیانی دەهێنن و پەیڤی خۆماڵی دەخنکێنن، لەو ڕێیەوە کار لەسەر شێواندن و تێکدانی زمان دەکەن. لە ڕابردوودا کەسانی وەک محەمەد زیا گۆک ئالپ(Mehmed Ziya Gökalp) لە نێو کورداندا هەبوون و بۆ سەپاندنی پانتورکیزم کاریان کرد، هەم خۆیان ڕیسوا کرد، هەمیش ناکام مانەوە، ئێستاش هاوشێوەکانی لێرە و لەوێ هەن و دەیانەوێ خەڵک فریو بدەن، بەڵام من بۆ خۆم جیهانگیری وەک مەترسی لەسەر زمانی ستانداردی کوردی نابینم و پێموانییە هەڕەشە دروست بکات؛ مەترسی ڕاستین ئەو مرۆڤ و دامەزراوە بێ بەندوبارانەن کە بە بەرنامە ئاسانکاری لە شێواندن و وێرانکردنی زمانی کوردیدا دەکەن، مخابن هەندێکیان هەموو توانای خۆیان بۆ مراندنی پەیڤی ڕەسەن تەرخان کردووە و لێبڕاوانە کار بۆ هەڵتەکاندنی زمانی کوردی دەکەن، بەڵام من دڵنیام ئەوانیش ناکام دەمێننەوە.

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج:

دوو جۆر ڕێنووس لە ڕاژەی نووسین و زمانی کوردیدا نییە

*** گۆڤاری زمان و زار : تا چەند باوەڕت بە زمانی ستاندارد هەیە؟**

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: ئێمەی کورد، ئەگەر بەڕاست خۆمان بە یەک نەتەوەی خاوەن یەک مێژوو و یەک ئاوەزمەندی و یەک کەلتوور و یەک نیشتمان و یەک زمان بزانین، ئەوا دەبێت باوەڕیشمان بە ئەوە هەبێت کە یەک زمانی ستاندارد دەتوانێت ئەو پەرتکردنەی داگیرکەران کردوویانەتە نیشتمانەکەمان ، نەیهێڵێت و لووزەوی هزر و بیر و بەرهەمی وێژە و ئاوەزی مرۆڤی کورد ، لە گشت پارچەیەکانییەوە ، بخاتەسەر یەک ئاڕاستە ، کە هی سەرجەم نەتەوەکەبێت .

*** گۆڤاری زمان و زار: پێناسەت بۆ زمانی ستاندار چییە وچۆن دەڕوانیتە پرسی جووتستانداردی بۆ زمانی کوردی؟**

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: زمانی ستاندارد ، بریتییە لە ئەو گۆڤەرەی یاخود شێوە زمانەی هەر زمانێک ، کە وەک زمانی بەڕێوەبردن و کارگێڕی و پێخوێندن ، لەلایەن دەسەڵاتێکی خۆماڵیی نەتەوەکەوە ، لە ڕووبەرێکی نیشتمانەکەیاندا بەکارببرێت و وەک زمانی فەرمی یان دیوانی لەکاردابێت و لەلایەن نووسەران و وێژەوانی نەتەوەکەوە ، بەرهەمی خۆیانی پێبنووسن و بڵاوکردنەوەی پەڕتووک و گۆڤار و ڕۆژنامەی پێبکرێت . بە ئەم پێودانگەش دەتوانین بڵێین ، کە لە سەدەی بیسهەمدا و لە نیوەی یەکهەمیدا ، دوو ئەزموونی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن کوردەوە ڕەخسا ، کە یەکهەمیان حوکمدارییەکەی مەلیک مەحموود بوو ، کە گەرماوگەرم زمانی کوردیی کردە زمانی حوکمدارییەکەی و خوێندن و کارگێڕی و بڵاوکردنەوەی پێکرا ، بەڵام داگیرکەران بەهێزی ئاگر و ئاسن ، حوکمدارییەکەیان لەنابرد . ئەزموونی دووهەم ، کۆماری کوردستان بوو ، کە هە ر لەسەر ڕێچکەی ئەزموونی یەکهەم کاریکرد ، دیسان داگیرکەران و زلهێزان بە مەرەی ئەزموونی یەکهەمیان برد ، بەڵام لەلایەن نووسەرانی کورد و وێژەوانانەوە ، بە نهێنی و نیمچەنهێنی ، بەردەوامیی پێدرا ، بە تایبەتییش لەلایەن پارت و شۆڕشگێڕانی کوردەوە .

سەبارەت بە بەشی دووهەمی ئەم پرسەتان ، کە بابەتی جووتستانداردە ، من پێموایە ، کە درێژەدان بە جووتستانداردی، بە دیوەکەی تریدا بریتییە لە وەلانانی زمانیَ فەرمی یاخود دیوانی . بێگومانیشم کە لە دوور مەودادا پەرتکردی

نەتەوەکەی لێدەکەوێتەوە . جگە لەوەش زمانی کوردی چەند زارێکی هەن ، جا ئەگەر جووتستانداردی ئاساییبێت ، ئەی بۆ دەبێت سێستانداردی و چوارستانداردییش ئاسایی نەبێت ؟!.

***گۆڤاری زمان و زار: کۆسپەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی چین؟**

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: سەبارەت بە کۆسپەکانی سەر ڕێی ستانداردی کوردی ، بە پلەی یەکەم : نەبوونی دەوڵەتە . بە پلەی دووهەم : ئاوەزمەندیی تاکی کوردە ، کە کاریگەریی مێژووی دوور و درێژی داگیرکراوی ، بووەتە هۆی ئەوەی تاکێکی ناوچەگەر و کورتبینی بیرکەرەوە بەئاوەزی خێڵگەری ، ئەم جۆرە هزرینە ناتوانێت پەرژەوەندیی باڵای نەتەوەکەی ڕەچاوبکات . بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونەم ، ئەوەیە ، کە زۆرێک لەوانەی لە باشووردا ، دووای ڕاپەڕین ، کە کرانە دەمڕاست بۆ بەربەستخستنەبەر ستانداردەکە و پێخوێندنی ، ئەوانە خۆیان منداڵیا ن خستبووە بەر خوێندن بە زمانانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و ...تاد . بە پلەی سێهەم : دەستی دەرکییە ، کە لەڕێگەی خۆیانەوە ، بەهەموو شێوەیەک کار بۆ پەرتکردنی کورد دەکەن . هەر بۆ نموونە لەئەم ساڵانەی دووایيدا ، کونسوڵی وڵاتێک لە یەکێک لە شارەکانی باشوورەوە ، نووسیبووی کوردی زمان نییە ، کەچی بەدەر لە بەندە و (کەمال نووری مەعرووف) ، کە بە وتارێک وەڵاممانداىەوە ، کەسێک نەهاتەدەنگ .

*** گۆڤاری زمان و زار: نووسەران تا چەند لە جیهانی سایبەریدا (سۆسیال میدیاو ئینتەرنێت) لە پێناو زمانێکی ستاندارد یان پێوەر دەور دەبینن؟**

پ.د.هۆگر مەحموود فـەرەج: لە ئێستادا ، کەمتازۆر ، نووسەر هەن ، کە لە خەمی زماندان ، بەڵام زۆرینە بەپێی ئەو بایە شەندەکان ، کە لای حیزبەکانیانەوە بۆیان دێت ، حیزبیش پرسی زمانی نەکردووەتە خەمی خۆی ، بۆیە کەمنین ئەو نووسەرانەی کە وەک ڕەشە خەڵکەکە سۆشیالمیدیایان کردووەتە پاچ و پێمەڕەی کاولکاریی زمان و نووسینی کوردی ، هەرکەس خۆی بە ڕاست دەزانێ و پێڕەوی ((ئۆخەی ئۆخەی ، هەرکەس بۆ خۆی)) دەکەن و کەسبەکەسە !.

*** گۆڤاری زمان و زار: ئەکادیمیای کوردی چی دەورێکی لە چاودێری کردن بەسەر زمانی کوردیدا دەبینن؟**

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: تائێستا ئەکادیمیا ڕۆڵێکی بەرچاوی نەبووە ، ناشوانێت لە دەرەوەی خوازتی دەسەڵات ، دەنگی خۆی هەبێت . هاوکات ئێمە پێویستمان بە ئەکادیمیای تایبەت بە زمانی کوردی هەیە ، بە شێوەیەک کە شایستەیی پێوەربێت بۆ جێگەگرتن تێیدا ، نەک بڕوانامەی ئەم هەلومەرجەی ئێستا و پشگیریی حیزبان و باڵەکانیان . بۆیە ناکرێت گلەیی لە ئەکادیمیای لەئەم چەشنە بکرێت .

*** گۆڤاری زمان و زار: لە پیناو بە کوردیکردنی زاراوە نوێباوەکانی سەردەمدا کێ بەرپرسە؟**

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: سەبارەت بە زاراوە نوێباوەکانی سەردەمی ئێستا و بەکوردیکردنیان ، دەبێت سەرەتا پۆلینبکرێن ، چونکە زاراوە هەن ، کە بەرامبەرەکەیان لە زارەکانی زمانی کوردیدا هەن ، بۆیە بۆ ئەمانە ناکرێت زاراوە بێگانەکە کێشبکەینە زمانەکەمانەوە . هێندێک زاراوەی نوێی تایبەت بە تیکنۆلۆجیا هەن ، کە بۆ سەرجەم زمانەکانی جیهان نوێن ، ئەمانە ئاساییە لەزمانە بێگانەکەوە وەربگیرێن ، بەمەرجێک بگونجێنرێن لەگەڵ پێڕەوەی دەنگیی زمانی کوردیدا . واتە ئەگەر دەنگگەلێکیان تێدابێت ، کە لە زمانن کوردا بوونیان نەبێت ، ئەوا دەبێت بەپێی پێڕەوی دەنگیی خۆمان دەربببڕین و بیشینووسین . دیارە ئەم مامەڵە دەنگییە ئاساییە و سەرجەم زمانانی خاوەن دامودەستگای زمانییش هەر وایانکردووە و دەیکەن .

*** گۆڤاری زمان و زار: کێ بەرامبەر ئەو پاشاگەردنییەی لە زمانی کوردی درووست بووە بەرپرسە؟**

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: بەرپرس لە ئەم پاشاگەردانییەی ئێستا زمانی کوردی ، بەپلەی یەکهەم حیزبانی کوردی باشوورن ، بەتایبەت دەسەڵاتدارانیان . ئەو حیزبانە وەک پێشر وتمان پرسی زمانیان بۆ نەبووەتە خەم . ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە ، کە یەکهەمیان : پێدەچێت لە گرنگیی زمان تێنەگەن . دوەهەم : ئەوەیە کە لە گرنگییەکەی تێدەگەن ، بەڵام بڕوایان بە هەلومەرجی ئەم دیفاکتۆیەی باشوور نییە ، کە بەرەو دیژۆر (سەربەخۆیی دانپێدانراو) بچێت ، لەبەر ئەوە ڕۆژان بەڕێدەکەن و ڕەجاوی ناوچە و دەسەڵات و دەنگدەری باوی خۆیان دەکەن . هاوکات یەکخستنی هەر نەتەوەیەک بۆ هەر پرسێکی گەوهەری ، دەبێت ڕێبەر

و سەرکردە پێشەنگبێت بۆی ، ئێستای ئێمە لە باشووردا ئەو کەسەمان نییە ، کە بتوانێت بڕیار لە ئەو پرسە گرنگانە بدات و گوێیلێبگیرێت، یاخود بیسەپێنێت .

*** گۆڤاری زمان و زار: هۆکاری چییە کە هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە؟:**

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: بەرپرس لە ئەم پاشاگەردانییەی ئێستا زمانی کوردی ، بەپلەی یەکەم حیزبانی کوردی باشوورن ، بەتایبەت دەسەڵاتدارانیان . ئەو حیزبانە وەک پێشر وتمان پرسی زمانیان بۆ نەبووەتە خەم . ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە ، کە یەکەمیان : پێدەچێت لە گرنگیی زمان تێنەگەن . دووهەم : ئەوەیە کە لە گرنگییەکەی تێدەگەن ، بەڵام بڕوایان بە هەلومەرجی ئەم دیفاکتۆیەی باشوور نییە ، کە بەرەو دیژۆر (سەربەخۆیی دانپێدانراو) بچێت ، لەبەر ئەوە ڕۆژان بەڕێدەکەن و ڕەچاوی ناوچە و دەسەڵات و دەنگدەری باوی خۆیان دەکەن . هاوکات یەکخستنی هەر نەتەوەیەک بۆ هەر پرسێکی گەوهەری ، دەبێت ڕێبەر و سەرکردە پێشەنگبێت بۆی ، ئێستای ئێمە لە باشووردا ئەو کەسەمان نییە ، کە بتوانێت بڕیار لە ئەو پرسە گرنگانە بدات و گوێیلێبگیرێت ، یاخود بیسەپێنێت .

هەر حیزبە و چەندان کەناڵی تەلەفزیئنی و ڕادیۆ و پڵاوکراوەی هەن ، هەر یەکە و بەپێی تێگەیشتن و بۆچوون و پەرژەوەندیی خۆی ، خستوونییەتەگەڕ، ئیدی چۆن پاشاگەردانیی لێناکەویتەوە ! .

***پێتوایە بوونی دووجۆرە ڕێنووس یان پتر خزمەتی زمان دەکات؟**

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: من پێموایە زمانی ستانداردمان هەبوو، بەڵام لەسایەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا، بەربەستی خرایە بەردەم. ئێمە لە باشووردا لەمێژ بوو خوێندن بە ئەو زارەی ناوەڕاست دەکرا و لە خانەقینەوە تا زاخۆ پێیدەخوێنرا ، بەڵام هەر لە ١٩٩٢ وەوە پەرلەمانمان، کە بەزۆرینەی یەک دەنگ پرۆژە یاسای بەکوردیکردنی نووسراوەکانی خۆیی ڕەتکردەوە، ئەوە هەنگاوی یەکەمی بەربەست دروستکردن بوو بۆ زمانە ستانداردەکە و دوواتر وەزارەتی پەروەردەش گورزی کوشندەی لێوەشاند و بڕیاری بە دووزار خوێندنی دا ! ،. ئیدی کە ئەوە پەرلەمانەکەمان بێت و ئەوەش وەزیر و وەزارەتی پەروەردەمان، چۆن بتوانین بەر بە پاشاگەردانیی بواری میدیا بگرین!...

* **گۆڤاری زمان و زار: پێتوایە بوونی دووجۆرە ڕێنووس یان پتر خزمەتی زمان دەکات؟**

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: نەخێر، بەهیچ شێوەیەک هەبوونی دوو جۆر ڕێنووس لە ڕاژەی نووسین و زمانی کوردیدا نییە و نابێت . بەندە زۆر بەکێشەی نازانم، ئەگەر بڕیار بدرێت بە یەکێک لە ئەو دوو جۆرە ئەلفوبێیە نووسینی کوردی بنووسرێت، ئەگەرچی ئارامییەکە بڵاوکراوەی زۆری لە باشووردا پێ بڵاوکراوەتەوە و پێیخوێنراوە و زۆربەی گرفتەکانی چارەسەرکراون، بەڵام دیسان ئەگەر لە نێوان کردنەیەک و لە نێوان بەردەوامبوون بەدوو ئەلفوبێدا، بەندە سەرپشک بکرێم، ئەوا بێ دوودڵی یەکخستنەکە هەڵدەبژێرم، ئەگەرچی بە وەلانانی ئارامییەکەشبێت. دیارە ئەو جووت ئەلفوبێیەش، دکتۆر فەریاد فازیڵ گوتەنی، خۆی لە خۆیدا کەرتکردنی ئاوەزی کوردی لێکەوتووەتەوە ، لەوەدا کە کوردێکی باکوور نەتوانێت بڵاوکراوەی پارچەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات بخوێنێتەوە، هەروەک ئەوەی ئەمانیش نەتوانن بەرهەمی ئەوان بخوێننەوە. بێگومان ئەمەش دابڕینی لێکەوتووەتەوە .

* **گۆڤاری زمان و زار: ئایا فرەیی لە ژمارە و نفووس دەبێتە هۆکار بۆ درووست بوونی زمانی ستاندارد؟**

پ.د.هۆگر مەحموود فەرەج: نەخێر ، هەرگیز مەرج زۆری و کەمیی ژمارەی قسەپێکەرانی زارێک نەبووەتە هۆی هاتنەئارای زمانی ستاندارد. زمانی ستاندار کۆمەڵێک هۆکار دەبنە هۆی هاتنەئارای، یەکێک لە ئەو هۆکارانە ئایینە، یەکێکی تر دەسەڵاتە، یەکێکی تر هەڵکەوتنی ویژەوانی لوتکەیە. هێندیکجاریش بوونی شارێک بە ناوەندێکی بازرگانیی فراوان، دەبێتە هۆی ڕسکان و سەرهەڵدانی سروشتیی زمانی ستاندارد لە نێوان زار و گۆڤەرەکانی زماندا و هەنگاوهەنگاو ئەو زارە پتر بە خۆیدا دێت، بەجۆرێک ئیدی دەبێتە شێوەی ناوکۆیی لەنێوان ئەندامانی زار و گۆڤەرەکانی تردا .

دواتر نووسین و خوێندن و کارگێڕییشی پێدەکرێت، ئەگەر دەسەڵات مەبەستیبێت، کە وەک زمانی فەرمی یاخود دیوانی بەکاریبهێنێت .

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین:

هۆی سەرەکی نەبوونی زمانی ستاندارد، کیانێکی سەربەخۆی کوردییە

***گۆڤاری زمان و زار: تا چەند باوەڕت بە زمانی ستاندارد هەیە؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: ئێمە، وەکوو زمانەوان بڕوای تەواومان بە هەبوونی زمانی ستاندارد هەیە، چونکە زمانی ستاندارد زمانێکی پێوەری و باڵایە، هەربۆیە دەڵێین: بۆ ئەوەی، زارەکان لە دەوری یەک بازنە کۆببنەوە و لە یەکتر دوور نەکەونەوە، پێویستیان بە زمانی ستاندارد هەیە، بۆ ئەوەی ئاخێوەرە زار جیاوازەکانی نەتەوەیەکیش لە یەکتر نزیک ببنەوە، پێویستیان بە زمانی ستاندارد هەیە. بەم جۆرە سەرەڕای هەبوونی گرنگی و پێوەریی زمانی ستاندارد بە گشتی، بۆ نەتەوەی کوردیش زمانی ستاندارد گرنگی خۆی هەیە. بەم پێیە زمانی ستاندارد بۆ کورد مانای شوناس و یەکبوون و کۆکردنەوەی نەتەوەی کوردە لە چوارچێوەیەکدا، هەقی خۆیەتیش خاوەنی زمانی ستاندارد بێت.

***گۆڤاری زمان و زار: پێناسەت بۆ زمانی ستاندار چییە و چۆن دەڕوانیتە پرسی جووتستانداردی بۆ زمانی کوردی؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: سەبارەت بە پێناسەکەی، ((زمانی ستاندارد بریتییە لە زمانی دامودەزگاکانی دەوڵەت و یەکێکە لەو زمانە بەرز و پێوەریانەی، کە متمانە و باڵادەستی خۆی لە ناو کۆمەڵگەی زمانی بەدەستهێناوە و بۆتە زمانی خوێندن و نووسین و ئاخاوتن)).

لە بارەی جووتستانداریيەوە، دوای ئەوەی زاری لەندەن دەبێت بە زمانی ستانداردی ئینگلیزی و دواتر بە تێپەڕینی کات ئەم زمانە ستانداردە لە زارە لەندەنییەکەوە دوور دەکەوێتەوە، واتە؛ زمانێکی ستاندارد لە زارێکەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام پاشان ئەم زمانە ستانداردە ئینگلیزییە بە تێپەرینی کات زمانێکی ستانداردی تر لێ جیابووەوە، ئەویش زمانی ستانداردی ئەمریکی بوو، واتە؛ لە ئێستادا زمانی ئینگلیزی خۆی لە جووتستاندارديیەوە دەبینێتەوە و هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە، بەڵکوو بە هێزی و خورتبوون و دەوڵەمەندی زمانەکە دەگەیەنێت. بۆ ئێمەی کوردیش لەبەر ئەوەی، تاکوو ئێستا دەولەتێکی سەربەخۆمان نییە، لەوە دەترسین، کە جووتستانداردی بە یەکجاری لە نێومان ببات.

***گۆڤاری زمان و زار: کۆسپەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی چین؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: خاڵی هەرە سەرەکی نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردییە، کە بۆتە کۆسپێکی سەرەکی لە بەردەم دروستنەبوونی زمانی ستانداردی کوردی، ئینجا هۆکارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژی... هتد خاڵی ترن لە بەردەم دروستنەبوونی زمانی ستانداردی کوردی، خاڵێکی تر نەبوونی لاگیری ئاخێوەری کورد بۆ زمانەکەی، بە هۆی ئەوەی ئەوەندە ئارەزووو لە زمانی بێگانە دەکات، ئەوەندە ئارەزوو لە زمانی کوردی ناکات، هەر وەکوو ئەم بابەتە بە ئاشکرا لە ناو خێزانی کورد ڕەنگی داوەتەوە.

لە لایەکی ترەوە تاکوو ئێستا ئاخێوەرانی کورد لە عێراق لەگەڵ ئەوەی بە زمانی کوردی قسەدەکەن، بەڵام بە عەرەبی بیردەکەنەوە، لە ئێران بە زمانی کوردی قسەدەکەن، بەڵام بە فارسی بیردەکەنەوە، لە تورکیا بە کوردی قسەدەکەن، بەڵام بە تورکی بیردەکەنەوە، بە هەمان شێوەش لە سوریا. ئەمانە بەشێکن لەو کۆسپانەی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی.

***گۆڤاری زمان و زار: نووسەران، تا چەند لە جیهانی سایبەریدا (سۆشیال میدیا و ئینتەرنیت) لە پێناو زمانێکی ستاندارد, یان پێوەر دەور دەبینن؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین، نووسەران بۆ دوو بەش دابەش بکەین، بەشێکیان بەردەوام لە کاتی نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، لە هەوڵی ڕاستنووسین و دروستنووسینی زمانی کوردیدان و ڕۆڵی گرنگ لەم بوارەدا دەبینن، بەشەکەی تریان ئەوندە هەڵە لە نووسینەکاندا هەیە، ئەوەندە بە کرچ و کاڵ دەنووسن، خوێنەرانیان خستۆتە نێو دووڕیانێکەوە، کە کام شێوە لە نووسیندا ڕاستە.

لە لایەکی ترەوە بەشێک لە نووسەران لە کاتی بەکارهێنانی پێگە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سۆشیال میدیادا فۆنتی کوردی بۆ ڕێنووسکردنی زمانی کوردی بەکارناهێنن، یان نایزانن، ئەمەش بۆتە کاریگەرییەکی نەرێنی بۆ بەرجەستەنەکردنی زمانێکی پاراو و ستاندارد.

***گۆڤاری زمان و زار: ئەکادیمیای کوردی چ دەورێکی لە چاودێریکردن بە سەر زمانی کوردیدا دەبینێت؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: ئەکادیمیای کوردی، ئەگەرچی ڕۆڵێکی ئەرێنی لە خزمەتکردنی زمانی کوردیدا لە ڕێگەی گۆڤارەکەی و سازکردنی کۆڕ و دیدارەکانیدا دەبینێت، بەڵام تاکوو ئێستا نەیتوانیوە، ببێتە چاودێرێک بەسەر زمانی کوردییەوە، هەربۆیە پێویستە ئەکادیمیای کوردی بە هێزتر و کاراتر بکرێت، تاکوو لە ڕێگەی ئەوە ڕێنووسی زمانی کوردی تاڕادەیەک یەکبخرێت و ڕێگە لەو هەڵانە بگیرێت، کە لە بواری نووسیندا بە تایبەتی کتێبەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی دەکرێت.

***گۆڤاری زمان و زار: لە پێناو بە کوردیکردنی زاراوە نوێباوەکانی سەردەمدا، کێ بەرپرسە؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: زمان بە پێی سەردەم و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی ژیان و پەیدابوونی ئاخێوەری نوێ و چەندان هۆکاری ترەوە دەگۆڕێت و هیچ کەسێک ناتوانێت، ڕێگە لەم گۆڕانکارییانە بگرێت، بە هۆی ئەم گۆڕانکارییانەوە وشە لە زمانێکەوە دەچێتە زمانێکی ترەوە و دواتر ئەو وشەیە بەپێی سیستەمی زمانەکە گۆڕانکاری بەسەر دادێت، بۆ نموونە: وشەی جەنجەڕ، بە هۆی ئەوەی ئەم وشە و پیشەیە تایبەتە بە کورد، دەبینین زمانی عەرەبی ئەم وشەیەی نییە، بەڵام هاتووە لە زمانی کوردی وەریگرتووە و وشەکە لە شێوەی جرجر بەکاریدەهێنێت.

لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین لە کتێبی ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە لە لاپەڕە (١١) دەنووسێت: ((لافاوی بەکارهێنانی ژمارەیێکی زۆر وشە و دەربڕینی نامۆ و بیانی هەر لە ئێمە نەقەوماوە بەڵکو هەموو زمانانی جیهانی گرتۆتەوە، ئەنجامی لە پڕی خێرای پەرەسەندن و عەولەمەیە. بەرەبەرە ئەم لافاوە دەنیشێتەوە و هی تر دەردەکەوێ. ئەو کێشە و ناقوڵاییەی ئێستا ئێمە هەستی پێ دەکەین، نەوەی دوای ئێمە هەستی پێ ناکەن و دەبێتە شتێکی ئاسایی و هەر سەردەمێکیش کێشەی خۆی هەیە)). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی حکومی دەبێت، دامەزراوە تایبەت بەم پرسە ڕاسپێرن و لە بەرانبەر هەر وشەیەکی نوێباو، کە دێتە ناو زمانەکە وشەیەکی نوێی کوردی بۆ

دابنێن، ئەگەرچی هەندێ جار وشەیەک لە زمانی کوردی لە لایەن نووسەران و زمانەوان بۆ شتێک دادەتاشرێت، کەچی لە لایەن ئاخێوەرانەوە پەسەند ناکریت و بەکارناهێنرێت، بۆ نموونە: لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە قۆناغی سێی بەشی زمانی کوردی لە کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین قوتابی بووین، دکتۆر کوردستان موکریانی وانەی سینتاکسی پێ دەگوتین: ڕۆژێکیان سەبارەت بە وشەی مامۆستا گوتی: کاتی خۆی نووسەران و شارەزایانی زمان توفیق وەهبی و عەلائەدین سەجادی و هەندێ لە نووسەرانی تر کەوتنە گفتوگۆ، کە وشەی مامۆستا پێکهاتووە لە مام + وەستا ئەمە بۆ مامۆستای پیاو دروستە، با وەکوو زمانەکانی تریش، ئێمە وشەیەکیش بۆ مامۆستای ئافرەت دابنیین، لە ئاکامی چەند دانیشتنێک گەیشتنە ئەو ڕایەی، کە وشەی پووروەستا بۆ مامۆستای ئافرەت دابنێن، کەچی ئەم وشەیە لای ئاخێوەرانی کورد پەسەند نەکرا و بەکارنەهێنرا.

***گۆڤاری زمان و زار: کێ بەرپرسە لە بەرانبەر ئەو پاشاگەردنییەی، کە لە زمانی کوردیدا دروستبووە؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: هەر ئاخێوەرێکی کورد، بە ڕێژەیەک لە ڕێژەکان لەم پاشاگەردانییە بەرپرسە، چونکە تا ئێستا زۆربەی لە ئاخێوەرانی کورد، وەکوو ئاخێوەرێکی عەرەبی، یان فەڕەنسی... هتد زمانەکەی خۆی خۆشناوێت، یاخود ئارەزووی لێ ناکات، کە ئەوەندە تامەزرۆی زمانی دووەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەو هەموو گرنگی و بایەخ نەدانە بە زمانی کوردی، دەبینرێت، زمانی کوردی خاوەنی پێگە و زانستی خۆیەتی، ئەو نەتەوانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین، زۆربەی ئاخێوەرەکانیان زمانی کوردی دەزانن و ڕۆژانە ئاخاوتنی پێ دەکەن و شانبەشانی زمانانی جیهان لە گەشە و پێشکەوتندایە.

***گۆڤاری زمان و زار: هۆکاری چییە، کە هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: وەڵامی ئەم پرسیارە، بە خوێندنەوەی وەڵامی پرسیارەکانی پێشتر، دەتوانرێت، هەڵبهێنجرێت.

***گۆڤاری زمان و زار: پێتوایە بوونی دوو جۆرە ڕێنووس، یان پتر خزمەتی زمان دەکات؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: هەبوونی دوو جۆر ڕێنووس بۆ تاکە زمانێک، سەرەڕای ئەوەی ئاخێوەر و نووسەران ماندوو، شەکەت دەکات، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی و دوورخستنەوەی ئاخێوەر و نووسەرانی هاوزمان لەیەکتری، ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە، لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا زیاتر لە شەش هەزار و پێنج سەد زمان لە سەر ڕووی ئەم زەمینە ئاخێوەری خۆی هەیە، کەچی تەنها چوار پێنج جۆر ڕێنووس هەیە، کە ئەو زمانانەی پی دەخوێندرێت و دەنووسرێت.

***گۆڤاری زمان و زار: ئایا فرەیی لە ژمارە و نفووس دەبێتە هۆکار بۆ دروستبوونی زمانی ستاندارد؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: نەخێر، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، ئەگەر ڕێژەی ئاخێوەران زۆر بێت، ببێتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی زمانی ستاندارد، لە کۆزمانەوانیدا ئاماژە بەوەدەکرێت، ئەگەر دوو کۆمەڵی زمانی تێکەڵاوی یەکتربوون، کۆمەڵەی یەکەمیان لە ژمارەدا کەمبوون و لە ڕووی شارستانییەتەوە پێشکەوتووبوون، بەڵام کۆمەڵەی دووەمیان لە ژمارەدا زۆرتر بوون و لە ڕووی شارستانییەتەوە دواکەوتووبوون، ئەوا بە تێپەڕینی کات سەرکەوتن و باڵادەستی زمانی بۆ کۆمەڵەی یەکەمە، یاخود ئەمجارە دوو کۆمەڵی زمانی لە ڕووی شارستانییەتەوە وەکوو یەک دواکەوتووبوون، بەڵام لە ڕووی ژمارەی ئاخێوەرانەوە یەکێکیان ژمارەی زیاتربوو، ئەوا بە تێپەڕینی کات سەرکەوتن و باڵادەستی زمانی بۆ ئەو کۆمەڵە زمانییەیە، کە ڕێژەی ئاخێوەرانی لەوی تر زیاترە.

***گۆڤاری زمان و زار: چۆن چاو لە پرسی هەبوونی پرۆژە و سیاسەتی زمانی بۆ زمانی ستاندارد بکەین؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: زمان و زارەکانی جیهان بەردەوام لە ململانێیەکی زمانی سەختدان بۆ ئەوەی زارێک، یاخود زمانێک خۆی بەسەر ئەوانی تردا زاڵبکات و ببێتە پاشای زمانەکانی تر، ئەمەش بە پلان، یان بێپلان دێتە ئاراوە، مەبەستمان لە بێپلانی زمانی ئەوەیە، کە زارێک، یان زمانێک بە هۆی هەڵکەوتنی دەرفەتێکی ئایینی و

سیاسی و کۆمەڵایەتی...هتد بە شێوەیەکی سروشتی پێشدەکەوێت و زار و زمانەکانی تر لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت و باڵادەستی پەیدادەکات و لای ئاخێوەران پەسەند دەکرێت و دەبێتە زمانی ستاندارد، بەڵام هەبوونی پڕۆژەی بەردەوام سەبارەت بە زمان بۆ ئەوەی ڕەگی خۆی بچەسپێنێت و جێگیر بکات، بەو واتایە؛ خۆی بەسەر زار و زمانەکانی دەوروبەری خۆی زاڵبکات، ئەمە هەنگاوێکی گرنگ و پێویستە بۆ بە ستانداربوون، لە لایەکی ترەوە سیاسەتکردن لە پێناو زمان بۆ ئەوەی ئەم زمانە خۆی بەرەو پێشەوە ببات و متمانە لە بەرانبەر زمانەکانی تردا زیاتر بەدەست بێنێت و لەهەمان کاتیشدا پاشەکشە بەزمانەکانی تر بکات، ئەمە کارێکی گرنگ و پر بایەخە، تاکوو ئەم زمانە بگاتە لووتکە و خۆی، وەکوو زمانێکی ستاندارد بناسێنێت، ئەمەش دەچێتە خانەی بە پلان، ئەم پلانی زمانیەش پێویستی بە بڕیار و زەمینەسازییەکی زۆر هەیە، هەم کاتیشی پێویستە، هەمیش دەبێت پاڵپشتییەکی دارایی و سیاسی و حکومی هاوکاری بێت، بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو ئەم زمانە، وەکوو زمانی ستاندارد بچەسپێندرێت.

***گۆڤاری زمان و زار: سەردەمی جیهانگیریی هەڕەشەیە، یان دەرفەتێکە بۆ زمانی ستانداردی کوردی؟**

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین: زمانی کوردی، یان هەر زمانێک لە لایەن حکومەت و دامەزراوە زمانییەکانەوە پلانی خزمەتکردن و پشتیوانی دارایی بۆ نەکرێت و ساڵانە کۆنفراسی تایبەت سەبارەت بە پێشخستنی بۆ سازنەکرێت، ئەو زمانە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی جیهانگیریی و پاشکۆی زمانەکانی ترەوە، چونکە بەشێک لە زمانەکانی جیهان بەردەوام لە داهێنان دان و پاڵپشتییەکی دارایی زۆری لە لایەن حکومەت و دامەزارەوە زمانییەکانی خۆیان لێدەکرێت و هەنگاو بە هەنگاو بە پڕۆژەی کورت خایەن و درێژخایەن لە پێشخستنی زمانەکەیاندان، هەربۆیە ئەگەر خاوەندارانی زمان بە فریای زمانەکانیان نەکەون و خزمەتی بەردەوامیان نەکەن، ئەوە زمانەکەیان لە بەرانبەر زمانەکانی تردا پاشەکشەدەکات و سەردەمی جیهانگیریی دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر زمانەکان، نەک دەرفەتێکە بۆ بوون بە زمانی ستاندارد.

*** مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، کۆلیجی پەروەدە_ مخمور، بەشی زمانی کوردی**

مستەفا غەفوور

زمانی ستاندارد ناسنامەیەکە هیچ هێزێك ناتوانی لە کوردی بستێنێتەوە

گۆڤاری زمان و زار: تا چەند باوەڕت بە زمانی ستاندارد هەیە؟

مستەفا غەفوور: ئەگەر مەبەست لە زمانی ستادارد ئەوە بێ، کە زمانێک بێ لە هەموو رووپەکەوە تۆکمە بێ و بتوانێ ئەرکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و باری قورسی کلتووری هەڵبگرێ، وەک گواستنەوەی زانیاری ئەدەبی و زانستی و بتوانێ زمانی تۆکمەی نووسین و وەرگێڕان بێ لە هەموو بوارەکاندا، تەنانەت بواری فەلسەفە و زانست و یاسا... واتە بە پێی هەموو پێوەرەکان و بە پێوانەی تێکڕای رەهەندەکانی زمان، بێ کەم و کوڕی و تۆکمە بێ، بشێ ببێتە زمانی فەرمی، ئەوا ئێمەی کورد بنەمای زمانی ستانداردمان هەیە، هەر وەک چۆن مامۆستا شوکور مستەفا دەڵێ: ئەمن لە نووسینەکانمدا دەمەوێ بە کوردی سەرانسەری کوردستان رابگەیەنم کە زمانی ستانداردی کوردی دەبێ یەکێ لە شێوەزارە کوردییەکان بکات بە بناخە و بنەڕەت و، شێوەکانی دیکە وەکو رووبار بڕژێنە نێو ئەم دەریا شێوە بنەڕەتییەوە. ستانداردی زمانی ئەدەبی هەموو نەتەوەیێ بەم رەنگە هاتۆتە گۆڕێ. بەلای منەوە زمانی ستانداردی کوردی ئەمڕۆ ئەم زمانەیە کە لە عێراق هاتۆتە گۆڕێ، چوارچێوەی تێکڕای ئەم زمانە ستانداردە دەتوانێ زۆر بە چاوتێری و بێ شەڕەگەرەک و ناوچەگەری باوەش بۆ هەموو وشەیەگی رەسەنی کوردی لە زارەکوردییەکانی دیکە بکاتەوە.

بەڵام ئەکەر مەبەست لە زمانی ستاندار زمانێکی یەکگرتوو بێ، ئەوا وەڵامی پرسیارەکە برێک جیاوازە، بەڵام ئەوەی بەڵگە نەویستە، هەم زمانی ستاندارد و هەم زمانی یەکگرتوو کە بە بڕوای بەندە دووهەمیان گشتگیربوونی یەکەمیانە، هەردووکیان بنەمای بەهێزبوونی ناسیۆنالیزی نەتەوەی کوردن. ئینجا پرسەکە باوەڕ پێبوون و باوەڕ پێنەبوون نییە. زمانی ستاندارد ناسنامەی حاشاهەڵنەگر و پارێزەری قەوارەی نەتەوەیە، بەو مانایەی کە زمانێک بوو بە ستاندارد تازە هیچ هێزێک ناتوانی لە نەتەوە داییبڕێ. هیچ زمانێکی ستانداردی بێ نەتەوە بوونی نییە، بەڵام نەتەوە هەن زمانیان نییە یان لەدەستداوە و دواتر قەوارەی نەتەوەیشییان دۆڕاندووە. زمانی ستاندارد بە حوکمی ئەوەی ئاخێوەری دیالێکت و زار و بنزارەکان لە قەوارەیەکی نەتەوەییدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کاریگەری زمانی نەتەوەی باڵادەست، لە پارچەکانی تری کوردستان لەسەر زار و بنزارەکانی زمانی کوردی، پوچەڵ دەکاتەوە، هۆگری و ئینتمای نەتەوەیی پتەوتر دەکات، جیاوازییەکان دەگەیەنێتەی ئاستێک، کورد هەست

بە یەکگرتوویی خۆی بکات. بە مانایەکی تر هێزی بەیەکەوە بەستەنەوەی نەتەوەیی، بەردەوام زاڵ دەبێ بەسەر ئەو هێزە دەرەکییانەی دەیانەوێ نەتەوەی کورد لێکدابڕن. کەواتە زمانی ستاندارد ناسنامەیەکە هیچ هێزێک ناتوانی لە کوردی بستێنێتەوە، گەلی کورد لە گەڵێک ڕاپەڕین و بزوتنەوەی رزگاریدا، تووشی تێشکان و شکست بووە، بەڵام هەر کە دەرفەتێک هەڵکەوتبێ توانیویەتی ترد هەستێتەوە سەر پێ و دووبارە و سێ بارە درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدات. ئەمەش لەبەر یەک هۆ ئەویش ئەوەیە زمانەکەمان تا ئێستا پاراستووە. لەبەر ئەوە تا زمانی ستانداردی کوردی چێ نەبێ بە دڵنیاییەوە مەترسییە کوشندەکان لە هەموو شوێنێک و لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان هەر دەمێنن. بەم پێیە ئەرکی سەرشانی هەموومانە زمانی کوردی بەرەو ستانداردبوون بەرین، ئەویش بە پەرەپێدانی بواری زمانەوانی لەسەر ئاستی ئەکادیمی و رەنگدانەوەی لەسەر کاناڵەکانی راگەیاندن و میدیا بە گشتی، هەروەها رەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندی وتەیی گشتی کۆمەڵگا و تەنانەت ئاخاوتنی تایبەتی تاکیش، واتە دابەزێت بۆ ئاستی چینەکانی هەرە خوارەوەی کۆمەڵگا.

نەبوونی زمانی ستاندارد و مانەوەی دۆخی زمان و زماننناسی کوردی بەم شێوەی ئێستا، نەک هەر زیان بە نەتەوەی کورد دەگەیەنێ بەڵکو لە زۆر رووە دوای دەخات، چونکە ئاستی زمان و توانای زمانیی کاریگەرە لەسەر هەموو بوارەکانی تری کۆمەڵایەتی، بێ زمانی ستاندار پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سۆزو خۆشەویستی تاک بۆ کۆمەڵگا و نەتەوە لاواز دەکات، بێ زمانی ستاندار بوارەکانی ئەدەب و نووسین بە تایبەتی وەرگێڕان کە گەورەترین ئامرازی ئاڵۆگری مەعریفی و زانستە سست دەبن، ئەوسا پرسە نەتەوەییەکەش ئەو کاریگەرییەی لەسەر بەهێزکردنی ئینتمای نەتەوەیی نامێنێ.

بمانەوێ یان نەمانەوێ بوونی فرە دیالێک و ئاخێوەرانی دیالێکتی جیاواز بێ زمانی لێکتێگەیشتن، پەیوەندی نێوانیان لاواز دەکات تا زمانی لێکتێگەیشتن لاواز بێ سۆز و خۆشەویستی بۆ یەکتر لەسەر ئاستی تاک و هەستی نەتەوەیی و یەکییەتی نەتەوەیی لاواز دەبێ، پێچەوانەکەشی راستە. زمانی ستاندار یەکێکە لە پێکهاتەکانی ناسیۆنالیزم، ئافراندنی ئەو زمانە نەک هەر ئاستی زمان بەرز دەکاتەوە، بەڵکو ناسیۆنالیزمی و کورد و کۆمەڵگەی کوردەواری دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی بەرزتر، دەبێتە ساباتێک بۆ کۆکردنەوەی کورد لەژێر باڵی خۆیدا، رێگە لە دەمارگیری،

هەوڵی نابەرپرسانە و چەواشەکاری زمان دەگرێ، هاوکات بەستێنێکی نوێ بۆ پەروەردەکردنی کوردپەروەرانەی وەچەی نوێ دەرەخسێنێ. ئەمە پرسێکە دەبوو گەلی کورد زۆر پێشتر هەنگاوی بۆ هەڵێنابا.

گۆڤاری زمان و زار: پێناسەت بۆ زمانی ستاندار چییە وچۆن دەڕوانیتە پرسی جووتستانداردی بۆ زمانی کوردی؟

مستەفا غەفوور: زمان ئامرازی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگایە، ئامرازی لێکتێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی سۆز و خۆشەویستی و دەرد و خەم و خۆشی و ناخۆشییەکانە، ئامرازی گۆڕینەوەی زانیاری و گەیاندنی هەواڵە، لە ئاستی بەرزتردا ئامرازی ئافراندنی پەیوەندییە زەینییەکانە، کە ئێستا بواری ئەدەب بە تایبەتی هۆنراوە و ڕۆمانی گرتۆتەوە. ئەمەش کە بە دڵنیاییەوە لە کۆتاییدا کاریگەر دەبێ لەسەر پەیوەندییە نافەرمییکانی کۆمەڵگا تەنانەت ئاخاوتنی تاکیش.

لە نێوان کەمینە یان ئەو توێژەی بە دیالێکتێک یان زمانێک دەدوێ، پەیوەندی دوولایەنە هەیە، لەگەڵ گەشە کردنی ئەو کەمینەیە زمانەکەشی گەشە دەکات، وێڕای گەشەکردنی زمان یان دیالێکتەکە ئەو توێژە یان کەمینەیەش گەشە دەکات. کەواتە دەشێ دیالێکتێک، زارێک بن زارێک ڕێگەی بۆ خۆش بکرێ بێتە زمانێکی سەربەخۆ تەنانەت ستانداردیش، کە لە کۆتاییدا دەبێتە خاوەنی ئەدەب و کلتوور و، هەموو رایەڵکەکانی لەگەڵ بنەچەی خۆی دەپچڕێنی و تەنیا وەک مێژووی ئاوڕی لێدەداتەوە، لەلایەکی تر، هەستێکی ناسیۆنالیستی جیا لە هەستی رەچەلەکی خۆی دەئافرێنێ و ئەگەری ئەوە هەیە بە ئاڕاستەی بنەمایەک بۆ ناسۆنالیزمی جیاواز هەنگاو بنێت، ئەمەش دەرئەنجامەکەی لێکدابڕانە و دابەشکردنی نەتەوەی دایکە، کە بێ هێزی، لاوازیی، تا ڕادەیەک سڕینەوەی ئینتمای نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە. لەبەر ئەوە ئەوانەی پێیان وایە بەستانداردبوونی دیالێکتەکانی نەتەوەیەک خزمەت بە نەتەوە دەکات، نەک هەر بە هەڵەدا چوون، بگرە لە پیلانی دوژمنان بۆ لاوازکردن و دابەشکردنی نەوەی کورد لە ناو خۆیدا لە وانە لە ڕووی زمانەوە بەشدارن، کە چیوای لە خیانەت کەمتر نییە.

پرسی نەتەوەی ئێمە جیاوازە، لە پرسی کیوبیکی کەندا کە دانیشتوانەکەی بە دوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی دەدوێن، جیاوازە لە پرسی لۆکزامبۆرگ کە بە

سێ زمانی لۆکزامبۆرگی، ئەڵمانی و فەرەنسی دەدوێن، جیاوازە لە سویسرا، کە فەرەنسی، ئەڵمانی و ئیتالی سێ زمانی فەرمین لە پەروەردە و خوێندن، دامودەزگای کارگێڕی و سیاسی تەنانەت لە پەرلمانیش کاریان پێدەکرێت. ئەوانە بە هۆی شەڕ و داگیرکارییەوە کەوتونەتە سنووری کیوبیکی ئالاسکا و سنووری لۆکزامبۆرک و سنووری سویسرا، لەوێش لە ژێر کاریگەری وڵاتەکانیان ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا مافی کلتووری و سیاسی و فەرهەنگی خۆیان دەستەبەر کردووە، بەڵام ئێمە چی؟ کورد هیچ وڵاتێکی داگیر نەکردووە تا پاشماوەکانی لەوێ قەوارەیەکیان بۆ دروست بکرێ، ئەوانەی لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی کەوتوونەتە باکوری ئەفریقیا و ئەردەن و لوبنان و شوێنی تر، شوێنەواریشیان نەماوە، بوون بە بەشێک لە لەمیژوو، کە ئەویش پەردەپۆش کراوە. ئێمە بە پێست و کوڵکەوە بە زمان و خاک و کلتوورەوە دابەشکراوین، واخەریکە زار و بنزاری پاریزگاکانیش دەکەین بە دوو زار و ... .

لە هێندێک شوێنی تریش ئەم حاڵەتە هەیە، ئەوان پرسەکەیان تەنیا پرسی ئابووری و سیاسییە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بەسیستم کراوە، هیچیان پرسی نەتەوەیی نین، زمانەکەیان ناسنامەیان بێ، ئەوانە نە خاکیان دابەشکراوە نە کۆمەڵگاکانیان، مەترسی جینۆساید، رەگەزپەرستی، کۆمەڵکوژی و لەناوبردنیان لەسەر نییە.

ئەوەی بەڵگە نەویستە ئەمەیە: کردنی دوو زمان بە یەک مەحاڵە، مەگەر بە تواندنەوەی یەکێکیان لە ناو ئەوی تردا یا سەپاندنی یەکێکیان و بەدەر کردنی ئەوی تریان، ولێ بڕواناکەم لێکنزیک کردنەوەی دیالێکتەکان بە مەبەستی زمانی ستاندارد یان ئافراندنی زمانی یەکگرتوودا مەحاڵ بێت.

گۆڤاری زمان و زار: کۆسپەکانی سەر ڕێی زمانی ستانداردی کوردی چین؟

مستەفا غەفوور: بە داخەوە، لە بری ئەوەی پرس و بابەتە لەدەسچووەکانی زمان و کلتوور نەریت زیندوو بکرێنەوە، وەک چۆن لە ئیسرائیل کە قەوارەیەکی سەربەخۆی هەیە، زمانێکی مردوو زیندو کرایەوە، ئەو کاتەی فەرهەنگستانی زمانی عیبری ئیسرائیل ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆ، کە پێشتر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رووی نەدابوو، واتە زیندووکردنەوەی زمانێکی دێرینی ناستانداردی تەنیا نووسین، کە بتوانێ پێویستییەکانی ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵک دابین بکات، واتە سەرەڕای ئەوەی زمانی

نووسین بێ، زمانی ئاخاوتن و پەیوەندی وتەیی بێت، کەچی ئێمە خەریکە ئەوەی هەشمانە لە دەستی دەدەین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کاتێک توانرا زمانی مردووی عیبری زیندو بکرێتەوە، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە مردن و زیندوویەتی زمانێک پەیوەندی بە هەموو رەهەندەکانی واقعی ژیانەوە هەیە. ئێمە دەتوانین زمانی کوردی بگەیەنینە ئاستی نێونەتەوەیی و دەتوانین بە دەستی خۆشمان زیدەبەچاڵی بکەین، واتە پێش هەموو شتێک خۆمان هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن و لەناوچوونی زمانی کوردین، بۆیە لە ئێستادا کە ئێمە خاوەن قەوارەی هەرێمی کوردستانین، ئەرکی رووبەڕووبونەوەی ئەو مەترسییە تەنیا لە ئەستۆی نووسەر و ئەدیبان دا نییە، بەڵکو پتر لە ئەستۆی دەسەڵات دایە.

پێش هەمووشتێک پێویستە سنوورێک بۆ ئەو پاشاگەردانییەی نووسین و وەرگێڕان دابنرێ، بەرهەمی نوسەرە بەرجەستەکان و وەرگێڕە دیارەکان کە لە بواری رۆشنبیریدا کاریگەرن، بخرێتە بەر لێکۆڵنەوە و لە رووی زمان و ئاستی زمانەوە تاوتوێ بکرێن. ئەکادیمیای زمانی کوردی کە باڵاترین ئۆرگانی زمان و سیاسەتی زمانە، ئەو دەسەڵاتەی بدرێتی جگە لە لێکۆڵینەوە، وەک لەقاودان، لێپرسینەوە لە هەڵە زمانییەکانی هەر ئۆرگان و دامەزراوە و نووسەر رۆشنبیریک بکات، هەر لە فەرمانگەیەکی سادەوە تا دەگاتە پەرلمان و هەر لەوەرگێڕێکەوە تا دەگاتە ئەدیب و نووسەر و ەرگێڕانی بەرجەستە. بۆ ئەمەش پێویستە هاوکاری ئەکادیمیا بکرێ تا رێکاری ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. کاناڵەکان راگەیاندن و رۆژنامە و بڵاوکراوەکان لە ژێر چاودیری ئەو ئۆرگانە دابن و پەیوەندی راستەوخۆ فەرمیان هەبێ، بەردەوام تەنانەت رۆژانە پەیڕەوی راسپاردە و رێنوێنییەکانی بکەن.

ئەرکی پاراستنی زمان چیوای کەمتر نییە لە پارستنی خاکی کوردستان، لەبەر ئەوە پێویستە دەستی ئەکادیمیا لە رووی توانای مادی و دەسەڵاتەوە ئاوەڵابکرێت، تا بتوانێ جەماوەری ئەدیب و نووسەر و دۆخی زمانی کوردی و بواری زمانناسی ئامادە بکات بۆ ئاستێکی بەرزتر، لەوانە زمانی ستاندارد... .

گۆڤاری زمان و زار: نووسەران تا چەند لە جیهانی سایبەریدا (سۆسیال میدیا و ئینتەرنێت) لە پێناو زمانێکی ستاندارد یان پێوەر دەور دەبینن؟

مستەفا غەفوور: لەبەرئەوەی پاشاگەردانییەک هەیە، ئاڕاستەی راست و هەوڵی زمانیی، رێنووس و زمانناسی، تێکەڵ پێکەڵە، ئەو ئاڕاستانەی خزمەت بە زمان دەکەن لەو نێوەندەدا بزرن یان ناکاران، من وەک خۆم هەست دەکەم هەوڵی چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی زمان، بەسەر ئاڕاستەی یەکگرتوویی زمان و زمانی ستانداردا، زاڵە. کادری نەشارەزای زمانی کوردی لە زۆربەی کاناڵەکانی راگەیاندن دەسبەکارن، لە کاتێکدا لەشکرێک درچووی کۆلیجی زمان و زمانناسمان هەیە، کە پێویستە لانیکەم ئەمانە لەو کانالانەدا چاودێری زمانی بلاوکردنەوە بکەن، تێکڕای ئەوانەش ببەسترێنەوە بە ئاکادیمای زمانی کوردی، تا بە پێی ستانداردی ئەکادیمیا کار بکەن. کە دەڵێم ئەکادیمیای زمانی کوردی واتە تەنیا یەک سەنتر هەبێ کۆنترۆڵی رەوتی زمان بکات، بەشی زمان و کۆلیجی زمانی هاوکاری ئەکادیمیا بن و بێ ئەکادیمیا لەخۆیانەوە هەنگاو نەنێن، واتە سەنتەرێکی تر دروست نەکەن دوو بارە سەر لە خەڵک بشوێنن و هەر مامۆستایەکی زانکۆ و زمانناسێک، لە خۆیەوە بڕیار بدات و دووبارە فرەناوەندی لە بەستێنی زمانی کوردیا بێتە ئاراوە. کەواتە یەک ناوەند یەک تریبیون و یەک سەنتەری بڕیاردان هەبێ و هەموو قورساییەک بخرێتە سەر ئەو ناوەندە تا بتوانی رۆڵی خۆی بە باشی بگێڕێ، واتە پێویستە ئەکادیمیا مەرجەع بێ و هیچ کەس و لایەنێک لە خۆیەوە بڕیار نەدات. راستە ئەکادیمیا هەیە بەلام نە توانای مادی هەیە نە لەلایەن دەسەلاتەوە پشتیوانی دەکرێ، تا ئەوەش نەیەتەدی واتە ئەکادیمیا کارا نەکرێ، رۆڵی نووسەران، ئەدیبان وەرگێڕان بە سیستم نەکرێ کاریگەری باشی لەسەر سۆشیال میدیا و راگەێنەکان نابێ.

گۆڤاری زمان و زار؛ ئەکادیمیای کوردی چ دەورێکی لە چاودێری کردن بەسەر زمانی کوردیدا دەبینن؟

مستەفا غەفوور: من بڕوام وایە، ئەکادیمیا وەک فەرمانەگە و کاربەدەستانی تا ئێستا درێغی نەکردوو، بەلام کاتێک ئەکادیمیا دەسەلاتی نەبێ، مەبەست لە دەسەلات ئەوەیە تا بە ئەندازەی وەزارەتێک توانای مادی و مەعنەوی نەبێت، بڕیار و راسپاردەکانی لە حوکمی بڕیاری دادوەری و پزیشکی دانەبن، ناتوانێ رۆڵی کارای هەبێ. زمان پرسێکی نەتەوەییە ناکرێ کەسێک، رێکخراوێک، فەرمانگەیەک یان حیزبێک بۆ بەرژوەندی خۆی ئاڕاستەی بکات، لە هەموو شوێنێک ئاڕاستەو بیروڕای جیاواز

هەبێت، لەسەر زمان ناشێ و نابێت. بۆ ئەمەش پێویستە نەخشە ڕێگای زمان هەبێت و کرۆکییەک بۆ ئاڕاستەی گشتی زمان دابنێت. لەلایەکی تر کاریگەری ئەکادیمیا بگاتە هەموو ناوەندێکی رۆشنبیری زمان و ئەدەبی کوردی لە ناوخۆ و لە پارچەکانی تری کوردستان و وڵاتانی دەرەوە.

گۆڤاری زمان و زار: لە پێناو بە کوردیکردنی زاراوە نوێیاوەکانی سەردەمدا کێ بەرپرسە؟

مستەفا غەفوور: ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە، هێشتا زۆر نووسەر یان وەرگێڕ ئەو وشەو زاراوە نوێیانەی بەکاریان دێنن، نازانن لە کوێ و کەی و چۆن لەدایک بوونە، لەبەر ئەوە ناشزانن شوێنی تایبەتیان کوێیە و چۆن بەکاری بێنن.... ئەو وشانە هەموویان پێویستی و ناچاری هەوڵ وکۆششی نووسەر و زمانەوانان و پسپۆڕانی زمانی کوردی دروستی کردوون، راست نییە هەرکەس ویستی گەمەیان پێبکا و نابەجێ بەکاریان بێنێ، چونکە دەرئەنجامەکەی تێکدانی زمانی کوردی و سووک کردنییەتی لە لای خوێنەر کە بەڕای من ئەوە تاوانە...

گبری دەڵێ: بنەمای گوتن یا گۆکردنی راست بۆ هەر وشەیەک، گوتەی گشتی خەڵکە، مادام زمانی زیندوو هەیە هیچ پێویستیمان بە بەڵگەی مردوو نییە. . وشە هەن رەنگە تەنیا خێڵێک، یا تایەفەیەک بەکاریان هێنابێ کەچی ئێستا بۆتە وشەیەکی رەسەنی کوردی و دەیان زاراوە دەستە واژەی لەسەر بنیاد نراوە. ئەمەش رەوشێکی رۆنان و دەرهێنانی وشەیە لە هەگبەی زماندا. دەبێ سەرەتا ساغ بکرێتەوە کە وشەیەکی کوردییە، واتە سەر بە هیچ زمانێکی بێگانە نییە لە هەمانکاتدا گۆکردنەکەی لە سەر بنەمای گۆکردنی زمانی پەتی بێت، بە پێی پێوەرەکانی فۆنێتیک و سینتاکس لە محەک بدرێ، هاوکات نەبێتە بکوژی وشەی تری کوردی رەسەن و بوارەکەش پێویستی پێ بێ.

بەرای من ئەگەر وشەیەک بۆ ناونانی کارێک کاڵایەک یا ناوێک دابنرێ و کەمترین یا بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی بە کاریهێنابێ، هێشتا لەوە باشترە کەڵک لە وشەسازی رووت یا خستنە گەڕی وشەی بێگانە وەربگیرێ، چونکە ئەمەیان لانی کەم بنەمایەکی نەتەوەیی هەیە و دەشێ بۆ کامڵ کردنی زمانەکە چالاک بکرێ. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی: لە زمانی کوردیدا هەنووکە دیالێکت هەن گەلێک وشەی

ڕەسەنیان وەخۆگرتووە وەلێ لە بەر هۆکارگەلی جیاواز ماتن و پێویستە بە پێی پرۆسەیەک ئەکتیڤ بکرێن.

زمانی پەتی سەرچاوەی ڕەسەن و بنەمای سەرهەڵدانی ئەم زمانەی ئیستامان بووە، بەڵام تاکە سەرچاوەی زمانی کوردی نییە، ئەگەر دوێنیش لە ئاستیکی سەرەتاییدا بنەمای سەرەکی و تاکە سەرچاوە بوو بێ ئەمرۆ وانییە. زمانی کوردی بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە گەیشتۆتە ئاستێکی بەرزتر و ناتوانێ بۆ ئافراندن و هەڵێنجانی وشەی نوێ، تەنیا پەنا بباتە بەر زمانی پەتی. میکانیزمەکانی ئافراندنی وشە چ داڕشتن و چ لێکدانی وشە بۆ ئافراندنی وشەی نوێ و ئاوێتە، بەرفراوان بوونی بەستێی زانست و ئالوگۆڕ و قەرزکردنی وشە و چەمک و زاراوەی زانستی و فراوانبوونی بابەتە یونڤێرساڵەکانی زمان، ئەمانە هەموویان سەرچاوەی نوێن بۆ دەوڵەمەندکردنی هەر زمانێک، بەڵام پێویستە لێکەوتەکان بە ڕێزمان و فۆنێتیکی زمانی پەتی مەزندە بکرێن. ئەمەش دەکەوێتە سەر شارەزایی ئەدیب و نووسەران. کەواتە پێش هەمووشتێک ئەوان بەرپرسیارن، کە پێویستە هەم وریابن و هەم ئەرکی پاراستنی زمان لە ئەستۆ بگرن.

گۆڤاری زمان و زار: کێ بەرامبەر ئەو پاشاگەردانییەی لە زمانی کوردیدا درووست بووە بەرپرسە؟

مستەفا غەفوور: پێش هەموو شتێک دەسەڵات، ئەویش بە هۆی ئەوەی نەخشەڕێگایەک یان پرۆژەیەک لە ئارادا نییە بۆ پاراستن و هاوکات گەشەپێدانی زمان، ئینجا نووسەران ئەدیبان رووناکبیران لە پێش هەموویانەوە ئەکادیمییەکانی بواری زمان و زمانناسی، کە هەر یەکەیان بە پێی بۆچوونی خۆی و ئەو فەرمانگەی کاری تێدا دەکات، زمان دەخاتە بەرخزمەت.

تا دوێنێ پتر لە خزمەتکردن، سوود و بازرگانی زاڵ بوو بەسەر ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەدا و، هەزاران بەرهەمی ناشایستەی زمانیی و وەرگێڕانی سەقەتیان فرێدایە بەردەم خوێنەر و بواری خوێندنەوە، دەرئەنجامەکەی ئەو پاشەگەردانییەیە کە دەیبینین. بە اخەوە هێشتا سەرەڕای لاوازی بازاری کڕین و فرۆشتنی کتێب، ئاڕاستە بازرگانییەکە هەر زیندووە، ئەویش لەبەر ئەوەیە سانسۆرێک نییە بەرهەمەکان هەڵبسەنگێنێ، ئێنجا مۆڵەتی بڵاوکردنەوە بە نووسەرکە یان فەرمانگەی چاپ و بڵاوکردنەوە بدات. ئەوەی هەیە وەزارەتی رۆشنبیری فەرمانگەی کتێبخانە

گشتیەکانە، کە ئەویش بێ ئەوەی رادەستی کەسانی پسپۆر یان لیژنەی تایبەتی هەڵسەنگاندن بکرێ، زۆر جار بە تەلۆفۆنێک یان لەسەر دۆستایەتی و ناسیاریی، ژمارەی سپاردن دەبەخشێ بەبەرهەمەکە. ئەمەش لە هەرێمی کوردستان نەبێ لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە.

لەبەرئەوە هەر تازەنووسەر، تازەوەرگێر یان تازەئەدیبێک، دەگەڕێ لە کوێ بەرهەمەکەی بە هەرزانتر بۆ چاپ بکەن (چونکە ترسی رەتکردنەوەی نییە) روو لەوێ دەکا، پارەی خۆی دەدات و بەسەر دۆست و برادەرانیدا دابەش دەکات. کەواتە یاسا و رێسایەک نییە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ئەگەر هەشبێ کاری پێناکرێ.

گۆڤاری زمان و زار: هۆکاری چییە کە هێشتا میدیای کوردی خاوەنی زمانێکی ستاندارد نییە؟

مستەفا غەفوور: ئەو پاشاگەردانییەی لەسەرەوە باسمان کرد لەگەڵ گشتگیر نەکردنی بڕیار و رێنوێنییەکانی کۆڕی زانیاری کورد و ئەکادیمیای زمانی کوردی. ئینجا کادری نابەرپرس بە مەبەستی خۆهەڵنان و شانازیکردن بە زمانی بێگانەوە، دەیان وشە و زاراوەی بیانی دەئاخنێتە ناو زمانی کوردی کە نە پێویستن نە جێدەگرن، بەڵکو هەریەکەیان وشەیەکی رەسەنی کوردی دەکوژن و ئاوارەی ناوماڵی خۆی دەکەن، ئەوە گوایە پێویستە زمانی میدیا لە ئاستی زمانی سەردەمدا بێ. ئەمەش لە هەمووی مەترسیدارترە چونکە کاناڵەکانی راگەیاندن لە هەموو ماڵێکدا ئامادەن، تادێت ئاوەکە لیلتر دەکات، کاتێک بە خۆمان دەزانین لە سنووری چارەسەرکردنیش دەرچووە. هەر شتێکیش بوو بە ئەمری واقع ناچاری لەگەڵیدا بگونجێی.

گۆڤاری زمان و زار: پێتوایە بوونی دووجۆرە رێنووس یان پتر خزمەتی زمان دەکات؟

مستەفا غەفوور: رێنووسی لاتینی جگە لەوەی نوێ لە رابردوو و کلتووری خۆی دادەبڕێ، ئەو پەیوەندنییەش دەپچڕێنێ، کە لەگەڵ مێژوو و کلتووری نەتەوەکانی دەورو بەر دا هەیبووە، هەروەها ئەم ئەلفوبێیەی ئەمڕۆ و ئەم رێنووسە کوردییە، کەموکوڕییەکی ئەوتۆی تێدا نییە تا هۆکاربن بۆ لابردنی، ئەگەر تەنیا بۆ خەڵکی بیانییە، یا مەبەست چوونە ناو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتییە، ئەوا بەبێ ئەلف و بێی لاتینیش وەک چین و ژاپۆن و ... دەتوانین بچینە ناو کۆمەڵگی نێودەوڵەتی.

ئ. تەبەری، لە بارەی ڕێنووسی لاتینی بۆ زمانی فارسی دەڵێ: ڕێنووسی ئێمە لە رووی خێرایی خوێندنەوە و نووسین بالاترە لە ڕێنووسی لاتینی، جگەلەوە ڕێنووسی لاتینی لەرووی بۆماوەیی و گواستنەوە و پاراستنی میراتی فەرهەنگیمان گرفت دەخوڵقێنێ... . هەر وەک چۆن ئێمە ئێستا لە ڕێگەی فێرکردنی تایبەتەوە نەبێ، بە زەحمەت دەتوانین پەی بە زمانە ئێرانییەکانی پێش ئیسلام بەرین، کاتێک ماوەیەکی بەسەردا تێبپەڕی، وەچەی داهاتوو بە زەحمەتتر لە ئێستا، لە دەقە کۆنەکانی زمانی فارسی دەگەن. ئەمەش کەموکوڕییەکی گەورەیە.... تاقیکردنەوەی تورکیاش ئەم مەترسییەی سەلماندووە. ل٢١١

کاتێک مرۆڤ چ وەک خۆی چ وەک نەتەوە لە مێژوو و دیرۆکی خۆی دابڕێ، مانای ئەوەیە بەشێک لە ناسنامەی خۆی لەدەستداوە. ئەمەش ڕێ خۆشکەرە بۆ بونیادنانەوەی ناسیۆنالیزمی نەتەوە لەسەر بنەمایەکی غەیری خۆی، کە دەرەنجامکەی پێشێلکردنی مافی نەتەوەکانی تر دەبێ. رەنگە هەر لەدەستدانی ئەم ناسنامەیە بێ، تورک خۆی بە خاوەنی باکووری کوردستان و ئەرمەنستان و ... دەزانێ و هاوکات هەوڵ دەدات هەموو شوێنەوارێکی نەتەوەکانی غەیری تورک لە زمان و دیمۆگرافیاوە بگرە تا دەگاتە کلتوور، لە تورکیا بسرێتەوە. دوور نییە ئەوەی لە ئەرشیفی ئەو وڵاتەدا هەیە و پاشماوەی ئیمپۆاتۆری عوسمانییە، سەبارەت بە نەتەوە و کەمینەکانی تری غەیری تورک، بەرەبەرە لەناوببرێن.

بۆ ئەم نەوەیەی ئێستا لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، بەرهەمکانی باکوور و رۆژئاوای کوردستان کە بە ئەلفوبێی لاتینی نووسراون و دەنووسرێن، بە ئاسانی بخوێنێتەوە و تێی بگات، بێ گومان دوای پیادەکردنی ڕێنووسی لاتینی هەمان گرفت بە شێوەیەکی تر دێتە ئاراوە، بە هەمان شێوە بۆ نەوەی نوێ ئاسان نابێ، بەرهەمەکانی پێش خۆی بخوێنێتەوە و تێیان بگات. نەک هەر ئەوە مامۆستا مەسعود محەمەد، لە رووی خۆشنووسیشەوە ڕێنووسی لاتینی رەت دەکاتەوە و دەڵێ: لایەنی هەرە پەسندی پیتی عەرەبی ئەوەیە، وەک من بۆی دەچم، کەوا جێگەی کەمتر دادەگرێ لە پیتی لاتینی، و بەبەریەوە هەیە هونەری خەتخۆشی تێدا بەکار بێت. کەواتە جۆری ڕێنووس کاریگەرە لەسەر خۆشنووسی، بەم پێیە ڕێنووسی لاتینی دەرگا لەبەردەم هونەری خۆشنووسی دادەخات، رەنگە ئەمە لە داهاتوودا یەکبگرێتەوە لەگەڵ وەلانانی نووسین بەهۆی کامپیوتەرەوە.

بوارە ئەدەبییەکان، دەقەکانی نووسین، پتر دەقی میتافۆڕیین تەنیا نووسینی پرۆتۆکۆلی نەبێ (کە نووسینی یاسایی، زانستی و فەلسەفی دەگرێتەوە)، دەقی میتافۆڕی ئەمڕۆ باڵی بەسەر هەموو لایەن و بەشەکانی نووسیندا گرتووە. لەبەرئەوە ڕێنووس وەک ئامرازێکی گواستنەوە نەزم، گونجان، فراوانبوون، بەرتەسکبوونەوەی دەق دەبێ لەخۆبگرێ تا بتوانێ ئەرکەکەی بەباشی جێبەجێبکات، واتە شتێکی پرۆتۆکۆلی پێرفێکت نییە تا وەک قالب بیگوازێتەوە و بگەیەنێ و... . واتە لەقالبدانی زمان بە ڕینووسێکی تر، لایونی واتایی بەرتەسک دەکاتەوە، زۆری پێدەچێ تا تاکی کورد لەسەری ڕادێت, کە ئەم نەوەیش تانی ئەو بەربەستە ببڕێ، نەوەکەی دواتر ناتوانێ بگەڕێتەوە دواوە بە ڕێنووسی پێشوو سوود لە کلتوور و کەلە پووری پێشینان وەربگرێ.

لەسەرێکی ترەوە چەند فاکتەرێک کاریگەرن لەسەر پاشەکەوتکردن زانیاری و مەعریفە لە زینی مرۆڤدا، خودی ڕێنووس، دەنگی خوێندنەوە، ڕادەی بیستن، جۆر و ستایلی نووسینەکە. کاتێک لەسەر ڕێنووسێک ڕادی نووسین و خوێندنەوەی ئاسانترە واتە زەین بێ گرفت و بە ئاسانی وەریدەگرێ واتە ئامادەکراوی وەرگرتن و تۆمارکردنە. بە هەمان شێوە دەنگ و توانای بیستن و شێوازی نووسینەکە بە هۆنراوەبێ، لە چوارچێوەی پەند یان ئیدیۆمدا بێ، یان ئەوەندە دووبارە بووبنەوە کۆدەنگیان لەسەر دروست بووبێ، وەرگرتن و پاشەکەوتکردنیان لە زەیندا ئاسانترە. کەواتە بە ئەگەری زۆر جۆری نووسین کەم تا کورت گرفت بۆ ئازە و بیرکردنەوە دەخوڵقێنێ. کە دەڵێم بیرکردنەوە، مرۆڤ زۆرجار ڕووداوێک یان هۆنراوەیەک یان پەند و ئیدیۆمێکی بە تاکە وشەیک وەبیر دێتەوە. وەبیرهاتنەوەی زانیارییەکان دەبنە کەرەستەی ئامادە بۆ بونیادنانی بیر و بۆچوونی تر. ئامادەبوونی کتوپڕ و بەردەوامی زانیارییەکان توانای ئەقڵانی مرۆڤ دەباتە سەرێ.

زانایان دەڵێن نووسینی دەستی وەک وێنە کێشان یارمەتی گەشەی توانای ئاوەز دەدات، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە مێشکەوە هەیە، بەڵام پەنجە پێدانانی دوگمەکان کردەیەکی نەرێنییە، بەو مانایە کە بیر و ئاوەزی داهێنان چالاک ناکات، چونکە پەنجەکان بە شێوەی ناخودئاگا و بێ ئاوازی گوتن لەسەر دوگمەکان دەجووڵێن، هاوکات مێشک تەنیا ئەو دەنگە دەنگە وەردەگرێ کە ڕێگا بە بیرکردنەوە نادات... نووسینی دەستی هێواشترە و لەگەڵ خێرایی بیرکردنەوە و پێویستیی فێربوون

دەگونجێ، لەبەرئەوە دەرفەت بە زانیاری قوڵتر و جێگیرتر دەدات. هل الكتابه اليدويه في طريقها الى الزوال؟ ن. م ص١١٢

کەواتە لە چرکە ساتی خوێندنەوەدا بە ڕێنووسێکی تا رادەیک ناومۆ، کە هێشتا نیشانەکانی لە زەیندا کۆدگوزاری نەکراون، تێگەیشتن و بیرکردنەوە ئاسان نییە، چونکە خوێنەر هەر فریای ئەوە دەکەوێ فۆڕمە زمانییەکان راست و رەوان بخوێنێتەوە، بەوە رانگات مانا و واتای میتافۆڕی و مەبەستی زەینیان واتە مانای پشتەوەی فۆڕمەکان بگات. لە هەمانکاتدا نووسینەوە و بە داتاکردنی مێژوو کلتوور و کەلپووری بە ڕێنووسی لاتینی، کاتی زۆری گەرەکە و لە هەموو بوارێکەوە تێچوو هەڵگرە، کە بۆ چەندین ساڵ بارێکیقورسی دارایی دەخاتە سەر ئابووری هەرێمی کوردستان.

گۆڤاری زمان و زار: ئایا فرەیی لە ژمارە و نفووس دەبێتە هۆکار بۆ درووست بوونی زمانی ستاندارد؟

مستەفا غەفوور: هەرگیز، چونکە زمانی ستاندار لە سەر بنەمای دیالێکتەکان، لەسەر توانای دەربڕین و خۆبژێو لە کەرەستە و وشە و دەستەواژەی زمانیی و ئاستی بەرزی میتافۆڕی گوزارشتی میتافۆڕی دادەمەزرێ، زمانی ستاندار پەیوەندی بە دەوڵەمەندی باکگراوند و مێژووییەکەیەوە هەیە، پەیوەندی بە گەشەکردنی رەهەندەکانی زماننناسی زمانەکەیەوە هەیە، بە زمانی پەیوەندی بە هۆگریی و خولیای تاکی کوردەوە هەیە، پەیوەندی بە خۆشەویستی و هەستی پاراستنی خاک و وڵاتەوە هەیە. زمانی ستاندار پەیونەدی بە ئەندازە و ئاستی ئەو ئەرکەوە هەیە، کە زمانەکە دەتوانێ ئەنجامی بدات، زمانێک یان دیالێکتێک هەژار بێ لە بەرهەمەکانی نووسین چ ئەدەبی چ زانستی چ یاسایی، زمانێک پانتایی وەرگێران و بە رهەمە وەرگێڕدراوەکانی لە پەنجەی دەست تێنەپەڕن و زمانێک نەگەیشتبێتە ئاستی زمانی سیاسی، زمانی یاسا و دادوەری زمانی وەرگێڕانی دەقە ئاڵۆز و فەلسەفییەکان، ئەگەر سەدان ملیۆن ئاخێوەریشی هەبێ ئەوا هەر لاوازە و توانای بەستاندارد بوونی نییە. ئەوەی بەسەر گەلی کوردیشدا سەپاوە هۆکارەکەی دژومانن، ئێمە بڵێن چی زمانی خانی و مەم و زینەکەی لەچوارچێوەیەکدا قەتیس ماو ڕێگەیان نەدا گەشە بکات، ئێمە بڵێن چی هێندێک لە دیالێکتەکان نەیانتوانیوە بگەنە ئەو ئاستەی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ درەوە و ناوە بکەن، ئێمە بڵێن چی هێندێک لەو دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە سنووری

ئاخاوتن و ئاستێکی نزمی ئەدەبی دەرنەچوون. کەواتە بۆ زمانی ستاندار پێویستە تێکڕای ئەم لایەنانە لەبەرچاو بگیرێن. ئەوەی جێگەی داخە دیالێکی کۆن و خاوەن چەندین ملیۆن ئاخێوەر، نەک لەو ئاسەی سەردەمی مەموزینەکەی خانی دەرنەچووە، بەڵکو لەسەر دەستی هێندێک هێز و لایەن، بە مەبەست و بێ مەبەست، نابەرپرسانە لە بنەما زمانییەکەی خۆی دوور کەوتۆتەوە، نەک هەر ئەوە بە گۆڕینی ڕێنوسی کوردی کە بە ئەلفابێتی عەرەبی هەموارکراوە، بۆ ڕێنووسی لاتینی بەشێکی گەلی کورد و ئاخێوەرانی دالێکتەکەی لە مێژوو ئەدەبی کوردی دادەبڕێ، ئیتر بەشەکانی تری کوردستان و نەوەی دواتری ئاخێوەرانی ئەو دیالێکتە، پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە رابردووی خۆیانەوە نامێنێ. لەلایەکی تر لێکتێگەیشتن لە نێوان ئاخێوەرانی دیالێکتی ناوەراست و باکور و باشوور (هەورامی بادینی و سۆرانی) ئەوەندە زەحمەت بووە، تاکی کورد لە کاناڵە میدیاییەکانیش ناگات، چ بگا بەوەی لە ئاستێکی بەرفراواندا لەگەڵ یەکتر بدوێن، کۆتاییەکەی بەوەدێ: ئەزگرمانجیمە .. ئەز سۆرانیمە، بەندە هەورامیم و.... .

چۆن چاو لە پرسی هەبوونی پرۆژە و سیاسەتی زمانیی بۆ زمانی ستاندارد بکەین؟
سەردەمی جیهانگیریی هەڕەشەیە یان دەرفەتیکە بۆ زمانی ستانداردی کوردی؟

زمان پرسێکە رەهەندی مێژوویی و گەشەکردنی خۆی هەیە، هەر قۆناغێکی مێژوو و گەشەکردنی زمان، کاریگەرە لەسەر ئاست و دەوڵەمەندی و گونجانی بۆ بوون بە زمانی ستاندارد، هەرر ئەلقەیەکی ئەو رێرەوانە یارمەتیدەرێکی کامڵ بوونی زمان بوون، ئەگەر سەردەمی کۆن شوێنەوارێکی نووسین، بەردەنووسێک، نیگار و وێنەی سەربەرد و ئەشکەوتەکان نە بووبێ، دۆزینەوەی رەچەڵەکی زمانەکە ئاسان نەبووە و نابێ و ناسنامەی زمانەکە لەکەدار دەکات. هەر قۆناغێکی ژیان لە ئاژەڵدارییەوە بۆ کشتوکاڵی و بۆ کاری دەستی خۆبژێو، تۆکمە نەبووبنی کەرەستەکانی ئاخاوتن لە رووی بڕ و کوالێتییەوە کەم و لاواز دەبن، بۆ نموونە زمانی کۆچەرییەکان، زمانی بیابانشینان، ئەسکیمۆکان وەک پێویست تۆکمە نین، چونکە یان بەو قۆناغە ئاساییانەدا تێنەپەڕیون، یان ئەو قۆناغانەیان بای ئەوەندە نەبووە پەیوەندی زمانییان تۆکمەتر بێ و ببێ بە کەرەستە و بنەمای گەشەکردنی ئەمڕۆیان.

هێشتا پرۆژەیەک لە ئارادانییە، بۆ تاوتوێکردنی زمان و دۆزینەوەی ئەلقە بزرەکانی و روونکردنەوەی قوژبن و کونە تاریکەکانی زمان (بۆ نموونە ساغکردنەوەی زمان

و ڕێنووسی قەواڵەکان و پەیوەندی ئەو ڕێنووس و زمانە بە زمانی کوردییەوە)، فراوانکردنی ئەلقەی پەیوەندی زمانی کوردی لەگەل زمانی ئاڤێستا و پەیوەندی بە زمانەکانی دەوروبەرەوە، ئەویش بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستییانە.

هەروەها پرۆژەیەک بۆ پاراستی زمان لە هێرشەکانی بێگانە و ئەو لادانەی لە رووی نەزانی و نەشارەزاییەوە لەسەر دەستی نووسینی مەبەسدار و نووسەری نابەرپرس دێتە ئاراوە، ئینجا بەردەوامی ئەو پرۆژەیە تا لە ناوچوونی مەترسییەکان.

لەپاڵ ئەوەشدا، داڕشتنی پرۆژەیەکی تۆکمە بە بەشداری پسپۆڕان و بیرمەندانی زمان و زانیاری گشتی زماننـاسی و گونجاندنی تاقیکردنەوەی وڵاتان لە ئافراندنی زمانی ستاندارد و تۆکمەکردنی زمان. ئەمەش پێویستی بە دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار هەیە کە پێویستە لە لایەن دەسەڵاتەوە هەم ڕێگەی بۆ خۆشبکرێ و هەم بودجەی بۆ دابین بکرێ. زمانێک دەیان مەترسی لە سەر بێ و هەر لە سرینەوەی مێژووەکی و چەواشەکردنی لە دەروونەوە و ئافراندنی بەربەست و مینرێژکردنی ڕێڕەوی گەشەکردنی، پێویستی بەدەیان و بگرە سەدان سیمنیار و کۆڕو کۆبوونەوە و هەوڵی بێ وچان هەیە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی بە پێی پیویستییەکانی سەردەم گەشە بکات و بتوانێ هەڵگری ئەرکی نوێی پەیوەندی و گواستنەوە و وەرگرتنی زانیاری بێ، لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانی.

ئینجا پرۆژەیەک بۆ بەستانداردکردنی زمانەکەمان، کە پێش هەمووشتێک:

١-دەبێ ڕێگە لە جووتسانداردی و سێ ستانداردی و بەستاندارکردنی زارەکان بگرێ، بە تایبەتی کاتێک بە ئاراستەی جیاکردنەوەیان لە قەدی زمانی کوردی و دابڕینیان لە ناسیۆنالیزمی ناکامڵی کوردی، هەنگاو دەنێن.

٢-هەوڵبدرێ یەکێک لەو دیالێکتانەی هەموو خەسڵەت و فاکتەرەکانی بوون بە زمانی ستانداردی تێدایە بە بنەما وەربگرین، وەک مامۆستا شکورمستەفا دەڵێ: بەرهەم و کەرەستە پێویستەکانی زارەکانی تر وەک جۆگەلەیە برژێنە ناو دەریای ئەو زارەی بە بنەما وەرگیراوە. ئەم دەریایەش کاتێک فراوان و روون و سازگار دەبێ، کە جۆگەلەکان کانیاوەکانیان زوڵاڵ و ئاودارتر و ئاوەدانتر بکرێ. بەو مانایە کە نابێ دیالێکتەکان کوێر بکرێنەوە بەڵکو دەبێ دەوڵەمەند تر بکرێن تا بەهرەیان بۆ زمانی ستاندارد پتر بێ.

هەرکات بە هۆی ئەم پرۆژانەوە گەیشتینە زمانی ستاندارد و مەیدانی نیونەتەوەیی، هیچ مەترسییەکمان لەسەر زمان کە گەورەترین مەترسییە نامێنێ، چونکە هەم بەرگی پاراستن واتە بەرگریی توانەوەمان لەبەرکردووە، هەم توانای وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاری و تێکەڵاوی لەگەڵ کلتووری نەتەوەکانی تر (واتە توانای گەشەکردن) مان دەستەبەر کردووە. بەڵام وەک چۆن دەڵێن بە دەستی بەتاڵ شمشێربازی ناکرێت، بەم بارودۆخەی ئێستاوە لە زیان بەولاوە سوودی ئەوتۆ لە قۆناغی جیهانگیری ئەمڕۆ وەرناگرین. نموونەکەشی دیارە، هەر لە ئێستاوە هۆگری بۆ زمانی کوردی لای منداڵانی کورد لاواز بووە، زمانەکانی بێگانە لە ناو نەوەی نوێدا بەبەرە لەسەر حسابی خنکاندنی زمانی زگماکی، پەرەدەستێنن و کە ئەمەش داهاتوویەکی روونی بۆ زمانی کوردی لێ رەچاو ناکرێ.

شاسوار هەرشەمی

چۆنیەتی پێکهاتنی زمانی ستاندارد

دروستبوون و پێکهێنانی زمانی ستاندارد لەناو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا، (ئەگەر عیبری و چەند زمانێکی لەناوچووی لێ دەرباوێژین) مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە. زمانی ستاندارد، زادەی شارستانیەتێکی تا ڕادەیـەک پێشکەوتووی مرۆڤایەتییە. کۆمەڵێک مـەرج و بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیری و...هتد، لە هەلومەرجێکی گونجاوی تایبەتیدا، پێکەوە یەکانگیر دەبن و زەمینەیەکی پتەو بۆ زاراوەیـەک دێننە کایەوە، تا هەنگاوی گـەورە و خێرا بهاوێژێت، بۆ خۆسەپاندن و باوبوونی، هـەروەک باڵادەست بوونیشی، بەسـەر سەرجەم زارەکانی دی دەوروبەریدا. ئەو زارەیەی دەبێتە زمانی ستاندارد، بە هیچ جۆرێ، مەرج نیە پاک و خاوێنترین، زاری زمانەکە بێت، یان زۆرترین کەسانی میللەتەکە پێی بدوێن. واتا هیچ زمانێک هەڵنەبژێردراوە تا ببێتە زمانی ستاندارد. هیچ کاتێکیش ڕەچاوی ئەوە نەکراوە، کە زۆرینەی گەل، بە چ زارێک دەدوێن، تا ئەو زارە ببێتە زمانی ستانداردی هەمووان. بە کورتی، مەرجێکی دیاری کراو نییە، کە کامە زار و لە چی بارێکدا، سەرنجی زۆرینەی ئاخێوەرانی زارە نزیکەکانی دی ڕادەکێشێت، بەڵکو وەکو گوتمان، لە کات و ساتێکی تایبەتیدا، هەندێ هەلومەرجی لێکجیا و تەواوکەری یەکدی، یەکانگیر دەبن و ئەو زەمینە لەبارەیە دێننە کایەوە، تا زارێک، یان تەنانەت زمانێکی بیانیش، ببێت بە زمانی هاوبەشی کۆمەڵە خەڵکێکی، خاوەن خاکێکی جوگرافی دیارکراو و سنوردار بە کۆمەڵێک داب و نەریتی وەک یەک و هاوبەشەوە، کە لە هاوسێکانی دی دەوروبەریان، جیایان دەکاتەوە. زۆر جاران، ئەم کارە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوودەدات، بێ ئەوەی دەستی ئەنقەست و ڕاستەوخۆی مرۆڤ، ڕۆڵی سەرەکی تێدا وازی بکات و بگێڕێت. واتە مرۆڤ ناتوانێت بۆ هێنانە کایەی ئەو هەلومەرجانەی کە پێویستن بۆ هاتنە کایەی زمانی هاوبەش، یان ستاندارد، نەخشە دابڕێژێ، بەڵکو ڕۆڵی مرۆڤ ئەوەیە کە لەناو چوارچێوەی ئەو مەرجانەدا، بە چمکێکی کارەکە هەڵدەستێ. ئەم ڕۆڵەش کە تاک و دەستەی مرۆڤەکان پێی هەڵدەستن، دەکرێت هاندەر و برەو پێدەر بێت، یاخود ڕێگر و لەمپەردانەر بێت.

بۆ ئەوەی بابەتەکە باشتر ڕوون بکەمەوە، با چەند نمونەیەک لە دروستبوون و سەرهەڵدانی زمانانی ستاندارد وەربگرین و سەیرێکی ئەو هەل و مەرج و بار و دۆخانەیشیان بکەین، کە زمانەکەی تێدا زاڵ و باڵا دەست بووە.

با لە پێشەوە سەیرێکی هاتنە کایەی زمانی ستانداری عارەبی بکەین، کە بە ناوی دیش ناسراوە، وەک (زمانی حیجاز، زمانی قورئان، یان زمانی کلاسیکی عارەبی). لە سەرەتای سەدەی هەفتەمی زایینی، بە هۆی شەڕی یەک لە دوای یەک و بێ پسانەوەی نێوان ساسانییەکان و ڕۆمانەکان، ڕێگای ئاوریشم، کە ڕێگای سەرەکی بازرگانی کردن بوو، لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا و بەناو جەرگەی ئیمپراتۆری ساسانی دا تێدەپەری، بەسترا. مەبەستمان ئەو شەڕەیە بوو، کە کیسرای دووەمی ساسانیان، خەسرەوی پەرویز(٥٩٠- ٦٢٨ زایینی)، لە ساڵی ٦٠٣ زایینی، لە دژی دەوڵەتی ڕۆمی بێزەنتی هەڵیگیرساند. هەرچەند ئەو شەڕە، یەکەم شەڕی نێوان هەردوو لا نەبوو، بەڵام بە دڵنیایی درێژترین و پڕ مەترسیترین شەڕ وماڵوێرانترین شەڕی نێوان هەردوو لا بوو، کە سەرەنجام هەردووکیانی ئەوەندە لاواز کرد. ئیدی چیدی نەیانتوانی، خۆیان لەبەر هەڵمەتەکانی دواتر ڕابگرن. شەڕەکە ٢٥ ساڵی ڕەبەق بەردەوام بوو. ئەمەش هەمان شەڕە، کە لە سورەتی (الروم)ی قورئاندا، ئاماژەی بۆ کراوە. ژیان لە سەردەمی شەڕیش هەر بەردەوام دەبێت. بازرگانییش، بە خۆ گونجاندن لەگەڵ بارو دۆخی شەڕ، هەر بەردەوام دەبێت. ڕۆمانەکان، کە زیانمەندی سەرەکی برانی ڕێگای بازرگانی ئاوریشم بوون، هەروا دەستەوستان نەوەستان. بۆ سەرگرتنی کاری بازرگانی، لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی دووردا، بازرگانانی وڵاتی ڕۆم، ڕێگای دەریـای هیندیان هەڵبژارد، کە بە خاکی حیجازدا تێدەپەری. بەم جۆرە حیجازییەکان، بێ ئەوەی نەخشێکیان لەمەدا هەبووبێت، لەپڕ کەوتنە ناو شارێیەکی گەورەی بازرگانییەوە. ئەوان، لە سەر خاکی خۆیانەوە، ڕۆڵی پەڕاندنەوە و ترانزێتی بازرگانیان دەبینی. ئەمەش خۆی لە خۆیدا، کەڵەکە بوونی سەرمایە و بارودۆخیکی کۆمەلایەتی سیاسی تایبەتی لە ناوچەکە دروست کرد. بوونی سەرمایە و هەلی کار، هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا، بوژانەوەی هونەر و زمان و وێژەشی بە دواوە دێت. پێش ئەوە و لە کاتی شەڕەکانیشدا، ئاینی فەڵە، شان بەشانی ئاینی جولەکە، ناوچەکەی تەنیبووەوە. ئەمانە بەیەکەوە بوون بە پایەیەکی پتەو بۆ بوژانەوەیەکی فەرهەنگی گەورە. لە قورئاندا، ئەم ڕووداوە بە (رِحْلَةَ الشِّتَاءِ وَالصَّيْفِ) قریش:٢ ناودێر کراوە. واتا لە زستانانا، قورەیشیانی دانیشتووی حیجاز، دەچوونە یەمەن و ئەو شتانەیان دەهێنا، کە یەمەنیان زووتر لە وڵاتی هیندستان کڕیبوویان. لە هاوینانیشدا، بارەکانیان بۆ شام دەبرد و لە ئورشەلیم و دیمەشق و شارە کەنارییەکانی دەریای

ناوەڕاست، دەیانفرۆشتنە ڕۆمەکان. پێغەمبەری ئیسلام، موحەممەدی کوڕی عەبدوللا، خۆی یەکێک بوو لەو بازرگانانەی، کە چەندان جار، هاتووچۆی شارەکانی ڕۆمی بێزەنتی لە شام کردووە.

هەموو ئەو بارو دۆخە تازانە، گەشانەوەی ئابوری بە دوای خۆیدا هێنا. پارە و خۆشگوزەرانیش، بوونە هۆی بوژانەوە و گەشەی زمان و دەرکەوتنی بیر و بۆچوونی تازە. ئا لەو بارو دۆخەیەدا بوو، کە ئیسلام، وەک ئایین لە حیجاز دەرکەوت. دیارە شەڕی نەپساوەی نێوان ساسانیان و ڕۆمانی بێزەنتی، هەر نەبووە هۆی بوژانەوەی بازرگانی لە حیجاز، بەڵکو بۆشاییەکی ڕامیاری و بەڕێوەبەرایەتی گەورەشی لە ناوچەکە بەدیهێنا، کە چاوەڕوانی هێزێکی تازەی دی دەکرد، تا بێت و پڕی بکاتەوە. ئیسلام، وەک بزووتنەوەیەکی گەورەی ئایینی، توانی ئەو هێزە بەدی بێنێت. بزووتنەوەی کۆمەلایەتی سیاسی ئیسلام لە حیجاز، وای کرد کە بە خێرایی، زاری دانیشتوانی ئەوێ، ببی بە زمانی ستاندارد، نەک بۆ هەموو عارەب، بەڵکو بۆ زۆر لە میللەتانی دیش، وەک قیبتیی و ئارامیی، فەینیقیی و بەربەر و.... هتد. قورئانیش، کە پەیامی ئەو ئایینەی، بە زاری حیجاز تێدا نووسرابووەوە، بووە زمانی ستانداردی عارەبی. لەوەش پتر، بوو بە زمانی پیرۆزی خودا. بەمەش هەزاران هەزار بڕواداری ناعارەبیش، توانا و بەرهەمەکانی خۆیان خستە سەر خەرمانەی ئەو زمانەوە.

با ئەمجارە سەرنجێک لە زمانی ستانداردی ئیتالی بدەین. ئیتالییەکان، تا ساڵانێکی درەنگی دوای سەردەمی ڕێنیسانس، بۆ خوێندن و نووسین، هەر زمانی کۆنی لاتینییان بەکار دەهێنا. لاتینیی زمانێکی مردوو بوو. کەم کەس تێیدەگەیشت. ڕۆشنبیرانی ئیتالیی بیریان لە زمانێکی گونجاو دەکردەوە. هەندێکیان پێیان باش بوو، کە زمانی فەرەنسیی بەکار بێنن، کە ئاوێتەیەک بوو لە زمانی لاتینیی و گالیی گێرمانیی. ئا لەو سەردەمانەدا بوو، کە بارودۆخی سیاسی- ئابووری- کۆمەڵایەتی ئەوێ، زەمینەی یەکگرتنی میرنشینەکانی ئیتالی پێکهێنا، بە ڕێبەرایەتی کەسێکی جەربەزەی ناو دەریاکان، بە ناوی گاریبالدی. ئەم ڕووداوە، هاوزەمان بوو لەگەڵ، گەشەسەندنی باری ڕۆشەنبیری. ئا لەو سەردەمەدا، دانتی (١٢٦٥- ١٣٢١ز) لە شاری فلۆرەنسای ناوچەی تۆسکانا دەرکەوت. ئەو کتێبە بەناوبانگەکەی (کۆمیدیای خودایی، Divina commedia)، بەو زارەی ئەو کاتی فلۆرەنسا نووسی، کە بەسەریدا زاڵ بوو. کتێبەکە، وەک دیاردەیەکی وێژەیی دەگمەنی ئەو سەردەمی هەموو ئەورووپا، ناسرا

و ناودار بوو. ڕۆشنبیرانی ئیتالی، بە پەلە ئەمەیان قۆستەوە. کتێبەکەی دانتی، کە بە زارێکی ناوچەیی ئەوێ نوسرابوو، بە دەستوبرد و زوویی، بوو بە بناخەی زمانی ستانداردی ئیتالی.

دیارە لە ئەڵمانیای فرەزار و زاراوەشدا، هەر بە هەمان شێوە، لە سەرەتای سەدەی پازدەی زایینی، زەمینەیەکی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی لەبار هاتبووە گۆڕێ، کە ئەنجامەکەی لە ڕیفۆرمی بەناوبانگی ئایینیی، مارتن لوتەردا خۆی بینیەوە. ئینجیلە تازە بە ئەڵمانی کراوەکەی ئەو سەردەمی مارتین لۆتەر، بناخەی زمانی یەکگرتووی ئەلمانی داڕشت. بێگومان ئەلمانەکان، دواتر زۆریان لە زارە جیا جیاکانەوە خستە سەر خەرمانەی زمانی ستانداردەوە. درەنگتر یەکیەتی ئەڵمانیاش، بە ڕێیەری هەرێمی پروسیا و سەرکردایەتی بسمارک پێکهات .

دیارە زمانی کوردیش لەم یاسا گشتییانەی مێژوو بەدەر نەبووە و نییە. ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە سەر زمانی پێ نووسینی کوردیدا هاتوون، بۆ ئەو هەلومەرج و بارە تایبەتییانە دەگەڕێنەوە، کە لە سەردەمە جیاجیاکان، بە سەر کوردستاندا هاتوون. وەک دەرمانخست، دیاردەی دەرکەوتنی زمانی ستاندارد، لای زۆر لە گەلانی دی، مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە. زمانی کوردی، کە لە سەدەی نۆ و دەی زایینیەوە پێی نووسراوە، چی لە زمانەکانی دی سەردەمی خۆی کەمتر نەبووە. ئەمە بارودۆخی ناسەقامگیر و نائارامی ڕامیاری بووە، کە هەموو جارێک، بۆتە لەمپەر لە ڕێی سەرگرتن و خۆ چەسپاندی زمانی نووسین.

لە سەردەمە کۆنەکان، ئەوە زمانی پەهلەویی پارتیی و پەهلەویی ساسانیی بوو، کە لە سەر دەستی ساسانیان، خەریک بوو بەرەو زمانی ستانداردی، هەموو دانیشتوانی ناو سنوری ئیمپراتۆریەکە بچێت. ماوەیەکی کەم، دوای ئەوەی کە عارەبەکان، دەوڵەتی ساسانیان لەناو برد، نەک هەر زمانی پەهلەوهی پەکی خرا، بەڵکو خەڵکی کوردستان، بەرامبەر داب و نەریت و ئایین و فەرهەنگی پێشوشیان نامۆ بوون و چیتر خۆیان لێ بە خاوەن نەدەکرد. واتا پرۆسەکە لە بناخەوە هەڵتەکا و چەند سەدەیەک دواتر، پەهلەوی، وەک چەندان زار و زمان، لەملاو لەولا قوت بوونەوە.

دوای ئەوەش، کوردستان بە بەردەوامی مەکۆیەکی نائارام بوو. بە هۆی دروست نەبوونی دەستەڵاتێکی بە هێزی ناوەندی، هۆزە تورکەکان توانیان پێدزە بکەنە ناو کوردستان و زۆر شوێن داگیر بکەن. شەڕی خاچپەرستانیشی بەسەردا هات، کە دوو

سەدەی خایاند و سەردەمانێک تا سەر تخوبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەڵکشا. ئەو شەڕ و پێکدادانانە، بوونە هۆی داچۆڕان و لەبەر ڕۆیشتنێکی گەورەی ئابوری و مرۆیی لە کوردستان. دوای کۆتایی هاتنی شەڕ، گەلی کوردستان و گەلانی دی ناوچەکە، ئەوەندە لاواز ببوون، کە نەیانتوانی پێش بە پەلاماری مەغۆلان بگرن. مەغۆلیش، ئەوەی پێیان نەبردرا، ئەوا تێکیان دا. دوای لاواز بوونی دەستەڵاتی مەغۆلان بوو، کە لێرە و لەوێ، هەندێک دەستەڵاتی خۆجێی کوردی، توانیان ببوژێنەوە.

لە سەردەمە نوێیەکانیشەوە، بەهۆی ئەوەی کە کوردستان، کەوتبووە نێوان دوو ئیمپراتۆری زلهێزی ناوچەکە. مەبەستمان ئیمپراتۆریەتی تورکانی سوننەی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی تورکانی شیعەی ئێرانییە، بە ناوی جۆراوجۆری وەک (سەفەوی، قاجار و ئەفشار).

ڕەوشی گەشەی زمانی کوردی، ڕەنگدانەوەی ئەو بارە ناهەموارەی کوردستانی پێوە دیارە و وەک ئاوێنە ئەو سەردەمانەمان بۆ دەخوێنێتەوە.

ئەگەر سەرنجێکی مێژوویی لە زمانی کوردیی، لەو سەردەمانەڕا بدەین، دەبینین چەند جارێک خەریک بووە، کە زارێکی کوردیی، بۆ ئاستی زمانی ستاندارد گەشە بکات. دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو هەلومەرجانە بووە، کە لەو سەردەمانەدا بۆی ڕەخسا بوو. یەکەمین دەرکەوتەی زمانی کوردیی، بەو ئاراستەیە، بۆ دوای سەدەی سێزدەی زایینی دەگەڕێتەوە.

دروست بوون و هاتنە کایەی میرنشینی ئەردەڵان، لە باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەدەی سێزدەدا، هێمنی و ئارامییەکی باشی خستە ناوچەکە، کە بوو بەهۆی بوژاندنەوەی ئابوری و باشتر بوونی بژێوی خەڵک. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن و بڵاوبوونەوەی پتری حوجرەکانی وانە گوتنەوە و گەشەسەندنی خوێندەواری. هێمنیی و تێریی و ئاسودەیی و بەزم و ڕەزمی میران، پێویستیی بوونی شیعر و ئەدەبی هێنایە کایەوە. ئەوەبوو زاری گۆران لەو سەردەمانەدا، زۆر پێشکەوت. تەنانەت خەڵکانێکی دووری ئەو ناوچانەش، کە زمانی ڕۆژانەیان بە زاری گۆرانیی نەبوو، ملکەچی حەتمیەتی مێژوویی، پەرەسەندنی زاری گۆران بوون و شیعریان بەو زارە نووسیوە. مەلا عومەری ڕەنجوری، کە خەڵکی شاڵەبەگیان بووە، لە ناوچەی خەلەکان، یەکێ بووە لەوانە، کە بەو زارە شیعرەکانی نووسیوە. بەڵام دوای مردنی هەڵۆ بەگ، لە سەرەتای سەدەی هەڤدە دا،

بارەکە گۆڕانی بەسەر داهات. خزمایەتی و تێکەڵاوی و ژن و ژنخوازی میرەکانی دواتری ئەردەڵان، لەگەڵ دەرباری شاکانی ئێراندا و تەنانەت گۆڕینی مەزهەبیشیان، لە سوننەوە بۆ شیعە، نیشانەی ئەوە بوو، کە ئەو میر و والیانەی دوای هەڵۆ بەگ، چی دی، بە هەمان ئاستی جارانیان، بایەخیان بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی نەداوە و بەرە بەرە فارسیی لە سنەی پایتەختی ئەردەڵانیەکان، بووە زمانی دەربار. بەم جۆرە هەلومەرجی گەشەسەندنی ئەم زارەیە، بۆ زمانی ستاندارد، لە نێوچوو. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیش دا، ئیدی نووسین بەو شێوەیە، نزیکەی بە یەکجاری وازی لێ هێنراوە. ئێستا سامان و میراتێکی زۆر و بە پێزمان، بە زاری گۆرانیی بۆ بەجێ ماوە، کە هێشتا چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی دەکەن.

پێش شەڕی چالدێران و تا کۆتایی سەدەی شانزەمیش، پتر لە بیست میرنشینی کوردیی، لە باکوری کوردستاندا هەبوون. کرمانجیی، کە زاری هاوبەشی ئەو میرنشینانە بوو، خەریک بوو وردە وردە دەبوژایەوە. سەیر ئەوەیە، بۆ یەکەمین جار، لە ئەدەبی بە کرمانجیی نووسراودا، وشیاری نەتەوەیی کوردیی دەرکەوت، (مەم و زینی ئەحمەدی خانی). ئەم گەشەکردنە شان بە شانی گۆرانیی، تا کۆتایی سەدەی ڕابردوو بەردەوام بوو. لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا، دەوڵەتی عوسمانی، کە بەشی هەرە زۆری کوردستانی لەبەر دەست دابوو، بە دەست کێشەی ئەرمەنیی و فەڵە هاووڵاتییەکانی دیەوە دەتلایەوە. ئەم کێشەیەش ببووە بیانویەکی بەردەوام بۆ دەست تێوردانی وڵاتە فەڵەکانی ئەوروپیی. بۆیە کە عوسمانییەکان، بڕیاری یەکلایی کردنەوەی کێشەی ئەرمەنیان دا، سیاسەتی دڵدانەوەیان بەرامبەر بە کورد گرتە بەر و لە ساڵی ١٨٩١ دا، سوارەی حەمیدیان، لە لاوانی خێڵە کوردەکان دروست کرد. ئەو هەلومەرجە پاڵنەرێکی بەهێز بووبۆ بڵاوبوونەوەی ئەو زارە. تەنانەت یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییش، لە ساڵی ١٨٩٨ ز، هەر بەم زارە دەرچوو. دەبینین لەو سەردەمەدا، شاعیرانی دەرەوەی سنوری ئەم زارەش هەبوون، کە شیعرەکانیان بە کرمانجی نووسیوە. وەکو عەلی حەریری، کە حاجی قادری کۆیی، ناوی هێناوە.

بەڵام ئەو بارودۆخە هەر وا نەمایەوە. بەتایبەت دوای هاتنە سەر حوکمی پان تورکیستەکان، بە ڕێبەری مستەفا کەماڵ، بارو دۆخی کورد لە باکور، بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕا. تورکەکان، دڕندانەترین سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد گرتە پێش. نەک هەر هەموو بوارێکی خوێندن و نووسینیان بە کوردیی ڕاگرت، بەڵکو حاشاشیان لە

بوونی کورد، وەکو نەتەوەیەک کرد. ئەمەش گەشە کردنی زاری کرمانجیی، نەک هەر ڕاگرت، بەڵکو بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ، لە پەلوپۆشی خست. بە گۆڕینی پیتەکانی زمانی تورکی بۆ لاتینی و داسەپاندنی زمان و پیتەکانیش بەسەر کوردان، نەوەی نوێی کورد لەو پارچەیە، لە ڕابردووی داهێنانی ئەدەبی کوردیی و ئاستی گەشەی زمانی کوردیی لە پارچەکانی دی کوردستان، دابڕان و بێ ئاگا بوون. تەنیا لە دوای ساڵانی شەستەوە و لە دوور وڵات، لە لایەن چەند ڕۆشنبیرێکی کەمی ئاوارە، دیسان هەوڵی نووسین بەم زارەیە دراوە و دەدرێت. لەم ساڵانەی دوایی، بارێکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردیی، زاری کرمانجی هاتۆتە پێش. ئێستا دەزگاکانی ڕاگەیاندن (تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە و ...) بەو زارە چالاکییان هەیە.

ئێستا با سەرنجێک بدەینە زاری کوردیی ناوەند، کە بە هەڵە پێی دەگوترێت سۆرانی.

ئەم زارە لە هەڕەتی بوژانەوەی میرنشینی باباندا و لە سەر دەستی نالی، سالم، کوردی و مەستورە، بە شێوەیەکی توند و چەسپاو هاتە ناو دنیای نووسینەوە و بە خێراییش برەوی پێدرا. یەکەمین فەرهەنگێکی کوردییش، کە بە هۆشیارییەوە بۆ خزمەتی زمانی کوردیی داندرابێت، هەر بەم شێوەیە بووە، کە علی اکبر وقایع نگار، لە ساڵی ١٨٦٩ زایینی دا، بەناوی (بدایع اللغه) نووسیویەتی. میرنشینی بابانیش، دوا میرنشینی کوردیی بووە، کە تا ساڵی ١٨٥٣زایینیش هەر بەسەر پێوە مابوو. کە لە ساڵی١٩٢٢، مەملەکەتی کوردستان، بە ڕێبەرایەتی شێخی نەمر، (مەلیک مەحمودی یەکەم) دامەزرا، نەک هەر ڕۆڵ و کاریگەری بابانەکان هێشتا کاریگەر و زیندوو بوو، بگرە زۆر پیرە پیاو هەبوون، کە هێشتا سەردەم و ڕۆژگاری بابانیانیان لە بیریش مابوو، بۆیە بەپێچەوانەی دوو زارەکەی دی، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، تەکانێکی توند بەم زارە درا.

هەر لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردووەوە، خوێندنگای پێ کراوەتەوە. دوای دەرچوونی یاسای زمانە ناوچەیییەکان، لە ساڵی ١٩٣١ز دا، لە پەرلەمانی ئێراق، بواری پێ خوێندنی زمانەکە، زۆر فراوانتر بوو. لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانی و ڕۆژگاری کۆماری خۆموختاری کوردستاندا، ئەم زارە برەوی چاکتری پێ درا. بالیۆزخانەی ئەمەریکی لە بەغدا، لە سەردەمی شەڕدا، گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)

ی، بەو زمانە کوردییە دەردەکرد. دەوڵەتی بەریتانیاش، هەمان کات، لە ڕادیۆی نێونەتەوەیی (حەیفا)، بەرنامەی بەو زمانە بڵاو دەکردەوە.

ئەوا بۆ زیاتر لە نیو سەدە دەچێت، لە چەند زانکۆیەکدا، بەشی کوردیی بەو زمانە هەیە و دەخوێندرێت. بەمجۆرە ئەو بارودۆخ و هەلومەرجە سیاسی-کۆمەڵایەتی-ئابووری-ڕۆشنبیرییەی، هەر لە سەردەمی بابانەکانەوە، بۆ سەقامگیربوونی ئەم شێوەیەی زمانی کوردیی ڕەخساوە، بێ پسانەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر بووە.

ئێستا لە هەرێمی کوردستانی ئازاددا، دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری پێ دەردەچێت و دەیان کەناڵی تەلەفزیۆن و وێستگەی ڕادیۆش، بەرنامە بەم شێوەیە بڵاودەکەنەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناو کوردانی تاراوگەی هەموو گۆشەیەکی ئەم سەر زەوییەش، چالاکی ڕۆشنبیریی و هونەریی زۆری، نووسراو و بینراو و بیسراو، بەو زمانە بڵاو دەبنەوە. هەروەک ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنیی، ماڵپەڕی ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسیی یەکجار زۆر، لەسەر تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت، هەر بەم زمانە بابەتەکانیان دەگەیەننە خەڵک.

تا بەمڕۆ دەگات، زاری کوردیی ناوەند، ڕێگایەکی زۆری بڕیوە، بۆ بوون بە زمانی ستاندارد. ئەمڕۆ زمانی کوردیی، زمانی یەکەمی ملیۆنان کەسە، بۆ خوێندنەوە و نووسین و خۆ ڕۆشنبیر کردن، ئەمە لە کاتێکدایە کە زارەکانی دی کوردیی، هێشتا تەنیا وەکو ئەرکێکی نیشتمانی و لەلایەن چەند کەسانێکی کەمەوە پێیان دەنووسرێت. واتا زارەکانی دی زمانی کوردیی، بە بەراورد بە زمانی ستانداردی ئەمڕۆی کوردیی، هێشتا نەبوون بە زمانی یەکەمی خوێندنەوە و نووسین وخۆ پەروەردە کردنی هیچ کەسێ. نووسراوەکانیشیان، لەسەر ئاستێکی بەرتەسکدا بڵاودەبنەوە. تیراژی ساڵێکی هەموو ئەو ڕۆژنامانەی، کە بە زارە کوردییەکانی دی دەردەچن، لە تیراژی حەوتویەکی ئەم سێ ڕۆژنامە ڕۆژانەیە کەمترە، کە لە باشوری کوردستان دەردەچن. ئەمە باشترین بەرپەچدانەوەیە بۆ ئەو کەسانەی، کە دەیانەوێ زارێکی دی کوردیی، لەگەڵ زمانی بەرەو ستاندارد چووی کوردیی، لە ڕیزی یەکدی دابنێن.

هەندێ کەس، بڕوبیانووی ئەوە دێننەوە، کە با جارێ بوەستین، تا بەڵکو کوردستان هەمووی ڕزگار دەبێت، جا ئەوکاتە زمانی ستاندارد، لە چوارچێوەی دەوڵەتی سەربەخۆدا دروست دەبێت، یان هەڵدەبژێردرێت. بۆ وەڵامی بۆچوونێکی سادەی وا دەڵێم، کە زمان هەڵنابژێردرێت، بەڵکو حەتمیەتێکی مێژوویی زاڵ دێتە پێشێ و زمان

(زارێکی باش گەشەکردووی زمان) دەسەپێنێت. مێژووش وەک لافاوی پەنگ خواردو وایە و چاوەڕوانی نازانێت، بۆیە کە هات، ئەوا ئێمە ناتوانین بەری پێ بگرین. هەر ئەوەندەیە ئەگەر هۆشیارانە بە پیریەوە بچین، هەر وەک چۆن ڕەنجوری و عەلی حەریری، لە سەردمی خۆیاندا، هۆشیارانە بە ئەرکی مێژوویی خۆیان هەڵسان، ئەوا دەبینە گەشەپێدەری زمانەکەمان. ئەگەر نا هۆشیارانەش سات و سەودای لە گەڵدا بکەین، ئەوا تەنیا ڕێگرێکی کاتی ئەو دیاردە مێژوو کردە دەبین وزیان لە پێشکەوتنی زمانەکەمان دەدەین.

نازانم کوردستانی ئازاد و یەکگرتوو بەدی دێت یان نا. هەروەک کەسیش نازانێت، ئەو کوردستانە چاوەڕوانکراوەمان، کەی و بە چ شێوەیەک دەبێت. ئەوەی دیارە و لێمان ڕوونە ئەوەیە، کە ئەگەر پەرەسەندنی بارو دۆخی باکوری کوردستان ئاوا بچێتە پێشێ، ئەوا لە دوا ڕۆژدا، دوو ئەگەرمان لە بەردەمدا دەبێت. یەکەمیان، یان یەک کوردستانی ئازادمان دەبێت، بە دوو زاری دیوانیی، (تۆ بڵێ بە دوو زمانی دیوانیی کرمانجیی و کوردیی). ئەگەری دووەمیش ئەوەیە کە دوو دەوڵەتی کوردستان، بە دوو زمانی هاوڕەگ و هاوڕیشەی کوردیی و کرمانجیی بێنە کایەوە. ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە ئێمە، نابێت دەستەوستان دابنیشین و چاوەڕوانی ئەو ئەگەرانە بکەین. ئەوە چالاکانە کار کردنی ئەمڕۆمانە، کە ڕاستەوخۆ بەرەنجامەکانی ئەو ئەگەرانەی دوا ڕۆژ دەگۆڕێت. ئەوە ئێمەین کە دەتوانین ئەگەرەکان، بە ئاقار و ئاراستەیەکی دی دا بەرین.

لە بارودۆخی ئەمڕۆی پارچەکانی کوردستاندا، بۆ کەسێکی زار کرمانجیی، یان زازایی، یان هەورامی و... فێربوونی زمانی کوردیی ستاندارد، هەرگیز و هەرگیز، لە فێربوونی زمانە بە زۆر بەسەر داسەپێندراوەکانی، تورکی و عارەبی و فارسی و... زەحمەتتر نییە. ئەمە هەست نەکردن بە لێپرسراوییە بەرامبەر بە زمانەکەمان، ئەگەر دژی ڕەوتی مێژووکردی گەشەکردنی زمانی ستانداردمان بوەستین و زمان و زار و زاراوانی لە مێ و لەوێ بۆ قوت بکەینەوە. با سەیرێکی ئیسرائیلیەکان بکەین و پەندیان لێ وەربگرین. زۆربەی ئەو جولەکانەی دەگەڕانەوە ئیسرائیل یان بە زمانی (یدیش) دەدوان، یاخود بە زمانێکی دی بێگانە. زمانی عیبری، تەنیا لە سینەگۆگ و کڵێساکاندا مابووکە دوا سەنگەری بوو. کەچی ئەمڕۆ، عیبری بووە بە زمانی هەموو جووەکانی ئیسرائیل. شارەزا و زمانناسانی ئیسرائیل، دیسان سەرلەنوێ، زمانەکەیان

زیندوو کردۆتەوە، بەڵام هەندێک لە ڕۆشەنبیرانی ناوچەگەری ئێمە، بە بڕوبیانوی نەزانانە، لە زمانێکی زیندوو ڕادەکەن.

خەڵکانێک هەن، هێشتا زمان و زار و ئەلفەبێت لێک جودا ناکەنەوە و وا دەزانن کێشەی گەورەی زمانی کوردیی، جۆری پیت و ئەلفەبێتە. گەر ئێمە برەومان بە زمانی ستاندارد بدابایە، دیارە کە گۆڕینی ئەلفەبێت شتێکی ئەستەم نیە، ئەگەر لە بەرژەوەندی زمانەکەماندا بێت. واتا ئەم پرسە بیانو نییە، تا خۆمان لە ئەرکی برەو پێدان و پاراستنی زمانی زیندو و بە توانای ستانداردی کوردیی بدزینەوە.

داوام لە ڕۆشنبیرانی زارەکانی دی کوردیی ئەوەیە، کە ئەو ئیمکانیاتە چاکەی لە ناو هەرێم و دانپێدانانی زمانی کوردی بە فێرمی لەسەر ئاستی عێراق، هەروەک بواری باش لە دەرەوەی وڵاتیش، کە خراوەتە بەر دەستیان بۆ خوێندنی زمانی دایک، بۆ فێربوونی زمانی ستانداردی کوردیی بەکاری بێنن و لە کاری بێ هودەی بە فیڕۆ نەدەن.

لەم بارەشدا، دیارە هەر کەس ئازادە، لە دوان و ئاخاوتن بەو زارەی کە دەیەوێت. چونیەتی بایەخ دانیش بە فۆلکلۆری ناوچەیی خۆی، کە فولکۆری سەرجەم خەڵکی کوردستانە. واتا پشتگیری کردن و فێربوونی زمانی ستاندارد، بەو واتایە نییە کە ئێمە پۆلیسی زمان دادەنێین و ناهێڵین کەس بە زاری خۆی بدوێت. پاراستنی هەر زارێکی کوردیی، ئەرکی سەرشانی دەزگا ئەکادیمیەکانی زمانە، چونکە هەر زارێک بۆخۆی خاوەنی سامانێکی گەورەی فۆلکلۆری و کەرەستەی زمانە. هەروەک چالاکیە هونەرییەکان، لە هەر شوێنێک، هەمیشە بە زاری ئەو شوێنە ئەنجام دەدرێن. واتا پشتگیری کردن لە زمانی ستاندارد، نابێت بخرێتە چوارچێوەی دژایەتی کردنی هیچ زارێکی دی کوردییەوە.

من لێرەدا دەمەوێت، کە پێ لەسەر ئەمە دابگرم، لەم بارو دۆخەی، کە پارچەکانی کوردستان، ئەمڕۆ تێیکەوتوون، زیندووکردنەوەی هیچ زارێکی کوردیی، نابنە هەڕەشە بۆ سەر زمانی ستانداردی کوردیی. گەلی ئێمە هێشتا لە بارێکدایە، کە هەڕەشەی لەناوچوون، لە زمان و فەرهەنگی، ئەگەرێکی زۆر بەهێزە. کەواتە ئەگەر بۆ نمونە، خەڵکی کرماشان، ڕوویان لە زیندوو کردنەوە و پێنووسینی زاری کەڵهوڕی کرد، واتا بە سەدان هەنگاو هاتوونەتە پێشێ و لە مەترسی لەناوچوونی زمان دوور کەوتوونەتەوە. واتا مەترسی زمانی فارسییان، لەسەر نەوەکانی داهاتوومان لەو

ناوچەیە، کەمتر کردۆتەوە. هەروەک گەر کەسێک بتوانێت بە کەڵهوڕی بنووسێت و بخوێنێتەوە، زۆر بە ئاسانتر دەشتوانێت زمانی ستاندارد فێر ببێت. دیسان زیندوو کردنەوەی زارەکان، واتا هاتنە بەردەستی سەرچاوەیەکی گەورەی ئەمباری وشە، بۆ دەوڵەمەندتر کردنی زمانی ستاندارد.

پوختەی مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە، کە هێشتا کێشەی ئێمە، نەکەوتۆتە نێوان زمانی ستاندارد و زار و بنزارەکانی دی کوردییەوە. ئێمە هێشتا دەستمان بەسەر زۆربەی کوردستاندا ڕاناگات و ناتوانین فریایان بکەوین. کەواتە تا ئێستاش، کێشەی گەورەی ئێمە، لە نێوان زمانی کوردیی (بە گشتی) و زمانی دەستەڵاتی داگیرکەری زاڵە لە کوردستان، کە ئەو دەستەڵاتە، بە هەموو توانایەکی یاسایی و دارایی خۆیەوە، ڕەواج بە زمانی خۆی دەدات، کە زمانی نەتەوەی سەردەستە، لەناو میللەتی ئێمەدا.

لە کۆتایی دا، ڕووی دەمم لە ڕۆشنبیرانی هەموو زارەکان دەکەم و دەڵێم: دەبا هەموومان نەختێک لە ناوچەکەی خۆمان فراوانتر بیر بکەینەوە و بەرژەوەندی گشتی و دواڕۆژی گەلەکەمان لە بەرچاو بێت. با دژی حەتمیەتی مێژوویی گەشەسەندنی زمانەکەمان نەوەستین، کە لە سەرووی دەستەڵاتی ئێمە بووە و مل کەچ بووە بۆ هەلومەرجەکانی خۆی.

نەڤەرەی ڕۆکیرۆ- بێخزانی
(Rokiro Theory_ Bekhzani)

■ تاریق هەمەوەندی



پەرتی شەشەم

شیگەریی وشەی « ذا- ذاخ»

بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ، لە دەنگی (ذ)ەوە هەردوو پیتی (د) و (ز) کەوتوونەتەوە، بنۆڕە (ذەریا⟵ دەریا- زەریا) . هەر بە گوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ. وشەی (ذاخ) بریتییە لە بێخی وشەی « دایک». دوای ئەوەی کە پیتی (خ) پەرش بووە، هەردوو وشەی (ذاخ) و (ذاث) کەوتوونەتەوە. کە دەنگی (خ) گۆڕاوە بۆ (ه) ، وشەی(ذاخ) گۆڕاوە بۆ (ذاهـ) و وشەی (داه- دا) و (زاه- زا) کەوتونەتەوە. لە وشەی (ذاث) یشەوە، وشیی (ذات) کەوتۆتەوە. لە پەرتەکانی پێشوودا ئاماژەم بە هاوڕیشەیی دەنگی(ه) و (ث) داوە. کە لە (خ) و (ث) کەوتوونەتەوە، بنۆڕە (چاه- چاث- چاڵ)، (کاه- کاث- کاڵ)، (فەرهەنگ- فەرثەنگ).

دواتر لەوشەی (دا) وە، لە زارە کوردییەکاندا، (دا- دی- دەی- دای- دایە- دایک... هتد) کەوتوونەتەوە، هەروەها لە وشەی (زا) وە، لە باری کرداردواوشەی (زایین) سازێنراوە، کە واتای لە دایکبوونی لەخۆگرتووە. دوای ئەوەی کە وشەی (زاە) گۆڕاوە بۆ (زە، وشەی (زێ)ی لێکەوتۆتەوە، « بۆ چۆنییەتی ئەم گۆڕانە، بنۆڕە» قەڵادزە- قەڵادزێ، زێوە- زێوێ ... هتد».

هەروەها هەردوو وشەی (زا) لەگەڵ (زێ) ئاوێتەکراوە و وشەی (زاوزێ) ی لێسازێنراوە، کە بەمانای (تکاثر) دێت. لە ڕوویەکی دیکەوە لە زمانی کوردییدا، وشەی(زێ) واتای (شوێنی زایین- دەرچەی زایین- فرج) ی لەخۆگرتووە. بە دیوێکی لە وشەی (زێ)وە، لە زمانی کوردییدا وشەی (زێدان-زێیان) سازێنراوە، کە بە مانای (مناڵدان- رحم) دێت، وە لە زمانی فارسییشدا ، لە وشەی(زە) ەوە، وشەی (زهدان) سازێنراوە، کە هەمان واتای (رحم) ی هەیە.

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم بە هاوڕیشەیی پیتی (ه) و (ث) داوە. کە لە (ذاخ) ەوەهەردوو وشەی(زاه) و (زاث)کەوتۆتەوە، کە دواتر گۆڕاوە بۆ (زات) و (زاد). بنۆڕە وشەی (نەوزات- نەوزاد)، کە بەواتای (ساوا) یان (منداڵی تازە زاییو- منداڵی تازە لە دایکبوو) دێت. یان وشەی (زادگاه) کە بەمانای شوێنی لە داییکبوون دێت. پێشتر بینیمان کە وشەی (زا) گۆڕا بۆ (زێ)، بە هەمانشێوە وشەی (زاد)یش ، گۆڕاوە بۆ (زێد). کە لە زمانی کوردییدا (زێدگە) بە واتای شوێنی لە داییکبوون هاتووە، دواتر خودی وشەی (زێد) ئەم واتایەی لە خۆگرتووە.

وشەی(زێ) واتای لەداییکبوونی (ناڕۆحی) یشی لەخۆگرتووە. بۆ نموونە، گەر کە باسی خواردنێکی خۆش دەکرێت، ئاو (دەزێتە) ناو دەمەوە، وەک دەگوترێت: دەمم ئاوی تێ زا. یان ئەوشوێنەی کە لەزەوییدا ئاوی لێدەردەچێت" کانیی ئاو"، پێیدەگوترێت : کانییەکە ئاوی تی زاوە. کە دواتر خودی وشەی (زێ) هەمان واتای کانیی لە خۆگرتووە. هەروەک لەسەرەوە بینیمان کە وشەی (زە) دیوێکی دیکەی وشەی(زێ) یە، بەهەمانشێوەی سەرەوە وشەی (زە ئاو- زەهاو) سازێنراوە، لە زمانی فارسییشدا وشەی (زەهاب- زهاب) سازێنراوە. بنۆڕە ناوی شاری (سەرپێڵی زەهاو- سرپول زهاب) (پێڵ- پول) بە مانای " پرد"، کە وەک دەبینیین (سەرپێڵی زەهاو لە چوار وشە سازێنراوە، کە برێتییە لە (سەر پردی زێ ئاو)، شایانی ئاماژەیە کە وشەی (زێبار) یش لە (زێ+ بار) سازێنراوە، لە سەرشێوەی (رود+ بار) (ڕود+ ڤار)کە دواتر وشەکانی (ڕودبار- ڕووبار- ڕوبار- ڕیبار-ڕیوار- ڕیڤار)ی لێکەوتۆتەوە. بە هەمانشێوەلە وشەی (جۆ) وە (جۆبار- جوێبار- جوێبار) و (جۆگە)، (جۆگەلە) سازێنراوە. هەروەها دواتر وشەی (زەهاب)ەوە، وشەی (زاب) کەوتۆتەوە.

شیگەریی وشەی " روخ - ڕۆح "

گەر بنۆڕینە هەردوو وشەی (مربي) و (مربى)، کە یەکەمیان بە مانای " پەروەردەکەر- پەروەردگار" دێت و دوومیان بە مانای " خۆشاو" دێت. ڕەنگە وابزانین کە ڕیشەی ئەم دوو وشەیە جودایەو هیچ پێووەندییەک لە نیووان ئەم دوو وشەیەدا نییە و تەنها هاوشێوەن " بە جێوازییەکی کەمەوە"، یان ڕەنگە وابزانیین کە هەردوو وشەکە عەرەبیین! بەڵام لەڕاستییدا هەردوو وشەکە هاوڕیشەن و عەرەبییش نیین، بێخەکەیان برێتییە لە (روخ)، ئەم وشەیە ڕیشەیەکی زۆر کۆنی هەیە، کە هەریەک لە زمانەکانی ناوچەکە، بە شێوەی جودا، ئەم وشەیان گەرداندووە.

وشەی (روخ)، چەندین واتای جێواز لە خۆدەگرێت، وەک" ڕوح، ڕەگ- ڕیشە، خێو، خودا، ناووک، مێشک، دڵ، گیان، بنەچە- ئەساس، هەوێن، تۆو، ڕووخسار، پەتی- ڕووت ... هتد" . هەریەک لەواتاکانی ئەم وشانە، بە هۆی گۆڕانی واتاوە (Semantic change) بەپێی کات دروستبوونە.

دوای ئەوەی کە دەنگی(ځ) پەرش بووە بۆ (خ) و (ث) و (خث)، وشەکانی (روخ) و(روث) و (روخث) کەوتوونەتەوە. وشەی (روخ) بە هەمان فۆڕمەوە کەوتۆتە ناو زمانی عیبرییەوە و بەمانای (ڕۆح) دێت. هەروەها بە شێوەی " روح" کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبیی و فارسییەوە.

وشەی (روخ) بەم شێوانە "ڕۆح- ڕۆهـ - ڕۆگ- ڕۆك" لە زمانی کوردییدا کەوتوونەتەوە. لە وشەی (ڕۆهـ) ەوە وشەی، " ڕۆهڵە- ڕۆڵە" سازێنراوە، کە بەواتای " ڕوحێکی بچووک" دێت. کە برێتییە لە دیوێکی دیکەی وشەی (ڕۆحلە).

لەوشەی (ڕۆه) ەوە، دوای سووانی دەنگی (ه)، وشەی (ڕۆ) کەوتۆتەوە. هەروەک لە وشەی (ڕۆهلە- ڕۆڵە) دا بینیمان.

هەروەها پێشتر گوتمان کە وشەی (ذا) بەواتای (دایک) دێت. وشەی (ذا) لە گەڵ هەردوو وشەی (ڕۆ) و (ڕۆڵە)، لە زاری هەورامییدا، وشەی (ذاڕۆ) و (ذاڕۆڵە) ی لێسازێنراوە، کە بە واتای ئەو ڕۆحە بچووکە دێت کە لە داییکەوە دەکەوێتەوە ، کە بە واتای " منداڵ" دێت. هەروەها لە گەڵ وشەی (ڕوک)یان (ڕوگ) دا وشەی (ذاڕوک- ذاڕوگ) ی لێسازێنراوە، کە لە زاری کرمانجییدا، وشەی (زاڕوک- زاڕوگ) ی لێکەوتۆتەوە.

یەکێک لەواتاکانی (روح) برێتییە لە " بنەچە- ئەساس- Essence "، بۆیە بە(ئەساس) یان (خلاصە) ی میوە دەگوترێت " ڕوح"، بۆ نموونە: ڕۆحی پرتەقاڵ. کە لە زاری هەورامییدا وشەی (ڕۆگ) بەکاردێت، بۆیە لەزاری هەورامییدا بە (ڕۆحی هەنار- ڕوبەهەنار- ڕوبەنار) دەگوترێت : " ڕۆگەنار".

هەروەها بە گوێرەی (نەخشەی ڕۆکیرۆ) دەنگی (ث) دەگۆڕێت بۆ (ڤ). بنۆڕە وشەی (چەث- چەڤ) کە وشەی (چەش) ی فارسیی و (چاڤ- چاو) ی کوردیی لێکەوتۆتەوە، یان وشەی (ثەرەیتون) کە گۆڕاوە بۆ (ڤەرەیدون) و دواتر وشەی (فەرەیدون) ی لێکەوتۆتەوە.

بەو شێوەیەی سەرەوە وشەی (روث) گۆڕاوە بۆ (روڤ). بە دیوێکدا وشەی (روب) ی لێکەوتۆتەوە، بە دیوێکی دیکەشدا وشەی (لوب) ی لێکەوتۆتەوە، کە بە شێوەی(لب) کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبیی و فارسییەوە. وشەی (لوب) یش واتای ڕۆحی وشکەمەنییەکانی وەک (گوێز، بادام، پستە... هتد)ی لە خۆگرتووە. بە دیوێکی دیکەشدا واتای (مێشک) ی لەخۆگرتووە، بنۆڕە (مەغزە گوێز، یان مەغزە بادام) کە بە واتای مێشکی گوێز یان مێشکی بادام دێت، لە هەمانکاتدا بە واتای(ناووک) یش دێت. هەروەها هەر لەوشەی (لوب- لب) ەوە وشەی (لەبە) و (لەپە) یش کەوتۆتەوە، کە(لەپە) زیاتر بە واتای ناووکە دووفاقییەکان دێت، کە لە پاقلەمەنییەکاندا هەیە.

بە دیوێکی دیکەشدا وشەی (ڕۆح)، بە (تۆو) ی دایکوباوک وێناکراوە، چونکە ئەو ڕۆحە نوێیە، لەوانەوە کەوتۆتەوە. هەر بۆیە ناووکی میوە کە برێتییە لە (لوب). واتای (تۆو) یشی لە خۆگرتووە.

واتایەکی دیکەی وشەی ڕۆح، برێتییە لە گیان، کە بە واتای ناووکی جەستە دێت. هەر بۆیە (لوب) واتای (ناووک) ی لە خۆ گرتووە. لە هەمان کاتدا واتای (دڵ) یشی لە خۆگرتووە، بنۆڕە هەردوو وشەی (قلب) و (لب) کە لە زمانی عەرەبییدا هاوواتان. هەروەها لە وشەی (ڕو) ەوە وشەی (ڕەوان) کەوتۆتەوە، کە لە زمانی کورییدا واتای دەروونی لە خۆگرتووە، لە زمانیی فارسییشدا واتای دەروونی مێشکی لە خۆگرتووە. هەندێجار هەردوو وشەکە پێکەوە دێن، بە شێوەی (ڕۆح و ڕەوان)، کە دواتر ئەم دەستەواژەیە بە هەڵە گواستراوەتەوە و بووە بە (ڕۆحی ڕەوان).

هەروەها وشەی (روب)یش کە هەمان واتای (ڕۆگ) ی لە خۆگرتووە. بەشێوەی (رب) کە وتۆتە ناو زمانی عەرەبی و فارسییەوە. هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم بە وشەی (ڕۆگەنار) دا، کە لە زاری هەورامییدا لە وشەی (روگ)ەوە سازێنراوە، وە لە زاری سۆرانییدا لە وشەی (روب) وە (ڕوب هەنار- ڕوبەنار) سازێنراوە، کە بە واتای ڕۆحی هەنار، یان خلاصەی هەنار دێت. لە زمانی عەرەبی و فارسییشدا بە هەمانشێوە، بنۆڕە :"رب الرمان"، " رب البندورة "، " رب گوجه فرنگی". هەروەها لە ڕوویەکی دیکەوە، وشەی (روب) بە شێوەی (ڕۆبە- روبة) کەوتۆتە ناو زاری عەرەبییەوە ، کە بە مانای (رۆحی ماست) یان (ئەساسی ماست)، واتا " هەوێن" دێت، وە لە هەندێ ناوچەی عەرەبنین ، بە واتای خودی ماست دێت. هەروەها لە وشەی (روب- رب) ەوە، وشەی (مربی) سازێنراوە، کە برێتییە لە (خلاصة) ی میوە، یان (خەستاوی میوە).

ڕوخساری هەر گیانلەبەرێک یان ڕوحلەبەرێک، برێتییە لە ناسنامەی (ڕۆح) ی. من ڕۆحێکم هەیە، ئەو ناوەی کە لێم نراوە، برێتییە لە پێناسەی ڕوخسارم ، ڕوخساریشم برێتیە لە ناسنامەی ڕۆحم، بە هەمانشێوە بۆ تۆیش و هەموو کەسێکی دیکە. گەر ڕوخساری هەموو مان چوونیەک بوونایە، ئەوا هەرگیز جێوازی لە نێوان ڕوحەکاندا نەدەبوو، وە کەسمان نەدەناسراینەوە. هەر بۆیە لێرەوە وشەی (ڕوخ) واتای (چارە) بەمانای (وجە) یان (Face)ی لە خۆگرتووە. وە لە گەڵ مۆرفیمی (سار) دا وشەی (ڕوخسار) ی لێسازێنراوە " دواترلە سەر واتای وشەی (سار) دەدوێم". هەروەها بە گۆڕانی دەنگی (خ) بۆ (ه)، وشەی (ڕوخ) گۆراوە بۆ (ڕوه) دواتر گۆڕاوە بۆ (ڕوو) کە هەمان واتای (ڕوخسار) ی هەیە، هەروەها لە وشەی (ڕوو) یشەوە، وشەی (ڕوومەت) سازێنراوە.

چاکەو خراپەی مرۆڤەکان، پەیوەست نییە بە جوانی و ناشیرینی ڕووخسارییانەوە، بەڵکو پەیوەستە بە چاکەو خراپەی ڕۆحەوە، هەروەک گوتمان کە ڕوخسار تەنها پێناسەی ڕۆحە. هەر بۆیە کەسێک کە ڕوحێکی خراپی هەبێت، ئەوا (ڕوخسار- چارە) ی گران دەبێت، وە کەسێکیش کە ڕوحێکی باشی هەبێت، ئەوا چارەی خۆشەویست دەبێت. هەندێکەس ڕوحێکی خراپیان هەیە، بەڵام خۆیان وەک و مرۆڤێکی باش پیشان دەدەن. بۆیە ئەو جۆرەکەسانە (دووڕوخ- دووڕوو) ی جێوازیان هەیە، دەستەواژەی (مرۆڤی دووڕوو) لێرەوە هاتووە. پێشتر بینیمان کە لە وشەی (ڕوخ) ەوە، وشەکانی (ڕوگ، ڕوخ، ڕوو... هتد) کەوتبوونەوە. بۆ یە بە مرۆڤی (دووڕووخ) گوتراوە: (دووڕووگ، دووڕووخ، دووڕوو)، کە ئەمڕۆلە زمانی فارسییدا وشەی(دووڕوخ) بووە بە (دوروغ- دروغ)، هەروەوک پێشتر لە وشەی (ڕۆڵە) دا ک بینیمان کە وشەی (ڕوخ) گۆڕاوە بۆ (ڕۆ)، بۆیە لە زمانی کوردییشدا وشەی (دووڕوخ) بووە بە (دوڕۆ- درۆ). بەڵامئەمڕۆ وشەکانی (دووڕوو) و (درۆ) واتاکانیان گۆڕاون و واتایەکی نوێیان لێکەوتۆتەوە. ئەگینا لە ڕاستییدا (درۆ) برێتییە لە (دووڕوویی) یان (دووڕوحی). واتا شاردنەوەی دیوە ناشیرینەکەی (ڕوح) یان (ڕوو)، وە پیشاندانی ڕوحێکی جوانی درۆیین، یان ڕوویەکی جوانی درۆیینەیە.

وەک پێشتر بینیمان کە لە وشەی (ڕوخ) ەوە، وشەکانی (ڕوخ) و (ڕوث) و (روخث) کەوتبوونەوە٠

هەروەها وشەی (ڕوح) ، کە بە مانای (لوب) هاتووە، واتا (ناوک)، کە بە (بەرگ) یان (توێک) پۆشراوە، گەر توێکەکەی لادەین ڕووت دەبێت. لێرەوە لە وشەی (ڕوث) ەوە، وشەی ڕووت کەوتۆتەوە، کە واتای (پەتی)ی لە خۆگرتووە کە بە واتای بێ بەرگی، یان بێتوێکڵ، یان بێ ڕووپۆش دێت. وەک دەبینین کە خودی وشەی (ڕووپۆش) لێرەوە کەوتۆتەوە، کە وشەی(ڕوو) هەمان واتای

(لوب- ناووک) ی هەیە و (پۆش) یش ، بەواتای (بەرگ) دێت، کەواتە (ڕوو+ پۆش) دیوێکی دیکەی (لوب+ بەرگ)ە. هەروەها لە زمانی فارسییشدا لە وشەی (روخث) ەوە، وشەی (لوخت) کەوتۆتەوە، کە هەمان واتای (ڕووت) ی کوردیی هەیە.

شایانی ئاماژەیە (و) ی نێوان (ڕ) و (خ)، لە وشەی (ڕوخ) دا کورتە بزوێنە، هەربۆیە وشەکانی (ڕوخ- ڕوح- ڕوب- لوب- لوخت ... هتد)، لە زمانی فارسی و عەرەبییدا بەم شێوانە دەردەکەون: (رخ- رح- رب- لب- لخت ... هتد).

وەک پێشتر ئاماژەم پێداوە، کە یەکێک لەواتاکانی (روخ) برێتییە لە(بنەچە-ڕیشە-ڕەگ-ئەساس)، هەربۆیە وشەی ڕووت((Rootلە زمانی ئینگلییزیدا هەمان مانای هەیە.

بەدیوێکی دیکەشدا هەر لەوشەی (روخت) و (لوخت)ەوە ، هەروەک چۆن وشەی (ڕووت) کەوتبۆوە، بە هەمانشێوە وشەی (لووت) یش کەوتۆتەوە. کە لە زارێکی کوردییدا واتاکەی گۆڕاوە و ، بە واتای (کەپو، دەماخ، قەپۆز... هتد) ی زارەکانی دیکە دێت. ئەگینا (لووت) لە بنەڕەتدا بەواتای ڕووخسار هاتووە. بۆ نموونە ؛ گەر یەکێک ڕووی لەبەرزی بێت پێی دەگوترێت: (لووتبەرز)، یان کەسێک ڕووی بەلادا بکات، پێی دەگوترێت: (لالووت). شایانی ئاماژەشە، بەگوێرەی نەخشەی ڕۆکیرۆ، هەردوو وشەی (کەپو) و (قەپۆز)یش، لە بنەڕەتدا هەریەک وشە بوونە و بێخەکەیان برێتییە لە (کەپوخ)، کە دوای پەرشبوونی دەنگی (خ) بۆ هەردوو پیتی (خ) و (ث)، هەردوو وشەی (کەپوخ) و (کەپوث) ی لێکەوتۆتەوە، کە دووای گۆڕانی دەنگی (خ) بۆ (ه)، وشەی (کەپوخ) گۆڕاوە بۆ (کەپوە) و شەکانی (کەپوو) و (کەپۆ) ی لێکەوتۆتەوە، لە (کەپوث) یشەوە ، وشەکانی (کەپوس- کەپۆس- قەپۆس- قەپۆز) کەوتوونەتەوە.

لە ڕوویەکی دیکەوە، وشەی (ڕۆح) واتای (خێو) ی لە خۆگرتووە. گوایە ئەو کەسانەی کە دەمرن، ڕۆحیانەتەکەیان زیندوو دەبێتەوە وهەندێجار بە شێوەی (خێو) دەردەکەون و دواتر لە چاو گوم دەبن.

هەروەک پێشتر لە وشەی (زاڕۆ، زاڕۆڵە، زاروک) دا بینیمان، کە ڕۆح لە داییک دەکەوێتەوە، کەواتە داییک برێتییە لە خاوەن(خوداوەند) ی ڕۆحەکە. وە ئەرکی داییک برێتییە لە سەرپەرەشتیکردن و پەروەردەکردنی ڕۆحەکە، واتا (منداڵ). وەک لەسەرەوە بینیمان کە یەکێک لە شێوەکانی (ڕۆح) برێتی بوو لە (رب). (بە ڕەب کردن ، یان بە ڕۆحکردن) بەواتای (پەروەردەکردن) یان (سەرپەرەشتیکردن) دێت.

هەر بۆیە وشەی (رب) یش، بە هەمان واتا کوردییەکانەوە، کەوتۆتە زمانی عەرەبییەوە، کە برێتین لە (داییک- خاوەن- خودا- سەرپەرەشتیکەر*). بنۆرە لە زمانی عەرەبییدا بە داییک

دەگوترێت (ربة البيت، يان ربة المنزل)، کە بەمانای سەرپەرەشتیکەری ماڵ دێت، هەروەها وشەی (مربي) یش کە هەر لە (رب) ەوە وەرگیراوە، بە مانای سەرپەرەشتیکەر دێت، کە لە زمانی عەرەبییدا وشەی (تربية) ی لێسازێنراوە. هەروەها دوای ئەوەی کە وشەی (رب)، واتای (خاوەن- خوداوەند) ی لەخۆگرتووە، ئەم ناوە گواستراوەتەوە بۆ باوک، هەروەک دەگوترێت (رب الأسرة)، کە بە مانای (خودای خێزان، یان سەرپەرەشتیکەری خێزان) دێت.

بۆ زیاتر سەلماندنی هاوواتایی هەردوو وشەی (رب) و (ڕۆح) یان (خودا) و (ڕۆح) . لە کاتێکدا کە ژن و مێردێک، منداڵێکی بێگانە لە خۆدەگرن و پەروەردەی دەکەن. ئەو ژن ومێردە؛ دایک و باوکی بایۆلۆجیی منداڵەکە نیین، تەنها پەروەردەکەری مناڵەکەن، کە برێتین لە دایک وباوکی (ڕۆحی)،کە بە عەرەبی پەروەدەکەر دەبێتە (مربي)، کە لە وشەی (رب) ەوە سازێنراوە. لێرەدا (ڕۆح) و(رب) هاوواتان. هەروەها لە زمانی ئینگلییزییدا بە (دایکی ڕۆحی) دەگوترێت(گۆدماذەر) (Godmother)کە ماناکەی برێتییە لە (دایکی خودایی)، وەک دەبینین، گەر سەرنجی هەردوو دەستەواژەی (دایکی ڕۆحی) و (دایکی خودایی) بدەین، دەبینین کە هەردوو وشەی (ڕۆح) و (خودا) هاوواتان. بە هەمانشێوەش بە باوکی ڕۆحی دەگوترێت (Godfather)، کە لە هەمانکاتدا بە مانای سەرپەرەشتیکەریش دێت.

هەروەک پێشتریش بینیمان کە وشەکانی (ذا) و (ذات) و (دایک) هاوڕیشەن و بە واتای (خاوەن) یش دێن، هەر بە هەمانشێوە وشەی (ذات) و (ذا) یش لە زمانی عەرەبییدا کە دواتریش (ذو) و(ذي) یان لێسازێنراوە، هەمان واتایان هەیە. شایانی ئاماژەشە کە لەزمانی فارسییدا بە (گیاندار) دەگوترێت (ذيروح- ذی روح)، کە هاوڕیشەی (زاڕوک- زاڕوگ) ی کوردییە.

وشەی " خودا- خاوەن- سەرۆک- سەرپەرەشت"

وەک لەسەرەوە بینیمان کە لەزمانی کوردییدا وشەکانی (ڕۆح- خودا- خاوەن- سەرپەرەشت) هاوواتان. وە لە زمانی عەرەبییشدا بەهەمانشێوە (روح- رب – صاحب- مربي) هاوواتان.

لە پەرتەکانی پێشووتردا، شیگەرییم لەسەر وشەی (خودا) کردووە، لێرەدا تەنها باسی پەیوەندیی نێوان وشەکانی (خودا- خاوەن- سەرپەرەشت) دەکەم. پەیوەندی واتایی ئەم سێ وشەیە زۆر بە ئاشکرا دیارە، بۆنموونە (خاوەنخێزان) لە زمانی عەرەبییدا هەردوو واتای (صاحب) و (رب) ی هەیە، هەروەک لە دەستەواژەی (رب الأسرة) دا دەردەکەوێت.هەروەها لە زمانی کوردییدا لە وشەی (خودا) وە وشەی (خودان) کەوتۆتەوە، کە بە واتای (خوایەتی) دێت ، کە دیوێکی دیکەی وشەی(پەروەردگاری) یە. دواتر بەهۆی سووانی دەنگی (د) ەوە وشەی (خاوەن) کەوتۆتەوە ، کە

هەردوو واتای (صاحب) و (پەروەردگار) ی لە خۆگرتووە، کە وشەی (بەخاوەنکردن) هاوواتای (بەخێوکردن*)، کە هەردوو واتاکەی (صاحب) و (تربیة) لە خۆ دەگرێت، کە لە کوردییدا بە مانای (سەرپەرەشیکەر) و (پەروەردەکەر- پەروەردەگار) دێت.

وشەی (ناو)کە بەواتای (کەشتی) دێت. هەروەک بینییشمان کە وشەی (رب- خودا)، واتای (سەپەرەشتیکەر) یشی هەیە، لێرەوە وشەی(ناو+ خودا+ ناوخودا) سازێنراوە، کە دواتر ئەم وشەیە گۆڕاوە بۆ (ناخودا)، کە بەو واتای (سەرپەرەشتیاری کەشتی)(Captain) دێت. هەروەها لە زمانی عەرەبییشدا دەبێت بە(ربان السفینة) یان (قائد السفینة) ، کە (ربان) لە وشەی (رب) سازێنراوە، کە تەرجەمەی (ناخودا) کەیە، کە (رب) هەردوو واتای (خودا) و (سەرپەرەشتیکەر) ی هەیە، لە هەمانکاتدا بەواتای (سەرۆک- رئیس- قائد)یش دێت.

لە زۆربەی زارەکوردییەکاندا دەنگی(ا) دەگۆڕێت (ێ) ، بنۆڕە " بازاڕ- باژار- باژێر، پا- پێ، جا- جێ"، هەر بەمشێوەیە وشەی (خودا) گۆڕاوە بۆ (خودێ)، وە دووای سووانی دەنگی(د) یش، وشەی (خودێ) گۆڕاوە بۆ (خوێ). هەربۆیە لە دەستەواژەی (خانە خودا) وە کە بە واتای (خاوەنماڵ- رب البیت) دێت، دەستەواژەی (خانەخوێ) کەوتۆتەوە.

*وشەی (خاو) یش هەر بەهەمانشێوەی سەرەوە ، واتا گۆرانی دەنگی (ا) بۆ (ێ)، گۆڕاوە بۆ (خێو)، کە لەوشەی (خودا) وە کەوتۆتەوە، بنۆڕە ، دەستەواژەی (بە خاوەنکردن- بە خاوکردن- بەخێوکردن)، یان بنۆڕە دەستەواژەی (خاووخێزان)، هەروەک پێشتر ئاماژەم بە وشەی(خێو) دابوو، کە بەمانای (ڕۆح) دێت، کە (ڕۆح) یش دیویکی دیکەی وشەی خودایە.

شیگەریی وشەی " پەروەردە"

لە پەرتی پێشووتردا باسی وشەی (ڤەر) مان کرد. کە بە مانای (ثمرة) دێت.کە لەگەڵ وشەی (ڕەخ) دا، وشەی (ڤەرڕەخ) سازێنراوە و هەردوو وشەی (ڤەرڕەخ) و (ڤەرڕەث) ی لێکەوتۆتەوە، کە بە مانای گەیشتنی بەر (بەر ڕەس)دێت. هەروەها دەیان وشە و واتای نوێی لێکەوتۆتەوە. یەکێک لە وشانە برێتییە لە (ڤەرەخ)، کە وشەکانی (فرخ، فرح- فرھ ، فرە- پرە، فەڕ، پەر، پر... هتد) لێکەوتۆتەوە، کە بە واتای (زۆر، فراوان، گوشاد ...) دێن. شایانی ئاماژەیە کە خودی وشەی (فراوان) لە هەردوو ووشەی (فرە+ وان) پێکهاتووە، کە بەمانای (بۆشایی زۆر) دێت. هەروەها لە وشەی (ڤەرەخ) ەوە (ڤەرەھ) کەوتۆتەوە، کە بە واتای (فراوانبوون) دێت، دواتر وشەی (پەرەھ- فرەھ) ی لێکەوتۆتەوە، بەهەمان واتاوە.بۆ نموونە؛ دەگوترێت : ئاگرەکە پەرەی سەند، بە واتای فراوانبوون، یان گەشەسەندن، یان بڵاوبوونەوە دێت. یان دەستەواژەی (پەرەپێدان)، هەمان

واتای گەشەپێدان دەگەیەنێت، لە هەمانکاتدابە مانای هەردوو واتای (تنمية) و (تطوير) ی عەرەبییش دێت.

وشەی (پەر) لە باری بەرکرداردا وشەی (پەروەر) ی لێسازێنراوە. کە بەواتای (گەشەپێدەر- مرشد- مربی) دێت. بە دیوی(فره- فرەه) یشدا وشەی (فرەوەر- فرەهوەر) سازێنراوە، کە دواتر واتای (شکۆ و مەزنیی) لە خۆگرتووە . هەروەها لە وشەی (پەروەر) ەوە وشەی(پەروەردە) سازێنراوە، کە بە مانای(تربية- گەشەپێدان) دێت. بە دیوێکی دیکەشدا لە باری ناوی چاووگدا" اسم المصدر"، وشەی (پەروەرش) سازێنراوە، کە هەمان واتای (تربية) ی هەیە. هەروەها وشەی (پەروەردەگەر- پەروەردەگار) سازێنراوە،کە بەواتای (سەرپەرەشتیکەر- سەرۆک- خودا - رب- صاحب-) دێت. بۆچۆنیەتی گۆڕانی وشەی (پەر← پەروەر)، بنۆڕە (داد←دادوەر)، هەروەها بۆ چۆنیەتیی گۆڕانی وشەی (پەروەر←پەروەردە) ، بنۆڕە (مز، مژ←مژدە).

(پەر) بەمانای گەشە دێت، (پـەروەر) بە مانای گەشەپێدان دێت، (پـەروەردە) بە مانای گەشەپێکردن و پێگەیاندن دێت، (پەرەستار) بە مانای کەسێک دێت کە خزمەت بکات لە پێناوی گەشەکردنی کەسێکدا ، بۆ چۆنیەتیی گۆڕانی (پەرەست← پەرەستار) بنۆڕە (گفت← گفتار).

(پەروەردەگار)، هەمان واتای (سەرپەرشتیکەر) و (پەرەستاری) هەیە، بەڵام لە پلەیەکی باڵاتردا، کە واتای (خودا) ی لە خۆگرتووە، بۆ چۆنیەتی گۆڕانی (پەرورده← پەروەردەگار)، بنۆڕە (کردە← کردەگار، کردگار).

هەروەها لە باری ناوی چاووگدا، لە وشەی (پەر) ەوە، وشەی (پەرش- پەرس) سازێنراوە (شایانی ئاماژەیە، کە هەردووپیتی (ش) و(س) ئامرازی سازاندنی ناوی چاوگن، کە دوو قۆناغی جێوازدا بەکارهاتوون). لە زمانی فارسی و کوردیدا دووەکی(ش) دەکەوێتە سەر ڕەگی کردارو ناوی چاوگ (اسم المصدر) دروست دەبێت، وە ك (خواه – خواهش)، (شۆڕ – شۆڕش) (بەخش- بەخشش، بەخشیش) (وەرز- وەرزش). هەر بە پێی ئەو پەیڕەوە (پەر) بووە بە (پەرش)، هەڵبەتە لە ڕێزمانی کۆندا پیتی(س) یش لە بری (ش) بەکارینراوە، ئەمە تا ئێستاش لە زاری بە ختیارییدا پەیڕەو دەکرێت، لێرەوە وشەی (پەرس) یش کەوتۆتەوە. لە قۆناغێکی تردا و تەنها لە زمانی کوردییدا، ئەو ناوی چاوگانە ی کە پیتی(ش) یان کەوتۆتە سەر ، دووبارە گەردێنراون و پیتی(ت) یان کەوتۆتە سەر، بۆ بەخشینی واتایەکی نوێ، بۆ نمونە: (گوزارش- گوزارشت)، (خۆرش- خۆرشت)، (سەرزەنش- سەرزەنشت)، (ڕەوش- ڕەوشت) ... هتد هەر بەمشێوەیە (پەرش) بووە بە (پەرشت) و (پەرست). نموونەیەکی دیکەی پیتی(س) کە ناوی چاووگی لێدەسازێنرێت بنۆڕە و شەی (دان- زان) ، کە لەفارسییدا دەبێت بە (دانش)، لە گوردییدا دەبێت بە (زانست).

وشەی (سەر) و (پەرشت- پەرست) پێکڕا، وشەی (سەرپەرشت- سەرپەرست) ی لێسازێنراوە، کە واتای (سەرکردەی خێزان- رئیس العائلة)ی لە خۆ گرتووە، دواتر چەندین واتای دیکەی لە خۆگرتووە، بۆنموونە: سەرپەرشتیکەری کار لە کارگەیەکدا ، واتای (رئیس العمل) لە خۆ دەگرێت.

وشەی (پەرستن) برێتییە لە ڕێزو ستاییش وپێزانیینی پەروەدەکراو بۆ (پەروەردەکەر)، بەرانبەر ئەو هەوڵ و ماندووبووبەی کە لە پێناوییدا ئەنجامی داوە. لە وێنە بچووکەکەیدا ، واتا دایک و باوک پەرەستی لەلایەن منداڵەکانیانەوە. وێنەی دووەم کە وێنەیەکی میتافۆڕیکییە و، بە واتای پەرستنی خودا دێت لە لایەن بەندەکانەوە. گەرسەرنجی وشەی (پەروەردە) بدەین، دەبینین کە لە سەرپەرشتیکەری خێزانەوە گواستراوە بۆ خودا. واتا: خودا لەسەر شێوەی مرۆڤ وێناکراوە. لە ئایینی ئیسلامدا ، خودا لە سەرشێوەی (سید- رئیس) وێنا کراوە، مرۆڤیش لە سەرشێوەی (کۆیلە- بەندە- عبد) وێنا کراوە، هەربۆ یە لە وشەی (عبد) وە، وشەی (عبادة) سازێنراوە، کە بە مانای کۆیلایەتی دێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو ئایینە لە کات و شوێنێکدا سەری هەڵداوە، کە کۆیلایەتی باوبووە.

شیگەریی وشەی " خار- شار "

وشەی (شار) بە مانای کۆمەڵێک شت پێکەوە دێت. بە ڵام واتا باوەکەی برێتییە لە کۆ مەڵە گەڕەکێک، کە پێکەوە شار پێکدەهێنن، لە ئەسڵدا برێتی بووە لە (خار)، دوای پەرشبوونی پیتی(خ) بۆ (خ) (ث) (خث)، وشەکانی (خار- ثار- خثار) کەوتوونەتەوە. وشەی (خثار) دواتر گۆڕاوە بۆ (خشار) و (کسار)، "شایانی ئاماژەیە وشەی (Cathair) کە لە زمانی ئێرەلەندیدا بە مانای شار دێت".

هەروەها دوای گۆڕانی دەنگی (خ) بۆ (ک)، وشەی (خار) یش گۆ ڕاوە بۆ (کار).

وشەی (ثار) یش، چەندین وشەی دیکەی لێکەوتۆتەوە، باوترینیان برێتییە لە (شار)، ئەم وشەیە لە زمانی کوردی و پەشتۆنییدا وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە زمانی ئوردو و فارسی و هیندی دا بووە بە (شەهر- شهر)، بە شێوەی (شیهر) یش کەوتۆتە ناو زمانی تورکییەوە. هەروەها لە وشەی (شار) ەوە، وشەی (شارە) و (شارا) کەوتۆتەوە. لە کاتی دروێنەی دانەوێڵەدا، بەو بڕەی کە لە دەستی وەرزێرەکەدایە دەگوترێت(چەپک)یان (دەسک). کە هەردوو وشەکە لە (چەپ) و (دەست) ەوە وەرگیراون ، کە هاوواتان. دواتر چەند دەسکێک پێکەوە (مەڵۆ) پێکدێنن، دواتریش هەموو مەڵۆکان پێکەوە (شارا) پێکدێنن.

هەروەها هەر لەوشەی (ثار) ەوە، وشەكانی (سار، زار، جاڕ)یش كەوتوونەتەوە. لە شوێنێكدا كە كۆمەڵە گوڵێكی هەمەجۆری تێدا بێت و پانتاییەكی فراوانی گرتبێتەوە، دەگوترێت: (گوڵ+ زار= گوڵزار)، واتا (شاری گوڵ).

ئەگەر شوێنێك كۆمەڵێك گوڵی لالەی لێ بێت، دەبێت بە(لالەزار)، هەروەها بەشوێنی نێرگز دەگوترێت (نێرگسجاڕ- نێرگسەجاڕ)، بە فارسی پێیدەگوترێت (نرگس زار).

شوێنێك هەمووی (چیمەن- چەمەن) بێت ، دەبێت بە (چەمەنزار).

شوێنێك كۆمەڵێك مێرگی لێ بێت، دەبێت بە (مێرگزار). لە هەندێ ناوچە وشەكانی (گوڵزار) (مێرگزار) بە(گوڵعوزار) و(مێرگعوزار) لە قز دەكرێن. وشەی (مێرگ) لە زمانی فارسییدا بووە بە (مرغ) و بە(مێرگزار) دەگوترێت (مرغـزار). لە زمانی عەرەبییشدا (مێرگ) بووە بە (مرج).

هەروەها شوێنێک کە خاکەکەی شـۆر بێت «واتـا خوێن بێت»، پێیدەگوترێت: (شـۆرەزار)، لە زمانی فارسییدا (نمک زار) ی پێدەگوترێت.

شوێنێکیش کە هەمووی سەوزایی بێت، پێیدەگوترێت (سـەوزەزار)، کە بە فارسی دەبێت بە(سبزە زار).

هەروەها بە دیوی (سار) یشدا، بە شوێنێک کە کۆمەڵە چییایەک(کێو-کۆھ)ی لێبێت، دەگوترێت: (کۆھسار-کۆسار).

شوێنێکیش کە بەردەڵان (سەنگەڵان) بێت، پێیدەگوترێت: (سەنگسار- سەنگەسار)، هەربۆیەش وشەی (سەنگسار) یان (سەنگەسار) واتای مانای (ڕەجم)ی عەرەبیی لە خۆ گرتووە. چونکە ئەو شوێنەی کە (بەردباران- رجم) ی لێدەکرێت، ژمارەیکی زۆر بەردی لێ کۆدەبێتەوە.



شـوێـنـێـکـیـش (خـــاکـــی) بـێـت، پێیدەوترێت(خاکسار- خـاکـەسار)، یان (دەشتی خاکی)، وە یان (دەشتی کاکی)، شایانی ئاماژەیە کە دەشتێکی فـراوان کە هەمووی خاک بێت، پێیدەگوترێت (کاکی بەکاکی). وە وشـەی کاکی کەوتۆتە ناو زمانی ئینگلیزییشەوە و بە (ڕەنگی خاکی) دەگوترێت (Khaki color).

هەر وەک پێشتر بینیمان، کە شوێنێک پێکهاتبێت لە کۆمەڵێک لە یەکێک لە و نـاوانـەی سـەرەوە، شارەکە بـەو نـاوەوە ناونراوە. بەڵام شوێنێک گەر هەموو شتەکانی پێکەوە تێدا بێت، وەک (گـوڵ، درەخـت، مێرگ، چیمەن... هتد)، هەمووی پێکەوە، بە گویرەی (پەیڕەوی هانەونا)، پیتی (ن) لە گەڵ وشەی (زار) دا، وشەی (نزار) ی لێسازێنراوە.

پانتاییەکی فراوانیش، کە هەمیشە سێبەر بێت، بە گوێرەی هەمان پەیڕەو، بەڵام لە گەڵ وشەی (سار) دا، وشەی (نسار)ی لێسازێنراوە.

شایانی ئاماژەیە جیاوازیی نێوان وشەی (نسار) لە گەڵ وشەی (نسێ) دا ئەوەیە کە (نسار) بریتییە لە دیوێکی بەفراویی چیا، کە تیشکی خۆر لێینادات و بەفرەکەی درەنگ دەتوێتەوە. بەڵام (نسێ) بریتییە لە شوێنێک کە تیشکی خۆر لێی نەدات، بەڵام مەرج نییە بەفراوی بێت. وە وشەی

(نسێ) یش بە گوێرەی پەیرەوی هانەونا سازێنراوە، کە برێتییە لە (ن+ سێ)، کە وشەی (سێ) هاوواتا و هاوڕیشەی (سایە) یە، بنۆرە وشـەی (هاوسێ- هاوسایە- همسایە)، یان بنۆڕە وشەی (سێبەر) کە پێکهاتووە لە (سێ+ بەر) کە پێچەوانەی(بەر خۆر) ی هەیە.

هەروەها شوێنێک کە درەختی (بەلەک)ی زۆری لێبێت، پێیدەگوترێت (بەلەکجار). لە ناوچەی قەرەداغی پارێزگای سلێمانییدا گوندێک هەیە بە ناوی (گوندی بەلەکجار).

شوێنێکیش کە درەختی (بـی) زۆری تێدا بێت، پێیدەگوترێت (بیجار)، کە بە فارسی دەبێت بە (بید شهر) چونکە (شـار- شهر) و (جار) هاوڕیشەو هاوواتان، (بی) و (بید) یش بە هەمانشێوە . شایانی ئاماژەیە کە « بیجار» ناوی شارێکە لە کوردستانی ئێران، وە « بید شهر» یش ناوی ئاواییەکە لە خوارووی خۆراوای ئێران.

شایانی ئاماژەیە دەستەواژەی (گاڵتەجار) یش هەر بەمشێوەیە سازێنراوە، کە بەواتای (شاری گاڵتە) دێت، هەروەک (گاڵتەبازار)کە بەواتای (بازاڕی گاڵتە) دێت.

هەروەها شوێنێک کە (لیتاو) یان (زەلکاو) بێت، پێیدەگوترێت(لیتەزار)، بە فارسی پێیدەگوترێت: (لجن زار). شایانی ئاماژەیە کە وشەی (زەلکاو) یش لە وشەی (زەل- زەلک) کەوتۆتەوە کە بەمانای (قامیش- نەی) دێت کە لە شوێنی لیتە و ئاوداردا دەڕوێت. شایانی ئاماژەشە کە ئەسڵی وشەی (جوزەلە)یش برێتییەلە (دووزەلە) کە پێکهاتووە لە دوو زەل، یان دوو نەی، هەر بۆیە بە فارسی بە (دووزەلە) دەگوترێت (جفت نی)و لەعەرەبییشدا، پێیدەگوترێت (مجوز).

بۆ ڕواندنی برنج چاڵگەلێکی زۆر دەکرێت بۆ ڕاگرتنی ئاو، کە پێیدەگوترێت (چاڵزار). « تیبینی: ئەم چاڵانە پێیان ناگوترێت دێراو، هەرچەندە لە ڕاستییدا دێـراون، بەڵام دێراو واتایەکی دیکەی لە خۆگرتووە، بە واتای ئەو چاڵانە دێت، کە بەشێوەیەکی کاتی و تاوەناتاوێک ئاویان تێدەکرێت، بەڵام چاڵزار دەبێت هەمیشە پڕ ئاو بێت». وشەی (چاڵزار) لە زمانی فارسییدا بووە بە (شالیزار). بەرزاییەکانی تەنیشت ئاوەکەیش کە برنجەکەی لێ ڕوێندراوە، پێیان دەگوترێت: (برنجزار).

شایانی ئاماژەیە کە وشەی (زار) لە زۆربەی ئەو ناوانای کە لەسەرەوە هاتوون،بە مانای پارچە زەوییەک هاتووە کە کۆمەڵێک ڕووەکی تێدا کۆ بۆتەوە. هەر بۆیە ئیدی وشەی (زار) واتای (حقل) ی عەرەبیی و (Field) ی لە خۆگرتووە، لێرەوە لە وشەی (زار) ەوە وشەی (زرع)کەوتۆتەوە، کە دوای گەردانىن،یەکێک لەوشانەی سازێنراوە (مزرعة) یە، کە دواتر ئەم وشە عەرەبییە، بە شێوەی (مەزرا) هاتۆتەوە ناو زمانی کوردییەوە. هەروەها (زار) کە بەمانای پارچە زەوییەک هاتووە، وشەی (زار) واتای گەڕان لە پارچە زەوییەکەوە (لە خاکێکەوە) بۆ خاکێکی دی، وشەی (زائر) کە لەزارەوە

سازێنراوە، بە مانای ئەوە دێت کە کەسێک بڕوات بۆ خاکێکی دی، کە بە شێوەی کۆ دەبێتە (زوار). شوێنی کەسانی بە ناووبانگ، کە خەڵکی سەفەری بۆ دەکات، دەبێت بە (مەزار)، ئەو شوێنەشی کە دوای کۆچی دوایی کەسەکەی بۆ دەبرێت و لیی دەنێژرێت، لە زمانی کوردییدا دەبێت بە (مەزارگە). هەروەها (زار) کە بەمانای (خاک) یان پارچە زەوییەک دێت و جێی نیشتەجی بوونە، دەبێت بە (زارگە)، کە بە گوێرەی (پەیرەوی هانەونا)، وشەی (نزارگە) ی لێسازێنراوە، کە دواتر وشەی (نزرگە) ی لێکەوتۆتەوە. شایانی ئاماژەیە کە خودی مۆرفیمی (گە) بە مانای (جێ) یان (شوێن) دێت، کە چی هەندێجار و بەهەڵە؛ هەردوو مۆرفیمەکە پێکڕا لە وشەدا بە شێوەی (جێ نزرگە) دەردەبڕدرێت. شایانی ئاماژەشە هەر بە گوێرەی (پەیڕەوی هانەونا) لە وشەی (شار) ەوە، وشەی (ئاشار) سازێنراوە، کە دواتر وشەی (حەشار)یشی لێکەوتۆتەوە، کە بە واتای دانانی شتێک دێت لە شارێکدا، بۆ ئەوەی بە ئاسانی نەبیندرێت " کە لێرەدا شار بە مانای کۆمەڵە شتێک دێت، کە پێچەوانەی شوێنی ڕووتەن و چۆڵە". هەروەها خودی وشەی (شار) یش واتای (حەشاردان) لە خۆ دەگرێت، هەروەک لە وشەی (شاردن)ەوە، دەردەکەوێت، کە دواتر وشەی (شێردن)ەوەی لێکەوتۆتەوە.

هەروەک بینیمان کە وشەی (شار) و (شارا) واتای کۆمەڵە گەڕەکێک یان کۆمەڵە شتێکیان لە خۆگرتووە. وشەی (سار) و (زار) یش واتای پانتاییەک کە کۆمەڵە شتێکی بە چڕی تێدا بێت. بەڵام وشەی (سارا) دوو واتای لە خۆ گرتووە؛ یەکێکیان بە مانای تەختاییەکی فراوان دێت، بنۆڕە دەستەواژەی (دەشت و سارا) کە کینایە دەشت و شوێنی تەختایی، بەڵام (دەشت و کێو)، واتا دەشت و شوێنی بەرزا یی، هەروەها (دەشت و دۆڵ)، واتا دەشت و شوێنی نزمایی. وە وشەی (سارا) بە شێوەی (صەحرا٠ صحراء) کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە. وە کە سێکیش کە شارەزایی لە سارادا هەبێت، پێیگوتراوە (ساراوان)، " کە دیوێکی دیکەی وشەی صەحراوان"ە، هەروەک چۆن کەسێک کە شارەزایی لە (شاخ) دا هەبێت، پێیدەگوترێت: (شاخەوان). لە بەرئەوەکەسی شارەزا لە دەشت و سارا، کراوە بە سەرقافڵەی کارەوان وەک و (دەلیلی کارەوان – چاوساغی کارەوان- سەرقافڵە)، ئیدی لێرەوە ساراوان، واتای (سەرقافڵە)ی لە خۆگرتووە، وشەی (ساراوان) لە زاری لوڕییدا بووە (ساراڤان- سارەڤان)، لە زمانی فارسییشدا بووە بە (سارابان- ساربان)، کە بەمانای سەرقافڵەی کاروان دێت.

هەروەک پێشتر گوتمان کە ڕیشەی وشەکە برێتییە لە (ثار) و وشەکانی (خثار- ثار- خار) کەوتوونەتەوە، دواتریش لەوشەی (خثار) ەوە، وشەکانی (خشار- کسار) کەوتونەتەوە. لە وشەی(ثار) - شار- شارا- جار- زار- سار- سارا- سەرا- کار- کارا) کەوتوونەتەوە. هەروەک چۆن لە وشەی (سارا) وە وشەی (ساراوان) دواتر (سارەوان) و (سارەڤان) کەوتو نەتەوە، لە وشەی (کارا) یشەوە وشەی (کاراوان) و (کارەوان) و (کارەڤان) کەوتوونەتەوە، هەروەک بینیمان کە(ساراوان-

سارەوان) بە تەنها واتای سەرقافڵەکەی لە خۆگرتووە، بەڵام (کاراوان- کارەوان) واتای هە موو قافڵەکەی لە خۆگرتووە.

هەروەها لە وشەی (سارا) وە وشەی (سەرا) کەوتۆتەوە. کە هەمان واتای (شار) ی هەیە. لە هەمانکاتدا واتای (مجمع) (Mall) (مۆڵ) یشی هەیە. بنۆڕە دەستەواژەی (مجمع طبي) یان (المدينة الطبية) هەمان واتایان هەیە. شایانی ئاماژەیە (مۆڵ) ی کوردی و ئینگلیزی هاوڕیشەن. لە زمانی کوردییدا گەر کۆمەڵە ئاژەڵێک پێکەوە بن، دەگوترێت (مۆڵیان بەستووە). یان بنۆڕە دەستەواژەی (مۆڵگە) کە لە زمانی عەرەبییدا بە مانای (مكان التجمع) دێت. شایانی ئاماژەشە کە هەردوو وشەی (مەڵۆ) و (مۆڵ) یش هاوڕیشەن، وەک پێشتر ئاماژەم پێداوە کە بە مانای چەند چەپکێکی کۆکراوە دێت، کە دواتر چەند مەڵۆیەک (شارا) پێکدەهێنن ، کە هاوڕیشەی وشەی (شار) و (سارا) یە، بەڵام واتای هەرسێ وشەکە گۆڕاون. هەروەها دەستەواژەی (مۆڵبەستن- مۆڵبەندی) بۆ مێرووش بەکاردێت و بە شوێنی ژیانیشیان دەگوترێت شار، بنۆڕە (شارەمێرووله، شارەزەردەواڵە.. هتد).

وشەی (ڕوخسار) یش، لە هەردوو وشەی (ڕوخ) و(سار) سازێنراوە، لێرەدا وشەی (سار) بەواتای (مۆڵ) (مجمع) دێت. چونکە (ڕوخ- ڕوو) بریتییە لە شوێنی گردبوونەوە(مۆڵگە)، یان شاری ئەندامەکانی سەر ڕوخسار، وەک: چاو، ئەبرۆ، گوێ، لوت، دەم. وشەی (سەرا)، کە واتای (مجمع) ی لە خۆگرتووە، واتای شوێنی ڕێبەر(سەرۆک)ی شاریشی لە خۆگرتووە. وەک پێشتر بینیمان کە بۆ ڕێبەری (سارا) وشەی (ساراوان-سارەوان) سازێنراوە، بۆ ڕێبەری (شار) یش وشەی(شارەوان) سازێنراوە، ئەم وشەیە لە گەڵ ئەوەدا کە هاوئاوازی وشەی (سارەوان) ە، لە هەمانکاتدا هەردوو وشەکە هاوڕیشەشن، هەروەک چۆن (سارەبان) لە زمانی فارسییدا بووە بە (ساربان)، (شارەوان) یش بە هەمانشێوە بووە بە (شاربان- شهربان). وشەی (سەرا) لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکییدا بووە بە (سرای)، چونکە (سەرا) شوێنی فەرمانڕوایی بووە، ئیدی واتای (کۆشکی فەرمانڕەوایی)شی لە خۆگرتووە، بنۆڕە وشەی (آق سرای) کە لە زمانی تورکییدا بە مانای (کۆشکی سپی) دێت. وشەی (سەرا) کە بە واتای (مجمع) یان (مۆڵگە) هاتووە، کاروانچییان کە ڕێگای دووریان بڕیوە و پێویستییان بە (ئوتێل- هوتێل) هەبووە بۆ پشودان، لە هەردوو وشەی (کاروان) و(سەرا) وشەی (کاروانسەرا) سازێنراوە، کە بەمانای ئوتێل دێت.

شیگەریی وشەی " خەث"

لە پەرتی یەکەمدا و بە کورتی باسی وشەی (خەث)م کردووە، کە وشەی (قەد) ی لێکەوتۆتەوە، بە مانای (سەر- رأس) دێت.

هەروەها لە پەرتی پێنجەمدا باسی وشەی (فەرخ) م کردووە، کە بەمانای (بچووک- بێچوو) دێت، کە لەوشەی (ڤەرەخ)ەوە کەوتۆتەوە. وشەی (فەرخ) بە هەمان واتاوە کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، دواتر وشەی (فەرع) ی لێکەوتۆتەوە. لێرەوە دەستەواژەی (رئيسي و فرعي) کەوتۆتەوە، کە بەواتای (گەورەیی و بچووکی) دێت.کە بەمانای (سەرەکی و لاوەکی) دێت.

گەر سەرنجی درەختێک بدەین، (قەد)ەکەی برێتە لە (رأس- گەورە) و لقەکانیشی برێتین لە (فرخ- بچووک) کە لە زمانی عەرەبییدا بووە بە (فرع). بە گوێرەی نە خشەی ڕۆکیڕۆ لە وشەی (خەث)، وشەی (کەت) کەوتۆتەوە، کە بەمانای گەورە دێت، بۆنموونە: کەسێک کە لەشی گەورە بێت، پێیدەگوترێت(کەتە). هەروەها وشەی (کەد) کەوتۆتەوە، کە بە مانای گەورە (مەزن) دێت، لە زمانیی کوردیی و فارسیی کۆندا بە مانای (سەرۆک- رئيس- قائد) هاتووە. بە دیوێکی دیکەشدا وشەی (قەد) کەوتۆتەوە، کە بە واتای بەشە(سەرەکیەکەی- رئيسييەکەی) درەخت دێت، هەروەها بەشی سەرەکیی لەشی مرۆڤییش دێت، بنۆڕە (قەد و بالا).

بە گوێرەی نە خشەی ڕۆکیڕۆ ، دەنگی (ث) دەگۆڕێت بۆ (ڤ). بنۆڕە وشەی (چەث) و (چەڤ) کە هەردوو وشەی (چەش) ی فارسی و (چەڤ- چاڤ- چاو) ی کوردیی لێکەوتۆتەوە. یان بنۆڕە وشەی (لەث) و (لەڤ)، کە وشەکانی (لەچ- لچ) و (لەڤ- لەو- لێو- لەب- Lip) ی لێکەوتۆتەوە. یان وشەی(ثەم) و (ڤەم)، کە وشەکانی (دەم- دەو – دەڤ) ی کوردیی و (ثەم- ثم) و(فەم- فم) ی عەرەبیی لێکەوتۆتەوە.

بەمشێوەیە لە وشەی (خەث) ەوە، وشەی(خەڤ) کەوتۆتەوە، کە دواتر گۆڕاوە بۆ (قەڤ) و وشەی (قەف) ی لێکەوتۆتەوە، کە واتای ئەستوریی قەدیی لە خۆگرتووە. هەر لەو شەی (قەف) ەوە، لە زمانی عەرەبییدا، وشەی (قیافە- قيافة) سازێنراوە، بنۆڕە دەستەواژەی (قەد و قیافە)، بە واتای (درێژی و ئەستوری) دێت.

هەروەها لە وشەی (قەڤ) ەوە، وشەکانی(قەپ)و (قەب) و (قەو) کەوتوونەتەوە، کە وشەی (قەب) واتای گەورە و ئەستووری لە خۆگرتووە، کە واتاکەی لە (کەت) ەوە نێزیکە، بنۆڕە واتای هەردوو وشەی (قەبە) و (کەتە). دواتر لە هەردوو وشەی (قەب) و (قەو) یشەوە ، وشەی هەردوو وشەی (قەبارە) و (قەوارە) کەوتوونەتەوە. کە مانای (حجم)یان لە خۆگرتووە، هەروەها لەوشەی (قەوارە)یشەوە وشەی (قەوالە) کەوتۆتەوە. لە وشەی (قەپ) ەوە، (قەپاندن)

سازێنراوە، کە بە واتای دیاریکردنی بڕی بارستایی دێت. هەروەها وشەی (قەپان) سازێنراوە، کە بە واتای دیاریکەری بڕی کێش دێت، کە لە زمانی عەرەبییدا بووە بە (قبان). لە وشەی (قەڤ- قەو) یشەوە، وشەی (قەوە) سازێنراوە، هاوشێوەی وشەی (قەبە)، کە واتای دیاریکردنی هێزی (قەد)ی لە خۆگرتووە، کە لەزمانی فارسییدا بووە بە (قەڤە) و لە زمانی عەرەبییدا بووە بە (قوة). هەروەها جارێکی دیکە لەوشەی(قەو) ەوە، وشەی (قەوی) سازێنراوە، کە بەواتای بە هێزو وئەستوور دێت، کە ئەمیش هەروەک و خۆی و بەشێوەی (قوي) کەوتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە.

تا ئێرە، ئەم وشانە لە وشەی (خەڎ) کەوتوونەتەوە:(کەڎ- کەد- کەت- قەد- قەڤ- قەپ- قەب- قەو). کە چەندین واتای نوێیان لێکەوتۆتەوە، وەکو:(سەرۆک- گەورە- باڵا- ئەستور- بەهێز- قورس- بارستە... هتد).

وەک دەبینین کە وشەی (قەد) لەواتا نوێیەکانییدا واتای بڕی هێزو گەورەیی و ئەستوریی و قورسی و بارستایی لە خۆگرتووە. بۆ بەراورد کردنی هەند(هێند)ی ئەو بڕانەی سەرەوە، هەمان وشەی (قەد) بەکاردێت، کە هاوواتای (هەند- هێند)ە. بۆ نموونە: باڵای من بە قەد باڵای تۆیە، باڵای من هێندەی باڵای تۆیە. لێرەوە وشەی (قەد)، واتای دووشتی یەکسانی لە خۆگرتووە، بۆ نموونە پارچە کاغەزێک، یان پارچە قوماشێک کە دووتوێ(طوی) دەکرێت، دوو قەدی یەکسانی لێدەردەچێت، لێرەوە دەستەواژەی(قەدکردن- قەوکردن- قەیکردن) کەوتۆتەوە. بۆ بۆ بەراورد کردنی دووشت (قەد)ەکانیان بە یەکدی دەگرن، لێرەوە دەستەواژەی (قەدگەر)سازێنراوە، کە دوا ترئەم وشەیە گۆڕاوە بۆ (قەدەر- قەیەر). بۆنموونە : هەردوو خانووەکە بە قەدەر(قەیەر) یەکدین، هەردوو خانووەکە بە قەد (قەی)یەکدین، هەردوو خانووەکە هێندەی یەکدین. واتا بارستایی هەردوو خانووەکە یەکسانن، کە برێتییە لە درێژی و ئەستوری، یان بەواتایەکی دیکە بڵندی و پانتایی. بۆ گۆڕانی وشەی (قەدگەر- قەدەر- قەیەر) ، بنۆڕە (ئەگەر- ئەیەر)، (جگەرە- جیەرە).

هەروەک پێشتر بینیمان کە هەردوو وشەی (قەد) و (هەند- هێند) هاوواتان. بۆ یە لە گەڵ ئامرازی پرسیاری(چە- چ) دا، هەمان واتایان هەیە. لە زمانی کوردییدا وشەی (چە + هەند= چەند) سازێنراوە. لە زمانی فارسییشدا (چە+قد= چقد) و (چە+ قدر= چقدر) سازێنراوە. شایانی ئاماژەیە وشەی (قەد) بە هەمان واتاوە کەوتۆتەوە زمانی عەرەبییەوە و، لە زاری بوومییدا بووە بە (گەد)، وە وشەی (چ قد- چقد)، بە شێوەی، (شقد- اشقد) و (شگد- اشگد) لەڤز دەکرێت.

وەک بینیمان کە وشەی (قەد) بە چەندین شێوە واتاکەی گۆڕاوە، کە دواترینیان برێتییە لە بڕی شتێک. بە دیوێکی دیکەدا لە وشەی (خەڎ)ەوە، وشەکانی (کەت)و (قەت) و (قەس) کەوتونەتەوە کە وشەی(قەس) هەمان واتای بڕی هەیە. وشەکانی پێشتر کە کەوتبوونەوە واتای

بڕی(هێز- ئەستوریی-کێش- بارستایی... هتد) یان لە خۆگرتبوو، بەڵام وشەی (قەس)، کەدواتر وشەی (قاس) کەوتۆتەوە کە بۆ پێوانەی بڕی شتێک بەکاردێت، بۆ نموونە:- دەگوترێت: (قاسیی تەنەکەیەک گەنم). کە لە زمانی عەرەبییدا وشەی (قیس) ی لێسازێنراوە. وشەی (قەس) یان(قاس) بە مانای (کیل- چیلە) یان (عیر) دێت. لە زمانی عەرەبییدا لە وشەکانی (قیس)و(کیل) و (عیر) ەوە وشەکانی(مقیاس) و (مکیال) و(معیار)سازێنراون، کە دواتر هەریەک لەم وشانە واتایەکی نوێیان لە خۆگرتووە.

وەک لەسەرەوە بینیمان کە (قەس) بۆ پێوانە بەکارهاتووە، ئەویش وەکو(قەد) واتای (بڕ) ی لە خۆگرتووە، ئیتر لێرەوە، وشەی (قەساندن) واتای (بڕین) ی لە خۆ گرتووە. بۆ نموونە:- دەگوترێت: (هەر دەڵێی بە قەدی ئەو بڕدراوە) واتا (هەر دەڵێی بە قەدی ئەو پێوراوە). وشەی (خەث)، کە هەرسێ وشەی (کەت) و (قەت) و(قەس)ی لیکەوتۆتەوە، هەرسێ وشەکە واتای (بڕین) یان لە خۆگرتووە. دواتر لە وشەی (قەس) ەوە، وشەی (قەص) و (قەچ)و (قەش-قاش)و (کەز)(گەس-گەز-گاز) یش کەوتۆتەوە. دواتر وشەکانی (کوت) و(قوت) و (قوص) کەوتوونەتەوە، وشەکانی (کەت، کوت، قوت، قەت، قەط، قوط، قەص، قوص، کەز، کوز، قەچ، قوچ) هەموویان لە زمانی کوردییدا بە کاردێن، بۆنموونە:- (کەت و لەت، شەل و کوت، یان کوتێ نان،کوزێ پرتەقاڵ، قاشێ شووتی، قەتاندن، قوتاندن،قەطاندن، قوطاندن، قەصاندن، قوصاندن، گەستن،گەزین، گازگرتن). لە زمانی ئینگلیزییشدا لە وشەی (کەت و کوت) ەوە، وشەی (Cut) کەوتۆتەوە، لە زمانی عەرەبییشدا، لە وشەی (قەص و قوص) ەوە وشەی (قص) کەوتۆتەوە،کە دواتر لە ئینگلیزییدا وشەی(کەتەر) (Cutter) و لە زمانی عەرەبییشدا(مقص) سازێنراون. لە زمانی کوردییشدا لە وشەی (قەچ) ەوە، (قەچی) سازێنراوە، دواتر ئەم وشەیە گۆڕاوە بۆ (قەیچی). هەروەها لەوشەی (قەت-قەط) وە، لە زمانی عەرەبییدا وشەی (قطع) کەوتۆتەوە، کە هەمان واتای(Cut)ی ئینگلیزیی هەیە . هەروەها وشەی (قَطْعًا) ی عەرەبییش هاوڕیشەی (قەت) ی کوردییە، کە بە واتای (هەرگیز) دێت.

بە گوێرەی پەیڕەوێکی ڕێزمانی لە زمانی کوردیی کۆندا، پیتی (ر) خراوەتە ناو وشەوە و وشەی نوێی لێسازێنراوە، کە لە پەرتەکانی دواتردا، زیاتر لەسەر ئەم پەیڕەوە دەدوێم. لە وشەکانی (کەت، کوت، قەت، قەط، قەس، قەش، قەص، قەچ، قوچ) ەوە، وشەکانی (کەرت- کرت)،(کورت)، (قەرت- قرت)،(قەرط- قرط)،(قەرس)،(قەرش)، (قەرص)، (قەرچ- قورچ) سازێنراون. دواتر لە زمانی کوردییدا، کرداری (کرتاندن، قرتاندن، قرچاندن) سازێنراوە. هەروەها وشەی (قەرس) یان (قارس) هەردوو واتای (کورتکردن) و (بڕین) ی لە خۆگرتووە. وشەی (کورت) یش بە شێوەی (کۆرت- کۆرتۆ)(Corto)کەوتۆتە ناو زمانە ئەوروپییەکانەوە، کە دواترلە زمانی ئینگلیزییدا بووە

بە (شۆرت) (Short). هەروەها وشەی (قەرس) و (قەرص) یش بە هەمانشێوە کەوتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە و وشەکانی (قارس) و (قارص) یان لێسازێنراوە. لە وشەی (قرص) یشەوە دوای جێگۆڕکێی پیتەکان، وشەی (قصر) کەوتۆتەوە، کە هاوواتای (کورت) ی کوردیی و (شۆرت) ی ئینگلیزییە. هەروەها لە وشەی (قرط) و (طاس) ەوە وشەی (قرططاس- قرطاس) سازێنراوە، کە بە مانای (قطعة من الطبق) یان (قطعة من اللوح)، یان (قطعة من الصفيح) دێت، کە دیوێکی دیکەی واتای (کاغەز)ە " لە پەرتەکانی پێشوودا لە سەر وشەی (طاس) دووام کە بەواتاکانی طبقة، صفحة، لوحة دێت. بەدیوێکی دیکەشدا لەوشەی (قرص) ەوە وشەی (قرض) کەوتۆتەوە. کە بە دیوێکدا بە مانای (کورت) دێت، کردارێکە لە ئەنجامی کورتهێنانی هەزینەوە دەکەوێتەوە، هەر بۆیە دەستەواژەی (قەرزکردن) سازێنراوە، کە کردارێکە بۆ شوێن پڕکردنەوەی کورتهێنانی پارە. هەروەها وشەی (مقراضة) سازێنراوە، کە بەواتای (قرتێنەر) دێت، کە وشەکانی (قرت) و (قرص- قرض) هاوڕیشەن، بنۆرە وشەکانی (قارص) و (قارض) کە دوو واتای جێوازیان لێکەوتۆتەوە.

هەروەها بە گوێرەی" پەیڕەوی هانەونا" پیتی (ن) کەوتۆتە سەر وشەی (قورچ)(قرچ)، وشەی (نقورچ)(نقرچ) ی لێسازێنراوە، کە هەمانای مانای (مقراضة) ی عەرەبیی هەیە، بەڵام واتاکانیان جێوازە، (مقراضة) بۆ واتای (قرتاندنی نینۆک) بە کاردێت، بەڵام (نقورچ)(نقرچ) بۆ قرتاندنی شتێک دێت بە نینۆک. هەروەها وشەی (نقرچ)بە گەردێنراوی و بە شێوەی(نقرش) و (نقرض) کەوتۆتەوە زمانی عەرەبییەوە. کە لە (نقرض) ەوە وشەی (انقراض) سازێنراوە کە دیوێکی دیکەی (کەرتبوون، کوت کوتبوون، پارچە پارچە بوون) بەڵام واتای (پوکانەوە)ی لە خۆگرتووە. هەروەها (نقرشة) بە مانای گرتنی شتێک بە نینۆک، کە هاوواتای وشەی (ناخونەک) ی کوردییە، هەروەها ئەم وشەیە لە زمانی بوومییدا بە شێوەی (نگرشە) بە کاردێت.

هەروەها لە وشەی (قەرش) ەوە (قرش) سازێنراوە، کە هاوڕیشەی (قرت) و (قرض)ە، کە جۆرە ماسییەکی (قرتێنەر- قارض) بەو ناوەوە نراوە . هەروەها لە وشەی (قرش) ەوە، وشەی(کرەش) (Crush)ی ئینگلیزی کەوتۆتەوە، کە بەمانای لەتکردن، یان وردکردن دێت.

شیگەریی وشەی " کەیومەرث"

لە شیگەریی پێشوودا بینیمان کە چەندین واتا لە وشەی (خەث) ەوە کەوتۆتەوە، کە یەکێک لەو واتایانە برێتییە لە (گەورە- مەزن) کە دواتر واتای (سەرکردە- ڕێبەر- پێشەوا)ی لێکەوتۆتەوە. وشەی (خەث) کە بەمانای سەرکردە دێت، ئەم وشانای لێکەوتۆتەوە:(کەث- کەد- کەش- قەذ- قەد- قەس- قەش) وشەکانی (کەش) و (قەش) لە زمانی کوردییدا، واتای پێشەوای ئایینی لە

خۆگرتووە، کە بە داخەوە بەهۆی زاڵبوونی ئایینەکانی دیکەوە، وشەی (کەش) لەزمانی کوردییدا بەشێوەی سادە نەماوە و پوکاوەتەوە. بەڵام خۆشبەختانە شوێنەواری ئەم وشەیە بەشێوەی (پشتوێنی کەشی) ماوە. پشتوێنی کەشی برێتییە لە وپشتوێنەی کە کەسێکی ئایینی کاتێک دەگاتە پلەی باڵا ئەوپشتوێنە دەبەستێت، هەروەها بینیمان کە (کەش) بە مانای ڕێبەری ئایینی دێت. ئەمڕۆ وشەی (کەشی) لە ناو کوردی موسڵماندا بۆ ئەو جۆرە پشتوێنانە بەکاردێت کە حاجییان دەیبەستن، کە لە زمانی فارسییدا بووە بە(کەشید). هەروەها لە وشەی (قەش) یشەوە، وشەی قەشە کەوتۆتەوە کە بە واتای ڕێبەریی ئایینی مەسیحی دێت.

دواتریش لە وشەی (خەث) ەوە، وشەی (قەذ) و(قەس) و (قەد) کەوتۆتەوە. کە وشەی (قەس- قس) هاوواتای (کەش) و (قەشە) ی کوردییە، کە لە زمانی بە واتای (ڕێبەری ئایینی) یان (مامۆستای ئایینی) یان(زانای ئایینی)دێت. هەروەها لە وشەکانی (قەذ، قەس، قەد)ەوە، (قذیس، قدیس، قسیس) سازێنراون. لە زمانی زمانی فارسییشدا لە (کەش) ەوە، وشەی (کەشیش- کشیش) سازێنراوە. هەروەها لە (کەد) ەوە (کەدیش- کدیش) سازێنراوە.

یەکێک لە واتاکانی (خەث) برێتی بوو لە (مەزن- گەورە)، لەوشەی (قدیس) ەوە، وشەکانیی (قدس، مقدس، قدوس، قداسة... هتد) سازێنراون کە واتاکانی (فرە مەزن، مەزن و پیرۆز، مەزنییەکان، مەزنیی) لە خۆدەگرن. وشەی (خەث) لە زمانی گریکییدا بووە بە(کەث) (καθ) کە واتای (مامۆستا) ی لەخۆگرتووە» هەروەک پێشتر بینیمان کە (خەث) واتای مامۆستای ئایینی لە خۆگرتووە». دواتر وشەی (کاثۆلیک) (καθολικός) ی لێسازێنراوە. کە پێکهاتووە لە هەردوو وشەی (کەث) و (ئۆلیک)(ολικός)، کە (ئۆلیک) ێش بە مانای کۆمەڵ دێت. واتاکەی پێکەوە دەبێتە (کۆمەڵەی مامۆستایانی ئایینی، یان کۆمەڵەی ڕێبەرانی ئایینی).

لە زمانی کوردییدا کە پیتی (د) دەگۆڕێت بۆ (ی)، بنۆڕە (پەیدا- پەییا، (بەد- بەی)، (قەد- قەی). پێشتریش لەسەرەوە چۆنێتیی گۆڕانی وشەی (خەث) بۆ (قەد- قەی) مان بینی. بە مشێوەیە وشەی (کەد) یش گۆڕاوە بۆ (کەی) کە بە مانای (گەورە، مەزن، سەرۆک، ڕێبەر... هتد) هاتووە. وشەی (کەی) بو شێوەی (کی)(Κύ) کەوتۆتە زمانی گریکییەوە، کە بە مانای (کاک) (السید) دێت. پێشتر بینیمان کە وشەی (خودا - رب) بە واتای سەرپەشتیکەر هاتووە. (سەرۆکخێزان - رب الأسرة) یش بە واتای(سەرپەرەشتیکەری خێزان) دێت. کە سەرپەرەشتیکەری خێزان بە پلەی یەکەم (پیاو) دەگرێتەوە. لە ناو پیاواندا کە سەرۆکێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، بە و سەرۆکە گوتراوە (کەیخوا)، کە لە هەردوو وشەی (کەی) و(خوا) سازێنراوە، هەروەک دەزانیین کە (کەی) بە مانای سەرۆک دێت، دوواتر وشەی (کەیخوا)، چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەکو(کێخوا- کوێخا... هتد).

وشەی (بانو) کە بەمانای (سيدة) هاتووە، کاتێکیش کە (بانوان- ژنان) سەرۆکێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، بەو سەرۆکە گوتراوە (کەیبانوو) واتا (سەرۆکی ژنان)، وشەی (کەد) چونکە لەزمانی فارسییدا نە گۆڕاوە بۆ (کەی) ، بۆ یە هەردوو وشەی (کەیخوا) و (کەیبانوو)، بە شێوەی (کەدخودا- کدخدا) و (کەدبانوو- کدبانو) ماونەتەوە. وشەی (کەیبانوو) بۆ (گەورە- سەرۆک)ی ئەو ژنانە بە کارهاتووە، کە لە خانوویەکی مەزندا پێکەوە ژیاون، کە پێی دەگوترێت (حەوشی گەورە).

پێشتر گوتمان کە بێخی وشەی (شار) برێتییە لە (ثار)، کە دواتر وشەکانی (خشار، شار، سار، زار، شارا سارا، سەرا ... هتد)کەوتوونەتەوە.

لێرەشدا وشەی(کەی) لە گەڵ ئەو وشانەی سەرەوەدا ئاوێتەکراون و لە چەند قۆناغێکی جێوازدا ئەم ناوانە سازێنراون:- (کەیخثار)، (کەیخشار)، (کەیخشارا)،(کەیشار)، (کەیسار)، (کەیسارا)، (کەیزار).کە بەمانای سەرۆکی شار دێت، بەواتایەکی دیکە (پادشا) ، چونکە (شار) مە بەست لە (پایتەختە) و سەرۆکی شاریش بە مانای سەرۆکی وڵات دێت.

دوا تر لە وشەی (کەیخثار)، (کەیخشار)، (کەیخسار)، (کەیخەسرەو) کەوتۆتەوە.

بە دیوێکی دیکەشدا، هەر لەوشەی (کەیخسار)ەوە، وشەی (کەیکسار) کەوتۆتەوە، کە دواتر ئەم وشەیە گۆڕاوە بۆ (کەیاکسار) و لە زمانی گریکییدا بووە بە (کیاکساریس)(Κυαξάρης). هەروەها وشەی (کەیسارا) یش بە شێوەی (کیاساراس)(Καίσαρας) کەوتۆتە زمانی گریکییەوە.

هەروەها لە(کەیسار)یشەوە ناوی (قەیسەر) کەوتۆتەوە.

وشەی(کەیسارا) ش ناوی(کیسرا) ی لێکەتۆتوە، لە بەرئەوەی کە پاشاکان لە کۆشکدا حوکمرانییان کردووە، هەرلێرەوە ناوی (سارا) کە بەواتای (شار) هاتووە، واتاکەی لەدەست داوەو مانای (کۆشکی حوکمڕانی) ی لە خۆ گرتووە و هەر لێرەوە وشەی(سەرا) واتای شوێنی حوکمڕانیی لە خۆگرتووە ، ئەگەر (کەیسارا) بۆ عەرەبی تەرجەمە بکەین دەبێتە(رئيس الديوان) وە گەر تەرجەمەی حەرفیی بکەین ، دەبێتە (رئيس السراي) یان (حاكم السراي) هەر بۆیە لێرەشەوە وشەی (قەسر) کەوتۆتەوە، کە بەمانای کۆشکی شاهانە دێت، بنۆڕە لەکاتێکدا کە وشەی (سەرای) کەوتۆتە ناوزمانی تورکییەوە، بەمانای (قەسر) دێت، (آق سراي) واتای (کۆشکی سپی) دەدات.

دوای ئەوەی کە خانوو و بیناو دوکان و بازاری هاوچەرخ (عصري) ، دروستکراوە و شێوەی کۆشکی (قەیسەر) ی لە خۆ گرتووە، وشەی (قەیسەری) واتای بازاڕی هاوچەرخی لە خۆگرتووە.

وشەی (قەیسەر) بە شێوەی(کەیسەر) (Caesar) کەوتۆتە زمانی لاتینییەوە، کە بە زمانە ئەوروپییەکان بە چەند شێوەیەکی جێواز لە ڤز دەکرێن، بە لاتینی(کایزەر)، بە ئیتالی (چیزەرێ)،بە ئینگلیزی (سیزەر)، بە ئیسپانی (سێسەر)، بە ڕووسی(Цезарь)(سێزەر)هەروەها (تیزار- سیزار)یشی لیکەوتۆتەوە، ئەویش بۆ پیتی دوو دەنگیی (تس) دەگەڕێتەوە، کە لە بنەڕەتدا برێتییە لە پیتی (چ) بەڵام هەردوو دەنگی (ت) و(س) ی تێدا دەبیسترێت، ئەم دەنگە بە زۆری لە زمانی تۆرانیدا دەردەکەوێت، هەر بۆیە وشەی (کیزار) دوای ئەوەی کە دەنگی (ک) گۆڕاوە (چ)، وشەکانی (چیزار، تیزار، سیزار)ی لێکەوتۆتەوە.

وشەی (مەرث) کە هەردوو وشەی (مرۆڤ) و (مەردم) ی لێکەوتۆتەوە، هەروەها وشەی (مەرت)ی لێکەوتۆتەوە کە بەواتای (پیاو) دێت، پاشان گۆڕاوە بۆ (مەرد)، (مێرد)، (مێر)، شایانی گوتنە کە لەزۆربەی زمانەکاندا ، مرۆڤ و پیاو هەمان واتایان هەیە. لە زمانی ئەرمەنییدا وشەی (مەرد) (մարդ) بە واتای هەردوو وشەی (پیاو) و(مرۆڤ) دێت. لە زمانی پۆڵۆنییشدا وشەی (چووێڤیەک)(Człowiek) هەردوو واتاکەی هەیە. لە زۆربەی زمانەکانی دیکەشدا جێوازییەکی کەم لە نێوان ئەم دوو واتایەدا هەیە، بۆنموونە: لە زمانی ئینگلیزیدا بە مرۆڤ دەگوترێت (هیومان) (Human) و بە پیاویش دەگوترێت (Man)، تەنانەت هەندێجار خودی وشەی (مان) بە مانای مرۆڤ دێت، بۆنموونە (Man made) بە مانای (دەستکردی مرۆڤ) دێت، بەڵام گەر تەرجەمەی حەرفیی بکرێت، دەبێت بە (دەستکردی پیاو).

لە هەردوو وشەی(کەی) و(مەرث) ەوە وشەی(کەیمەرث) دروست بووە و پاشان گۆڕاوە بۆ (کەیومەرث)، وەک لە شانامەدا هاتووە کە ، یەکەم پیاو، یان یەکەم مرۆڤی سەر زەوی بووە، (هەرچەندە ئەمە تەنها ئەفسانەیەکە ، بەڵام زۆربەی ئەفسانەکان جۆرێک لە ڕاستییان تێدایە، بەڵام دەستکاری کراون و تێکەڵ بە شتی خەیاڵی کراون)، لێرەدا (کەیومەرث) بە واتای (پێشەوای مرۆڤ) دێت، چونکە (کەی) بە واتای (سەرۆک- ڕابەر- پێشەوا- پاشا) دێت و (مەرث) یش بە واتای (مرۆڤ) دێت. هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە (کەیومەرث)یەکەم مرۆڤ بووە، یەکێک لە پاشا (کەیانی) یەکان بووە، کە بە هەڵە بە (پێشدادی) ناسێنراوە. چونکە هەموو ئەو ناوانەی کە ڤەرەکی (کەی) یان پێوەیە (کەیانی)ن (کەی) بە واتای (پاشا) یان (سەرۆک) دێت، (کەیان)یش کە جەمعی(کەی)ە بە مانای (عائلة المالكة) دێت. هەموو ئەوانەی کە (کەی) یان پێوەیە(کەیان) ین، وەکو: کەیخەسرەو، کەیقوباد، کەیکاوس، کەیاپیوە، کەیومەرث ...هتد.

شایانی ئاماژەیە کە هەموو سەرۆکە کەیانییەکان کوردن و فارس نین، چونکە لە زمانی فارسییدا پیتی(د) ناگۆڕێت بۆ (ی). هەروەک بینیمان کە لە زمانی کوردییدا وشەی (کەد) گۆڕاوە بۆ (کەی)، بەڵام لە زمانی فارسییدا وشەکە وەکو خۆی ماوەتەوە، بنۆڕە وشەکانی (کەیخوا) و (کەیبانو)، کە لە زمانی فارسییدا (کدخدا) و(کدبانو)ن. خۆ ئەگەر ناوەکانی(کەیخوسرەو، کەیقوباد، کەیکاوس... هتد) فارسی بوونایە، ئەوا بە (کدخسرو، کدقباد، کدکاوس) دەردەبڕدران و بە (کەیانی) یەکانیش دەگوترا (کدانی).

دریژەی هەیە...

د.بێهرووز چەمەنئارا:
بنکەیەکی نیشتیمانی بە ناوی شانامەی کوردی هەبێت

دیمانە/ قاسم تاباك

دکتۆر بێهرووز چەمەنئارا لە بنەماڵەیەکی کورد، ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە «قەڵاتئاباد»ی سەر بە پارێزگای ئیلام لە دایک بووە. تێزی دکتۆرای لە ئاڵمان لە سەر شانامەی کوردی بووە. ئێستاش لە زانستگای کوردستان، مامۆستای بەشی زمان و ئەدەبی کوردییە. ئەم وتووێژمان سەبارەت بە شانامەی کوردی لەگەڵ بەڕێزیان پێکهێناوە.

(پێوەندییەکە لە ڕێی تەلیفوونەوە بووە).

***ئایا خوێندنەوەی شانامەی کوردی کاتی خۆی لە ناوچەی ئیلام باو بووە؟**

* **بێهرووز چەمەنئارا**: من خۆم لە بیرم نایە، بەڵام پرسیارم کردووە لە دوور و نیزیکەکان، دەیانوت کە بەڵێ دەیانخوێند، بەتایبەتی لە شەوگەلی زستاندا کە خەڵک بێکار بوون و لە ماڵ بوون. شانامە خوێندنەوە بەشێک لە سەرگەرمییەکانی مەجالس بووە.

***وەکوو پێشینە، ڕابردووی شانامەی کوردی بۆ کەنگێ دەگەڕێتەوە؟**

* **بێهرووز چەمەنئارا**: پرسیارەکەتان چون تا ڕادەیەک لێڵە، پێمخۆشە ئیجازە بفەرمووی کەمێک لەسەری بدوێم. ڕابردووی نەریتی زارەکی کەس نازانێ، دەچێتەوە بنی مێژوو. ئێمە نازانین لە کەیەوە ئەم گێڕانەوەگەلمان دەکرد، کەسەکانی ناویان شێوەی خوایان هەیە، کارگەلی عەجیب و غەریب دەکەن! وەک نموونە ڕۆستەم کەسێکە کە فەقەت لە نێو چاڵی چاویدا شەش مەن گەنم جێگەی دەبێتۆ یان ئەوەندە بەهێزە کە کاتێک دەچێ بە ڕێگادا تا گوێزینگی پای دەچێ بە نێو زەویدا!

ئەمانە فۆرمگەلێکن لە بیر و باوەڕی مرۆڤی کۆنی بەدەوی کە زۆر لەگەڵ سروشت پێوەندی هەیە و زۆر لەگەڵ دنیای سەروو، سروشت لە نێو گەلێکی ماورئولتەبیعیدا باوەڕی زۆری هەیە بۆیە دنیای شانامە دنیای ڕەوایەتییەکەی واتە دنیای گێڕانەوەی شانامەی کوردی زۆر کۆنە، دەگەڕێتەوە پێش مێژوو، دیارە کە دەگەڕێتەوە سەردەمی پێکهاتنی یەکەم کۆمەڵگاکانی کە ئێستا ئەناسرێ بە ناوی کوردی و نازانین لەو سەردەمە ناویان چی بووە و چۆن بوون، بەڵام زۆر زۆر دەگەڕێتەوە دواوە، بەڵام لە باری دەستنووسەوە، لە باری چۆنێتی گەیشتن بە ئێمەوە، دەتوانین بڵێین دەستنووسەکانمان کۆن نین، دەستنووسەکانمان ئەوپەڕی چوار سەدە تەمەنیانە و تەبیعیشە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بە دەلیلی مەسائیلێ کە زۆرتر گرێدراوی بابەتگەلی هێز و دەسەڵاتە، ئێمە بەم تکنیکەوە خۆمانمان پاراستووە و نەماننووسیوەتەوە. بۆیە ئێمە وەکوو نەریت تەماشای دەکەین، نەریتێکی زارەکی کە لە سەردەمی سەفەوی بەرەو، مەیل بە نووسینیان زۆرتر بووەتەوە و نە تەنیا شانامە کە تەنانەت دەقگەلی ئایینیمان کە مەمنووعیش بوون وە ئەمانە وەک مووحاربە بوون، وەکوو کوفر بوون بە لای ئەدیانی باڵادەستەوە، ئەوانەش کەمکەم دەستیان کرد بە نووسینی بیر و بڕواکانیان و ئەوانەیان تۆمار

کرد و هەڵیانگرت. ئەمە بە هەر حاڵ بزووتنەوەیەکە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەتایبەت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئێمە و لەگەڵ باشوور.

***جەنابتان دەفەرمووی لەوانەیە شانامەی کوردی بۆ پێش مێژوو بگەڕێتەوە،بەڵگە بۆ ئەو وتەیەت بەشی نیشانەشناسییە. چ نیشانگەلێکی تێدایە کە ئەو قسەیەمان ئیسبات بکا؟**

* **بێهرووز چەمەنئارا**: نیشانەکانمان زۆرن، نیشانەی پێش مێژوو زۆرتر ئەدەبیاتی و ئوستوورەیییە، یانی ئەوەی کە پێوەندییەکی نزیک لە بەینی خواکان و ئینسانەکان هەیە نە وەکوو شتێکی وەکوو باوەڕی دینی ئەمڕۆ ئەیناسین، بەڵکوو خودی خواکانن کە خەریکن ئەرک ئەگێڕن و خۆیان لە نێو گێڕانەوەیەکدا لە گۆشەیەکدا کار دەکەن و حزووریان هەیە و یان لە نێو دەچن، یان ئەوەی کە مرۆڤگەلێکمان هەیە کە شێوە خوان. ئەم مرۆڤگەلە کە نیوەمرۆڤ نیوەخودان. تەنیا پێوەندی بە کوردیشەوە نییە، لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکەش بە هەمان شێوە نموونەمان هەیە، مەسەلەن گیلگەمێشمان هەیە یان لە ئەدەبیاتی فارسیدا بە هەمان شێوە نموونەی جەمشیدمان هەیە، گەرشاسب هەیە، کەیخۆسرۆ هەیە. ئێستاش ئێمە تەسەورمان وایە لە دنیای ئەدەبیاتدا زیندوون و جزوی یەکەم کەسایەتییەکانن لە ئەدەبیاتی جیهاندا. کەسگەلی تایبەتمان هەیە کە ئەمانە زیندوون بۆ هەمیشە وەکوو خزر کە هەم لە ئەدەبیاتی ئیسلامی هەم لە ئەدەبیاتی یەهوودیدا و هەم لە ئەدەبیاتی مەسیحیدا ناسراوە. یان خودی حەزرەتی مەسیح ئەگەرچی ئەوانە لە سەردەمی مێژووییدا بەدی هاتوون، مەسەلەن خودی چیرۆکی حەزرەتی مەسیح و ئەوانە، بەڵام تایبەتمەندیگەلی مێشکی کۆمەڵگای پێش لە ئەوانە کە خەریکە نیشانەکان بە ئەوان تەحمیل دەکا، هەمان نیشانەیەکن بۆ نامیرایی، بۆ هەرمانی یان ئەوەی کە لە ئەدەبیاتی یارسانیدا وەک نموونە تەناسووخمان هەیە و کەسەکان جیلوەی تازەیان هەیە، زهووریان هەیە، لە خوا مێهمان دەبن. ئەمانە لە شانامەیشدا کەم و زیاد دەیانبینین، مەبەستم ئەوەیە لە دیوگەلی موختەلیفەوە هەم لە باری گێڕانەوە و هەم لە باری خودی مەفهوومی زەمانەوە، ئەمانە هەموویان بە ئێمە ئەو ئیجازەیە ئەدەن کە لەم گێڕانەوەگەلە لانیکەم بەشێکی هەرە زۆری، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بێ زەمانی. لە نێو خودی کورددا بە ناوی دەورەی ڕاسان مەعرووفە. پێش ویدا ڕاسی. ئەوانە هەموو نیشانەگەلێکن بۆ ئێمە، دەتوانین دەستیان بۆ ڕابکێشین و بڵێین ئەمانە بەڵگەن بۆ ئێمە بۆ وەی کە

بڵێین گێڕانەوەکان لە سەردەمی خۆمان یا لە سەردەمی نوێ بەدی نەهاتوون. ئەوانە پێش لە مێژوون، بەڵام لە دەورەی مێژووییشدا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام بنەکەی هێشتا ماوە. ئەڵبەت ئەو شتە کە من ئێژم تەنیا بۆ کورد نییە، ئەگەر چاوێک لە ئەدەبیاتی مێتۆلۆژی جیهان بخشێنین و نیشانەناسی بکەین، دەبینین کە زۆربەی وڵاتان بە هەمان شێوە دەستیان پێکردووە، ئێمەش هەر وەکوو ئەوانین.

***بە شێوەی تەتبیقی، جیاوازیی سەرەکی نێوان شانامەی فێردۆسی و شانامەی کوردی لە چی دایە؟**

* **بێهرووز چەمەنئارا**: شانامەی فێردۆسی نوێنەری ڕاستەقینەی ئەدەبیاتی فارسی نییە. ئەدەبیاتی فارسی چەندین نموونە شانامەی هەیە کە پێش لە شانامەی فێردۆسی هەبوون و لە دوای فێردۆسیش وجوودیان بووە، بۆیە ئێمە ناتوانین بڵێین تەنیا شانامەی کوردی لەگەڵ شانامەی فێردۆسی بەراورد بکەین بە دەلیلی ئەوەی کە شانامەی فێردۆسی بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا لە ژێر شێوە تێڕوانینێکی دەسەڵات لە سەردەمی خۆی بووە و لە واقعدا لە ژێر چوارچێوەیەکی دیاری هەژمۆنێکی ئەو سەردەمەدایە، بەڵام ئێمە پێش ئەوە وەک نموونە شانامەی ئەبۆلماعید بەلخیمان هەیە، یان شانامەی ئەبولمەنسوور دایەغیمان هەیە یان ئەبووعەلی بەلخی، مەسعوودی مەرزی یا ئەبوومەنسوریمان هەیە، کە ئەمانە لە پێش فێردۆسی بوون و لە دوای ئەویش ئێمە نەریتێکی زۆر گەورەمان هەیە، کە هێشتا حزووری هەیە؛ بە زمانی فارسی پێیدەڵێن حەڵقەی سیستانی. ئێمە خەبەردارین کە دوازدە دەفتەری جۆراوجۆرن وەکوو بانو گۆشەسبنامە، گەرشاسبنامە، سامنامە...) کە ئەوانە لە شانامەی کوردی نیزیکایەتی زۆرتریان هەیە. یانی ئەگەر ئێمە دەسەڵات لە بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی حیماسی ئەدەبیاتی فارسی وەدەرخەین نەوعێک لە ئەدەبیاتی پاڵەوانی بەجێ دەمێنێ کە ئەوە زۆر نیزیکە لە ئەدەبیاتی کوردیی ئێمە، واتا ئەدەبیاتی حیماسی یان بە قەولی ئینگلیزییەکان ئەدەبیاتی پێوەر یان مەرکەزەکەی بە بێدەسەڵات ئەوەیە کە لە بەینی ئێمە لەگەڵ حەڵقەی سیستانی وە هەروەها حەڵقەی دیکە بە ناوی حەڵقەی نەقاڵی دەناسین وێچوونی هەیە. ئەمما لەم بەینەدا شانامەی فێردۆسی جیاوازە نەک تەنیا لەگەڵ ئێمە کە لەگەڵ حەڵقەی سیستانی و لەگەڵ نەقالیش. بەشی عوومدەی جیاوازییەکەی ئەوەیە کە شانامەی فێردۆسی زۆر زۆر لە ژێر هێژمۆنی ساسانییەکاندایە و بەشی مێژوویی ساسانییەکان وەکوو بەشێک لە درێژەی ئەدەبیاتی کۆنی دەورەی ڕاسان

دێ، یان مەسەلەن سەردەمی تەیموور کە یەکەم ئینسان و یەکەم پادشایە تاکوو ئاخرین دەورەی کیانییەکان کە دەورەی بەهمەن بێ، هەمووی پێکەوە وەسل دەکا.

دارا دێتۆ، ئێسکەندەر دێتۆ، باسێکی کورت دەکا کە ئەشکانییەکان و زۆر کات دادەنێ و باسی ئەنەوشیروان، هۆرمۆز و قوباد دەکا و لە واقیعدا بەشێک لە بەڵگەکانی دەورەی ساسانی تەبدیل دەکا بە نەوعێک گێڕانەوە لە نەوعی ئۆستوورەیی و ئەدەبی. ئەوە شتێکە کە لە هیچ کام لە ئەنواعی ئەدەبیاتی حیماسیی ئێران نایبینین و لە شانامەی کوردیشدا، ئەمما موتڵەقەن شتێکی ئاوا نابینین و ئێمە هیچ خەبەرێکمان لە سەردەمی ساسانی و ئەشکانی نییە و ئەدەبیاتمان سەردەمی مێژووی نییە، ئێ سەردەمی ڕاسانە، مەوجووداتەکەی ناویان جیاوازە. مەسەلەن ڕۆستەمێک هەیە بە ناوی ڕۆستەمی یەکدەست کە دێوە. یان جەمجەممان هەیە و نموونەگەلی دیکە، ئەمما وەختێک تەماشای فێردۆسی دەکەین، تەرکیبی ئەمانە لەگەڵ کەسانی واقعیە، مەسەلەن لە لایەکەوە چیرۆکی «کرمی هەفتپا» دەخوێنێ لە لایەکەوە ئەژدەهایە کە لە لایەکەوە شەڕی مەزدەک و دەبینێ لەگەڵ ئەنووشیروان و سەرکوت کردنی بزووتنەوەی مەزدەک یان چیرۆکی بەدی هاتنی شەترەنج. ئەوانە دیارە کە شانامەی فێردۆسی تەرکیبێک لە ژانرگەلی موختەلیف کە ئەم ژانرگەلە لە باری پێگە، لە باری چۆنێتی بەرهەمهێنان، لە باری کۆمەڵگادا کاریگەری جۆراوجۆری هەیە و یەکدەست نین، بەڵام شانامەی کوردی وا نییە، حەڵقەی سیستانی وا نییە، هەمووی یەکدەستە. بەردەنگی چۆنیەتی بەدیهاتنی و چۆنیەتی گواستنەوەی هەمووی یەکدەستە و ئەمانە لە باری فۆرم و نێوەرۆکەوە کێشەگەلێکی بنەڕەتین کە ئەگەر پێویست بێ پیاو دەبێ ساڵیانی ساڵ دانیشێ و چەندین کتێب بە سەر ئەو بدوێ کە جیاوازییەکانی شانامەی کوردی و شانامەی فێردۆسی چییە.

***ئارەش لە شانامەی فێردۆسیدا ئارکیتایپی فارسەکانە، ئایا ئارکیتایپێکی خاس لە شانامەی کوردیدا هەیە؟**

* **بێهرووز چەمەنئارا**: من تەسەور ناکەم ئەو ئارکیتایپەی جەنابت باسی دەکەی، ئارکیتایپێک بە شێوەی مێژوویی لە خزمەت گوتاری ئێران یا فارسیدا بێ. لە واقیعدا ئارەش ئارکیتایپێکی زاگرۆسییە ئەزقەزا کە لە شانامەی فێردۆسیدا حەزف کراوە. ئەگەر دیققەت بفەرموون مەسەلەن شێعرگەلی فارسیبێژی کە زاگرۆسین،

وەک نموونە مەسەلەن خاقانی یان نموونەگەلی کەسانی دیکە کە لە حەوزەی زاگرۆسدا ژیاون لەگەڵ خەڵکانی زاگرۆس پێوەندیان بووە و خەبەر دەدەن لە ئارەشی کەمانگیر، بەڵام لە فێردۆسیدا لە یەک دوو شوێن ناویتی و ئیتر نامێنێ و لە سەردەمی مۆدێرندا یانی لە ژێر شێوە خوێندنەوەیەکی هەژمۆنیکی، فارسی ناوەندێک لە هەموو نەتەوەکانی ئێرانی کە فارسی ناوبانگی دەرکرد و بەو شێوە ئارەشی کەمانگیریش وەکوو ئارکیتایپێکی ئێرانی لە قەڵەمی دەدەن، لە حاڵێکدا ئەسڵەن وا نەبووە. لە شانامەی کوردی و حەڵقەی سیستانی و لە حەڵقەی نەقاڵی ئێمەدا ئارکیتایپی ئەسلیمان هەر خودی ڕۆستەمە، بەڵام بڕێک خاڵی تایبەتیمان هەیە کە ئێمە وەکوو بەشێک لە نزامی مەعرفەتی زاگرۆسی جیا دەکاتەوە. وەک نموونە جیاوازی لە شەڕی بەینی ڕۆستەم و ئێسفەندیاردا هەیە لە زاری سۆهرەوەردی دەیژنەڤین. سۆهرەوەردی خۆی خەڵکی سوورەبەردە و زاگرۆسییە، سەر بە نیزامی فکریی زاگرۆسییە و چەند سەدساڵ پێش لە ئێستایە و لە تەوسیفی شەڕی بەینی ڕۆستەم و ئێسفەندیاردا ئەو تەسویری قەبلییە کە فێردۆسی دەیوت ڕۆستەم ئیتر دامابوو، بریندار بوو، هیچ ڕێگای نەمابوو، بە هەر فریو و حیلەیەک بێ هاتوو و ئەوی ڕازی کرد کە شەو بێتۆ بۆ ماڵ و لەوێ سیمۆرغ لە ئاسمان دێتە خوار و پێیئێژێ دەبێ بچێ چڵ دانمی گەز لە دەریای قوڵزون بێنی و سەر دوو چاوی بەیتۆ زامەکانی سارێژ دەکا. ئەمە لە گوتار و گێڕانەوەی سۆهروەردی شتی دیکەیە، ئەو دەڵێ کە سیمۆرغ دێتەوە خوار. پێی دەڵێ کە دەبێ زرەیەک بپۆشی کە زرەکەت هەمووی ئاسنی سەیقەلی بێ. بەو شێوە کە خۆر لە تۆ دەدا چون دەزانێ کە ئێسفەندیار ڕوویینتەنە و زەرتۆشت ڕوویینتەنی کردووە، بەڵام چاوی بەسترابوو ئەو کاتە دەزانێ چاوی بە خۆر خەسار دەبینێ. بە شێوەیەک لە ڕووبەڕووی ڕادەوەستێ ئێسفەندیار ئەسڵەن ناتوانێ ببینێ و کوێر دەبێ. ئەم تایبەتمەندیگەلەی ئێمە، لە ئەدەبیاتی حەوزەی زاگرۆس و لە شانامەی کوردیدا دەیبینین و لە حاڵێکدا لە ئەدەبیاتی فارسی بەتایبەتی بە مەرکەزی فێردۆسی شتی وا نابینین و گەرەکمە ئەوە باس بکەم کە ئەگەر نەمانتوانیوە شانامەی کوردی بە باشی بخوێنینەوە یان گوتاری حاکم بە سەر خوێندنەوەی شانامەی فێردۆسی لە دنیای ئێستا نەمانتوانیوە ڕەخنەی لێ بگرین، کەمکاری لە خۆمان بووە وەگەرنا ئەوە کە فێردۆسی بە ناوی فارسیدا زۆر دیارە و تایبەتە دەق نەکراوەتەوە.

***لە شوێنێکدا دیمانەیەکیان لەگەڵدا کردووی کە دەفەرمووی وەک میراتێکی فەرهەنگی جیهانی، دەبێ چاو لە شانامەی کوردی بکەین، چ بەڵگەیەکت هەیە بۆ ئەو بەشەی قسەکانی خۆت؟**

***بێهرووز چەمەنئارا**: بزانە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە باوەڕمان هەیە بە هەندێک شت کە خەریکین بە چاو دەیانبینین وەکوو باوەڕمان هەیە بە تاقیگەری، باوەڕمان هەیە بە زانکۆ، باوەڕمان هەیە بە قەڵەم و نووسین، ئەوەندە ئەمە تکرار بووەتەوە کە لامان وایە لە ڕۆژی یەکەمەوە هەر وا بووە. مەسەلەن باوەڕمان هەیە کە لە بەشی پێوەندی بە نامە بووە و هاتۆ لە بەر دەرگای خەڵکی داوە و نامەیان گەیاندۆ. ئەگەر خوداوەند وەحی کردۆ بە حەزرەتی پەیغەمبەر و خودی خۆی سەوادی نەبووە، نەخێر ئەسڵەن وا نییە، دنیای پێش ئێستا دنیایەکی زۆر زۆر سەیروسەمەرە، دنیایەکی تارە، چوارچێوەدارە، داڕێژراوە، حەساو کتابی هەیە، زۆر زۆر هەستیارە. دەڵێم مێژوو وەک میراتێکی جیهانییە لەبەر ئەوە کە میراتی جیهانی لە ئەدەبیاتی جیهان، ئێمە کەممان بۆ ماوە وەکوو شانامەی کوردی کە ئەوەندە ئەدەبیاتێکی گەورە و بەربڵاوە، بێ لە سینکی خەڵک کەمتر مابێتەوە و کەمتر نووسرابێ. ئەوەی کە وەکوو ئەدەبیاتی جیهان دەیناسین لە بەشی کلاسیک، مەسەلەن ئەدەبیاتی هۆمێریک و ئێمە لە ئەدەبیاتی هۆمێریک شەکمان هەیە، ئایا هۆمێر یەک نەفەر بوو یان ئەسڵەن نەریتێک بە ناوی هۆمێریک هەبوو؟ نەوعێک لە ئەدەبیات دەبینین کە هەمووی لەبارەی خودایان و ئۆستوورەیە و ئەوانە تێکەڵاوی بەینی مێژوو و ئۆستوورەیە و لە زاری خەڵکەوە لە نێو ڕۆمانییەکان یا یوگوسلاوییەکان تۆمار کراوە. بوو بە شتێکی نووسراوە و هاتە دەرەوە و هەمووی هەر وەکوو شانامەی کوردی زارەکی بوو، بەڵام ئورووپاییەکان بەتایبەتی بە داهێنانی جەنابی ‹میل مەن پەری لەگەڵ جەنابی ئالبێرت لۆرد چوون بۆ مەناتق لەگەڵ کەسانێک بە ناوی گۆسلاری دیمانەیان کرد و هاوردیان لە نێو زانستگا لە نێو تاقیکانی خۆیان لێکیان داوە و زانیان ئەمە نەریتێکی زۆر گەورەی عەجیب و غەریبە. پڕە لە تێمی جۆراوجۆر پڕە لە شتێک بە ناوی فۆرمیلا. لەگەڵ یەکتر دانیشتن و وەکوو پازێلێک تەمێک دروست دەکەن، گێڕانەوەیەک دروست ئەکەن. گۆسلارییەکان کەسانێکی دەنگخۆش بوون، میمۆرییەکی زۆر زۆر گەورەیان لە بەر بوو، دەیانخوێند هەم بە مۆسیقا، هەم بە دەنگ. کەسانێک بوون کە بە شێوەی سەدان ساڵ ئەدەبیاتیان هەموو پاراستبوو، بەڵام هیچ دوانێکیان وەکوو یەک نەبوو تازە تێگەیشتن، کە بێجگە لە ئەم شتە کە وەکوو میرات نوسراوەمان

هەیە، بەشێکی گەورەمان هەیە بە ناوی میراتی نەنووسراوی ئەدەبیات کە میراتێکی جیهانین و خەریکن لە نێو دەچن. دەستیان کرد بە تۆمار کردن و تێگەیشتن لە چوارچێوەکانی نێودڵی ئەو شێوە بەرهەمهێنانە و گواستنەوە بە شێوەی پارێزەرانی ئەو ئەدەبیاتە. بەداخەوە لە حەوزەی کوردی و لە ڕۆژهەڵات ئەسڵەن ئەم کارەمان نەکردووە و هەتا نەمانتوانیوە لاسایی ئەوان بکەینەوە، هێشتا کە ئەمە لە ئێران کە سەد و وردەیەک ساڵە زانستگامان هەیە نەمانتوانیوە دوو واحد دەرسی مەسەلەن چوارچێوەکانی ئەدەبیاتی زارەکی یا نەریتیمان بێ یا بزانین چۆناوچۆنە. بۆیە عەرز دەکەم کۆمەڵگای کوردی بەشێکە لە کۆمەڵگای جیهان، بەشێک لە مرۆڤ و شێوەیەک لە بەرهەمهێنان کە زۆر نیزیکە لە شێوەی ئەدەبیاتی هۆمێریک. گوسلارییەکان ئەوان بەخشەکانی ئێمە یان ئەوانەی کە ئەدەبیاتی ڕاسانیان زانیوە بە ناو گەلی جیاواز ناسراون یا ئەوبەری خوراسان بە ناو بولبول دەیانناسن. ئەمە نەریتێکی گەورەیە و بەشێک لە نەریتێکی جیهانی کە بەداخەوە لە دنیایەکی مۆدێرندا خەریکین دەژین. ئیتر گوێزراوین بۆ دنیایەکی دیکە، ئەسڵەن نایبینین و تەسەور ناکەین ئەوە شتێکی گرینگە، دە حالێکدا ئەوە شتێکی زۆر زۆر گەورە و پڕبایەخە و بەشێک لە میراتی مانەوی و ئەدەبی زارەکیی جیهانە کە هیوادارم بە شێوەیەک بکرێ، ئەمانە بە باشی تۆمار بکرێن، بونیادێکی گەورەی شانامەی کوردی دەوێ هەموو ڕەخنەکان، هەموو ڕاوییەکان، هەموو پێوەندیەکان پەیدا بکەین. چوێنێتی خوێندنیان ئایا لەگەڵ ساز بووە یا نا، بە دەنگ چۆن بووە، لە کامە جوغرافیا خوێندراوە و پێوەندی لەگەڵ ئەدەبیاتی تر و پێوەندی لەگەڵ نەقاڵی، پێوەندی لەگەڵ حەڵقەی حیماسی یا سیستانی، پێوەندی لەگەڵ بەشگەلی ئەدەبیاتی عەرەبی و لەگەڵ ئەوانەی کە وەکوو خۆمانن لە ئەدەبیاتی یونانی و ئەوانە هێشتا پرسیارگەلی بنەڕەتین، کە بۆ ئێمە وەڵام نادرێتەوە تاکوو کارە بەراییەکان ئەنجام نەدەین.

***ئەگەر بمانەوێ باسی خودی شانامەی فێردۆسی بکەین، دە ئاخریکەیدا دەڵێ (بسی رنج بردم در این سال سی) نەوعێک هەستی ناسیۆنالیستیی فێردۆسی وادار دەکا کە شانامە بنووسێتەوە، ئایا لە نوسخەی کوردیشدا دەتوانین ئەو هەستی ناسیۆنالیستییە ببینین؟**

* **بێهرووز چەمەنئارا:** عەرزبێ فێردۆسی خۆی ئەو کارەی نەکردووە ، یانی ئەسڵی هەستەکە نە خودی شانامە، هەستێک کە بزوێندراوە، لە لای حاکمەکانی سامانی

بوو، دەسەڵاتێکی گەورەی بەجێ ماوە لە سەردەمی سامانییەکان، لە سەردەمی نووح و کوڕەکانی و لەو دەورەوە دوور کەوتبوون لە مەناتقی ئەسڵی ئێران بە ناوی نەیشابوور، ڕێی و هەمەدان گەرەکیان بوو ئێستا کە دوورن و غەریبن کارێک بکەن، بۆیە دەسگەلێکیان لە مرۆڤ، نەیشابوور، هەرات...) دەعوەت کردووە هاتن پووڵیان دا هانیان دان کە ئێوە وەرن شتێک بە ناوی خەتایینامە یا خوداینامەیان، ئەو شتەی کە ئێستا پێیئێژین شانامە بنووسن و بابەتی ئەمە ئێوە پاداشیش وەردەگرن. کەسانێک ئەو کارەیان کرد، ئەوانەی ئەمما دەبینین دەقیقی و مەنسووری هەر درێژەی پێدەدرێ هەمان ویست و خواستی باڵادەستەکان لە ئەو سەردەمەدا و فێردۆسیش کە ئەوانی دیوە گەرەکی بوو تەکمیلی کا یا باشتری بکا تا هەمان کار کە ئێتر نەگەیشتووە بە ئەوان و لە سەردەمی دیکەدا بووە. بەداخەوە ئێمە ئەو بەشی دەسەڵاتمان هەمیشە ئەمری غایبی ئێمەیە، یانی ڕاسەکانی ئێمە، زمانەکەمان، زانۆکە فەرهەنگییەکانمان لەبەر بێ دەسەڵاتی پەرتەوازە کەوتوون. ئەگەر دەسەڵاتێک ببێ، پشتیوانی بکا، ڕەنگە ڕاوییەکان و بێژەرەکانی ئێمەش هەمان کار بکەن، ئەگەر چی لە ئەسڵدا کارەکە کراوە، دەفاتری شانامەی کوردی سەرەوەی بیست و سین. زۆر زۆرن، بەڵام ئەوەی کە نەبووە بە مەجمووعەیەکی یەکدەست، ساغ نەبووەتەوە، خەڵک خەبەریان نییە، شی نەکراوەتەوە، بە شێوەی ڕەخنەیی نەخوێندراوەتەوە، بە شێوەی دەرسی نەکەوتووەتە نێو دەرسەکانمان، ئەمە نەبوونی دەسەڵاتە.

ئەگەر ئێمەش دەسەڵاتی چکۆلەی وەکوو سامانییەکان بووایە، دەمانتوانی وا بکەین، بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو شتە نەبووە.

***واتە دەتوانین بەپێی قسەکانی جەنابتان بەم ئاکامە بگەین کە پاڵەوانەکان لە شانامەی فارسیدا پادشان، بەڵام پاڵەوانەکانی شانامەی کوردی خەڵکن؟**

* **بێهرووز چەمەنئارا**: تاڕادەیەک، بەڵام پێمخۆشە وردەیەک لە سەری بڕۆم، ئەویش ئیحتیمالەن لە قسەیەک دێتەوە کە جاران کردوومە کە بەشێک لە گێڕانەوەی شانامەی فێردۆسی و لە ئەدەبیاتی فارسیدا شێوەی هێژمۆنیکی پاشایانە لە سەری دانە کە هەتا خواکان، هەتا ئاراستەی گێڕانەوەکان، دەبوا بەرەو شوێنێک بێ کە بە نەفعی حاکم یا بە نەفعی پاتشاە بێ، نەک بە نەفعی پاڵەوانەکان. ئەوە شتێکە کە یەکێک لە جیاوازییەکانی گێڕانەوەکانی ئێمە و ئەوانە. لە لای ئەدەبیاتی حەڵقەی سیستانی، لە

نەقاڵی و شانامەی کوردیدا پێکهاتەی ئەدەبی حیماسی کە بریتی بێ لە شانامە، تەنیا لە بەینی چوارچێوەیەک دایە کە لە کیومەرس هەتا کۆتایی بەهمەن حەرەکەت دەکا، بەڵام لە شانامەی فێردۆسیی تازەدا لە سەردەمی بەهمەن دەست پێدەکا. تازە ئەو کاتە دەگاتێ پاتشایەتی دەست پێدەکا، سەرەوەیی ساسانییەکان، نۆشیروان و دوای یەک یەک تەمامی پادشاکان ڕیز دەکا. ئەوە شتێک نییە کە ئێمە لە ئەدەبیاتمان بایەخمان پێدابێ. پاڵەوانەکانمانیش سەرەتا کوللی چیرۆکەکەیان بە پاڵەوان دەست پێدەکا و بە پاڵەوانیش تەواو دەبێ، یانی لە کۆتایی شانامەی کوردی ئازەریدا بۆرزین دێتۆ بەهمەن دەکوژێت تەواو دەبێ و لە دوایی ئیتر شتێک نییە، بەڵام لە شانامەی فێردۆسیدا بەو شێوە نییە کە بەهمەن بکوژرێ و تەواو بێ، تازە دارا دێ، دارا و جەریانی هۆما و ئیسکەندەر و مابەقیمان هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بەگشتی ئاراستەی گێڕانەوەی شانامەی فێردۆسی و ئەدەبیاتی فارسی درێژەپێدەرێ گوتاری شاهانەیە، بەڵام لە مابەقیان چ لە حەڵقەی سیستانی، چ لە ئەسڵی نەریتی نەقاڵی، چ لە نەریتی کوردییەکەیدا بەم شێوە نییە، ئیتتسال بە خاندانی پاڵەوانی، پاتشاهان گرینگن، شێوە خوایەتیان هەیە، بەڵام وا نییە کە ئەوەندە زاڵ بن کە ڕاستەی گێڕانەوەکە هەموو بە ئەوان بێ. پادشاکانمان خاس و خراپیشیان هەیە، بەڵام لە ئەسڵدا سەروەری هەمیشە بە پاڵەوانەکانە کە ئەم ڕووحی وڵاتەکە و هەموو شتێک دەپارێزن و بەو خاترە پێیان ئێژن تاجبەخش. مەسەلەن بە خوودی ڕۆستەم دەڵێن تاجبەخش، هەر بەو خاترەی، ئەمما مەسەلەن کەیخۆسرۆ نائێژن بە کەیکاووس نائێژن، دەزانین کەیکاووس کەسێکە تا ڕادەیەک کەمعەقل و کەمخێرە یان بەهمەن هەر بە کووژەستەک ناوی لیدەبەن یانی بەدکار، چونکە لەگەڵ زاڵ شەڕ دەکا و ئەسیری دەکا یان کوڕەکانی و کچەکانی دەخاتە زیندان، بەڵام لە کۆتادا دیسان کەسێک لە خاندانی پاڵەوانییەوە، کوڕی فەرامەرزی کوڕی ڕۆستەم لە هیند دەگەڕێتەوە و شکەستی دەدا و دەیکوژێ و دیسان دەگەڕێنەوە سەر خانەی ئەوەڵ، یانی سەرەتای چیرۆکەکان، حکوومەتی پاشاکان دەدرێتە دەستی پاڵەوانەکان.

***چ وەجهە ئیشتراکێک بەینی کەسایەتییەکانی هاوبەش لە نێو کەسایەتییەکانی شانامەی کوردی و فارسی وجوودی هەیە؟**

***بێهرووز چەمەنئارا**: گرینگترینەکەی هەر ڕۆستەمە، دەزانین کە لە واقیعدا بناخەی ئەدەبیاتی پاڵەوانی ئێمە لە شانامە هەر ڕۆستەمە لە ئەدەبیاتی فارسیشدا بەتایبەتی

لە شانامەی فێردۆسیش هەر ڕۆستەمە، ئەوانە واقیعیەتەکەیە، بەڵام ئەگەر تەماشای شەجەرەی بکەین یانی گشت کارەکتەرەکانی نێو شانامەی فێردۆسی لە بەشی ئۆستوورەیی و شانامە کوردیش تەماشا دەکەین زۆربەیان نیزیکن لە یەک، بەڵام شانامەی کوردی زۆر دەقیقتر و ڕیزترە. یانی مەسەلەن خاندانی ڕۆستەم، کوڕەکانی، کچەکانی هەموو لقوپۆپەکانی هەن، بەڵام لە فێردۆسییەوە ئەوە نابینین. مەسەلەن چیرۆکی بۆرزوو ئیتر خەبەرمان لێی نییە هەر دەژنەڤین و ئیتر تەواو. فەرامەرز چیرۆکێکی کەمی لێ هەیە لە فێردۆسی، بەڵام ئەمە لێرە فەرامەرزنامەمان خۆی چیرۆکێکی زۆر گەورەیە یان بۆرزوونامەمان زۆر گەورەیە، ئەوکاتی شەڕی بەینی بۆرزوو لەگەڵ فەرامەرزیش هەر خۆی چیرۆکێکی گەورەیە بە ناوی بۆرزوونامە. بۆیە دەتوانین بێژین دیوی پێوەندی سەرەکی بەینی ئەمە و ئەوان ڕۆستەمە و هەندێک کاراکتێری دیکە وەکوو خودی زاڵ، وەکوو فەرامەرز یا وەکوو هەندێک لە پاشاکان بەتایبەتی کێیخۆسرۆ پادشای ئاڕمانییە هەم لە شانامەی فێردۆسی هەم لە شانامەی کوردی، پادشاهی ئاڕمانی بوو، کە زیندووە بۆوەی کە گشت گێڕانەوەکە لە شەڕی بەینی سێ برادەر دەبێ کە لە واقیعدا شەڕی بەینی سەلم و توورە لەگەڵ ئیرەج کە کوڕەکانی فەرەیدوونن و کێیخۆسرۆ گەرەکیا قەساس بکا یا خوێنی باوکی، سەری بڕدراوی باوکی یانی ئیرەج کە چەتی بێ ئەو بسێنێتەوە، دە حاڵێکدا باوکی خۆیش سیاوەشە بە دەستی ئەفراسیاب کە لە کوڕەکانی توورە دیسان سەری بڕدراوە و گەرەکیا تۆڵەی ئەویش بسێنێ. بۆیە کێیخۆسرۆ زۆر زۆر گرینگە چون لە واقیعدا تۆڵەی کولی گێڕانەوەی حیماسییەکە دەسێنێتەوە، بەڵام بەبێ یارمەتی ڕۆستەم. بۆیە ڕۆستەم لە بەشی پاڵەوانی گرینگترین کەسە و لە بەشی پاتشایی کێیخۆسرۆ گەورەترین و مەعنەویترین کەسە و دەزانین کە لە ئەدەبیاتی کوردیشدا لە نێو کورددا کێیخۆسرۆ جێگە و پێگەیەکی زۆر تایبەتی هەیە.

***کاتێک بۆرزوونامە دەخوێنینەوە، مەرحەلە بە مەرحەلە کە بۆرزوو دەڕوا و بە سەر دوژمنیدا زاڵ دەبێ لە شوێنێکی لە کاخ دادەنیشێ و دەڵێ دەرفەتم نییە دەنا ئێستا فەتاحپادشاییەکوو بۆ هەڵدەپەڕێم. فەتاحپادشایی وەکوو ئۆستوورە، وەکوو فەرهەنگ، وەکوو نەریتی کوردەواری، هەڵپەڕینێکی تایبەتی پاتشایانی کوردەواری. یا دەڵێ ئەوەندە خوێن ڕژاوە بە قەرا دەریاچەی زرێبار یانی مەوقەعییەتی فەرهەنگی جوغرافیایی لە بۆرزوونامەدا زۆر عەلەنیترە. ئایا لەوانی تریشدا هەر بەو شێوەیە؟**

* **بێهرووز چەمەنئارا**: نا لە یەک نییە هەموویان، لە دەفتەرەکانی ئێمە چون گێڕانەوەکان زۆرن وەک نموونە گێڕانەوەی بۆرزوونامە لانیکەم دە پازدە دانەیەک دەبێ یا هەفت لەشکەر پازدە بیست دانەیەک هەیە لە هەر یەک لەوانەی ئەمن دەزانم یان ڕەنگە کەسانێکی زۆرتر ئاگادار بن. مەبەستم ئەوەیە لە کەسێک بۆ کەسی تر لە بێژەرێک بۆ بێژەری تر، ڕەنگە هەندێک دێتای فەرهەنگی تایبەت تەحمیل بکرێ بە سەر دەقەکەدا. مەسەلەن بێژەرمان هەیە زۆر مۆعمینە هەر کاتێکی دەگاتە شوێنێک کە بەشێک لە گێڕانەوەکە کە دژ بە بیر و باوەڕی موسولمانی دەبا، خۆیان یان تەخفیفی دەکا یان ئەگەر بتوانێ نایژێ، ئەگەر بتوانێ فکری دیکەی بۆ دەکا. بۆ نموونە لە چیرۆکێکی کە تەهمینە لەگەڵ ڕۆستەم کە زۆریان حەز لە یەکە و کە دەورەیەکی مادەرسالارە، ئەو کاتەی کە ئیسلام و مەسیحیەت نییە قاو دەکەن لە وەزیر کە بێ و عەقدیان بکا، ئەمە دیارە کە لە واقیعدا بیروبۆچوونی موسوڵمانانەی خۆمان تەحمیل دەکەین بە سەر دەقدا. یان ڕۆستەم خەریکە لەگەڵ دێوێک شەڕ دەکا و ئەوکاتە بێژەر دەڵێ هەموو پێکەوە سەلەوات لێدەن بۆ وەی کە نەجاتی بێ. ئەوەی کە ڕۆستەم نەجاتی بێ لە دەستی دێو، بە ئیسلام بابەتێکی زۆر سرنجڕاکێشە کە ئێمە نەماندیوە و نەبووە. ئەمانە لە ڕاوی بۆ ڕاوی تر یان لە شوێنێک بۆ شوێنی تر جیاواز دەبێ، هەندێکیش لە ئەمانە کە ئێژین چووەتە نێو ڕەوایەت، دەتوانێ کوردی سەردەمیانەتر بێ یا دەتوانێ ناوگەلی تازەتر بێ. ئەمن دڵنیا نیم لەوەی کە هەڵپەڕینی کوردی بە ناو فەتاحپاشای زۆر شتێکی پێش مێژوویی بێ. مومکینە نەوعێ هەڵپەڕینێ بووبێ، بەڵام ناوەکەی نازانم چەندە کۆنە، بۆیە ئەوەی کە ئێمە لە گێڕانەوەیەکدا دەیژینەوین، ئیلزامەن بە مانای ڕەسەنایەتی یان کۆنایەتی ناوی هەڵپەڕینەکە ناتوانێ بێ. لە لای دیکەشەوە ناتوانین بڵێین ئەمە تەنیا نیشانەی کوردی بوونی گێڕانەوەکەی ئێمەیە، چوارچێوەکانی ئێمە شتی دیکەن. ئەمانە دەتوانین لە پەراوێزی ئەوان بخوێنینەوە، بەڵام ئەمانەش هەر واتابەخشن، گرینگن لە جێگەی خۆیان لە دەستنووسێک بۆ دەستنووسی دیکەشەوە دەتوانن جیاواز بن.

***دەستەکانت خۆش بێ. زۆرم وەخت گرتی. ئاخرین قسەت چییە لە سەر شانامەی کوردی، چ پێشنیاز و قسەت هەیە لە سەر شانامەی کوردی؟**

* **بێهرووز چەمەنئارا:** بەداخەوە چون بێ دەسەڵاتین، پێشنیازم ئەوەیە ئەگەر دەسەڵاتمان بوایە بنکەیەکمان دروست کربایا، بنکەیەکی نیشتیمانی بە ناوی شانامەی کوردی و لیژنەیەکی باشی بوایە، دەستەی بوایە، کارمان کردبا هەرچی کردبامان کەم بوو، ئێستا کە نییە. من تکام ئەوەیە کە پسپۆڕان، ئەوانەی کە دەخوێنن چ لە قۆناغگەلی کارناسی یا دوکتۆرا هان بدەن لە سەر شانامەی کوردی ئیش بکەن لە هەر زانستگایەک هەن بە شێوەی تەتبیقی یان غەیرە تەتبیقی چ وەکوو ساغکردنەوە چ وەکوو لێکۆڵینەوە کاریان لە سەر بکەن و نەهێڵین ئەم گەنجینە نایابە گەورەیە بە بێناز بکەوێ لەوەی کە ئێستا هەیە و هیوادارم لە داهاتووی نیزیکدا ئەوەندە پسپۆڕانمان لە ئەم بوارەدا زۆر بێ کە دەستمان خاڵی نەبێ، ئەگەر گەرەکمان بوو پێکەوە کار بکەین لە سەر شانامە، کتێب بنووسین، لێی بکۆڵینەوە، کۆنفرانسمان هەبێ، هەمایشی گەورەمان بێ، فرە بین، بیروبۆچوونەکان ڕەنگاوڕەنگ بێ، کتێبەکانمان زۆر بێ و کتابخانەی کوردی لە بواری پاڵەوانی خاڵی نەبێ، منیش سپاسی جەنابت دەکەم دەستتان خۆش بێ.

ئەرکەکانی (ی) لە زمانی کوردیدا و چۆنیەتیی بەکاربردنیان

داستان شەریف

(ی) پیتێکی دوو لایەنە لە بزوێن و نەبزوێن لە زمانی کوردیدا، بە جۆرێک لە هەندێ شوێندا بزوێنە و لە هەندێ شوێنی دیکەشدا نەبزوێنە. هەموو پیتێک لە زمانی کوردیدا لە سەرەتای وشەدا نەبزوێنە، (ی)یش بە هەمان شێوە لە سەرەتای وشەدا هەمیشە نەبزوێنە.

بۆ نموونە: (ی)ی سەرەتا لە وشەی «یاری»دا نەبزوێنە.
هەروەها لە وشەی «یادگار»دا (ی) بە هەمان شێوە نەبزوێنە.
ئەوەتا لەم باسەشدا لە بەشێکی زۆری ئەرکەکانی (ی) لە زمانەکەماندا دەدوێین:
١.»ی»ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەم کۆمەڵەی یەکەم
کتێبێکی نووسی.
ئەو کتێبێکی نووسی.
نووسیی.
کاتێک جێناوی لکاوی کەسی سێیەم دەگۆڕین بۆ کەسی یەکەمی تاک؛ بۆ نموونە:
نووسیم.
بۆیە لە کاتی بەکارهێنانی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکیشدا دەبێت جێناوەکە دیار بخرێت.
شیکردنەوە:
ئەو: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی یەکەم (م، مان- ت، تان- ی، یان).
لە ڕستەی یەکەمدا (ی)ی دوای بەرکاری ڕستەکە (کتێبێک) بکەرە.
لە ڕستەی دووەمدا (ی) بۆ جێناوە سەربەخۆکەی ڕستەکە دەگەڕێتەوە کە ئەو-ە و بکەرە. واتە بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.
بەڵام کاتێک بەرکارەکە جێناوەکانی دیکە بن؛ بە نموونە: کەسی یەکەمی کۆ لە کۆمەڵەی دووەم بێت، ئەوا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک، دەردەکەوێت؛ بۆ نموونە:
نووسییینی= ئەو ئێمەی نووسی.

٢. «ی»ی ئامرازی خستنەسەر (دانەپاڵ): بۆ بەستنەوەی دیارخراو بە دیارخەرەوە لە نێو ڕستەدا. نموونە:

سەری فەرهادم و دەندووکی قولنگ
دەستی مەجنوونم و دامێنی چیا
نالی
بەهاری ڕووزەرد، بەهاری ڕووزەرد
منیشی خستە کەژ و کێو و هەرد
پیرەمێرد

خەیاڵی پووچی دنیا وا دەماغ و دڵمی پێچاوە
قیامەت، هەر مەگەر ڕۆژی قیامەت بێتەوە فکرم
مەحوی
جوانیی کچەکە.
سوودیی کتێبەکە.
بەرزیی باڵا.
ئەگەر دیارخەر ببێت بە جێناو، بۆ نموونە:
جوانیی ئەو.
ئەوا دیارخەر هەر لە جێگەی خۆی دەمێنێتەوە، بە هەمان شێوەی ناو دەنووسرێت.

٣. «ی»ی ناوبەند: بۆ جوداکردنەوەی جووتەبزوێنی پاڵ یەکن. کاتێک دەڵێین شاییەکە، لە ماکدا وشەکە خۆی شایی-ە، بەڵام کاتێک بزوێنی کورت (ە)ی کاری ناتەواوی ڕستەکە دەچێتە سەر وشەی شایی و مانای ڕستەکە تەواو دەکات؛ یای کۆتاییی وشەکە خۆی بزوێنە و دەمانەوێت بزوێنی کورتی (ە)ی بۆ زیاد بکەین؛ لێ دوو بزوێن لە زمانی کوردیدا بەدوای یەکدا نایەن، لەبەر ئەوە پیتی (ی) دەبێتە ناوبەند و هەردوو بزوێنی (ە) و (ی) جیا دەکاتەوە.
نموونە:
دەڵێی شاییەکەی بناویلێیە.
لە ماڵی ئەوان شاییە.
قوتابییەکی سەرکەوتوو.
تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو بوو.
لە کۆتاییی کارەکەدا هات و سەرێکی دا.
بەڵام هەمان بڕگە ئەگەر بیکەینەوە: لە کۆتاییی کارەکەدا خاوەنی خانووەکەمان بینی.

بە داخەوە زۆر کەس تەنیا یەک یا دەنووسن بۆ نموونە: لە کۆتایدا کە ئەمە هەڵەیە.
هەندێکیش هەن: دەنووسن: لە کۆتاییدا، بەبیانووی ئەوەی کە یای سێیەم لا دەبرێت و نامێنێت.
(ی) سێیەم بە پێی بڕیاری ئەکادیمیاش دەبێت دابنرێت.

٤. (ی)ی دانەپاڵ یان خستنەسەر، ئەو (ی)ی بۆ دروستکردنی گرێ بەکاردێت، بۆ نموونە:
کچی جوان...
کتێبی باش...
مامۆستای چاک...
باڵای بەرز...
چاوی ڕەش...
سەلاریی گەنج...
بەسوودیی کتێب...
٤. «ی»ی پاشگر: دەچێتە سەر هەندێ وشە و دەیانکات بە داڕێژراو. وەکوو:
أ. «ی»ی ئاوەڵناوی: جوانی، باشی، چاکی، خراپی، تاڵی...
ب. «ی»ی نیسبەت: دەچێتە سەر ناوی شوێن، ئەمە زیاتر لە جیاتیی گرێی، بۆ نموونە: خەڵکی هەولێر، بەکاردەهێنرێت.
هەولێری، دهۆکی، ئامەدی، باکووری، باشووری، ڕۆژهەڵاتی...
ئەمەش بەپێی پیتی بزوێن و نەبزوێنی کۆتاییی وشەکە دەگۆڕێت. بۆ نموونە:
لە پیتە بزوێنەکانی وەکوو (ا، ە، ێ، ۆ)دا دەبێتە دوو «ی»، کە «ی»ی یەکەمیان ناوبەندە و «ی»ی دووەمیان دەبێتە نیسبەت. بۆ نموونە:
چوارتایی، بەکرەجۆیی، بانەیی، شنۆیی، هەڵەبجەیی، بەرزنجەیی، سنەیی...
بۆ ناوی ئەو وڵاتانەی کە بە پیتی «ا» کۆتاییان هاتووە، هەندێک زمانناس هەن «ا»ی کۆتایی لا دەبەن و دەستبەجێ «ی»ی نیسبی لە جێگە دادەنێن، بۆ نموونە:
ئیتاڵیایی ‎->‎ ئیتاڵی، ئەمریکایی‎->‎ ئەمریکی...
هەرچی ئەو شوێنانەی کە بە پیتی «ی» کۆتاییان هاتووە، بۆچوونی جیاوازیان لەبارەوە هەن. وەک:
ژیڤان بەکر، مامۆستا دیاکۆ هاشمی، مامۆستا فەرهاد شاکەلی و مامۆستا حەیدەر عەبدوڵڵا دەڵێن: وشەکانی وەکوو: سلێمانی، ئامێدی، کفری...

«ی»ی نیسبەت وەرناگرن و وەک خۆیان دەمێننەوە.

ئەمە لە هی زمانی عەرەبی دەچێت.

هەروەها دکتۆر وریا عومەر ئەمین دەڵێت: وشەکانی وەکوو: سلێمانی، ئامێدی، کفری... «ی»ی نیسبی بەم شێوەیە وەردەگرن و دەبنە: ئارام سلێمانی، کامەران ئامێدی، هێمن کفری...

دکتۆر پێی وایە کاتێک دوو (ی) بکەونە لای یەکەوە یەکێکیان دەتوێتەوە.

ئەو وشانە بە پێی بۆچوونی مامۆستای ڕەوانشاد مامۆستا مەسعوود محەممەد، لە کتێبی ‹وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی›دا، دەڵێت:

ئەو وشانەی وەکوو: سلێمانی، سماقووڵی...

دەبنە: سلێمانیەتی، سماقووڵیەتی...

هەروەها کاک جووتیار قارەمانیش دەڵێت:

سلێمانەیی، بەرزنجەیی وەک چۆن دەڵێین هەڵەبجەیی، دەبێت بە هەمان شێوەیش بڵێین بەرزنجەیی.

هەروەها مامۆستا «بەدران ئەحمەد حەبیب» دەڵێت:

سلێمانیەیی، کفرەیی، ئامێدیەیی...

ج. «ی»ی ئاوەڵکاری: لەگەڵ پێشگری «بە»دا ئاوەڵکاری چۆنێتی پێکدەهێنن.

نموونە: بە جوانی برۆ. بە باشی هەستە و دابنیشە. بە باشی وانەکانت بخوێنە. بە چاکی هەوڵدەدات.

٥. «ی» بەشدارە لە پێکهێنانی پاشگری «یش»، کە بۆ دڵنیابوونەوە بەکاردەهێنرێت: هەندێک کەس لە نووسیندا لەو وشانەی کە بە پیتی بزوێن کۆتاییان دێت، ئەم «ی»یەی مۆرفیمەکە دەقرتێنن. نموونە:

-کارەکەشم تەواو کرد، ئەوجا هاتم.

- نامەکەشم خوێندەوە، ئەمجا دەستم بە کتێبەکە کرد.

هەڵە نییە، تا ئەو کاتەی دەچێتە سەر جێناوی کەسیی سەربەخۆی خۆیی یان ئەو وشانەی بە پیتی «ی» کۆتاییان هاتووە. بۆ نموونە:

-خۆشی هات.

-خۆشم خوێندمەوە.

-خۆشت هەوڵ دەدەیت.

- سلێمانیشم بینی.

لە نموونەکانی سەرەوەدا، بەتایبەتی نموونەی یەکەم؛ گوێگر/خوێنەر وا تێدەگات، کە کەسێک کارەکەی کردووە بە ناوی خۆشی. لە نموونەی کۆتاییدا وا دێتە هزری گوێگر/خوێنەرەوە کە من کەسێکم بینیوە ناوی سلێمان-ە...

بۆیە دەبێت «یش» و لە هیچ وشەیەکدا لا نەبرێت. بۆ نموونە:

خۆشی هات.

خۆشم دەخوێنمەوە.

خۆشت هەوڵ دەدەیت.

سلێمانییشم بینی.

کارەکەشم تەواو کرد، جا هاتم بۆ ئێرە.

ئەو دوو ڕۆمانەیشم خوێندنەوە و لەگەڵ کتێبەکانی دیکەدا بردمنەوە بۆ کتێبخانە.

کارشم نەبوو، بەڵام چووم بۆ بازاڕ.

٦. «ی» بەشدارە لە پێکهێنانی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ، لە کۆمەڵەی دووەم و سێیەمی جێناوە لکاوەکاندا: -ین- دەلکێت بە کۆتاییی کاری ڕستەکەوە. بۆ نموونە:

دەچین، چووین، دەخوێنین، هاتین، بووین، هەین، دەبین، دەنووسین، دەزانین...

نموونە:

خەتات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین

کە ناچین لێرە خۆشە، چینی ماچین

نالی

٧. «ی» بەشدارە لە پێکهێنانی جێناوی کەسی دووەمی تاک کۆمەڵەی دووەم و سێیەمی جێناوە لکاوەکاندا:

دەچیت، چوویت، دەخوێنیتەوە، هاتیت، بوویت، دەبیت، دەنووسیت، نووسییت...

هەندێک جار بە تایبەت لە شێوەزاری سلێمانەییدا «ت»ی کۆتاییی وشەکە یان جێناوەکە لا دەچێت، بۆ نموونە:

من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزەیی ڕیزوانە، دەچم

ئەو دەڵێ نا، ڕەشە، جێ ڕاوگەیی شەیتانە، نەچی

سەید کامیلی ئیمامی – شیعری شاری دڵ: دیوانی ئاوات: لاپەڕە ٢٣٦

٨. «ی» بەشدارە لە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ، کۆمەڵەی یەکەم:
خوێندیان، نووسییان، گوتیان، تەنیاییان، کۆتاییان...
هەندێک جار لەجیاتیی دوو «ی» و یەک «ی» دەبێتە سێ «ی»، کە بە بۆچوونی بەشێک لە زمانناسان «ی»یەک لادەبرێت، ئەگەرچی بەشێکیشیان لای نابەن و دەینووسن و بگرە بە ڕاستییشی دادەنێن.
کۆتاییان بە کارەکە هێنا.
تەنیاییان سووچی خۆیانە.
یان قەدی چاوگی نووسین، نووسی-یە، هەروەها لە دەمی ڕابردووشدا بە هەمانشێوە نووسی-یە، بۆیە کاتێک ئەو جێناو و پاشگرانەیان دەچێتە سەر کە بە پیتی (ی) دەست پێ دەکەن، پێویستە هەردوو ی-کە بنووسرێن:
نووسییان. یەکەمیان هیی قەدی چاوگەکەیە، دووەمیان بەشێکە لە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی کۆ.
نووسییشم. سلێمانییشم خۆش دەوێت.

٩. «ی» بەشدارە لە پێکهێنانی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی سێیەمدا ‹ێت› کە دەلکێت بە کۆتاییی کاری ڕانەبردووی تێپەڕەوە. بۆ نموونە:
دەکڕێت، دەچێت، دەخوێنێتەوە، دەخوێنێت، دەفرۆشێت...

١٠. ی بەشدارە لە پێکهێنانی هەندێ پاشگردا وەک پاشگری «ێتی». بۆ نموونە:
ژنێتی، کچێتی، تەکووزێتی، خوێنەرێتی، ئاشتێتی، چۆنێتی...

١١. «ی» بەشدارە لە پێکهاتنی پاشگری «ێنی». بۆ نموونە:
کچێنی، کوڕێنی...

١٢. «ی» بەشدارە لە پێکهێنانی پاشگری «ایەتی». بۆ نموونە:
ژنایەتی، کچایەتی، شەڕایەتی، خزمایەتی...

١٣. «ی» بەشدارە لە پێکهێنانی پاشگری «انی». بۆ نموونە:
شەڕانی، کتێبانی، کوڕانی، کچانی، ڕۆژنامەوانی...

١٤. «ی»ی کۆتاییی پاشگری «ایی». بۆ نموونە:
(ی)ی یەکەمی پاشگری (ایی) ناوبەندە بۆ جیاکردنەوەی (ا، ی)ی پاشگرە ماکەکە:
تاریکایی، قوولایی، تەنکایی، دونیایی، سپییایی، ڕەشایی، سوورایی، ڕووناکایی، دەریایی...

١٦. «ی» بەشدارە لە «ین»ی ڕیزبەندیی ژمارەکان. بۆ نموونە:
یەکەمین، دووەمین، دەیەمین، یازدەهەمین...

١٧. «ی»ی کۆتاییی ناوی زمانی نەتەوە جیاوازەکان. بۆ نموونە:
کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی...

١٨ «ی»ی پاشگری بچووککردنەوە. بۆ نموونە:
خونچیلە، کاریلە، کانیلە...

١٩. «ی»ی نازناو. بۆ نموونە:
ئازەری، محەممەدی، سەلیمی، شەریفی...

٢٠. هەندێک وشەمان هەن لە زمانی کوردیدا، خودی وشەکە خۆی بەبێ پاشگر بە «ی» کۆتاییيان دێت. بۆ نموونە:
کەشتی، کانی، ئاشتی، نالی، ناری، حەمدی، ئەدەبی، یاخی...
ئەم وشانە کاتێک پاشگرێک یان یەکێک لە ئامرازەکان بچنە سەریان بە پیتی بزوێن دەست پێ بکات، دەبنە دوو «ی» و هەندێ جاریش سێ «ی». بۆ نموونە:
کانییان هێناوە.
کەشتییەکەیان گەیاندووەتە بەندەرەکە.
کۆتری ئاشتیی جوان، سپییە.
مێژووی ئەدەبی کوردیی عەلائەدین سەجادی...
سپێتیی بەفر...
سووریی خوێن...

کامەران موکریی شاعیر...
محەممەد موکریی نووسەر...
کۆتاییی کارەکە...
سەرەتاییی کارەکە...

٢١. «ی»ی ئامرازی نەناسراوی: «یەک»، «ێک»، هەڵبەت ئامرازی «یەک»ی نەناسراوی بۆ ئەو وشانەیە کە کۆتاییبیان بە پیتی بزوێن دێت و، ئامرازی «ێک» بۆ ئەو وشانەیە کە کۆتاییبیان بە پیتی نەبزوێن دێت. بۆ نموونە:

پەنجەرەیەک، دەرگەیەک، کەشتییەک، مێژووییەک، دەریایەک...

کتێبێک، خوێنەرێک، خەمێک، کچێک، پیاوێک - هەڵبەت پیتی «و» لە وشەی «پیاو»دا نەبزوێنە، بۆیە نیشانەی «ێک»ی وەرگرتووە – ژنێک، کوڕێک...

٢٢. «ی» بەشدارە لە پێکهاتنی ئامرازی ئاوەڵناوی نیسبی دەدەن:

زێڕین، زیوین...

٢٣. (ی) بەشدارە لە دروستکردنی پاشگری (ەکی)، کە لە ڕۆنانی ئاوەڵناودا بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە:

دەشتەکی، خێڵەکی...

٢٤. (ی) بەشدارە لە دروستکردنی ئامرازی (ێتی)دا بۆ ڕۆنانی ئاوەڵناو لە ڕێگەی ڕەنگەکانەوە:

نموونە: سپێتی، سوورێتی، زەردێتی...

کێشەی دوو یا لە زمانی کوردیدا:

لە زمانی کوردیدا هەندێک وشەمان هەن؛ خۆیان لە بنەڕەتدا بە (ی) کۆتاییبیان هاتووە، کاتێکیش (ی)ی خستنەسەر (دانەپاڵ) یان هەر (ی)یەکی دیکە بچێتە سەری بۆ بەستنەوەی بە وشەی دوای خۆی پێویستە ببێت بە دوو (ی) و، هەردوو (ی) یەکەیش دەنووسرێت:

نموونە: جوانیی بەهار

کانیی قووڵ.

تێبینی: ئەگەر هەردوو (ی)یەکە نەنووسین؛ ئەوا وەک ئەم نموونەیەی لێدێت:

کتێب بەسوود.

وێنە جوان

دەبینین بڕگەکان بێمانان، بەڵام ئەگەر ی دانەپاڵی بخەینە سەر؛ دەبێت بە

کتێبی بەسوود

وێنەی جوان

هێمنی شاعیر، جیاوازە لە هێمنیی شاعیر...

کوردی بەشمەینەت...

جیاوازە لە شیعری کوردیی کلاسیک...

لە نموونەی یەکەمدا وەک دەبینین؛ شاعیرەکە ناوی هێمنە، بەڵام لە دووەمدا باسی دۆخی شاعیر دەکات کە هێمنە.

لە نموونەی دووەمدا، کە دەڵێت: کوردی بەشمەینەت؛ باسی نەتەوەکە دەکات؛ ئەمما لە نموونەکەی دواتردا: باسی جۆری شیعری کوردی دەکات...

ئەمە لە زمانی قسەکردندا ئاساییە ئەگەر دانیشی پێدانەنرێت، بەڵام لە زمانی نووسیندا پێویستە بینووسین.

کاتێکیش نیشانەی ناساندن دەچێتە سەر وشەیەک بە پیتی (ی) کۆتاییی هاتبێت. نموونە:

شاری مۆسیقارە سپییەکان...

دەبینین، (ی)ی دووەم لێرەدا ناوبەندە بۆ جیاکردنەوەی دوو پیتی بزوێنی (ی، ە) واتە وشەکە خۆی بە پیتی (ی)ی بزوێن کۆتاییی دێت، کاتێک نیشانەی نەناسراوی یەک وەردەگرێت. پێویستمان بە (ی)ی ناوبەند نییە، چونکە (ی)ی سەرەتای وشە یان بڕگە یان ئامراز هەمیشە نەبزوێنە.

بۆ نموونە:

کانی+یەک= کانییەک.

یەکەم (ی): هیی وشەکە خۆیەتی.

دووەم (ی): هیی ئامرازی نەناسراوییە و نەبزوێنە.

چ کاتێک پێویستە سێ (ی) بنووسین؟

-وەڵام:

ئەگەر وشەکە کۆتاییی بە دوو (ی) هاتبوو؛ ئەوا کاتێک (ی)ی ئامرازەکان یان هەر جۆرە (ی)یەکی دیکە بێت بیخەینە سەری؛ ئەوا دەبێت بە سێ (ی) لەم بارەیەشەوە بۆچوونی جیاوازمان هەن.

بۆ نموونە:

کۆتاییی وشە

تاریکاییی شەو.

تەنیاییی مرۆڤ.

چیرۆکی مێژووییی کوردی.

دەریاییەک.

گەورەییەک.

بەڵام دەکرێت ی-ی سێیەمی وشە لە هەریەک لە نموونەکاندا جۆرێکی جیاواز بێت؛ بۆ نموونە:

ی-ی دانەپاڵ: کۆتاییی کتێب

ی-ی ناوبەند: کۆتاییەکەی

ی-ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەم لە کۆمەڵەی یەکەمدا: ئازاد لە کۆتاییدا ساچا.

ی-ی یان-ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ لە کۆمەڵەی یەکەم: کۆتاییان نزیکە.

بەڵام ئەگەر ئەو نموونەیەی سەرەوە بکەین بە جێناوی سەربەخۆ، ئەوا (ی)ی سێیەم دەمێنێتەوە، بەڵام دەبێت بە (ی)ی دانەپاڵ. بۆ نموونە:

کۆتاییی ئەوان.

(ی)ی ئامرازی نەناسراوی: تەنیاییەک.

تارماییەک.

تاریکاییەک.

ئیتاڵیاییەک.

تێبینی: هەمیشە (ی)ی سەرەتای ئامراز یان وشە یان جێناوی لکاو، نەبزوێنە، واتە لە هەریەک لەو نموونانەدا (ی)ی سێیەم نەبزوێنە.

تێبینی: وشەی تارمایی، تاریکایی، ڕەشایی، سپیایی، ئیتاڵیایی، چوارتایی، سلێمانەیی، کفرەیی... لەم وشانەدا ی-ی یەکەمیان ی-ی ناوبەندە بۆ جیاکردنەوەی جووتەبزوێن

جیا لەوەیش هەندێک وشەمان هەن بە لابردن یان نووسینی یەک (ی) ماناکەی دەگۆڕێت؛ بۆ نموونە:

-وشەی شایی جیایە لە وشەی شای. لە یەکەمیاندا (ی)ەکان هیی وشەکە خۆین، بەڵام هەرچی دووەم نموونەیە (ی)یەکەی ئامرازی دانەپاڵە.

دوایی، جیایە لەگەڵ دوای.
هەر بۆ نموونە لەم شیعرەی نالیدا:
کە تۆی شای کەچکولاهی دیدەمەستان
چ باکم قەیسەر و فەغفوورە ئەمشەو؟

*بۆ ئەم تۆژینەوەیە جگە لە بیرکردنەوەی توێژەر، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراون:
-پوختەی ڕێنووس و خاڵبەندی: دیاکۆ هاشمی؛ وەشانی یەکەم- ساڵی ٢٠٢١.
- کتێبی وردبوونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردیی مەسعوود محەممەد.
- کتێبی دروستنووسیی زمانی کوردی: باخان ئەحمەد؛ بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی – ساڵی ٢٠١٩.
- توێژینەوەیەکی ئیدریس هاشمی: پرسیاری فێرخوازان سەبارەت بە (ی، یی،ییی).
-کێشەی (ی) لە ڕێنووسی کوردیدا؛ نووسینی: دکتۆر وریا عومەر ئەمین لە ژمارە ٤ی گۆڤاری شنرویدا بڵاوبووەتەوە.
-کتێبی ڕێزمانی کوردی؛ دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف/ بەرگی یەکەم/ بەشی ئاوەڵناو.
-کتێبی ڕێزمانی کوردی؛ دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف/ بەرگی یەکەم وشەسازی/ بەشی ئاوەڵکار.
-کتێبی ڕێزمانی کوردی؛ دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف/ بەرگی یەکەم (وشەسازی)/ کردار.
-کتێبی ڕێزمانی کوردی؛ دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف/ بەرگی یەکەم (وشەسازی)/ ناو.
-کتێبی ڕێزمانی کوردی؛ ئەورەحمانی حاجی مارف/ بەرگی یەکەم (وشەسازی)/ وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا.

زمانی کوردی بە پێی پۆلینکردنی تایپۆلۆجیی زمانەکانی جیهان

د.ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین*

زمـان دیاردەیـەکی ئـەوەنـدە ئاڵۆز و چڕ و بەناویکداچووە، کە ناکرێت هەڵوەستەی لە سەر نەکرێت و لێی نەکۆڵدرێتەوە، هەربۆیە منداڵ لە تەمەنیکی دیارکراودا، ئەگەر هیچ گرفتێک لە ئەندامانی ئاخاوتنیدا نەبێت، لەو ژینگەی تیایدا دەژیت، فێری زمان دەبێت. بەم شێوەیە زمان ڕۆلێکی کارا و گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت و مرۆڤ خاوەنی توانستێکی زمانی بەهێزە، کە دەتوانێت لە ڕێگەی زمانەکەیەوە باس لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی بکات. بەم پێیە مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەکەیەوە دەناسرێتەوە، کە سەر بە چ نەتەوە و ئاین و ڕێباوەڕ و ڕەگەزێکە...هتد، هەربۆیەشە مرۆڤ کاتێک قسەدەکات، سـەرەڕای ئەوەی دەناسرێت، دەتوانرێت، هەست بە باری دەروونیشی بکرێت. لە لایەکی تریشەوە زمان بۆتە هۆی کۆکەرەوە هاوزمان لەگەڵ یەکتری و ناساندنی نەتەوەکان بە هۆی زمانەکەیانەوە و دروستکردنی کۆمەڵگەی جیاجیا و شارستانییەتی ئەمڕۆ، زمانی کوردیش یەکێکە لە زمانە جیهانییەکان هەموو ئەم ئەدگار و سیمایانەی تیادا کۆبووتەوە.

سەبارەت بە پۆلینکردنی زمانەکان Languages Classification هەر شتیک لە یەک زیاتر بوو، پێویستی بە ڕیزکردن و بەراوردکردن و پۆلینکردنە، تاکوو هەر یەکەیان سنوور و چوارچێوەکەی خۆی بۆ دیاربکرێت و بناسێندرێت، بەم پێیە زمانەکانی جیهانیش ئەم کارەیان بەردەکەوێت. هەربۆیە پۆلینکردنی زمانەکان بریتییە لە پۆل پۆلکردنی زمانەکان و دیارکردنی مێژوو، سنوور و شێوەی هەر زمانێکە لە ناو پۆلەکەیدا، بە مەبەستی ناسین و گەیشتن بە ڕاستییەکانی ئەو زمانە، هەر بەم پێیە لە ڕێگەی پۆلینکردنی زمانەکانەوە دەتوانرێت، لێکچوون و جیاوازی نێوان زمانەکان لە لایەنی دەنگی و ڕێزمانی و واتایی و فەرهەنگی و ژمارەی زمانەکان دەستنیشانبکرێت و بزاندرێت. بەم شێوەیە مێژووی پۆلینکردن و ڕێکخستنی زمانەکان، هەر لەم ڕۆژەوە دەستپیدەکات، کاتێک زمان لە یەکەوە بوو بە دووان، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی (گفتوگۆی لاتینی) لە سەدەکانی حەوت و هەشتەوە، کە لە لایەن ئێلفریکەوە نووسراوە، لەم کتێبەدا ژمارەیەک وشەی لاتینی لە بەرانبەریدا وشەی ئینگلیزی بۆ منداڵانی ئینگلیزی تۆمارکراوە و بە شێوەیەکی ڕوون هەست بە جیاوازی نێوان ئەم دوو زمانە دەکرێت. دواتر ئەم کارە وردە وردە بەردەوامبوو، دواتر زمانەوانێکی تر بە ناوی

قەشە کۆردۆکس یەکەم کەس بوو، پەیوەندی لە نیوان زمانی سانسکریتی و زمانە ئەوروپییەکان دۆزییەوە، کاتێک نامەیەکی بۆ قەشە بارتیملی لە ساڵی ١٧٦٧ز نارد. ئەم جۆرە کارە زمانەوانییانە بووە هۆی ئەوەی، کە بزاڤێکی زمانەوانی بە ناوی زمانەوانیی فیلۆلۆژیا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لە ئەوروپا سەرهەڵبدات، ئەم بزاڤە زمانەوانییە بریتییە لە بەراوردکردن لە نێو زمانەکان بۆ دۆزینەوەی خاڵی لەیەکچوو، جیاوازییان بۆ ئەو زمانانەی سەر بە یەک خێزانی زمانیین. ئەم کارەش سەرەتا لە سەردەستی پیاوانی ئایینی دەستی پێکرد، دواتر بازرگانان و سیاسەتمەداران بۆ ئەم مەبەستە گرنگیان بە زمانی سانسکریتی دا، ئەوە بوو بازرگانیکی ئیتالی بە ناوی فیلیۆ سامسیتی تێبینی ئەوەی کرد، کە چەندەها وشەی هاوبەش و لەیەکچوو لە نێوان زمانی ئیتالی و سانسکریتی هەیە، وەکوو Nova بە زمانی ئیتالی و بەرانبەرەکەی بە زمانی سانسکریتی Nava یە، کە لە زمانی کوردیدا بە واتای ژمارە نۆ دێت.

دواتر سێر ولیەم جۆنز دادوەرێکی بەریتانی بوو، لە هندستان کاری دەکرد، دوای ئەوەی زمانی سانسکریتی فێربوو، لە ساڵی ١٧٨٦ز تویژینەوەیەکی بەناوی Royal Asiatic Socity لە کۆنگرەی ئاسیەویی بەنگالی لە کەلکەتای هندستان پێشکەشکرد، کە تیایدا سەری سووڕما و ئەوەی بۆ ڕوونبووەوە، کە لێکچوونێکی وشەیی زۆر لە نێوان زمانەکانی سانسکریتی و یۆنانی و لاتینی و جێرمانیدا هەیە، ئەمەی وا لێکدایەوە، کە هەرگیز ئەمە ڕێککەوت نییە، بەڵکوو وای بۆ چووە، کە ئەم زمانانە لە بنەچەدا سەر بە یەک زمانن، بەم شێوەیە جۆنز پڕۆگرامی بەراوردکردنی زمانەکانی پێشنیازکرد، ئینجا دوای ئەو زمانەوانانی، وەکوو فردریک ڤۆن شلیگل و ڕاسمۆس راسک و فرانز بۆب و یاگۆب گریم...هتد کەوتنە بەراوردکردنی زمانەکان، تاکوو گریم لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ڕێزمانی جێرمانی) باس لە هەندێ گۆڕانی دەنگی دەکات و لەو بڕوایەدایە، کە گۆڕانی زمان کارێکی سروشتییە. ئەمەنانە وایانکرد، کە چەندین جۆر لە پۆلینکردن بێنەکایەوە، وەکوو پۆلینکردنی خێزانی زمانی، پۆلینکردنی تایپۆلۆجیی زمانی، پۆلینکردنی تیۆری شەپۆلی، پۆلینکردنی جوگرافیی زمانی...هتد.

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە، پۆلینکردنی تایپۆلۆجیی زمانییە، زاراوەی تایپۆلۆجی Typology زاراوەیەکی ئینگلیزییە، لە دوو بەش پێکهاتووە Type

لێرەدا بە واتای جۆر دێت و logy بە واتای ڕێباز، زانست دێت، هەردوکیان بەسەریەکەوە بە واتای زانستی جۆری دێت، لە بەر ئەوەی ئەم بابەتە پەیوەستە بە زمان، واتا گشتییەکە دەکاتە زانستی جۆریی وشە. بەم شێوەیە پۆلینکردنی تایپۆلۆجی زمانەکان پشت بە یاساکانی گەشەسەندن و بەهێزی پەیوەست بە یاساکانی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس دەبەستێت، بە شێوەیەکی تر لێکۆلینەوەیە لە ناوەوەی وشە و دەرەوەی وشە، مەبەست لە ناوەوەی وشە بەم شێوەوەیە، بۆ نموونە وشەی کوردستان، لە فۆنیمەکانی (ک، و، ر، د، س، ت، ا ،ن) پێکهاتووە و یەک وشەیە و دوو مۆرفێمە و سێ بڕگەیە، واتـە؛ لێکدانی فۆنیمەکان و دروستکردنی بڕگە و مۆرفێم و وشە. مەبەست لە دەرەوەی وشە ئەویش بەم شێوەوەیە، بۆ نموونە وشەی کوردستان لە ڕیزکردندا دەکەوێتە کوێی ڕستە و لەگەڵ کام وشە لە ڕستەدا دەگونجێت، واتە؛ ڕیزکردن و ڕێککەوتنی وشەکان لە دروستکردنی ڕستەدا. بەم جۆرە تایپۆلۆجی زمانی لقێکە لە زمانەوانیی تیۆری و لێکۆلینەوە لە ڕووی لێکچوون و جیاوازی پێکهاتە زمانییەکان و فۆرمەکانی وشە دەکات.

هەر لەم ڕووەوە زیاتر لە شەش هەزار و پێنج سەد زمان، بگرە زیاتریش لە سەر ئەم زەمینە هەنە، هەندێ لەم زمانانە لە یەکدەچن و هەندێکیشیان جیاوازن، ئەمە زمانانەش پێویستیان بە پۆلینکردن هەیە، هەربۆیە پۆلینکردنی تایپۆلۆجیی زمانەکان بە چەند قۆناغێک تێپەڕیوە، سەرەتا زمانەوان فردریک ڤۆن شلیگل (١٧٧٢ز ــ ١٨٢٩ز) زمانەکانی کرد بە سێ پۆل، کە ئەوانیش بریتیبوون لە: زمانە نووساوەکان، زمانە گەردانییەکان، زمانە دابڕاوەکان، ئەم دابەشکردنەش بە تیۆری شلیگل ناسراوە، دوای ئەویش زمانەوانی ئەلمانی ویلیەم ڤۆن همبولدت (١٧٦٧ز ــ ١٨٣٥ز) لە سەر بنەمای پێکهاتەی وشە، جۆرێکی تری لە پۆلینکردنەکەی شلیگل زیاد کرد، کە بەم شێوەیەیە: زمانە نووساوەکان، زمانە گەردانییەکان، زمانە دابڕاوەکان، زمانە تێکچڕژاوەکان، پاشانیش زمانەوانیی نوێ بە هۆی گۆڕانی زمانی و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر فۆرمی وشە دەهاتن، جۆرێکی تری زیاد کرد، بەمەش پۆلینکردنی تایپۆلۆجیی زمانەکانی جیهان بوو بە پێنج جۆر، کە بەم شێوەوەیە: زمانە نووساوەکان، زمانە گەردانییەکان، زمانە دابڕاوەکان، زمانە تێکچڕژاوەکان، زمانە ناوگرییەکان. هەر بۆ ئەم مەبەستە گرینبێرگ لە ساڵی ١٩٦٣ز

لە سەر بنەمای مۆڕفۆلۆجی و سینتاکس توێژینەوەیەکی پێشەکەشکرد و لەو کاتەدا ڕێبازی تایپۆلۆجی جێگیرکرد، چونکە زمانەوانان لە سەر بنەمای ڕێزمانی سەراپا (Universal grammar) لەو بڕوایە دابوونە، کە بنەمانی سینتاکسی (بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، کار)ی هەموو زمانێک یەکە، تەنها لە ڕیزکردندا جیاوازن. لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، هەریەکە لەم جۆری پۆلینکردنی تایپۆلۆجیی زمانەکانی جیهان بخرێنەڕوو:

١_ زمانە نووساوەکان Agglutinative Languages:

زمانە نووساوەکان بریتییە لەو زمانانەی، کە وشەکانیان لە یەک مۆڕفێم زیاتر پێکدێن، مۆڕفێمیش دانەیەکی زمانیی واتادار، یان ئەرکدارە، واتە؛ وشەکانی ئەم زمانانە پێشگر و ناوبەند و پاشگر وەردەگرن و بە ڕیز بەدوای یەکترییەوە دێن و لە یەکتریش جیادەکرێنەوە، بەم شێوەیە گیرەکەکان ڕۆلی گرنگ لە زمانە نووساوەکاندا دەبینن و ڕەگیش ڕۆنانی خۆی دەپارێزیت، زمانەکانی ژاپۆنی و سواحیلی و تورکی... هتد، تا ڕادەیەکیش زمانی کوردی لەم جۆرە زمانانەیە، بۆ نموونە: بەردەڵان، ئاسنگەرەکە، هەڵکردنەوە، چوون (چ)، نەمامەکان...هتد.

٢_ زمانە گەردانییەکان Inflecting: Languages

زمانە گەردانییەکان بریتییە لەو زمانانەی، کە وشەکانیان زیاتر لە یەک مۆڕفێم پێکهاتووە و مۆڕفێمەکان لە ناو یەکتریدا توانەتەوە و لە یەکتر جیاناکرێنەوە، واتە؛ وشەکان لە یەک مۆڕفێم پێکدێن و ناتوانرێت، مۆڕفێمەکان لە یەکتر جیابکرێتەوە، هەموویان بەیەکەوە وشەکەیان پێکهێناوە، زمانەکانی سانسکریتی و گریکی و لاتینی و عەرەبی...هتد لەم جۆرە زمانانە. زمانی کوردیش هەندێ وشەی لە جۆری زمانە گەردانییەکان تیادایە، بۆ نموونە: چاوگی هاتن مۆرفێمەکانی(هات، ها، هێ، ێ) لە ناودا تواوەتەوە.

٣_ زمانە دابڕاوەکان Isolating Languages:

زمانە دابڕاوەکان بریتییە لەو جۆرە زمانانەی، کە وشەکانیان لە یەک مۆڕفێم پێکدێن و هەرگیز ڕێگە نادەن، مۆڕفێمی تریان پێوەبلکێت و بە زمانە تۆندارەکان

ناودەبرێن، وشەکانی ئەم جۆرە زمانانە لە شێوەی بڕگەی سەربەخۆدان و کەرت ناکرێن و گیرەکەکان وەرناگرن، لە ڕستەشدا بە شێوەی سەربەخۆدێن و ئەرک و واتایان بە پێی شوێنەکەی لە ڕستەدا دیاریدەکرێت، زمانەکانی چینی و بۆرمی و تبتی و ڤێتنامی...هتد لەم جۆرە زمانانەن، زمانی کوردیش هەندێک لە وشەکانی لە جۆری زمانە دابڕاوەکانن، بۆ نموونە: چونکە، بەڵام، وەکوو، لە، بە، بۆ...هتد.

٤_ زمانە تێکچڕژاوەکان Polysynthetic: Languages

زمانە تێکچڕژاوەکان بریتییە لەو جۆرە زمانانەی، کە وشەکانیان درێژ و ئاڵۆزن و ناسادەن. ئەرکی وشەکان، وەکوو ڕستەیەکی تەواوە خۆی دەنوێنێت, واتە؛ لەم جۆرە زمانانەدا وشە یەکسانە بە ڕستە و مۆڕفیمەکان لە ناو وشەکاندا تێکەڵاون لە شێوەی ڕستە دان. ژمارەی مۆڕفیمەکان لە ناو وشەکاندا زۆرن و پەیوەندیی سینتاکسی بە هۆی گیرەکەکانەوە دروستدەکەن و بۆشایی لە نێوانیاندا نییە و ناتواندرێت، ئاڵوگۆڕی لە نێوان مۆڕفیمەکان و پێکهاتەکەیدا بکرێت. ئەم جۆر زمانانە بە زمانی ماندووکەر و شەویلاگ شکێن ناسراون، چونکە لە کاتی ئاخاوتندا ئاخێوەر ماندوو دەکەن و ئەرک و جوولەیەکی زۆر دەخەنە سەر شەویلاگ، زمانەکانی گرینلاندی و هندەسوورەکان و زمانە ناسەرەکییەکانی ئوستڕالیا...هتد لەم جۆرە زمانانەن.

پڕۆفیسۆر دکتۆر وریا عومەر ئەمین بە پێی پۆلینی تایپۆلۆجی، زمانی کوردی لە جۆری زمانە تێکچڕژاوەکانی Polysynthetic هەژمارکردووە، بە تایبەتی لە وشە مۆڕفۆسینتاکسەکاندا، کە تیایدا ڕستەیەکی تەواوی لە پێکهاتەی تاکە وشەیەکدایە. نموونەی زمانی کوردی لە جۆری زمانە تێکچڕژاوەکاندا:

_ خۆیانتێهەڵقورتاند. (ئەوان خۆیان لە کارەکە هەڵقورتاند).
_ دەتانبینم. (من ئێوە دەبینم).
_ ڕامانەگرتبوویت. (ئێمە تۆمان ڕانەگرتبوو).
_ تەنگیانپێهەڵدەچنێت. (ئەو تەنگ بە ئەوان هەڵدەچنێت). ...هتد.

٥_ زمانە ناوگرییەکان Infixing Languages:

زمانە ناوگرییەکان بریتییە لەو جۆرە زمانانەی، کە وشەکانیان پشت بە ڕەگ دەبەستن و گیرەکی پێوەدەلکێت، واتە؛ مۆرفیمەکان دەچنە ناویەک و تێکەڵاوی یەکتر دەبن و ڕەگی یەکتر کەرت دەکەن و بە ئاسانی لەیەکتر جیاناکرێنەوە و فۆرم و واتای وشەکەش دەگۆڕێت. ناوگر ڕۆڵێکی سەرەکی لە زمانە ناوگرییەکان دەبینێت، واتە؛ ناوگر ئەو مۆرفیمەیە، کە ڕەگ و بنجی مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەسمن و دەچێتە ناو ڕۆنان و پێکهاتەکەیەوە. زمانەکانی هیندی، گریکی، عیبری، سورێت، فارسی...هتد لەم جۆرە زمانانەن.

سەبارەت بە زمانی کوردی، نووسەری کورد مەسعود موحەممەد، هەندێک وشەی لە جۆری زمانی ناوگری دەستنیشانکردووە و لەم بڕوایە دایە، کە زمانی کوردی وشەی لە جۆری زمانی ناوگری تیادایە، بەڵام لە بەرانبەر ئەوەشدا هەندێک لە نووسەر و زمانەوانانیش لەم بڕوایەدان، کە زمانی کوردی وشەی لە جۆری زمانی ناوگری تیادا نییە.

پۆلینکردنی تایپۆلۆجیی زمانەکانی جیهان سەرەڕای ئەوەی هەنگاوێکی پاش و نوێبوو لە پۆلینکردنی زمانەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەر نەبوو لە کەموکووڕی و ڕەخنە لێ گرت، بەوەی، کە بۆچی زمانەکان تایبەتێتی هاوبەشیان لە زۆربەی جۆری تایبۆلۆجیی زمانەکان تیادایە. ئەمەش بە بڕوای ئێمە کەموکووڕی نییە، بەڵکوو بۆ ئەو سەردەم هەنگاوێکی باشبووە و هەنگاوێکیش بووە بۆ سەرهەڵدانی ڕێباز و تیۆری زمانەوانی نوێتر، چونکە ژیانی مرۆڤ بە هۆی پێداویستییەکانەوە بەردەوام لە گۆڕان و گەشەکردندایە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، جوگرافی، کۆچکردن، تەکنەلۆژی...هتد ئەمانەش ڕاستەخۆ پەیوەستن بە زمانەوە، کەواتە؛ زمانیش بەردەوام بە هۆی ئەم گۆڕان و گەشەکردنانەوە کەرستەی زمانی زیاتری پێویستە و دەگۆڕێت، بەم جۆرە ڕێباز و تیۆرە زمانەکانیش کۆن دەبن و کەمووکوڕی تیادا بەدیاردەکەوێت و ڕێباز و تیۆری نوێتر هەنگاو بە هەنگاو سەرهەڵدەدەن و سەرجەمیشیان بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن، بەم شێوەیە، تا ژیانی مرۆڤ بەردەوامبێت، زمانیش بەردەوام دەگۆڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێباز جێگەی ڕێباز و تیۆر جێگەی تیۆری زمانەوانی دەگرێتەوە.

سەرچاوەکان

١_ ئەورحمانی حاجی مارف(د.) (١٩٨٧) وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، طبعت في مديرية مطبعة جامعة صلاح الدين.
٢_ ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین (٢٠٢٢) زمانی هاوبەش لە کۆزمانەوانیدا، هەریمی کوردستان بە نموونە، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر.
٣_ امیر محمد محمدامین (٢٠١٤) وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین _ هەولێر.
٤_ سەرباز مەجید خۆشناو (٢٠١٣) ناوگر لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
٥_ سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨) پوختەیەک دەربارەی زماننناسی، مێژوو _ بونیادگەری _ چۆمسکی، چاپی دووەم، سەنتەری روناکبیری هەتاو، ژمارە(٤٣)، هەولێر.
٦_ وریا عومەر ئەمین(د.) (٢٠٠٧) بواری زمانەوانی و ئاستەکانی شیکردنەوە، ئەکادیمی، کۆواری زانیاری کوردستان، ژمارە(٥)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولیر کوردستان.
٧_ وریا عومەر ئەمین(د.) (٢٠٠٧) تایپۆلۆجیای زمانی کوردی، ئەکادیمی، کۆواری زانیاری کوردستان، ژمارە(٦)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، کوردستان.

*** مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین هەولێر، کۆلیجی پەروەدە_ مخمور، بەشی زمانی کوردی**

هونەری نووسین و زانستی ڕێنووس

کازم عەباس زەندی

نووسین ئاوێنەی ئاخاوتنە، گرێدەری ڕابوردووە بەداهاتوو، چونکە گوێزەرەوەی هەموو ئەو زانیارییانەیە کە لە سەردەمەکانی بەرێ ڕودەدەن و بە سەردەمی دواتریان ئاشنا دەکەنەوە. لەهەمان کاتدا لە پاراستنی وشەکانی زمانیشدا ڕۆڵ دەبینێت، چونکە ناهێڵێت شێوە بنەڕەتییەکانی وشە ون ببێت، ئەگەر لەدواتردا گۆڕانیشی بەسەردا بێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، نووسین و ئاخاوتن سەراوسەر هاوتای یەکتر نین، چونکە مەرج نییە هەموو ئەو دەنگانەی کە لەئاخاوتندا بەکاردەهێنرێن و لەسەر زارن و لەدەم دەردەچن لەگەڵ ئەو مەبەستانەی کە بەگۆڕینی دەنگ و ڕوخسار دەردەخرێن، هەمووی بە نووسین وێنا بکرێت، ئەمەش بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە، کە ئاخاوتن لەنووسین گرنگترە، چونکە ئاسۆی دەربڕین و دەرخستنی مەبەستەکانی تێدا فرەوانترە، بەڵام بۆ نزیکخستنەوەی نووسین لە ئاخاوتن هانا دەبردرێتە بەر بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی تاوەکو مەبەستی ئاخاوتن لە نووسیندا ڕوونتر دەربکەوێت .

هەروەک دەزانین زمان بەدوو شێوە دەردەخرێت، شێوەیەکیان ئەزەلییە، کە ئاخاوتنی پێ دەگوترێت، ئەم شێوەیەش بەزمانی گۆ دەردەبڕدرێت و بەگوێ دەبیسترێت، ئەوی دیکەیان نووسینە، کە داهێنانی مرۆڤە، بەدەست دەکرێت و بەچاو دەبینرێت. لەمەشدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە ئاخاوتن لە نووسین کۆنترە، چونکە بەر لەنووسین هەر هەبووە. ئەمەش وایکردووە پەیدابوونی ڕێزمانیش پێش پەیدابوونی ڕێنووس بکەوێت، چونکە ڕێزمان لەزمانی ئاخاوتن هەڵ دەهێنجرێت ئینجا ڕێنووس لەنووسین دروست دەکرێ. لەئەنجامی ئەمەشدا ڕێزمان و ڕێنووسی دوو لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دروست دەبێت، ڕێزمان بەکارەکی دروستبوو دەزانرێت، لەسەرخۆ دەگۆڕێت و هەستی پێناکرێت، چونکە بەو یاسا سروشتییانەی زمان ڕێکدەکەوێت، کە بونیان هەیە نەوەکو دروستکراو بێت. بۆیە ئەگەر لە سەرەتاوە دەنگەک یان بنەمایەک لەزمانەکدا نەبێت، ناتوانرێت لە دواتردا بۆی دروستبکرێت، بەڵام ڕێنووس بە کارەکی دروستکراو هەژمار دەکرێت، چونکە لەژێر ڕکێفی زمانەواناندایە. زانایانی زمان دەتوانن بەپێی گونجان و لۆژیک، یان بەپێی ڕێککەوتن پێشنیار و یاسای بۆ دابنێن و دەستکاری و هەمواریشی تێدا بکەن، بەمەرجێک کاریگەری لەسەر گۆڕینی واتادا نەبێت. نووسینی هیچ زمانەکیش نییە ئەگەر هەوڵی یەکخستن یان کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی بۆ درابێ یاسای بۆ دانەنرابێت و پێشنیاری بۆ نەکرابێت، ئینجا لە دەرئەنجامدا بە دەست ڕاهاتنی نووسەرانی و بەڕێککەوتنی زمانەوانەکانی شێوە ڕێنووسەکی یەکگرتووی

بۆ دروست نەبووبێت. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە نووسینی زمانەکی وەک عارەبی یان ئینگلیزی، دەبینین لەسەرەتاوە چەندین یاسا و پێشنیاریان بۆ نووسینەکەیان داناوە ئینجا ئەوەی لە یاسا بەدەر بووە ناوی ناوازەیان لێناوە. بۆیە دەبێت زانایانی زمانی کوردیش بە دانانی یاسا نووسینەکەی ڕێکبخەن ئینجا پەیڕەوی بکەن تاوەکو قۆناغی هەرەمەکی تێدەپەڕێنێت و بتوانرێت وەک زانستەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەوەی واشیکردووە کە نووسینی کوردی لە ئێستادا ئاوا بێ سەروبەربێ و ڕێنووسی وشەکانی لەشێوەیەک زیاتری بۆ بکرێت و هەرکەسەش ڕێنووسی خۆی بەڕاستتر بزانێت. نەبونی ئەو یاسا پەیڕەوکراوانەیە، کە تا ئێستا نەتوانراوە بە کۆدەنگی دابڕێژرێت و لە ڕێی دەسەڵات و دامودەزگایەکی فەرمییەوە بسەپێنرێ.

لە سەردەمە کۆنەکان و لە دەستپێکدا نووسینی زمانەکان بەو خەتانە دەکران، کە خەتی ئەو کتێبە ئاینیانەبوو، کە پەیڕەو دەکران. بۆیە لە سەردەمی مەدییەکانیشدا کە بە باپیرە گەورە و ڕەچەڵەکی کوردانی ئێستا دەزانرێن، نووسین بە خەتی بزماری دەکرا، چونکە ئاڤێستا بەو خەتە نووسیرابو. هەر بەو خەتەش خوێندن و نووسین دەکرا، بەڵام لە پاشاندا و لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا، بەدیاریکراویش لەسەردەمی داریۆشی یەکەمەوە (٥٢٣ پ ، ز) زمانی ئاڤێستا بۆ زمانی هەخامەنشییەکان وەرگێڕدرا و نووسینەکەی بە خەتی ئارامی گۆڕدرا. بۆیە ئەمجارەیان بەم زمان و خەتە خوێندن و نووسینکرا، لەدوای داهاتنی ئیسلامیش بە ئەلفبێی عارەبی گۆڕدرا، چونکە قورئان بەو خەتە نووسیرایەوە. ئەمەش وایکرد لە دواتردا نووسینی فارسی و عارەبی زووتر گەشە بکەن و کرداری نووسینیان پێشبکەوێت، چونکە لەیەککاتدا زمانەکەیان لەدەسەڵات و دەقەکی ئایینی بەکاردەهێنرا ئینجا نووسین و خوێندنی پێدەکرا. لەم حاڵەتەشدا کاریگەرییان لەسەر نووسینی کوردیدا هەبوو، چونکە کورد ژێر دەستەیان بوو. بۆیە بەردەوام خەت و زمانەکەیان وەک زمانی فێرکردنی پەیڕەوکەرە ئایینییەکان بۆ خوێندن و نووسین بەکاردەهێنرا ئینجا لەسەدەی بیستەمەوە ئەلفبێی لاتینیشی بۆ بەکارهێنرا، چونکە وڵاتە زاڵەکان ئەم ئەلفبێیەیان بەکاردەهێنا. ئەمەش وایکرد بەتێپەڕینی سەردەمەکان، نووسینی زمانە زاڵەکان لە نووسینی کوردی زیاتر پەرەبسێنن و ڕەگ و ڕیشە دابچەقێنن، زووتر قۆناغی سادەیی و هەرەمەکی تێ بپەڕێنن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گومان لەوە دا نییە کە لە سەرەتاوە نووسین کردارەکی سادە و ساکار بووە. مەبەست تێیدا، تێگەیشتنی مەبەستی ئاخێوەر بووە. بۆیە ئەگەر نووسینی

زمانەک بە هەر شێوەیەک بکرابوایە بە ڕاست دەزانرا، چونکە لە ڕابووردوودا و بەر لە جیاکردنەوەی شێوەکانی نووسین و دروستکردنی ڕێزمانی زمان و دەرکەوتنی ئامێرەکانی چاپەمەنی، کرداری نووسین هەر لە ڕێی دەستنووسینەوە دەکرا. ئەو کەسانەی کە کاری نووسینیشیان دەکرد، هەریەکەیان بەپێی سەلیقە و دەستڕاهاتنی خۆیان دەیاننووسی. بۆیە داهێنانیان لە شێوە نووسین و جواننووسی و خەتخۆشی خۆیاندا دەکرد. لە ئەنجامی ئەمەشدا چەندین شێوە نووسین و خەت و وێنەی پیتەکان پەیدابوون، کە لە ئێستادا هەریەکە بە ناوەکەوە دەناسرێتەوە وەک شێوە نووسینی فۆنەتیکی و فۆنیمی و بڕگەیی و ئەرتۆگرافی ....تاد لە خەتی عارەبیشدا وەک: کوفی و روقعە، نسخ و طغری و دیوانی و فارسی و ثلث....تاد

پێویستە بزانین کە زمان بناغەی هەبوونی نەتەوە و چوارچیوەی سنور و دەوڵەتە، نووسینیش هۆکاری لێک نزیککردنەوە و یەکخستنی شێوەجیاوازەکانی زمانی نەتەوەکەتە. بۆ سەرخستنی ئەم مەبەستەش هەر وڵات و نەتەوەیەک داموودەزگای تایبەتی بۆ خزمەت و چاودێری زمان دامەزراندووە، تاوەکو زمان و کەلتوریان لە فەوتان و لە کاریگەری و بێبایەخی بپارێزرێت. ئەمەش ئەگەر بۆ زمان و کەلتوری نەتەوەیەک پێویست بێت، کە وڵاتی سەربەخۆی هەبێت بۆ ئێمەی کورد زۆر لەوان پێویستترە، چونکە زمانەکەمان هەڕەشەی تواندنەوەی لەسەرە، بۆیە هۆکاری مانەوەمانە و لە نەمان دەمانپارێزێت. بێگومان دەسەڵاتی خۆماڵی خۆشمان لە کوردستانی باشوردا، درکیان بەم پێداویستییە کردووە، بۆیە ئەکادیمیای کوردییان دامەزراندووە، کە دروشمی چاودێری و بە پێشوەبردن و خزمەتکردنی زمان و مێژوی کوردی هەڵگرتووە، بەڵام بەداخەوە ئەم دەزگایە نەوەکو هەر نەیتوانیوە ئەو ئەرک و ڕۆڵەی کە لەسەریبووە بیبینێت، بەڵکو لەژێر سێبەری ئەودا زمانی کوردی ئەوەندە پاشەکشەیکردووە، کە لە هیچ سەردەمێکدا وانەبووە. ئەوەی لە سەردەمی کۆڕی زانیاریشدا کراوە کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوودا کارابو، ئەم بەرەو دواوەی گێڕاوەتەوە. بۆیە وای لێهاتووە لە ئێستادا ئەم دەزگایە هەروەک باڵەخانەیەکی ڕازاوە بە جێگای دابەشکردنی ئیمتیازات و موچە لێی بڕوانرێت. ئەم بیر و بۆچونانەش بەو دەرئەنجام و دەرهاویشتانە دەسەلمێت کە لە ئێستادا لە کوردستانی باشور دەگوزەرێت و هەستی پێدەکرێت، چونکە کە زمانی کوردی بێبایەخ دەکرێت، ئەو ئەکادیمیایە هیچ پلانەکی نییە و بە هەڵوێستەوە دەرناکەوێت، تاوەکو سنورەک بۆ نەزان و بێهەستەکان

لە گرنگی زمان دابنێت، کە زمانی کوردی لە وڵاتەکەی خۆماندا بێنرخ دەکرێت و گرنگی بە زمانیتر دەدرێت. ئەو ئەکادیمیایە ئەمە بە ئاسایی دەزانێت، قسەی بێکردار زۆر دەکات، بەڵام خەمی زمان بەخەمی خۆی نازانێت. تاوەکو زمانی دایک بەهایەکی زیاتری بۆ دابنرێت، لە سەردەمی ئەو ئەکادیمیایەدا، دەبینین ئەو پاشەگەردانی و دوڕاییەی کە لە ڕێنووس و بابەتە ڕێزمانییەکانی پرۆگرامەکانی خوێندندا هەیە زیاتر بووە و زیاتر دەبێت. هەروەها لە سەردەمی ئەو ئەکادیمیایەدا کە ڕۆژانە زمان و کەلتوری کورد دەشێوێنرێت. دەبینین بەخەیاڵیش ڕایەک دەرنابڕێت، بەداخەوە ئەوەی لە پەنا سێبەر و دیواری ئەو ئەکادیمیایەدا بە زمانی کوردی دەکرێت هیچ دوژمنەک نەیتوانیوە بیکات و بەو ڕێڕەوی دابیات کە لە ئێستادا دەبینرێ. لەوڵاتەکەی خۆماندا، زمانی کوردی لەدوا پلەی زمانەکاندا هەژمار دەکرێت، لە ناوەندەکانی خوێندندا لە ئاستی زمان و بابەتەکانیتردا دانانرێت. لە ئەنجامی ئەمەشدا خوێندکاران ڕۆشنبیرییەکی هەڵەیان لە لا دروستبووە کە زمانی دیکە لە زمانی دایکیان بە بەهاتر بزانن. لە ئەنجامی ئەوەشدا لافی ئەوە لێ دەدەن کە زمانەکیتر فێردەبن و زمانی دایک بەهەند وەرناگیرێت. لە هەلی کاردا زمانی کوردی فەرامۆش کراوە و زانینی زمانی دیکە بە مەرجی کارکردن دادەنرێت. ئەو کەسانەی کە بۆ نیشتەجێبون و کارکردنیش دێنە کوردستان لە جیاتی ئەوەی ئەوان ناچار بکرێن فێرە زمانی کوردی ببن، دەبێت ئاخێوەری کورد خۆی فێرە زمانی ئەوان بکات. لە کاتێکدا لە هەمو دونیادا وا باوە، ئەوەی نیشتەجێ بێت و بۆ کارکردن بچێتە شوێنێک دەبێت زمانی ئەو شوێنە فێر ببێت، کەچی ئەو ئەکادیمیایە هەمو ئەمانە و زیاتریش بە پێشکەوتن دەزانێت. هەر ئەمەشە وایکردووە ناو و ناوەڕۆکی ئەم دەزگایە لەگەڵ ئەو دروشمەی کە هەلیگرتووە نەگونجاو و ناتەبا بێت. بە کوردی و بە کورتی ناوێکی گەورە و دەرگایەکی وێرانی لێدروست ببێت.

بنەمایەکانی ڕێنووسی کوردی

نووسین و ڕێنووس دوو کاری پەیوەست بەیەکترن، چونکە گرنگترین خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا خوێندنەوە و تێگەیشتنی مەبەستی نووسەر و ئاخێوەرە، بەڵام نووسین بە هونەر و کردارەکی هەڕەمەکی لێیدەڕوانرێت، چونکە دەرخستنی بنەما و جیاوازی نووسینی وشەکانی تێدا بەگرفت نازانرێت. ئەگەر لە کاتی خوێندنەوەدا کاریگەری لەسەر

گۆڕینی واتا و مەبەستدا نەبێت، بەڵام ڕێنووس بە زانستەکی خاوەن یاسا و ڕێسا دەزانرێت، چونکە دەبێت لە پاڵ خوێندنەوە و دەرخستنی مەبەستەکاندا، تایبەتمەندی نووسینی زمان و ئەو بنەما بنەڕەتییانەی تێدا دەربکەوێت، کە بەدرێژایی مێژووی نووسینی هەر زمانێک تێیدا دروست دەبێت. ئەمەش وا دەکات لەڕوی کردارەوە، هەریەکە لە نووسین و ڕێنووس، پێناسەیەکی تایبەت بەخۆی وەربگرێت. نووسیین وەک هونەرەکی دەست ڕاهاتن لێی بڕوانرێت و بە ئاخاوتنەوە گرێ بدرێت. ڕێنووسیش وەک زانستەکی خاوەن یاسا و ڕێسا بە ڕێزمانەوە بلکێنرێت، بەڵام هەروەک دەزانین نووسینی کوردی وەک نووسینەکی سەربەخۆ بە درەنگی دەرکەوتووە، چونکە زیاتر بە زمانی داگیرکەران نووسین و خوێندنی پێکراوە. بۆیە بنەماکانیشی ناڕونبووە و بە چەند شێوەیەک دەست ڕاهاتن لەسەر نووسینی وشەکانی دروستبووە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، لە ئەنجامی ڕەسەنی زمانی کوردی و پتەوی کۆڵەگە ڕێزمانییەکانی، کە جیاوازە لە زمانە زاڵەکان، هەر تایبەتمەندی خۆی پاراستووە. بەپێی ئەو ڕێڕەوە مێژوییەی کە نووسینیشی پێکراوە، چەندین بنەمای تایبەتی بۆ درووستبووە، کە لە نووسینی داگیرکەران و ئەو زمانانە ناچێت کە بە هەمان ئەلفبێ نووسینیان پێدەکرێت. بنەماکانیش لەم خاڵانەدا کۆ دەکەینەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕێنووسی کوردیدا دەردەخرێن و ڕەچاو دەکرێن:

١- دەبێت لە هەمو وشە و بڕگەیەکدا بزوێنەک هەبێت ئینجا ئەگەر بزوێنەکە تەواو یان پلەدرێژ یان پلەکورتی بزرۆکە بێت.

٢- دەبێت سەرەتای هەموو وشە و بڕگەیەک بە نەبزوێن دەستپێبکات.

٣- لە بزوێنی تەواوی (و ، ی) پلەبزوێنی کورتی(بزرۆکە) و درێژی (وو ، یی) پەیدا دەبێت.

٤- نابێت دوو بزوێن بەدوای یەکتردا بێت.

٥- نابێت لە دوو فۆنیمی تەواو، فۆنیمەکی دیکەی سەربەخۆ دروست ببێت.

٦- لە جیاتی سەرە و ژێرە و بۆرە کە لە ئەلفبێی عارەبیدا بە فۆنیم هەژمار ناکرێن، لە نووسینی کوردیدا بەفۆنیمەکانی (ە ، ی ، و) دەنووسیرێن.

٧- بۆ ئەو دەنگانەی کە لە زمانی کوردیدا هەنە و لە ئەلفبێکاندا نییە بەدانانی هێما و خاڵ نیگاریان بۆ دروست دەکرێت ......تاد، بەڵام بە هۆی بیروبۆچونی جیاواز لەسەر هەبون و نەبونی ئەم بنەمایانە، زمانەوانانی کورد لە نێوان خۆیاندا ڕێک ناکەون، چونکە هەندێ لە زمانەوانان دان بەبونی هەندێ بنەما دەنێن و لە ڕێنووسیدا دەریدەخەن، کەچی هەندەکیتر دان بەبونیاندا نانێن و لە ڕێنووسیدا پشتگوێیان دەخەن. ئەمەش

هۆکارە بۆ ئەوەی هەندێ بنەما لە نووسینی نووسەران و زمانەوانان‌دا دەربکەوێت و هەندەکی ون بکرێت. ئەمەش وایکردووە نەتوانرێت یەک شێوە نووسین بۆ ڕێنووسی وشەکان دروست ببێت، بەڵام لە پاڵ ئەم هۆکارەدا چەند هۆکارەکی تریش هەیە کە وا دەکەن ڕێنووسەکی یەکگرتووو بۆ نووسینی کوردی دروست نەبێت.

هۆکاری یەکەم : چونکە ڕێزمانەکی یەکگرتوو بۆ زمانەکەی دروست نەبووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە ئێمەی کورد هەرگیز دەسەڵاتێکی سەرتاسەری و سەقامگیرمان نەبووە تا ئەو دەسەڵاتە بتوانێت شێوەزارەک بەسەر شێوەکانی تردا بسەپێنێت و بە تەنیا ئەلفبێیەک لە پرۆسەی خوێندن و نووسیندا بەکاربێنێت. لە ئەنجامی ئەمەشدا: سووڕی پێگەیشتنی نەتەوەییمان دواکەوتووە... بێهەست و بێئاگابووینە لە گرنگی زمان بۆ دوارۆژی گەل و نەتەوەکەمان ... ڕێڕەوی زمانەکەمان بەو ئاقارەدا ڕۆیشتووە کە ئێستاکە دەبینرێت... خوێندەواری کورد بە نووسینی زمانە زگماکەکەی خۆی نامۆبووە و زیاتر خزمەتی زمانی دیکەی کردووە، چونکە هیچ بژاردەیەکی باشتری لە بەردەستدا نەبووە تا بە زمانی خۆی بخوێنێت و بنووسێ و ئاگاداری حاڵی یەکتر بێت، بەڵکو بە ناچاری هەردەم بە زمانی زاڵ خوێندویەتی و ئەو ئەلفبێیەی بەکارهێناوە، کە لە قوتابخانە دەوڵەتییەکاندا پێیخوێنراوە. بۆیە تا ڕادەی نامۆیی، شێوەزارە جیاوازەکان و نووسینی هەر پارچەیەکی لە ئەویتر دوورکەوتۆتەوە... خوێندەوار و ئاخێوەرانی کورد بەرژەوەندی خۆنزیکخستنەوەیان بۆ یەکتر دروست نەبووە، چونکە بژێوی ژیانیان بە شێوەزارەکی کوردییەوە گرێ نەدراوە تا لە دواتردا بتوانرێت ئەو شێوەزارە بکرێتە بناغە بۆ ئەوەی زمانی ستانداردی لەسەر دروست بکرێت. ئینجا لەم زمانە ستانداردەدا ڕێزمان و ڕێنووسێکی یەکگرتوو دروست بکرێت.

هۆکاری دووەم: چونکە لە هەر پارچەیەکی داگیرکراویدا ئەلفبێی جیاواز بۆ نووسینی بەکاردەهێنرێ و لە هەر ئەلفبێیەکیشدا شێوە نووسینەک پەیڕەو دەکرێت، ئەم جیاوازییەش وایکردووە هەندێ بنەما لە ئەلفبێیەک و شێوە نووسینەک دەربکەوێت و لەوی دیکەدا دەرنەکەوێت. لەمەشدا جیاوازی لە بیروبۆچونی زانایانی زمان لەسەر هەبون و نەبونی هەندێ بنەما دروستبووە، بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش پێویستە لە سەرەتاوە ڕێککەوتن و کۆدەنگی لەسەر هەبون و نەبون و پەیڕەوکردنی بنەماکان دروست بکرێت، ئینجا یاسایەکانی ڕێنووسی دابڕێژرێت تاوەکو ڕێنووسێکی یەکگرتوو یان کەم جیاواز بۆ نووسینی کوردی دروست ببێت.

هۆکاری سێیەم: هەرگیز پاڵپشتی دەسەڵاتێکی دڵسۆز بۆ دەزگایەکی شارەزا و بەردەوام نەبووە، کە ئەگەر ئەم دەزگایە نەتوانێت یەکیشی بخات، بەڵام زەمینەی کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی بۆ بڕەخسێنێت. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەدابووە کە هەردەم داگیرکەرانی کوردستان بەرنامەی تواندنەوە و بێبایەخکردنی زمانی کوردییان هەبووە. بۆیە هەرگیز پاڵپشتی دەزگایەکی شیاویان بۆ نەکردووە، کە کارا بێت و بە پلان و بەشێوەیەکی سیستماتیک خزمەتی بکات. ئەمەش وایکردووە بەردەوام خزمەتکردنی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بمێنێتەوە و هەر لە ڕێی خەمخۆرە تاکە کەسییەکانەوە ئەنجام بدرێت. ئەگەر بەراوردێکیش لەنێوان پارچە داگیرکراوەکانی کوردستاندا بکەین، دەبینین بێجگە لە کوردستانی باشور، تا ئێستاش لە پارچەکانی تردا، ڕێگەچارەی گرفتەکانی زمان بە ڕێزمان و ڕێنووسیەوە، هەر لە ڕێی ئەو تاکە کەسانەوە دەکرێت کە خەمی زمان بەخەمی خۆیان دەزانن نەوەکو لەڕێی دەزگایەکی پشتگیریکراوەوە، کە بیر و بۆچونەکانیان بەهەند وەربگرێت، چونکە نەدەزگایەک هەیە کۆیان بکاتەوە، نەدەسەڵاتیش پاڵپشتییەکی دڵسۆزانەیان بۆ دەکات، بەڵام لەو کاتەوەی کە کۆڕی زانیاری کورد بەپێی یاسای ژمارە (١٨٣) لەسالی (١٩٧٠ز) لە کوردستانی باشور دامەزرا، ئەم دەزگایە وەک دەزگایەکی تایبەت و سەربەخۆ بە خزمەتکردنی زمانی کوردی دەستبەکاربو، کە خزمەتەکی پڕ بەهای بە زمان و نووسینی کوردی کرد، چونکە تا ڕادەیەک بیروڕای بیرمەند و زانایانی زمانی هەموو پارچەکانی ئاشنای یەکتر دەکرد. توانی لەژێر چەتری کۆڕدا کۆیان بکاتەوە و نووسین و بیر و بۆچونەکانیان بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە کارەکانی ئەم دەزگایەش دەبینین تاسەر پشتگیری پێویست نەکراوە، چونکە نەهێڵراوە بەردەوام بێت و سوڕی خزمەت تەواو بکات تا ئەزمونی زیاتر وەربگرێت. ئەوەبو بەپێی بڕیاری (١٦٣)ی (١٠/٤/ ١٩٧٨ ز) هەڵوەشێنرایەوە. ئینجا لە جێگەی ئەو (دەستەی کورد) وەک دەزگایەکی لاوەکی لە دامەزراوەیەکی عیراقی(لە کۆڕی زانیاریی عێراق) دروستکرایەوە. لەم حاڵەتەشدا گڕوتینی کەم بووەوە، چونکە ئەو زەمینە و پشتگیرییەی نەما، کە لە پێشتردا هەیبو. لەدوای ڕاپەڕینیشەوە(١٩٩١ز) کە لەگەڵ ئەوەی کوردستانی باشور ئازادتربوو, داگیرکەر لەپێگەی بڕیاردان دورکەوتەوە، بۆیە دەتوانرا زیاتر خزمەتی زمان بکرێت و پاڵپشتی دەزگایەکی شایستەتر بکرێت، چونکە دەسەڵات خۆماڵی بوو، خوێندن بە تەواوی بە کوردی کرا، زۆرترین کتێب و بڵاوکراوە لە چاپدرا، چەندین تێز و توێژینەوەی زانستی بۆ زمانی کوردی کرا،

بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێکی نەشارەزا و کورتبین لە بواری زماندا دەستبەکاربوو، بۆیە پشتگیرییەکان بە هەڵە بەکارهات و نەتوانرا دەزگایەکی چالاک دروست بکرێت، زەمینەیەکی تەندروست بۆ خزمەتکردنی زمان بڕەخسێنرێت، کەسی شایستە لە شوێنی خۆیدا دابنرێت. ئەمەش وایکرد لە جیاتی خزمەت و بەرەو پێشوەچوون، پاشەگەردانی زیاتر سەر هەڵبدا و زمانی کوردی بێبایەختر ببێت. لە مەشدا پێویستە زۆرترین ڕەخنە لەو دەزگایە بگیرێت، کە خزمەتی زمانی کوردی پێ سپێردرا، ئەویش ئەکادیمیای کوردییە، کە وەک میراتگری کۆڕی زانیاریی کورد خۆی دەناسێنێت، چونکە نەیتوانی زمانی کوردی لەو چاڵە دەربهێنێت، کە داگیرکەران بۆیان هەڵکەندووە. ئەمەش لە لایەکەوە لەوانەیە بە دەستی ئەنقەست بێ یان لە ئەنجامی نەزانی و خەمساردی خۆماندابێت، چونکە پاڵپشتی ئەو بیرۆکانەی تێدا ناکرێت، کە بە سودی زمانی کوردی بەگشتی تەواودەبو، بەڵکو زیاتر شێوەزارپەرستان و لاساییکەرەوان باڵادەستکران. لەمەشدا پێشبڕکێی نابەجێ لە نێوان شێوەزارەکاندا دروستبوو کە وایکرد جیاوازی زیاتر پەرەبسێنێت، لەلایەنی نووسینیشەوە، ڕێک نەکەوتنی خودی زمانەوانان لە نێوان خۆیاندا و نەبوونی یاسا و پاڵپشتی کە بیر و بۆچونەک بەسەر بیر و بۆچونەکی تردا بسەپێنێت، بووە هۆی ئەوەی هەر کەسە ئازادبێت، کە چۆن دەنووسێت، دەزگاکانی چاپ و پەخش و بلاوکردنەوە، ڕێنووسیی تایبەت بەخۆیان هەبێت. ڕێنووسیی کتێبەکانی خوێندن لە یەکتر جیاوازبێت و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە شوێنی زمانەوانان کاربکەن، بڕیار لەشیکردنەوە و لێکدانەوەی گرفتەکان و دەستنیشانکردنی بنەماکان و هەڵبژاردنی ئەلفبێ و پەیڕەوکردنی شێوەنووسینەکان بدەن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بە دەستوری جاران، قوتابی و خوێندکار و نووسیەرانی کورد هەروەک سەردەمی ژێر دەستی و خراپتریش دەستیان بە نووسینی هەڕەمەکی ڕابێت و ئەو زەمینە و پاڵنەرەیان بۆ چارەکردنی گرفتەکان نەمێنێت کە لێیان چاوەڕوان دەکرا.

یاسایەکانی ڕێنووسی کوردی

ئاشکرایە کە زانایان و شارەزایانی زمان ناتوانن یاسا سروشتییەکانی زمان بگۆڕن، چونکە لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە هەر زمانەک لەسەر چەند پایە و بنەمایەک دروستبووە. ئینجا لە دەرئەنجامی چەندین هۆکاردا، بە تێپەڕینی کات و تێکەڵبوونی شێوە گفتوگۆیەکان خۆی سەروبەر کردووە و ئەو شێوەیەی ئێستاکەی وەرگرتووە،

کە دەبینرێت. بۆیە ناتوانرێت بگۆڕدرێت یان بنەما و پایەی تازەی بۆ دابهێنرێت، بەڵام دەتوانن یاسا بۆ ڕێنووسییەکەی دابنێن. ئەلفبێکەی هەموار بکەن، دەتوانن پاکسازی لە وشە نامۆکانیدا بکەن و دەستەواژە و زاراوەی گونجاوی تێدا دابهێنن، چونکە ڕێنووسی دەستکردە، سەلیقەی زمانەوانانە، دەتوانرێت بیروڕای لۆژیک و جوانی و دەست ڕاهاتنی نووسەرانی تێدا ڕەچاو بکرێت. بەڵگە نەویستیشە کە بەداڕشتنی یاسا بۆ نووسینی هەر زمانەک، ئەگەر نەتوانرێت گرفتەکانیش بنەبڕ ببێت، دەتوانرێت جیاوازییەکان کەم بکرێتەوە. بۆیە پێویستە نووسینی کوردیش یاسای بۆ دابنرێت تاوەکو بۆ هەر حاڵەتەک، ئەوەی یاسای بەسەردا جێبەجێ ببێت بە ڕێنووسی ڕاست هەژمار بکرێت. ئەوەی لە یاسا بەدەربێت بە ناوازە و ڕیزپەڕ دابنرێت. بەمەش قۆناغی هەڕەمەکی تێدەپەڕێنێت و قۆناغێکی تری بەدوادادێت، کە بەپێی یاسا وشەکانی دەنووسرێت، بەڵام بەر لەدانانی یاسایەکان، دەبێت چوارچێوەیەک بۆ نووسینی بەشەکانی ئاخاوتن دیاری بکرێت کە وەک دەستور لێی بڕوانرێت تاوەکو تایبەتمەندی و جیاوازی هەر بەشێکی ئاخاوتن لە ڕێنووسیدا دەربکەوێت. ئینجا هەموو ئەو یاسایانەی بەسەردا ڕایەڵە بکرێت کە بۆ ڕێنووسی حاڵەتەکان دادەنرێت.

لە بنەڕەتدا نووسینی کوردی نووسینەکی فۆنەتیکییە، چونکە ئەو دەنگانەی تێدا دەردەخرێت، کە فۆنیمەکانی ئەلفبێی کوردیان لێدروست دەبێت و بە ئاڵوگۆڕکردنیان واتای وشە دەگۆڕێت، بەڵام لە داڕشتنی یاساکاندا دەبێت هەردوو شێوە نووسینی فۆنیمی و بڕگەیی ڕەچاو بکرێت، چونکە لە ئەلفبێی عارەبیدا شێوە نووسینی فۆنەتیکی – فۆنیمی، لە ئەلفبێی لاتینیدا شێوە نووسینی فۆنەتیکی - بڕگەیی پەیڕە و دەکرێت. بە بەڵگەی ئەوەی لە دەرخستنی دەنگەکاندا، لە ئەلفبیی عارەبی تەنیا دەرخستنی فۆنیمەکان بە هەند وەردەگیرێت، لە ئەلفبێی لاتینیدا، لە هەر بڕگەیەکدا، بزوێن و بنەماکان و جیاوازی بزوێن و نەبزوێنی (و ، ی) دەردەخرێت. لە ئێستاشدا ئەگەر سەرنج بدەینە ڕێنووسی وشە کوردییەکان، دەبینین چوار گرفتی سەرەکی تێدا دەردەکەوێت، کە جیاوازی لە ڕێنووسی وشەکاندا دروستدەکات، بۆیە وا پێویست دەکات یاسایان بۆ دابنرێت تاوەکو جیاوازییەکان کەم ببێتەوە و ڕاستی و ناوازەییان لێ دەربکەوێت، گرفتەکانیش ئەمانەن:

١-خوێندنەوە و بڕگەکردنی وشەکان: چونکە هەندێ وشە هەیە لە شێوەیەک زیاتر بڕگە دەکرێن، ئەمەش جیاوازی بیروڕا دروست دەکات و کاریگەری لەسەر دەرخستنی بنەماکاندا دەبێت.

٢ - دەرخستن و جیاکردنەوەی پلە بزوێنەکانی (و ، ی): چونکە لەم دوو دەنگە تەواوەدا فۆنیمە بزوێنی تەواو دروست دەبێت، ئینجا لەسەر ئەم فۆنیمە تەواوەدا پلەبزوێنی کورت و درێژ پەیدا دەبێت. لەمەشدا و لە هەندێ حاڵەتدا هەر سێ پلەی تەواو و کورت و درێژ لە ڕێنووسیدا تێکەڵی یەکتر دەکرێن.

٣- لکاندن و نەلکاندنی وشە و ئەفێکسەکان: ئەم کردارە نارێکی بە ڕێنووسی دەبەخشێت، بۆیە دەبێت بە یاسا ڕێکبخریت تاوەکو یەک شێوە نووسین و جواننووسی و ڕێک و پێکی بەڕێنووسی وشە کوردییەکانەوە دیار بێت.

٤- ڕێنووسی وشە وەرگیراوەکان: چونکە ناتوانرێت هەندێ لەم وشانە لە زمانی کوردیدا دەربهاوێژرێت، بۆیە دەبێت هەروەکو وشە کوردییەکان یاسایان بەسەردا جێبەجێ بکرێت.

بۆ دروستنووسینی ئەم حاڵەتانە و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان، ئێمە بۆ هەر یەکێک لەم گرفتانەی سەرەوە یاسامان بەپێی حاڵەتەکان داڕشتووە ئینجا وشەکانمان بەسەردا ڕایەڵەکردووە، لەمەشدا ڕەچاوی تایبەتمەندی ئەلفبێکان و نیگاری پیتەکان و دەرخستنی بنەماکان و جیاوازی بەشەکانی ئاخاوتنمان کردووە، ئەم شێواز و ڕێچکەیەش کە ئێمە بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی ڕێنووسی کوردیمان داناوە بیرۆکەیەکی تازەیە، چونکە جیاوازە لەو پێشنیارانەی، کە لە سەرچاوە کۆن و بیروبۆچونە کەسییەکانی پێشو بۆ ڕێنووسی وشە کوردییەکان دانراوە، کە تێیدا لە پێشنیارەکاندا هەر داواکراوە نمونە بە نمونە بچوێنرێت و لە ڕێی ڕێنووسی چەند وشەیەکدا مەبەستەکان دەرخراوە، بەڵام لێرەدا نەمانتوانیووە بەدور و درێژی یاسا و لێکدانەوەکان وەکو خۆی بنووسینەوە، کە لە کتێبی (ڕابەری ڕێنووسی کوردی ٢٠٢٣) باسمانکردووە تاوەکو بابەتەکە زیاتر درێژ نەبێتەوە، بۆیە بە کورتی یاسایەکانمان نووسیوەتەوە و بە پوختی شیکردنەوە و لێکدانەوەی گرفتەکانمان دەرخستووە.

یەکەم / یاسای خوێندنەوە و بڕگەکردنی وشەکان.

بەسەرنجگرتن لە بڕگەکردنی وشە سادە و ناسادەکاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەندێ وشە لە شێوەیەک زیاتر خوێندنەوەی بڕگەیان بۆ دەکرێت. لەمەشدا جیاوازی بیروڕا دروستبووە، بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی ئەم حاڵەتانەش پێویستە بەپێی حاڵەتەکان یاسا دابڕێژێت تاوەکو یەک شێوە خوێندنەوە پەیڕەو بکرێت. ئەمەش سودی بۆ دەرخستنی بنەماکان و جیاکردنەوەی پلە بزوێنەکان دەبێت.

١- ئەگەر وشەیەکی سادە پیتی دووەمی نەبزوێنی(و ، ی) بێت و پیتی سێیەمی بزوێنەکانی(ا ، ە ، ۆ ، ێ) بێت، وەک لە :شوان ، ڕوەک ، دوین ، خوێن.....گیان ، دیە...... تاد لەم حاڵەتەدا ئەم وشانە بە یەک بڕگە و زیاتر خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت .

- شوان ، ش/ وان ، شوو / وان
- ڕوەک ، ڕ/ وەک ، ڕوو/ وەک
- دوین ، د / وین ، دوو / ین
- خوێن ، خ / وێن ، خوو / وێن
- گیان ، گ / یان ، گیی / یان
- دیە ، د / یە ، دیی / یان

بۆ دانانی یاسایەک کە لە ڕێنووسی ئەم وشانەدا پەیڕەو بکرێت، دەبێت پێوەر لە ئالوگۆڕکردنی (و ، ی) بە نەبزوێنەکی تر وەربگرین، چونکە(و ، ی) ڕۆڵی نەبزوێنی دەبینن.

- ئەگەر (شوان) بکەینە (شڤان) بە یەک شێوە بڕگە دەکرێت (ش / ڤان)
- ئەگەر (گیان) بکەینە (گلان) بە یەک شێوە بڕگە دەکرێت (گ / لان)
- ئەگەر (ڕوەک) بکەینە (ڕمەک) بە یەک شێوە بڕگە دەکرێت (ڕ / مەک)
- ئەگەر (دوین) بکەینە (دڕین) بە یەک شێوە بڕگە دەکرێت (د / ڕین)
- ئەگەر (خوێن) بکەینە (شکێن) بە یەک شێوە بڕگە دەکرێت (ش / کێن)
- ئەگەر (دیە) بکەینە (دلە) .... بە یەک شێوە بڕگە دەکرێت (د / لە)

کەواتە ئەم شێوە بڕگەکردنە بۆ ئەم وشانەش بەڕاست دەزانرێت، کە نەبزوێنی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە بڕگە دروست دەکات، چونکە بە یەک شێوە بڕگە دەکرێن، ئینجا بڕگەی تری بە دوادا دێت (ش / وان .. گ /یان..........ئەوانی تریش بەهەمان شێوە.

٢- ئەگەر وشەیەکی سادە بە نەبزوێنی (و) یان (ی) دەست پێبکات و نەبزوێنەکی تری بەدوادابێت ئینجا پیتی سێیەم بزوێن بێت وەک (وزە ، وچان ، یخە)، لەم حاڵەتەدا ئەم وشانە لەشێوەیەک زیاتر خوێندنەوەی بڕگەیان بۆ دەکرێت.

- وزە ، و / زە ، وو /زە ، وز / زە
- وچان ، و / چان ، وو / چان ، وچ / چان

بۆ سەلماندنی ڕاستی یەکێک لەم شێوە بڕگەکردنانەش، دەبێت پێوەر لەئالوگۆڕی نەبزوێنی(و ، ی) بە نەبزوێنەکیتر وەربگرین.

- ئەگەر (وزە) بکەینە (بزە) بە یەک شێوە بڕگە دەکرێت (ب / زە).
- ئەگەر (وچان) بکەینە (کچان) بە یەک شێوە بڕگە دەکرێت (ک / چان).

کەواتە شێوە ڕاستەکەی ئەم جۆرە وشانەش ئەو شێوەیە کە (نەبزوێنی (و) ی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە بڕگە دروست دەکات، ئینجا بڕگەی تری بە دوادا دێت(و ... / زە – و ... / چان.........تاد بۆ نەبزوێنی (ی)ش ئەگەر بە هەمان زنجیرە و لە هەمان پێگەی (و) دابێت، هەمان خوێندنەوەی بڕگەکانیان بۆ دەکرێت، بەڵام وشەی کوردی لەم جۆرە زنجیرەیەمان کەمە، چونکە هەردەم لە دوای (ی) سەرەتا بزوێنەک دێت وەک: یەک ، یار .....تاد ، بۆیە هەر وشەی (یخ ، یخە) مان کەوتە بەرچاو کە بۆ پاڵکەوتنی حوشتر و دەرکردنی بزن بەکاردێن، ئەم وشەیەش بەدوو باد(مشدد) بڕگە دەبێت (یخ / خە)

٣- ئەگەر لە سەرەتای وشەیەکی سادەدا، دوو نەبزوێن بەدوای یەکتردا بێن ئینجا دەنگی سێیەم بزوێنی (و) یان (ی) بێت وەک: بروسک، چلورە، مریشک، فریشتە... لە شێوەیەک زیاتر خوێندنەوەی بڕگەیان بۆ دەکرێت.

- (ب / رو / سک ... برو / سک)
- (چ / لو / رە ... چلو / رە)
- (م / ریی/ شک ... مری / شک)
- (ف / ریش / تە ... فریش / تە)

بۆ یەکلاییکردنەوەی ڕاستی یەکێک لەم شێوە بڕگەکردنانەش دەتوانین پێوەر لەو حاڵەتە وەربگرین، کە دەڵێین ئەگەر پیتی سێیەم بزوێن بێت، نەبزوێنی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە بڕگە دروست دەکات، چونکە بەهەمان شێوە (و ، ی) ڕۆلی بزوێنی دەبینن، بۆیە (ب / رو / سک) ....(چ / لو / رە) ... (م / ری /شک) ... (ف / ریش / تە) بەڕاستتر دەزانرێت.

٤- ئەگەر وشەیەک لە بڕگەکردندا، پیتەکی نەبزوێنی تێدا لەت ببێت و بەدوو باد(مشدد) دەربکەوێت، دەبێت بۆ دروستنووسینی ئەم جۆرە وشانە ڕەچاوی گۆڕانی واتاکانیان بکرێت.

ا- ئەگەر پیتە دوو باد کراوەکە بە تاک دەرخرا، واتای وشەکە نەدەگۆڕا، لەئەلفبێی عارەبیدا بە تاک بنووسیرێت، چونکە شێوە نووسینی فۆنیمی تێدا پەیڕەو دەکرێت، بەڵام لە ئەلفبێی لاتینیدا هەردەم پیتە دوو بادەکە لە کۆتا و سەرەتای بڕگە بنووسیرێت،

چونکە شێوە نووسینی بڕگەیی تێدا پەیڕەو دەکرێت، وەک لە:
- (ماد / دە) بکرێتە (مادە Madde)
- (گەز / زە) بکرێتە (گەزە Gezze)
- کەت / تان بکرێتە (کەتان Kettan)

ب - ئەگەر پیتە دووباد کراوەکە بەبێ دەرخستنی دووبادەکەی، واتای وشەکە دەگۆڕا یان نەدەتوانرا لە گۆکردندا ون بکرێت ، لە هەردوو ئەلفبێدا پیتە دوو بادەکە بنووسیرێت وەک لە:
- (میللەت miLLet)
- (پەللارPaLLer)
- (مەککەMekke)
- (گوللەGuLLe)
- (شەم / مە ، شەممە ....تاد چونکە ئەگەر ئەم وشانە بەدوو باد دەرنەبڕدرێن و لە نووسیندا دەرنەخرێن ئاوازی وشەکە یان واتاکەیان دەگۆڕێت.

٥- ئەگەر وشەیەک لێکدراو بو، دەبێت سادە بکرێتەوە ئینجا بڕگە بکرێت وەک:
- ڕێزمان (ڕێ / ز / مان) نەوەکو (ڕێز / مان)
- شێرەسوار (شێ / رە / س / وار) نەوەکو (شێ / رەس / وار.....تاد تاوەکو هەر بڕگەیەک بەسەربەخۆیی بنەماکانی تێدا دەربخرێت.

٦- بەسەربەخۆیی نیشانە و پێشگرەکان بڕگە بکرێن ئینجا لەڕێنووسی هەر بڕگەیەکدا بنەماکان دەربخرێن وەک:
- دەبڕم (دە / ب / ڕم) نەوەکو (دەب / ڕم)
- دەفڕێنێت (دە / ف / ڕێ / نێت) نەوەکو (دەف / ڕێ / نێت)
- هەل دەفڕین (هەل / دە / ف / ڕین) نەوەکو (هەل / دەف / ڕین)
- مەفرۆشە (مە / ف / رۆ / شە) نەوەکو (مەف / رۆ / شە)

دووەم / یاسای جیاکردنەوەی بزوێنەکانی (و ، ی)

هەمو پیتە بزوێن و نەبزوێنەکان لەئەلفبێی کوردیدا پلەیەکی هاوبەشیان لە نێواندایە، کە ئەویش پلەیەکی تەواوە، چونکە ئەم پلەیە لەو دەنگانە دروست دەبن، کە فۆنیمەکانی ئەلفبێی کوردی پێک دەهێنن، بەشێوەیەکی گشتیش زۆربەی دەنگە فۆنیمەکان

لەئاخاوتندا درێژ و کورت دەکرێنەوە بەبێ ئەوەی لە ڕێنووسیدا ڕەچاو بکرێن و واتا بگۆڕن، بەڵام بەپێچەوانەی هەموو فۆنیمە کوردییەکانی دیکە، درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی بزوێنی تەواوی (و ، ی) لە نووسیندا دەردەخرێن، لەهەندێ وشەشدا واتا دەگۆڕن، بۆیە لەسەر پلە تەواوەکە دو پلە بزوێنی کورت و درێژی (و ، ی) دروست دەبێت کە لەڕێنووسیدا ڕەچاو دەکرێت، هەبونی ئەم سێ پلەبزوێنەش بۆ ئەم دو دەنگە وایکردووە لە ڕێنووسیدا گرفتی تێکەڵبونیان لێدروست ببێت و لەهەندێ حاڵەتدا لەجیاتی یەکتر بنووسیرێن، بۆیە پێویستە بۆ هەریەکەیان یاسای دەرکەوتنیان دابنرێت کە لە چ حاڵەتەکدا بە چ پلەیەک هەژمار دەکرێت .

یەک / یاسای پلەبزوێنی تەواوی(و ، ی)

ئەم پلە بزوێنە بەئەلفبێی عارەبی بەتاک (و ، ی) بەئەلفبێی لاتینی بە (u ، i) دەردەخرێن و لەم حاڵەتانە دەردەکەون:

١-ئەگەر (و ، ی) لەبڕگە و وشەیەکدا بەزنجیرەی (CVCC) دەرکەوتن وەک (کورد) ، (گوند) ، (نووسیت) ، (د / روست) ، (س / روشت).... (بیست) ، (تە / نیشت) ، (پ / لینگ)

٢- ئەگەر (و ، ی) کەوتە نێوان دو نەبزوێن لەبڕگەی وشەیەکدا، بەمەرجەک بڕگەیەکی تریان بەدوا دابێت کە بنجی وشەکە بێت وەک :

- نووسیتن (نووسی / تن)
- چونکە (چون/ کە)
- خورما (خور/ ما)
- نوشتە (نوش / تە)
- پیستە (پیس / تە)
- ئینجا (ئـین / جا)
- نیشتن (نیش / تن)

٣- ئەگەر (و ، ی) لەکۆتایی وشەدا بۆ ئەرکەکی ڕێزمانی وەک (واتایی و ئاوەڵناوی و پیشەیی و نەسەبی و دانەپاڵ.......تاد بەکارهاتبون و نەبزوێنیان لەپێشدا بوو وەک لە:

- کێوی
- جوانی
- هەولێری

- زمانی کوردی
- کارزان و کاوه
- هەولێر و زاخۆ

٤- ئەگەر وشەیەک بەبزوێن کۆتایی هاتبو، پیتە (ی) بۆ ئاوەڵناوی یان نەسەبی لەگەڵدا بەکاردەهات، دەبێت دوو پیتە (یی) بۆ بنووسیرێت، پیتە (ی) یەکەم بە ناوبەند دابنرێت، ئینجا (ی)ەکەی تر بە پلەبزوێنی تەواو هەژمار بکرێت وەک لە:

- (چیا یی)
- (هەڵەبجە یی)
- (شنۆ یی)
- ئاکرێ یی.........تاد

دوو / یاسای پلەبزوێنی کورتی بزرۆکە

بزرۆکە ئەو کورتە دەنگەیە کە لە کورتکردنەوەی (و، ی) پەیدا دەبێت، لە ئەلفبێی عارەبیدا دەرناخرێت، بەڵام لە ئەلفبێی لاتینیدا دەنووسرێت، چونکە وشەکان بڕگە دەکرێن، بەپێی بنەماکانی ڕێنووسی کوردیش دەبێت بزوێن لە وشە و لە بڕگەدا هەبێت، بۆیە ئەگەر بزوێنە تەواوەکانی (ە ، ا ، و ، ی ، ۆ ، ێ) لە وشە و لە بڕگەیەکدا نەبێت بزرۆکەی بۆ دادەنرێت.

١-ئەگەر لە وشەیەکدا پیتی یەکەم و دووەم نەبزوێن بێت، بەڵام سێیەم بزوێنەکی تەواوبێت، لەم حاڵەتەدا نەبزوێنی سەرەتا لەگەڵ بزرۆکە بڕگە دروستدەکات وەک لە:

- (نزا) ... ن + بزرۆکە / زا)
- (ترێ) ... ت + بزرۆکە / رێ)
- (مرۆڤ) ... م + بزرۆکە / رۆڤ)

٢- ئەگەر دوو نەبزوێن بەبێ بزوێنی تەواو وشەیەک یان بڕگەیەکیان دروست دەکرد، بزرۆکەیان بۆ دادەنرێت وەک لە:

- (من) ... م + بزرۆکە + ن)
- (مردن) ... م + بزرۆکە + ر/ د + بزرۆکە + ن)
- (باوک) ...با / و + بزرۆکە + ک)
- (دایک) ... دا / ی + بزرۆکە + ک)

٣- ئەگەر سێ پیتی نەبزوێن بەبێ بزوێن وشەیەکی سەربەخۆیان دروستدەکرد وەک:

- مشک (م + بزرۆکە / ش + بزرۆکە + ک)
- برنج (ب + بزرۆکە / ر + بزرۆکە + نج)

٤- ئەگەر پلە بزوێنی درێژ لە هەر وشە و بڕگەیەکدا هەبێت، ئەوا بزرۆکەش هەیە، چونکە پلەبزوێنی درێژ لە بەدواداهاتن و تێکەڵبوونی دەنگی بزرۆکە و بزوێنە تەواوی (و ، ی) دروستدەبێت.

سێ / یاسای پلەبزوێنی درێژ (وو ، یی)

دکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە(کورتەیەکی مێژوویی نووسینی کوردی بە ئەلفبێی عارەبی) لە گ ، ک ، ز ، عێراق ١٩٨١ لا١٩ دەنووسێت: نووسینی پلە بزوێنی درێژ و دەرخستنی بەنیگاری دوو (وو) یەکەم جار لە ساڵی (١٩٢٥) لە کتێبی (کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی و قانونی هەڵبژاردندا) بەکارهاتووە، ئێمەش گومانمان لەوەدا نییە ئەگەر لەو کاتەوە دەرخستنی ئەم پلە بزوێنە بەهەند وەرنەگیرابوایە یان بەهێمایەکی تایبەتی بنووسیرابوایە یان هەروەکو لەئەلفبێی لاتینیدا واکراوە، کە بەهێمای کلاوە پیشان دەدرێت. لە ئێستادا ئەو گرفت و جیاوازییە لە ڕێنووسی بەئەلفبێی عارەبی بۆ پیشاندانی ئەم پلە بزوێنە پەیدا نەدەبو، کە بەداخەوە وای لە هەندێ کەس کردووە چارەسەرکردنی بە کارەکی لە توانا بەدەر بزانن. تاک و جوت نووسینی (و – وو) بەفۆبیای ڕێنووسی بزانن و نەتوانن ڕێگەچارەی بۆ بدۆزنەوە.

لە ڕاستیدا بزوێنی درێژ دەنگەکی درێژبووەوەیە، کە لە درێژکردنەوەی بزوێنی (و ، ی) پەیدا دەبێت، لە ئەلفبێی عارەبیدا بەجوت (وو ، یی) دەزانرێت، لەئەلفبێی لاتینیدا بە دانانی کلاوە لەسەر (Î – Û) دەنووسیرێت، بەڵام هەروەک دەزانین جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بیروبۆچونی زمانەوانان و نووسەرانی کورددا لەسەر بە تاک و جوت نووسین و هەژمارکردنی ئەم پلەبزوێنەدا هەیە. زیاتریش لە ئەلفبێی عارەبی نەوەکو لە لاتینیدا، چونکە هەندێک بە تێکەلی و هەندێک بە تاک و هەندێک بەجوتیان دەنووسین، کە لە هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەپرسین، دەبینین هیچ لایەکیان پشت بە بیروبۆچونەکی بەڵگەدار و لۆژیک نابەستێت کە لە چ حاڵەتەکدا بەجوت دەینووسێت و لە چ حاڵەتەکی تردا بە تاک، بەتایبەتیش لە ڕێنووسی (وو)دا، بەڵکو زیاتر هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە دەنگەکە لە دەربڕیندا درێژ دەبێتەوە، بۆیە بە دوو (وو) پیشان دەدرێت یان دەڵێن هەروا دەستیان ڕاهاتووە، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئەم درێژکردنەوەیە بە جوت (وو) دەرخراوە، بۆیە ئەوانیش لاسایی دەکەنەوە یان پشت

بەدەربڕینی چەند وشەیەکی دەگمەن دەبەستن، کە بە ئالوگۆڕکردنی (وو) بە (و) واتاکەی گۆڕاوە، لە ئەنجامی ئەمانەشدا گرفتی تاک و جووت نووسین پەیدابووە، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەتوانرێت درێژکردنەوە کورت بکرێتەوەو جووت (وو) بە تاک (و) دەرببڕێت بەبێ ئەوەی واتای وشە بگۆڕێت، مەگەر لەم چەند وشە دەگمەنانەی وەک (کوڕ، کووڕ – سوڕ، سووڕ)دا نەبێت کە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن، بە باوەڕی ئێمەش دەبێت ڕێنووسی بە یاسای گشتگیر ڕێکبخرێت نەوەکو بەپێی دەربڕین. هەروەها نابێت لە کەم و دەگمەنیشدا پێوەر بۆ گشت وەربگیرێت، لەڕوانگەی ئەم بیروبۆچوونانەوە ئێمە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا (و ، ی) بە پلە بزوێنی درێژ هەژمار دەکەین.

١- ئەگەر (و ، ی) لە وشەیەکی یەک بڕگەییدا، لە نێوان دوو نەبزوێندا بوون، وەک لە:

- توور(تور).....تییر (تیر)
- بووک (بوک(....بییک (بیک).........تاد

٢- ئەگەر (و ، ی) لە نێوان دوو نەبزوێنی دوا بڕگەی وشەیەکدا بوون، وەک لە:

- با/کوور(باکور).... ناریین (نارین)
- خە/ زوور(خەزور)..... پە/ نییر (پەنیر)...........تاد

٣- ئەگەر (و ، ی) لە وشە و لە بڕگەیەکدا لە نێوان دوو نەبزوێنی وەک یەکبون، وەک لە:

-کەر/کووک(کەرکوک) .... ک/ لییل (کلیل)

-کا / نوون(کانون) ....هە/ رییر(هەریر)........تاد

٤- ئەگەر (و، ی) لە کۆتایی بڕگەیەکدا، نەبزوێنیان لە پێشدا بوو وەک لە:

- توو/ تن(توتن).....مییـ/ وان(میوان)

-پە/ پوو/لە(پەپولە).....ئاو / رییـ / شم (ئاوریشم).......تاد

٥- ئەگەر (و ، ی) بزوێن لە کۆتایی وشەیەکدا، بنجی وشەیەک بێت و نەتوانریت لێی لابدرێت وەک لە:

- دوو(دو)....سیی(سی) ... سپیی(سپی)
- ئا / رە / زوو(ئارەزو) ... ماندوو(ماندو)....ماندیی(ماندی)
- خەسوو(خەسو)....ماسیی(ماسی) ... ڕێویی (ڕێوی)

- پیاوەتیی(پیاوەتی) ... کوردایەتیی (کوردایەتی) .... بەڕێوەبەرایەتیی (بەڕێوەبەرایەتی) ....تاد

لەبەر ئەوەی لەم وشانەدا (و ، ی) ڕۆڵی ڕۆنانی وشە دەبینن نەوەک ڕۆڵ و ئەرکەکی ڕێزمانی، بۆیە بەپلە بزوێنی درێژ هەژماردەکرێن و دەکرێت بەجووت بنووسرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی پلە بزوێنی درێژ لە یەکگرتنی بزوێنەکی تەواو و بزرۆکە دروست دەبێت، بۆیە لە ئەلفبێی عارەبیدا وا ڕاستترە هەر بەتاک بنووسرێن، بەڵام لە لاتینیدا بە هێمای کلاوە(î – û) بەم شێوەیە بنووسرێن ...(...)(Dû)...(Mandû)...(Mandî)...(Masî)...(Sipî)...(Piyawetî))........ئەوانی تریش بە هەمان شێوە.

٦- وەک حاڵەتەکی ناوازە دەتوانین ئەو وشانەی کە بە گۆڕینی یەک (و) بۆ دوو (وو) واتایان دەگۆڕێت، لە ئەلفبێی عارەبیدا بە دوو (وو) لەلاتینیدا بە دوو (uu) بنووسیرێن، بەڵام ئەوانی تر هەموویان بە تاک بنووسرین، چونکە بزرۆکە، کە پلەبزوێنی درێژ دروستدەکات لە ئەلفبێی عارەبی دەرناخرێت وەک لە:

- کوڕ (kur)....کووڕ (kuur)
- قوت(Qut) .... قووت (Quut).......تاد

تێبینی

درێژکردنەوە و کورتکردنەوەی دەنگ حاڵەتەکی فۆنەتیکییە، بۆیە پلەبزوێنی درێژیش هەروەکو بزرۆکە و ئەلۆفۆن و دیفتۆنگەکان بە حاڵەتەکی فۆنەتیکی دەزانرێت و نابێت لە ئەلفبێی کوردیدا لە تەک فۆنیمە بزوێنە تەواوەکاندا هەژمار بکرێت.

پلەبزوێنی درێژ وەک ئەو کردارە وایە کە دەنگەک بەدەنگدانەوەی خۆی درێژ ببێتەوە، بە شێوەیەکە کە وەک یەکگرتن و تێکەڵبوونی دەنگی بزوێنە تەواوەکانی(و ، ی) و بەدوا داهاتنی بزرۆکە پەیدا ببێت، لەم حاڵەتەشدا وا ڕاستترە هەردەم بە تاک بنووسرێن نەوەک بەجووت، چونکە بزرۆکە لە ئەلفبێی عارەبیدا دەرناخرێت، بەڵام ئەگەر ئەم پلەیە بەفۆنیم بزانرێت هەروەکو هەندێ کەس وا دەڵێن، دەبێت بزرۆکە و دەنگە ئەلۆفۆن و دیفتۆنگەکانیش لە زمانی کوردیدا بە فۆنیمەکی سەربەخۆ هەژمار بکرێن، چونکە ئەوانیش بەهەمان شێوە وەک حاڵەتەکی فۆنەتیکی سەیردەکرێن کەچی لەڕێنووسیدا بە هەند وەرناگیرێن، یان ئەگەر هەریەکە لە(و ، ی) لە دوو (وو ، یی) بەفۆنیمەک و بە هاوتای یەکتر بزانرێن، لەم حاڵەتەدا ئەم بیروبۆچوونە پێچەوانەی

ئەو بنەمایەی ڕێنووسی کوردی دەبینەوە کە دەڵێن نابێت دوو بزوێن بە دوای یەکتردا بێن و لە دوو فۆنیم فۆنیمەکی سەربەخۆ دروست بکرێت، بۆیە ئێمە لەو باوەڕە داینە و ئەو ڕایەمان بەلاوە ڕاستترە، کە لەو کاتەی پلە بزوێنی درێژ بە دوو (وو) دەردەخرێت، (و)ی یەکەم بزوێنە تەواوەکەیە ئینجا (و)ی دووەم ڕۆڵی بزرۆکە دەبینێت، کە بڕیاریش وابێت بزرۆکە لە ئەلفبێی عارەبیدا دەرنەخرێت، بۆیە دەبێت بە تاک (و) بنووسرێت، ئەمەش بەم بەڵگانە دەسەلمێت:

١-پلەبزوێنی درێژی (یی) لە هەمان حاڵەت و پێگەدا، ئەمیش بە پلە بزوێنی درێژ دەزانرێت، بەڵام هەرگیز لە ئەلفبێی عارەبیدا بەجووت (یی) نانووسیرێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە (ی) دووەم بە بزرۆکە دانراوە، بۆیە هەردەم ئەم پلەبزوێنە لەوشەی وەک (سپیی ، سیی ، تییر ، پییل ، نووسیین) بە تاک نووسیراوە (سپی ، سی ، تیر ، پیل ، نووسین) لەگەڵ ئەوەی لە هەمان پێگەی (و) ی درێژ دانە وەک لە (دوو ، توور ، پوول ، نووسین......تاد لەمەشدا دەتوانین پێوەر وەربگرین و هەموو پلەبزوێنە درێژەکانی(وو)ش هەروەکو (یی) بەتاک بنووسین (دو ، تور ، پول ، نووسین) چونکە بەهەمان شێوە (و) ی دووەم ڕۆڵی بزرۆکە دەبینیت.

٢- لە نووسین بە ئەلفبێی لاتینیدا نیگاری دو (uu – ii) بۆ پلەبزوێنە درێژەکانی (و ، ی) بەکارنەهێنراوە، چونکە دەنگی دووەم و درێژکەرەوەکە بەهاوتای دەنگە فۆنیمەکە نەزانراوە، بەڵکو وەک بزرۆکە لێی ڕوانراوە، بۆیە بۆ هەردوو پلە بزوێنی درێژ هێما و کڵاوەی (٨) لەسەر (î – û)(u i) دانراوە.

سێیەم / یاسای لکاندن و نەلکاندنی وشە و ئەفێکسەکان.

ئاشکرایە کە زمانی کوردی زمانەکی لێکدراوە، چونکە زۆربەی وشەکانی بە لێکدانی دوو وشەی سادە یان بەلکاندنی ئەفێکس و وشە دروست دەبن، لەمەشدا گرفتی یەک شێوە نووسین پەیدا بووە، چونکە هەندێ کەس وشەکان بەسەریەکەوە دەنووسین و هەندەکی تر بەجیا، هەندەکی تریش هەنە ئەمە بەگرفت نازانن، هەرچۆنەک دەستیان ڕاهاتبێت وایان دەنووسین، چونکە واتای وشەکان ناگۆڕیت. لەمەشدا کرێتی و ناڕێکی بەنووسینی کوردییەوە دیارە، چونکە وەک هونەرەکی هەڕەمەکی دەردەکەوێت. بۆ چارەکردنی ئەمەش دەبێت یاسا بۆ هەر حاڵەتەکی دابڕێژرێت و نووسەرانی پێوە پابەند بکرێت، تاوەکو ڕێنووسی دەستەواژەکان وەکو یەکتری لێبێت و شێوە و ئەدگارەکی جوان وەربگرێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەڕوانگەی دوو ڕەهەندەوە یاسا بۆ لکاندن

و نەلکاندن دابڕێژرێت، لەڕەهەندی یەکەمدا، ئەرک و ڕۆڵی ئەفێکسەکان لەبەکارهێنان و مەبەستی لێکدانی وشەکان بەپێی واتاکانیان ڕەچاو بکرێت، چونکە هەندێ لە وشە و ئەفێکسەکان بۆ گۆڕینی دۆخ و کات، هەندەکی تریان بۆ داهێنانی واتا بەکاردەهێنرێن. لە ڕەهەندی دووەمدا دەبێت سروشت و نیگاری پیتەکان ڕەچاو بکرێت، چونکە لە ئەلفبێی عارەبیدا زۆربەی پیتەکان بە یەکترەوە دەلکێن جگە لە پیتەکانی (ڕۆژ – زەرداو) نەبێت کە تەنیا بەپێش خۆیانەوە دەلکێن کەچی لە ئەلفبێی لاتینیدا سروشت و نیگاری پیتەکان وایە، کە هەرگیز بە یەکترەوە نالکێن ئەگەر نووسین بەپیتەکانی بەسەریەکەوە(kersif) نەکرێت، یەکخستنی ئەم جیاوازییەش لە هەردوو ئەلفبێدا، بەدانانی بۆشایی و دانەنانی لە لاتینیدا بەرانبەر لکاندن و نەلکاندنی وشەکان لە ئەلفبێی عارەبی دەکرێت.

(بۆ جیاکردنەوەی حاڵەتەکان ئێمە داڕشتنی یاساکانمان بەسەر چەند تەوەرەیەکدا دابەشکردووە، بۆ ئەوەی ڕونتر دەربکەوێت و فێرخوازان ئاسانتر فێری ببن)

تەوەری یەکەم : لکاندن و نەلکاندنی جێناوەکان

١-جێناوە لکاوەکان بەبێژەی پێش خۆیانەوە بلکێنرێن، بەنیشانە و ئامرازەکانی دوایانەوە نەلکێنرێن وەک:

- گرتمان
- کەسمان نییە
- لێی دەپرسێت .... لێم مەپرسە
- بۆم بهێنە ......ئاگرم تێبەردا.......تاد

٢- لەگەڵ کاری ڕابوردوودا بەبێژەی پێش و کارەکەوە بلکێت، بەڵام لەو کارانەی کە بە نیشانە دروست دەبن تەنیا بە بێژەکەی پێشیانەوە بلکێنرێن.

- سەرمخست ...... سەرم دەخست
- نەیتوانی ...... نەی دەتوانی
- باوەڕمکرد ..... باوەڕم پێ ناکات......تاد

٣- جێناوە سەربەخۆیەکان هەردەم بەسەربەخۆیی بنووسیرێن وەک:

- من تۆ
- من تۆم بە ئەوان ناساند
- ئێمە لەگەڵ ئێوە دەچین بۆ سەیران.......تاد

تەوەری دووەم / لکاندن و نەلکاندنی نیشانەکان

١-هەرگیز نیشانەکانی کار بەبێژەی پێش خۆیانەوە نەلکێنرێن، بەڵام ئەو جێناوە لکاوانەی کە بە دوایان دادێن بەکارەکانەوە بلکێنرێن وەک لە:

- یاریمان دەکرد ... یاری دەکات
- گەنم دەفرۆشێت ... تاوانبارەکان بگرن
- دەمانفرۆشێت .... حەز دەکەم بمانبەخشن
- کەس نەی دەزانی....قوتابییەکان نەیانخوێندووە
- کتێبەکان مەفرۆشە ....تاد

٢- ئەگەر نیشانەی نەرێنی (بێ)بۆ دروستکردنی ناوەک یان ناسناوەک بەکاردەهات بلکێنرێت، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ مەبەستی نەرێنی بوو نەلکێنرێت وەک لە:

- بێکەس هۆزانڤانەکی بەرزە ......گەلی کورد گەلەکی بێ کەس و بێ پشتیوانە
- بێگەرد کچەکی جوانە .....ئەم کچە جوانە دڵی بێ گەرد و پاکە

٣- هەردەم نیشانەکانی پرسیار بەسەربەخۆیی بنووسیرێن وەک لە:

- چی دەکەیت ؟ ..... چیت کرد؟
- چۆن دەژیت ؟ .... کەی هاتیت ؟

٤- هەردەم جێناوە خۆیی و لکاوەکان بەیەکەوە بنووسیرێن، هەرگیز بە پێشگر و نیشانەکانەوە نەلکێنرێن وەک:

- خۆ هەڵکێشان ....خۆت هەڵکێشا
- خۆ بەزلزانین .... خۆیان بەزل دەزانی
- خۆیان دەفرۆشت...خۆی نافرۆشێت
- خۆت مەسوتێنە ......تاد

٥- لەکاری ڕابوردوودا، جێناو و کارەکە بەیەکەوە بلکێنرێت وەک:

- خۆیانفرۆشت ....خۆیسوتاند

تەوەری سێیەم/ لکاندن و نەلکاندنی ئامڕازەکان

١-هەردەم ئامڕازەکانی پەیوەندی(بە ، لە ، بۆ) لە نزیک بێژەی دوایانەوە بنووسیرێن، هەرگیز بە وشەی پێش خۆیانەوە نەلکێنرێن وەک:

- لە هەولێرەوە بەپێ چوم بۆ گوندەکەی خۆم

تەوەری چوارەم / لکاندن و نەلکاندنی وشە پەیوەندیدارەکان

یەکەم / وشە پەیوەستە بێ نێوەندەکان

١-ئەگەر وشەی دووەم سیفەتی وشەی یەکەمی دەردەخست نەلکێنرێن وەک:

- لوت بەرز
- دڵ پەشێو
- مل هوڕ

٢-ئەگەر لەگەڵ وشەی دووەمدا پیتە(ی) ئاوەڵناوی یان جێناوی لکاو بەکاردەهات بلکێنرێن وەک:

- لوتبەرزی ... لوتبەرزم، لوتبەرزن
- دڵپەشێوی ... دڵپەشیوم ، دڵپەشێویت
- ملهوڕی ... ملهوڕن

٣-ناو و ناو یان ناو و ناسناو نەلکێنرێن وەک:

- کارزان کاوە
- نارین هەولێری
- نەجمادین مەلا........تاد

٤-ئەگەر دوو ناو و دەستەواژە بە یەکەوە زاراوەیەکی تایبەت یان ناسناوەکیان دروستدەکرد، بە یەکەوە بلکێنرێن وەک:

- ڕێ + زمان (ڕێزمان)
- خاوەن + شکۆ (خاوەنشکۆ)
- دڵ + پاک(دڵپاک)
- ساڵ + نامە(ساڵنامە)
- خۆش + حاڵ(خۆشحاڵ)

٥- هەردەم وشەی لەیەکچوو بە یەکترەوە بلکێنرێن وەک:

- دمدم
- زمزم
- شلشل
- کونکون......تاد

٦- هەرگیز ژمارەکان بە یەکەوە نەلکێنرێن لەو کاتەی کە تەنیا بۆ ژماردن بەکاردێن، بەڵام ئەگەر بۆ دروستکردنی زاراوەک یان ناونانی زاراوەیەک بەکاردەهات بلکێنتێن وەک:

- سێ چوار پیاو...سێجا ... سێبەردان ... سێگرتکان...سێدوری
- پێنج پێنج ....پێنجوکانێ ...پێنجشەممە... پێنجوین
- شەش حەفت کەس ... شەشپاڵو ... حەفتیانە ....تاد

٧- دەستەواژەکانی سەد و هەزار و ملیۆن و ملیار بەو ژمارانەوە بلکێنرێن کە دەژمێردرێن وەک:

- سێملیارو هەشتملیۆن و چلهەزار و پێنجسەد (٣ ملیارو ٨ ملیۆن و ٤٠ هەزار و ٥ سەد) (٣٠٠٨٠٤٠٥٠٠)

٨-هەردەم ڕەگی چاوگە تێپەڕەکان، کە بۆ ناوە بکەرەکانیان بەکاردێن، بە پێشگرەکانیانەوە بلکێنرێن وەک:

- ماستفرۆش
- وڵاتپارێز
- جلشۆر
- ڕونگۆڕ.........تاد

٩- ئەگەر کاری (بوو) بۆ دروستکردنی چاوگی ناسادە بەکارهاتبوو، بلکێنرێت، بەڵام ئەگەر تەنیا بۆ مەبەستی دەرخستنی کاتی ڕابوردوو بوو نەلکێنرێت وەک:

- (کاولبوون) وڵاتەکەمان کاولبوو ..... مەلای جەزیری هۆزانڤان بوو.
- (هەڵبوون) چراکە هەڵبو ..... کارزان یاریزان بوو.

دووەم / وشە پەیوەستە بەنێوەندەکان

١-ئەگەر وشەیەکی لێکدراو پیتە(ە ، ا) ی لە نێواندابوو، هەردەم لە نزیک یەکترەوە بنووسرێن وەک:

- گوڵەباخ ....نڤیسینالاتینی
- پیرەمێرد ... تەپاپێ

٢- ئەگەر پیتە (ی ، ێ) بۆ تێکبەستن بەکارهاتبوو، بە وشەی یەکەمەوە بلکێنرێن و بۆشاییان لەگەڵ وشەی دواییدا هەبێت وەک:

- جەنگی جیهانی یەکەم .... جەنگێ جیهانیێ ئێکێ

- شەوی درێژ .... شەڤێ درێژ
- زانکۆی پزیشکی هەولێر ....تاد

لەم حاڵەتەدا هەردەم پیتە (ی)یەکانی کۆتایی بە تاک بنووسیرێن، چونکە بنجی وشەکان نینە و ڕۆلی ڕۆنـان نابینن، بەڵکو ڕۆڵەکی ڕێزمانی دەبینن، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر (ی)ەکانیان لێ بکەینەوە وشە بنەڕەتییەکان بە واتای تایبەتی خۆیانەوە دەمێننەوە(جەنگ ، جیهان ، شەو ، زانکۆ ، پزیشک) بەڵام ئەگەر پیتە (ی) لە کۆتایی وشەیەکدا نەبزوێنی لە پێشدا دەهات و بنجی وشەکەبوو، بە پلە بزوێنی درێژ هەژمار دەکرێت، بۆیە بە دوو (یی) دەزانرێت، چونکە ئەگەر (ی)یەکەیان لێبکەینەوە، هەمان واتا ناداتەوە وەک لە (سپ ، کان ، ماس ، خان ، ڕێو ، زەو ، کوردایەت........تاد کە پێی دەبێتە (سپیی ، کانیی ، ماسیی ، خانیی ، ڕێویی ، زەویی ، کوردایەتیی، پیاوەتیی .....تاد بەڵام لەبەر ئەوەی پلە بزوێنی درێژ لە یەکگرتنی بزوێنەکی تەواو و بزرۆکە دروست دەبێت، بۆیە لەم حاڵەتەشدا دەتوانرێت هەر بە تاک بنووسرێن(سپی ، کانی ، ماسی ، خانی ، ڕێوی ، زەوی ، کوردایەتی) چونکە بڕیار وایە، بزرۆکە لە ئەلفبێی عارەبیدا نەنووسیرێت، بەڵام لەو وشانەی کە بەبزوێن کۆتاییان دێت و پیتە (ی)یان لەگەڵدا ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینێت، دەبێت هەردەم بە دوو (یی) بنووسرێن، چونکە (ی) یەکەم ڕۆڵی ناوبەند و جیاکەرەوە لە نێوان بزوێنی کۆتایی وشەکە و ئەو بزوێنە (ی)ە دەبینێت، کە ئەرکە ڕێزمانییەکە دەبینێت وەک لە (کۆتایی ، ئاکرێیی ، کۆیی ، ئورفەیی، هێلکەیی ، دوزخورماتویی، لادێیی .....تاد

٣- ئەگەر پیتە (و)ی تێکبەستن لە نێوان دوو ڕستەدا یان چاوگ و کاردا یان جێناوە سەربەخۆیەکان و ژمارەکاندا یان دوو وشەی هاوواتا یان پێچەوانە لە واتادا یان بە واتای لەگەڵ لە نێوان دوو وشەی سەربەخۆدا بەکارهاتبوو بە تاک بنووسرێت و نەلکێنرێت، لە دەستنووسیدا لە نزیک وشەی یەکەمەوە بێت، بەڵام لە کۆمپیوتەردا لە ناوەڕاستی هەردوو وشەدا بنووسرێت وەک:

- مرۆڤ بە ئومێد دەژی و بەهەوڵدان سەردەکەوێتەوە.
- خوێندن و نووسین .... ئەوان و ئێمە
- یەک و دوو .... هێلکە و ڕۆن
- بەفر و باران ....پاک و خاوێن
- کورت و درێژ .... تەنیشت و ژێر.......تاد

٤–ئەگەر بە دانانی پیتی (و) لە نێوان دوو ڕەگی چاوگ یان چاوگ و کار یان دوو وشەی جیاواز لە واتادا، زاراوەیەکی سەربەخۆ دروست دەبوو بە وشەی یەکەمەوە بلکێنرێت وەک:

– جموجۆڵ ....هاتوچۆ
– هەڵسوکەوت... دەستوبرد
– کەسوکار ... تەنگوتریسک
– کشومات ... کشتوکاڵ

تەوەری پێنجەم / لکاندن و نەلکاندنی پێشگرەکان

١–هەردەم پێشگرە داڕێژەر و لێکدراوەکان بە چاوگ و کارەکانی ڕابوردووە بلکێنرێن، ئەگەر جێناویشیان لە نێواندا بێت وەک:

– پێکهێنان .... پێکمهێنا
– تێکدان ......تێکیاندا
– ئارامگرتن ..... ئاراممگرت
– شکستهێنان ....شکستیانهێنا.....تاد

٢– پێشگرەکان لەگەڵ جێناوەکان بەو کارانەوە نەلکێنرێن کە بە نیشانە دروست دەبن وەک:

– پێکم دەهێنا .... پێکی دەهێنێت .... تێکیان دەدا
– ئارام بگرە ..... شکستیان دەهێنا.........تاد

٣– لەکار و چاوگی ناسادەدا، هەریەکە لە پێشگرە داڕێژەرەکان یان لێکدەرەکان بەجیا بەیەکەوە بلکێنرێن، لە کارە ڕابوردووەکاندا لەگەڵ کار و جێناوەکان بەسەریەکەوە بنووسرێن، بەڵام لەو کارانەی کە بەنیشانەی کار دروستدەبن پێیانەوە نەلکێنرێن وەک:

– تێهەڵکردن .... تێیانهەڵکرد .... تێیهەڵ دەکرد.... تێهەڵ دەکەن ..... تێهەڵ بکە
– پشتگوێخستن .... پشتگوێیانخست ....پشتگوێیان دەخست ..... پشتگوێیان دەخات ... پشتگوێیان بخەن

٤– لەکار و چاوگە نسادە تێکەڵەکاندا، هەر پێشگرەک بەجیا بنووسرێت، لە چاوگ و کاری ڕابوردوودا ئەو پێشگرەی لە پاڵ کارەکەدایە بلکێنرێت، لەو کارانەی کە بە نیشانە دروستدەبن، بە نیشانەکانیانەوە نەلکێنرێت وەک:

- ڕێ پێدان .... ڕێم پێدا.... ڕێیان پێ دەدا ... ڕێم پێ بدە
- چێشت لێنان ... چێشتیان لێنا... چێشت لێ دەنێن ... چێشت لێ بنێن
- ڕادەستکردن ...ڕادەستمکرد ...ڕادەستم دەکرد ... ڕادەستیان دەکات
- لێ خۆشبون .... لێم خۆشبو .... لێیان خۆش دەبو .... لێمان خۆش ببە
- بەخاکسپاردن .... بەخاکمانسپارد .... بەخاکی دەسپارد .... بەخاکی دەسپێرێت ... بەخاکی بسپێرە
- دەستبەسەرداهێنان ...دەستم بەسەرداهێنا .... دەستی بەسەرم دادەهێنا .... دەستیان بەسەر دادەهێنێت ..... دەستت بەسەرم دابهێنە

تەوەری شەشەم / لکاندن و نەلکاندنی پاشگرەکان

پاشگرەکان بێژەی واتادار و بێ واتانە کە بۆ گۆڕینی مەبەست لە دوای وشەکان دادەنرێن، پاشگرە واتادارەکان وشەی لێکدراو دروستدەکەن، یاسای لکاندن و نەلکاندنی وشە لێکدراوەکانیشمان لە پێشتردا باسکردووە، کە هەندێکیان بە نێوەند و هەندێکیان بەبێ نێوەند دروستدەبن، بەڵام پاشگرە بێ واتایەکان کە وشەی داڕێژراو دروستدەکەن، کەمترین گرفتیان لە ڕێنووسی کوردیدا لێ دەردەکەوێت، چونکە بە شێوەیەکی ڕەها هەموویان بە وشەکانی پێشیانەوە دەلکێنرێن وەک (خوێندنگە ، فرۆشگا، خوێندنەوە، یەکەم ، هەشتەمین ، کرێار ، بەرخۆڵە ، ترسناک ، ملوانکە ، دەسوتێت ، باشتر ، باشترین ، لەدلمدا ، لەسلێمانیرا ، کچەک ، کوڕەکان ، مامۆستایان.........تاد

چوارەم / یاسای ڕێنووسی وشە وەرگیراوەکان

وشە وەرگیراوەکان ئەو وشە خوازراوانەن کە لە زمانەکی تردا وەردەگیرێن و لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێن و ناتوانرێت لە نووسیندا دەربهاوێژرێن، بۆ دروستنووسینی ئەم وشانە دەبێت لە هەنگاوی یەکەمدا ئەم وشانە بکوردێنرێن ئینجا لە ڕێنووسیدا ئەو یاسایەنەیان بەسەردا جێبەجێ بکرێت کە لە وشە کوردییەکاندا پەیڕەو دەکرێت، بەڵام ئەگەر وا پێویستی دەکرد وشەیەک وەک زاراوەیەکی تایبەت لە بوارەکانی ئاینی و زانستی یان قانونی و وەرزشی .....تاد بەکاربهێنرێت، دەکرێت لەنێوان دوو کەوانەدا بە ڕێنووسی تایبەتی خۆیان کە لە زمانە بنەڕەتییەکەدا هەیە بنووسرێن.

لە کۆتاییدا دەڵێین : پێویستە نووسینی زمانەکەمان بە یاسایی بکەین و هەر بە یاساش چوارچێوە بۆ ڕاستی و ناڕاستی ڕێنووسی وشەکان دەستنیشان بکەین، چونکە تا درەنگتر یاسا بۆ نووسین دابنرێت، گرفتی زیاتر و بیروبۆچونی دژ بەیەکی

زۆرتری لێ پەیدا دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بەو ڕاستییەشدا بنێین، کە بەدڵنیایی ئەگەر زمانەک یاساشی بۆ دانەنرێت، ئەو زمانە هەردەمێنێت و قسە و نووسینشی پێ دەکرێت، ئەمەش وایکردووە هەندێ کەس بە کورتبینی و بەخەمساردی لە گرفتەکە بڕوانن و دانانی یاسا بە پێداویستی نەزانن، بەڵام لە ڕاستیدا دانانی یاسا وا دەکات نووسین ببێتە زانست و لەو قۆناغە دەربازببێت کە هەر دەربڕین و هونەری دەست ڕاهاتنی تێدا ڕەچاو دەکریت، بەڵام هەندێ لە شارەزایانی زمانی کوردی ڕایان وایە کە پێویست بەوە ناکات یاسا بۆ ڕێنووسی دابنرێت، چونکە وا لێکدەدەنەوە کە بە تێپەڕینی کات نووسینی زمان خۆی سەروبەر دەکات و لە ئەنجامدا ڕێنووسەکی یەکگرتووی بۆ دروست دەبێت. بە باوەڕی ئێمەش ئەم بیروبۆچونە لە جێگەی خۆیدا نییە، چونکە ئەگەر وابێت ئەوا نووسینی هیچ زمانێک بە زمانی کوردیشەوە پێویستی بە بیروبۆچونی زمانەوانان و شارەزایانی زمان نەدەبو تاوەکو بە پێشنیار و یاسا ڕێنووسیەکەی ڕێکبخەن. لە هەمان کاتدا پێویستی بەسیاسەت و بەپلانی زمان و دەزگای زمانیش نەدەبو تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانن خزمەتی زمان بە گشتی بکەن و ڕێنووسی زمانەکەیان بەو ئاڕاستەدا ببەن کە بە چاکی دەزانن.

دانانی یاسا دەرخەری ئاستی هۆشیارانەی زانا و زمانەوانانی نەتەوەیەکە کە بیر لە خزمەتی زمانەکەیان دەکەنەوە بە هەردوو بەشی ڕێزمان و ڕێنووسیەوە، دەرخەری ئاستبەرزی ڕۆشنبیرانی ئەو نەتەوەیە کە بەو زمانە دەئاخێون، بۆیە پێویستە ڕێنووسی کوردی بە یاسا ڕێکبخرێت ئینجا ئەگەر یاسایەک پێویستی بە هەموارکردن بوو دەستکاری بکرێت.

لە ئەنجامی ئەوەی لە نووسیندا دەستڕاهاتن و سەلیقەی نووسەران ڕەچاو دەکرێت، بۆیە دەتوانین لەڕێی فێرکردنەوە کار لەسەر دروستکردنی ئەم دوو سیفەتەدا بکەین، ئەم کارەش لە پرۆسەی خوێندن و نووسیندا جێبەجێ دەکرێ. بۆیە دەکرێت تێیدا بەپێی ئەم یاسایانە یەک شێوە نووسین دروست بکەین ئینجا فێرخوازانی پێ فێربکەین کە چۆن دەنووسین و چۆن نانووسین، چۆن نووسینی ڕاستی وشەکان لە ناڕاست جیابکەنەوە تاوەکو لە داهاتودا ئەم شێوە فێرکردنە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و دەستڕاهاتن و دروستبوونی ئەو سەلیقەیە دەبێت کە نووسەر و زمانەوانانی کورد لە دانانی یاساکانی ڕێنووسیدا پەیڕەوی دەکەن.

زمانی ئادەم،
تێنەگەیشتن یان بوختان بە خودا!

■ شاسوار هەرشەمی

وەک دەزانین، زانست بەوە لە ئایدیا و بۆچوونی دی جیا دەکرێتەوە دەبێت سەلماندنی لەگەڵدا بێت. هەروەک لە زانستدا، زانایان هەرگیز ناڵێن بە دوابار و کۆتایی بیردۆزەکەیان گەیشتوون و ئیدی هەرچییەک لە دوای وان بگوترێت ناڕاست و نازانستییە. واتا زانست کاری لێکۆڵینەوە پیرۆز ناکات و دەرگاشی لەسەر داناخات. دەشێت ئەوەی زانایان زووتر پێیگەیشتوون، پشت ڕاست بکرێتەوە و بەڵگەی تازەی بخرێتە سەر، یان هەر بە هەمان ڕێبازی شیکردنەوەی زانستی، ناڕاستیی بسەلمێندرێت و تور هەڵدرێتە ناو سەرنوێڵک.

جاران، لە خوێندنی مەلایەتیدا، وانەیەک دەگوترایەوە بە ناوی زانستی (المنطق، لۆژیک). بە داخەوە، کۆلکە مەلای ئەمڕۆ، بە لای ئەو زانستە بە بنەڕەت گرێکیەدا ناچن. زانستی مەنتیق، مرۆڤ فێری ئەوە دەکات تا بە لۆژیکی پەسەندکراو لای بەرامبەرەکەت، لە گژ پرسی فەلسەفیی وەک، بوون و ژیان و مردن و تاد... ڕابچی. من بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی کە ئایا ئادەم هەموو زمانێکی زانیوە و خودا فێری کردووە، یان ئەو یەک زمانی هەبووە و زمانەکانی دی هەموویان بەرەباب و وەچەی زمانی ئادەمن، پەنا بۆ لۆژیکی مەلایان دەبەم. ناچم بە بەڵگەی ئەو کەسانەوە لە پرسەکە بکۆڵمەوە، کە ئەوان لە بنەڕەتدا باوەڕیان بەو چیرۆکە ئایینیانە نییە. بەڵکو ڕووی دەمم دەکەمە باوەڕداران، تا بە ئەسپایی بابەتەکە تاو وتوێ بکەین.

ئادەم کێ بووە؟ ئادەم: وشەیەکی عیبریە و واتا مرۆڤ. بە گوێرەی گێڕانەوەکانی تەورات و کتێبە ئاسمانییەکانی دیش، ئادەم یەکەمین مرۆڤی سەر زەوی بووە، کە لە بەهەشتی ئێدن یان عەدەن، لە باکوری ڕووباری فرات ژیاوە. بە گوێرەی دەقی تەورات، ئادەم، وەک باوە، ناوی یەکەم مرۆڤ نەبووە، بەڵکو ناوی ئەو یەکەم مرۆڤە دیارنییە و هەر پێیگوتراوە «مرۆڤ»، یان ئادەم، یان ئادەمیزاد. واتا وشەی ئادەم، ناوێکی گشتی بووە بە واتای مرۆڤ، نەوەک ناوی کەسێکی دیار و تایبەتی بووبێت. وشەکە دواتر، لە گەشەی باوەڕی یەهودی و لە ئاینەکانی دیش، گەشەی پێدراوە و بۆتە ناوی کەسی و ناوی پێغەمبەرێکیش. بیرۆکەی دەرکەوتنی یەکەم مرۆڤ، لە داستانەکانی ئافراندنی ژیانی میزۆپۆتامی، بە شێوەی جۆراو جۆر نووسراوەتەوە. بابەتی ئێمە نییە کە چۆن دواتر کەوتۆتە ناو تەوراتەوە.

بیرۆکەی ئەوەی کە هەموو مرۆڤایەتی بە یەک زمان دەدوان، زۆر پێش تەورات و دەرکەوتنی ئادەم، یان یەکەمین مرۆڤ، دیسان لە فەرهەنگی میزۆپۆتامیاوە سەرچاوەی

هەڵبەستووە. یەکێک لە چیرۆکە هەرە ناسراوەکانی (یەک زمانی) مرۆڤ، بۆ چیرۆکی باخچە هەڵواسراوەکانی بابل دەگەڕێتەوە، کە پاشای بابل، نابۆ کادناسێر، بۆ ژنە چیاییەکەی، ئامیتی خوشکی کەیخوسرەوی میدی دروست کردبوو. لە دەقەکانی تەوراتدا، ئەو باخچەو کۆشک و تەلارە بەرزەی بابل، بۆتە بورجی زۆر بەرزی بابل. گوایا چونکە هەموو مرۆڤەکانی سەر ڕووی گۆی زەوی، بە یەک زمان دەدوان و تێکدەگەیشتن، مرۆڤایەتی بەم لێک تێگەیشتنە زۆر زۆر پێشکەوتن. هیچ نەما نەیکەن، تا ئەوەیان بە خەیاڵدا هات بورجێکی زۆر بەرز دروست بکەن و بگەنەماڵی خودا لەو بەرزییەدا. ئەوان زۆری نەمابوو پرۆژەکەیان سەربگرێت، بەڵام خودا بورجەکەی لێ ڕووخاندن. لەوەش خراپتر، تۆوی هەزاران زمانی بەناو وەرکردن، تا جارێکی دی تێکنەگەن و نەتوانن بە یەکەوە هەڕەشە لە عەرشی خودا بکەن.

هەر لە دەقە درەنگترەکانی تەوراتدا، زمانی عیبریی، بە دایکی گشت زمانەکانی دی داندراوە، کە ڕاستەوخۆ لە لایەن خوداوەندەوە دابەزیوە. هەروەک کۆنترین کتێبیش هەر بەو زمانەی خوداوەند نوسراوە.

قورئان، بە پێچەوانەی تەورات، نەچۆتە ناو وردەکارییەکانی ئەو چیرۆکانەی، کە وەک ئامۆژگاری بۆ مرۆڤ، لێیان دواوە. لانی کەم، لە سێ جێگای قورئاندا، ئاماژە بۆ زمان کراوە. ئەوەی زۆر زەق کراوەتەوە، بریتییە لە ئایەتی ٣١ ی سورەتی (البقرة) کە تێیدا هاتووە:

وعلم آدم الأسماء كلها ثم عرضهم على الملائكة فقال
أنبئوني بأسماء هؤلاء إن كنتم صادقين.

واتا خودای گەورە ئادەمی فێری هەموو (ناوەکان) کرد، پاشان پیشانی فریشتەکانی دا و پێی گوتن ناوی ئەو شتانەم پێ بڵێن گەر ئێوە ڕاست دەکەن.

دیارە لێکدەرەوانی بەرایی قورئان، لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی تەورات دابوون، کە لەوێوا داندراوە ئادەم یەکەم مرۆڤ بووە و یەکەم زمانیش هی ئەو بووە کە لە خوداوە بۆی هاتووە. کاتێک کە لە قورئان بەڵگەیەکی باشتر لەو ئایەتە نەبووە، ئەوان (ناوەکان)یان بە زمانەکان لێکداوەتەوە. هەموومان دەزانین کە ناوی (شت) زمان نییە. ڕەنگە ناوی ئەو شتانەی دەوروبەر، بەشێکی کەم بن لە زمان، بەڵام ناکرێت بە زمان دابندرێت.

لە قورئاندا دەقی دی هەن، کە ڕێک پێچەوانەی (یەک زمانی) دەردەخەن. واتا بە ئاشکرا دیارە کە خودا (یەک زمان)ی بۆ ئادەم، یان چ کەسێکی دی دانەبەزاندووە. فەرموون سەیر بکەن، لە سورەتی ئیبراهیم، ئایەتی چوارەمدا وا هاتووە:

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ.

واتا هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە، بەبێ زمانی نەتەوەکەی خۆی، تا بۆیان ڕوون بکاتەوە. ئەمە بە ئاشکرا بۆمان دەردەخات کە هەر لەسەرەتاوە زمانی جۆراوجۆر هەبوون. هەر پێغەمبەرێکیش، بە ئادەمیشەوە، بە زمانی نەتەوەکەی خۆی، پەیامی خودای گەیاندووە.

هەروەک لە سورەتی (الروم) ئایەتی ٢٢ دا هاتووە:

وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ .

واتا، لە نیشانەکانی، ئافراندنی ئاسمانەکان و زەوی و هەروەک جیاوازییە لە نێوان زمان و ڕەنگ و ڕووتان. دەبینین لێرەشدا خودا، وەک بابەتێکی سەرمەد و ئەزەلی، ئاماژە بۆ جیاوازییەکانی زمان و ڕەنگ و ڕوو دەکات. واتا جەختی لە بوونی هەمیشەیی زمانی جۆراوجۆر و لێک نەچوو کردۆتەوە.

پوختەی مەبەست: لە قورئاندا، ئاماژەیەک نییە، کە ئادەم زمانێکی تایبەتی لە خوداوە بە دیار بۆ هاتووە و هەموو زمانەکانی دی سەر گۆی زەویش، هەر لەو زمانەوە هاتوون. ئەمە تەنیا گوتەیەکی باوە، کە نەک هەر خۆی لەبەردەم ڕاستییەکاندا ناگرێت، بەڵکو لە بەرامبەر گوتەکانی خوداشدا دەستەوستانە. واتا بە پێچەوانەوە، خودا جەختی لە بوونی زمانانی لێکجیاواز کردۆتەوە و ئەمەشی بە یەکێک لە نیشانەکانی بوونی خۆی داناوە.

زمانی کوردی لە بەردەم کۆنترین و بەهێزترین زمانەکانی جیهاندا.

یووسف ئیسماعیل

لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی زماندا، پێشەکییەک خزمەت بە دابینکردنی بنەمایەک دەکات بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە و کاریگەرییە فراوانەکانی. لە بارەی زمانی کوردیدا، ڕەچاوکردنی مێژوو و گەشەسەندن و بەکارهێنانی، ناوەندی هەر پشکنینێکە بۆ پێگەی زمانی کوردی بە بەراورد بە زمانە جیهانییەکانی دیکە. زمانی کوردی کە ڕەگ و ڕیشەی بۆ چەند هەزار ساڵێک پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، یەکێکە لە زمانە بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ زمانە هاوچەرخەکانی وەک عەرەبی و فارسی، لە ڕووی ناساندن و پاراستنی جیهانییەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگی ناوازە دەبێتەوە. بۆیە لێکۆڵینەوەیەک لە پێگەی زمانی کوردی لە نێو کۆنترین و بەهێزترین زمانەکانی جیهاندا، بۆ تێگەیشتن لە شوێنی دیاریکراوی زمانی کوردی لە دیمەنی زمانەوانی جیهانیدا زۆر پێویستە.

زانیاری پاشخانی زمانی کوردی:

زمانی کوردی سەر بە بنەماڵەی زمانی هیندۆئەورووپییە، هەروەها پەیوەندییەکی نزیکی بە زمانی فارسی و بەلوچییەوە هەیە. ڕێنووسی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەسەر بنەمای ڕێنووسی عەرەبی دانراوە لەگەڵ هەندێک دەستکاری. زمانی کوردی بە شێوەیەکی سەرەکی لە کوردستان قسەی پێ دەکرێت، کە لە سەرانسەری عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا دەگرێتەوە. جگە لەوەش کۆمەڵگەیەکی گەورەی ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپا و ئەمریکادا بڵاوبووەتەوە. زمانی کوردی سەرەڕای جیاوازی و مێژووی دەوڵەمەندی، دەیان ساڵە پەراوێزخراوە و سەرکوتکراوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە پێکهاتە کوردییەکان کەمینەن.

گرنگی خوێندنی زمانی کوردی:

جگە لەوەش خوێندنی زمانی کوردی بە چەند هۆکارێک گرنگییەکی زۆری هەیە. یەکەم: دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە پڕکردنەوەی دابەشبوونی کولتووری نێوان کورد و غەیرە کورد بە ئاسانکاری بۆ لێکتێگەیشتن لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا. دووەم: مێژوو و ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی زمانی کوردی دیدێکی ناوازە سەبارەت بە فرەچەشنی کولتووری و زمانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش دەکات. جگە

لەوەش لەگەڵ بەردەوامبوونی کورد لە خەبات بۆ دانپێدانان و ئۆتۆنۆمی سیاسی، زانینی زمانی کوردی دەتوانێت تێگەیشتنێکی قووڵتر لە خەباتەکانی و خواستەکانی و دواجاریش ناسنامەی خۆی دابین بکات.

تێڕوانینێکی گشتی:

لە سەرەتای نووسینەکەم ڕوونە کە زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ئاستەنگی جۆراوجۆر بووەتەوە و لە ئێستادا لە خەباتدایە بۆ ئەوەی بناسرێت و بپارێزرێت. سەرەڕای ئەوەی هەزاران ساڵە زمانێکی قسەکردنە، بەڵام لە زۆرێک لە وڵاتاندا بە بێ دانپێدانان ماوەتەوە، لەوانەش زێدی خۆی لە عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا. بەڵام بە هەوڵە جۆراوجۆرەکانی زمانناسان و چالاکوانان و حکوومەتەکان، زمانی کوردی هێدی هێدی دانپێدانان و پاڵپشتی بەدەست دەکات. سەرەڕای ئەوەش هێشتا ڕێگایەکی دوور و درێژی ماوە بۆ ئەوەی بگاتە پێگەی هەندێک لە کۆنترین و بەهێزترین زمانەکانی جیهان. سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردی یەکێکە لە کۆنترین زمانە زیندووەکانی جیهان، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە لە زۆرێک لە وڵاتان پەراوێزخراوە و قەدەغە کراوە. سەرکوتکردنی زمانی کوردی لە خەباتی پاراستن و زیندووکردنەوەیدا بەشداری کردووە، بەڵام لە بەرگەگرتنیدا بە خۆڕاگری ماوەتەوە. زمانی کوردی کاریگەری لەسەر زمانە جۆراوجۆرەکان هەبووە، لەوانە فارسی و عەرەبی، سیستەمی ڕێزمانی ناوازە و ئاڵۆزی خۆی هەیە کە لە زمانەکانی دیکەی ناوچەکە جیای دەکاتەوە. سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان، زانایان و چالاکوانانی کورد بەردەوامن لە داکۆکیکردن لە دانپێدانان و پێشخستنی بۆ دڵنیابوون لە مانەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو

کۆنترین و بەهێزترین زمانەکانی جیهان:

یەکێک لە کۆنترین و بەهێزترین زمانەکانی جیهان زمانی سانسکریتە کە زمانی کلاسیکی هیندستانە. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٣٥٠٠ ساڵ و تا ئێستاش لەلایەن هیندۆسەکانەوە بە زمانێکی پیرۆز دادەنرێت. زمانێکی دیکەی بەهێز چینی ماندارینە کە زیاتر لە یەک ملیار کەس قسەی پێدەکەن. ئاڵۆزی و سیستەمی ناوازەی نووسینەکەی وای لێدەکات زمانێکی چالاک بێت بۆ فێربوون بەڵام یەکێک لە پاداشتترین

زمانەکانیش. هەروەها زمانی عەرەبی یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی جیهان و زیاتر لە ٤٢٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا قسەی پێدەکەن. کاریگەرییەکەی لە زمانی زۆرێک لە وڵاتانی موسڵماندا دەبینرێت و هەروەها بە زمانێکی پیرۆزی ئاینی ئیسلام دادەنرێت.

پێناسەی کۆنترین زمانەکانی جیهان:

پێناسەی کۆنترین زمانەکانی جیهان بابەتێکی مشتومڕی زۆری زمانناسانە. بەڵام هەندێک زمان هەن کە بە شێوەیەکی بەرفراوان وەرگیراون کە لە کۆنترین زمانەکاندان، وەک هیرۆگلیفی سۆمەری و ئەکەدی و میسری. ئەم زمانانە لە شارستانییەتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میسردا قسەیان پێدەکرا و تا ئێستاش کاریگەرییان لە کۆمەڵگەی مۆدێرن دەبینرێت. سەرەڕای تەمەنی ئەم زمانانە، هێشتا بە قورسی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت و پارێزراون، بەو پێیەی تێڕوانینێک بۆ مێژوو و گەشەسەندنی پەیوەندی مرۆڤ دەبەخشن.

نموونەی زمانە کۆنەکانی جیهان بریتین لە زمانی سۆمەری کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٣٥٠٠ پێش زایین و بە یەکەم زمانی نووسراو دادەنرێت، زمانی میسری کە هەر لە ساڵی ٢٦٩٠ پێش زایین قسەی پێدەکرا، هەروەها زمانی هیتی کە لە دەوروبـەری ساڵی ١٦٠٠ پێش زایین لە ناوچەی ئێستای تورکیا قسەی پێدەکرا . زمانە کۆنەکانی تر بریتین لە زمانی سانسکریت کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ١٢٠٠ پێش زایین و تا ئێستاش قسەی پێدەکرێت، هەروەها زمانی ئەکادی کە لە دەوروبەری ساڵی ٢٤٠٠ پێش زایین لە میزۆپۆتامیا قسەی پێدەکرا. ئەم زمانانە بە درێژایی مێژوو کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پەرەسەندنی زمان و کولتوور هەبووە و تا ئێستاش بەردەوامن لە لێکۆڵینەوە و سەرسامبوون.

کاتێک باس لە پێناسەکردنی بەهێزترین زمانەکانی جیهان دەکرێت، هۆکاری جۆراوجۆر هەن کە دێنە گۆڕەپانەکەوە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە زمانی دایک (زگماکی) دەزانن، پەیوەندی نێودەوڵەتی، کاریگەریی کولتووری و ئابووری، گرنگی مێژوویی، هەندێک لەو توخمانەن کە دەسەڵاتی زمانێک دیاری دەکەن. زمانی ئینگلیزی بە فراوانترین زمان دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا هەیە لە سەرانسەری جیهاندا، ئەمەش وایکردووە

ببێتە ڕکابەری بەهێزترین زمان لە جیهاندا. هەروەها زمانی چینی ماندارین، عەرەبی، ئیسپانی، فەرەنسی بەهۆی ژمارەیەکی بەرچاوی قسەکەران و شکۆمەندی کولتوورییەوە لە بەهێزترین زمانەکانن.

نموونەی بەهێزترین زمانەکانی جیهان لە سەرانسەری کیشوەر و کولتوورە جیاوازەکاندا دەدۆزرێتەوە. چینی ماندارین کە زیاتر لە ملیارێک قسەکەری هەیە، بەناوبانگە بە ئالۆزی و کاریگەرییەکانی وەک زمانێکی بازرگانی جیهانی. زمانی عەرەبی بەهۆی ڕۆڵی وەک زمانی قورئانی پیرۆز و بەکارهێنانی بەربڵاوی وەک زمانی ڕەسەن و دووەم لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بە یەکێک لە زمانە کاریگەرەکان دادەنرێت. زمانی ئینگلیزی کە نزیکەی یەک ملیار و نیو قسەکەری هەیە، لە جیهانی مۆدێرنیشدا بووەتە زمانێکی بەهێز، بە بەکارهێنانی بەربڵاوی لە بازرگانی و میدیا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. ئەم زمانانە هەموویان بەشدارییەکی بەرچاویان لە پەیوەندی و کولتووری جیهانیدا کردووە. سەرەڕای مێژووی دوور و درێژ و گرنگی کولتووری، زمانی کوردی لە بازنەی ئەکادیمی و زانستیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان کەم نوێنەرایەتی دەمێنێتەوە. ئەم دانپێدانەنەکردنە بووەتە هۆی دوورخستنەوەی زمانەکە لە بەڵگەنامە فەرمییەکان و سیستەمی پەروەردەیی و پەراوێزخستنی قسەکەرانی و ڕێگری لە توانای بەشداریکردنی تەواویان لە کۆمەڵگەی فراوانتردا. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕەوتە، زۆر گرنگە کە زمانی کوردی زیاتر بایەخ و سەرچاوەی زیاتر وەربگرێت، ڕێگە بە پاراستن و گەشەکردنی بدات لە هەمان کاتدا دان بە گرنگییە بەردەوامەکەیدا بنێت هەم بۆ کۆمەڵگەی کورد و هەم بۆ جیهانی فراوانتر.

بنەچەی زمانی کوردی بە هۆی نەبوونی تۆماری نووسراوەوە لە نهێنیدا پۆشراوە. بەڵام زانایان پێیان وایە کە زمانی کوردی ڕەگ و ڕیشەی لە لقی ئێرانی بنەماڵەی زمانی هیندۆئەوروپیدا هەیە. تەنانەت هەندێک باس لەوە دەکەن کە کورد نەوەکانی مادی کۆنە کە بە زمانێکی هاوشێوەی کوردی قسەیان دەکرد. هەندێکی تر پێشنیاری ئەوە دەکەن کە زمانی کوردی لەژێر کاریگەری زمانە کۆنەکانی سامیدا بووە وەک زمانی ئارامی و ئەکەدی کە لە ناوچەکەدا قسەیان پێدەکرا. زمانی کوردی بێ گوێدانە بنچینەی وردی خۆی، مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە لە پەرەسەندن و گەشەسەندن. مێژووی زمانی کوردی ڕەگ و ڕیشەی لە سەردەمی کۆن داگرتووە

و بەدرێژایی ساڵان گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. سەرەتاییترین بەڵگەنامەی نووسراوی ناسراو بە زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٦، هەرچەندە پێدەچێت ئەو زمانە هەزاران ساڵ پێش ئەوە قسەی پێکرابێت. زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو لە ژێر کاریگەری زمان و کولتووره جۆراوجۆرەکاندا بووە، لەوانە زمانی فارسی، عەرەبی، تورکی، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندییە جیاوازەکانیشی پاراستووە. هەوڵەکان بۆ ستانداردکردنی زمانی کوردی دەیان ساڵە بەردەوامە و زمانی کوردیی سەردەمی کوردی بەسەر دوو شێوەزاری سەرەکیدا دابەشکراوە کە بریتین لە کرمانجی و سۆرانی.

بنەچەی سەرەتایی زمانی کوردی تا ڕادەیەک ئەستەمە بە وردی دیاری بکرێت چونکە زمانەکە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ژێر کاریگەری هۆکاری جۆراوجۆر بووە. پێیان وایە زمانی کوردی ڕەگ و ڕیشەی لە زمانە کۆنەکانی فارسی و مادیدا هەیە، کە پێش سەرهەڵدانی زمانی کوردی لە ناوچەکەدا قسەیان پێدەکرا. بەڵام زمانی کوردی نەوەی ئەو زمانانە نییە، بەڵکو وەک زمانێکی جیا لە ناوچەکەدا پەرەی سەندووە. جگە لەوەش لە ساڵانی دواتردا کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی و تورکی، ئەمەش شوێن پێ هەڵگرتنی سەرچاوەکەی زیاتر ئاڵۆزتر دەکات. گەشەسەندنی زمانی کوردی گەشەسەندنی زمانی کوردی پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆز بووە، کە بە هۆکاری جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری دیاری کراوە. لە بەربەستە هەرە بەرچاوەکانی مێژووەکەیدا هەوڵەکانی ستانداردکردنی سەدەی بیستەم کە لە ئەنجامدا فۆرمێکی نووسراوی یەکگرتوو و دامەزراندنی نەریتێکی ئەدەبی کوردی لێکەوتەوە. بە تێپەڕبوونی کات، کوردی بۆتە هێمایەکی گرنگی ناسنامەی کورد و خواستی نەتەوەیی، هەروەها بووەتە ئامرازێک بۆ پاراستن و دەربڕینی میراتی دەوڵەمەندی کولتووری گەلی کورد. سەرەڕای ئاستەنگە بەردەوامەکان، زمانی کوردی بەردەوامە لە گەشەکردن و پەرەسەندن، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دینامیکی و هەمەچەشنی کۆمەڵگای کوردییە.

کاریگەری زمانەکانی دیکە لەسەر زمانی کوردی:

زمانی کوردی بەدرێژایی سەدەکان کاریگەرییەکی بەرچاوی لە زمانەکانی دیکەی ناوچەکەی خۆیەوە هەبووە. بە هۆی هەڵکەوتەی خاکی زمانی کوردی، زمانی جۆراوجۆر

هەبوون کە کاریگەرییان لەسەر زمانی کوردی هەبووە. زمانی عەرەبی، فارسی، تورکی، سریانی لە زمانە چارەنووس سازەکانن کە کاریگەرییان لەسەر زمانی کوردی هەبووە. جگە لەوەش، لە سەردەمی هاوچەرخدا، زمانی ئینگلیزی دەستی کردووە بە کاریگەری لەسەر زمانی کوردی، بەتایبەتی لە بواری زاراوەی تەکنیکی و زانستیدا. لە ئەنجامدا زمانی کوردی هەمەچەشنتر بووە و توخمە زمانەوانییە جۆراوجۆرەکانی زمانەکانی دیکەی خستۆتە ناو فەرهەنگەکەیەوە. زمانی کوردی سەرەڕای ئەوەی یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی جیهان، بەڵام بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ئاستەنگی بەرچاو بووەتەوە. لە چەوسانەوەی سیاسییەوە تا نوێنەرایەتی سنووردار لە میدیای سەرەکیدا، زمانی کوردی خەباتی کردووە بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان و قبوڵکردن لەسەر ئاستی جیهانی. بەڵام سەرەڕای ئەم پاشەکشانە، زمانی کوردی وەک بەشێکی گرنگی کولتوور و ناسنامەی کوردی دەمێنێتەوە و هەوڵەکان بۆ پاراستن و پێشخستنی زمانەکە لە زۆرێک لە ناوچەکاندا بەردەوامە. بەو پێیەش ئومێد هەیە کە زمانی کوردی لە ساڵانی داهاتوودا بەردەوام بێت لە گەشەکردن و بینین و گرنگییەکی زیاتر بەدەستبهێنێت.

دۆخی ئێستای زمانی کوردی:

زمانی کوردی لە ئێستادا نزیکەی ٤٨ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا قسەی پێدەکەن و ئەمەش وایکردووە ببێتە یەکێک لە گەورەترین زمانە کەمینەییەکانی جیهان. بەڵام سەرەڕای بەکارهێنانی بەربڵاوی زمانی کوردی، سەرەڕای هەوڵی چالاکوانان و سیاسەتمەدارانی زمانی کوردی، لە هیچ وڵاتێکدا، بە هەرێمی کوردستانی عێراقیشەوە، پێگەی فەرمی پێنەدراوە. ئەم دانپێدانەنە فەرمییە توانای کورد بۆ بەکارهێنانی زمانی زگماکی خۆی لە شوێنە فەرمییەکان، وەک فەرمانگە حکومییەکان یان قوتابخانەکان سنووردار کردووە. بەڵام چاکسازییەکانی ئەم دواییە لە هەندێک وڵاتدا بووەتە هۆی دانپێدانانی زیاتر بە زمانی کوردی، لەوانەش دامەزراندنی قوتابخانە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە زمانی کوردی.

ژمارەی کورد: زمانەکان لە ڕووی ژمارەی زمانی کوردی زمانەوانییەوە، خەمڵاندنەکان بەپێی سەرچاوەکە زۆر جیاوازن. بەگوێرەی ڕاپۆرتی Ethnologue لە جیهاندا نزیکەی ٢٠ ملیۆن زمانی کوردی قسەکەر هەیە، بەمەش دەبێتە چوارەم زمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەیەمین زمانی ئاسیا کە زۆرترین قسەی پێدەکرێت. بەڵام

سەرچاوەکانی دیکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ژمارەی قسەکەران دەتوانێت بگاتە ٤٨ ملیۆن کەس. سەرەڕای ئەوەش جیاوازییەکی بەرچاوی ناوچەیی لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا هەیە و زۆرینەی قسەکەران لە تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا و ئەرمینیا چڕبوونەتەوە.بوارەکانی بەکارهێنانی زمانی کوردی بەرفراوان و هەمەچەشنن. زمانی کوردی لە وڵاتانی وەک تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا بە شێوەیەکی بەرفراوان قسە دەکرێت. زمانی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە عێراق و کاریگەری زمانەوانی و کولتووری بەرچاوی هەیە لە ئازەربایجان و ئەفغانستان و ڕووسیا کە پێکهاتە کوردییەکان تێیدا بوونیان هەیە. جگە لەوەش بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ناوچەکانی دیکەی جیهاندا کە ڕەوەندی کوردی تێدایە، وەک ئەڵمانیا، سوید، بەریتانیا، ئەمریکا، زۆرە. سەرەڕای ئەمەش هێشتا کوردی خەبات دەکات بۆ دانپێدانانی یاسایی و یەکسانبوون لەگەڵ زمانە باڵادەستەکانی ئەو ناوچانەی کە تێیدا قسەی پێدەکرێت.

ئایندەی زمانی کوردی:

ئایندەی زمانی کوردی نادیارە، بەو پێیەی ڕووبەڕووی چەندین تەحەددا و ئاستەنگ دەبێتەوە. یەکێک لە ئاستەنگە هەرە بەرچاوەکان نەبوونی دانپێدانان و پێگەی فەرمییە لەو وڵاتانەی کە قسەی تێدا دەکرێت. جگە لەوەش گەنجانی ناوچە کوردنشینەکان تادێت زمانەکانی تر بەکاردەهێنن و زۆرجار تەنها بە زمانی باڵادەستی دەوڵەت فێردەکرێن. بەڵام هەوڵەکان بۆ بەرەوپێشبردن و پاراستنی زمان، وەک قوتابخانەی زمان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هەندێک گەشبینی بۆ داهاتوو پێشکەش دەکەن. بە ڕدە وامی بە کارهێنان و گە شە پێدانی زمانی کوردی بۆ پاراستنی کولتوور و ناسنامە ی کوردی زۆر گرنگ دە بێت. سەرەڕای ئەوەی کە زمانی کوردی زمانی گەلێکی کۆن و خاوەن کولتوور و مێژوویەکی دەوڵەمەندە، بەڵام لە مێژە لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێیەوە کپ و پەراوێزخراوە. زمانی کوردی سەدەیەک لە سەرکوتکردنی سیستماتیکی ڕزگاری بووە، بەڵام لە سایەی هەوڵی ڕۆشنبیران و تێکۆشەرانی کورد کە لە پێناو ناساندن و پاراستنیدا خەباتیان کردووە، لە ساڵانی ڕابردوودا ڕینێسانسی بەخۆیەوە بینیوە. سەرەڕای ئەوەش هێشتا وەک تەحەدایەک بۆ زمانی کوردی دەمێنێتەوە کە ڕکابەری زمانە باڵادەستەکانی جیهان بکات، چونکە لە خەباتدایە بۆ ئەوەی وەک زمانێکی فەرمی لە ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان وەربگیرێت.

دەرەنجام لە کۆتاییدا:

زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو گەشتێکی دوور و درێژ و تەحەدای بەسەر بردووە. وێڕای ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ و ململانێی جۆراوجۆر، توانی بمێنێتەوە و گەشە بکات و ببێتە زمانێکی دینامیکی و ناوازە، دەوڵەمەند بە کولتوور و نەریتی تایبەتی خۆی. خۆڕاگری و زیندوویەکەی بەڵگەی بەهێزی و جوانی گەلی کورد و زمانەکەیە. هەرچەندە ڕەنگە یەکێک لە زمانە کۆنەکان یان بە شێوەیەکی بەرفراوانترین زمانەکانی جیهان نەبێت، بەڵام گرنگی و بەهای زمانی کوردی بە کەم سەیر ناکرێ.

یەکەم: پوختەی لێکۆڵینەوە و نووسینەکانم بۆ کورتکردنەوەی زمانی کوردی مێژوویەکی دەوڵەمەند و تایبەتمەندی ناوازەی هەیە و بەکارهێنانێکی بەربڵاوی هەیە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا. سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی وەک نەبوونی ستانداردکردن و دانپێدانان، هەوڵەکان بۆ پاراستن و پێشخستنی زمانەکە بەردەوام لەلایەن چالاکوانان و زانایان و حکومەتەکانی کوردەوە دراوە. جگە لەوەش زمانی کوردی بەشدارییەکی بەرچاوی لە فرەچەشنی و میراتی کولتووری دیمەنی زمانەوانی جیهاندا کردووە. بە گشتی زمانی کوردی شایەنی بایەخ و پێزانینی زیاترە لە گوتاری جیهانیی تایبەت بە زمان و کولتووردا.

دووەم: بیرکردنەوەکانی کۆتایی لەسەر زمانی کوردی، زمانی کوردی مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە و ڕۆڵێکی چارەنووس ساز لە شوناسی کولتووری گەلی کورددا دەگێڕێت. سەرەڕای ئەو تەحەددیاتانەی کە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی بووەتەوە، زمانەکە بەردەوامە لە گەشەکردن و پەرەسەندن. هەوڵەکان بۆ ستانداردکردنی زمان و زیادکردنی ڕێژەی خوێندەواری لە نێو زمانی کوردی زماندا بەردەوام دەبێت و ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستنی ئەم زمانە ناوازەیەدا دەگێڕێت. گرنگە دان بە گرنگی زمانی کوردیدا بنێین و پاڵپشتی بکەن بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی بەکارهێنان و گەشەسەندنی.

بانگەواز بۆ کردار. بۆیە هەروەک دان بە گرنگی و بەهای زمانی کوردیدا دەنێین، هەروەها ناتوانین چاوپۆشی لە پێویستی بەپەلەی پاراستن و پێشخستنی ئەم زمانە بکەین. بانگەوازێکە بۆ کردەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی زمانەکەی لە باوەش بگرێت و بە نرخی بزانێت و هەوڵی ستانداردکردن و مۆدێرنیزاسیۆنی بدات و داوای

دانپێدانان و دەستڕاگەیشتن بە یەکسانی لە پەروەردە و میدیادا بکات. جگە لەوەش بانگەوازێکە بۆ کردەوە بۆ زانایان و زمانناسان و داڕێژەرانی سیاسەت بۆ پاڵپشتی و وەبەرهێنان لە گەشەپێدانی زمان و کولتووری کوردی، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە زمانێکی زیندوو و گەشەسەندوو لە نێو کۆنترین و بەهێزترین زمانەکانی جیهاندا بمێنێتەوە.

سەرچاوەکان:

• خوێنەری خۆشەویست دەتوانی بۆ وورتر لەباری بابەتەکەوە بزانی، لەڕێگای ئەو سەچاوانەی کە بۆم داناوی.

• Amir Hassanpour. ‹Nationalism and Language in Kurdistan, 19181985-.› Mellen Research University Press, 1992

• Plato. ‹Laches.› DigiCat,2022

• John McGarry. ‹The Future of Kurdistan in Iraq.› Brendan O›Leary, University of Pennsylvania Press, 2006

زمان و یادەوەری لە ڕۆمانی گڕی سەهۆڵ..یان بەرخودانی کۆبانێ...

فەرەیدون سامان

وێڕای ڕۆمانەکانی زازانا و لالەکانی لالش، کامەران خۆشناو ناوێکی نادیاری دیار لە ڕۆمانی نوێی کوردیدا، کە بە هرووژمێکی ئەفرێنەرانە و بە باگرەوندێکی ڕۆشنبیریی قووڵ، پڕ لە یادەوەری، ڕووداوە تراژیدییەکانی مێژووی نەتەوەیەکی هەرەشە لێکراو بە سڕینەوە و کۆمەڵکوژی، بە زمانێکی شاعیرانە دەوڵەمەند بە پەیڤ و زاراوەی زۆر لە زار و بنزارە ڕەسەنە کوردییەکان، ئەمجارە بە بەرهەمێکی ئەدەبی ناوازە کە ڕۆمانی (گرێ سەهۆڵ)ە لە ژان و کۆژان و بەرخودانی کۆبانێ دەدوێت، هەر چەندە ئەدەبی بەرگری و جەنگ لە ناو گەلانی جیهاندا هەر لە کۆنەوە بوونی هەیە، لەو بوارەشدا چەندان شاکاری وێژەیی و هونەرییان بەرهەم هێناوە، هەر لە دەقی شیعری و شانۆیی و ڕۆمانەوە بگرە تا دەگاتی فیلمی سینەمایی، بەڵام ئەگەر چاوێک بە کتێبخانەی کوردیدا بگێڕین، ئەوا زۆر کەمن ئەو ڕۆمانانەی باس لە بەسەرهات و نەهامەتییەکانی گەلەکەمان دەکەن و بەتایبەتی لە مێژووی نوێی خۆیدا.

ئەوجا ئەگەر ئاوڕێک لە ڕووداوە تراژیدییەکانی هاوینی ساڵی (٢٠١٤) بدەینەوە، کاتێ ڕێکخراوی تیرۆریستی چەتەکانی(دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) ناسراو بەداعش، هێرشیان هێنایە سەر ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەتیش لە کاڤاری شنگالی ئێزیدینشیندا، ئەوا بە زۆر کەمی ڕۆماننووسەکانمان ئەو بوارەیان باسکردووە، بۆ نموونە بەرخودانی شارۆچکەی کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستاندا، کە لە ماوەی ساڵێکدا شەڕڤان و بەرگریکاران قارەمانییەتییێکی ئەوتۆیان تۆمارکرد، کە هەموو جیهانی هێنایە سەرهێڵ بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئەزموونی خەبات و دەسکەوتەکانی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن. حەزم دەکرد لەو باسەدا ئاگاداربم، بەڵام سەلیقەی هێندە سەیرکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتەکانم نەبوو. تا ڕۆمانی (گرێ سەهۆڵ)ی ڕۆماننووسی بەتوانا و فرە بەهرە موهەندیس کامەران خۆشناوم دەسکەوت.

گرێ سەهۆڵ کتێبێکی دانسقەیە لە وەشانی دەزگای فام و بە قەبارەی (٢١×١٣,٥ سم کە لە دووتوێی(٤٢٢) لاپەڕەدا چاپکراوە، کاکی نووسەر سەرجەم وردەکاری جەنگەکە و دابەشبوونی هێزەکان و ژیانی ڕۆژانەی بەرگریکاران و هێرشبەران خستۆتەڕوو، هەر لەو تاوانانەی جەنگی بە دەست داعش ئەنجامدران تا ئەو پاڵەوانییەتە ئەفسووناوییەی شەڕڤانان کە هێشتا کەس پێیانی نەزانیوە. لە ماوەی خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا وێڕای باس و خواسی بەرخودانی کۆبانێ و ناوی گەڕەک و بازاڕو پارکەکانی، کۆمەڵێک زانیاری نوێم دەسکەوت، لە چەندین دەستەواژەی سیاسی

گەیشتم و چەندین ڕاستی ڕووداوی مێژووییم بۆ ڕوونبۆوە، کە پێشتر ئاگاداریان نەبووم، ئاخر نەمدەزانی ئەو کەتیبەی داعش ئەوەی هێرشی کردە سەر کۆبانێ، مخابن هەر هەموویان کورد بوون و نەشمدەزانی عەرەب و فەلەش بەرگریان لە کۆبانێ کردووە.

سەرباری ئەوەی داعش هێزێکی داگیرکەری دواکەوتووی خوێنڕێژ بووە، کەچی لەمیانی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە، نووسەر هەوڵیداوە ئەوانیش بدوێنین، بیروڕاو بۆچوون و ئەدەبیاتیان بخاتە ڕوو، چۆن بیردەکەنەوە، چۆن هەڵسوکەوت دەکەن. نووسەر هەوڵیداوە هاوسەنگییەک بخولقێنێت وەک گوێزەرەوەیەکی بێلایەنی ڕووداوەکان و دوور لە پەرێزی یان لایەنگیری، و پێموایە لەمبوارەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو سەرکەوتوو بووە. بەشێک لە پاڵەوانانی ڕۆمانەکە ناسراون وەک (موسا هەردەم، جوانە پاڵانی، ئارین میرکان، خەتابی کوردی، ئەبو عەلی عەسکەری) بەڵام چەند کەسایەتییەکی دیکە زادەی هزر و خەیاڵی نووسەرن، ئەمەش تا هاوسەنگی بداتە ڕۆمانەکان و لە دونیای ساردو سڕی واقعییەتی بە دوورخاتەوە و ڕوح بداتە بەر ڕووداوەکان، کە لەمەشدا بەسەرکەوتووی دەزانم، چونکە کەسە دروستکراوەکان زادەی ڕووداوەکانن و باسەکانیان جوانتر کردووە.

ڕۆمانەکە چیرۆکێکی نەبووی خۆشەویستییە، یان چاکترە بڵێین ئەڤینێکی یەک لایەنەی داعشێکی فریو خواردوو، ئەوەی وەک گڕی ئاگر بۆ شەڕڤانێکی مەعلانی یەپەژە دەسووتێ، کچێکی ساردو سڕی بێباک، ئامێرێکی کوشتن، کە باکی بە هیچ نییەو دوای کوژرانی خوشکە بچووکەکەی بۆتە کەسێکی بێهەستی هاوشێوەی کێوێکی سەهۆڵبەندان.

ڕۆمانەکە بە دوو تەوەردا دەڕوات، کۆمەڵێک کەس، کە گوزارشت لە وڵاتە زلهێزەکان دەکەن، ئەوانەی دانیشتوون و یاری بە گەلە ستەمدیدە و چەوساوەکان دەکەن و باکیان بە هیچ و کەس نییە، لە بەرامبەردا گەلانی وەک پارچەی شەترەنج لە گۆڕەپانی ژیان دەجوولێندرێن و بەردەوام وڵاتیان کوشتارگە و گۆڕەپانی جەنگ و ماڵوێرانی و کۆمەڵکوژییە.

تەوەری دووەم شەڕی کۆبانێیە و سەرجەم وردەکاری جەنگەکە دەخرێتە ڕوو، لە سەرەتای ڕۆمانەکە ئەو دوو تەوەرە هاوتەریب لەگەڵ یەکتر دەڕۆن بەشێوەیەک؛ هەردوو دەستە ئاگایان لەوانی دیکە نییەو دەکرا دوو چیرۆکی جیاواز بن.

خوێنەری هۆشیار لە باسەکە دەگات و دەزانی چ لە پشت پەردەکان دەگوزەرێ، لەوەشدا هەست دەکەم نووسەر توانیویەتی ڕووداوەکان لە خزمەتی دەقەکە بخاتەوە، زۆر بە ڕوونی مەبەستی باسەکە دیارە، کە ئێمەی گەلانی جیهانی سێیەم پارچەی بێگیان و ویستی سەر تەختی شەترەنجی دەست یاریزانە بەهێزەکانین ئەوانەی بە هەوەسی خۆیان دەمانجوڵێنن لەو کاتەی ئێمە وا هەست دەکەین ئازادانە هەڵسوکەوت دەکەین.

زمانی نووسین: سەبارەت بە ئەوەی ڕۆمانی سێیەمی نووسەرە کە دەیانخوێنمەوەو بەڕاستی چێژم لێ بینی، بە کوردییەکی ڕەوان و پاراو نووسراوە، هەر چەندە نووسەر چەندین وشەو زاراوە ودەستەواژەی تایبەتی بەکارهێناون، تەنانەت من بۆ خۆم ناچار دەبووم بگەڕێمەوە سەر پەراوێزەکان تا لە واتاکانیان بگەم. بەهەرحاڵ ئەمەش دوو دیوی هەیە، یەکەم خوێنەری نائاشنا و نامۆ بەو وشەو زاراوانە، هەلێکی بۆ دروست دەبێت بە بەو ناو و وشانە ئاشنا بێتەوە، حاڵەتی دووەمیش تا رادەیەک کاتی خوێنەر دەگرێت و ڕەنگە ببێتە هۆی لە بیرچوونەوە و تێپەڕینی هەندێ لە وێنەو ڕووداوەکان، هەرچەند نووسەر لە پەراوێزیشدا هاوواتایانی داناوە.

لە بەشی (٤٣) و کاتی کوژرانی دوا داعش دەخاتە ڕوو، یاری بە وشەکان دەکات و بەشێکی زۆری لەو وشانە بەکارهێنان کە بە پیتی کاف دەستپێدەکەن، سەرباری ئەوەی چێژم لەم بەشە بینی، کە باس لە هزر و یادەوەرییەکانی داعشێکی کوردی هەڵخەڵتاو دەکات، ئەوەی بێزارەو بەدوای مەرگدا دەگەڕێت، ئەوا چێژم لە ڕیزکردنی ئەم هەموو وشە جوانە بینی...

تەکنیکی نووسین؛ لەلایەکی دیکەوە تەکنیکی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی ڕووداوەکان بەشە بەدوای یەکەکان چێژی پێبەخشیم، بە تایبەت کاتێ ڕووداوەکان لەنێوان هێزەکانی یەپەژە و داعش هاتووچۆیان دەکرد، سەرنجی ڕاکێشام، تەنانەت زۆر جاران لێم تێکەڵ دەبوو، کاتێک داعشێک هاواری دەکرد، شەڕڤانێک وەڵامی دەدایەوە، بەرگریکارێکی میللی تفەنگی ڕادەکێشاو چەتەیەکی داعشیش دەیتەقاند...

بەڕاستی تەکنیکێکی بەرزو جوانە.

بەڕوانینی خۆم بەرزترین ئاستی ئەم تەکنیکە لە بەشەکانی (٢٥)و(٢٦) دەنگدەداتەوە، کاتێک گوزارشت لە تەقاندنەوەی بارەگای ئاسایشی کۆبانێ دەکات و ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو کوڕەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئاسایشە بەرگریکارو داعشە خۆکوژەکە، کە هەردووکیان ناوو نازناویان هەیە، بەڕاستی

چەندە جوانە هێندە جەرگبڕە.... ئەمە جگە لەو دیمەن گواستنەوەی بەشی (٢٤) ئەوە لە چاوی نیشانەشکێنێک دیمەنەکە دەگوازێتەوە، لە چاوی ئەو بۆ چاوی یەکێک لەو گەنجانەی دیوی کوردستانی باکوور ئەوانەی بەرامبەر کۆبانێ گردببوونەوەو لە چاوی ئەویش بۆ چاوی فڕۆکەوانێکی هێزەکانی هاوپەیمانان و لە چاوی ئەویش بۆ چاوەکانی داعشێکی کورد و لەویشەوە دووبارە بۆ چاوەکانی نیشانە شکێنەکە، کە هەمووانیش وشەی (گەمژە) بەکاردێنن و هەریەکەو مەبەستی کەسەکەی بەرامبەریەتی...

بەش بەحاڵی خۆم تا ئەو ڕۆمانەم نەخوێندەوە لە قارمانییەتی ئارین میرکان نەگەیشتم، تا بەسەرهاتی قوتابخانەی سەرزووریم نەخوێندەوە نەمزانی قەڵای دمدم دووبارە بۆتەوە، تا ماجەرای شەڕی گردی دەولێم نەدیت نەمزانی چۆن مرۆڤ بەجەستەی ڕووتی بەر لە پێشڕەوی تانکەکان دەگرێت.

تا فیداکاری ڕێڤانام نەخوێندەوە نەمزانی بۆ زەیتوونەکانی ئاوایی گوڵمین شین هەڵگەڕاون و زنجانە ڕێژن... بەخوێندنەوەی ئەم پاڵەوانیەتان موچڕکم هاتێ و زانیم بۆچێ کۆبانێ بۆتە هێمایەک بە سنگی ئازادیخوازان. یەکێکی دیکە لە دیمەنە جوانەکان بەشی (٣٠)یەمەو کاتێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەگەن بە سنووری ڕۆژئاواو بەرەو کۆبانێ دەپەڕنەوە، من هیچ ناڵێم و هیوادارم بیخوێننەوەو چێژی لێوەرگرن.

من چیتر باس لەناواخنی ڕۆمانەکە ناکەم و بۆ خوێنەرانی هێژای لێدەگەڕێم، بەڵام کۆتاییەکەی ڕایچڵەکاندم، چونکە لە دەقێکی واقیعی دەرچوو و ڕێچکەی ڕیالیزمی جادوویی گرت... بەڕاستی باباتەکەی ناخهەژێنە...

جێگای ئاماژەیە کە ئەمە سێیەم ڕۆمانی نووسەرە کە دەتوانم بە ئەدەبی جەنگی ئەژمار بکەم، ئەوەی دیمەنەکانی شەڕوشۆڕ یاداشت دەکەن، وەک هاوێنەی کامیرایەکی ورد وردەکارییەکان دەگوازنەوە.

یەکەم ڕۆمانی مێژوویی (زازانا) (٢٠١٨) کە باس لە جەنگی نێوان بابلیەکان و هاخەمەنشیەکان دەکات و لێوانلێوە لە شمشێر وەشاندن و گلانی سواران و پلانی سەربازی.

دووەم ڕۆمانی (لالەکانی لالش) (٢٠١٩) کە باس لە تراژیدیا و بەرخودانی کوردانی ئێزیدی دەکات بە تایبەت دوای پەلامارە هۆڤی و نامرۆڤانەکەی داعش بۆ سەر کاڤاری شەنگال لە ساڵی (٢٠١٤)، کە دیمەنەکانی کوشتار و تاوانەکانی جەنگ و شەڕەکان زۆر بە کاریگەری دەگوازێتەوە.

سێیەم ئەم ڕۆمانەیە (گڕی سەهۆڵ) کە تژییە لە دیمەنەکانی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە خوێناوییەکان. کە ئەمەش دیاردەیەکی تازەو ژانرێکی نوێیە لە ڕۆمانی کوردی و هەست دەکەم نووسەر تیایدا سەرکەوتوو بووە، هەر چەندە ئەم جۆرە لە ڕۆمان خوێنەری تایبەت بە خۆیان هەیەو مەرج نییە هەمووان چێژی لێ وەرگرن. بەدیدی خۆم ئەم ڕۆمانە شایستەی خوێندنەوەیە و هیوادارم وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی تا خوێنەری زۆربێت و هەمووان لە ماجەرای داستانی بەرگریکاران لە کۆبانێ شارەزابن، هەروەها پێمباشە وەرگێڕدرێتە سەر زاری کرمانجی تا خوێنەرانی ڕۆژئاواو باکووری کوردستانی لێ بێبەش نەبن.

*** ئەم نووسینە ڕەشنووسی وتارێکە لەسەر ڕۆمانی (گڕی سەهۆڵ)ی ڕۆماننووس کامەران خۆشناو، لە داهاتوودا بە تێرو تەسەلێ بڵاوی دەکەمەوە..**

لەبەشی یەکەمی ئەو نووسینەمدا ڕانانێکم بۆ ڕۆمانی (گڕی سەهۆڵ) یان بەرخودانی کۆبانێی کامەران خۆشناو کرد بە ناونیشانی (زمان وتراژیدیا لە ڕۆمانی گڕی سەهۆڵ)دا، لێرەدا بە باشمزانی ئەو فەرهەنگۆکەش بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی هێژا، کە نووسەر لەو ڕۆمانەدا لەپەراوێزەکاندا ئاماژەی بەو وشەو زاراوە و ناوانە کردوون، بەهیوام سوودێکی هەبێت.

گەڕ: نۆرە، تەشقەڵە، شەڕ.

لوسیڤەر: واتا فریشتەی گلاو و گوزارشتە بۆ ئیبلیس.

هەڵەباش: بێباک، بێترس.

وڵسات: ڕەشەوڵاخ.

ناخون: نینۆک، نوخان.

ناخونەک: خواردن لە شتێ بەبێ ئیجازەی خاوەنی.

زاروزیج: تیرە و تایفە، بنەچە.

گلا: گشت لا؛ هەموو لایەک.

ڕەشەڕشانەوە: تاعوون.

فروسمان: سیحر لێکران، دوعا لێ خوێندران.

قەلاش: مرۆی سووک و بێکارە.

ئاگرێنە: وەگڕخەر، دەسپێکەر، سلفی ماشێن.

ئابێ: برا گەورە بە تورکی و گوزارشتە بۆ تورکان.

قرمەی چەکان: دەستریژ، قرمەی یەک لە دوای یەکتری.

فەڕوفیتخوازی: برشت، بەرەکەت.
دڵواپەسی: نیگەرانی.
تەقودەو: کۆچی بە کۆمەڵ لە ترسان.
پێخست: ئامێری خستن و کاولکاری.
کەرتەشی: دڕکە کەرانە، شەکرۆک، گیایەکی دڕواویە، لە هاویندا گوڵێکی خڕی بە تۆپ و دڕواوی دێنێ.
پەلکە: پرچی هۆنراوە.
بەڕەبەلی: بەتووڕەیی.
کەڕەپ: لامل، نەسەلمێن، کەللەڕەق.
چەرد: تاڵە رەنگێکە بە ڕەشی بنوێنی.
لەندەهۆر: تەژەی زەبەلاح.
سیخناخ: شتی پڕی ئاخنراو.
پێمێرد: فریشتەی گیانکێشان، عیزرائیل، مردگار.
کەرەنتوو: ئامێری گیادوورین کە بۆتە سیمبوولێک بە دەستی پێمێرد.
بەردەزوورە: بەردێکی زبرە و بۆ تیژکردنی ئامێرەکان بەکاردەهێنرێت.
بیراز: کرداری بە مشارکردنی دەمی کەرەنتووە.
توور: توورەگە، چەواڵێکی بچووکە.
توێشەبەرە: پریاسکێکە شوان و دەشتەوانان خواردنیان تێدەکرێت.
پەلدانک: تێنووس، دەفتەر، پەڕاو.
هەیهۆلان: سەرسورمێن، واقوڕمێن، نشکەڤتن، سەرپرایز، هەژەند.
مرووز: سیما، چارە، ڕووخسار.
شاتر: نامەبەر.
بنکەزی: قەیتانی کەزی، بەنپرچ، بەندگیس.
شکۆن: کەڵبەز، قەڵبەز، نوانەکە بە کاریگەریی با و بۆران دروست دەبێت.
هیزا: چۆرە سەرپۆشێکی رەنگاوڕەنگی ژنانەیە.
قەتمەر: مۆری تێر.
پەژموردە: گەشمردە، گەشمەردە، جانگۆری، ڕەوانفراز، پاکڕەوان، گیانبەخش، گیانفیدا، گیانبەخت، شەهید.
ئابیدە: بینای گەورە.
تەوەس: دۆزەخ.

بەلەسە: پشتهەڵکردن لە جێبەجێکردنی فەرمانێک.
هەڵتۆترەقان: هەڵتروشکان، هەڵچینکان، لەسەر چینچکان دانیشتن.
جەلوو: ترێن، شەمەندەفەر.
ڕەشداگەڕان: رەشهەڵگەڕان، ئاڵۆزبوون.
گلار: چۆمی بچووک.
تەلەزگەی کەشتیی نووح: یەکێکە لە تەلزگە باوەکانی یاری شەترەنج.
کۆماچە: شەپۆڵدانی ئاوە لە کاتی زۆرهاتن.
داشەهارە: تاقە داشێکە بەدەست یەکێک لە یاریکەرانی دامە دەمینێتەوە، دەتوانی بە هەموو لایەکیدا بجووڵێنی.
لەنگێزە: بارانی خوڕەمی بەتاو.
پایەماڵ: بەرباد.
شیتاڵ: ڕندۆڵ، پارچەی شڕ.
ساقەسۆرە: زەرنەقووتەڵە، بێچووە باڵندەی بێ تووکە، کە تازە لە هێلکە هاتبێتە دەرەوە.
پفنە: پیاوێکی کورتەی قەڵەو.
کەلەل: بریندار، زەخمدار.
پرسن: کەسێک زۆر پرسیار دەکات، فزوول.
باقۆڕە: بەچکە بەراز، کودەڵە وەراز.
زەمینگیر: کەسێ کە قوونەنشینە و ناتوانێ بەڕێوە بڕوا.
پێکەوتی: شوێنکەوتوو.
زەمەر: وێران، تێک و تەپا، داتاپاو.
پرینگانەوە: سڵەمینەوە، بە ترسەوە کشانەوە دواوە. بۆ ئاژەڵان (تەسبوونەوە) بەکار دێت.
دڵازار: هەرچی وەبەر دڵ نەکەوێت.
دلارا: بەردڵ، دڵخۆشکەر.
دڵمای: رەنجاو، دڵشکاو.
پرسانە: دیاری بۆ ماڵی تازیەبار.
مۆڵەق: واتە چاو زەق وەستان و نەقووچان.
جوانەژۆ: شانک، زیبکەی عازەبی.
فریشتەوەش: فریشتەئاسا.
شلانەوە: بۆ رۆیشتنێک ناز و خۆبادانی تێدا بەملا و بەولادا.
جەفەنگ: فشە، گاڵتە، تیز، قەشمەری.

ڕەوەز: شوێنی سەخت و دژوار لە چیاکاندا، کە سەرکێش بێ.
یەخانگیر: پێداهەڵشاخان، بەرەنگاری، بەگژداهاتنەوە.
گیاکەن: کەسێ کە گیا لە زەوی دەکەنێ.
چیمبڕ: پێمەڕەی تایبەت بە فریزجاڕی.
نەوخیزە: وردەگیای تازە شینبوو لە بەهاران.
مێرخوزار: مێرگ و گیاجاڕ، جێگەیەکە زۆری گیا لێ ڕوواوە.
بارانی بەلووزە: تەوژم، ڕێژنە.
فڕاکە: جووچکەمەلێ کە تازە فێرە فڕین دەبێ.
وەشبۆی: بۆنخۆش.
فرفات: کاڵای دڕاوی هەلاهەلا.
سەرحەد: سنوور، کەوشەن، ئاقار، چەسپەر، شوورە، چیلە، درسەنگ، تخووب.
داگژان: تاودان، هێرشکردنە سەر.
ڕاماڵ بردن: هێرش کردنەسەر.
لرفەلرف: کڵپەکڵپ، ئاهەنگی ئاوری.
قەرەبڕووت: شتێکە هێندە سووتابێ؛ ڕەش هەڵگەڕابێ.
قەرەدار: جۆرێ داری هەمیشە شینە و گەڵا دەرزییە.
نەوێرۆک: ترسنۆک.
بارێزان: پایز، گەڵاڕێزان، گەڵاڕێژان، خەزەڵوەر.
ولک: گەڵا، پەلک.
هەیوەشەوە: مانگەشەو.
ڕۆدان: پەنجەرە.
هەوڵەق: خەیاڵ ڕۆشتن بەدەم شتێکەوە.
هەڵترەقین: تۆقین، لە داخان پسان.
سەرچەشنی: نموونەیی، نمینەک، هاوشێوە.
سەگڤان: ڕاوکەر، نێچیرەوان.
زڕمۆڵ: سەگی نارەسەن.
تووک لێکردن: سینگ لێ کوتان، نزای خراپ.
مانگوڕ: ماهور، هیلال.
واژوون: ئاوەژوو.
هەورەسێ: هەوری پەڵەپەڵە، هەوری گەواڵ گەواڵ.

شۆپ: شوێن پێ.
قەرەووڵ: پێشجەنگ، سەرجەنگ.
کۆسەج: سەگەماسی، قرش.
زایەڵە: زریکە و هاوار و مۆزیقەی بەرز.
بڵخاخ: هەراوهۆریا.
چەرەن: ئەفسووناوی.
تەکەربوون: کەوتن، بەربوونەوە خوارەوە.
هڵۆڵ: هووڵۆڵ، کلۆر، نێوبەتاڵ، بەتاڵ.
بێچەم: بێمانا.
دەستەچیلە: دەستە چیلکەیەکی وشکی باریک، کە ئاگری پێ بکرێتەوە.
دزدەستەک: یاریکار و ڕێنیشاندەری دزان.
باڕشت: بارانی وردی لەسەرەخۆ.
ڕێبڕک: کورتکردنەوەی ڕێگایەکی زۆر دوور.
داڵانبڕکردن: ڕێگای بە دیواری سەرپۆشکراو.
دەردەنگ: دەنگدانەوە.
دەنید: دەنگ.
سێرەگر: ستێر، سێرەئامانج، ئامانجپێکەر.
ئارپەشەک: تێزە، پەلەپیتکە.
ئەنداخت: تفەنگ و تۆپ بەرەو نیشانە هاوێژتن.
ئێختە: ئیختە، بارگینی خەساو، گون دەرهاتوو، کینایەتە لە ناپیاوەتی.
هوڕەو: بۆ کۆمەڵە بەرزایک بەکار دێت.
مەهوو: دێڵە بەرازی کیوی.
ناروونەر: دەنگی بەراز.
نەرمەگاو: شەقاوی بچووک.
نەرمەنەرمە: کەمکەمە و بە هێواشی.
نەڕەند: نەباش.
نەرمەتیشک: لەبار و شیاو.
جەوەرۆکە: کوڕ کە هێندە گەورە بێ بتوانێ هەندە ئیش و کاران بکات.
شەستەباران: بارانێکی توند و خێرا.
کۆڵەوەژ: پەنگرکێش، ئارکۆلک، ئاگرخۆشکەر.

فراوین: قاوەڵتوون، نیوڕۆژ، جەمی نیوەڕۆ.

وردیلە و واژیلە: منداڵە وردکە.

بوزوو: شاڵ، تەناوی جۆلا لە خوری و مەرەزە.

شەپ: لێدان بە پشتەپێ.

بلووسک: سوولاووک، تاڤگە، پرژ.

کەللەچاخ: مرۆڤی سەرزل.

نەشخۆر: قەسەڵی بەرماوی ماڵات.

هەڵپرینگان: باران بڕان.

رەشخووێن: کەسێکە سەوادی کەم بێ و هەر لەگۆترە شتی بخوێنیتەوە.

لاپرەسەن: فزوول، خۆهەڵقورتێن.

ڕاوگە: جێگا و شوێنی تایبەتیی ڕاوێیە.

داسوەر: ئەوگوڵەگەنمانەی لە دروونە رزگاریان دەبێ و وەبەر داس ناکەون.

گلاراو: بێ ئارامی، بێ ئارامبوون لە تاو ناسازی و ناڕەحەتی.

بۆژەکردن: وەرسکرن، پەستکردن.

کەشەنگ: شەکەت، ماندوو.

جیوار: دیوار.

تۆڕینۆک: هەمیشە تورە و دڵناسک.

هەنیە: تویڵ، ناوچاوان.

تۆتەم: هەر کەیان یا شتێکی پیرۆز لای مرۆڤ.

تابۆ: هەموو شتێکی قەدەخە و یەساخ بە دیدی کۆمەڵگە.

زەمزەمە: لەسەرەخۆ گۆرانی گوتن.

بە ڕەبەلی: تووڕەیی، سەرگەمی.

کلابوون: لە ڕێ لادان، دوورەپەرێز وەستان.

پێکەتی: پەیڕەوکار.

رەتەر: تێپەڕ، پەڕیوەوە.

سەرەوگرد: سەرپەرشت، بەخێوکار، پێ ئەسپێرراو.

ژەنگار: تەم، تەپومژ، مۆران، مژەکۆر.

پاخلیسکان: تووشی گوناح و کاری نەڕەواهاتن.

پاپیاساوین: چاوپۆشیکردن و سەرپۆش لەسەر دانان.

هێرشەکانی یازدەی سێپتەمبەر.

ئاس: هێز و تاقەت.
گلارە: گلێنەی چاو.
کەمکریاگ: گوێزێکە بە توێکڵی سەوزەوە.
کەیبڕ: سەربڕ، قەساب.
کەللەمحللەق: سەرمەقولات.
کەڵواز: سەرمای سەخت.
کەڵمێش: مێشووڵە.
کەمەچ: نیشانە.
کەمباز: بڵندایی، سەکۆ.
کەلۆر: خوێڕی.
کەمبەڵ: بەرزایی سەرلێوانە.
کەماچ: ئەستوور.
کەل: کەڵۆس.
کەڵێن: گەورە، زل، زەلام.
کەمێڵە: بارستایی چڵکی لەشی مرۆیان و خوریی ئاژەڵان.
کەمدڵ: ترسنۆک.
کەمۆ: بلیمەت، زۆرزان.
کەللەکردن: سەرەوخواربوون.
کەڕەگەڵ:گەڵای وەریوی درەختەکانە کە لە شوێنێک بەسەریەک خڕ دەبنەوە.
کەڵەک: لەسەر یەک کۆکردنەوە.
کەللەزاوور: مرۆڤی ترسنۆک.
کەمەرکەش: دەرپێی قوتە.
کەلیهاتن: ترازان.
کەماخ: سمت.
کەمینگا: شوێنی خۆحەشاردانەوە.
کەڵنەوەن: بێگانە، ئاوارە.
کەلووگرین: خەریکی گریان.
کەللەیی: دەنگی گەورە کە کار لە مێشک بکات.
کەماسی: نزمی، کەمی.
کەڵکەڵە: ئارەزوو.

کەلێن: دەرفەت،کەلەبەر.
کەمباخ: وێران، کەلاوە.
کەمکوڵی: سووری تاریک، قاوایی.
کەمبەربەس: پشتێند.
کەمۆت: لاسار، بێ گووێی.
کەماچ: ئەستوور.
کەورگ: ئەو بۆشاییەی دەکەوێتە قەدپاڵ یا دامێنی چیاکان و پەناگە و حەشارگەیە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵان.
کەمک: بەردێکی زۆر زلە لەبەر یان لە قەدی چیایاندا.
کەمبەربەستی: بەو شێوازە راوەستان، دەست لەسەر پشتێند دانان.
کەمتەرخەمی: گوێنەدانە شت.
لاتار: بەردی تلخواردووی چیا.
بێتابی: ماندوویەتی.
بێپاڵ: بێپەنا، بێکەس.
بێتەشە: بێنرخ، بێهێز.
بێتەرش: مرۆڤی بەدخوو و بەد ڕەفتار.
بێتار: کارەسات.
دیڤچوویی: پابەندی، مەیلیاری، ئینتیما.
پڕمەی گریان: تەوژمی گریان.
هەولەق: خەیاڵ ڕۆیشتن بە دیار شتێکەوە.
قرماندن: تەقەکردن، تەقەیەکی زۆر بەچەکان کردن.
جمین: جووڵەیەکی لەسەرەخۆ.
داشڵان: ڕۆیشتنی ئاو.
کەندڕ: بوودڕێکە لە زەوی، کە ئاو دڕیبێ.
کەڵەکاوی: ئەو زەویەی بەردی بەدیارەوەی تێدا بێ.
وشکێن: وڵاتی بێ ئاو.
قرۆمە: بنەدارە کە دوای بڕینەوە لە زەویدا دەمێنێ.
بەست: شیوی ئاو لێ بڕاو.
بێروون: جۆگەڵەیەک ئاوی لێ چنگ نەکەوێ.

*** ڕۆماننووس کامەران خۆشناو:**

ـ براوەی خەڵاتی کتێبی ڕوانگەیە ـ ساڵی (٢٠٢٠).

ـ براوەی خەڵاتی مانگی زێڕینە وەک پێشکەشکاری بەرنامە (٢٠٢٢).

※ لەدایکبووی هەولێرەو ئەندازیاری کارەبایە، تا ئێستا نۆ کتێبی هەن و بەم شێوەی خوارەوە:

١.زازانا ـ ڕۆمان (٢٠١٨).

٢.لالەکانی لالش ـ ڕۆمان (٢٠١٩).

٣.گەمبۆڵ ـ نۆفلیت (٢٠١٧).

٤.هەسارەی تی ـ نۆفلیت (٢٠١٨).

٥.حوشترو حەمام ـ کۆمەڵە تەنزە چیرۆک (٢٠١٧).

٦.چرمۆ ـ کۆمەڵە تەنزە چیرۆک (٢٠١٩).

٧.دیدە نیگار ـ گەشەسەندنی مرۆیی (٢٠٢١).

٨.گورگە شین ـ نۆفلیت (٢٠٢٠).

٩.گڕی سەهۆڵ ـ ڕۆمان (٢٠٢٢).

ئاڤێستا لە بەرهەمێکی زانستیی ڕووسییدا

د.جەبار قادر

کتێبی «ئاڤێستا» بە زمانی ڕووسی لە نووسینی ڤالەنتینا ستیپانەڤنا سەکەلۆڤایە و لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ناووکا – زانست) لە ساڵی ٢٠٠٥ لە سان پیتەربورگ بڵاوکراوەتەوە. پرۆفیسۆر سەکەلۆڤا پسپۆرێکی دیاری بواری زمانە ئێرانییەکان بووە و ساڵانێکی زۆر کاری لە سەر ئەو زمانانە کردووە و بەرهەمی زۆری لەو بارەوە لە دوای خۆی بەجێهێشتووە. سەکەلۆڤا لە ژیانی خۆیدا پێڕا نەگەیشت ئەم کتێبەی تەواو بکات و بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادەی بکات، چونکە دەبوایە کاتێکی زۆر بۆ توێژینەوە لە زمانی تاجیکی و زمانەکانی پامیر تەرخان بکات. لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٩٣یش کۆچی دوایی کرد. لە سەر وەسێتی خۆی لە پاش مردنی کەس و کارەکەی ڕەشنووسەکەیان ڕادەستی یەکێ لە قوتابییەکانی کرد کە پرۆفیسۆر ئیرایدا ئەناتۆلییەڤنا سمیرنۆڤایە، هاوژینی دکتۆر کەریمی ئەیووبی بوو، ئەویش بەوردی پێیدا چووە و مەتریاڵەکانی بۆ چاپ ئامادە کرد و بەوتەی خۆی هەندێ ناتەواوی تێدا بووە ڕاستی کردوونەتەوە و کۆمەڵێ زانیاری بە سوودیشی لە بارەی کتێبەکە و نووسەرەکەیەوە خستووەتە بەردەم خوێنەران، لیستێکی گرنگترین بەرهەمەکانیشی تۆمار کردووە. بەوتەی سمیرنۆڤا، سەکەلۆڤا لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە خەریکی کارکردن بووە لە سەر ئاڤیستا و وەرگێڕانی بەشێک لە دەقەکانی بۆ سەر زمانی ڕووسی. پێدەچێ سەکەلۆڤا ئەم خولیایەی لە باوکیەوە بۆ مابێتەوە، چونکە ستیپان نیکۆلایەڤیچ سەکەلۆڤ لە ساڵی ١٩٦١ بۆ یەکەمین جار بە زمانی ڕووسی کتێبێکی لە مۆسکۆ بە ناونیشانی «زمانی ئاڤێستا» بڵاوکردەوە، دواتر کتێبەکە کرا بە ئینگلیزی و لە ساڵی ١٩٦٧ هەر لەوێ بڵاو کرایەوە. ئەوەی کردوویەتی بە ئینگلیزی کەسێکە بە نێوی ل. نەورۆزۆڤ. من ئەو کتێبەی ستیپان سەکەلۆفم نەبینیوە، لێ دەبێ بۆچوون و لێکدانەوەی زانستیی نوێی لە بارەی زمانی ئاڤێستاوە تێدا بووبێ بۆیە کراوە بە ئینگلیزی.

بەهۆی بارودۆخی دارایی سەختی ڕووسیا لە نەوەتەکان و باری لاری کوردناسی لەو وڵاتە، تەنها چوار سەد دانە لەم کتێبە گرینگە لە چاپ دراوە، ئەویش بە پشتگیری دارایی دکتۆر بەکر شامحەمەد کە کۆمەڵێ کتێبی کوردناسانی سۆڤیەت و ڕووسیای لە سەر ئەرکی خۆی بڵاوکردەوە. سەکەلۆڤا کارەکەی خۆی لەسەر ئەم دەقانەی ئاڤێستا بە «ئەزموونی ترانسکریپتسی مۆرفۆلۆژی و وەرگێران» پێناسە کردووە.

لە ناساندنی کتێبی ئاڤێستا لە لاپەڕەی ناوەوەیدا نووسراوە «ئاڤێستا – کۆنترین پاشماوەی کولتووری ئێرانە کە جێگایەکی گرینگی لە میراتی ڕوحی مرۆڤایەتیدا هەیە. ئەم کتێبە دەبێتە یەکەمین چاپی چەند بەشێک لە ئاڤێستا بە ترانسکریپسی و وەرگێرانەوە بۆ سەر زمانی ڕووسی. هەروەها لە کتێبەکەدا زانیاری سەبارەت بە فۆنەتیک و ڕێزمانی زمانی ئاڤێستا دەخرێنە ڕوو. بڵاوکراوەکە تایبەتە بۆ پسپۆڕانی بواری ئێرانناسی و هەموو ئەوانەی گرینگی دەدەن بە زمان و کولتووری دێرینی ئیران». ئەم کتێبە کۆمەڵێ بۆچوون و لێکدانەوەی سەرنج ڕاکێشی تێدایە کە دەتوانن زانیارییەکانمان لە بارەی ئاڤێستاوە دەوڵەمەندتر بکەن.

لەم سەرەتای ئەم مانگەدا بە سەردانێکی کورت لە بۆن بووم و لەوێ دکتۆر حوسێن حەبەش باسی ئەوەی کرد کە خەریکی وەرگێڕانی ئەم دەقانەی ئاڤێستایە بو سەر زمانی کوردی.

هەندێ لەو بۆچوونانەی سەکەڵۆڤا لەم کتێبەدا پێی لەسەر داگرتووە:

١. سەکەڵۆڤا لە پێشەکی کتێبەکەیدا ئاڤێستا وەک شاکارێکی مێژوویی کۆن پێناسە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کتێبە سەرچاوەی پانتاییەکی فراوانی پرسگەلی ئەفسانەیی، ئایینی، بنیاتی کۆمەڵایەتی و کولتووری ماددی کۆمەڵگای بەر لە سەرهەڵدانی چین و چینایەتی و زمانەکەی دەخاتە ڕوو. بۆیە هەر لە کاتی لە چاپدانێوە لە ساڵی ١٧٧١دا بووە بە بابەتی توێژینەوەی ورد و لێکدانەوە لە دید و بۆچوونی جیاوازەوە، لێ سەرباری ئەو هەموو لێکۆڵینەوە درێژخایەنانە تاوەکو ئێستاش سەبارەت بە هەموو ئەو پرسانەی تایبەتن بە ئاڤێستا و لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کراوە هێشتا مشت و مڕ بەردەوامن و بەشێکی گرینگیان بێ وەڵامی لێبڕاوە و یەکلاکەرەوە ماونەتەوە. ئەمەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە گەلێ چرکە گرینگ لە مێژووی ئاڤێستا هێشتا ڕوون نەبوونەتەوە، بۆ نموونە کات و شوێنی ئەفراندنی ئاڤێستا. هەروەها هێشتا تێگەیشتنی تەواو لە خودی دەقەکانی نەگەیشتووەتە کۆتا ئەنجام. دیارکردنی کات و شوێنی پەیدابوونی ئاڤێستا یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەم پرسانە.

٢. توێژینەوەکەی سەکەڵۆڤا بە ڕوونی ئەوە دەردەخات کە زمانی ئاڤێستا سەر بە گرووپی باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە و پەیوەندی بە زمانی فارسیی و گرووپی زمانە باشوورییە ڕۆژئاواییەکانی ئێرانەوە نییە.

٣. گەر سەرجەم بۆچوونەکانی مێژوونووسان تا ئێستا کۆ بکەینەوە ئەوا دەبێ ئاڤێستا لە سەردەمێکی مێژووییدا کە دەکەوێتە نێوان دەسپێکی هەزارەی یەکەم و سەدەی چوارەمی پێش زایین (پ. ز) پەیدا بووبێت. زۆربەی توێژەرانی ئەم بوارە لەو باوەڕەدان کە سەدەی شەشەمی پ. ز، ئەو سەردەمەیە کە ئاڤێستا تێیدا ئەفرێندراوە، ئەمەش لە گەڵ نەریتی مێژوونووسیی فارسەکاندا هاودەنگە، کە دەڵێن زەردەشت ٢٥٨ ساڵ بەر لە هێرشی ئەسکەندەری مەکەدۆنی (٣٣٤پ.ز) هاتووەتە دونیاوە. بەم پێیە بێت دەبێ زەردەشت لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی شەسەمی پ. ز دا واتا لە دوای ٥٩٠ پ. ز لە دایک بووبێت. بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم بۆچوونەش پێوەر و فاکتی مێژوویی لێبراوە لەبەردەست نین.

٤. بەم شێوەیە لە هەوڵی دەستنیشان کردنی سەردەمی پەیدابوونی ئاڤێستا، نەک لە دیدی زمانەکەیەوە، بەڵکو لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەکانمان سەبارەت بە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەی هێشتا دەوڵەت و چینایەتی بەخۆیەوە نەبینیبوو. ئەم سەردەمەش بە بۆچوونی مێژووزانان سەردەمی درەنگی کۆمەڵگای خێڵەکییە. هەندێ لە مێژووزانانی دیکە لەسەر بنەمای زانیارییە شوێنەوارناسییەکان، کە ئەوەیان دەرخستووە لە سەدەی شەشەمی پ.ز لە هەموو ئەو سەرزەمینانەی ئەگەری دەرکەوتنی ئاڤێستایان لێبووە شوێنەواری شار و دابەشبوونی پیشەوەری لە ئارادا بوونە، بۆیە پێیان وایە کە دەبێ ئاڤێستا بە دەمێکی زۆر پێش ئەو سەدەیە پەیدا بووبێت. لەسەر ئەم بنەمایە ئەم مێژووزانانە دەسپێکی هەزارەی یەکەمی پ.ز بەو مێژووە دادەنێن کە ئاڤێستای تێدا پەیدا بووە. لێرەشدا ڕووبەڕووی ئاڵۆزترین پرس دەبینەوە سەبارەت بە دەستنیشان کردنی سەردەمی ئاڤێستا.

٥. یەکێ لە پرسەکان ئەوەیە، ئەم سەردەمە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا دەردەکەون و ڕەنگیان داوەتەوە، دەکرێ زۆر کۆنتر بن و پێشتریش هەبووبن، پرسەکەی دیکەش ئەوەیە، کە دەستنیشان کردنی سەردەمی ئاڤێستا لەسەر بنەمای زمانەکەی بێت. ئەوە زانراوە کە یاشتەکان، واتا سروودەکان بۆ خوداوەند و هێزەکانی

سروشت زۆر کۆنترن لە گاتاکان لە بارەی نێوەڕۆکەوە، بەڵام ئەوەش زانراوە کە زمانەکەیان لە زمانی گاتاکان تازەترن.

٦. هەندێ لە ئەفسانەکانی ئاڤێستا بۆ سەردەمی کۆمەڵگا هیندۆ – ئێرانییەکان دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەم ئەفسانانە تەنها بەزمانی ئاڤێستایی نەنووسراونەتەوە، بەڵکو بەزمانی فارسی تازەش نووسراون، ناوەڕۆکی دێرینی ئاڤێستا ئەوە ناگەیەنێ کە زمانی ئاڤێستا زۆر کۆن بێ. بۆیە ئەو توێژەرانە بە دروستی بۆی چوونە کاتێ پێ لەسەر ژیانی زەردەشت دادەگرن بۆ دەستنیشان کردنی سەردەمی ئاڤێستا، ئاخر ئەو نووسەر و ئەفرێنەری ئاڤێستایە. زمانی ئاڤێستا زمانی زەردەشتە و ئەگەر سەردەمی چالاکییەکانی دەستنیشان بکرێت بەمە سەردەمی ئاڤێستاش ڕوون دەبێتەوە. بەڵام لێرەشدا مێژوو هیچ شتێکی کۆنکرێتمان پێ ناڵێت، ئەوە نەبێ کە یۆنانییەکان لە دوای شەڕەکانی ئەسکەندەری مەکەدۆنی ئاماژە بە سروود و ئامۆژگارییەکانی زەردەشت دەکەن. بەم پێیەش نابێ زەردەشت دوای سەدەی چوارەمی پ. ز ژیابێت. هەوڵی ساغکردنەوەی زانیارییەکان سەبارەت بە ژیانی زەردەشت لە چوارچێوەی گرەو و مەتەڵ و مشت و مڕدا دەمێنێتەوە. پرسی دەستنیشان کردنی سەردەمی زمانی ئاڤێستا ئا بەم شێوەیە.

بەهەمان شێوە دیارکردنی شوێنی ئاڤێستا واتا ئەو شوێنەی ئاڤێستا تێیدا پەیدا بووە سەختە و ئەو پرسەی ئایە ئاڤێستا سەر بە گروپە ڕۆژهەڵاتییەکان یا ڕۆژاواییەکانی زمانە ئێرانییەکانە هێشتا بە کراوەیی و بێ وەڵامی لێبڕاوە ماوەتەوە.

لەم بوارەدا دەبێ سکیتەکان (سکیفەکان، سکیثەکان) لە لیستی ئەو هۆزە ئێرانییانە دەربکەین کە ئەگەری ئەوە هەیە ئاڤێستا لە نێویاندا پەیدا بووبێ، چونکە دەقەکانی ئاڤێستا باس لە ژیانی کۆمەڵگای ئاژەڵدارانی نیشتەجێ دەکەن لە گەڵ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ژیانی کشتوکاڵیدا، لە کاتێکدا سکیتەکان هۆزانی کۆچەر بوون و لە نێوەڕاستی ئاسیا و ژیانی کۆچەرییان بەسەر دەبرد. هەروەها دەبێ ئەوانەی باشووری ڕۆژئاوای ئێرانیش واتا وڵاتی ئەخمینییەکان و زمانی فارسیشی لێ دەربکەین، چونکە ئەو زمانە فارسییەی لە ئەخمینییەکانەوە بە میرات ماوەتەوە تەواو جیاوازە لە زمانی ئاڤێستا. بۆ بڕیاردان لە سەر شوێنی سەرهەڵدانی ئاڤێستا هێشتا پانتاییەکی جوگرافی فراوان دەمێنێتەوە کە لە خوارزمەوە لە باکوور تا باختەر لە ڕۆژهەڵات (باختریا کە بە یۆنانی کۆن بە باکتریا نێوی دەبرا و دەڤەرێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە

لە نێوان چیاکانی هیندوکۆش و ڕووباری جیحونەوە کە پایتەختەکەی باخترا بووە «بەلخ» و لە نووسراوە فارسییەکاندا بە باختری نێوی دەبرێ) تا دەگەیشتە میدیا لە ڕۆژئاوا. مشت ومڕەکان لە سەر ئەوەن ئایە ئاڤێستا لە مێدیا – ڕۆژئاوا یا لە باکتریا و نێوەراستی ئاسیا لە ڕۆژهەڵات پەیدا بووە. ئیستا بیر و بووچۆنەکان لەسەر ئەوە جۆرە یەک دەنگییەکیان تێدایەوە کە سەرچاوەکەی دەگێڕێتەوە بۆ باکتریا واتا لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتووە. ئەم بۆچوونە سەرچاوەی لەو زانیارییە جوگرافی و بارودۆخە مێژووییەوە گرتووە کە لە ئارادا بووە و لە دەقەکانی ئاڤێستادا ڕەنگیان داوەتەوە. واتا لەسەر بنەمای نا زمانەوانی هاتوون و زمانی ئاڤێستایان بە زمانێکی سەر بە گروپە ڕۆژهەڵاتییەکانی زمانە ئێرانییەکان ژماردووە، بەڵام زمانی ئاڤێستا بە خۆی هیچ تایبەتمەندییەکی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئیرانمان پێ نابەخشێ. بە پێچەوانەوە ڕەگەزە ڕۆژئاواییەکانی زمانی ئاڤێستا بۆ چەندان جار لە لایەن توێژەرانەوە بەڕوونی ئاماژەیان پێ کراوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو ناکۆکییە لە نێوان ئەو بارودۆخە مێژووییە کە لە ئاڤێستادا ڕەنگی داوەتەوە و بەو پێیە زمانەکەی بە لای هۆزە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ڕادەکێشێ، لە گەڵ خودی زمانەکەدا کە بۆ لای گروپی زمانە باکوورییە ڕۆژئاواییەکانی ئیران پەلکێشمان دەکات.

بەم شێوەیە پرسی دەستنیشان کردنی کات و شوێنی ئاڤێستا لە ئێستاشدا بەکراوەیی دەمێنێتەوە و هێشتا بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوەی لە بارەوە نەدراوە. ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکانەوە هەیە لە سەر زمانی ئاڤێستا، دەبێ ئەوە بوترێ کە لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا، مەبەست تا شەستەکانی سەدەی ڕابردووە، لە دوای کارەکانی کریستیان بەرتەلۆمیۆ و پوختەی ڕێزمانی مێژوویی و هەروەها ڕەیخێلد کە کارەکەی بەرتەلۆمیۆی تەواو کردووە، بێجگە لەمانە هیچ هەنگاوێک بۆ پێشەوە لەم بارەوە نەنراوە. هەڵبەتە کۆمەڵێ کاری تریش هەن وەک « ئینفینتیڤەکەی» ئی. بێنڤێنیست و ئەزموونی دەستنیشانکردنی فۆنۆلۆجی ئاڤێستاکەی گ. مۆرگەنستێر و ...تاد وەک کارەکانی گ. سمیت و یو. کوریلۆڤیچ. بەڵام تا ئیستاش لێکدانەوەیەکی وای زمانی ئاڤێستا نابینین کە وەڵامی داخوازی و چاوەڕوانییەکانی پسپۆران و شارەزایانی ئەم بوارە بداتەوە، یا با بڵێین ڕێزمانێکی وەسفی بۆ زمانی ئاڤێستا بخاتە بەردەستیان. بۆ نموونە بەرتەلۆمیۆ تەنها فۆرمەکانی

ژماردووە و ڕیزیانی کردووە بێ ئەوەی هەوڵی ئەوەی دابێ واتای ڕاستەقینە و بەکارهێنانیان لە زمانەکەدا دیار بکات، بۆیە دەبێ باس لە جۆرە ڕاوەستان و پاشەکشەیەک بکەین کە لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا لەم بوارەدا لە ئارادا بووە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایە ئەم ڕاوەستانە بە هۆی خودی زمانەکەوە بووە، کە بۆ زۆر لە توێژەران جێگای گومانە، چونکە بۆ چەندان جار و لە شوێنی جیاواز و لە لایەن گەلانی جیاوازی ئێرانییەوە نووسراوەتەوە و پێداچوونەوەی بۆ کراوە. پێش نووسینەوەشی لەسەر زمانی خەڵک بووە و بە هۆی نەریتی زارەکییەوە کەم و زیادی لێ کراوە و گۆڕاوە و شێوێندراوە و ئاڵۆز کراوە و لە ژێر کاریگەری دیالکێکتی جۆراوجۆردا کەم و زیادی لێ کراوە و جاری وا هەیە بەشی تەواوی لێ زیاد کراوە بە تایبەتی لەسەر دەستی پیاوانی ئایینی لە سەردەمی ساسانیدا کە بە زمانی مردووی ئاڤێستا نووسیویانەتەوە. لێرەدا ڕووبەڕووی کێشە نوێی گەورە دەبینەوە کە دەچنە چوارچێوەی ڕەخنەی دەقەوە، بۆچوونێکی وا لە ئارادایە کە دەڵێ بە بێ ئەوەی ڕەخنەییەکی تەواو بۆ دەقەکە نەکرێ، ناتوانرێ لە زمانەکەی بە شێوەیەکی زانستییانە بکۆڵدرێتەوە.

سەکەلۆڤا پێی وایە ئەم پرسانە هەندێ ئاڵۆز و قورس کراوەن، چونکە زمانەکەی ئاڤێستا هیچ نەبێ بۆ ئەو هەستێکی وای لە لا دروست نەکردووە، کە زمانێکی بێ سەر و بەر و تێکەڵ و پێکەڵی دیالێکتە ئێرانییەکانی سەردەمان و گەلانی جیاوازە. پێوەری ئەرێنی لەم بارەیەوە هەن، بۆ نموونە ئاڤێستا زۆر بە تۆکمەیی خەسڵەتە زمانەوانییەکانی خۆی پاراستووە کە دژبەر و ناکۆکن لە گەڵ گروپی زمانە باشوورییە ڕۆژئاواییەکانی ئێراندا (فارسی کۆن و زمانانی دیکە)، ئەمە لە کاتێکدایە کە نووسینەوە و پێداچوونەکان بە ئاڤێستادا هەموویان لە سەردەمی ساسانییەکاندا ئەنجام دراون، واتا لە سەردەمی فارسەکاندا، هەروەها ئەلف وبێ کەیشی لەسەر بنەمای زمانی فارسی نێوەڕاست دانراوە. لە گەڵ ئەوەشدا بچووکترین شوێنەواری کاریگەری زمانی فارسی لە ئاڤێستادا نادۆزینەوە. خەسڵەتە جیاوازەکانی گاتاکان و بەشەکەی دیکەی ئاڤێستا زۆر بە تۆکمەیی و توند و تۆڵی پارێزراون، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەسەرەتاوە دەقە سەرەکییەکە خۆی لە کاریگەری دەرەکی پاراستووە. هەڵبەتە گۆڕانکاری لە دەستنووسەکان کراون و لێ زیاد و کەم کردن دواتر ڕوویانداوە، کە ئەستەمە لە دەقە ئۆریجیناڵەکە جودا بکرێنەوە، بەڵام شوێنی زۆر ڕوونیش دەبینرێن.

سەکەلۆڤا هۆی ئەو دواکەوتن و راوەستانە کە لە توێژینەوە لە ئاڤێستادا ڕوویداوە دەگەڕێنێتەوە بۆ نەریتەکانی میتۆدی لێکۆڵینەوە، بۆ نموونە لە سەردەمی بەرتەلۆمیۆ وەک سیستەم خەریکی توێژینەوە لە زمان نەبوونە، بۆیە ئەو لە کارەکەی خۆیدا تەنها ئاماژەی بە فۆرمەکان کردووە. هەر ئەو کارانەی ئەویش بوونەتە بنەما و دەسپێک بۆ کارە زانستییەکانی دواتر و توێژەران وەک نەریت چاویان لێیان کردووە. لادان لەم نەریتە و لابردنی کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، لە کاتێکدا ڕێگای تێگەیشتن لە زمان وەک سیستەم زۆر دواکەوتووە و بونیادگەرانیش ئەوەندەی تر ئاڵۆزیان کردووە.

ناو
ناسنامەیە

حەمەفەریق حەسەن

کاتێک تۆ لە جەمسەری باکوور، گوێت لێ دەبێت، دایکێک منداڵەکەی خۆی بە سەردار، هاوڕێ، ئەڤین... بانگ دەکات، ئیتر تۆ لات عەیانە ماڵە کوردێک بووە بە هاوسەفەرت. چونکە ئەم ناوانە کوردین و پێناس و ناسنامەن بۆ خاوەنیان. وەختێ باوکێک کوڕەکەی خۆی ناودەنێت پێشەوا، یان کچەکەی ناودەنێت خانزاد، بزانە کە ئەو لە ناخەوە بە ئاواتی خواستووە لە داهاتوودا، نەوەکەی مرۆڤێکی وەک ئەو سەرکردانەی لێدەربچێت، یان هیچ نەبێت شوێن ڕێبازی ئەوان بکەوێ. هەر بەم پێیە و لەم سەردەمەشدا، وەختایێ بابێک لێدەبڕێت جگەرگۆشەی خۆی ناوبنێت ئوسامە (اسامە) ئەوە مانای وایە تەماهیی بە ئوسامە بن لادنی گەورە تیرۆریستی عەرەبەوە کردووە. پێیشی شانازییە منداڵەکەی دڕندەیەکی وەک ئەوی لێ دەربچێت، یان هیچ نەبێت ڕێبازی ئەو بگرێتە بەر. دوژمنی مرۆڤایەتی و کورد بێت!

ناوی هەر تاکێک بگریت، دەبێتە شیرینترین وشە لە لای ئەو مرۆڤە و گوێی خاوەنی پێ دەزرنگێتەوە. ناو دەبێتە ناونیشانی کەسیەتیی ئەو تاکە و پێی خۆشە زوو زوو گوێی لە ناوی خۆی ببێت. ئەو دەخوازێت ئەو ناوە لە وڵاتدا شۆرەت پەیدا بکات و بدرەوشێتەوە. خۆ ئەگەر تاک لە هەر سۆنگەیەکەوە، ڕکی لە ناوی خۆی بووەوە، وەک ئەوە وایە ڕکی لە کەسیەتیی خۆی ببێتەوە و لەبەرچاوی کەوتبێت. هەر کاتێکیش مرۆڤ وەهای بەسەرهات، ئەوا ئیتر لە دوو ڕێگە بترازێت سێیەمی لەپێشدا نییە. یان لێدەبڕێت ئەو ناوەی کە باب و دایکی خۆی لێیان ناوە بیگۆڕێت، یان ئەوەتا هەتا مردن ناوەکەی خۆی لێ دەبێت بە گرێکوێرە و بەو داخەوە دەتلێتەوە.

من بە مامۆستایەتی لە چەندان گوندی کوردستان ژیاوم و ماومەتەوە. سەرم بە چەندان سیماڵدا کردووە. نەمبیستووە جووتیارێک، چێودارێک ناوی سەگی عەرەبانی لە سەگی خۆی نابێت. ئەو سەگە بە هەڵمەتە گورگ بەزێنانەی، کە لە دڵی خاوەنەکانیاندا زۆر شیرین بوون، ناویان بۆرە، شێرە، شەپاڵ، گورزە، گۆپاڵ و زەردە بووە. کەچی زۆر هەن، لە ڕووی کزبوونی گوێڕایەڵییەوە بۆ زێد، زمان و گەلی خۆیان، شەرم ناکەن ناوی عەرەبی لە منداڵەکانیان دەنێن! ناوی سەگەکانی بە زمانی خۆی، کەچی ناوی جگەرگۆشەکانی بە زمانی عەرەبیی جاهیلی! ئایا ئەم دۆخە پارادۆکساڵ نییە؟

ئەوە بەهەندگرتن و بایەخی ناوە، کە تورک دەیان ساڵە، ناو و شۆڕەتی کوردیی لە کوردانی باکوور قەدەغە کردووە. کاکیشم بێ ئەوەی بەخۆی زانیبێت، شوێنپێی ئەوانی هەڵگرتووە. ئەوەشیان بە هەموویەتی، کە ڕەنگبێت ٩٩٪ی حەشیمەتی کورد، نەتوانن ئەو ناوە عەرەبییانە بە دروستی گۆ بکەن، کە (أشباه الحروف) واتە پیتەکانی (ص، ض، ط، ظ ، ث، ذ) یان تێدایە. ئێوە هەمیشە گوێتان لێ بووە، (عثمان) یان بە عوسمان گۆ کردوە، (فاطمه) بە فاتمە، ئەگەر خاتریان گرتبن و بۆ عوسە و وەتمان، فاتە و فاتێ و فاتمۆکێ، دیوانگۆڕیان نەکردبن!

باوک هەیە، وەختێ ناوی کوردی بۆ منداڵەکەی دەدۆزێتەوە، بەر لەوەی ئەرێ بدات، لە واتای ناوەکە دەپرسێت و بە وردی لێی دەکۆڵێتەوە. خۆ ئەگەر واتای ناجۆری هەبوو، ئەوا پشتگوێی دەخات، کەچی یەک لەباری ناوی عەرەبی، پرسیار ناکات و ناوی ناجۆری لێ دەنێت.

کورد هەیە منداڵی خۆی ناوناوە (عدنان و قحطان). عەرەبی عەدنانی، بەوانە دەڵێن، کە لە باکوور، ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی نیمچەدورگەی عەرەبدا ژیاون و عەدنان ناوێک باپیرە گەورەیان بووە. عەرەبی قەحطان- یش، ئەو عەرەبانەن کە لە باشووری نیمچەدورگەی عەرەبدا ژیاون و قحطان ناوێک باپیرە گەورەیان بووە. ئەوەشیان لەولاوە بوەستێ، کە کاکی کورد نە مانای ئەم ناوانە دەزانێ نە دەشزانێ بە دروستی (قحطان) گۆ بکات، بەڵکو ئەو بە (قەحتان) گۆی دەکات.

وەختێ جەژنی نەورۆزیان بۆ (عيد الشجرة/ جەژنی درەخت) دەگۆڕی. وەختێ ڕژێمی سەددام بە ناوەکانی (دور الامن، قادسیە، عروبە، صمود) کۆمەڵگە، یان گەڕەکی نوێی قوت دەکردەوە و ناوی شار و شارۆکەی بۆ عەرەبی دەگۆڕی، ئیتر خەڵک لە نیازی ئەو حاڵی دەبوون و لەرزیان لێ دەهات. ئاخر ناو ناسنامە و ئەوێتییە. ناو ئاماژەیە بۆ زمان و بۆ گەلێکی مێژووکرد. ئەوەتا بۆ ئەوەی سەرلەنوێ، تونجەلی ببێتەوە بە دەرسیم، عين العرب بە کۆبانێ، دەبێ دەیان و سەدان قوربانی بدرێت. کەچی کاکم ناوی عەرەبی لە منداڵەکانی خۆی دەنێت، بێ ئەوەی واتای ئەو ناوانە بزانێت.

ئەم دۆخەش کە ڕاستەوخۆ گرێدراوی پرسی ناسنامە و پێناسە، چارەسەری ئاسانە. ئەوەتا چەندان کتێب بە ناونیشانی ناوی منداڵان. چاپ کراون. فەرمانگەی

پێوەندیدار دەتوانێت، ئەو کتێبانە لای خۆی دابنێت و بەو خەڵکەی وا ناوی عەرەبییان لە منداڵی خۆیان ناوە بڵێت: ئەگەر پەکت لەسەر ناو کەوتووە، فەرموو بە دڵی خۆت ناوێکی کوردی بۆ منداڵەکەت هەڵبژێرە.

ئەمەی من باسی دەکەم دەمارگیری نییە، بەڵکو پرسێکی زۆر گرینگە و بە ناسنامەی گەل و نیشتمانێکی داگیرکراوەوە پەیوەستە. لە مالیزیا و ئەندەنووسیا، لە لای زۆربەی ئەو گەلانەی بە ئیسلام بوونە، ناوی عەرەبی هەیە. وەلێ عەرەب دەستی بەواندا ناگات و ئەوان ژێردەستەی عەرەب نین. تورک و عەرەب ناوی شار و گوندی ئەوانی نەگۆڕیوە. سیاسەتی عەرەباندن و تورکاندن لەوێ لەگۆڕێ نییە.

ئەگەر ناو ڕەگەزێکی گرینگ نییە، پێم بڵێ، ئەتاتورک بۆچی کوردستانی بۆ (گوینەی دۆغو ئەنەدۆڵو) گۆڕی؟ ڕژێمی بەعس لە عیراق بۆچی ناوی پارێزگەی کەرکوک و کوێ و کوێی بۆ: تأمیم، الربیع، نصر، صمود و عروبە و قادسیة و... گۆڕی؟

ئەگەر تۆ باوەڕت بە خودایە، ئەوا خودای مەزن بە هەڵەدا ناچێت و نەچووە، وەختێ تۆی بە کورد خەلق کردووە. ئیتر تۆ بۆچی ناپاکی لەو ئەمانەتە دەکەیت، کە خودای گەورە پێی بەخشیویت، دێیت خۆت دەعارەبێنی، دەتورکێنی و دەفارسێنی؟

وەختێ تۆ ناوی عەرەبی لە منداڵەکەت دەنێیت، کە ئەو لە دایک و بابێکی کورد بووە، ئیتر تۆ جیاوازیت لەگەڵ ئەتاتورک و سەددامدا چییە، کە یەکەمیان دەرسیمی کرد بە تونجەلی و دووەمیان کەرکوکی کرد بە تەئمیم؟

هەر وەختێک منداڵی کورد دەبینم ناوی عەرەبییان لێ نراوە، گوتە بەناوبانگەکەی ئیبن خەلدوون- م بیردەکەوێتەوە، کە دەڵێت: (المغلوب مولع بتقلید الغالب/ ژێرکەوتوو پێی خۆشە لاسایی سەرکەوتوو بکاتەوە! یان دۆڕاو پێی خۆشە لاسایی براوە بکاتەوە).

لەگەڵ ڕێز بۆ گەلی عەرەب و ئایینی ئیسلام و تەواوی ئایینەکانی دیکە، دەڵێم: کوردی وەزاڵەهاتووی دەستی داگیرکەری عەرەب، کوردی ئاوارە، هەتا لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا، کەنەدا، ئوستڕالیا، نەرویج و سوید... بە پەنابەر وەردەگیرێت، قیر دەڵێ جق! کەچی لەوێندەریش هەر منەتباری گەلی عەرەبە و ناوی عەرەبی لە منداڵی خۆی دەنێت!

من بەنیازنیم ئەوەی پێشتر لەبارەی پرسی ناو نووسیومە، لێرەدا دووبارەی بکەمەوە. من تەنیا بیرتان دەهێنمەوە: بنەماڵەی ئال سعود، کە خۆیان پارێزەری هەردوو حەرەمی مەککە و مەدینەن، هیچکام لە پادشاکانیان ناوی خەلیفەکانی ڕاشدینیان هەڵنەگرتووە. ئەوان ناویان [سعود، فیصل، فهد، خالد، سلمان، عبدالعزيز و عبدالله] یە. جێی سەرنجە، شا سعود بن عبدالعزيز (٣٦) کوڕی هەبووە، هیچکام لەو کوڕانەیش خاوەنی ئەو ناوانە نەبوون. لە حاڵێکدا بەشێک لە نێرینەی کورد خاوەنی ئەو ناوانەن. پەندەکەی خۆیشمان دەڵێت: کوچک لە ئاگر گەرمتر.

من پێموایە، تۆ بەخۆت زانیبێت یان نا، ئەگەر ناوی عەرەبیت لە منداڵەکەی خۆت نا، ئەوا تۆ هەستت بە کێماسیی نەتەوەیی کردووە. ڕوونتر بڵێم، خۆت لە عەرەبان بە کەمتر زانیوە، لە حاڵێکدا هەموو گەلانی دونیا لە یەک ئاستدان. لە ڕووی مرۆییەوە، هیچ گەلێک لەویتر مەزنتر نییە.

کۆیلەکان دەستکەوتی جەنگ بوون. مێینەکانیان بە کەنیزە دەکران و نێرینەکانیشیان، لە مەزرادا کاریان پێ دەکرا. بۆ فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی خۆیشی، خاوەن کۆیلە، کویلەی وەک سەرباز بەکاردەهێنا. خوداوەند بەو مەزنییەی خۆی، پێوستی بە هیچکام لە کەنیزە و پاڵە و سەرباز نییە. دەسا تۆیش بیرت بێ، وشەی کۆیلە (عبد) مەلکێنە بە ناوی جگەرگۆشەکەتەوە.

ئەوا گوتمان کوردانی سونە و شیعە بە کاریگەریی ئایین ناوی عەرەبی لە نەوەکانیان دەنێن، ئەدی کوردانی ئێزیدی بە چ پاساوێک ئەم کارە دەکەن؟

سەرچاوە: تایبەتمەندیی تاکی کورد، محەمەدفەریق حەسەن، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان. چ ١، ٢٠٢٠، ل/١٢٦

هەڵاڵەی
زمانی کوردی

چۆلی فایەق

کڵاوڕۆژنەی تەفسیرەکان

«هەر لە نیشانە خواهێنەرەکان، هێنانەدی ئاسمانەکان و زەوی، جوایەزیی زمان و ڕەنگەکانتانە. لەو جیاوازییەدا، نیشانە و پەندگەلێکی بۆ هەمووان تێدان وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ الروم/٢٢»

ئەوە ئایەتێکی نێو قورعانە، کە لە نیاز (مقێد)یدا بۆ دوێنراو [مخاگب]ەکانی، دانایی یان تقاتێکی لێ هەڵدەگۆزرێت. گەوهەری پەند و ڕێنوێنییەکە لەوێندەر دەست پێ دەکا، کە وەختێ ئایەتەکە کتومت بە «جوایەزیی زاروزمان، لەبز و دەوتان، نیشانەیەکە لە نیشانەکانی خوا، کارێکی خواکردەیە و مرۆ دەستی تێ وەر نەداوە» داڕێژراوە. واتە: با کەس واقی وڕ نەمێنێ، کاتێ زمانگەلێکی لە ڕێزمان و دەنگ لەیەکترجودا لەو ژیانە دەبینێ. هەموو کارونیشانی خوان، دژەبەرییان دژییێتیی درەوشانەوەی خوان. باوەڕدەران بەرەو بەرگەگرتنی جیاوازیی زمانی و ڕەنگیی یەکتر ئاراستە دەکات، کە مەبەست سازاندنی کەشێکی پێکەوەیی و تولێرانتیی زمان و فەرهەنگە.

٢ـ بەڵام سەرسڕمانییەکە لەوێندەرێڕا دەست پێ دەکا، کاتێ کەسانێک لەنێو هەر سێ نەتەوەی [عەرەب، تورک و فارس] دەبینیت، کە بانگەشەی هەڵگرییێتیی ئەو کتێبە پیرۆزەیان کردووە، کەچی خورشتیان بە زمانی کوردی گرتووە، تا لوان لوا بێ، قونجیرکی تەعریب و تەتریک و تەفریس [عەرەباندن، تورکاندن، فارساندن] یان لێ داوە. چ دێرین چ ئێستە، نووسەرانێکی نێویان بەدین بووبوون یان بێدین، بە ئارەزووی حەزیان سەروچاوەی زوانی کوردی و سەتان وشەی کوردییان بۆ سەروچاوەی خۆیان گەڕاندووەتەوە. یاخوود بەوپەڕی ویست و ئاگاییەوە، زمانی کوردییان بزر و وێڵ کردووە. سەرباری گەمە و گاڵتەپێهاتنەکانیشیان. وێڕای ئەو مارخراییە ماریفەتەییەی خەڵکی خووندەوار و دەستەبژێریان، تەپوتۆزیان بەسەر سەلکی خەڵکی ڕەمەکیشیان پەرش بووە، نەزان نەدان لەبارەی زمانی کوردییەوە قسەی وان دەجوونەوە.

لە زۆر شوێنی ئەو زەوییە لەبەر ترسی ئادەمزادانێکی ئەو گەلانە، کورد هەیە ناوێرێت بە کوردی بدوێ، بگرە ناوێرێت هەر بڵێ کوردیشم. ئاخۆ مرۆڤە ملهووڕەکانی وان چ ئادەمزادێکن، کە تا ئێستە قەلبیان بە ژنەوتنی زاری کوردی بەژان دەکەوێ، ڕقەبەری زمانی زگماک و زاری شیریی نەتەوەیەکی تر دەکەن؟

بۆخۆیان قەت وەدیار ئێشی ئێشاندن لەسەر نەئاخاوتنیان بە زاری دایک دانیشتوون و ڕاماون؟ کە قەدەری وجودی زمانی هەر یەکێکمانی داناوە، ئیدی نە ئەنگۆ نە ئەمە نە چکەس، لێی و تێی سەرپشک و دەستڕۆیە. ئەوەی لە بەناوباوەڕدارانی ئەوان دەبینرێت، باوەڕییەکی سەرڕاست و بێئەولاوئەولا نییە بە بنەوا و دیسیپلینی قورعان، چونکە بە بنەوای ئایەتەکە بێ، ئەوان دژایەتییەکی ڕۆنورەوانی کارونیشانێکی خوایی دەکەن. زمانی کوردی، ئەویش یەکێکە لەو نیشانانەی، کە خوا لە ئایەتی ئاماژەپێدار بە ئایاتی خۆی داناون.

٣- ئیبنکەسیر لە شرۆڤەی ئەو ئایەتە، لە پارچەی [جوایەزیی زمانەکانتان ـ وَاخْتِلَاف رَلْسِنَتِکُمْ] دەڵێت: «واتە زمانەکان، ها ئەوانە بە زمانی عارەبی دەدوێن، ئەوانەش تەتەرەکان زمانێکی تریان هەیە. ک-گورج، ڕۆم، ئیفرەنج .. هیند و عەجەم .. ئەوانەش ئەرمەن و کورد-ەکان، جگە لە جوایەزیی زمانیی ئەوانە، هی دیکەیش هەن، کە هەر خوا پێی دەزانێت...

«..یَعْنِی اللُّغَات فَهَؤُلَاءِ بِلُغَهِ الْعَرَب وَهَؤُلَاءِ تَتَر لَهُمْ لُغَه رُخْرَی وَهَؤُلَاءِ کرج وَهَؤُلَاءِ رُوم وَهَؤُلَاءِ إِفْرِنْج وَهَؤُلَاءِ بَرْبَر وَهَؤُلَاءِ تکرور وَهَؤُلَاءِ حَبَشَه وَهَؤُلَاءِ هُنُود وَهَؤُلَاءِ عَجَم وَهَؤُلَاءِ يَقَالِبَه وَهَؤُلَاءِ خزر وَهَؤُلَاءِ رَرْمَن وَهَؤُلَاءِ رَكْرَاد إِلَى غَيْر ذَٰلِكَ مِمَّا لَا يَعْلَمُهُ إِلَّا اللَّه تَعَالَى مِنْ اِخْتِلَاف لُغَات بَنِى آدَم وَاخْتِلَاف رَلْوَانهمْ...»

تفسیر ابن کثیر، الناشر: دار الکتب العلمیه - بیروت، الطبعه: الاولی - ١٤١٩هـ.

بنکەسیر قوتابی بنتەیمییە بووە، ئیبن تەیمییە کوردی حەرانییە، سەر بە ورفە و جەزیرە. حەران ئەو شارەیە کە بەرخودانەکەی دەوڵەتی ماد لەوێندەر بە تۆقەڵان گەیشت. لەو شارە، کۆتا پاشای ئاشووری، ئاشوور ئۆبڵەت لە ٦١٠ ساڵ پێش عیسای مەسیح کوژرا و ئیمپراتۆرییێتیی ئاشووریی داگیرکار و دژەژیار تا هەتا سڕایەوە، بوو بە پاشاییەکی وەچاخکوێری نێو دیرۆک. ئەوانەی شیوەن بۆ ئاشوورییەکان دەگێڕن و دادەبەزنە سەر ماددەکان، یان لە نەناسین و نەزانینیانە بە مێژووی خوێناویی ئاشوور و هەنگینێی ئەو دەڤەرە، یان بەروبومی ڕووپاماییەکی بەبەلاشە. سێیەم ئەگەریش هەر ئەو دووانەن.

٤- ئەوەی جێهەڵوەستەیە، ئیبنکەسیر وەک زمانێکی سەربەخۆ، لە ڕیزی زمانی گەل و نەتەوە جیاوازەکان، زمانی کوردی ڕیزبەند دەکات. هەروەتر لە دوای [واوی عەتف]ی گەڕاوە بۆ باسی زمان، لە [واوی عەتف]ی گەڕاوە بۆ گەل و

نەتەوەکان، نەتەوەی کورد ڕیزبەند دەکات. واتە هەم زمانی کوردی هەم کوردیش وەک نەتەوە ڕیزبەند دەکات. ئیبنکەسیر ڕۆڵەی حەفتسەتەکانی کۆچییە، لە سەتەی سێزدەیەمینی زاینی ژیاوە. لە ڕۆگاری ئەو و پێش خۆشی، چ لە باسی کورد وەک نەتەوە چ لە باسکردنیان وەک زمان، زۆرینەی موفەسیرەکان بە ڕاشکاوی بێت یان ئاماژە، کورد و زمانەکەیان بە فارسییەوە بەستاوەتەوە، ئەویش لە بەرەواژتێگەین لە زاراوەی ئەعجەم و عەجەمی. لێ ئیبنکەسیر وەک زمانێکی سەربەخۆ هەژماری دەکات و باسی دەکات. لێرەدا بنکەسیر جیاواز لە شرۆڤەکارە بەناوودەنگەکانی بەر لە خۆی [خودان شرۆڤە بنەڕەتی (امهات التفسیر)یەکان لە نموونەی: تەفسیری تەبەڕی ٣١٠ک/ تەفسیری قورتوبی ٦٧١ک] زمانی کوردی، وەک زمانێکی سەربەخۆ باس دەکات. ئەوانی پێش خۆی، لەپاڵ ژماردنی چەن زمانێک، زمانی کوردییان باس نەکردووە.

لەو ڕووەوە، جێدەستی بنتەیمییە دەبینرێت. چونکە باوەڕ ناکرێ بنکەسیر نەیزانیبێ، کە زمانی مامۆستایەکەی ناوی کوردییە.

٥ ـ لەبارەی وشەی ئەعجەمی: هەڵەیەکی میتۆدی لە زۆر کەرخان دەکرێت، کاتێ وشەی ئەعجەمی یان عەجەمیی نێو قورعان و زمانی عەرەبیی حەدیس، بە واتای عەجەم [وەک گەلێکی سەربەخۆ] و فارس لێک دەدرێتەوە. ئەوە لەو هەڵانەیە، کە سیستمی زمان سەرتاپێی سیستمی بیرکردنەوە و جیهانبینیی مرۆڤ بەلاڕێ دەبات. وشەی بنەڕەت بریتییە لە ئەعجەم نەک عەجەم، بەڵام وشەی عەجەمیش لە واتای چەمکی لە واتا لەگەڵ ئەعجەم یەک دەگرنەوە و زاراوەیەکە بۆ یەک مەبەست. وشەی ئەعجەمی و عەجەمی لە زمانی قورئان و حەدیس لە [المعنی الایگلاحی] یدا یەک تشتن، کە ئەویش بریتییە لە هەر کەسێ، کە بە عەرەبییەکی ڕەوان نەدوێ و نەنووسێ، ئەوە ئەعجەمییە. قورعان ئەو وشەیە بە هەمان واتا بەکار دەهێنێت: [ولو جعلناه قرآنًا ﺭعجميًا لقالوا لولا فُيِّلت آياته ﺭﺭعجمی وعربی]- فێلت، ٤٤. لە هەموو قامووس و فەرهەنگە عەرەبییە دێرینەکان، ئاماژە بەو واتا و جوداوازییە کراوە. دواتر هەردووک وشە بەیەک واتا بەکار هێنراون، کە بریتییە لە: هەموو کەس و نەتەوەیەکی نا–عارەب. کاتێ پێغەمبەری ئیسلام لە گوتاری ماڵاوایی گۆتی: أَلَا لَا فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى أَعْجَمِيٍّ وَلَا لِعَجَمِيٍّ عَلَى عَرَبِيٍّ وَلَا لِأَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ وَلَا أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ إِلَّا بِالتَّقْوَى دیسان وشەی ئەعجەمی و عەجەمی، بە واتای هەموو نەتەوە و گەلانی

ناعارەب دێن، نەک بە واتای گەلی [عەجەم]ی نووێ، یان بە واتای فارس بێ. ئەگەر مەبەست لە عەجەم و ئەعجەم لە زمانی عارەبیی قورعان و حەدیس گەلی فارس [یان عەجەمە نووەکان] بێ، ئەوا واتای حەدیسەکە وای لێ دێ: [نە عارەب لە فارس باشترە، نە فارسیش لە عارەب. نە سۆروسپی لە ڕەشتارە باشترە، نە ڕەشتارەش لە سپیوسۆر]. ئەوە دەچێتە ئەقڵی کێ، کە ئەمە کۆتا گوتاری جیهانیی پێغەمبەر بێ؟ لە کاتی گوتاری ماڵاوایی لەنێو ئاپۆرای وێندەر، تەنیا عارەب و فارس ئامادە بوون؟ کەسێ قسەی وا دەکات، کە بەرەواژ لە زمانی عەرەبی، بگرە هەر تێی نەگەییوە، خۆئەگەر بابایەکی عارەبیش بێت. یان ئەوەیە، یاخوود دەمارگیری و نەژادپەرستییە، کە زێنکۆر و چەواشەی کردووە.

٦- ئەبومەنسووری جەوالیقی «٤٦٥-٥٤٠کۆ» نزیکەی ٩٠٠ ساڵ لەوەوبەر کتێبی المعرب من كلام الأعجمی نووسیوە. ساڵی ١٩٩٠ لە (دار القلم)ی دیمەشق بە لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی (د. ف.عبدالرحیم) چاپی یەکەمی بڵاو کراوەتەوە. وشەی ئەعجەمی لە ناوونیشانی کتێبەکە مەبەستی فارس یان عەجەم نییە، بەڵکە مەبەستی هەموو نەتەوە ناعارەبەکانە. چونکە ئەو کتێبە، چەندان زمانی کردووەتە سەروچاوەی وشە موستەعرەبەکان، نەک بەتەنێ زمانی فارسی. کتێبێکی یەکجار بالکێشی بابەتی زمانە، هەروەتر لێکۆڵینەوەکەشی زانستی و چڕوپڕە. دوای دانانی چەند بنەوایەکی زمانی بۆ وەرگرتنی وشە ناعەرەبییەکان بۆ زمانی عەرەبی و بوونیان بە عەرەبی، بەگوێرەی پیتی ئەبجەدی وشە ناعەرەبییەکانی ڕیز و پۆلین کردوون. تاکە کێماسی و لەکەوپەڵەی ئەو کتێبە ئەوەیە، زۆربەی ئەو وشانەی بە فارسیی دانراون، ڕاستییەکەی یان وشەی کوردیین یان لە زمانی سەردەمانی ماد وەرگیراون یان ڕیشەی هاوبەشیان لەنێو گرووپی زمانە ئێرانییەکان Iranian or Iranic lang وە هەیە، کە زمانی کوردییش لەو ڕێبازە پۆلنیکارییەی زمان، بە زمانی ئێرانیی باکووری-ڕۆژاوایی دانراوە. ((هەرچەند ئێران لەو زاراوە زمانییە مەبەست لێی تەنێ پۆلینکاریی زمانە، چونکە ناوەکانی ئاریا و ئاریانا و ئێران تەمەنیان چەند سەت ساڵێکە و ئەو زمانانە بە ئێران وەک دەوڵەتێکی نووی ئێستە پێوەست و پێوەندار نین، پۆلێنی زمانەوانیین. لەو ڕووەش ڕەخنە لەو زاراوەیە دەگیرێت)) وشەی وایان تێدان، تا ئەمرۆژ لە زمانی ڕۆژانەیی کورد بەکار دەهێنرێن، کەچی لە زمانی فارسیی نوو کەس نایاننناسێت. ئەگەرچی کە نووسەر لەو کتێبە بە وشەیەک دەڵێت فارسی،

بەهیچ جۆرێک مەبەستی زمانی فارسیی نوو نییە، بەڵکە وەک لێکۆڵەری کتێب ئاماژەی پێ داوە مەبەست لێی زمانە پرۆتۆ ئێرانییەکانی ئەوسا [لێکۆڵەر ناوی زمانی فەهلەوی/پەهلەوی] دەهێنێت، فارسیش بریتی بووە لە هەرێمێکی جوگرافیایی. لێکۆڵەر لە زۆر شوێن لە پەراوێز ڕەخنە لە نووسەر دەگرێت و دەڵێت: لەجێی فارسی، دەبوو ئەعجەمی یان عەجەمی بنووسێت، چونکە ئەو زمانەی ئەوسا هیچ پێوەندییەکی بە زمانی فارسیی نووەوە نییە.

ئیبراهیم ئەمین باڵدار
پسپۆڕی زمانی کوردی

ئا/زمان و زار

ئەدیبی دنیای مندالآن، نووسەر و چیرۆکنووس، ڕەوانشاد ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە سلێمانی تەواوکردووە و چۆتە خانەی مامۆستایانی لادێ لە بەغدا و ساڵی ١٩٤٠ تەواوی کردووە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە دێهات و شار و شارۆچکەکانی لیوای سلێمانی، لەوانە گوندەکانی ناوچەی هەورامان، هەڵەبجە، بناری چیای سوورداش و قەمچووغە و چەند گوندێکی دیکە، لەو ماوەیەدا ئەلف و بێتای نوێی بۆ فێربوونی زمانی کوردی نووسیوە، دەستنووسەکەی ناردۆتە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، لەوێش لە لایەن لێژنەیەکی پسپۆڕەوە پەسندکراوە، ناردوویانە بۆ وەزارەتی(معاریف)ی عێراق لە بەغدا، لەوێش دیسان لێژنەیەکی پسپۆڕ لەگەڵ ڕێکخراوی یۆنیسکۆ) ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕیوە، ساڵی ١٩٥٠ بەر لەوەی لە چاپدانی تەواو ببێت، مامۆستا باڵدار گواستراوەتەوە شاری هەولێر، ئەو(ئەلف و بێ)یەی لە هەولێر گوتووتەوە.

ئیبراهیم ئەمین باڵدار زۆر حەز و ئارەزووی لە خوێندن و درێژەدان بە خوێندن هەبووە، بۆیە لە ڕێگای تاقیکردنەوەی گشتی بڕوانامەی ئامادەیی بە دەستهێناوە و چۆتە کۆلێژی (بازرگانی و ئابووری) لە زانکۆی بەغدا و بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، هەر بەوەندەش نەوەستاوە، بەڵکو هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری داوە بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا، تا لە ساڵی ١٩٦٠ بڕوانامەی ماستەری لە(کارناسی باڵا) لە زانکۆی(سان فرانسیسکۆ)ی ئەمەریکی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بەغدا، لەگەڵ کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لە کۆلێژی ئادابی ئەو زانکۆیە وانەی وتوتەوە، ئەو کاتەی زانکۆی سلێمانی گواستراوەتەوە هەولێر و ناوەکەشی گۆڕاوە بۆ زانکۆی سەلاحەدین، مامۆستا ئیبراهیم باڵدار بۆتە مامۆستا لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، دواتر چۆتەوە بەغدا لە زانکۆی (موستەنسریە) وەکو وانەبێژ دەستبەکار بووە.

مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار ئەم بەرهەمانەی هەبووە:

– ئەلف و بێی نوێی کوردی، بەغدا چاپی یەکەم ١٩٥١،(٩٨) لاپەڕەیە، زیاتر لە(٣٥) جار چاپکراوەتەوە.

– ئەلف و بێ بۆ گەوران، چاپی یەکەم ١٩٥٥،(٧٨) لاپەڕەیە.

– الابنية المدرسية للمدارس الابتدائية، بەغدا ١٩٦٥، (٤٢) لاپەڕەیە.

ئیبراهیم ئەمین باڵدار وەک ڕەمزێکی دنیای فێربوونی نووسین و خوێندنەوەی کوردی هەژمار دەکرێت، ئەو ئاوات و هزر و بیری منداڵانی کوردی بە نووسین و خوێندنی کوردی ئاشناکردووە، لە ڕێگەی ئەلف و بێی پۆلی یەکەمی سەرەتایی یەکەم هەنگاو و دەستپێکی منداڵان بووە بۆ دەست پێکردنی ژیانی زانستی و مەعریفەت.

لەبارەی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار، مامۆستا ئەمین چەپان دەڵێت: (ئیبراهیم ئەمین باڵدار پرۆفیسۆری زمانی کوردی و ئەدیبی دنیای منداڵان و شاعیر و نووسەر، خەڵک وا دەزانی ئەو کارە چیرۆکێکی ساکارە، بەڵام ئەو ئەلف و بێ)یەی باڵدار زانستێکی تایبەتە، ئەوە ئەو زانستەیە کە(ئیبن خەلدوون- ساطع الحصري) لەسەر باڵدار وتویەتی(ئەو مامۆستای منە بەرهەمەکەی باڵدار لە خەلدوونەکەی من باشترە)، ساتع ئەلحوسەری کتێبی ئەلف و بێی کوردی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە و(سوحاتکی) وێنەکانی ناو کتێبەکەی بۆ کێشاوە، لە ساڵی ١٩٥٥ کچێکی ئەلمانی بە ناوی(تۆرۆدۆ) سەر لە نوێ وێنەی ناو دەقەکانی کێشاوەتەوە.

نووسەر و ڕەخنەگر ڕێبوار سیوەیلی کتێبێکی لەسەر ئەلف و بێی باڵدار نووسیوە بە ناوی(کتێبی پیرۆزی من) کە تێیدا شرۆڤەی کتێبەکەی کردووە لە ڕوانگەی پەروەردەیی و سیوسۆلۆژی و مەعریفییەوە، کاریگەریشی لەسەر ژیان و ئاستی فێربوونی منداڵان کردووە ...هتد، وا وێنەی کتێبەکەم هاوپێچ کردووە.

پەیکەرێک بۆ مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر، لەقوتابخانەی(اربیل الاولی) لە هەولێر دانراوە، کە هونەرمەند سامان هیدایەتی ساڵی ٢٠١٥ دروستی کردووە.

پەیکەرێکی دیکە لە شاری سلێمانی لەبەردەم چالاکی قوتابخانەکان لە سلێمانی دانراوە، کە هونەرمەند ئاسۆ جاف ساڵی ٢٠١٧ دروستی کردووە.

لە ساڵی ٢٠١٤ لە سلێمانی باخچەیەک بە ناوی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار کراوە.

بەداخەوە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە ڕێگەی کۆنفرانسێکی پەروەردەیی ئەم ئەلفو بێیەی باڵدار لادراوە و کتێبێکی دوو وەرزی لە جیاتی دانراوە.

مامۆستا باڵدار لە ڕۆژی ١١-٧- ١٩٩٨ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی بردراوەتەوە سلێمانی و لە گۆڕستانی گردی سەیوان بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، روحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا-ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ – Khak.tv - وتارێک لە ١١-٧-٢٠١٦.

٤ - کوردستانی نوێ، وتارێکی نووسەر سەدیق سەعید رواندزی، لە ١٤-٨-٢٠٢٢.

٥ - کتێبی پیرۆزی من. لە نووسینی نووسەر و ڕەخنەگر د. ڕێبوار سیوەیلی.

٦ - ماڵپەڕی فەیسبووکی قوتابخانەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار.

شەهابەددین سوهرەوەردی

چیرۆکی نامۆیەتی مرۆڤ لەدەقی چیرۆکی غەوارەی غەریبدا

ئەیوب گازرانی

ڕازەڤـان و زانەڤانی مـەزن سـەر لە پێناوی ڕووناکایەتی و شەهیدی ڕێبازی ژیرایەتی شەهاب سوهرەوەردی؛ بەسەرهاتی»غەوارەی غەریب»مان بۆ دەردەبڕێت، گوێ بگرین لە چیرۆکی تژی لە درک و هێما و ئاماژەی وردی.

سوهرەوەردی دە پێشەکی نامیلکەی پەلەوەر»دا، هۆی دەکارهێنانی ئەم زمانە پڕ هێما و پێچوپەنایە، بۆ بژنەوی پرسا دەدرکێنێ:

د نێو ئێوەی برایانمدا، کەسێک هەیە، بۆ تاوێک گوێم بۆ ڕادێرێ، تا خەمی خۆمی لا بدرکێنم. بەشکەم بەرگەی بڕێک لەم خەمانەی من بگرێ و بەم جۆرە ببینە هاوبەش و برابەش!! دۆستایەتی بێگەرد و خاوێن نابێ، تا پێش بە خەوش و خاشی دۆستایەتی نەگیردرێ. جا دۆستایەتی ئەوتۆ لە کوێ بدۆزمەوە، کە دۆسایەتی ئەم ڕۆژگارە بۆتە بازرگانی، چونکە کاتێک ئاتاج دەبن و پەکیان دەکەوێ، دۆستایەتی ڕەچاو دەکەن و هەر کە هەوجە و پێویستیان پێت نەما، چما هەر لە بناوانەوە لێک نەبان بوون و دۆستایەتییەک لە ئارادا نەبووە!

– مەگەر برایەتی هەڤاڵ و دۆسیەل گیانی، وا هەڤاڵەتی و پێوندایەتی یان ناخەکی و چێر و مێر بێ، لەبەر لێکنزیکی و هەقویستی بێ نەک خۆویستی و نە بەرژەوەندی و ماڵی دونیا، بە چاوی ڕاستی و خۆشەویستییەوە بێ و گەمار و ژەنگاری شک و گومان، لە سەر و سڕی خۆیان بسڕنەوە. بۆیە تەنێ هەر هەقخوازی ئەم کۆمەڵە لێک کۆدەکاتەوە. کە لێک کۆبوونەوە، با ئەم دوا مۆچیارییەم بپەژرێنن.

– هۆ برایانی هەق، خۆتان وا وەشارن، کە ژیشکی دڕکن ناخ و ناواخنی خۆی خۆیا ناکا و دیم و ڕواڵەتی خۆی ڤە دەشێرێ، خوا ئاگادارە کە دڵ و دەروونتان بەدەرەوەیە و ڕواڵەتتان شاراوە.

– هۆ هۆگرانی هەقویست!

– وا لە پێستی شاراوەی خۆتان بێنە دەرێ چما مارن و کاژ فڕێ دەدەن!

– مێرووولەئاسا ڕێ بکەن، با کەسێ تەپەی پێتان نە ژنەوێ!

– وەک دوو پشک بن با چەکی ئێوە لەپشت سەرتانەوە بێ. بۆ ئەوەی شێتانی تاریکی و شەوەزەنگ لەپشتەوە دەستان لێ نەوەشێنێ.

– ژەهر بخۆن! با چێژبەرن و خۆشبژین، پێش مەرگ بکەون و پێشمەرگ کەوتووان و پێشمەرگەتان خۆش گەرەک بێ. بمرن با نەمرن و نەمر بن. گەرەک، بەردەوام هەڵفڕن و بەرزەفڕ بن چ نشینگە و هێلانەیەکی تایبەت بۆ خۆ تەرخان مەکەن، کە هەموو مەل و باڵندان لە هێلاندا بە گرت دەچن و دەگیردرێن.

– ئەگەر شاباڵ و باڵی فڕینتان نییە بە نێو زەویدا ڕۆبچن و بەردەوام جێگۆرکێ بکەن و جێتان بگۆڕن. وەک وشترمل بن کە زیبک و بەردی داخ بە قورگی دا دەخا.

– وەک داڵ بن کە پێش و پلان هەڵمەقووت دەکا. وەک ئاگرخۆرە بن کە هەمیشە دە نێو ئاگر دایە، تا داهاتوو چ زیانتان پێنەگەیینێ. وەک شەمشەمەکوێرە بن، کە بە ڕۆژ دەرناکەون با دوژمن نەوێرن توخنیان کەون و پێیان نەوێرن و دەستی ناحەز پێیان ڕانەگات.

بەم مۆچ و مۆژگاری و ڕاسپاردەی وەژینەری فەلسەفەی ڕووناکی باخەی بدەینە کاری خۆمان و مژۆلی تێخوێندنەوەی بین. کە نووسەر ڕوو لە خوێنەر دەکا و دەڵێ، جا ئەگە خۆت بە تێگەیشتوو دەزانی، فەرموو تێبگە!

کە چیرۆکی «حی بن یقضان – ژیا کوڕی وریا – « م خوێندەوە، ئەگەرچی پڕاوپڕ بوو لە گفت و پەیڤی ژیرۆکی و دڵپەروەر و ئاماژەی ورد و قووڵ،

– بەڵام بە دوور بوو لەو هێماگەلە، وا خۆتیشک/ دڵڕووناکی («طور»یان «طامە «ی مەزن) ڕادەنوێن، کە لە تیشک نامە و نامیلکەی خوای ڕووناکاییدا شاردراوەتەوە. لە ڕازە پەنامەکیانەی دڵەوانان و فەرزانەیەل خاسخوادا پەنامەکی و بەرپێوارن.

– منی ڕێبوار، کاتێک لە گەشتی خۆم دا ڕەگەڵ «ژیر»ی برام، لە هەرێمی واوەچۆمانەوە، بە نیازی ڕاوە باڵندە لە بەستێنی زەریای سەوزەوە، بەرەو ڕۆژاوا دەرۆیشتین؛ کتووپڕ ڕێمان کەوتە مەڵبەندی ستەمکاران، شاری قیرڤان.

– مەردومی شارەکە، کە لایان وابوو لەنکاو هەڵمانکوتاوەتە سەریان، کاتێک زانیان ئێمە کوڕی «ڕێشاندەری هەرە ژیرا، پیرەڕێبەر و کوڕەزای خێری ڕاسانی «ین؛

– ئاپۆرە و گەمارۆیان داین، دەردەست و کۆت و زنجیریان کردین و بە پاڵەپەستوو دە بن چاوانەیەکی ئاروختەی هەرەقووڵیان پەستاوتین.

لەسەرووی لچی چاکەوە قەڵات و کۆشکێکی مەزن و هەرەبەرز ڕۆنرابوو.

پێیان گوتین: قەیناکا، بۆتان هەیە لە جەستەدا شەوەنگاو بە کوشکدا وەژوور /سەر/ کەون. هەڵگەڕێن، بەڵام بەرە بەیان چاری ناچار دەبێ ڕۆبچن و بگەڕێنەوە بن چاکەوە.

– ناخی بیرەکە تاریک، هەتا چاو هەتەری دەکرد شەوەزەنگ بوو، چاو چاوی نەدەدیی.

– ئەم تاریکاییە ئەنگوستە چاوە، شەوڕۆژی بۆ نەبوو، مەگەر شەوان کە چامان بە جێدەهێشت و دەچووینە نێو کۆشکەکەوە، لە ڕۆژنە و پەنجەرەوە لە کەشوهەوای پڕ جموجووڵ ڕادەماین.

زۆر جار، چەند کۆتری نامەبەر لە لێڕ و شێخەڵی ڕاسانییەوە بەرەو لای مە هەڵدەفڕین. ئێمە لە گراوی جامجەمین، ئاگادار دەبووین.

– جارنا، ترووسکاییەک دیاردەبو و تیشکی دەهاوێشت بەم جۆرە، لە وریشەی زولاڵی نێوچاوانی ڕێبوارانی ناوچەی نەجد بە ئاگا دەبووین. لە سۆنگەی شنینەوەی سروەی ئەراک (ناوچە یەکی نزیک مەککە لە عەرەفە، بەشێک ڕووەو شام و بەشێک ڕووەو یەمەن) ئەڤین و ئیلهامی پێیدەبەخشین. هەست و سۆزمان دەبزووت و تاسە و تامەزرۆیی گەڕانەوە بۆ نیشتمان بڵێسەی دەسەند.

– دە بازنەی هەڵچوون و هەڵگەڕانی شەوان و داگەڕان و ڕۆچوونی ڕۆژاندا دەسووڕاینەوە تا لە مانگەشەوێکدا پەپووسلێمانە بەدیارکەوت.

– بەدەم مزگێنی و سڵمانەوە لە کلاوەڕۆژنەی کۆشکەوە وەژوور کەوت، بە دندۆکییەوە نامەیەک بوو کە لە لێواری هەرێمی هێمنەوە کە گۆمیلکەیەکی لێی بوو، بەدەم شنەی شەنگەدارێکەوە بەڕێکرابوو.

– پەپوو پێیگوتین:

ئەز ڕێی ئازادیتان دەزانم، هەر بۆیە لە مەڵبەندی سەباوە بەم مزگێنی و موژدەوە هاتمە پیراییتانەوە.

ئەم مەبەستە دە نامەی باوکتاندا شیکراوەتەوە.

نامەکەمان ڤەکرد، نووسرابوو:

لە باوکتانەوە ڕێبەر؛

بە ناو خوایەک کە ڕووناکی بوون و ژیانە، خۆشمان ویستن، خۆشتان نەویست، بانگمان کردن، بە دەنگمانەوە نەهاتن. ئاماژەمان پێکردن، لە زمانی ئاماژە و هێما نەگەیشتن. هەروەها ڕوو لە من نووسرابوو ئەگەر لێبڕاوی ڕەگەڵ عاسمی برات لەم گرتووخانەیە دەربازبی وەک ڕێبوارێکی شێلگیر لەسەر گەشت و ڕێبازی خۆت بەردەوام بە. توند و سفت دەست بگرە بە گوریسی ئێمەوە کە «جوزهر»ی ئاسمانی پیرۆز بەسەر گشت ناوچەکانی خۆرگرفتدا زاڵە.

جا فەرمووبووی:

کاتێک گەیشتنە مەڵبەندی مێروولە، داوێنت داتەکێنە و بڵێ:

پەسن و سوپاس بۆ خوایەک پاش مەرگ ژیاندینیەوە، سەرلەنوێ بووژاندینەوە. جا کەسوکاری خۆت لە نێو بەرە و ژن (هەستی حەزۆک)ە کەت بکوژە، کە......هۆی مانەوە و قەتیس مانە.

بهێڵە، هەروەک ڕاسپێردراوێ لێگەڕێ، کە بەرەو نفشی ئێمە دەبنە هۆی نغرۆبوونی ئەم هۆزە. کەوایە، وەرە نێو گەمیی و بڵێ:

بە ناو خوایە بزووتن و ڕاوەستانی.

باوکم دە نامەکەیدا گشت ئەو پێشهاتگەلەی وا بۆمان دێنە پێش بە شێوەی تێروتەسەل شیکردونەوە. پەپوو وە پێشەنگمان بوو. هەتاو بەردەوام لە بان سەرمانەوە تیشکی دادەوێشت تا گەیشتینە ناوچەیەکی نسرم، سواری گەمی بووین و گەمیەکە دە نێو شەپۆلانێک وا سەریان لە ئاسمان دەسوو، دەچووە پێش، بە نیازی هەڵکشانبووین بەرەو «تووری سینا، تا لە وێ جەمخانەی باوکمان ڤەبینین.

دە جەنگەی وەیشوومەدا شەپۆلێک کوڕەکەمی لوولدا و خنکاندی.

ئەز پێ حەسیام، بە ڕۆژەوەبوون و هاتنی بوومەلێڵ، کەسوکارم نۆغرۆدەبن. هەروەها هۆزێک کە مەردومەکەی گزیکار و گەندەڵکارن بە سەروماڵەوە نۆغرۆ دەبن و بارانی بەرد و قوڕ بەسەریاندا دەبارێ. کە گەیشتینە تەنوورە و نێرینەی زەریا و ترۆپکی شەپۆلان و هەڵکردنی وەیشوومە، شوێنێک کەپێل و شەپۆل سەریان لەترۆپک دەسویی.

لەوێ، ئەو دایانەی شیری پێی دابووم گرت و هاوێشتمە نێو زەریاوە، دە نێو گەمییەکدا کە لە تەختە و گوریس و بزمار چێکرابوو دەبزووتین. لەترسی خوونکارێک کە هەر گەمییەک وا لەوێوە ڕادەبرد، بەزۆر دەستی بەسەردا دەگرت، گەمیمان کون کرد. بەم جۆرە گەمییەکەمان دەربازکرد.

جا بەو پەریگەلەی وا بەردەستم بوون و لە کانی مسیی تاوێنراودا کاریان دەکرد، فەرمانمدا لە کوورە و مووشەدەمنە بدەمنن تا وەک ئاگر سوورەوە بێ. جا بەنداوێکم لێی سازکرد، تا دە نێوان من و هۆزی هەزارەزیلەدا ببێتە لەمپەر. بەم جۆرە لە چنگی وان ڕزگاربووم، بەم جۆرە گفت و بەڵێنی پەروەرێنەرم هاتەدیی.

دە نێو ڕێگا کاپۆڵی پووک و ڕزیوی عاد و سەموودم لەسەر تەختەکانیان چاوپێکەوت.

– پەری و بوونەوەران و ئاسمانانم دەردەستکرد و تەپاندمنە نێو دەفرێکی گردۆکەدا، کە –هەندێک هێلی جەغزئاسای پێوەبوون کە بۆ خۆم سازمکردبوون.

– من شێلەگە و ڕۆخانەکانم لە جەرگی ئاسمان هەڵبڕی؟

– کە ئاو لە ئاسیاو کەوت، ئاش وێران بوو و هەوام بەرەو هەواگە هاویشت.

- سەیرۆکانم بەرە و ئاسمانگە هەڵداشت.
- تا هەیڤ و هەتاو و ئەستێران وردوخاش و هەپڕوون بە هەپڕوون بوون.
- جا لە چواردە تابووت ڕەخسیم و لە چوار گۆڕێک کەلێیانەوە سێبەری خودا دەبزووت ڕزگاربووم و کەوتمە سەر ڕێبازی ڕووناکی.
- ڕاچڵەکام و وشیاربوومەوە کە ڕاستەڕێی هەر ئەم ڕێبازەیە وا گرتوومەتەپێش.

لەتاریک و تنۆکی شەوێکی ئەنگوستەچاودا، کات چەند بتڵی ڕاشکابوو.

خوشکی خواگرتووم دەردەست کرد، کە بەدەمیاوە دەسووتا و شەوە و مۆتەکە وا گرتبووی نەیدەتوانی گێنگڵ بدا، هاکا لێیکرد بە فێ.

چرایەکم دیی، کە هێشتا ڕۆنی تێدا مابوو و بە تاق و دیواری ماڵەکەدا تیشکی داوێشت، بە گڕوتینی دانیشتووانی ژوورەکە گەرم دادەهاتن.

جا چراکەم بەقوڕگی حەزیایەکدا ڕۆکرد، کە لە برجی دۆڵاودابوو، زەریای قولزوم دەبن هەنگاویدا بوو و ئەستێرەکان لەسەر سەری دەیان جریواند و مەگەر هەر ئافرێنەر، یان هەر زانەڤانان زانیبایان پڕشنگی لەکوێوە ئەنگووتووە.

ئەوسا دیتم شێر و مانگا کەوتبوونە بەرپێوارەوە، کەوان قرژاڵی لە ڕەوتی و سووڕی ئاسمانی خۆیدا ڕاپێچ و تێکوپێکدا و تەرازوو مایەوە.

جا ئەستێرەی یەمانی لەپشت هەوری تەنکەوە کە جاڵجاڵوکە تەنیبووی، ئەنگووت.

بۆ پەردوویەکی گردوپەڕی جیهانی ماددی جا هەردوو تای تەرازوو وەک یەک هاتنەوە.

ئێمە هەندێ مەڕمان پێبوو، کە لە یازی و یاواندا بەڕەڵڵامان کردن، جا بوومەلەرزە لێدان و هەورە تریشقە تەفروتووناى کردن.

کاتێک ڕێگاکەمان بڕی و گەشتەکەمان گەیشتە ئەنجام و تەنوور چلووئاسا هەرقوڵی. هەربینا ئەستێرۆکەی هەرەبەرزم دیی، چوومە پێش و خۆم پێگەیاندن، بەستە و دەنگی وانم ژنەفت. توانیم ئەو ئاهەنگانە بڵێمەوە، کە زرەزرەی ئەوانم بە گوێدا دەهات. چما زرە و زرینگەی زەنجیرێک بوو کە بەسەر زنارێکی هەرە زلدا ڕادەکێشرا. لە ژنەفتنی ئەم ئاهەنگە چێژێکی ئەوتۆ بە گیانمدا گەڕا، هاکا گازەرەی پشتم شەقی برد و دەمارم هەڵکێشران و قرتان و لەبەریەک هەڵوەشان و جومگەکانم لێکترازان. ئەم حاڵەم هەروا بەردەوام بوو تا کان ڕەوینەوە و پز دڕا و لە ڕەهۆڵ و ئەشکەوتان هاتمەدەر. ماسیئاسا وەڕێ کەوتم، چاوم دە چاوگەی ژیناو بڕیی، جا زنارێکی زلم لەسەر ترۆپکی چیایەک دی. ئەوسا لەو ماسیيانەی وا لە کانیاوی ژین

کۆببوونەوە و لە سێبەری ئەو زنارە زلەدا بەهرەمەندبوون و چێژیان دەبرد، پرسیم: «ئەم چیای توور و زنارە زلە چییە؟»

یەک لە ماسییەکان ڕێگەی خۆی دە نێو زەریاگرتە هێنا پێش و وتی: ئەمە هەر ئەوەیە کە مەبەستمان بوو و ئەم کێوە تووری سینا و ئەم زنارە نزاگەی باوکتە».

من وتم:» ئەم ماسیگەلە کێن»؟

وتی: «ئەمانە و تۆ و ئێمەش گشت لە باوکێکین».

ئەمانەش سەرگوزەشتە یان بەسەرهاتی تۆن.

ئەمانە برای تۆن»کاتێ قسەکانیم بیست و ڕاستییانم بۆ دەرکەوت.

شاگەشکەبووم و دەستم کردە ملیان و ڕایانم مووسی و ئەوانیش لەدیدار و دیمانەم شاد و شکوور بوونەوە.

بە چیادا هەڵگەڕام و باوکی خۆم ـ واتە پیرە پیاوێکم دیی، کە هاکا ئاسمان و زەوین لە گرشە و پرشنگی پڕ تیشک و هەرە گەشیدا لێکهەڵوەشێ. بۆ چەند کات و ساتێک سەرم سوڕما و واق وڕما و تێیڕامام، هەڵوەدا بەرەو لای ڕۆیشتم و سڵاوم کرد و کڕنۆشم بۆ برد. هاکا دەنێو گرشە و ڕیشە و پڕ تیشکیدا، کە گەش گەش دە دەرەوشایەوە، ونبووم و جا لە پرمەی گریانم دا.

لە کنی لەو ڕەنج و ژان و ژوارانەی لە گرتووخانەی قیروان بەسەرمدا هاتبوو سکاڵام کرد، پێیگوتم:

– «ڕاستە ئێستا دەرباز و ڕزگاربووی، بەڵام چاری ناچار دەشێ ڤەگەڕی بۆ بەندیخانەی ڕۆژاوا تۆ هێشتا کۆت و بەندت نەپچڕاوە و هەمووت لە خۆ دانەماڵیوە.

– کە ئەم قسەگەلەم لێبیست هەست و هزرم هەڵفڕی، چما لە گیان کەنشت و گیانەلڵادام و گیانم دەکێشن دەمزریکاند و دەمقیژاند، دامە پرمەی گریان.

– ئەوسا پێیگوتم:

– « وا چار نییە، گەرەک بگەڕییتەوە بۆ بەندیخانە، بەڵام با دوو مزگێنیت پێی بدەم؛

– یەکەم:

کە کەی وە زفری و وە گەڕای بۆ بەندیخانە هەر کات دڵت بخوازێ بۆت هەیە بزفریەوە لام.

مۆژدەی دووەم:

ئەمە کە سەرەنجام ڕۆژێک لە بەندیخانەی شارێن ڕۆژاوا، بۆ هەمیشە و یەکجارەکی ڕزگار دەبی و وە دەزفری بۆ بەهەشت و بارەگای ئێمە و لێک کۆدەبینەوە.

من بەم فەرموودەی گەلێک شاگەشکە بووم:
بڕوانە، ئەمە کێوە تووری سینایە و سەر دوندەکەی نشینگەی باوک و باوا(باوەرە) ی تۆیە.
– من وەک چۆن باوکی تۆم، ئەویش باوکی منە.
– ئێمە باوک و باوای دیکەشمان هەن، تا دەگاتە گەورە نیامان کە ئەو ئیتر نە باوک و نە باوای نییە، ئێمە هەموو بەرفەرمانی ئەوین ڕووناکیمان پێدەبەخشی و هەرپشت بەو دەبەستین و تیشکمان بۆ داوێژێ.
– جوانترین و بەتینترین تروسکە و تیشکە و وریشەی وریشە و تیشکی تیشکە، هەر خوایە کە نە زا و نە مەرگە.
لە نووسینی ئەم بەسەرهاتەبوومەوە، لەنکاو ڕاچڵەکام. حاڵم گۆڕا و لە ئاسمانەوە حەوانچەم بەست و کەوتمە نێوچاوانەکەوە لە بەندیخانەی ڕۆژاوا دەنێو مەردومێکی دووره دین و لە خوا دوور خۆم دیتەوە.
بەم حاڵەوە هێشتا ئەڵها و ئۆخژنی ئەو گرشانەوە و گەشانەوە پڕ گرشە و تیشکە بە لووزە و بە دڵ و دەروونمدا دەگەڕا، چێژ و ئۆخژنێک کە نازانم چۆن و بە چ زمانێک چلۆنایەتی دەرببڕم. بە دابڕان و لەکزیدانی چێژی ڕووناکی، بزە و ئۆخژنی دەرونم تا دەهات لە تین و گۆ دەکەوت، بۆیە بە دابڕان و دوورەوبوون لەو کورتژم و خورپە بەردە وام و بێبڕانەوەیە، لە ناخی هەناوەوە ئاخم هەڵکێشا و پڕ بە دڵ ئاخاندم و دام لە پرمەی گریان.
لەو ئۆخەی و ئۆخژنە خێرا و خەوناسایەدا هەرداخ و ئاخێک لەسەر دڵ مایەوە.
بەشکەم ئافرێنەری ڕووناکایی ئێمە لە کۆت و بەندی خۆکرد و سروشت دەرباز و لە نیری ماک و جەستە ڕزگاربکا.
* بە پێ دەقی بنەما و چە ند دەقی وەرگێڕراوی فارسی(ماموستا فروزانفەڕو...) –نەخوازە «حی بن یقضان/ زنده ی بیدار «. شهاب سهروردی ، ترجمه استاد برهان الدین حمدی.
پەیکەرەی سۆرەوەردی، لە جوانەڤان و هونەروەری هێژا، هادی زیائەددینی.
*سوپاس و دەست خۆشی، لە یای بەڕێز فاتمەی ئەردەلانFateme Ardelan، کە ڕووگرت(کۆپی)دەقی ڤەرگێڕدراوی، مامۆستا حەمدی بۆ ناردم.

زانای گەورەی
کورد ئەلجەزەری

ئەمین ساڵح دێوانە باڵەکی

یەکەم داهێنەری ڕۆبۆت بوو لە مێژووی زانستدا. پێویستە ئێمەی کورد هەموو ژیانی ئەم زانا مەزنە بخوێنینەوە: ئەلجەزەری (بە عەرەبی: الجزري) ناوی تەواوی (بديع الزمان ئەبولعز کوڕی ئیسماعیل کوڕی ڕەزاز)، لە سەدەی ١٢دا ژیاوە [١] ناسراو بە (ئەلجەزەری) زانایەکی کوردی[٢][٣] موسوڵمانی بیرکاریزانی: زانا و داهێنەر و ئەندازیاری میکانیکی و پیشەگەر و هونەرمەند و زانای بیرکاری بوو لە شاری جەزیرەی بۆتان لە سەردەمی زێڕینی ئیسلام یان (سەدەکانی ناوەڕاست) ژیاوە. ناسراوە بەهۆی (کتێبی فێربوونی ئامێرە گرنگە میکانیکییەکان) لە ساڵی ١٢٠٦زایینی کە تیایدا باسی لە (٥٠) ئامێری میکانیکی کردووە، هەروەها چۆنیەتی فێربوونیان و بەکارهێنانیان.

لەبارەی ژیانی ئەم زانایە کەمێک زانراوە زۆربەی زانیارییەکان لە کتێبەکەی خۆیدا کە ناوی (کتێبی فێربوونی ئامێرە گرنگە میکانیکییەکان)ە هاتووە. ناوەکەی لە شوێنی لەدایکبوونەکەیەوە هاتووە، کە جەزیرەی ئیبن عومەرە (جزيرة ابن عمر)، کە ئێستا پێی دەڵێن جەزیرەی بۆتان لەسەر ڕووباری دیجلە. ئەمیش وەکو باوکی ئەندازیار بووە لە کۆشکی ئارتوکلو کە شوێنی بنەماڵەی ئارتوکلوی شاری ماردین بووە، کە ئەم بنەماڵەیە حوکمی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان کردووە لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی زەنگی لە مووسڵ و دواتریش لە ژێر دەستەڵاتی سەلاحەدینی ئەیوبیدا بوون.[٤] جەزیری لە تۆر لەدایکبووە[٥] کە ئێستا ناوچەیەکە سەر بە جەزیرەی بۆتان لە باکووری کوردستان، باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا.

جەزیری یەکێک بوو لە پیشەزانان و هونەر زانان و زیاتر لە ئەندازیارێکی چالاک دەچوو تا لە داهێنەرێک.[٦] کتێبەکەی بە ناوی (کتێبی فێربوونی ئامێرە گرنگە میکانیکیەکان) زۆر بەناوبانگ بوو، کە تیایدا باسی لە چەندین ئامێری پێشکەوتوو کردووە و هەروەها چەندین جار وتوویەتی کە لەو کتێبەیدا تەنها باسی لەو ئامێرانە کردووە کە خۆی دروستی کردوون. هەروەها کتێبەکەی زیاتر بە شێوازێکی مۆدێرن نووسراوە و زیاتر لە کتێبێکی پراکتیکی دەچێت.[٧]

هەندێک لەو ئامێرانەی کە دروستی کردوون بیرۆکەکەیان لە ئامێرە کۆنەکانەوە هاتووە ، بۆ نموونە ئامێری (کاتژمێری ئاوی) کە بنیات نراوە لەسەر یاسای (Pseudo-Archimedes).

ئامێری کاتژمێری فیل یان ئاوی لە ساڵی ١٢٠٦ز لەلایەن جەزیری باسکراوە و ڕوونکراوەتەوە وە هەروەها درووستیشی کردووە، سەرەڕای ئەوەش چەندین داهێنان و نوێخوازی تێدا بەدی کراوە. ئەم ئامێرە پێکهاتووە لە فیلێک کە ئاو بە شێوەیەکی بەهێز پاڵی پێوە دەنرێت و بەناویدا تێپەڕ دەبێت. یەکە جیوازەکانی ئەم کاتژمێرە دەکەونە سەر فیلەکە ، ئەمانە بۆ ئەوە درووستکراون، کە نیوکاتژمێر جارێک بجووڵێن و دەنگێک درووست بکەن.

ئەلجەزەری بەپشت بەستن بە ڕۆڵی شارستانیەتە جۆراوجۆرەکان لە گەشەپێدانی ئامێرەکانی کاتدا، توانی ئەم کاتژمێرە سەرنج ڕاکێشە دروست بکات. بنەمای پێوانەکردنیشی بریتییە لە سەتڵێکی ئاوی کونکراو کە وردە وردە نقوم دەبێت. ئەمەش بنکەی سەرەکی ئەم ئامێرەیە بۆ پێوانەکردنی کات. لەناو سکی فیلەکەدا عەمبارێکی ئاو هەیە کە سەتڵێکی کونکراوی تێدایە. ئەم سەتڵەش بەشێوەیەکی هێواش و وردە وردە نقوم دەبێت، لە هەمان کاتدا سێ گوریس بە سەتڵەکەوەن کە دەبنە هۆی جوڵە پێکردنی ئامێرەکان. سەرەتا جوڵە بەو (٣٠) گۆیە دەکات و دانەیەکیان دەخاتە خوارەوە، پاشان جوڵە بە ئەژدیهاکان و دواتریش ڕۆبۆتی نوسەر و ئینجا سەتڵەکە دەردێنێتەوە تاوەکو هەمان کردار دووبارە ببێتەوە.[٩]

لێزانی و وردی ئەلجەزری لەوەدایە سەتڵەکەی بەجۆرێک کونکردووە کە لە ماوەی نیو کاتژمێردا نقوم ببێت و پاشان هەڵکێشرێتەوە بۆ نیوەی دووەمی کاتژمێرەکە. لەگەڵ نقومبونی سەتڵەکەدا دەنگی زقزقەی مەلێک دێت و باڵندەی عەنقاکەش بەدەوری خۆیدا ئەسوڕێتەوە، هەروەها بازنەکانی شریتە چەماوەکەی پشتی سوڵتانیش کاتەکان پیشان ئەدەن، پاشان هەڵۆکە یەکێ لە گۆکان دەخاتە دەمی ئەژدیهاکە و بەهۆی قورسی گۆکەوە ئەژدیهاکە بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە، ڕۆبۆتی نوسەریش بە گۆچانەکەی دەستی دەقیقەکان دەپێوێت، بە کەوتنە خوارەوەی گۆکەش بۆ ناو دەفری پشتی فیلەکە، فیل سوارەکە دەستەکانی دەجوڵێنێ و گۆکەش بەکەوتنە خوارەوەی بۆ ناو گوڵدانەکە دەنگێکی لێوە دێت. شریتە چەماوەکەی سەرەوەی قەڵاکەش ئاماژە دەدات بەڕۆیشتنی کاتەکە. بەدرێژایی ڕۆژێک، ئەم کردارە لەهەموو نیو کاتژمێرێکدا دوبارە دەبێتەوە. ئەم کاتژمێرە لەڕۆژێکدا دووجار ڕێکدەخرێ، لەگەڵ خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوندا، لەگەڵێشیدا (٣)گۆ کانزاییەکە دەخرانەوە شوێنی سەرەکی خۆیان.Search

History Of Kurdistan

Home / مێژووی ئیسلام / شارستانیەت / ئەلجەزەری (Al jazari)

ئەلجەزەری (Al jazari)

زریان احمد ٢٠١٦-٠٣-٢٩ شارستانیەت, مێژووی ئیسلام, ناوداران لێدوان نووسین

ناچالاککراوەلە ئەلجەزەری (Al jazari) ٤,١٥٥ Views

ئەلجەزەری (Al jazari) –

ناونانی زمانەکان (وەرگیراو
لە کتێبی تێگەیشتنی هەڵە لە زمان)

د. عادل محەمەدی

چەمکی «زمان» لە واتایەکی گشتیدا بەکار دەبرێت، هەر ئەو واتایەی کە زمانناسی بەناوبانگ فێردینان دێ سۆسێر بە لانگ ناوی لێ دەبات. هەر بۆیە کاتێ کە دەستەواژەی «زمانی مازەندەرانی» بەکار دەهێنین، مەبەستمان کام زمانەیە؟ ئاخۆ شاری «ساری» یان «ئامۆل» یان «مەحموودئاوا» یان «نوور» یان «شەهسەوار» یان «بابولسەر»، مەبەستمان کوێیە؟ یان مەبەستمان لە زمانی فارسی کام زمانەیە؟ یان لە زمانی کوردی کام زمانەیە؟ سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کام ناوچە؟ کرماشان یان سنە؟ لەیلاخ یان مەهاباد؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەڵێین: زمانی مازەندەرانی، زمانی فارسی یان کوردی هێمایەکی هزرییە کە لە هزری هەموومماندا هەیە و لەم دۆخەدا ئێمە زمانی مازەندەرانی، زمانی فارسی یان کوردی وەکوو «چەمکێکی پۆشێنەر» یان «چەتروشە» بەکار دەهێنین و کاتێ ئەڵێین زاراوەی کرمانجی یان سۆرانی و هتد... بە شێوەی چاوپۆشی ئەم چەمکەمان هەڵبژاردووە. هەموو زاراوەکان ئەتوانن وەکوو «زمان» بن و لەڕاستیدا زمان بۆ کاتێک بەکار دەبەین کە پێویستمان بە چەمکێکی ڕووکەشی و داپۆشراوی بێنیشانەیە. کاتێ دەڵێین زمانی مازەندەرانی یان زمانی فارسی، لە دەرەوەی ئەم چەمکانەدا، بەرئاماژ یان بەرانبەرێکی بەرهەست و بەرچاویان بۆ نادۆزینەوە. هەر بۆیە زمان چەمکێکی هزرییە کە لە واتایەکی گشتیدا شرۆڤە دەکرێت.

لە باوەڕی هەندێک کەسدا وا هەست دەکرێت کە وشەیەکمان بە ناوی «زمان» هەیە کە دەبێ بوونایەتییەکی هاوتای ببێت کە ئەم وشەیە ئاماژەی پێ بکات. بەڵام سۆسێر (١٩٦٩ :١٩) جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە «زمان وەک بوونەوەرێک بوونی نییە» (لوری، ٢٠٠٧ :٣). سیستەمی زمان لەگەڵ ناوەکانی وەک «ئینگلیزی»، «فەڕەنسی»، «لاتینی» و هتد دەقاودەق نییە و یەک ناگرێتەوە و تەنانەت هیچ گەرەنتییەک نییە کە بۆ وێنە هەر شتێک کە بە ئینگلیزی دادەنرێت، ڕێک سەر بە ئەو سیستەمی زمانییە بێت کە بە ئینگلیزی ناسراوە (هریس ، ٢٠٠١ :١٢٣). ناونانی هەموو زمانەکان ساختەیی و دەستکردن و ئامانجی ئایدیۆلۆژیکیان لەگەڵدایە. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین «ئینگلیزیی هیندی»، بە شێوەیەکی بەرهەست و بەرچاو، هیچ بوونێتییەکی دیاریکراو لە هەمبەر ئەم ناوەدا نییە و وەک هەموو زمانەکان، چەمکێکی ساختەیی و دەستکردە. ماوەیەکە وشەناسان و مرۆڤناسان بڕوایان وایە کە ئەم جۆرە تێگەیشتن و بیر و باوەڕە سەبارەت بە ناونانی زمانەکان، لە هەموو

کۆمەڵگا زمانییەکاندا باو و گشتگیر بووە؛ بەڵام ئەم بیرۆکەیەکی نالۆژیکی و نازانستییانەیە و هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ بنەماکانی زمان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە و هەروەها لە ژێر کاریگەریی بەڵگاندنە هەڵەکاندا خراوەتە ڕوو (پیلێر، ٢٠١٨).

تەنانەت لە بەشی ئەفسانەی زمانی پەتی و پاراودا ئاماژە بەوە کرا کە چەمکی «زمـان» خۆی لەڕاستیدا چەمکێکی گرێبەستی و ساختەییە. بە پێی ئەم وتانە، پێناسەکردنی زمانێکی وەک ئینگلیزی، فارسی، کوردی و هتد، کارێکی ئەستەمە و ئەم جۆرە ناونانە لە چوارچێوەی بەڵگاندنی لۆژیکی و زانستیدا وەرناگیردرێت.

سەبارەت بەم بابەتە، هەڵەکانی ناونان لە ڕۆژنامەی شەرقدا دەخەینە ڕوو:

«ڕۆژنامەی شەرق، ژمارەی ٢٧٩٢، ١٣ی ڕێبەندانی ٢٧١٦»

لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، قەومێک بەناوی گۆران بوونی هەیە کە لە نێوان مەریوان تاکوو گۆرانی کەرەند نیشتەجێن، واتا لە پارێزگای کوردستان تا کرماشان و تاقمێکیشیان لە عێراقدا دەژین. هەروا کە دەزانن گۆرانەکان کورد نین و دابەش دەبن بە سەر هەورامییەکان، باجلانەکان و خەڵکی گوندی کەنووڵە... و هەرکامیان زاراوەی تایبەتی خۆیان هەیە و حەشیمەتیان نزیک بە یەک ملیۆن کەسە.

هەرواکە لە دەقی ڕۆژنامەی شەرقدا دەیبینن، نووسەر لە چەمکێک بە ناوی «گۆران» کەڵک وەردەگرێ و ئەم کەسانە بە غەیرەکورد ناو دەبات و بۆ هەرکامیان زاراوەیەکی جیاواز دەستنیشان دەکات. لە بەشی ١ی کتێبی تێگەیشتنی هەڵە لە زمان پەرژاینە سەر «زار و زمان» و ئەم دوو چەمکەمان تاوتوێ و شی کردەوە کە پێناسەی ئەم دوو چەمکە دەتوانێ دەقی سەرەوە بخاتە ژێر پرسیار و ڕەخنەیەکی زانستی لەم بیرۆکەیە بگرێت. هەروەها لە دەقی ئاماژەپێکراودا دەستەواژەی «ناوچە کوردنشینەکان» هاتووە. پاشگری «نشین» لە دوای ناودا هاتووە کە بۆ نموونە دەستەواژەیەکی وەک «ناوچە کوردنشینەکان» یان «خەڵکی سنوورنشین» پێکدەهێنێت. ئەم نموونانە پیشاندەری ئەوەن کە شوێناندن و نیشتمانی کوردان وەکوو «خانوویەکی کرێیی» پێناسە کراوە کە گوایە کوردەکان خاوەنماڵی سەرەکی ئەم خاکە نین و ئەو ناوچانە هی ئەوان نییە. هەروەها، نووسەری دەقی ئاماژەپێکراو، بە ئامرازی زمانیی «کۆواندن» ئاماژەی بە «یەک ملیۆن کەس» کردووە، واتە کردەگەرە کۆمەڵایەتییەکانی بە ئامار و ژمارەوە نواندووە (ڤەلیوون، ٣٨:٢٠٠٨) کە بە بڕوای ڤەندایک ئەم جۆرە ئامارانە، هەستێکی وا لە خوێنەردا دەخولقێنن کە گوایە ئەم

وتەیە بە پێی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەربڕاوە.

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە تێڕوانین و هەڵوێستی نووسەر سەبارەت بە ناونانی وشەکان ئایدیۆلۆژیکی و لایەنگرانەیە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە ناونان و نواندانی کردەگەرە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەییدا نەک هەر بێلایەن نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی مەبەستدار لە خزمەتی ئامانجە ئایدیۆلۆژیکییەکاندایە؛ بە تایبەت کاتێک نووسەر دەیەوێ هەندێک لایەنی ناسنامەیی خەڵک زەق یا کاڵ بکاتەوە، ئەم بابەتە دەبێتە دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژیکی (مەکین و مایر ، ٢٠١٢ : ٧٧).

بە پێی لێکۆڵینەوەی مێژوونووسان، جوگرافیناسان و گەڕۆکەکان تا سەدەی نۆزدەهەمی زایینی، هەموو جۆرەزمانەکان لە جوگرافیای کوردستاندا خۆیان بە کورد زانیوە و لە ماوەی هەزاران ساڵ کە لە پێشینەی نیشتەجێبوونی ئەم خەڵکە تێپەڕیوە هیچ خێڵ و هۆز و تایەفەیەکی تایبەت نەبووە کە تەنیا خۆیان بە کورد بزانن و ئەوانی دیکە بە ناکورد و بێگانە ناو ببەن. هەروەها دەقە مێژووییەکان پیشاندەری ئەوەن کە کوردبوون جۆرەزمانێکی تایبەت نەبووە و هەموو ئەم خەڵکە لە پانتایی ئەم جوگرافیا بەربڵاوەدا خۆیان بە کورد زانیوە و ئەم وتەیە نەک گریمانەیەکی لەرزۆک بەڵکوو ڕوانگەیەکی پتەو و سەلمێنراوی مێژووییە کە دەیان دەق پشتگیری لێ دەکات و دەیسەلمێنێ و ئەمە مێژووە کە پێمان ئەڵێ سەر بە کوێن و کێن. ناوەرۆکی باسەکە لێرەدایە کە چەمکی «گۆران» لە مێژوودا، هەڵگری واتای «چینی کۆمەڵایەتی»، «خێڵ و تایەفە»، «ئایین»، «شێوەی ژیان» یان «جۆرەزمان»ێکی تایبەتە و بەشێکی جیانەکراو و دانەبڕاو بووە لە کۆمەڵگای کوردستان و لە بنەڕەتدا باسکردن سەبارەت بەم مژارە لە دەرەوەی جوگرافیای کوردستاندا، بیرۆکەیەکی پووچ و بێمانایە (محمدی، ١٤٠٠ :٢٣٩-٢٣٣).

کەواتە ئەگەر سەیری ڕابردوو بکەین، باوباپیرانمان لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا (بۆ نموونە لە کرماشان، ئامەد، هەولێر و...) زۆربەیان لە زمانی یەکتر تێنەدەگەیشتن و لێکگەیشتنی زمانییان نەبووە، بەڵام خۆیان بە کورد پێناسە کردووە. هەر بۆیە کوردبوون هەرگیز لە سەر بنەمای زمانی دانەمەزراوە. بۆیە ئەوانەی دەڵێن گۆران و هەورامییەکان لە بنەڕەتدا کورد نین و لە ڕووی زمانییەوە گرووپی سەربەخۆن، جۆرێک هەڵەبەرییە کە پێی دەڵێن «هەڵەبەریی ناونان». بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا

ئەگەر بڵێین «هەورامی» ناتوانێ «سۆرانی» بێت، ئەم جۆرە گوزارەیە ڕاستە، یان ئەگەر بڵێین «هەورامی» ناتوانێ «کرمانجی» بێت، ئەمەش هەر ڕاستە؛ بەڵام ئەگەر بڵێین هەورامی کوردی نییە، یاخود ڕووبەڕووی پرسیارێکی وەها ببینەوە کە ئایا هەورامی کوردییە یان نا؟ لێرەدا هەڵەبەرییەکە لەم پرسیارەوە سەرهەڵدەدات، چونکە بەم پێیە کوردیمان تەنیا لە چەند جۆرەزمانێکی تایبەتدا دابەش و پێناسە کردووە کە بریتین لە سۆرانی و کرمانجی و هتد. بۆیە ئەگەر بمانەوێ زمانی کوردی تەنیا بەم زاراوانە پێناسە بکەین و سنووری بۆ دابنێین، هەورامی لە ڕێزبەندیی کوردیدا جێگیر نابێت و ئەم جۆرە هەڵەبەرییە هەمیشە لە لایەن هەندێک لە بزووتنەوە و گرووپە سیاسییەکاندا یان لە لایەن هەندێک زمانناسەوە پەرەی پێ دەدرێت کە دەیانەوێ ناسنامەی کورد بە زمانێکی تایبەتەوە پێناسە بکەن و بە شێوەیەکی دەمارگرژانە ئەم جۆرە ناونانە ئایدیۆلۆژیکییانە دووپات بکەنەوە. بۆ وێنە هەندێک لە زمانناسان بە پشتبەستن بە وەسفکردنی جۆرناسیی زمان (تایپۆلۆجی) هەوڵدەدەن بە پێی ڕێزبەندیی وشەیی و سیستەمی ڕێککەوتنی زارەکانی «کوهدەشتی و نورئاوایی» بە نوێنەرایەتی لە لەکی، ئاخێوەرانی لەکی وەکوو زمانێکی سەربەخۆ ناو ببەن (دبیرمقدم، ١٣٩٢ : ٨٩٧ –٨٦٢) کە بێگومان دیاردەی «ناونانی لەکی وەک زمانێکی سەربەخۆ» لە ڕوانگەی زمانناسییەوە هیچ کێشەیەک ساز ناکات و کێشەکە زمانبوون یان زماننەبوونی لەکی نییە، بەڵکوو هەڵەبەرییەکە لەمەوە سەر هەڵدەدات کە ئەم توێژەرانە دەیانەوێ لە ڕێگەی زانستی جۆرناسیی زمانەوە (تایپۆلۆجی)، لەکی لە زمانی کوردی جیا بکەنەوە و کوردی دابەزێنن؛ واتە کوردی بە سەر چەند جۆرەزمانێکی تایبەت دابەش و پێناسە بکەن یان بۆ نموونە تورکی بە ئازەری ناو بنێن و بە زمانێکی ئێرانی دابنێن.

بەگشتی هەمیشە دەستکاری و چەواشەکارییەکی زۆر لە لایەن توێژەرانی بوارەکانی مێژوو و زمانناسی و هتددا ڕوویداوە. بۆ نموونە کۆمپانیای هیندستانی ڕۆژهەڵات کە کۆمپانیایەکی بەریتانی بوو، دواتر لە چالاکییە بازرگانییەکانی خۆی تێپەڕی و بە شێوەیەکی درێژخایەن ئامانجی سەرەکییەکەی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو و بە هۆی ئەوەی توێژەرانی زانکۆش لەگەڵ ئەم کۆمپانیایەدا هاوکارییان دەکرد، هەندێک تیۆریی مێژوویی و زمانناسی لەم سیستەمە کۆلۆنیالەدا سەری هەڵدا.

بە بڕوای نیومار (١٩٨٨: ١٦) لە ساڵی ١٧٨٦دا زمانناس و ڕۆژهەڵاتناسێکی بەریتانی بە ناوی سێر ویلیام جۆنز لە خزمەتی ئەم کۆمپانیایەدا بوو کە بە لێکۆڵینەوەیەک باسی پێوەندیی ڕەگەزیی نێوان زمانە ئاسیایی و ڕۆژئاواییەکان دەکرد. لەڕاستیدا زمانناسی لەم بوارەدا جگە لە ڕێبازی زانستیی خۆی، ئامانجی دیکەی بەدوادا بوو و لە ڕوانگەی بیرداڕێژەرانی پاشئیستعمارییەوە، زمان بنکەیەکی سەرەکی بوو لە گوتاری پاشئیستعماریدا؛ چونکە ڕەوتی ئیستعمار خۆی بە زمانەوە دەستی پێکرد. بە بڕوای ڤیشوەناتن (١٩٨٩ :٣)، لە سەردەمی ئیستعماریی وڵاتی هینددا، دەقی ئەدەبیی ئینگلیزی وەکوو دەمامکێک چالاکییەکانی دەسەڵاتخوازانەی داگیرکەرانی دەشاردەوە (کوماراوادیڤلو ، ١٩٩٩). هەر بۆیە پۆلێنبەندیی ئاخێوەران و ناونانی زمانەکەیان بە شێوەیەکی مەبەستدار ئامانجی سەرەکیی هەندێک لە توێژەرانی بواری زمانناسیی و لقەکانی دیکەی زانستە مرۆییەکان بووە.

بازئەفکەن (١٤٠١) لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا باسی هەڵەبەریی ناونانی کردووە و بە گێڕانەوە لە کۆک (١٩٨٥)، ئۆرانسکی (١٣٧٩)، ڕاولینسۆن (١٨٦٧)، پرسیارێک دەوروژێنێت و دەڵێت: ئەو زمانەی کە لە گوتاری زمانناسیی ئێراندا بە ناوی «فارسیی کۆن» خراوەتە ڕوو، لە سەردەمی خۆیدا بە چ ناوێک ناسراوە؟

لە وەڵامدا دەبێ بڵێین: داریوش لە ئاماژە بە زمانەکەیدا لە چەمکی «فارسی» کەڵکی وەرنەگرتووە بەڵکوو وشەی «ئاریەنی» بەکار هێناوە. سەبارەت بە هەڵەبوونی ئەم ناونانە هەر ئەوە تەواو و بەسە کە بزانین دەستەوشەی فارسیی کۆن لە بنەڕەتدا پێش لە خوێندنەوەی دەقە کۆنەکان بەکار هاتووە و لە ڕێگەی گریمانە خەیاڵییەکانی نەوەی یەکەمی ئاریاگەرانێک وەک سێر ویلیام جۆنز و سێر جۆن مالکۆم ناوبانگی دەرکردووە و بووەتە وشەیەکی باو و گشتگیر. جگە لەوەش، ئەگەرچی ئێرانناسان دان بەوەدا دەنێن کە لە سەردەمی کۆندا زمانە جیاوازەکان لە ناوچەکەدا دیاردەیەکی ئاسایی و باو بوونە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەن ئەم جیاوازییانە لە ژێر ناوی «فارسی»دا دابپەزێنن و بە ناوی فارسییەوە پێناسەی بکەن و پەرەی پێ بدەن. ئەم پرسە بۆ ناونانی فارسیی ناوەڕاستیش دەگونجێت. لەو سەردەمەدا کە لە ژێر ناوی پۆلێنکردنی فارسیی ناوەڕاستدا پێناسە کراوە، ڕووبەڕووی زمانە جیاوازەکان دەبینەوە کە نە دەتوانن لە یەک زماندا واتە زمانێکی یەکگرتوودا کورت بکرێنەوە و نە دەتوانن پێوەندییان بە یەکێک لە زمانەکانی ئەمڕۆوە بێت.

جینۆسایدی فەرهەنگی
لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا

ئازاد وەڵەدبەگی

تۆماس مەکولای (ئەندازیاری سیاسەتی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بە گەلانی ژێردەستە): «لەو باوەڕەدا نیم هەرگیز بتوانین بەسەر ئەم وڵاتەدا (هندوستان) زاڵ ببین ئەگەر نەتوانین بڕبڕەی پشتی بشکێنین، کە بریتییە لە زمانەکەی و کەلتوورەکەی و کەلەپوورە ڕۆحییەکەی.»

پێشەکی

یاسای نێودەوڵەتی لە سەدەی بیستەم بۆ یەکەم جار خۆی لە قەرەی باسەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ دا. بە سەرنجدان بە سیاسەتی سەرکوتکردنی فەرهەنگی لە لایەن هەندێک لە دەوڵەتان بە درێژاییی مێژوو هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، ئەو پرسیارە بەردەوام بە مێشکماندا گوزەر دەکات کە ئایا جینۆسایدی فەرهەنگی چۆن پێناسە دەکرێت و ئایا ئەم جۆرە لە جینۆساید بە واتا یاساییەکەی بوونی هەیە؟ ئایا بۆچی بە سەرنجدان بەو پێشکەوتنانەی کە لە بواری مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی هاتوونەتە ئاراوە، هێشتا جینۆسایدی فەرهەنگی لە دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکاندا بەفەرمی نەناسراوە؟ ئایا جینۆسایدی فەرهەنگی هەروەک جینۆسایدی فیزیکی و بایۆلۆژی بە تاوان دادەنرێت و، دەکرێت داوایەکی لەو جۆرە بخرێتە بەردەم دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی یان نا؟

جینۆسایدی فەرهەنگی، بەزۆری وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەنجامدانی جینۆسایدی فیزیکی بەکار دێت؛ واتە ئەم جۆرەیش لە جینۆساید لە ڕاستیدا هەمان ئامانج و نیازی جینۆسایدی فیزیکیی هەیە. بەشێک لەو یاساناسانەی کە لە بواری جینۆساید کار دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جینۆساید تەنیا فیزیکی نییە و مەرج نییە تەنیا لەناوبردنی فیزیکی بگرێتەوە؛ ئەم گرووپە لەناوبردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیش بە واتای جینۆساید لە قەڵەم دەدەن، هەروەک چۆن «ئادام جۆنز» لە کتێبی «پێشەکییەکی تیروتەسەل لەسەر جینۆساید»دا دەڵێت: «ناساندنی جینۆساید، بەو جۆرەی کە ببێتە هۆی لەناوچوونی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی گرووپێک، لە ڕیزی گرنگترینی ئەو بابەتانەن کە لە توێژینەوەکانی تایبەت بە جینۆساید لە ئارادان.» بۆ

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، دەچینە ناو یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی کە هەر لە سەدەی بیستەمەوە تاکوو ئەمڕۆ لەناو خاوەنڕایانی یاسای نێودەوڵەتی لە ئارادا بووە و، هەتا ئێستایش مشتومڕ لەسەری بەردەوامە و تیشک دەخەینە سەر هەندێ لایەنی ئەم بابەتە.

پێشینەی مێژوویی جینۆسایدی فەرهەنگی

کاتێک کە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨ دەرچوو، زۆر کەس ڕەخنەی ئەوەیان گرت کە بۆچی باسی لە جینۆسایدی فەرهەنگی نەکردووە. هەرچەندە برگەی ٣ لە بەندی ١ لە ڕەشنووسی ڕێککەوتننامەکە باسی لە جینۆسایدی فەرهەنگی کردبوو، بەڵام دواتر لە لایەن زۆرینەی دەوڵەتانی ئەوسای ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەت کرایەوە؛ ئەمەیش وای کرد کە مشتومڕێکی دوورودرێژ لەم بارەیەوە سەر هەڵبدات. پاش دەرچوونی ڕێککەوتنەکەیش داوا کرا کە پرۆتۆکۆلێکی هاوپێچ دەربچێت بۆ بەتاوانناساندنی جینۆسایدی فەرهەنگی، کە ئەم هەوڵەیش تاکوو ئێستا سەری نەگرتووە.

دەتوانین ڕافایل لیمکین بە پێشڕەوی تیۆریی جینۆساید لە قەڵەم بدەین، بەڵام هەموو تیۆری و بۆچوونەکانی ئەو لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ دەرفەتی جێگیربوونی پێ نەدرا. ئەو کۆمیتەیەی کە کاری لەسەر ئەم بابەتە دەکرد شەش کەس بوون کە لیمکین یەک لەوان بوو، بەڵام بە هۆی ململانێی ئەو کاتە لە نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بابەتی جینۆسایدی فەرهەنگی لە دەقی ڕێککەوتننامەکەدا نەگونجێندرا. وڵاتانی سۆسیالیستی، پاڵپشتی گونجاندنی چەمکی جینۆسایدی فەرهەنگی بوون لەناو ڕێککەوتنەکەدا، بەڵام دەوڵەتانی ڕۆژاوایی لە دژی وەستانەوە و لە کۆی ٤٥ وڵاتی بەشدار لە گفتوگۆکان ٢٥ دەوڵەت دژ و ١٦ دەوڵەت لەگەڵی بوون و ٤ دەوڵەتیش بێلایەن بوون. شیاوی باسە دەوڵەتانی ڕۆژاوایی ئەوکات بەڵێنیان دا، کە بە گونجاندنی بەندێک لەناو جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لەسەر پاراستنی فەرهەنگ و شوێنەواری مێژوویی و ئایینیی کەمینەکان ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، بەڵام ئەم بەڵێنەیشیان نەبردە سەر و لە جاڕنامەیش باسێکی لەو جۆرە لە ئارادا نییە.

لە ساڵی ١٩٨٣ هەلێکی تر هاتە ئاراوە بۆ هەمووارکردنی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید؛ بەو پێیە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، «بنیامین ڤایتاکر»ی وەک ڕیپۆرتەری تایبەت ڕاسپارد هەتا ڕاپۆرتێک دەربارەی پێداچوونەوە و چاکسازی لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید ئامادە بکات. ڤایتاکر لە ساڵی ١٩٨٥ ڕاپۆرتەکەی خۆی پێشکەش کرد و کۆمەڵێک دەرەنجامی سەرنجڕاکێش و داهێنەرانەی خستە ڕوو و خوازیاری هەمووارکردنی ڕێککەوتننامەکە بوو، کە یەک لە پێشنیارەکانی بریتی بوو لە بەتاوانناساندنی جینۆسایدی فەرهەنگی، بەڵام ئەم ڕاپۆرتەی ناوبراو نەخرایە بەرنامەی کاری ئەنجومەنەکە و هەلێکی دیکە بۆ گونجاندنی ئەم بابەتە لە ڕێککەوتننامەکە لەدەست چوو.

چەمکی جینۆسایدی فەرهەنگی

زاراوەی جینۆساید(genocide) لە دوو وشەی لاتینی genos بە واتای گرووپ و cide بە واتای کوشتن پێک هاتووە. ئەم زاراوەیە لە یاسای نێودەوڵەتی، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٤ لە لایەن زانای ئەمریکیی بە ڕەگەز پۆڵۆنی، ڕافایل لیمکین، کە ڕاوێژکاری وەزارەتی جەنگی ئەمریکا بوو، لە کتێبی «سەروەریی دەوڵەتانی میحوەر لە ئەورووپای داگیرکراو» بەکار هات؛ ئەمەیش بۆ خستنەڕووی تاوانەکانی ئەڵمانیای نازی لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەم بەرامبەر بە گرووپە ئیتنی، کۆمەڵایەتی یان ئایینییەکان بەکار هات. پێناسەی لیمکین بۆ جینۆساید بەم جۆرە بوو: «داڕشتنی هاوئاهەنگی کردارە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی لەناوبردنی بنچینە سەرەکییەکانی گرووپە نەتەوەییەکان بە ئامانجی لەناوبردنی خودی ئەم گرووپە. ئامانجی ئەم پرۆژەیە لەوانەیە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکان، ژیانی فەرهەنگی یان زمانی یان هەستی نەتەوایەتی، ئایینی یان ئابووریی گرووپە نەتەوەییەکان و لە ئەنجامدا نەهێشتنی ئاسایش، ئازادی، سەلامەت و شکۆمەندی و تەنانەت ژیانی تاکەکانی سەر بەم گرووپانە بێت. جینۆساید دژ بە ژیان و بوونی گرووپێکی نەتەوەیی ئەنجام دەدرێت و کردارەکانی نەک دژ بە تاکەکان، بەڵکوو دژ بە ئەندامانی گرووپێکی نەتەوەیی

ئەنجام دەدرێت.» پێناسەکەی لیمکین پێناسەیەکی بەربڵاوە، هەر بۆیە هەر دوو جۆری جینۆسایدی فیزیکی و فەرهەنگی دەگرێتەوە.

سەبارەت بە ناوهێنانی ئەم زاراوەیە لە دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان، ئەم زاراوەیە یەکەم جار لە ڕاسپاردەی ژمارە (٠١/٩٦) کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٦/١٢/١١ بەکار هات؛ بە جۆرێک کە ئەم تاوانە ئیدانە کراوە و بە یەکێک لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان باسی لێوە کراوە، کە لە لایەن جیهانی شارستانییەوە ئیدانە دەکرێت. پاشان لە بڕیاری ژمارە ١٢٦٠ لە ١٩٤٨/١٢/٩ ناوی هاتووە کە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید لەخۆ دەگرێت و لە ١٩٥١/١/١٢ەوە بەرکارە.

بە وتەی «دی ڤیبرس» جینۆساید تاوانێکی دژەمرۆیییە، کە بە سێ شێوازی جۆراجۆر دەردەکەوێت:

١) جینۆسایدی جەستەیی: بریتییە لە دەستدرێژیکردنە سەر ژیان و تەندروستی و سەلامەتیی جەستەیی.

٢) جینۆسایدی بایۆلۆژی: بریتییە لە دەستدرێژیکردنە سەر گەشەکردنی گرووپێکی مرۆیی لە ڕێگەی لەباربردنی ئافرەتان و نەزۆککردنی پیاوان.

٣) جینۆسایدی فەرهەنگی: بریتییە لە قەدەغەکردنی زمانی نەتەوەیی و دەستدرێژیکردنە سەر کەلتووری نەتەوەیی.

جینۆسایدی فەرهەنگی زاراوەیەکە بۆ باسکردن لە تێکدانی بەئەنقەستی کەلەپووری فەرهەنگیی نەتەوەیەک بە هۆکاری سیاسی، سەربازی، ئایینی، ئایدۆلۆژی و ڕەگەزی، بە مەبەستی لەناوبردنی بەشێک یان هەموو ژیانی فەرهەنگیی نەتەوەیەک یان گرووپێکی ڕەگەزی، ئیتنی یان ئایینی یان تێکدانی دامەزراوە فەرهەنگییەکانیان و دەستکەوتەکانیان لە بواری گەشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە قۆناغە مێژووییییەکان، وەک داهێنانەکان لە بواری زمان، هونەر، ئەدەبیات، زانستەکان، پەروەردە و ژیانی ماددی و مەعنەویی ئەو گرووپە. لە سادەترین پێناسەدا دەتوانین بڵێین کە جینۆسایدی فەرهەنگی بریتییە لە ڕێگەگرتن لە قسەکردن بە زمانی نەتەوەیی و دەستدرێژیکردنە سەر کەلتووری نەتەوەیی. واتە ئەو هۆکارانەی کە پاڵنەرن بۆ ئەم کارە، بریتین لە هۆکاری

ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی یان ململانێی مێژوویی و هتد. شیاوی باسە لە ڕەشنووسی سەرەتایی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید، ئەم ئامرازانەی خوارەوە دەتوانرێ بۆ جینۆسایدی فەرهەنگی بەکار بێت:

١) گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵان بۆ ناو گرووپە مرۆییەکانی تر.

٢) دوورخستنەوەی زۆرەملێ و سیستەماتیکی ئەو کەسانەی کە بە نوێنەری فەرهەنگیی گرووپێک لە قەڵەم دەدرێن.

٣) قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی گرووپی کەمینە لە ئاخاوتنی تایبەت و تاکەکەسی.

٤) لەنابردنی سیستەماتیکی کتێبە چاپکراوەکان بە زمانی گرووپی کەمینە و هەروا لەناوبردنی بەرهەمە ئایینییەکان یان قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی کتێبی نوێ.

٥) لەناوبردنی سیستەماتیکی شوێنەوارە مێژوویی و ئایینییەکان، یان شێواندنی چۆنێتیی کەڵکلێوەرگرتنی، شێواندن یان لەناوبردنی ئەو بەڵگەنامە و کەلوپەلانەی کە خاوەن بەهای مێژوویی، هونەری یان ئایینین، هەروا تێکدانی ئەو ئامرازانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.

لیمکین لەو باوەڕەدا بوو کە گرووپێکی ڕەگەزی، نەتەوەیی یان ئایینی، بەبێ بوونی یەکگرتوویی ڕۆحی و مەعنەوی ناتوانێ لەسەر ژیانی خۆی بەردەوام بێت. هەر لەسەر ئەم بنەمایە لیمکین لە ساڵی ١٩٤٧ لە گۆڤاری ئەمریکیی یاسای نێودەوڵەتیدا وتارێکی لەژێر ناوی «جینۆساید: تاوانێک لە یاسای نێودەوڵەتی» بڵاو کردەوە، کە تێیدا باس لە دوو هێمای ئەم تاوانە دەکات: تاوانی «هۆڤیگەری» کە تێیدا گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ڕیشەکێش دەکرێن و، تاوانی «دژایەتیکردنی زانست و هونەر» کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی شوێنەواری فەرهەنگی ئەم گرووپانە. سەرەڕای دژایەتیکردنی دوو کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی داڕشتنی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید، بەڵام لیمکین توانی ئەم بابەتە بەم جۆرە لە ڕێککەوتننامەکەدا جێ بکاتەوە:

بەپێی ڕەشنووسی کۆمیتەی تایبەتی داڕشتنی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید، جینۆسایدی فەرهەنگی بریتییە لە هەر یەک لەو کردارە بەئەنقەستانەی

خوارەوە کە بە مەبەستی لەناوبردنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیەک، گرووپە ڕەگەزی و ئایینییەکان بە هۆی بیروباوەڕی نەتەوەیی یان ڕەگەزی، یان ئایینی ئەنجام دەدرێت:

١) قەدەغەکردنی کەڵکوەرگرتن لە زمانی گرووپ لە ئاخاوتنی ڕۆژانە یان لە قوتابخانەکان یان قەدەغەکردنی چاپ و بڵاوکردنەوە بەو زمانە.

٢) لەناوبردنی کتێبخانەکان، مۆزەخانەکان، قوتابخانەکان، شوێنەوارە مێژووییەکان، پەرستگەکان یان دامەزراوە و ئامرازە فەرهەنگییەکانی گرووپ یان قەدەغەکردنی کەڵکلێوەرگرتنیان.

هەروەک پێشتر باس کرا، نوێنەرانی وڵاتانی سۆسیالیستی و عەرەبی ڕەزامەند بوون لە گونجاندنی ئەم دەقە لەناو ڕێککەوتننامەکەدا، بەڵام وڵاتانی ڕۆژاوایی و ئەمریکای لاتین بەتوندی دژی وەستانەوە؛ هەر بۆیە لە ئەنجامدا ئەم بابەتە لەناو دەقی ڕێککەوتننامەکەدا جێگیر نەکرا. تەنیا بابەتی گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵانی گرووپێک بۆ ناو گرووپێکی تر لەناو ڕێککەوتننامەکەدا پەسند کرا. دەوڵەتانی دژ، بۆچوونیان وا بوو کە چەمکی گرووپە فەرهەنگییەکان واتایەکی ئاڵۆز لەخۆ دەگرێت کە دەرگە بەسەر دەستوەردانی سیاسی لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی تر دەکاتەوە، هەر بۆیە لە ڕێککەوتننامەکەدا جێی نەکرایەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە جینۆسایدی فەرهەنگی، جینۆسایدێکی مەعنەویی ترسناکە و هەڕەشە لەسەر جۆری مرۆڤ دەکات و کردارێکی ناڕەوایە، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاکوو ئێستا لەم بارەیەوە نەگەیشتووەتە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی.

جینۆسایدی فەرهەنگی لە بڕیاری دادگە نێودەوڵەتییەکاندا

هەرچەندە چەمکی جینۆسایدی فەرهەنگی بۆ ماوەیەک لە باس و توێژینەوەکانی تایبەت بە جینۆساید بێدەنگیی لێ کرا، بەڵام ئەم چەمکە لە دەیەی ١٩٩٠ سەرلەنوێ لە پێشینە دادوەرییەکان زیندوو کرایەوە نەک وەک جینۆساید، بەڵکوو وەک بەڵگە و نیشانەیەکی پتەو بۆ ئەنجامدانی جینۆسایدی فیزیکی. ئەگەرچی پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان چەمکەکانی جینۆسایدی

فیزیکی و بایۆلۆژی لەگەڵ جینۆسایدی فەرهەنگی هەیە، بەڵام چونکە لە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و بە دوای ئەوانیش لە پەیڕەوی دادگەکانیش باسی لێوە نەکراوە، هەر بۆیە دادگەکانی تایبەت بە ڕواندا و یۆگسلاڤیا و دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکراوە، چونکە ئەمە لە دەسەڵاتەکانی دادگـەدا نییە. بەڵام ئەمەیش بەو مانایە نایەت کە دادگەکان لەم بارەیەوە بەتەواوی بێدەنگ بن. دادگەی تایبەت بە ڕواندا لەم بارەیەوە هیچ ئاماژەیەکی نییە، بەڵام دادگەی تایبەت بە یۆگسلاڤیا سەرنجی خستۆتە سەر ئەم بابەتە.

دادگەی نێودەوڵەتیی سزاییی تایبەت بە یۆگوسلاڤیا لە بڕیاری خۆی لە کێشەی کرستیچ، باس لـەوە دەکـات کە لەناوبردنی هێما فەرهەنگییەکانی موسڵمانانی بۆسنیا لە لایەن سربەکانەوە وەک مزگەوت و کتێبخانەی سەرەکیی سارایۆڤۆ، بەڵگەیە لەسەر نیاز و مەبەستی سربەکان بۆ لەناوبردنی موسڵمانانی بۆسنیا وەک گرووپێکی ئایینی. دادگە لە بڕیارەکەی خۆیدا دەڵێت: «لەناوبردنی فیزیکی، سەلماوترین شێوازە بۆ لەناوبردنی گرووپێک، بەڵام لەناوبردنی گرووپێک لە ڕێگەی ڕیشەکێشکردنی ئامانجداری فەرهەنگ و ناسنامەیانەوە شیاوی وێناکردنە. ئەم کردارە دەبێتە هۆی لەناوبردنی کۆتاییی ئەو گرووپە وەک پێکهاتەیەک کە بوونێکی جیاوازی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا هەیە. چەمکی جینۆساید کە لە ساڵی ١٩٤٤ لە لایەن ڕافایل لیمکین دانرا، سەرەتا هەموو شێوازەکانی لەناوبردنی گرووپێکی وەک پێکهاتەی جیاوازی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرت.»

هەرچەندە دادگە ئەوەی خستۆتە ڕوو کە سەڵاحییەتی دادگەییکردنی نییە لەسەر جینۆسایدی فەرهەنگی، بەڵام لە هەمان کاتدا باس لە ڕوودانی هاوکاتی شێوازە جۆراوجۆرەکانی جینۆساید دەکات و جینۆسایدی فەرهەنگییش وەک بەڵگەیەک دەزانێت بۆ سەلماندنی ئـەوەی کە نیازی جینۆسایدی فیزیکیی گرووپێک لە ئارادایە.

ئەنجام

هەرچەندە جینۆسایدی فەرهەنگی لە یاسای نێودەوڵەتیدا تاوانە، بەڵام نابێتە هۆی سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە. دەوڵەتانی جیهان لە ساڵی ١٩٤٨ نەیانتوانی بگەنە کۆدەنگی لەسەر گونجاندنی جینۆسایدی فەرهەنگی لەناو ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و، نەیانتوانی لەم بارەیەوە ئەرکێکی یاسایی بخەنە سەر شانی دەوڵەتان، بەڵام دەکرێ ئەمڕۆ بە سەرنجدان بەو ئەزموونانەی کە مرۆڤایەتی لەو سەردەمەوە تاکوو ئێستا بەدەستی هێناوە و، هەروا مەترسیی تاوانی جینۆسایدی فەرهەنگی لەسەر ئاشتی و ئارامی لەناو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا و ئەو پێشکەوتنانەی کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا بەدی هاتوون و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، جارێکی تر ئەم بابەتە بخرێتە بەرنامەی کاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی لە چەشنی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتننامەیەکی نوێی تایبەت بە جینۆسایدی فەرهەنگی دەربچێت؛ بە جۆرێک کە وەڵامدەرەوەی واقعی جیهانی ئەمڕۆ بێت و ڕێگر بێت لە بەردەم دەوڵەتانی ئەنجامدەری جینۆسایدی فەرهەنگی. بە هەر حاڵ، نابێ ئەو ڕاستییە لەیاد بکەین کە جینۆسایدی فەرهەنگییش هەروەک جینۆسایدی فیزیکی و بایۆلۆژی، بە یەکێک لە شێوازە بەئەنقەستەکانی لەناوبردنی هەر گرووپێکی زمانی، ڕەگەزی یان ئاینیی دادەنرێت؛ چونکە فەرهەنگ پێشمەرجی سەرەکیی ژیانی هەر گرووپێکە، کە بە لەناوچوونی فەرهەنگی ئەندامانی ئەو گرووپە، ئەوا گرووپەکەیش لەناو فەرهەنگەکانی تردا دەتوێتەوە و لەناو دەچێت.

بە سەرنجدان بە پێشینەی دادوەری لە دادگە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە جینۆسایدی فەرهەنگی، دوور نییە لە ئاییندەیەکی نزیکدا جینۆسایدی فەرهەنگی بە تاوان لە قەڵەم بدرێت. ئەم ئامانجەیش دەتوانێ بە سێ شێواز بێتە دی: یان ئەوەیە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ هەموار بکرێت و هەندێک بەندی نوێی تێدا بگونجێنرێت لەسەر جینۆسایدی فەرهەنگی، یان ئەوەتا ڕێککەوتننامەیەکی نوێی تایبەت بە جینۆسایدی فەرهەنگی بێتە ئاراوە، یاخود پەیڕەوی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی هەموار بکرێتەوە و بڕگەیەکی بۆ بەتاواناساندنی جینۆسایدی فەرهەنگیی بۆ زیاد بکرێت.

سەرچاوەکان:

١) عليرضا روستايى، نسل كشى فرهنگى در نظام حقوق بين الملل معاصر، انتشارات جنگل، تهران، ١٣٩٥.

٢) د.ستار عزيزى، حمايت از اقليت ها در حقوق بين الملل، انتشارات نور علم، همدان، ١٣٨٥.

٣) زوينة الوليد، جريمة الإبادة الجماعية على ضوء الاجتهاد القضائي للمحكمة الجنائية الدولية لرواند، مذكرة الماجستير في الحقوق، كلية الحقوق بن عكنون/الجزائر، ٢٠١٢-٢٠١٣.

٤) زياد أحمد محمد العبادي، دور المحاكم الجنائية الدولية الخاصة في تحديد جريمة الإبادة الجماعية والمعاقبة عليها، قسم القانون العام، كلية الحقوق، جامعة الشرق الأوسط، تشرين ثاني ٢٠١٦.

٥) محمد حبيبى مجنده و عليرضا روستايى، بررسى نسل زدايى فرهنگى در حقوق بين الملل با تأكيد بر قضيه فلسطين، مجله حقوق تطبيقى، جلد ١٠، شماره ٢، ١٣٩٣.

٦) د.محمد رفعت، ماهية إبادة الجنس، مجلة أريك، العدد ١٩، السنة الثانية، القاهرة، ٢٠١١.

٧) ميثم حق سرشت و عليرضا آرش پور، نابودسازى فرهنگى از منظر حقوق بين الملل با تأكيد بر اقدامات اسرائيل در سرزمينهاى اشغالى، فصلنام مطالعات حقوق عمومى، دور ٤٨، شماره ٢، تابستان ١٣٩٧.

٨) د.امجد محمد منصور و د.محمد نصر القطري، المسؤلية الجنائية والمدنية والدولية لمرتكبه جرائم الإبادة أمام القضاء، الجزء الثالث، العدد ٣٢.

٩) د. زياد ربيع، جرائم الابادة الجماعية، مجلة دراسات دولية، العدد ٥٩.

پەیوەندییە واتاییەکان
لە پێواژۆی وەرگێڕاندا

پ.د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

پێشەکی

٠/١) گرنگی بابەتەکە:

پێوەندییە واتییەکانو پێواژۆی وەرگێڕان یان پێوەندییە واتاییەکان لە پێواژۆی وەرگێڕاندا بە بابەتێکی گرنگی واتاسازی دادەنرێن، وەرگێر دەبێت بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پێوەندیانەدا بکات و کەم تا زۆر گرفت و کێشەیان هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات، گرفتی پێوەندییە واتاییەکان ، لە پێواژۆی وەرگێڕاندا بخاتەڕوو، بە دیدێکی واتاناسییەوە ئەو بابەت شرۆڤەو شیبکاتەوە.

٠/٢) سنوور و نموونەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەو نموونانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهێنراون، نموونەی زمانی قسەپێکەرانی شێوە زاری سلێمانین. نموونەی وەرگێرانی نێوان زمانەکانی کوردیی و ئینگلیزی به نموونە وەرگیراون.

٠/٣) گرفتو سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە:

گرفتەکانی پێواژۆی وەرگێڕاندا کەم نین، لێکۆڵینەوەکە هەڵدەدات ئەو گرفتانەی بە هۆی پێوەندییە واتاییەکانەوە دروست دەبن بخاتەڕوو پاشان چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێکی تیورییە. سەرچاوەی پێویست لەبەر دەستدابوو. بەڵام نموونەکانی بەشی دووەم لە ئەزموونی لێکۆڵەرەوە هەلهێنجراون.

٠/٤) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکەرەوەیی بەکارهێنراوە.

٠/٥) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم دوو پارە، لە پاری یەکەمدا وەرگێڕان وەکو چەمک و جۆر گرفت خراوەتەڕوو، پاری دووەم بۆ پێوەندییە واتاییەکان تەرخانکراوە، بەشی دووەم لێکۆلینەوەکە پراکتیکییە، برتییە لە هەولێک بۆ خستنەڕووی ئەو گرفتانەی کە لە پێواژۆی وەرگێڕانی پێوەندییەواتاییەکاندا دێنە پێش و پاشان چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە.

١/١) وەرگێڕان

زۆرێک لە نووسەران وەرگێڕکاران‌و زمانەوانان پێناسەی وەرگێڕانیان کردووە. بنەماو جۆرو گرفتەکانیان خستوەتەڕوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵەدات لە ڕوانگەیەکی زمانەوانییەوە تیشک بخاتە سەر وەرگێڕان (بڕوانە: و. قادر وریا (٢٠٠٥: ٣٥)؛ کورش سەفەوی، و. ڕەفعت مورادی: (٢٠٠٥: ٧)؛ محەمەدی مەحویی (٢٠١٠-ب:٤١)؛ عرفان قانعی فرد: (١٩٩٨: ٢٣٢).

وەرگێڕان: پڕۆسەیەکە، تێیدا واتا لە زمانێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ زمانێکی تر، بە مەرجێک ڕەچاوی نزیکترین هاوواتاو شێوازی نووسەر بکرێت لە زمانە بۆ وەرگێڕدراوەکەدا. «وەرگێڕانی باش ئەو وەرگێڕانەیە، کە لە وەرگێڕان نەچێت (و. قادر وریا (٢٠٠٥: ٣٦)). بۆیە دەبێت وەرگێڕ جگە لەوەی شارەزای هەردوو زمانەکەو کلتوورەکانیان بێت، پێویستە ئەو بابەتەی کە وەریدەگێڕێت لە بواری پسپۆڕی خۆیدا بێت‌و توانای بشکێتەوە بەسەر داڕشتنی زمانی بۆ وەرگێڕاودا.

١/١/١) لایەنی وەرگێڕدراو

پێویستە وەرگێڕ پێش هەر چشتێک لە واتای دەقی زمانە بنەڕەتیەکە تێبگات، قەست‌و مەبەستی نووسەری دەقەکە لەلای ڕوون‌و ئاشکرابێت. لە وەرگێڕاندا «نە ڕێزمان، نە وشە، نە دەنگ، نە شێواز وەرناگێڕدرێت، بەڵکو پێویستە واتا (MEANING) وەربگێڕدرێت محەمەدی مەحویی (٢٠١٠-ب: ٤٢) واتە لەم پڕۆسەیەدا هەموو شتێک لە پێناوی واتادایە. کە باس لەوەدەکرێت پێویستە وەرگێڕ ڕێزمان وەرنەگێڕێت، مەبەست لەوەیە، نابێت وەرگێڕ دروستەکانی زمانی بۆ وەرگێڕدراو وەک زمانی لێوەرگێڕدراو بەرهەمبهێنێت. چونکە مەرج نییە دروستەی هەر دوو زمانەکە وەک یەک وابن.

بەڵام پێویستە ئەوەمان بیر نەچێت، کە ڕۆڵی ڕێزمان‌و ڕیزکردنی وشەو دەنگ‌و تەنانەت شێوازیش لە تێگەیشتن‌و واتادا کەم نین، چونکە زۆرجار ڕیزکردنی وشەکان یان دروستە جۆربەجۆرەکان، بەشێوەیەک بەرهەمدەهێنرێن، کە خزمەتی بەدەستەوەدانی واتایەکی دیاریکراو بکەن، چونکە جۆری ڕیزکردنەکە لێکەوتەی واتایی لێدەکەوێتەوە یان کارتێکردن‌و پەرچەکرداریان لە سەر واتا هەیە.

لەم سۆنگەیەوە پێویستە بگوترێت دەقی وەرگێڕاو، هەرگیز وەک دەقە بنەڕەتییەکە دەرناچێت، بەڵام لە دیدێکی زمانەوانییەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە جەخت لەسەر وەرگێڕانی

واتا دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە یاساو پرنسیپی زمانی بۆ وەرگێڕاو پێڕەو بکرێت (بڕوانە (١)).

١) **مطار السليمانيه الدولى.**

کاتێک بمانەوێت نموونەی ژمارە (١) وەربگێڕین لە نێوان دروستەی زمانی عەرەبی و کوردیدا، دەبێت دروستە کوردیەکە هەڵبژێرین چونکە واتای پڕاوپڕ دەدات بە دەستەوە (بڕوانە (٢)).

٢) ا- ؟؟ <فرۆکەخانەی سلێمانی نیودەولەتی<

ب- <فرۆکەخانەی نیودەولەتی سلێمانی <

پیویستە ئاماژە بەوەبکرێت لە نموونەی (٢-ا) سلێمانی نیودەلەتییە و لە (٢-ب) فرۆکەخانەکە نیودەولەتییە.

٢/١/١) تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیی پەیوەست بە وەرگێڕانەوە

زمانەوانەکان لە ڕوانگەی ئەو گۆڕانکاریانەی، بە سەر پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی زمانەکاندا دێن، زمانەکانی جیهانیان پۆلکردووە، ئەم پێنج جۆرەیان خستوەتەڕوو کە بریتیین لەمانەی لای خوارەوە: (زمانە شیکراوەکان، زمانە لکاوەکان، زمانە شکاوەکان، زمانە ئاخێنراوەکان، زمانە نێوانگرەکان) (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Katamba: (١٩٩٣:٥٦)؛ ئەبوبەکر عومەر قادر: (٢٠٠٣: ١٢)، محمد معروف فتاح و سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦: ٨٨)، بڕوا ڕەسوڵ ئەحمەد، ٢٠١١: ٩- ١٢).

لەنێوان زمانەکانی جیهاندا «هیچ زمانێک تایبەتێتی یان سیماکانی تەنیا پۆلێک لە خۆ ناگرێت، بەڵکو دەشێت، بەشێک/ هەندێک لە سیمای پۆلەکانی تریشی هەبێت (ئەبوبەکر عومەر قادر: (٢٠٠٣: ١١)).

زمانی کوردیی، لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و ڕستەسازییەوە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیی و سیمایەکە، کە دەکرێت بخرێتە پۆلی زمانە داڕێژەرو لکاوەکانەوە (Agglutinating Language) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو: (٢٠٠٣: ١٢)؛ ڕۆژان نوری عبدالله: (٢٠٠٧: ١٩)؛ بێستون حەسەن ئەحمەد: (٢٠٠٨: ٢٦)؛ محەمەدی مەحویی: (٢٠١٠-ب: ٢٩).

مەبەست لەوەیە توخمە پێکهێنەرەکانی دروستە جیاوازەکان، لەم جۆرە زمانانەدا مۆرفیمن، بەتایبەتی مۆرفیمی لکاون. «ئەوەی زمانێکی شیکەرەوە بە وشەیەک دەریدەبڕێت، زمانی کوردی بە دەستەواژەیەک یان فرێزێک یان بەڕستەیەک

بەرجەستەیدەکات» محەمەدی مەحویی: (٢٠١٠-ب: ٢٩). بۆیە وەرگێڕان بۆ زمانی کوردیی، بەهۆی پەسنی مۆرفۆلۆژیو ڕستەسازییەوە کارێکی سەختو گران نییە. لێکۆڵەر پێیوایە، دەکرێت چەمکو زاراوە بیانییەکان بە دەستەواژەو فرێزو ڕستە دابرێژرێن، نەک بەتاکە وشەیەک، چونکە لە لایەکەوە وەرگێڕانەکە دەکات بە وەرگێڕانێکی وشە بە وشە، لە لایەکی دیکەوە ئەو هێزو پێزەی نابێت. ئەمەش لە پێناوی ڕوونی واتادایە.

٣/١/١) جۆرەکانی وەرگێڕان

لە سەرچاوەکاندا چەند پۆلکردنێکی وەرگێڕان نیشاندراون بڕوانە: Basil Hatim and Jeremy Munday (٢٠٠٤: ٥- ٤)؛ ڕەفعەت موورادی (٢٠٠٥: ٩-١٨)؛ Hassan Ghazala (٨-٢٠٠٦:٥)؛ محەمەدی مەحویی: (٢٠١٠-ا : ٢٥-٣٣):. ئەو جۆرانەی بەلای لێکۆڵەرەوە گرنگو پڕبایەخن یان بە واتایەکی دیکە، بەکەڵکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دێن بریتین لە:

یەکەم: ئەم پۆلکردنە سێ جۆر وەرگێڕانی خستوەتەڕوو(Basil Hatim and Jeremy Munday (٢٠٠٤:٤)

وەرگێڕانی دوو زمانی: ئەو وەرگێڕانەیە، کە دەقێک یان قسەیەک، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەردەگێڕێت.

وەرگێڕانی هەمان زمانی: بریتییە لەو وەرگێڕانەی، کە تێیدا دەقێک یان ڕستەیەک یان دەربڕینێک، بە زمانێک نووسراوە. لە ناو هەمان زماندا زیاتر ڕووندەکرێتەوە. ئەم جۆرە وەرگێڕانە بۆ لێکدانەوەی دەربڕینە چەسپاوەکان سوودی لێوەر دەگیرێت. پەندو ئیدیەمەکان زۆرجار قسەکەری زمانی دایک بۆی لێکنادرێنەوە، بەڵکو پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. کۆمەڵەوشەکانیش گرفت بۆ ئاخێوەری زمانی دایک دروستدەکەن، چونکە قسەکەری زمانی دایک ناتوانێت لەوە تێبگات، لە نێوان /بەرز/، /درێژ/، /باڵابەرز/ ...هتد دا. بۆ دەبێت ئاوەڵناوی /باڵابەرز/ بۆ مرۆڤ هەڵبژێرێت. تێکستە ئاینییەکان و هۆنراوە و بابەتی وێژەوانیش بوار و مەیدانی ئەم جۆرە لێکۆلینەوەیەن.

وەرگێڕانی ئاماژە (نازمانی): بریتییە لە وەرگێڕانی پارچە مۆسیقاو وێنەو جوولەی لەش...هتد. بۆ زمانی ئاسایی.

دووهەم: ئەم پۆلکردنەش کراوە:

١- وەرگێڕانی وشە بە وشـە: لەم وەرگێڕانەدا دروستەی زمانە بنەڕەتییەکە ناگۆڕێت.

٢- وەرگێڕانی فەرهەنگیی (حەرفی): لەم وەرگێڕانەدا دروستەو دەربڕینەکان بە شێوەی فەرهەنگیی وەردەگێڕێن. ئامێری وەرگێڕان ئەم کارە دەکاتو ئەم جۆرە وەرگێڕانە توانای وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکانی نییە.

٣- وەرگێڕانی واتایی: لەم جۆرە وەرگێڕانەدا، وەرگێڕ تەنها بەدوای واتاو مەبەستی نووسەردا دەگەڕێتو بەلایەوە گرنگ وەرگێڕانی واتایە نەک شتی دی. ئەم جۆرە وەرگێڕانە توانای وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکانو مەبەستە پراگماتیکییەکانو دیوە ئاشکراو شاراوەکانی زمان و واتای بەشێوەیەکی گشتیی هەیە.

٤/١/١) مەرجەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو:

١- دەبێ وەرگێڕ هێندە بەهرەدار بێ کە بەهرەو تواناکانی لە ئاستی توانا و بەهرەکانی نوسەر بێت. واتە وەرگێڕ دەبێ بۆ خۆشی شارەزایەکی باشی لەو بابەتەدا هەبێت و نوسەرێکی چاک بێت و بتوانێ بەرهەمێکی چاک وەربگێڕێت و ژیان و جوڵە بە بەر ئەو بەرهەمەدا بکات کە وەری دەگێڕێت، واتە لە زمانی دووەمدا دووبارە بەرهەمی بێنێتەوە.

٢- وەرگێڕی سەرکەتوو نابێ دەست بداتە کارێک کە دەرەقەتی نەیەت، چونکە لە حاڵەتی وا دا زۆر گەورە نوسەر دەبنە قوربانی وەرگێڕ و متمانەی خوێنەری لە دەست دەچێت (حەمە کەریم عارف ، ٢٠١٠: ٢٠٠).

٣- دەبێ وەرگێڕ شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی کوردی و ئەو زمانە بێگانەیەدا هەبێ کە وەریدەگێڕێت، تاکو بتوانێت بە شێوەیەکی ئەمینانە هەرچی بیر و زانستییەک هەیە، بیکا بە کوردی.

٤- ئاگاداری هەموو ئەو بیر و باوەڕانە بێت کە دەربارەی وەرگێڕان دەدوێت، (جەمال نەبەز ،٢٠٠٨: ١٣).

٥- بە زۆری خەریکی ئەو جۆرە وەرگێڕانانە بێت کەلەزمانی ترەوە وەریان دەگێڕێت بۆزمانەکەی خۆی .

٦- دەبێ بەلای کەمەوەشارەزای باری کۆمەڵی نوسەرەکە بێ و هەست ومەبەستی

نوسەرەکە تێگەیشتبێ، ئەمەش یا بەناسینی نوسەرەکە دەبێ یابەشارەزایی و ئاگادارییەکی باشی کۆمەڵی ئەونوسەرە دەبێ، چونکە بیرکردنەوەی کۆمەڵێک لەبیرکردنەوەی مرۆڤێکی ئەوکۆمەڵەیەدا لەوەیە لەشێوەیەکدا یان زیاتر لەشێوەیەکدا ببینرێت.

٧- شـارەزای ئەو زانستە بێ کەنوسەرەکە لێی کۆڵیوەتەوە، بۆنمونە ئەگەر مرۆڤێک شتێکی لەزانستی کۆمەڵایەتیدا وەرگێڕا ئەوا دەبێت شتێک دەربارەی زانستی کۆمەڵایەتی بزانێ، ئەگینا وەرگێڕانەکە کون و کەلەبەری زۆری تێدا بەکاڵی دەمێنێ.

٨- دەستێکی باڵای هەبێ لەبەکار هێنانی فەرهەنگدا جگە لەمەش ئەو فەرهەنگانە بەکاربهێنێ کەپەیوەندی بەباسەکەوە هەیە، بۆ نمونە ئەگەر وەرگێڕانەکە لەبارەی وەرزشەوە بوو ئەوادەبێ فەرهەنگی وەرزشی بەکار بهێنێ (ابراهیم ئەمین باڵدار ،١٩٨٨: ١١٣).

٩- وەرگێڕی سەرکەوتو نابێت بەرگێکی خۆماڵی ئەوتۆ بەبەردەقە وەرگێڕاوەکەدا بکات کە خوێنەر لای وابێت ئەو دەقە بەکوردی نوسراوە ، واتە کوردان‌دن نیشانەی سەرکەوتنی وەرگێڕ نییە ، بەڵکو پاراستنی دابونەریت و خەسڵەت و ڕەنگ و بۆی ئەوژینگەیەی کەکارە وەرگێڕدراوەکەی تێدا بەرهەم هاتووە نیشانەی ئەمانەتداری وەرگێڕە.

١٠- وەرگێڕ وەک هونەرمەندێک پێویستە بەهرەی هونەرمەندانەی تێدابێت ، ئەم بەهرەیەش بەڕاهێنان و تاقیکردنەوەی زۆر گەشەدەکات(١) .

ئەگەر ئەو مەرجانەی سەرەوە لەوەرگێڕەکەدا نەبێت ئەوا وەرگێڕانەکەش دەبێتە کارێکی ناتەواو ، هەروەها دەبێتە هۆی سەرلێ شێوانی خوێنەرەکەش.

٥/١/١) گرفتەکانی وەرگێڕ

گرفتی وەرگێڕان وەک پروسەیەکی تەواو گرێدراو بە زانستی زمانەوە کەم نین، وەک تێنەگەشتن و هاوتا نەبوونی دەربڕینە چەسپاوەکان (پەند، ئیدیەم، میتافۆر...هتد) و دەوربەرە جیاوازەکان لە هێنانە کایەی مەبەستی پراگماتیکیدا و وەیەک نەبوونی پەیوەندییە واتاییەکان کە مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆلینەوەیەیە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، وەرگێڕانی دوو زمانی نزیک لە یەکدی لە ڕووی کولتوورییەوە، وەک لە دوو زمانی دوور لە یەکدی ئاسانترە.

وەرگێڕی ئێرانی (محەمەدی قازیی) پێیوایە «وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ زمانی دایک ئاسانترە. بە بەراورد لەگەڵ وەرگێڕان لە زمانی دایکەوە بۆ زمانی بێگانە، چونکە کاتێک وەرگێڕ لە زمانی دایکی خۆیدا کاردەکات، بە دوور دەبێت لە هەڵەی ڕێزمانیو شارەزاترە لە پەیوەندییە کلتووریەکانی زمانی دایکی خۆیی. وەرگێڕ (محەمەدی قازیی) دەڵێت: من وەرگێڕانی فەرەنسی بۆ فارسی ئاسانترە بەلامەوە، وەک لە وەرگێڕانی فارسی بۆ فەرەنسی (عرفان قانعی فرد (١٩٩٨: ٢٣٦)). زانستانەتر ئەمە لێکبدەینەوە تێگەیشتن لە هەر زمانێکدا قۆناغی یەکەمەو ئاسانترە لە بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنان لە زمانی دایکدا ئاسانترە وەک لە زمانی دووەمدا.

تەنانەت نووسەران پێیانوایە، وەرگێڕان لەو زمانانەدا ئاسانترە، کە سەر بە یەک خێزانی زمانین، ئەمەش بۆ نزدیکی کولتوورو ژیاری دەگەڕێتەوە. «وەرگێڕان لە زمانی عیبرییەوە بۆ عەرەبی، یان لە ئینگلیزییەوە بۆ فەڕەنسی ئاسانترە (حسین یعقوبی، و. ئیسماعیل زراعی (٢٠٠٧: ٤٤)) ، بەڵام لە ئەڵمانییەوە بۆ فلندی بە هۆی جیاوازی لە خێزانی زمانەکاندا، گرفتی زۆر دروستدەکات. وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ فلندی گرفتەکە زۆرتر دەکات، بەهۆی جیاوازی خێزانی زمانەکانو کولتووری جیاوازەوە.

٢/١) **پێوەندییە واتاییەکان** Semantic Relations

واتاناسەکان زۆریان لە بارەی پێوەندییە واتاییەکانەوە دواون، لەوانە ڕۆبنس (Robins, General Linguistics (١٩٦٤:٢٧)) ئاماژە بەوە دەکات بەشێک لە واتای سەرەکی وشەکان لە هەموو زمانەکاندا، بەهۆی پەیوەندییەکانیانەوە لەگەڵ وشەی دیکەدا ، لەسەر هەردوو ئاستی (تەکنشینیو جێنشینی) دیاری دەکرێن.

ف. بالمەریش، دەڵێت (ف. بالمر، علم الدلالە، ترجمە: عبدالمجید الماشطە، (١٩٨٥: ٣))
« پێوەندییە واتاییەکان پێوەندی نێوان یەکەکانی زمانە، واتە پێوەندیەکانی ناوەوەی زمان».

بلومفێلد بڕوای وایە in Gatte(٢٠٠٤:٤٥)) «وشە فەرهەنگییەکان بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی چەند یاسایەکی ڕێکوپێکەوە ڕێکخراون، بەهۆی پێوەندیان لەئاستەکانی فۆنۆلۆژیو سیمانتیکو سینتاکسدا».

(محمد معروف فتاحیش، زمانەوانی (١٩٩٠: ١٦٣)) پێوەندییە واتاییەکان بە پێوەندی لۆژیکی دادەنێت، ڕای وایە پێوەندییە واتاییەکان برتییە لەپەیوەندی نێوان وشەکانی زمان.

واتاناسەکان پێوەندییە واتاییەکان بە گرنگترینو سەرەکیترین بەشی زانستی واتاسازی دادەنێن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە) ف. بالمر، (علم الدله، (١٩٨٥: ٣٩).

وشە فەرهەنگییەکان لەسەر ئاستی سیمانتیک واتاکانیان وەردەگـرن، لەو پێوەندیانەی کە لەگەڵ وشە فەرهەنگییەکانی دیکە هەیانە، بەو پێوەندیانە دەوترێت پێوەندییە واتاییەکان. بەڵام مەرج نییە هەموو وشە فەرهەنگییەکان بە ئاسانی نیشانە واتاییەکانیان دەستنیشان بکرێن. بەڵکو ناوە کونکرێتییەکان بە بەراورد لەگەڵ ناوە ئەبستراکتەکاندا نیشانە واتاییەکانیان ئاسانتر، دیاریدەکرین. هەرچی کردارەکانیشن زۆر بە زەحمەت نیشانە واتاییەکانیان دەستنیشان دەکرێن.

یۆڵ لە Yule, The Study of Language (١٩٩٦:١١٨) لەچارەسەرکردنی ئەو کێشەیەداو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم وشانەدا، پێشنیازی ئەوە دەکات ئەم وشانە لە ڕێگەی ئەو پێوەندیانەی، کە هەیانە لەگەڵ وشەکانی دیکەدا واتایان دیاری بکرێت، نەک لە ڕێگەی نیشانە واتاییەکانیانەوە. ئەم ڕێگە چارەیەی یۆڵ وەک ئەلتەرناتیڤێک سەیردەکرێت. «ئەمە ئەوە ناگەیێنیت، پێوەنییە واتاییەکان تەنها لە نێوان وشەکانی زماندا هەبن، بەڵکو ئەو دیاردەیە لە ڕستەو سەروو ڕستەشدا هەیە» دارا حەمید محەمەد، ، (٢٠٠٦: ٦).

کریستەڵ لە Crystal, Linguistics (١٩٨٥:٢٣٧)) بۆ چارسەرکردنی ئەو کێشەیە پێشنیازی دابەشکردنی وشە فەرهەنگییەکان بۆ چەند کێلگەیەکی واتایی دەکات، کە لەو بوارانەدا وشەکان بەیەکەوە بەستراون، بەچەند ڕێگەیەکی دیاریکراو. نموونەی کێلگە واتاییەکان (ڕەنگەکان، خواردنەکان، ئەو وشانەی کە خزمایەتی دەگەیێنن...هتد)

زمان، کۆکردنەوەی هەرەمەکیانەی دانە دانەی وشەکان نییە، بە واتایێکی دی وشە فەرهەنگییەکان بەتەنیا بەکار ناهێنرێن، لایەنێکی زۆری واتاکانیان بەهۆی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ وشەی دیکەداو لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا دەست دەکەون.

ئەم پەیوەندیانەش بریتین لە: تەکنشینیو جێنشینی

تەکنشینی Syntgmatic

ڕۆبنس لە (Robins, General Linguistics (١٩٦٤:٤٨)) دەڵێت « تەکنشینی ئەو پێوەندییە کە لە نێوان وشەکاندا، بوونی هەیەو دەبێتە هۆی پێکهێنانی

دروستەیەکی زنجیرەیی لە ئاستێکی دیاریکراودا»، لیۆنیش لە (Lyons, Language and Linguistics (١٩٨١:٩٦)) پێیوایە «تەکنشینی ئەو پەیوەندیانەن، کە لەنێوان ڕەگەزەکاندا هەن، کە دەتوانرێت لە رستەیەکی دروستدا، بەیەکەوە بهێنرێن».، هەروەها ڕای وایە زاراوەی (تەکنشینی) پێوەندی بە ئاستی سینتاکسییەوە هەیەو واتایەکی دیکەی نییە، جگە لە پێکەوە هاتن نەبێت.

ف. بالمر یش لە (ف بالمر، علم الدله، (١٩٨٥: ٧٦)) ڕای وایە « پێوەندی پێکەوەهاتنی نێوان وشەکانە بەپێی پێکەوە گونجانیانە، ئەمەش بۆ دەرکەوتنی نرخو بەهای وشەکان گرنگە. بەهۆی ئەو پێوەندیانەی کە لەگەڵ وشەکانی دیکەدا چ لەپێشەوە یان دواوە بێت دروستی دەکەن.

کریستەڵ لە (Crystal, Linguistics (١٩٨٥:١٦٢)) دەڵێت « بەگوێرەی بۆچوونی سۆسێر هەر ڕستەیەک لە زنجیرەیەک هێما پێکدێت، هەرهێمایەکیش بەشداری دەکات لە واتای گشتیی ڕستەکەدا، هەر هێمایەک بگرین هاوشێوەی هێماکانی دیکە نییە».

پێوەندییە واتاییەکان لەنێوان کەتەگۆرییە جیاوازەکاندان (ناو و کردار یان ناو و ئاوەڵناو...هتد) لەم پێکهاتانەدا هەمیشە پێوەندی لەنێوان کەرەستەکاندا هەیە. یەکێکیان بەشەکردارەو ئەوی تریان دیاریدەکات بڕوانە(٣).

(3She is writing a lleter.

(ئەو نامە دەنووسێت)

پەیوەندێکی ئاسۆیی هەیە لە نیوان ئەم چوار وشەیەدا، دەتوانرێت بەشێوەیەکی ئەبستراکت دەرببڕیت.

(Pronoun +Auxiliary Verb +Main Verb + Object)

وشەکانی رستەی (٣) پێکهاتوون لە(She- is- writing- a lleter)، کرداری ڕستەکە (writing) کردارێکە پێوستی بە (ئارگۆمێنتێک) بکەرێک هەیە کە هەڵگری سیفەتی (+ مروڤ،، + خویندەوار)بێت، بۆیە جێناوێک هاتووە لەشوێنی بکەردا، لەلایەکی دیکەوە کرداری ڕستەکە تێپەڕەو پێوستی بە بەرکار هەیە، جۆری بەرکارەکەش دەبێت شتێک بێت، بنوسرێت، وەک (lleter History, ...هتد). پیویستە ئەوەش بگوترێت کردار سەرەتا ئارگۆمێنتی بەرکار هەڵدەبژێرێت پاشان کردارو بەرکار، بکەر هەڵدەبژێرن. واتە /نووسین/، /نامە/ هەڵدەبژێرێت، پاشان هەردووکیان بەیەکەوە /ئەو/ هەڵدەبژێرن.

بۆیە دەتوانرێت بگوترێت، بەشەکردار لەم ڕستەیەدا، کرداری ڕستەکەیەو هەموو دانەکانی دیکەی رستەکە پەیوەستن بەمەوە. واتە کردار، بەرکار و بکەر تەنانەت دروستەی ڕستەکەش دەستنیشان دەکات.

٢-١/١) جێنشینی Paradigmatic

ڕیچاردز لە ١٩٩٢:٣٦٩ (Rechards) دەڵێت «ئەو وشانەی کە دەتوانن لە ڕستەدا جێگەی یەکتری بگرنەوە، بە هێڵێکی ستوونی دەنوێنرین»، ئاستی ستوونی برتییە لە پێوەندی نێوان وشەیەک لە ڕستەیەکدا و وشەیەکی دیکە، کە لە ڕستەکەدا بوونی نەبێت، بەڵام لە هەمان کەتەگۆری بیت، بەمەرجێک بتوانن جێی یەکدی بگرنەوە، بێئەوەی دروستەی ڕێزمانی ڕستەکە بگۆردرێت، بڕوانە (٤).

(4

I give Tracy The book =Syntgmatic realation

Passed Paradigmatic

Handed

لە جێنشێنیدا واتاو بەهای هەر وشەیەک بەگەڕانەوە بۆ وشەکانی دیکە، لەهەمان کەتەگۆری‌و لەپێڕەوی زمانەکەدا دەستدەکەوێت، ئەم ئاستە زۆر بە فراوانی لێکۆلینەوەی لەسەر کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ئاستەکە زور پێویستن‌و بە هۆیانەوە دەتوانرێت، ڕستەی واتا دروست لە ڕستەی واتا نادروست جیا بکرێتەوە. چەند جۆرێک جێنشینی هەن، وەک (هاوواتایی، دژ واتایی، فرەواتایی، هاوبێژ، لێلی، گرتنەوە...هتد)، قسەکردن لەم بارەیەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە بە کاری سەرەکی خۆیی دەزانیت.

یەکەم: هاوواتایی (Synonymy)

بە یەکێک لە پێوەندییە واتاییەکان دادەنرێت، «وشەی هاوواتا بەو وشانە دەگوترێت کەیەک مانا دەبەخشن، یاخود مانایان لێک نزیکە، بەڵام لە خوێندنەوەو نووسیندا جیاوازن» ئەورەحمانی حاجی مارف، ،(١٩٧٥: ٢٠). وشە یان دەربڕینە هاوواتاکان، لانی کەم دەتوانرێت لە هەندێک بارودۆخدا ئاڵوگۆریان پێبکرێت. واتە دەتوانن جێگەی یەکدی بگرنەوە.

«هەندێک زمانەوان سنووری هاوواتایی زۆر تەسکدەکەنەوە، پێیان وایە دەبێت توانای جێگرتنەوەیان هەبێت لە هەموو شوێنێکدا»، دارا حەمید محەمەد، (٢٠١٠: ٨٠). بەم پێیە بێت هاوواتایی تەواو لە زماندا بوونی هەر نییە. بە پێچەوانەشەوە زمانەوان هەیە سنووری هاوواتایی زۆر فراوان دەکاتو پێیوایە «ئەو وشانە دەبن بە هاوواتا، کە یەک واتا دەگەیێنن» (جون لاینز، (١٩٨١: ٧٣)).» قسەکەر بە یارمەتی ئەم دیاردەیە دەتوانێت قسەکانی خۆی بە شێوەیەکی هەمەجۆر دەرببڕێت» ئارا عەلی ئەحمەد، (٢٠٠٧: ٤١). بۆیە بەهۆی هاوواتاییەوە قسەکەر دەستی کراوەتردەبێت. هاوواتایی سوودی لێدەبینرێت لە داڕشتنی دەقو تێکستی ئەدەبی، هەتا خوێنەر بێزار نەبێت لە چەند بارە کردنەوەی وشەیەک.

(Cruse) لە (١٩٨٦:٢٦٨) هاوواتایی دەبەستێتەوە بە نیشانە واتاییەکانەوە، دەڵێت (هاوواتا پەیوەندی نێوان ئەو وشانەیە کە نیشانە واتاییە بنەڕەتییەکانییان وەکیەکن) بڕوانە (٥).

٥) ا- ئێش، ئازار

ب- خەم، خەفەت

لەگەڵ ئەم زانیاریانەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە هەندێک هاوواتا هەن، واتایان میتافۆرییەو لە ئاستی سینتاکسدا دروستدەبن، نەک لە فەرهەنگو ئاستی مۆرفۆلۆژیدا، وەک نموونەکانی ژمارە (٥)، بڕوانە (٦).

٦) ا- دەستبڕین، قۆلبڕین

ب- دەمپیس، زمانپیس

دووەم: دژ واتایی (Antonymy)

جۆرێکە لە پێوەندییەواتاییەکان، هێنانەوەی لەهەندێک باردا پێویستە، هەندێک جار بۆ گەیاندنی واتای وشەیەک پەنا بۆ دژەکەی دەبرێت. ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی واتاوە دژی یەکن، یان ئەو وشەو دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە پێوەندییەکی پێچەوانە بە یەکیانەوە دەبەستێت، بەڵام لە یەک بواری واتاییدان. پێویستە بگوترێت مەرج نییە، هەموو وشەیەک دژی هەبێت.

دژواتایی پەیوەندییەکی دوانەیی نەسازی سروشتین، لە جووتە پێچەوانەی یەکتریدا خۆیان دەبیننەوە.

بیرۆکەی نەسازی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە وشەیەک لە جووتێکی پێچەوانەدا واتاکەی بەلایەکدا دەکەوێتو پێچەوانەی لاکەی دیکەیە. بۆ نموونە شتێک کە درێژە واتای وایە کورت نییە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (٧).

٧) ا- گەورە X بچووک

ب- دوور X نزیک

ئەم پەیوەندییە وەک پەیوەندییەکی دوانەیی ئاماژەی بۆ دەکرێت، دوو سیفەت هەن لە جووتێکی پێچەوانەدا دەردەکەون. هەرچەندە هەندێک جار سیفاتی دیکە لە نێوان ئەم سەرو ئەو سەری ستوونەکەدا دەردەکەون. بەڵام ئەمە پەیوەندی بە دژواتاییەوە نییە، بڕوانە (٨).

٨ گەرم ———— فێنک ———— سارد

دژ واتایی چەند جۆرێکی هەیە وەک (جیاوازی و پێچەوانەییو بەرانبەری تەواوکەرانە و بەرانبەری پلەدار...هتد) (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (کورش سەفەوی، و.دلێر سادق کانەبی، (٢٠٠٦: ١- ١٥) ، (دارا حمید محمد، (٢٠١٠: ١٠٧ –١١٤)

سێیەم: هاوبێژی/ هەمان فۆرم (Homonym)

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە فۆرمدا وەکیەکنو لە واتادا جیاوازن، یان «ئەو وشانەن، کە بە خوێندنەوەو نووسین وەک یەکن بەڵام مانایان جیاوازە» ئەورەحمانی حاجی مارف، (١٩٧٥: ١٥). پێوەندییە واتاییەکان و هاوبێژی گرفتێکی زۆر بۆ وەرگێرو ئەو کەسانەی فێری زمانی دووەم دەبن، دروستدەکەن. «تەنانەت منداڵ لە دوا قۆناغەکانی تەمەنی منداڵیدا فێری پێوەندییە واتاییەکان دەبێت ، (بێستوون حەسەن ئەحمەد، (٢٠١١: ١٤٦)

لێکۆلەران پێان وایە هاوبێژی «هیچ کاتێک لە خزمەتی زماندا نییەو بوونی پێویستییەکی زمان نییە» محەمەد مەعرووف فەتاح، (١٩٩٠: ١٧١). «هاوبێژی بە هیچ جۆرێک پیویست نییە لە زماندا هەبێتو تەنها بۆ یاریکردن بە وشە دەست دەدات». هەر ئەم یاریکردنەیە دەبێتە گرفت بۆ منداڵو وەرگێڕو ئەو کەسانەی، کە لە هەوڵی فێربوونی زمانی دووەمدان. ئەم یاریکردنە نوکتەو قسەی نەستەق دروستدەکات.

تەنانەت لە ئەدەبیشدا هەندێک لە شاعیران یاریان بە وشەکردووەو سوودیان لە هاوبێژو کۆمەڵەوشە بینیوە[١].

پێویستە بگوترێت نیشانە واتاییەکان ڕۆلێکی گرنگ لە یەکلایکردنەوەی هاوبێژدا دەبینن‌و جۆری هاوبێژەکانیش دیاریدەکەن بۆ زانینی جۆری هاوبێژەکان، (بڕوانە: محەمەدی مەحوی، (٢٠٠٩: ٤٧).

چوارەم: هاودەنگ (Homophone)

هاودەنگ بەو پەیوەندییە واتایە دەگوترێت، کە دوو وشە لە خویندنەوەدا وەک یەک وان، بەڵام واتاو نووسینیان جیاوازە. هەرچەندە زۆربەی لێکۆلینەوەکان ، (بڕوانە: دارا حەمید محەمەد، (٢٠١٠:٦٤–١٥٥)؛ پەروین عوسمان عەللاف، واتاو وەرگێڕان، (٢٠٠٩: ١١٧– ١٥٢) لێکۆلەرەوان ئاماژەیان بەم پێوەندییە واتاییە نەداوەو هەستیان بە بوونی نەکردووە. وایان هەستکردووە، لە زمانی کوردیدا نووسین‌و ڕێنوس چۆن بێت، خوێندنەوەش بە هەمان شێوە دەبێت. واتە چۆن دەنووسیرێت واش دەخوینریتەوە، بڕوانە (٩).

٩) ا- کابرایان کرد بە پەند. [peng]

ب- ئاوەکە پەنگی خواردەوە. [peng]

لە (٩-ا)دا، وشەی /پەند/ بە /پەنگ/ دەخۆینرێتەوە. واتە ئەم دوو وشەیە /پەند/و/ پەنگ/، جگە لەوەی لە واتادا جیاوازن لە نووسین‌و ئیملاشدا جیاوازن، بەڵام لە خویندنەوەدا وەک یەکن. لەرووی واتاوە /پەند/ بەواتای /عیبرەت/دێت. بەڵام وشەی /پەنگ/ بەواتای /کۆکردنەوە/ دێت.

١- شاعیری کورد، مەلا غەفوری سلاخی دەڵێت:

تا بێژم تێت ئەبرم خاوەنی جوانی‌و دەسەلات

چاوی ئاواتو هیوا ئەی گوڵی سەرتۆپی وڵات

لەم نموونەیەدا وشەی /تێت ئەبرم/ هاوبێژە، دوو واتای هەیە، واتای یەکەمیان وشەیەکی تابۆیەو پەیوەندی بەسیکسەوە هەیە. بەڵام کاتێک شاعیر نیوە دێڕی دووەمی بەیتەکە تەواو دەکات. خوینەر تێدەگات کە / چاوتیبڕینە/ نەک پرۆسەیەکی سێکسی. وەرگیراوە لە: عەلائەدین سەجادی، ڕشتەی مرواری، بەرگی حەوتەم (٢٠٠٥: ١٥٣).

پێنجەم: هۆمۆگراف/ هاوپیت (Homograph)

هۆمۆگراف (بو زانیاری زیاتر بڕوانە: www.bartleby.com) بەو پەیوەندییە واتایە دەگوترێت، لە نووسیندا وەک یەکن، بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازن، هەروەک هۆمۆفۆن واتایان جیاوازە، بڕوانە (١٠).

١٠) ا- تۆ <u>کوردی</u>؟

ب- دەچین بۆ بەشی <u>کوردی</u>.

لە (٨-ا،ب)دا، وشەی /کوردی/ لە نووسینو ئیملادا وەکیەکن، بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازن. لە ڕووی واتاشەوە /کورد/ یەکەم بە واتای نەژاد یان ڕەگەز دێت. مەبەست لەوەیە تۆ لە نەتەوەی کوردیت. بەڵام وشەی /کوردی/ لە (٨- ب)دا /------ی/ بەشێکە لە وشەکەو واتای زمانی کوردی دەگەیێنێت. پێویستە لە پێوەندییە واتاییەکاندا ڕۆڵی کۆمەلەوشە لەبەرچاو بگیرێت. بۆ نموونە لە (٧-ب)دا، بە هۆی هاوڕییەتی وشەی /ئاو/لەگەڵ وشەی /پەنگ/دا، بەرەو واتای /کۆکردنەوە/ دەبرێن. لێکۆلەر پێیوایە، جگە لەلایەنی دەنگی، ئەوە کۆمەلەوشەیە پێماندەلێت لە (٧-ا،ب)دا، کام وشەی /کوردی/ نەژادی کوردەو کام وشەی /کوردی/ زمانی کوردییە.

شەشەم: فرەواتایی (Polysimy)

بابەتێکی واتاسازییە برتییە لە پەیوەندی نێوان هێمایەکو چەند هێمابۆکراوێک، یان ئەو فۆرمەیە کە دەتوانێت چەند واتایەک بگەیێنێت. «یەکێک لە تایبەتییەکانی زمان لەوەدایە، کە وشەی وای تێدایە توانای گەیاندنی چەند واتایەکی جیاوازی هەیە.

فرەواتایی ئاماژە بە واتاکانی وشەیەک دەکات، زمانەوانەکان باوەڕیان وایە « هەندێک وشە هەن لە زماندا لە واتایەک زیاتریان هەیە»، بڕوانە (١١).

١١) زمان ـــــــ ئەندامێکی لەش
            ـــــــ زمان (لغە)

حەوتەم: لێلی (Ambguity)

ئەم پێوەندییە واتاییە بەوە پێناسە دەکرێت، کە «وشەیەک یان ڕستەیەک یان هەریەکەێکی واتایی زیاتر لە واتایەک بگەیێنێت»(Crystal, ٢٠٠٣:٢١). ئەم دیاردە واتاییە لە دوو ئاستدا دروست دەبێت، لە ئاستی مۆرفۆلۆجیو سینتاکسدا، لە ئاستی

مۆرفۆلۆجیدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە هاوواتاو هاوبێژەکانەوە دەبێت. لە ئاستی سینتاکسدا خستنەڕووی دروستە جۆر بەجۆرەکان دروستی دەکەن. ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت ڕستەکان لە ئاستی قوولدا (Deep structure) جیاوازبن، بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا (surface structure) وەکیەکبن، ئەمەش لێلی لە واتادا دینێتە ئاراوە. بەو واتایەی لێلی، زیاتر لە خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت. هەر لەبەر ئەمەیە «لە ساڵی (١٩٦٤) دا (Katz&Postal) بانگەشەی ئەوەیانکرد کە واتا تەنها بەپێی دروستەی قووڵ دیاریبکرێت» (شیلان عومەر حسەین، (٢٠١١: ١٧٢)). چونکە دروستەی ڕووکەشە لێلی دەهێنێتە ئاراوە (بڕوانە (١٢)).

١٢) پێتدەڕێژم ← شلەیەک بە یەکێک بڕژێت.
← کۆکردنەوەی خەفەتێکی زۆرو لەپڕدا ئەو کەسە داخی خۆی پێبرژێت.

هەشتەم: گرتنەوە (Hyponymy)

پەیوەندییەکی لە خۆ گرتنە وشەیەکی گشتییە، هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە کە تایبەتترن لە وشە گشتیەکە. یان لە خۆ گرتنی واتای وشەیەکە لە وشەیەکی گشتیدا.

بۆ نموونە وشەی گۆشت وشە گشتییەکەیە، کە ئەم وشانەی دیکەش لە ناویاندا جێگەیان دەبێتەوە (گۆشتی مەڕ، گۆشتی ماسی، گۆشتی مریشک...هتد).

نۆیەم: میلۆنیمی (Melonymy)

یەکێکی ترە لە پێوەندییە واتاییەکان، «برتییە لە ئاماژەکردن بۆ شتێک لە ڕێگەی ناوهێنانی شتێکی دییەوە». ئەمە تایبەتمەندیەکی قسەکردنەو لە ڕەوانبێژیدا بەکاردەهێنرێت، کە تیایدا شتێک باسدەکرێتو بەڵام ناوەبنەرەتیەکەی ناهێنرێت. بۆ نموونە وشەی (Holly Wood) ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی سینەما لە لای ئەمریکییەکان. لە بنەمادا وشەی (Holly Wood) هەرێمێکە لە لۆس ئەنجەلۆس. ناوەندێکی کلتووریو مێژوویيو ئەستێرەناسیو سینەماییە.

نموونەیەکی تر وشەی (مەساج) لە بنەمادا ئاماژەیە بۆ سەنتەری شێلان، بەڵام ئەمڕۆ وەک ناوەندیکی بێرەوشتیو سەنتەری لەش فرۆشی ئاماژەی بۆ دەکرێت.

دەیەم: مێرۆنیمی

لە زانستی سیمانتیکدا میرۆنیمی بە بەشێک یان ئەندامێک دەوترێت لە گشت. بۆ نموونە چاو میرۆنیمی دەموچاوە، یان کۆلێژ بەشێکە لە زانکۆ. نووسینی پێڕەوبەندانەی مێرۆنیمی بەم شێوەیە دەبێت، بڕوانە (١٣):

١٣) ا- چاو< دەموچاو

ب- کۆلێژ < زانکۆ

یازەیەم: هۆلۆنیمی

لە زانستی سیمانتیکدا و لەناو پەیوەندییە واتاییەکاندا، هۆلۆنیمی بە گشتێک دەوترێت بۆ بەشێک یان ئەندامێک. لێرەدا گشتەکە ئاماژەیە بۆ بەشەکان. نووسینی پێڕەوبەندانەی هۆلۆنیمی بەم شێوەیە دەبێت، بڕوانە (١٤):

١٤) ا- دەموچاو < چاو

ت- زانکۆ < کۆلێژ

٢/٢) پەیوەندییە واتاییەکان لە پێواژۆی وەرگێڕاندا

١/٢/٢) گرفت و چارەسەری پەیوەندییە واتاییەکان لە پێواژۆی وەرگێڕاندا

گرفتی پەیوەندییە واتاییەکان پەیوەست بە وەرگێڕانەوە ڕێژەییە، واتە لە پەیوەندییەکەوە بۆ پەیوەندیکی دیکە جیاوازی هەیە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پڕ کێشەترین پەیوەندییەوە بۆ کەم کێشەترین پەیوەندی ڕیزیان دەکات.

یەکەم: هاوواتایی (Synonymy)

ئەگەر وشەی هاوواتا بەو وشانە بگوترێت کەیەک واتا دەبەخشن، یاخود واتایان لێک نزیکە، بەڵام لە خوێندنەوەو نووسیندا جیاوازن، ئەوا مەرج ئەو دوو فۆرمەی لە زمانێکی دیاریکراودا یەک واتایان هەیە، لە زمانیکی دیکەدا بۆ هەمان چەمک و واتا دوو فۆرمی جیاواز هەبن، بڕوانە (١٥).

١٥) ا- لە زمانی کوردیدا وشەکانی /کچ/ و /کیژ/ هەرچەندە سەربە شێوە زاری جیاوازن، بەڵام تاڕادەیەک بەهاوواتا دادەنرێن.

ب- لەزمانی ئینگلیزیدا دوو فۆرمی جیاوازمان نییە بۆ گەیاندنی واتای کچ /girl/.
بەپێچەوانەوە لە زمانی ئینگلیزیدا چەندین فۆرمی جیاوازبۆ گەیاندنی واتای پرسیارو وەڵام هەین/query/, /inquire/ , /question/ , /ask/و /answer/,/retort/,/respond/,/reply// هەن، کەچی لە زمانی کوردیدا ئەم چەمکانە بەیەک فۆرم دەردەبڕێن. ئەمەش تاڕادەیەک سەرلێشێواوییە بۆ وەرگێڕ، چونکە لە هەندێک باردا وەرگێر لەسەربنەماکانی زمانی یەکەم سەیری زمانی دووەم دەکات، یان لەسەربنەمای زمانی ئامانج تەماشای زمانی سەرچاوەدەکات.

یەکەم : فرە واتایی

یەکێک لەو گرفتانەی دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم وەرگێڕدا فرەواتاییە. لە بنەمادا فرەواتاییە دیاردەیەکە تێدا وشەیەک بە پرۆسەی گۆڕانی (فراوانبوونی) واتادا دەڕوات، ئەنجامەکە فرە واتایی لێدەکەوێتەوە. ئەم فرەواتاییە لە چێوەی (context) زمانیدا ڕوون دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر وەرگێر زمانی بۆ وەرگێڕدراو بە باشی نەزانێت توشی گرفتی دەکات، بڕوانە (١٥).

١٥) تاڵ-------------تاڵی قژ

تاڵی دەزوو

تاڵی هیتەر ...هتد

لەم ڕستانەی خوارەوەدا بەریز وشەی (تاڵ) بۆ یەکێک لەو واتایانە بەکاردێت، بڕوانە (١٦):

١٦) ا- تاڵێکی بەسەر جلەکانمەوە بەجێمابوو.

ب- کراسەکەم بەیەک تاڵ دوورییەوە.

پ-کەشەکەی گەرمە یەک تاڵ داگیرسێنە.

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی /گەورە/ بە پرۆوسەی فراوانبوونی واتادا چووە و بووە بە فرە واتا. لە پاڵ قەبارەدا بۆ تەمەن شکۆش بەکاردەهێنرێت، بڕوانە (١٧):

١٧) ا- مێزەکە گەورەیە. نیشاندانی قەبارەیە

ب- ئالان لە من بچوکترە. نیشاندانی تەمەنە

پ-قازی پیاوێکی گەورەبوو. نیشاندانی شکۆ و مەزنییە

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناوەکانی / big – large – / great/مان هەن. ئاوەڵناوی great/ / تەنها بۆ شکۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئاوەڵناوەکانی / big/ large – بۆ قەبارە بەکاردەهێنرێن. هەرچی ئەو ئاوەڵناوانانەن کە پەیوەندییان بە تەمەنەوە هەیە برتیین لە /older – younger/ (گەنجترو پیرتر)، ئەم تێکەلییە لە نێوان دوو زماندا بۆ وەرگێڕ ئاسان نییە.

نموونەیەکی دیکەی فرەواتایی، ئاوەڵناوەکانی /قورس/ و /سوک/ لە زمانی کوردیدا فراوانبوونی واتایان بەسەردا هاتووە، لە کێشەوە فراوانبوون بۆ /زەحمەت و نازەحمەت/، / کەسایەتی و ناکەسایەتی/ ، بڕوانە (١٨):

١٨) ا- جانتاکەی دەستی سووکە / قورسە. نیشاندانی کێش

ب-پرسیارەکانی وانەی کۆمپیوتەر سووکبوون/ قورسبوون. نیشاندانی نائاسانی و ئاسانی

پ-هەر پیاوێک دەست بۆ موڵکوماڵی گشتی بەرێت، سووکە. هەر پیاوێک درۆ نەکات قورسە. نیشاندانی کەسایەتی

بەڵام لە زمانی ئینگیزیدا ئەم فرانبوونی واتا و فرەواتاییە وانییە بڕوانە (١٩):

19) a- The bag is heavy / light.
b- The questions are easy/ normal / hard / harder/ difficult /.
c-The man is disgraceful / honorable.

بەکورتی مەرج نییە ئەوەی لە زمانی کوردیدا فرەواتایە لە زمانەکانی تردا فرەواتا بێت، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، کە زانی کوردی و ئینگلیزی نموونەی بەراوردکراوی لێکۆلینەوەکەن (بڕوانە (٢٠)).

٢٠) <u>زمانی کوردیی</u>/ پشت —— بەشێک لە جەستەی مرۆڤ
—— ئاماژە بۆ خزموکەسوکار

زمانی ئینگلیزی/ پشت = back
خزموکەسوکار = ancestor

بەڵام دەگونجێت هاوبەشی کلتوری مرۆیی وەها بکات، ئەوەی لە زمانی کوردیدا فرەواتایە لە زمانەکانی تردیشدا فرەواتا بێت، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، کە زمانی کوردی و ئینگلیزی نموونەی بەراوردکراوی لێکۆلینەوەکەن (بڕوانە (٢١)).

٢١) زمانی کوردیی/ خوێن ——— شلەمەنی ناو لەش
پەیوەندی خزمایەتی
زمانی ئینگلیزی/ blood ——— blood
blood line

دووەم: هاوبێژ – هۆمۆگراف/ هاوپیت (Homograph) و هاودەنگ (Homophone)

هاوبێژەکان بە دیاردەیەکی زیان بەخش بۆ زمان دەژمێردرێن. هیچ پەیوەندییەک لە هاوبێژدا نادۆزرێتەوە جگە لە هاوپیتی یان هاودەنگی یان هەردووکیان بڕوانە(١٧):

١٧) وشەی /تاڵ/ لەم ڕستانەدا هاوبێژە:

ا- پێویستم بەیەک تاڵە بۆ دوورینەوە.

ب- چایەکی تاڵم بۆ تێکە.

پ-هەورێکی تاڵی هێنا.

ت-قسەیەکی تاڵی لەڕوومان دا.

د-حەمەتاڵی ئامۆزام هات.

لە ڕستەکانی (١٧)دا، /تاڵ/ ە، هاوبێژەکان بەم واتایانە هاتوون، بەریز واتاکانیان دادەنرێن، /دەزوو/، /تام/، /چڕ/، /ڕەق و ناخۆش/، /ناشیرین/.

گرفتەکە لێرەدا لەوەدایە ئەگەر وەرگێڕ زمانی سەرچاوەی کوردیی بێت و خۆیی کورد نەبێت، واتە زمانی کوردیی زمانی دووەمی بێت ئەم هەموو تاڵانە چۆن جودا بکاتەوە؟ یان زمانی کوردیی زمانی ئامانج بێت وەرگێڕیش زمانی کوردیی زمانی یەکەمی نەبێت، چۆن بتوانێت ئەم تاڵانە لە شوێنی خۆیاندا بەکاربهێنێت.

ئەگەر /نەمام / لە زمانی کوردیدا هاوبێژی چەشنی هاوپیت بێت، ئەوا مەرج نییە لە زمانێکی دیکەدا ئەمە هاوبێژی – هاوپیت بێت. ئەگەر وەرگێڕ لەسەر بنەمای زمانی یەکەم سەیری زمانی دووەم بکات بێگومان دووچاری گرفت دەبێت (بڕوانە (١٨)).

١٨) زمانی کوردیی/ نەمام ـــــ درەختی ساوا
من نەمام (تیاچووم)

زمانی ئینگلیزی/ نەمام (درەختی ساوا) = vanish
نەمام (من نەمام (تیاچووم)) = I am jone

سێیەم: دژ واتایی

یەکێک لەو گرفتانەی دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم وەرگێڕدا دژواتایە. لە بنەمادا دژواتایی بریتییە لە بەرانبەر یەک وەستانی دوو وشە کە لە واتادا جیاواز بن. ئەوەی گرفتە بۆ وەرگێڕ جۆری دژیەکیەکەو پلە بەندی دژواتاکانە، کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە. ئیتر ئەم جیاوازییە لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج بێت، یان پێچەوانەکەی هەرگرفتە. بڕوانە (١٨، ١٩، ٢٠).

١٨) ئاوەڵناوەکانی ئاو لە زمانی کوردیدا بە پلەی یەکەم، /سارد وگەرم/ ن، بەڵام لەسەر پلە پێوەرێکدەتوانرێت بەم شێوەیە ریزیان بکەین، (بڕوانە پلەپێوەری ژمارە(١)).



پلەپێوەری ژمارە (١)

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا پلە پێوەرەکە و ریزکردنی ئاوەڵناوەکان بەم شێوەیەیە، (بڕوانە پلەپێوەری ژمارە (٢).



پلەپێوەری ژمارە (٢)

١٩) ئاوەڵناوەکانی هەوا لە زمانی کوردیدا بە پلەی یەکەم، /سارد وگەرم/ ن، بەڵام لەسەر پلە پێوەرێکدەتوانرێت بەم شێوەیە ریزیان بکەین، (بڕوانە پلەپێوەری ژمارە (٣).



پلەپێوەری ژمارە (٣)

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا پلە پێوەرەکە و ریزکردنی ئاوەڵناوەکان بەم شێوەیەیە، (بڕوانە پلەپێوەری ژمارە (٤)

پلەپێوەری ژمارە (٤)

گرفتی وەرگێر لە نێوان زمانی کوردیی و ئینگلیزیدا لە وشەی /Warm/ دا دەردەکەوێت، کە بە واتای گەرمایەکی ئاسایی دێت، کە لە زمانی کوردیدا وشەیەک بەرانبەر ئەم وشەیە نییە. وەرگێر لەم بارەدا دەبێت پەنا بەرێتە بەر ستراتیژی دیکە وەک ڕوونکردنەوەی واتای وشەکە بە فرێزێک. یان وشەی / boiling/ لە زمانی کوردیدا بە دروستەی وشەی لێکدراو و بەواتای میتافۆری بەردەستە.

٢٠) ئاوەڵناوەکانی جەستە و لەشولار لە زمانی کوردیدا بریتیین لە /قەڵەو و لاواز/ واتە هەردوو دژواتای /قەڵەو/ × /لاواز/ = /زەعیف/ لەزمانی کوردیدا بوونیان هەیە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا جگە لەوشەی (Wek=Thin) × (obese =fat) وشەی / Fit/ هەیە، کە بەواتای لەشولاری ڕێک دێت، واتە نە قەڵەو نە لاواز.

ئەم ئاوەڵناوە لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، وەرگێر پێویستە بە وشەی بیانی / رەشیق/ یان فرێزێک >لەشێکی ڕێک< واتاکەی بخاتەڕوو. لەلایەکی دیکەوە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی

/Skinny/ بۆ لاوازێک بەکاردێت کە لاوازی لێجوان نەبێت، وشەی /Slim/ بۆ لاوازێک بەکاردێت کە لاوازیەکەی جوانی کردبێت. ئەم ئاوەڵناوانە لە زمانی کوردیدا بوونیان نییە دەبنە گرفت بۆ وەرگێڕ، دژواتاکانی زمانی ئینگلیزی لە پلەپێوەری ژمارە (٥) خراونەتەڕوو.



پلەپێوەری ژمارە (٥)

گرفتێکی دیکەی دژواتایی لەوەدایە هەندێکجار لە زمانێکدا دژواتاکان یەک بناغەیان هەیە، بەڵام مەرج نییە لە زمانێکی دیکەدا لە یەک بناغەوە دارێژرابن. ئەم حالەتەش گرفت بۆ وەرگێر دروست دەکات، ئەگەر بەتەواوی هەردوو زمانەکە نەزانێت و ئاگاداری پەیوەندییە واتاییەکانیان نەبێت (بڕوانە(٢١)).

٢١) زمانی کوردیی/ پیاو × ناپیاو

خۆش × ناخۆش

زمانی ئینگلیزی / man× bastard

pleasure × Unpleasant

بەڵام دەگونجێت هاوبەشی ژیانی مرۆڤایەتی وەها بکات، دژواتاکان لە هەر دوو زمانەکەدا یەک بناغەیان هەبێت (بڕوانە(٢٢)).

٢٢) زمانی کوردیی/ دڵخۆش × دڵناخۆش

زمانی ئینگلیزی / unhappy×happy

چوارەم: گرتنەوە (Hyponymy)

ئەگەر گرتنەوە پەیوەندییەکی لە خۆ گرتنی وشەیەکی گشتیی، هەموو ئەو وشانەیە کە تایبەتترن لە وشە گشتیەکە. یان لە خۆ گرتنی واتای وشەیەکە لە وشەیەکی گشتیدا. ئەوا ئەم وشە گشتیی و تایبەتیانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی بەکاریگەری کلتورە جیاوازەکان دەگۆڕێن.

بۆ نموونە وشەی /گۆشت/ لە زمانی کوردیدا وشە گشتییەکەیە، کە ئەم وشانەی دیکەش لە ناویاندا جێگەیان دەبێتەوە (گۆشتی مەڕ، گۆشتی ماسی، گۆشتی مریشک... هتدن). بەڵام وشەی گۆشت لە زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزیدا شاوشەیە بۆ (گۆشتی

بەراز، گۆشتی ڕۆبیان، گۆشتی بۆق ....هتد) کەئەمەش بۆ وەرگێڕێک ئاسان نییە، سەرەتا دەبێت وەرگێرەکە گیاندارەکە بناسێنێت، دواتر باسی خواردنی گۆشتەکەی بکات. تەنانەت ئەگەر وشەی /pig/ بۆ گۆشتی بەراز زیندوو بەکابهێنرێت، ئەوا بۆ گۆشتی بەراز وشەی /pork/ لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرێت، بۆیە دەبێت وەرگێر ستراتیژی دیکەی ڕوونکردنەوە بگرێتەبەر، کە لە کۆتایی لێکۆلینەوەکەدا هەندێک لەو ستراتیژانە دەخرینەبەرچاو.

پێنجەم: هاوواتا

بوونی هاوواتا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە، واتە زمانەکان وەک یەک نین لە خستنەڕووی هاوواتاکانیاندا.ئەمە جگە لەوەی سنووری هاوواتایی بۆچوونی جیاوازی لەسەرەو پێناسەی هاوواتا پەیوەست بە چێوەی وتنەوە یەکلانەبوەتەوە.

ئەگەر زمانی کوردیی ئەم نموونانە بەهاوواتا بزانێت، ئەوا مەرج نییە لە زمانێکی تردا ئەمانە هاوواتابن (بڕوانە (٢٣)).

٢٣) کچ = کیژ= کەنیشک = کناچێ = ...هتد

جوان = قەشەنگ

بەرز = بلند

بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا، هاوواتای ئەم وشانە بەم جۆرەیە، (بڕوانە(٢٤)).

24)

Girl= las=

beautiful = pretty = nice= attracted

high=

٢/٢/٢) گرتنە بەری ستراتیژەکان

یەکەم: پەیکاڵبوون لەڕووی فۆرم و واتاوە:

بەکارهێنانی پیوەندییەکی واتایی زمانی سەرچاوەیە، کە هەم لەڕووی فۆرم و هەم لەڕووی واتاوە پەیکاڵی هەمان پیوەندیی واتایی بێت کە لە زمانی ئامانجدا هەیە. (بڕوانە (٢٥)).

٢٥) /قۆز/ ئاوەڵناوە بۆ کوڕ، تاڕادەیەک هاوواتائاسای ئاوەڵناوی /جوان/ە بۆ کچ، بە هەمانجۆر لە زمانی ئینگلیزیدا /hansom/ ئاوەڵناوە بۆ کوڕ، تاڕادەیەک هاوواتائاسای ئاوەڵناوی // beautiful ە بۆ کچ.

دووەم: پەیکاڵبوون لەڕووی واتاوە:

دۆزینەوەی واتا وچەمکە لە زمانی ئامانجدا بە کەرەستەو فۆرمی جیاواز، لە پێناوی پەیکاڵبوون و گواستنەوەی واتایە لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج. ئەم خاڵە لەگەڵ خاڵی چوارەمدا لێکنزیکن، بڕوانە (٢٦).

٢٦) وشەی /مەڕ/ و فرێزی >گۆشتی مەڕ< لە زمانی کوردیدا لەیەکەوە وەرگیراون، بەڵام زمانی ئینگلیزی مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ گۆشتی مەڕ هەیە، کە بە یەک وشە /mutton/ دەردەبڕێت کە هیچ پەیوەندییەکی بە وشەی /sheep/ەوە نییە.

ئەگەر وەک شا وشە /گرتنەوە/ سەیری /گۆشت/ بکرێت و لەناویشیاندا >گۆشتی مەڕ< وەک بەشێک لە گۆشتی سوور سەیربکرێت. ئەوا کاتێک وەرگێڕێک لە زمانی ئینگلیزیەوە وشەی /mutton/ بۆ زمانی کوردیی وەردەگێڕێت و لە بەرانبەردا فرێزی >گۆشتی مەڕ< بەکاردەهێنێت، ئەوا هەردوو دەربڕاوەکە لە فۆرمدا وەکیەک نین، بەڵام لە چەمک و واتادا پەیکاڵن.

سێیەم: داڕشتنەوە: باوەترین ڕێگەیە، کاتێک وەرگێڕ وشە و چەمکێکی لە زمانی ئامانجدا دەستناکەوێت و لە زمانی سەرچاوەدا بوونی هەیە. بە وشەیەکی دارێژراو یان لێکدراو یان بە فرێزێک یان بە ڕستەیەک واتاکە دەگەیێنێت. (بڕوانە (٢٧)).

٢٧) وشەی / /Fit لە زمانی ئینگلیزی کە بەرانبەر وشەی /رشیق/وسیم/ عەرەبییە، لە زمانی کوردیدا پێویستە بەفرێزێکی وەکو >لەشولارێکی ڕێک<، >قەدو باڵایەکی جوان<، دابرێژرێت.

چوارەم: سڕینەوە: گرتنەبەری ڕێگەی سڕینەوەیە لە زمانی ئامانجدا، یان وەلا خستنییەتی بەو مەرجەی واتای دەربڕینەکە بەهۆی چێوەی وتنەوە نەگۆڕێت، واتە دەبێت وەرگێڕ ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر پاش سڕینەوەی پێوەندییەواتاییەکەش واتای تێکستەکە لەنگی تێنەکەوێت. بۆ نموونە بۆ بەدەستخستنی وشەیەک بۆ نموونەی ژمارە (٢٦) دەتوانرێت ئەم ڕستەیە دەرببڕێت، (بڕوانە(٢٧)).

٢٧) کوڕەکە لەشولار و باڵایەکی شمشاڵی هەبوو.
(بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ستراتیژەکان، بڕوانە: دلێر قادر عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢: ٩٩ – ١١١).

ئەنجام

١- وەرگێڕان پێواژۆیێکی ئالۆزی پڕ گرفتە، هەندێک لە گرفتەکان پێوەندیان بە جیاوازی کەلتووری خاوەن زمانی ئامانج و سەرچاوەوە هەیە، کە لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە.

٢- پێوەندییە واتاییەکان بەپێی زمانەکان دەگۆڕێن، جوگرافیاو ژینگەو کەلتوور لە ناو پەیوەندییەواییەکاندا دەردەکەون، ئەمانەش وا دەکات زمانەکان وەک یەک پەیوەندییەکان ریزنەکەن.

٣- جیاوازی پیوەندییەواتاییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، گرفت بۆ وەرگێڕ و پێواژۆی وەرگێڕان دروستدەکات. کە پێویستی بە خستنەڕوو و چارەسەرە.

سەرچاوەکان

١- سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

ا- کتێب

(١) ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

(٢) پەروین عوسمان عەللاف، واتاوەرگێڕان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.

(٣) دارا حەمید محەمەد، واتاسازی هەندێ لایەن لە سیمانتیکو پراگماتیکی کوردی، چاپەمەنی ژیر، ٢٠١٠.

(٤) محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.

(٥) محەمەدی مەحوی، زانستی هێما هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠٠٩.

(٦) شوکریە ڕەسوول ئیبراهیمو جلال تەقی، پەندی پێشینانو قسەی نەستەقی کوردی، هەولێر،١٩٨٤.

(٧) عەلائەدین سەجادی، ڕشتەی مرواری، بەرگی حەوتەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٥.

ب- نامەی بلاونەکراوە:

(١) ئارا عەلی ئەحمەد، کۆتینو واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو (گوڤەرا بەهدینان)، زانکۆیا دهۆکێ، کۆلێژا ئادابێ، ٢٠٠٧ . نامەی ماستەر (بلاونەکراوە).

(٢) بێستوون حەسەن ئەحمەد، کۆمەڵەوشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠١١. نامەی دکتۆرا (بلاونەکراوە).

(٣) دارا حەمید محەمەد، پێوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە/ ئیبن ڕوشد، ٢٠٠٦. نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە).
(٤) دلێر قادر عەبدوڵڵا ، گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، ٢٠٢٢. نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە).
(٥)شیلان عومەر حسەین، پەیوەندی سینتاکس‌و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠١١. نامەی دکتۆرا (بڵاونەکراوە).

٢- سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

(١) ف. بالمەر، ت. مجید عبد الحلیم الماشگە، علم الدلالە، بغداد، ١٩٨٥.
(٢) جون لاینز، ت. مجید عبد الحلیم الماشگە واخرون، علم الدلالە، بصرە، ١٩٨١.

٣- سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

1- Crystal D .(1985), Linguistics. London: Penguin Grop.
2- Cruse,D.A (1986), Lexical semantics Cambridge, Cambridge University press.
3- Gatte,Walaa,Jabbar .(2004), The Effect of Developing Iraqi Learners of EFL Vocabulary Repertoire Through semantic Relations on their Reading comprehension Ability. Unpublished M.A thesis, College of Basic Education Universty Of Baghdad.
4- Hamid, Twana Saadi. (2007), INVESTIGATING KURD EFL LEARNERS ABILITY TO RECOGNIZE AND PRODUCE ENGLISH COLLOCATION, Basic Education College Universty Of Sulamani.
5- Lobner S. (2002), Semantics Harmands wark, Britain, London.
6- Lyons J.(1981) Language and Linguistics: An Intoduction Cambridge University press.
7-Richards et al (1992) Dictionary of Language Teaching & Applied Linguistics.
8-Robins R.H. (1964), General Linguistics: An Introductory Survey. Second edition. London: Longman Group Ltd.
9-Yule G. (1996), The Study of Language, Second edition, Cambridge. Cambridge University press.

پوختە

پێوەندییە واتییەکانو پێواژۆی وەرگێڕان یان پێوەندییە واتاییەکان لە پێواژۆی وەرگێڕاندا بە بابەتێکی گرنگی واتاسازی دادەنرێن، وەرگێر دەبێت بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پێوەندیانەدا بکات و کەم تا زۆر گرفت و کێشەیان هەیە.

ئەم لێکۆلینەوەیە هەوڵدەدات، گرفتی پێوەندییە واتاییەکان ، لە پێواژۆی وەرگێڕاندا بخاتەڕوو، بە دیدێکی واتاناسییەوە ئەو بابەت شرۆڤەو شیبکاتەوە.ئەو نموونانەی لە لێکۆلینەوەکەدا بەکارهێنراون، نموونەی زمانی قسەپێکەرانی شێوە زاری سلێمانین. وەرگێرانی نێوان زمانەکانی کوردیی و ئینگلیزی بە نموونە وەرگیراون. لەم لێکۆلینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکەرەوەیی بەکارهێنراوە.

لێکۆلینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم دوو پارە، لە پاری یەکەمدا وەرگێڕان وەکو چەمک و جۆر گرفت خراوەتەڕوو، پاری دووەم بۆ پێوەندییە واتاییەکان تەرخانکراوە، بەشی دووەم لێکۆلینەوەکە پراکتیکییە، برتییە لە هەولێک بۆ خستنەڕووی ئەو گرفتانەی کە لە پێواژۆی وەرگێڕانی پێوەندییەواتاییەکاندا دێنە پێش و پاشان چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە.

کتێبی ئەمجارە:

وردە سەرنج،زمان، دەسەڵات، ناسنامە

نووسینی: مەسعوود بابایی
خوێندنەوەی: بێهزاد خۆشحاڵی

ئەدەبیاتێکی کەموێنە لە وشە و داڕشتن کە بەپێچەوانەی زۆرێک لە دەقەکانی دیکە، ڕۆحی کوردستانی لەبەردایە، باسی ئازارەکان دەکات، بەرەو خەسارناسی و دیاردەناسی دەیبات و ئەگەرچی باسی تیۆری ناکات، بەڵام پشتبەستبوو بە هزر و تیۆرییە کە ساڵانێکی زۆر لە مێشکیدا هاتوچووی کردووە، کورداندوویەتی و لەو دەلاقەوە، سەرنجی خستووەتە سەر گرفت و کێشە و پرسەکان و بڕێکیش جار چارەسەر. ئەگەرچی هەرگیز ناچێتە سەر مینبەری ئامۆژیاری و چەکەردەن، بەڵام لانی کەم بە دروستکردنی پرسیار، تێڕامان و تێفکرین دەکاتە میوانی مێشکی خوێنەر. خێڵەکیبوون بە ڕاشکاوانە و بە ترسێکی زۆرەوە، بە مەترسیدارترین لاوازی یان پاژنەئاشیلی کورد ناو دەبات، دوژمن چاکی لێدەزانێت و وەک ئەکتێکی هەمیشەیی، نێزەکەی بۆ فڕێ داوە؛ چەکێکی ئەبەدیی داگیرکەر کە هەر جارە و پاڵەوانی کورد- بە ڕێکەوت یان ڕەوت- نزیک سەرکەوتن دەکاتەوە، بە پێکانی پاژنەی، چۆکی پێ دائەدات. بەوردی دەڕوانێت کە قەڵەمڕەو لای کورد، ئەو جۆرەی خۆی وابێژیی دەکات جوگرافیای بەرینی کوردستان لە دەریای سپی تا کەنداوی ماد نییە، بەڵکو ئەدرەسی دڵ، بنار و ڕووبار و تەپۆڵکە و لادێ و ئەو ناوچەیە کە خێڵەکەی ئەو تێدا دەژین و بگرە ئەو پارچەیەش کە داگیرکەر، سنووری بۆ داناوە. ئاماژەی کردووە کە شاریش ئەنجامی مۆدێڕنیتە نییە، خێڵستانێکە کە یان گوێزراوەتەوە بۆ بەناو شار یان تەنیا لە بە باڵانسی هێز، خێڵەکانی لە تەنیشت یەکتر داناوەو بووە بە دەسەڵات و قەڵەمڕەوی خێڵ لە شاردا. ئاشکراشە کە لە پێواری مۆدێڕنیتە، فەرهەنگی خێڵەکی، هەر سوارە، خوێن هەر سنوورە، ژن، هەر ملک و ماڵە، شەرەف هەر یەکلاییکەرەوەیە و مۆدێڕنیزاسیۆنی ڕەنگامەش نەیتوانیوە دایپۆشێ؛ لە باشترین حاڵەتدا تەنیا تۆزقاڵێک کەمڕەنگی کردووتەوە. مەسعوود بابایی کاتێک باسی جاشایەتی دەکات، بە لێکەوتەی هەرە ترسێنەری ژیانی خێڵەکی و ئاوەزی خێڵەکی دەزانێت، جاش هاوتەمەنی بزووتنەوی ڕزگاریخوازیی گەلە و کۆی ئەم دژبەرانە، هاوهەنگاو تا ئێرە هاتوون. خێڵەکیبوون، دەگۆڕدرێ بۆ جاشایەتی، ئایدئۆلۆژی دەکەوێتە خزمەت داگیرکەر (تۆ بێژە جاشایەتیی مۆدێڕن)، لۆمپەن ڕووناکبیر ڕوودەکاتە ناوەند (تەنزی ناوەندی داگیرکەر و پەراوێزی داگیرکراو) و تەنانەت سیاسەتیش دوای ماوەیەک لە هاتوهووت و گرۆپفی کوردم

و کوردستانی، دەکەوێتە مامەڵەی ئێمە ئامۆزاین یان گشتمان مرۆڤین و با پێکەوە بژین. جاشایەتی تاکوو ئێستاشی پێوە بێت بە هۆکاری نەبوونی مۆدێرنێتە، وەکوو یاسای سێهەمی نیۆتۆن، نە تێدا دەچێت و نە بەرهەم دێت، بەڵکوو لە کراسێک بۆ کراسێکی دیکە، گۆڕانی بەسەردا دێت؛ بە گۆڕینی ناوەکەش، هیچ شتێک ناگۆڕدرێت.

نووسەر لە بەشێکی دیکە لە «وردەسەرنجەکە»ی کە چی دیکە نابێت وەک وردە سەرنج سەیری بکەی، بەڵکو «سەرنجی ورد» گونجاوترە بۆ ناوەکەی، پەنجە لەسەر گرفتێکی گەورەی داناوە: کۆمەڵە خەڵکێک کە هیچ کات بە شێوەیەکی بەرهەستەکی، نەیانتوانیوە هەست بە هاوچارەنووسی بکەن، هاوشوناسی پێک بێنن و بە هاوسۆزی، بەرەوە سەرمایە و سەروەری ببەن؛ گرێی تێگەیشتن و هتد؛ بۆ گەیشتن بە هاوچارەنووسی، ڕێگەیەکی درێژمان لە پێشە.

لە بەشێکی دیکەی «سەرنجی ورد» (ببوورن وردەسەرنج)، چەمکێکی بەکار هێناوە، جوانیناسانە: «نیشتمان لەنێو نیشتمان». ئەوەی کە من لێی تێگەیشتبێتم کە بەردەوام، نیشتمانی خێڵ و نیشتمانی میر و نیشتمانی گرووپ و نیشتمانی تاقم و ڕێکخراوە و حیزب و تەنانەت ئایدئۆلۆژی، نیشتمانی نەتەوەی هەڵمەقووت کردووە تاکوو ئەم ساتەوەختەی من و تۆی کوردی بێ هاوچارەنووس، تێیدا هەناسە ئەکێشین و وابێژیی هاوچارەنووس بوونیش دەکەین.

مەسعوود بابایی لە زنجیرە وتارەکەیدا کە بەرهەمی ساڵانێکی زۆری تێڕامان و تێفکرینە، تیشکی خستووەتە سەر درەنگخراوی یان بنبەستبوونی پرۆسەی نەتەوە – دەوڵەتی کورد، پێدراوەکانی نەتەوە، لە ڕزگارییەوە بۆ ئازادی، زمان و دەسەڵات، ئاریشەی هەڵاواردن لە زماندا، زمان لە نێوان شێعر و فەلسەفە، بایەخی وەرگێڕان و کێشەی تێگەیشتن لە نێوان خوێنەر و نووسەر. دیارە مەسعوود بەهۆی پسپۆڕی لە زماندا، لە بەشی پێوەندیدار بەم بابەتە، زۆر کارامەتر و کارتێکەرتر و قووڵتر چووەتە بنج و بناوانی باسەکان و زانستییانەتر بۆ زمان دەڕوانێت.

دوایین بەش لە زنجیرە وتارەکانی وردەسەرنج، تایتڵێکی دیسان جوانیناسانەیە کە تەواوی مەبەست لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە: تەقەی خۆشی، خۆشی یان نەخۆشی.

دەست خۆش مەسعوودی برام، خۆمی تێدا دەبینمەوە، نووسینێک بە وشەی جوان و داڕشتنی جوان و ڕۆحی کوردستانی و سەرنجی ورد، نەک وردەسەرنج.

لرستان و فرهنگ و تاریخ لری

مصاحبه با رامین گارا، محقق و نویسنده کرد

مصاحبه‌کننده: هاشم علی‌ویسی

جایگاه فرهنگ و تمدن زاگرس و شاخه‌های بسیار غنی لر خرم‌آبادی، لر بختیاری، لک و غیره بیانگر دیرینه بودن آن است. ساکنان این سرزمین همواره امروز هم همانند هزاران سال پیش در این دیار ساکن هستند. رامین گارا، نویسنده و محقق کرد که سال گذشته اثر خویش به نام «تاریخ لرستان» را منتشر نمود، معتقد است که در زاگرس از شمال تا جنوب در سراسر تاریخ هزاران ساله فقط خلقی با شاخه‌های فرهنگی قدیمی و غنی سکنا گزیده‌اند. مناطق لرستانات بعنوان زاگرس میانی و جنوبی جزو قدیمی‌ترین فرهنگ‌ها و تمدن‌های تاریخی بوده‌اند.

گارا معتقد است که غنای فرهنگی و تمدنی و دستاوردهای متعدد لرستان اجازه نداده که در قریب یکصدسال گذشته خلق لر آسمیله و در نظام ایدئولوژیک حاکم بر ایران بطور کامل ذوب گردد. قوی‌بودن زبان و فرهنگ لری موجب پایداری آن گشته و بیداری و آگاهی هویتی و دمکراتیک می‌تواند به نجات آن از تیررس سیاست آسمیلاسیون نظام مرکزی ایرانی، بیانجامد. موضوعاتی از قبیل تاریخ لرستان از نوسنگی تا عیلام و لرستان امروز و نیز آیین‌های کهن، زبان و آثار مکتوب برجای‌مانده، حکومت‌های محلی خودگردان و موسیقی و روحیه زاگرسی این خلق موجب مقاومت آن در برابر سیاست‌های آسمیلاسیون حاکمیت ایران شده است.

امروز، راهکارهای هویت‌خواهی لری و رشد فرهنگی و زبانی و کسب اراده سیاسی لری چگونه استحصال می‌گردد؟ این مقولات را با رامین گارا به بحث و گفتگو گذاشته‌ایم که می‌تواند هم در شناخت هویت تاریخی روشنگر باشد و هم به بسیاری پرسش‌ها در خصوص اوضاع جامعه کنونی لرستانانات و آزادیخواهی آن یاری‌رسان گردد.

پرسش: جایگاه فرهنگ و تمدن زاگرس در پیش از تاریخ و دوران تمدن را اگر ممکن است بیان بدارید و بفرمایید چه داشته‌هایی زاگرس را این قدر با اهمیت کرده که جایگاه خاصی در حوزه فرهنگ، تمدن و جغرافیا داشته باشد؟

رامین گارا: بله! چون از فرهنگ و تمدن بحث به میان آوردید، لازم است به تفاوت تعاریف متفاوت از فرهنگ و تمدن بپردازم تا غلط مبحث صورت نگیرد. اساسا اکثر قریب به اتفاق نظریه‌پردازان، معنای فرهنگ و تمدن را درهم آمیخته و یکی می‌دانند، درحالی که من با استناد به تعاریف عبدالله اوجالان(آپو) آن دو را متمایز از هم می‌دانم. در تعریف عمومی فرهنگ می‌توان آن را بصورت کلیتی متشکل از همه ساختارها و معناهایی که جامعه انسانی طی روندی تاریخی تشکیل داده، تعریف نمود. به عبارتی فرهنگ تمامی داشته‌های یک قوم و یک ملت در طول تاریخ می‌باشد. تمامی نهادهای سیاسی، اقتصادی و اجتماعی ساختار را تشکیل می‌دهند و تمامی قوانین و اصول و پرنسیب‌هایی که به روی تحول باز باشند معنای فرهنگی هستند. حال چون خلق‌ها و ملیت‌های تحت ستم همه چیزشان به اشغال درآمده، از داشته‌های ساختاری و معنایی فرهنگی خود محروم گردانده‌شده‌اند که در این حالت فقط با «نسل‌کشی فرهنگی» روبرو هستند. لرها هم بعنوان قدیمی‌ترین شاخه فرهنگی زاگرس تحت اشغال ایرانشهری فارسیسم قراردارند لذا دچار نسل‌کشی فرهنگی هستند. در کل کردها نسل‌کشی فرهنگی می‌شوند. و اما تمدن. بسیاری معنای فرهنگ و تمدن را با هم یکی می‌دانند درحالی که فرهنگ بسیار فراگیربوده و کلیت موجودیت تاریخی یک خلق را دربرمی‌گیرد اما تمدن به برخی حوزه‌های محدود نسبت داده می‌شود که فرهنگ را نباید جزو آن دانست. در تعریف تمدن باید گفت که وقتی سه‌گانه «طبقه، شهر و دولت» شکل گرفتند و فرهنگ عمومی جوامع در مقطع آن سه‌گانه قرارگرفت، تمدن نامیده شد. تمدن مرکزگرا نوع جداگانه‌ای از ساختارها، معناها، اخلاق و احساسات و زیبایی‌شناسی را در جامعه توسعه می‌دهد که نقش منفی دارند ولی ساختارها و معناهای فرهنگی تمدن دمکراتیک یا دوره نوسنگی، نقش مثبت ایفا می‌کنند. سومریان برای نخستین‌بار این مقطع و دوره تاریخی را آغاز کردند. در دوره تمدن، رابطه حاکم و محکوم یا برده شکل می‌گیرد نه رابطه مساوات‌طلبانه. بنابراین تمدن‌مرکزگرا از نظر ما امری منفی است. تمدن یعنی شکل‌گیری نهادهای سلطه‌گر درحالی که نباید از دوران سومر تا به امروز چنین نهادهایی شکل می‌گرفتند. نباید «تمدن مرکزگرا» شکل می‌گرفت چون امری منفی و ذاتا بد است. می‌بایست «خصلت دمکراتیک»

دوران نوسنگی تداوم می‌یافت و لذا با برآمدن عشیره، قوم و ملت، تمدن دمکراتیک شکل می‌گرفت نه تمدن مرکزگرا و انحصارگر. همه این انحرافات، منشأ تمامی بدبختی‌های جامعه بشری هستند.

اگر این مقوله را در خصوص لرها پیاده نماییم، می‌بینیم که با برآمدن تمدن عیلام که پروتولر هستند، تمدن مرکزگرا و انحصارگر در جامعه آنها هم پیروی شد و به انحراف رفتند. زیرا دوره نوسنگی زاگرس که ماقبل تمدن است، طلایی‌ترین دوران تاریخ بشریت است. با سربرآوردن تمدن عیلام، لرها نیز دچار خصلت‌های نهادی «طبقاتی، شهری و دولتی مرکزگرا و انحصاری» شدند. اینجا منظور از انحصار، انحصار قدرت و سرمایه بصورت نهادمندی سیاسی، اقتصادی و اجتماعی در بطن تمدن است.

حال به این مقوله از پرسش مطروحه شما بپردازیم که فرهنگ و تمدن لری در تاریخ چگونه رشد کرده؟ لرها یا همان کردها در زاگرس فرهنگ‌شان را بسط و گسترش دادند. باید به این نکته اشاره کنم که اشاعه فیزیکی انسان از آفریقا بسوی همه قاره‌های دیگر صورت گرفت ولی اشاعه فرهنگی از زاگرس آغاز شد. انسان‌های آفریقایی هم فرهنگ داشتند، اما رشد فرهنگی نظام‌مند در زاگرس یا هلال‌حاصلخیز به وقوع‌پیوست و به سایر نقاط دنیا اشاعه یافت. اگر امروز بخواهیم فرهنگ لری را در اعماق تاریخ جستجو نماییم و به آن عظمت ببخشیم بایستی به دوران نوسنگی و حتی ماقبل آن هم برگشت. وقتی به این دوران برگردیم، لاجرم باید بپذیریم که پس اصل زاگرسی‌ها یکی و یگانه است. این یعنی اینکه نمی‌توانیم از این قانون تاریخی حاشا کنیم و لر را از کرد جدا بدانیم. درغیر اینصورت کل عظمت آن از دست می‌رود. از عیلامیان تا کاسی‌ها و لرهای امروزی را نمی‌توان از خلق زاگرس که نطفه اولیه فرهنگ نظام‌مند نوسنگی را شکل دادند، جدادانست. نه عقل اجازه این را می‌دهد نه علم و منطق. از منظر دیگری نیز می‌توان به قضیه نگاه کرد و آن این است که نطفه فرهنگ نظام‌مند برای نخستین‌بار در مزوپوتامیای شمالی شکل گرفت نه جنوبی. بنابراین زاگرس میانی و جنوبی هم رشد فرهنگی و تمامی عناصر آن را از مزوپوتامیای شمالی یا زاگرس شمالی با خود به آنجا انتقال دادند. علم و منطق تاریخ اجازه نمی‌دهد به این یگانگی فرهنگ زاگرس میانی و جنوبی با شمالی نیاندیشیم. اگر این

یگانگی رد شود، پس ریشه‌های تاریخ لر را زده‌ایم، چون نوسنگی را از آن حذف نموده‌ایم. ما معتقدیم که تاریخ بصورت شفاف به ما می‌گوید که مردمانی با یک فرهنگ مشترک و یگانه درزاگرس شکل گرفته‌اند. اگر خوب بنگرید با بازگشت به ادوار ماقبل نوسنگی، همه پیشرفت‌ها متعلق به مزوپوتامیای شمالی بوده‌اند سپس بسوی سایر نقاط زاگرس جنوبی اشاعه یافته‌اند. برای مثال ادوار «موستری (۷۰ الی ۵۰ هزار سال)، برادوستی (۳۸ هزارسال) و زارزی (۲۰ هزارسال) عصر ماقبل نوسنگی هستند. عنوان موستری فرانسوی است ولی عناوین برادوستی و زارزی که در بخش شمالی هلال حاصلخیز قراردارند، عناوین کُردی هستند. غار شانه‌در در هولیر متعلق به عصر موستری است. غارهای خورمووه(خرم‌آباد) نیز بقایای هر سه دوره را در خود دارند اما به اندازه غار شانه‌در قدمت ندارند. بیشترین قدمت تاریخی یافته‌ها در غارهای لرستان به ۴۰ هزار سال پیش برمی‌گردد. غار شانه‌در، ارجنه، یافته، کنجی و بسیاری غارهای زاگرس اثبات‌گر یگانه‌بودن فرهنگ زاگرسی در عین تنوع و تکثر بومی هستند. انقلاب «زبان اشاره‌ای» از ۲۰۰ هزار سال تا ۵۰ هزار ق.م که در زاگرس شکل گرفت، یک عظمت تاریخی است. سپس انقلاب زبان نمادین و سپس انقلاب روستا و زراعت بزرگترین انقلاباتی است که فرهنگ زاگرسی از شمال کردستان تا جنوبی‌ترین نقاط بختیاری امروز متحقق ساخته‌اند. این انقلابات بصورت ساختارها و معناهای فرهنگی به سراسر دنیا حتی چین اشاعه و انتقال یافتند. این است عظمت تاریخ لر در زاگرس. به هیچ‌وجه نمی‌توان زاگرس را بصورت چندپاره و بیگانه از هم تصور نمود. امروز دشمن برای گسستن خلق‌های یگانه این کار را می‌کند. برای مثال لر را قومی مجزا از خلق زاگرس تعریف می‌نماید تا آسمیله و از خودبیگانه سازد. زاگرس مهد فرهنگ و پیشرفت‌های بشری است و تمدن غیرمرکزگرا و ضدانحصاری با ساختاری متمایز از ساختارها و معانی تمدن سومری رشد داده که خوب البته امروز از آن به فرهنگ یاد می‌شود نه تمدن. زاگرس مهد تمدن هست، اما خود تمدن یعنی آنچه که از سومر تا امروز روی داده، نیست. اگر انقلاب زبان، روستا و زراعت در نوسنگی زاگرس به وقوع نمی‌پیوست، هرگز جامعه طبقاتی، شهری و دولتی تمدن سومری شکل نمی‌گرفت. پروتولرهای ماقبل تمدن سومری، تمدنی نبودند، اما عیلام و کاسی‌ها در درون آن تمدن جای‌گرفتند و به آن آلوده شدند.

رشد تمدن مرکزگرا نیز مآلا و جبرا به معنای پیشرفت نیست، پسرفت است پس باید امروز بجای آن تمدن دمکراتیک عاری از طبقه و دولت و با تصحیح ساختار شهر به میان آید.

حال باید پرسید که زاگرس چه داشته‌هایی داشت که امروز اینهمه اهمیت دارد؟ زاگرس مهد فرهنگ از پارینه‌سنگی تا نوسنگی و نیز انقلابات زبان، روستا و زراعت است. همه این انقلابات بصورت ترتیبی سال و قرن و دوره تاریخی، بارانی از مدرنیته‌های دمکراتیک بودند. نباید آن را از جنس مدرنیته سرمایه‌داری امروزی دانست. مثلا رشد زبان نمادین، ساختن ابزارآلاتی چون میکرولیت‌ها یا سنگ‌های تراش‌نخورده و خورده بعنوان چاقو و نیز بعدها در دوران نوسنگی اختراع هزاران ابزارآلات مانند دوک، دستار، گاوآهن و رشد شیوه‌های زراعت همه و همه بارانی از مدرنیته‌ها بود. یک عظمت به تمام معنی. فرهنگ آری در زاگرس که امروز علم تاریخ ایرانشهری متأثر از شرق‌شناسی آن را «آریایی» عنوان می‌کند، همان فرهنگی است که رشد کرد. آری یا آریایی، نژاد نیست، فرهنگ است. آن همه رشد فرهنگی از حیث ساختاری و معنایی در نوسنگی هزاران برابر رشدهای صنعتی دوره سرمایه‌داری ارزش و اهمیت دارد. از نظر کیفیت و کمیت بالاتر از دوره ۴۰۰ ساله سرمایه‌داری قرارمی‌گیرد. آن داشته‌های فرهنگی هرگز سلطه‌گرانه مرکزی، دولتی، طبقاتی و انحصارگرانه نبودند. تمامی آثار باستانی و تاریخی لرستان و زاگرس حکایت از تعدد و عظمت داشته‌های آن روزگاران دارند. ایرانشهری از طریق انحصار علم باستانشناسی و حاکمیت سیاسی، آن داشته‌های لرهای زاگرس را به خود نسبت داده و قالب کرده. امروز دمکراسی و آزادی بعنوان ساختارها و معناهای فرهنگی درصددند بر روی همان ریشه‌های اصیل و راستین با علاوه‌کردن رشدهای علمی امروز اما خارج از نظام سرمایه‌داری احیا گردند. چه‌بسا امروز نمی‌توان مفاهیم دمکراسی و آزادی جوامع را خارج از مفاهیم دمکراتیک و آزادیخواهانه دوره نوسنگی احیا نمود فقط در میزان رشد علمی تفاوت‌هایی به میان می‌آید. امروز اگر فرهنگ و موجودیت لری برروی همان ریشه‌های اصیلش نروید، پس باید آن را ازخودبیگانه و بی‌هویت تلقی نمود.

پرسش: در دوره ماقبل تمدن چه اقوامی در کوهستانهای زاگرس می‌زیسته‌اند و نقش و جایگاه تاریخی آنها را چگونه ارزیابی می‌کنید؟

گارا: اگر مبنا را ماقبل تمدن بگذاریم، تنها قومی که بصورت مکتوب نام آنها در تاریخ مانده و از همه قدیمی‌تر است، هوری‌ها هستند. هم کاوش‌های باستان‌شناختی و هم علم تاریخ و تحقیقات محققین برجسته جهان این را اثبات نموده‌اند. هوری‌ها پروتوتیپ همه اقوام زاگرس و مزوپوتامیای علیا و بخشی از سفلا هستند. سپس بعدها اقوام هیتیت، عیلامی(هوژی) و کاسپی، لولوبی، کورتی، میتانی پا به عرصه جهان گذاشتند. اینجا البته باید یک برخورد علمی در مقوله پروتوتیپ داشت. پروتوتیپ به این معنا نیست که آن اقوام مطابق درک امروزی از نژاد و منشأ صددرصد کُرد تلقی شوند. این قاعده شامل همه خلق‌ها و ملیت‌های جهان می‌شود. برای مثال هوری بعنوان پروتوکُرد که همه کُردها حتی لرها را نیز دربرمی‌گیرد را نباید صددرصد خالص کُرد بدانیم. حال شاید هم خالص باشد شاید هم تا حدی نه. برخورد صحیح این است که آن را بصورت پروتوتیپ، سرمنشأ کُردها قلمداد کنیم. سایر اقوام قدیم چون عیلام، کاسی، کورتی و غیره هم همینطور اما هرچه از منشأ بسوی روزگار امروز نزدیک‌تر شویم، این اصیلیت حتمی‌تر و خالص‌تر می‌گردد. از این منظر، خالص‌بودن قوم همانند عشیره، قبیله و کلان نیست. اگر خوب دقت کنید، ملت هم چنین خصوصیتی دارد حتی بیشتر از قوم. قوم بیشتر متشکل از اتنیسیته‌هایی است که قلمروهای جداگانه و یا مدیریت جداگانه اجتماعی دارند، اما از حیث زبان، تاریخ و فرهنگ یکی هستند. ملت اما تفاوتش با قوم این است که بصورت شفاف از چند قوم جداگانه با فرهنگ‌های متفاوت تشکیل می‌گردد. در سرآغاز و دوره قرون وسطی، نطفه ملت اینگونه شکل‌گرفت و در دوران سرمایه‌داری پس از رنسانس، چند قوم متفاوت را در یک قلمرو حاکمیتی مشخص یک ملت تلقی‌کردند با این تفاوت که فرهنگ و زبان قوم مسلط برای مثال فارس را بر سایر اقوام تحمیل کردند. امروز دیگر همه تعاریف و ویژگی‌های ملت را بر یک قوم بارنموده‌اند. فارس را یک ملت، کُرد را یک ملت، بلوچ را یک ملت و غیره. ملت، برساخته دست نظام سلطه‌گر سرمایه‌داری است ولی امروز دیگر بعنوان یک ساختار به واقعیت

تبدیل شده و بجای رد آن، الزامیست که با آن برخورد دمکراتیک داشت و متحولش ساخت.

از این حیث لرها و یا هر خلق دیگر در ایران می‌توانند دارای دو تابعیت ملی باشند. هم ملت لر، هم فراملت ایران. این را دانشمندان پذیرفته‌اند. اوجالان این تعاریف دمکراتیک را برای پذیرش دمکراتیک پدیده ملت ارایه داده و بیش از دیگران آن را تبیین و تشریح نموده. پس نتیجه می‌گیریم که روند صیرورت و تکامل کلان و قبیله تا ملت، اقوام بسیار ماقبل تمدن را به صورت ملت امروزی رسانده. نباید دچار غلط مبحث شویم چون ملت در نظام سرمایه‌داری با ملت دمکراتیک در تمدن دمکراتیک تفاوت ماهوی دارند. ملت سرمایه‌دارانه یعنی تحمیل همه‌چیز یک قوم مثلا فارس بر سایر اقوام، اما ملت دمکراتیک هیچ تحمیلی از قبیل زبان، فرهنگ، مذهب، تاریخ، دین، پرچم و نژاد را نمی‌پذیرد. تمامی آن خصوصیات منفی که در پدیده ملت و ساختار آن موجود است، در اقوام ماقبل تاریخ نیز تا قرن شانزدهم میلادی وجودنداشت. بنابراین امروز با احیای فرهنگی و هویتی خلق‌های مختلف در قالب ملت دمکراتیک، درواقع نوعی بازگشت به خصوصیات سابق اقوام زاگرسی صورت می‌گیرد البته با پیشرفت‌های امروزی. رهایی لرها از زیر سلطه نظام ایدئولوژیک حاکم بر ایران یعنی احیای فرهنگی در قالب ملیت امروزین اما روئیدن بر ریشه‌های اصیل اقوام زاگرسی. دانشمندانی از جمله گوردن چایلد به شکوهمندی دوران نوسنگی زاگرس – مزوپوتامیا اشاره نموده و شیفته آن شده‌اند. اقوام عیلام ازجمله هوژی و کاسی و شاید چندین قوم دیگر که امروز نامشان را نمی‌دانیم، با ساختاری غیر از ساختار ملت سرمایه‌دارانه و ملی‌گرایی برآمدند ولی در بستر تمدن مرکزگرا و انحصاری به تقلید از سومریان و اسلاف آن.

می‌توان دو خصوصیت را برای ملیت‌های زاگرس برشمرد: یکی تعدد گویش زبانی و دیگر تعدد اتنیسیته‌ای. فرهنگ زاگرسی از این دو حیث آنقدر غنی است که هم می‌توان همه آنها را یک ملت واحد و یگانه نامید، هم یک فراملت. هم می‌توان آنها را چند زبان بزرگ و غنی توصیف نمود هم یک زبان با تعدد گویشها. بخاطر همین تعددهاست که این منطق را درپیش گرفته‌ام. علم هم این را پذیرفته. مثلا زبان فرانسه آنقدر غنی است که هم می‌توان آن را یک زبان

واحد نامید اما اگر بگوییم زبان‌های فرانسه، بازهم آن تعبیر اشتباه نیست. زبان کُردی هم شبیه زبان فرانسه است. دارای قریب ٥٥ گویش و لهجه است که این خصوصیت در زبان فارسی بسیار کم است. بنابراین با نقب‌زدن به دوره ماقبل تمدن و تمدن، پی می‌بریم که اقوام زاگرس از هوریها و هیتیت‌ها در شمالی‌ترین نقطه مزوپوتامیا گرفته تا کورتی‌ها و عیلامی‌ها در جنوبی‌ترین نقطه را، هم می‌توان یک قوم دانست هم یک فراقوم یا قوم بزرگ. هزاران سال زمان طی شده تا با برآمدن فرهنگ و تمدن محلی در جنوبی‌ترین نقاط زاگرس، تمایزها و خصوصیات منحصربه‌فردی در عیلامی‌ها به نسبت هوری‌ها شکل گیرد. البته باید توجه داشت که به دلیل نزدیکی بیشتر و خصوصیات جغرافیایی، کاسی‌ها بیشتر به هوری‌ها و کورتی‌ها نزدیک مانده‌اند. بسیار نزدیک. عیلامی‌ها از ٩ هزار قبل‌از میلاد برای نخستین‌بار ردپایشان را در تاریخ نشان‌داده‌اند ولی اعقاب هوری‌ها در ١٢ هزارسال قبل از میلاد که اثبات‌گر آن هم مکان تاریخی «گوبکلی‌تپه(به کُردی خراب‌رشک)» می‌باشد، بسربرده‌اند. ستون‌های منقر و زیبا و بسیار بزرگ آن مکان نشان می‌دهد که تمدنی دمکراتیک و متفاوت بدست اعقاب هوری‌ها در قالب روستا و کنفدراسیون قبایل در ٧ هزارسال قبل از تمدن سومری که در قالب شهر سربرآورد، بسیار عظیم‌تر بوده. حتی می‌تواند موجب بازنویسی تاریخ نوسنگی شود. زیرا آنهمه پیشرفت سرسام‌آور، حتما دارای پیشینه‌ای قدیمی‌تری بوده. پس می‌توان نوسنگی را تا ٢٠ هزار قبل از میلاد هم دانست و همه آن را فرهنگ تمدن دمکراتیک قبیله‌ای اقوام زاگرس – مزوپوتامیا خلق نموده. اگر این ریشه عظیم را از تاریخ لرها سلب کنیم، به هویت تاریخی و موجودیت امروزی آنها حقارت کرده‌ایم. فاشیسم می‌کوشد آن تاریخ زاگرسی را از لرها سلب نماید. تصور از اقوام پروتوتیپ لرها تنها به این صورت ممکن است بصورت دیگر، ستم در حق آنهاست.

پرسش: از نظر شما این اقوام مهاجر بوده‌اند و نهایتا در سلسله کوهستانهای زاگرس سکنا گزیده‌اند یا اینکه مردمان ساکنین اصلی این دیار بوده‌اند؟

گارا: تاوقتی که اوجالان مانیفست تمدن دمکراتیک خویش و تزها و تئوری‌هایشان در خصوص کل تاریخ را ارایه نداده‌بودند، همه مورخین تصور

می‌کردند که خلق‌های زاگرس و مزوپوتامیا از خارج یا از استپ‌های جنوب روسیه به آنجا سرازیر شده‌اند. این تز هنوز هم از سوی ملی‌پرستان معتبر است و شرق‌شناسان طی دویست‌سال گذشته این تصور و علم غلط را در ذهن و مغز همگان جاداده‌اند. شرق‌شناسان جارزدند که اقوام زاگرس و فلات ایران در ۳ هزار قبل از میلاد از شمال به آنجا سرازیر و مهاجرت کرده‌اند، درحالی که تحقیقات نشان می‌دهد که در حافظه تاریخ هرگز چنان مهاجرتی یافت نمی‌شود و هیچ سند و مدرکی هم در دست نیست. بعدها افرادی چون گوردون چایلد و خیلی‌های دیگر تحقیقاتی را از نو آغاز کردند و اقرارکردند که کُردها از خارج نیامده‌اند بلکه همیشه در زاگرس ساکن بوده‌اند اما نتوانستند کاملا اثبات نمایند. تحقیقات آنتولوژیک، زبان‌شناسی، فرهنگ‌شناسی و خیلی حوزه‌های دیگر اثبات‌گر این مدعاست که همه خلق‌های زاگرس از آناتولی تا سرحدات بختیاری در پی مهاجرت به این سرزمین سرازیر نشده‌اند. اوجالان این را بر مبنای کاوش‌های باستان‌شناختی و غیره اثبات نموده. درواقع تاریخ حقیقی را از نو بازنوشت و این امر هویت لرها در زاگرس را بیشتر تثبیت و شفاف ساخت. بدان اصالت بخشید. اصالتی که برساخته خود تاریخ باشد نه توهمات امروزی دانشگاهی. امروز کاوش‌های باستانشناختی و تاریخی نشان داده که برای نخستین‌بار نام عیلامی‌ها در ۹ هزار قبل از میلاد شکل‌گرفته ولی برای مثال نام فارسها در ۵۵۰ قبل از میلاد برده شده. خود کوروش در گل‌نبشته‌اش نامی از هخامنشی نبرده است. پارس‌ها در قرن هفتم قبل از میلاد به عیلام مهاجرت کرده‌اند. قبل از آن، هیچ نامی از آنها در تاریخ برده نشده. گریشمن تاریخ‌نویس و شوونیست‌های نظام حاکم ایدئولوژیک ایرانی برای پارس‌ها تاریخ‌سازی جعلی کرده‌اند اگرنه نام پارسوماش که شبیه نام پارس‌هاست برای نخستین‌بار در سال ۶۹۲ قبل از میلاد توسط «هوبان ایمنه» شاه ایلامی برده شده است. بنابراین این ادعا که چیش‌پیش فرزند هخامنش در ۶۷۵ تمامی عیلام را تصرف نموده، صحیح نیست و شرق‌شناسان آن را به دروغ ترویج داده‌اند. اگر هخامنشی‌ها همه جا را زیر حاکمیت خود در آورده‌اند، پس چرا تمدن الیمایی که از اعقاب لرها هستند در ادوار هخامنشی، سلوکی و اشکانی کماکان قدرتمند و مجزا بودند؟! گفته می‌شود که هخامنش

و چیش‌پیش در سال ۶۴۰ قدرت گرفته‌اند، درحالی که «شوتروک ناخونته» شاه عیلام در همان سال برتخت سلطنت نشست و سالنامه‌های بابلی این را صریحا روایت کرده‌اند. بنابراین قدرت‌گیری شاهانه هخامنش قبل از انقراض عیلام مردود است. «پی‌یربریان» در تألیف خود به نام تاریخ امپراتوری هخامنشی آورده که چیزی از تاریخ انزان در دورانی که به اسلاف کورش کبیر منتسب می‌کنند، نمی‌دانیم. تاریخ از تسلیم‌شدن عیلام به آشور خبرمی‌دهد اما از تسلیم‌شدن انزان به پارسیان نه. امروز هنوز هم در مناطق عیلام، لرها سکونت دارند. بنابراین نه سلف لرها یعنی عیلامیان و کاسیان و نه اخلاف هوری‌ها و کورتی‌ها هیچ‌کدام در پی مهاجرت به زاگرس نیامده‌اند بلکه همیشه ساکنان قدیمی آنجا بوده و هستند. البته مشخص نیست که پارس‌ها درپی مهاجرت به فلات آمده‌اند یا نه. امروز گفته می‌شود که فارس‌ها هم جزو فرهنگ قدیم آریایی هستند. می‌دانیم وقتی که عیلام سقوط کرد، به دست مادها افتاد نه پارس‌ها و اگر پارس‌ها حکومتی محلی داشتند به یمن مادها بود. این نشان می‌دهد که همه آن اقوام بشدت به هم وابسته و نزدیک بوده‌اند. برخی بدون سند تاریخی، ادعا می‌کنند که پارس‌ها در ۳ هزار ق.م از خارج به فلات آمده‌اند و خود تاریخ مکتوب و دانشگاهی امروز فارس‌ها هم همین تز را قبول دارد. به نظر من این درست نیست، شاید پارس‌ها به اندازه عیلامیان و کاسیان و کورتی‌ها و غیره قوی و گسترده نبوده‌اند، اما شاید قبایلی چندگانه بوده‌اند که زیر سایه گوتی – مادی به منصه ظهور رسیده‌اند ولی گوتی – مادی نیستند. ارامنه و بلوچ نیز چنین سرنوشت داشته‌اند. تمامی اسناد تاریخی درخصوص پروتولرها در زاگرس آنقدر مستند و قوی هستند که کسی یارای حاشاکردن از آن را ندارد. اگر لرهای امروزی را به آن اقوام پروتوتیپ عیلامی و کاسی نسبت ندهیم، پس چیزی از هویت و ارزش تاریخی آنها باقی نمی‌ماند ولی اگر آن را بصورت علمی بپذیریم، ارزش لُر را بازیافته‌ایم. پس لرها همیشه ساکنان زاگرس بوده‌اند و فرهنگ زاگرسی نیز یک ریشه و منشأ یگانه دارد. غیر از این، هیچ ادعای نژادپرستانه و شرق‌شناسانه‌ای قابل‌قبول نیست، زیرا آن همه پیشرفت به هزاران سال نیاز داشته و ملزم می‌گرداند که تصور نکنیم از خارج مهاجرتی صورت گرفته باشد.

پرسش: پیوند و اشتراکات نژادی و فرهنگی و زبانی این خلق‌ها چگونه بوده است، در این رابطه نقطه نظرات خود را بیان فرمایید؟

گارا: به مفاهیم مهمی اشاره کردید. مفهوم نژاد امروز بسیار بحث‌برانگیز شده. تبعیض‌های نژادی، اصلا محلی از اعراب ندارد، زیرا تعدد نژادی در روزگار امروز همانند تعدد خورشیدها در آسمان است. همانطور که یک خورشید در آسمان امروز مشاهده می‌شود، انسان امروزی هم فقط یک نژاد است که «هموساپینس» یا انسان عاقل و باهوش نام دارد. سایر نژادها همچو هموارکتوس، هموابیلیس، نئاندرتال و غیره کاملا منقرض شده‌اند و ممکن است فقط ژن‌هایی از آنها امروز بصورت مشترک در وجود ما هموساپینس‌ها وجود دارد. بنابراین کُرد، فارس، آلمانی، فرانسوی، آمریکایی و مصری و غیره همه یک نژاد هستند. تبعیض‌نژادی نخست حاصل تمدن مرکزگرای سومری بصورت ضعیف‌تر اما نتیجه تمدن سرمایه‌داری ۴۰۰ ساله بصورت بسیار شدیدتر است. فلذا فرهنگ‌ها و زبان‌ها می‌توانند متفاوت باشند، اما نژاد نه. گفته می‌شود که نژاد هموساپینس از آفریقا به سراسر جهان اشاعه فیزیکی یافت سپس آن دسته که در فلسطین و اسرائیل سکنا گزیدند یک فرهنگ و آن دسته که در مزوپوتامیا و زاگرس استقراریافتند، یک فرهنگ را شکل‌دادند و به تمام جهان گسترش دادند. تمامی آنچه در اروپا، آسیا، آفریقا و حتی چین به‌مثابه فرهنگ اشاعه یافت، از رودخانه فرهنگی زاگرس منشعب شده. علم و منطق این را به ما می‌گویند. لذا هوری‌ها از اولین آن فرهنگ‌سازان بوده‌اند که ما نامشان را می‌دانیم. ولی دوره فرهنگ‌سازی حداقل تا دهها هزار سال از نوسنگی هم به عقب بازمی‌گردد ولی بسیار ساده است. آنچه در جهان اشاعه یافت، فرهنگ نوسنگی بود اگرنه فرهنگ فلسطین – اسرائیل هم وجودداشت ولی پیشرفته نبود. همه ابزارها و معناها و ساختارهای فرهنگی و تمدنی ریشه در فرهنگ نوسنگی دارند. ادعا می‌شود که چین خودش بصورت مجزا فرهنگش را برساخته، اما این صحیح نیست. آن فرهنگ فقط ۵ هزار سال ق.م قدمت دارد پس انشعابی از رودخانه نوسنگی است اما بصورت بسیار منحصربه‌فرد قدرت مجزاگرداندن خود را یافته. فرهنگ و نژاد لر را تا اینجا مشخص ساختیم. آیا بهتر است بنا به اسناد معتبر تاریخی ریشه لر را به آن دهها هزارسال ربط دهیم یا نه به اقوامی خارج از هوری‌ها

ربط دهیم که ۳ هزار سال ق.م به زاگرس آمده‌اند که البته مستند هم نیست. غیرممکن است یک قوم بیگانه از استپ‌های جنوب روسیه به زاگرس آمده باشد، اما به یکباره آن همه پیشرفت ایجاد کرده‌باشد. پس یافته‌های غارهای لرستان و بختیاری چه؟ آنها که حکایت از یک روایت دیگر دارند.

مقوله زبان را هم باید با یک تز مبتنی بر روایات مستدل تاریخی تفسیر نمود. شرق‌شناسان و پان‌ایرانیست‌ها ادعا می‌کنند که اقوامی که از شمال به زاگرس و فلات در ۳ هزار ق.م مهاجرت کرده‌اند، جزو گروه زبانی «هندواروپایی» هستند. عنوان هندواروپایی برای زبان‌های و گویش‌هایی که در دسته فرهنگ آریایی جای می‌گیرند، صحیح نیست. عناوین یا آری(آریایی) و یا زاگرسی صحیح‌تر می‌باشد. وقتی فرهنگ از دوران نوسنگی به بعد به اروپا و هند اشاعه یافته، نمی‌توان گروه زبانی را عکس آن تفسیر نمود. قاطبه دانشمندان معتبر جهان که نوسنگی را کاوش کرده‌اند، داده‌ها و اسناد لازم برای روند پیشرفت زبان را هم به دست داده‌اند. به همین دلیل است که چایلد می‌گوید کُردها ساکنان قدیمی زاگرس هستند نه مهاجران از خارج. لرها هم در چارچوب آن گروه زبانی فرهنگ آری قراردارند که به نادرست «هندواروپایی» نامیده‌اند. رشد فرهنگ موجب رشد زبان هم می‌شود. خوب همه ابزارها و وسایل روستا و زراعت در زاگرس و مزوپوتامیا اختراع شدند، پس زبان هم آنجا رشد کرده نه در اروپا و هند که در دوران نوسنگی هنوز در عصر سنگی متأخر بسربرده‌اند. خویشاوندی زبان هوری‌ها، گوتی‌ها، کاسی‌ها و عیلامیان توسط تحقیقات بسیاری از جمله دیاکونوف و اسپایزر اثبات شده است. در حوزه لری، کاسی‌ها و الیمایی‌ها قدیمی‌تر از پارس‌ها هستند پس زبان فارسی بشدت از عیلامی، کاسی و الیمایی تأثیرپذیرفته است. برعکس آن، صحیح نیست چون خلاف روند زمانی تاریخ است.

پرسش: همانگونه که می دانید تاریخ‌نویسان ایرانی در مورد تاریخ این اقوام سعی بر آن دارند که خیلی گذرا و کوتاه در این مورد روایت‌گری کنند، و سعیشان بر این است که جایگاه تاریخی و نقش اساسی که این تمدن ایفا نموده را به حاشیه رانده و از منظری ایدئولوژیک به آن بنگرند، دلایل این کم‌اهمیت جلوه‌دادن فرهنگ و تمدن زاگرس را چگونه می بینید؟

گارا: تاریخ دولت ایرانی ۲۵۰۰ سال است که آن هم از حیث سلطه پارسی – فارسی به نصف می‌رسد چون در این مدت‌زمان فقط فارس‌ها حاکم نبوده‌اند تنها یک سوم آن متعلق به خود فارس‌هاست. تاریخ دولت – ملت هم کمتر از یک قرن است. از دویست‌سال پیش تاکنون با ورود انگلیسی‌ها و کمپانی هندشرقی، استثمار و استعمار و ملی‌گرایی همه خاورمیانه را آزار می‌دهد و به لبه پرتگاه زوال رسانده. تاریخ‌نویسی شرق‌شناسانه ایرانی هم که در مورد اقوام کهن زاگرس و ایران قلم‌فرسانی می‌کند، توسط ایرانی‌ها نه بلکه اروپاییان شرق‌شناس پایه‌ریزی شده. تا صدسال پیش هیچ ایرانی‌ای نمی‌دانست اقوام کهن چه نام دارند و یا هخامنشی وجودداشته یا نه. کم‌کم تحقیقات باستان‌شناسی گسترش یافت و با کشف سالنامه‌ها و الواح و کتایب سومری، آکادی و بابلی و سپس عیلامی، خیلی چیزها روشن شد. مثلا در مورد مادها و کاسی‌ها خیلی نمی‌دانستیم اما آن کشفیات خیلی از مسایل را روشن ساخت. کلیت آن تاریخ را شرق‌شناسان بصورت جعلی تنظیم نمودند که امروز به مرور جعلیاتشان افشا می‌گردد. با ظهور دولت ملی در زمان رضاخان پهلوی، پان‌ایرانیسم هم وارد مرحله‌ای دیگر شد و روند انکار تاریخ و هویت اقوام و ملیت‌ها شدت گرفت. این انکارگری را مورخان ایرانی از مستشرقین اروپایی به ارث برده‌اند. امروز با دانشگاهی‌کردن آن و با این ادعا که دانشگاه به آن نظریات یا بهتر بگویم جعلیات مشروعیت رسمی می‌بخشد، درصدد نزدیک‌شدن به نقطه کامل آسمیله‌کردن خلق‌های زاگرس هستند. این جعلیات مدعی است که همه خلق‌های ایران یک پروتوتیپ دارند و آن، پارس‌های دوران هخامنشی است. اگر این روند نابودی هویت فرهنگی در ایران و خاورمیانه متوقف نشود، بسیاری خلق‌ها و زبان‌هایشان با فرهنگ نابشان در زباله‌دان تاریخ جعلی شرق‌شناسی و پان‌ایرانیسم ریخته خواهد شد. این یک فاجعه است. دولت- ملت خصیصه‌اش این است که کل فرهنگ اقوام و خلق‌ها را انکار و فرهنگ حاکم در کشور مربوطه را بر آنها تحمیل کند. نظام ایدئولوژیک حاکم بر ایران عبارت از انکار هویت‌ها و آسمیله‌کردن آنها خاصه خلق‌های زاگرسی. آسمیلاسیون نیز با نابودی تاریخ و زبان آغاز می‌شود و با حاکمیت سیاسی، اقتصادی و اجتماعی نهادینه می‌گردد. به‌دلیل اینکه نظام دولت- ملت نتوانسته خلق‌های زاگرس را به زانودرآورد، پس

به تکامل نرسیده است. امروز عطش فاشیسم ایرانی به این خاطر است که در تشکیل دولت- ملتِ بدون‌مشکل موفق نگشته‌اند و خلق‌های زاگرس بخاطر غنای فرهنگی هر آن ممکن است آزادی‌هایشان را کسب نمایند و دیوار سلطه آنها فروریزد.

پرسش: اگر ممکن است در رابطه با وجه تسمیه لر و این که اولین بار در چه متونی به این واژه اشاره شده است و در رابطه با حوزه پراکندگی و جغرافیای لر توضیح بدین، و سیاست‌هایی که در راستای تغییر دموگرافی و بافت جمعیتی این دیار صورت گرفته به چه هدف و مقصودی بوده؟

گارا: ملی‌گرایان و پان‌ایرانیست‌ها وجه‌تسمیه لر را نامفهوم و تاریک تلقی می‌کنند تا پرده‌ای سیاه روی آن بکشند و بی‌معنا سازند. با این کار از حیث روان‌شناختی و جامعه‌شناختی، راه را بر آسمیلاسیون لر باز می‌کنند. می‌خواهند فرهنگ لری را از ساختار و معنا تهی سازند. وجه‌تسمیه لر در اسناد تاریخی بسیار شفاف می‌باشد. تا قرن چهارم هجری قمری هیچ‌یک از مورخین نام لر را در آثارشان نیاورده‌اند. امروزه برای یافتن قدیمی‌ترین اسناد تاریخی راجب به ملیت‌ها و جغرافیاها و سلسله‌ها به کتایب، سالنامه‌ها و الواح سومری – بابلی مراجعه می‌شود. آن کتایب و الواح پروتولرهای قدیم را عیلامی و کاسی نامیده‌اند. کاسی‌ها شاخه‌ای از گوتی‌ها یا گوتیوم هستند که آنها نیز ریشه در هوری دارند. بعدها کاسی‌ها تمدن الیمائی را تأسیس می‌کنند و استقلال محلی خود را همیشه حفظ کرده‌اند. به احتمال زیاد واژه «خوزی» یا «هوژی» از همان ریشه هوری به‌جای مانده است. فقط در زبان فارسی تغییر تلفظ داده‌شده اند و حروف «خ» و «ز» تغییر یافته‌اند. قریب ۵۰ کلمه و نام خاص که با ترجمه آکادی در متون آشوری و بابلی محفوظ است و همچنین مقداری اسامی خاص که در اسناد تجاری و اقتصادی بابلی باقیمانده به انضمام کتیبه‌های شاهان کاسی مانند آگوم دوم مربوط به هزاره دوم ق.م، متعلق به کاسی‌اند. واژه کاسی با واژه‌های «مکوتی، کورتی(کُردی)، کاشی، کاردونیا، کاردوخ» و چندین عنوان دیگر از قبیل «کاک، کاکو و کاکا» که در لجهه‌های کُردی مشترکند، هم‌خانواده است. نام‌های «کوتی و کورتی» به «کاسی» مبدل شده و نام قوم

آن هم شده. حمدالله مستوفی در قرن ششم هجری «کاه‌کاهی» را یکی از شعب لر قلمداد نموده که با کاسی و کاکا شباهت دارد. بنا به گفته راولینسون واژه کاسی به شکل کوسایوریی نیز بوده و در زمان اسکندر، یونانیان آن را به مردمان زاگرس و دره سیمره اطلاع می‌کرده‌اند که امروز همچنان کُردها آنجا ساکنند.

در خصوص وجه‌تسمیه و ریشه لر نمی‌توان به عیلام و ماد توجه نکرد زیرا از آن طریق به اصل کُردی خود پیوند می‌خورد. عیلامیان سرزمین خود را «هل‌تم‌تی» یا سرزمین خورشید نامیده‌اند و کشور ماد نیز «هل‌مه‌ته(هگمتانه)» نام‌داشته. این دو عنوان بسیار بسیار به هم شبیه و هم‌معنا هستند. بنا به گفته «مارسلا روم‌پُف»، باستان‌شناس هلندی، نام بختیاری و فرهنگ آن ریشه در عیلام دارد و این خلق بازماندگان همان تمدن هستند. پس از تمدن الیمائی با گذشت چند صد سال و در قرن چهارم ه.ق تازه وجه‌تسمیه «لر» مطرح و فراگیر می‌گردد. یاقوت حموی که فارس بوده، نوشته «لرها قومی از کُردها هستند». «استخری» نخستین جغرافیدان ایرانی هم همانند همه مورخین عرب کاملا به کُردبودن لرها و وجه‌تسمیه لر و جغرافیای آن اشاره کرده. شفاف‌ترین و قطعی‌ترین آنها، «حمدالله مستوفی»، کاتب دربار در قزوین است که به لرها اشاره کرده و گفته از «ده کُرد» برخاسته‌اند. قبل از او، «ابولقاسم کاشانی» مورخ دوره ایلخانان، در اثرش به نام «زبدة‌التواریخ» نخستین کسی است که قبل از همه به وجه‌تسمیه «لر» اشاره کرده. در آن چند قرن پس از اسلام سرزمین لرها را «جبال» یا «جبال‌اکراد» می‌نامیدند. «ابن‌فضل‌الله العمری» متوفی در ۷۴۹ ه.ق نیز بابی متشکل از چهار فصل در مورد اکراد نوشته: ۱ در مورد اکراد. ۲- در مورد لر ۳- در مورد شول. و چهارم در مورد شبانکاره که تاریخ گواهی می‌دهد همه اینها یکی هستند. مسعودی نیز در کتاب «التنبیه و الاشراف» نام همه طوایف کُرد که لرها را هم دربرمی‌گیرد، نوشته.

امروز همه مورخین به نظرات حمدالله مستوفی مراجعه می‌کنند. او در مورد نام لر آورده که «در مانرود دهی است که آن را کُرد خوانند و در آن حدود بندی است که آن را به زبان لری «کول» خوانند و در آن بند، موضع است که آنرا

«لر» خوانند. چون اصل ایشان از آن موضع برخاسته‌اند، از آن سبب ایشان را لر گفته‌اند». همچنین ریشه آن واژه را به «کوه پردرخت» و یا اینکه نام طایفه‌ای بوده باشد نیز پیوند داده ولی خود گفته که قول اول صحیح‌تر است. شرف‌خان بدلیسی مورخ شهیر کُرد نیز در اثر خود به گفته‌های حمدالله مستوفی استناد کرده و لر را شاخه‌ای از کُرد دانسته. بعدها سردار اسعد بختیاری نیز که قبل از دوره آسمیلاسیون یعنی دوره رضاخانی و دولت ملی کتابش را نوشته، لرها را صراحتا بخشی از اکراد می‌داند. سپس «کریم نیکزاد بختیاری(۱۳۵۴ه.ش)» نیز گفته که «با استناد به همه آثار و اسناد تاریخی روشن می‌شود که بختیاری‌ها با اکراد و الوار از ریشه و نژاد مشترک پهلوی برخوردارند.»

در مورد وجه‌تسمیه بختیاری هم گفته می‌شود که یا از عنوان «مختاری» برگرفته شده یا از نام عزالدوله بختیاری که البته اینها خیلی مشخص نیست. سردار اسعد بختیاری عنوان بختیاری را به اردشیر بابکان و ساسانی بازگردانده که هم ساسانیان و هم عزالدوله بنا به روایات تاریخی کُرد بوده‌اند. سردار اسعد در صفحه ۱۳۶ کتاب خویش که به نسب کُردها پرداخته، لرها را یکی از چهارشاخه اصلی اکراد نامیده. خود سردار اسعد در صفحه ۱۴ از کتابش به شرح طوایف اکراد و لرها بصورت مشترک پرداخته است و ریشه نژادی آنها را به مادها بازگردانده. می‌دانیم که لر بزرگ را اکرادی که از کردستان واقع در سوریه آمده بودند، تأسیس کردند این یعنی یک‌ریشه‌بودن.

در مورد قلمرو جغرافیایی هم باید گفت که قلمرو اکراد از آناتولی تا خلیج بویژه سرحدات بوشهر و هرمزگان نوشته شده است. امروز در هرجا که زاگرس امتداد یافته، هنوز هم لرها ساکنند. در استان مرکزی، اصفهان، کرمان، شیراز تا کرانه‌های خلیج. وقتی حکومت‌های مرکزی و طبقات حاکم فارس در شیراز قدرت می‌گیرند مدام با لرها بر سر حاکمیت و سلطه جدل داشته‌اند. امروز جمعیت لرها را ٥ الی ٦ میلیون اعلام می‌کنند. اما اگر سرشماری دقیق و بی‌طرفانه انجام شود، شاید از ده میلیون هم بگذرد. از ورامین و ساوه گرفته تا کرمان و خلیج و خوزستان قلمروی چنان وسیع است که ظرفیت آن جمعیت زیاد را دارد. من اشاره کردم که در قریب به یک‌قرن گذشته تلاش‌های نظام‌های حاکم ایرانی برای تشکیل دولت- ملت شکست خورده. شرط نخست موفقیت این

ملت ایرانی، آسمیله‌کردن همه ملیت‌ها خاصه لرها در درجه اول و نیز اتکا بر دمکراسی با پذیرش همه فرهنگ‌های غنی، می‌باشد. امروز می‌بینیم که حاکمیت ایران نتوانسته ملیت‌ها را آسمیله نماید و حتی فرهنگ‌های غنی را با توسل به راهکار دمکراسی نپپذیرفته. پس با نوع دولت- ملت اروپایی فاصله زیاددارد. ملت ایران وقتی شکل می‌گیرد که همه اکراد، خاصه لرها آسمیله شوند ولی هنوز نشده‌اند. رضاخان به نسل‌کشی فیزیکی دست زد و امروز نظام جمهوری ولایی به نسل‌کشی فرهنگی که وحشتناک‌تر است دست‌می‌زند. هدف اساسی، دولت- ملت ایرانی بوده که در آن دولت بر ملت حاکم است و این روند موجب جنگ‌ها، بحران‌ها و آسیب‌های جبران‌ناپذیر شده.

پرسش: در رابطه با حکومت‌های خودگردانی که در خطه زاگرس و لرستان و بختیاری شکل گرفته و اینکه این برهه از تاریخ حامل چه دستاوردهای تاریخی، هویتی و فرهنگی بوده است چه تفسری دارید؟

گارا: تا زمان صفویه، دوره خودگردانی قوی و همیشگی لرها تلقی می‌گردد. صفویه لرستان را اشغال و والی‌گری را ترویج دادند از صفویه تا ظهور پهلوی و دولت ملی، دوره نیمه‌خودگردانی لرها نامیده می‌شود. صفویه به همه ملیت‌ها و خلق‌ها در ایران حمله کردند و زمینه‌های حیات ایلی خودگردان و اراده‌مند سیاسی را تغییر دادند. آنها دیگر حاکمان لرستانات را خودشان از میان یک فرد غیرلر منصوب می‌کردند. صفویه یک دولت‌ملی زودهنگام و چندصدسال قبل از دولت‌ملی دوران رضاخان شکل داد. بشدت مرکزی بود. تا آن روز چنان نظام حاکمیتی وجود نداشت. همه ما قضیه پشتکوه و پیشکوه لرستان را می‌دانیم این یعنی تجزیه لرستانات. شولی‌ها و شبانکاره‌ها در قرون اولیه پس از ظهور اسلام خودگردانی الوار بودند. وقتی سلغریان یا سنقریان در فارس حاکم بودند، شبانکاره بر سراسر سرزمینی که امروز لرستانات می‌نامند، حکم می‌رانند و جالب است که آن سرزمین را کردستان خطاب کرده‌اند و رود کردستان در آن جاری بوده. سردار اسعد در کتاب تاریخ خود در مورد درخواست ابوطاهر از حاکم سنقریان برای تصرف کردستان آورده:«اتابک سنقر هم به او لشکری داد و وی را روانه کردستان(شبانکاره یا لرستانات) نمود». گاهی گفته کردستان و گاهی گفته لرستان یعنی این دو نام یک سرزمین بوده‌اند چون شبانکاره همان

کُردهای لُر بوده‌اند. هزاراسپ خودگردانی لر بزرگ را بنیان نهاد. با آمدن صفویه و تا دوران شاه‌طهماسب دیگر نامی از ولایات لر در آثار تاریخی برده نشده و بیشتر بصورت خودمختاری‌های تحت سلطه صفویه بسر برده‌اند. در زمان حمله افغان‌ها که به برچیدن صفویان انجامید، علیمردان‌خان بختیاری حاکم لرها بود. در کتاب «رستم‌التواریخ» اثر «رستم‌الحکما» آنجا که به وقایع عهد نادر و قیام علی‌مردان‌خان بختیاری پرداخته به تواتر از علیمردان‌خان با صفت «خان کُرد» یاد می‌کند. باید با صراحت گفت که زندیه که کریم‌خان زند از لک‌های همدان بودند، فراتر از خودگردانی، حاکمیت کل ایران را بدست آورد. آن دوران، اکثریت ساکنان شیراز لر بودند و زندیه آن شهر را پایتخت قراردادند. در اواخر قاجار و با اوج‌گیری مشروطه که قشون بختیاری وارد تهران شدند، سردار اسعد وزیر جنگ و بعدها نایب‌السلطنه هم می‌شود. منظورم این است که با ارتقای مقام سرداراسعد، لرها باردیگر پس از زندیه سراسر ایران را حکمرانی می‌کنند. پس از شکست مشروطه اما به‌یکباره ورق برمی‌گردد و هم خودگردانی هم حاکمیت بر ایران از دست بختیاریها خارج و سریعا با نسل‌کشی دهشتناک به دست رضاخان روبرو می‌شوند. وقتی رضاخان سردار اسعد سوم را به دار آویخت، آزادی و خودگردانی و استقلال اراده و همه چیز لرها نیز پایان یافت. امروز آن خودگردانی باید به لرها بازگردانده شود. بنابراین لرها در زاگرس همیشه خودگردانی و استقلال مدیریتی داشته‌اند ولی دولت‌ملی ایرانی و رضاخانی به آزادی همه ملیت‌ها پایان داد. هویت لرها انکار گردید و هویت فارسی به آنها قالب شده است. سیاست آسمیلاسیون پهلوی را جمهوری ولایی هم امروز مو به مو اجرا می‌کند. بنابراین لرها بیش از سایرین در خطر آسمیلاسیون قراردارند. بازیابی هویت لری – زاگرسی تنها وظیفه لرها در امروز است. لذا به کمتر از خودگردانی سیاسی، اقتصادی و اجتماعی نباید راضی شوند.

پرسش: راجب به نقش حکومت‌ها در جینوسایدهای فیزیکی و فرهنگی علیه دیار لرستان بختیاری و کهکیلویه و بویراحمد حوزه تمدنی زاگرس میانی و جنوبی و سایر مناطق لرها(زاگرس میانی و جنوبی) بسیار صحبت شده؟ با توجه به نقش شدیدا منفی و مزدورانه حکومت مستبد پهلوی اول در این خصوص توضیح بدین؟

گارا: ما به تمدن مرکزگرای پنج هزارساله سومری اشاره کردیم که تا به امروز ادامه یافته. این تمدن چیزی جز کشتارهای مکرر و جنگ‌های بی‌پایان نیست. از سومر تا به امروز، دوره تاریخی انحصارگری است که شامل سه دوره می‌باشد. از سومر تا پایان امپراتوری روم یک دوره. از روم تا آمستردام هلند در قرن شانزدهم دوره دوم. و از آمستردام تا به امروز که دوره سرمایه‌داری است، دوره سوم انحصارگری ادامه یافته است. تمدن‌ها و حاکمیت‌ها مدام بر سر انحصارات سیاسی، اقتصادی و اجتماعی و نظامی یا به عبارتی بر سر انحصار قدرت و سرمایه، به کشتار و جنگ دست‌زده‌اند. بارزترین کشتارها علیه لرها نیز بدست تیمور لنگ انجام گرفت اما نتوانست خودگردانی را از لرها بطور کامل سلب نماید. سپس صفویه ظهور کرد و به کشتار دست زد ولی خودگردانی را به نیمه‌خودمختاری مبدل کرد. عثمانی‌ها هم در زمان حمله محمود افغان به صفویه، تا اصفهان پیشروی کرده و به کشتار لرها دست زدند. سپس جنگ‌های صفویه و عثمانی به تجزیه لرستان و جداشدن آن از کردستان برای نخستین‌بار انجامید. در ۱۷ می ۱۶۳۹ میلادی یعنی قرن هفدهم پیمان قصرشیرین لرستان را با کشتار و سپس تجزیه از کردستان روبروساخت. صفویه ملیت، دین، مذهب و زمان را آماج حملات خود قراردادند و تا به امروز این رویه ادامه دارد. هولناک‌ترین نسل‌کشی علیه لرها توسط رضاخان و دولت ملی ایرانی صورت گرفت. امیراحمدی مشهور به قصاب لرستان برای همیشه به خودگردانی، آزادی و اراده سیاسی لرها پایان داد. یک دوره تراژیک از تاریخ لر پس از رفتن سردار اسعدها آغاز شد و امروز می‌رود که با آسمیلاسیون لر و ادغام آن در فارس به آخرین موفقیت‌های نسل‌کشانه‌اش دست‌یابد. البته بیداری هویتی و اجتماعی لر امروز درحدی است که گویا با حفظ زبان و فرهنگ و هویت خویش می‌توانند به اراده و استقلال سایق خویش با رشد و پیشرفت به نسبت زمانه کنونی، دست یابند که خودگردانی پیشرفته‌تر است. همه لرستانات پتانسیل جلوگیری از جینوسایدها و مبدل شدن به خودگردانی را دارد ولی نظام ایدئولوژیک حاکم ایران با تمام قدرت در پی جلوگیری از آن است.

پرسش: زاگرس در طول تاریخ همواره مورد هجمه حکومت‌ها و دولت‌های مستبد منطقه قرار گرفته و در این راستا مردمان زاگرس همواره مقامت و رشادت‌های بزرگی از خود نشان داده‌اند تا در مقابل هرگونه جینوساید فیزیکی و فرهنگی و سیاست‌های آسیمیلاسیون مقابله کنند. شما به عنوان کسی که در این زمینه تحقیقات مطالعات جامعی داشته‌اید چگونه می توان در مقابل این هجمه‌ها و سیاست‌های انکار و امحا و اسیملاسیون که همچنان ادامه دارد، عمل کرد؟

گارا: زاگرس در طول تاریخ خویش مهد رشد فرهنگ قوی بوده که به منشأ سایر فرهنگ‌های دنیا مبدل شده سپس آن فرهنگ‌ها در قاره‌های دیگر ویژگی‌های منحصر به فرد و متفاوت خویش را بروزداده‌اند. سلطه نظام حاکم ایرانی صدها سال است به هجوم علیه خلق‌های زاگرس ادامه می‌دهد، اما هنوز موفق نشده. البته سیاست آسیمیلاسیون در میان اقشاری از لرها و گیلک- مازنی بیش از سایر خلق‌ها به موفقیت برای ادغام‌کردن دست یافته. ولی این صحیح نیست که بگوییم بیداری لرها علیه نسل‌کشی فیزیکی و فرهنگی وجود ندارد. اتفاقا امروز لرها یک جامعه آگاه می‌باشند. اینکه چرا تاکنون این فرهنگ زاگرسی لرها نابود نشده، به قدمت تاریخی و جغرافیایی آن و غنای زبانی، فرهنگی، آیینی و بسیاری عناصر دیگر بازمی‌گردد. زبان‌ها و گویش‌های زاگرسی قوی‌تر و غنی‌تر و حتی پرقدمت‌تر هستند، به همین دلیل تاکنون حفظ گشته‌اند. نظام ایدئولوژیک حاکم ایرانی که بسیاری عناصرش ساخته و پرداخته دست ملی‌پرستان و پان‌ایرانیست‌هاست، آنقدر غنا ندارد که از پس زبان‌ها و فرهنگ‌های زاگرسی برآید. از طرف دیگر، چون فرهنگ‌ها و زبان‌های زاگرسی به رشد ایران خدمت کرده‌اند، ایران امروز توان ذوب‌کردن کامل آنها را ندارد. فرهنگ رواداری و مساوات یا به عبارت امروزین فرهنگ دمکراسی زاگرسی تاکنون فرهنگ ایرانی را تغذیه نموده، پس نمی‌تواند کمر همت به نابودی عناصری بزند که خود از آن تغذیه نموده. بنابراین قدمت و غنا و ارزشمندی فرهنگ لری که ازقضا امروز هم بسیار کاربرد دارد، موجب شده که کماکان از گزند نابودی محفوظ بماند. بنابراین راهکار اصلی مقابله با نسل‌کشی فرهنگی، بازپس‌گرفتن و تفویض خودگردانی به لرها است. مهم آزادی لرها است حال چه در قالب جغرافیای موسوم به ایران و یا مستقل از آن. رهیافت دولت- ملت مستقل لری امروز

خیلی ممکن نیست و شاید هم بخاطر گسست از فرهنگ‌های دیگر به زیانش باشد. چون دولت- ملت امری منفی است و لاجرم گسست‌ها را موجب می‌شود. رهیافت دیگر، فدرالیسم لری در چارچوب ایران نیمه‌دمکراتیک است. اساسا فدرالیسم یک خودگردانی بسیار ضعیف است زیرا بازهم فدره لری مجبور می‌شود تابع مرکز ایران باشد. وجهه مرکزی‌بودن در فدرالیسم بازهم باقی است لذا خیلی چنگی به دل نمی‌زند. متفاوت از این دو، کنفدراسیون بعنوان رهیافت سوم ارزشمندترین است. چون بدون استقلال جغرافیایی از ایران، لرها می‌توانند تمام آزادیهایشان را بدست آورند و دیگر مدیریت سیاسی کنفدره نیز مرکزگرا و تابع بدون‌چون‌وچرای مرکز و پایتخت نیست فقط با آن هماهنگ است. این تنها راه برای همه خلق‌های زاگرس است. لرستان بزرگ در چارچوب زاگرس نیاز به چنین سیستمی خودگردان دارد و امروز باید برای آن مبارزه کرد.

پرسش: با توجه به اینکه در دیار زاگرس آیین و باوری یارسان به درازای تاریخ خود را نمایان کرده، و در این حوزه ما با سامانی عزیم از ادبیات کردی گوران از زنان و مردان این دیار برخورد داشته‌ایم، که متاسفانه این سامان به طرق مختلف مورد هجمه قرار گرفته و به حاشیه رانده شده، نقش و جایگاه مردمشناسی و جامعه‌شناسی این سامان را در دیار زاگرس چگونه ارزیابی می فرمایید؟

گارا: اعتقاد من این است که صفویه به قلع‌وقمع آیین‌های قدیمی زاگرسی در درجه اول پرداخت. تا آن زمان زاگرس اکثرا یارسانی بودند. صفویه بعنوان یک دولت ملی علوی درباری ظهور کرد و حملاتی بسوی کردستان تا بختیاری را آغاز نمود. این هجوم‌های بی‌رحمانه بسیاری از مردمان آن دیار را مجبور به گرایش به اسلام کرد. بنابراین چون حوزه و قلمرو گسترش زبان تا به امروز به ادیان و مذاهب گره خورده بود، زبان کُردیِ گورانی هم بشدت ضربه دید. همیشه وقتی ادیان و آیین‌ها ظهور کرده‌اند، کتب مقدس خود را نگاشته‌اند اما به زبانی خاص. زرتشتی به زبان مادی نوشته که اساسا پهلوی – گورانی نام داشته. نظرات متفاوتی درخصوص زبان تاریخی کُردی گورانی وجوددارد. برخی از مفسران امروزی بنا به تحقیقات مفصل خویش ابراز می‌دارند که حوزه زبان گورانی از حیث قلمرو جغرافیایی، کل زاگرس و مزوپوتامیا و بخشی از فلات

ایران را دربرگرفته است. یعنی از آناتولی در ترکیه امروزی تا نزدیکی‌های خلیج و بلوچستان به زبان گورانی تکلم کرده‌اند. بنا به این نظر، همه گویش‌های لری، کرمانجی، کلهری، زازا، هورامی و سورانی با دهها لهجه متفاوت‌شان که قریب ٥٥ نوع است، در کاتاگوری زبان گورانی جای گرفته‌اند. همچنین، هم زبان اشکانی‌ها که پهلوی یا فیلوی بوده و هم زبان ساسانیان غیر از گورانی نبوده. تا زمانی که سورانی بصورت نوشتاری رشد کرد، زبان گورانی در میان زاگرسیان غالب بود. ولی با ممنوع‌کردن آیین‌های قدیمی زاگرسی چون یارسانی و زرتشتی، خودبه‌خود آثار مکتوب به زبان گورانی هم ممنوع و کم‌کم به حاشیه رانده شد. اگر خوب توجه کنیم می‌بینیم که هزاران اثر یارسانی به زبان گورانی از بختیاری تا کرماشان امروز باقی مانده است. آثاری مکتوب به زبان گورانی که اکثرا بصورت شعر است در بخش‌های دیگر کردستان هم یافت شده است.

برخی محققین نیز معتقدند که حوزه زبان گورانی تنها از کرماشان تا کهکیلویه و بویراحمد را دربرمی‌گیرد. بنا به داده‌های تاریخی و اسنادی که در دست است، گویا نظر اول صحیح‌تر است. برای مثال حوزه گسترش زبان گورانی را امروز باید به نسبت حوزه گسترش زبان در دوران مادها، اشکانیان و ساسانیان تعیین نماییم. فارسی به‌شدت از زبان گورانی تأثیر پذیرفته و از آن تغذیه نموده. همانطور که امروز زبان فارسی حوزه تأثیرپذیری گسترده در تمام ایران و زاگرس دارد، زبان گورانی هم در همه دوران‌ها و ظهور دولت‌ملی در دوران پهلوی اول، تأثیرپذیری بلامنازع دارد. گویا در دوران فردوسی و حافظ زبان فارسی متأثر از گورانی به رشد لازم رسیده و به موازات آن زبان ابرازوجود کرده سپس به دلیل وجود حاکمیت سیاسی، چیرگی هم یافته.

بدون تاریخ یارسانی نمی‌توانیم به تاریخ گورانی هم بپردازیم. این، جدا از آن است که به دوران مادها و بعد از آن ربط دهیم. امروز اکثریت آثار مکتوب به زبان گورانی بیشتر مربوط به آیین یارسان و شاعران گوران است. کمتر به نثرهای باقیمانده برمی‌خوریم. اساسا زبان توصیف و تشریح در یارسانی، بصورت شعر است. امروز صدها اثر شاعران یارسانی و غیریارسان گوران برجای مانده‌اند که از حیث کمیت و کیفیت چند برابر آثار باقی‌مانده فارسی است. پیران یارسانی شاعر یا «باوه‌های شاعر» و شاعران گوران نقش بسیار

مهمی در رشد زبان گورانی داشته‌اند. نخستین اشعاری که امروزه در زمره زبان گورانی برجای مانده مربوط به صدر اسلام است که به ایران و زاگرس حمله می‌شود. در سال ۱۹۳۰ میلادی قطعه‌پوستی در سلیمانیه یافت شد که آن اشعار روی آن نوشته شدبود و برخی گفتند ساختگی است ولی اخیرا اثبات شده که ساختگی نیست. به زبان فیلوی نوشته شده که همان گورانی می‌باشد. پس از آن، گویا قدیمی‌ترین اشعار به زبان گورانی ابیاتی منتسب به «بهلول دانا» یا «مادی» است. با ظهور بهلول، زبان گورانی و آیین یارسان به هم گره‌می‌خورند. بهلول برای جلوگیری از نابودی آیین کهن زاگرسیان، آیین یارسان را کانون مبارزات خود قرارمی‌دهد و زبان گورانی را زبان اصلی آن. رشد آیین یاری در مرحله‌ای به بابک خرمدین و سپس به بهلول دانا ربط دارد. بهلول در سده دوم هجری آیین یاری را در لرستانات ترویج داد ولی کانون اصلی آن هورامان شد. می‌دانیم که گویش هورامی هم در زبان گورانی از مادها تا به امروز یگانه و کانونی بوده و هست. امروزه محققین ایرانی برای درک اوستا ناچارند به هورامان در کردستان سفر کنند و زبان هورامی را یاد بگیرند. این کارها را افراد زیادی هم کرده‌اند. گورانی زبان واحد زاگرسیان بوده اگرنه چرا بهلول به زبان گورانی شعر سروده؟! همچنین باباها و یاران بهلول در لرستانات به رشد آیین یاری و زبان گورانی کمک شایانی نمودند. «بابالُره لرستانی، بابانجوم لرستانی، باباحاتم لرستانی و بابارجب لرستانی» در سده دوم هجری از یاران بهلول بودند و امروزه نام و شهره آنها کماکان باقی است. پس از آنها، مطرح‌ترین شخص، باباسرهنگ دودان است که در ۳۳۴ هجری کوهستان شاهو را کانون آیین یاری قرارداد. در ۱۰۱۵ میلادی نیز شاخوشین لرستانی و در ۱۰۵۵ نیز باباناوس جاف ظهورکردند. هم عصر با این دو بزرگ یاری، ابن‌سینا و امام‌محمد غزالی بسربرده‌اند که به آیین یاری تاخته‌اند وآن دوره شروع دوران تاریک ایران به واسطه اقدامات غزالی و خواجه‌نظام‌الملک است. فشارهای دینی آنها، موجب تنگ‌ترشدن عرصه بر آیین یاری هم شده. بهلول دانا و باباسرهنگ دوره نخست رشد آیین یاری و زبان گورانی است، اما دوره «سان‌سهاک برزنجی» از سال ۵۳۸ الی ۶۳۸ هجری آغاز مرحله دوم آیین یاری است. در دوره وی، آیین یاری بطور کامل ممنوع

و ناچارا وارد دوره سخت‌تری از تقیه می‌شود و علم نیز از ارزش می‌افتد زیرا همه عناصر اسلامی تحمیل می‌گردند. آیین یاری غیر از اهمیت دادن به یارسانی و زبان گورانی، به حضور آزادانه زنان در اجتماع و مدیریت آن هم اهمیت می‌دهد. برای مثال «دایه خزان سرگتی، ریحانه خانم لرستانی، لیزاخانم جاف، جلاله‌خانم و خاتون دایراک رمزبار» از زنانی بودند که در مدیریت مستقیم جامعه همانند باباها نقش اصلی داشتند. دایه توریز هورامی از شاعران و تنبورنوازان نامی بود. کتاب «سرانجام» و کلام‌های پرشمار یاری به زبان گورانی، عظمت آن را نشان می‌دهد. سان‌سهاک علم نجوم را در آیین پیشرفت می‌دهد و مطمئنم که گاهشماری لکی که بسیار قدیمی است، مورد توجه ایشان بوده. وی دانشمندی به تمام معناست که آیین، زبان، شعر و نجوم را بصورت حیرت‌انگیزی رشد داده. پس از سان‌سهاک دوره رهبریت «سیدبراکه» آغاز شد.

سردار اسعد در کتاب خویش اشاره کرده که تا زمان صفویه همه ساکنان لرستان و شوشتر به اسلام نگراییده‌اند. در لرستانات و سراسر زاگرس باباها یا بوه‌های یاری نقش کلیدی داشته‌اند. در هر چهاربخش کردستان در طول تاریخ باباهای زیادی ظهور کرده‌اند و رشد آیین، زبان و ادبیات را به هم مرتبط ساخته‌اند. در لرستانات، مازندران، هولیر، موصل، حلب و بسیاری مناطق دیگر باباهای زیادی هستند که اشعارشان به یادگار مانده است. «پیرصادق مازندران، پیرناصر بختیاری، باوه‌نجف لرستانی، پیرزید خوزستانی، باوه‌بزرگ لرستانی، پیریوسف کرمانج، پیرطاهر اصفهانی، پیرکمال مامولانی، پیراحمد لرستانی، پیرتاج‌الدین فارس، پیرحسن کاشانی، پیرمحمود بغدادی، پیرعبدالعزیز بصره‌ای، پیرسلمان اردلانی، پیرخالق اردبیلی، پیرمنصور شوشتری، پیرخلیل موصلی، پیرحسین استانیلی، پیرفیروز هندی، پیرتاماز کرمانی، پیررحمت بمبئی(درهندوستان)، پیرقانون شامی، پیرحاتم همدانی، پیرنازدار شیرازی، پیرطیار خراسانی، پیراحمد گنجه‌ای، پیرنجم‌الدین پارسی، پیرسلیمان سیستانی، پیرقابیل سمرقندی، پیرحسین دیاربکری(درشمال کردستان)» از پیران یاری هستند که از سوریه تا دیاربکر و مازندران و لرستان سپس شهرهای ایران و هندوستان را دربرمی‌گیرد و سرودن اشعار

آیینی گورانی از حوزه جغرافیایی زاگرسی هم فراتر رفته. شهر شوشتر به شهر چهل‌پیر یارسانی مشهور است اما در نظام‌های حاکم ایران خصوصا جمهوری اسلامی اماکن مقدس یا مرقد آن پیرها را به امامزاده تغییر داده‌اند. خلق لر هنوز هم آنها را پیران یارسانی می‌دانند. این پیران دارای اشعار و آثار و دیوان به‌جای مانده‌هستند و امروز سند معتبر یارسانی و گورانی می‌باشند. نظام ایدئولوژیک حاکم بر ایران از طریق زبان مسلط خود به زبان گورانی حمله کرد و از طریق شیعه‌گری به آیین و متافیزیک یارسانی تاخت. از معماری گرفته تا ادبیات و فولکلور و سنت‌ها همه آماج حمله و نابودی قرارگرفته‌اند. امروزه اما در سراسر لرستانات مذهب شیعه محوریت یافته ولی فرهنگ همچنان لری است و با هم مختلط گشته‌اند که لازم است بسوی دمکراتیزه‌بودن گام بردارد.

پرسش: موسیقی و ادبیات فولکور و همواره نقش جایگاه عمیقی در لرستان و بختیاری و به کل حوزه تمدنی زاگرس داشته است تا در مقابل سیاست‌های آسیمیلاسیون و استثماری و استعماری دولت‌های مرکزی از هویت خود دفاع کنند ، ارزیابی شما در این رابطه چیست؟

گارا: موسیقی و ادبیات برای هرملتی با فرهنگ آن، یکی از ابعاد دفاع مشروع در مقابل سیاست‌های آسمیلاسیون هستند. در آیین یاری جایگاه موسیقی بسیار والاست و با روحانیت آیینی درهم آمیخته است. ساز تنبور یا تنوره یاری همراه با کلام‌ها یا اشعار آیینی یاری و با استفاده از زبان گورانی نواخته می‌شود. موسیقی یکی از حوزه‌های قوی حفظ فرهنگ لری می‌باشد. توشمال‌ها بازماندگان همان فرهنگ تاریخی در عرصه موسیقی هستند که با تمامی جامعه ارتباط معنایی برقرارکرده‌اند. موسیقی و ادبیات در قالب شعر و شاهنامه لری تاکنون بزرگترین سپر در برابر فشارهای زبان و ادبیات فارسی بوده‌اند و در حفظ زبان و فرهنگ لری و احساسات ناب آن نقش اساسی دارند. گوشه شوشتری امروز در سراسر لرستان و ایران گوشه‌ای شناخته‌شده است. موسیقی چمری که در حوزه سوگواری جای می‌گیرد، میان اردلان، کلهر و لر مشترک است. انواع موسیقی عنایی، حماسی،

سوگواری، فصول، ترانه‌های کار، طنز و مذهبی در چارچوب موسیقی لری یافت می‌شود. ترانه‌های «گل‌درو(دروکردن دسته‌جمعی)» و «هوله(خرمن‌کوبی)»، «مشک‌زنی»، «شیردوشی» و «چوپانی» در سراسر زاگرس میان کُردها خاصه لرها و کلهرها و لکها و هورامی‌ها مشابه است. حتی واژه‌های گل‌درو و هوله در زبان سورانی و اردلانی هم مشترک است. سروده‌های آیینی یارسان یا کلام‌ها و نیز شاهنامه لری نیز همراه با نواهای موسیقی خاص لری خوانده‌شده‌اند. همین امروز لرستان با عنای موسیقی و ترانه و سرودهایش یک قطب غنی موسیقی می‌باشد. تنبور که در آیین یاری لرستان مقدس است و نیز شیپور بر روی ظروف نقره متعلق به هزاران سال پیش حک شده‌اند. واژه «هل‌پرکه» در سراسر لرستانات و سایر نقاط کردستان مشترک است. آخرین ترانه‌های حماسی لرها به دوران نسل‌کشی لرها بدست رضاخان، شکست علیمردان‌خان و قدم‌خیر مربوط هستند. به زبان موسیقی و ترانه، روند زوال فرهنگ ایلی اصیل لرستان را بازگو می‌کنند. هیچ‌کس نمی‌تواند اشتراک بسیار زیاد موسیقی و زبانی لری با کُردی را انکارکند. در ترانه‌ها واژه‌هایی مانند «هەی، خدا، اری و عزیزم و هاوار» مشترک هستند. به هرحال هویت موسیقی و ملودیک لری با موسیقی فارسی کاملا متفاوت و مجزاست. شاید موسیقی مناطق لرستان به کُردی بیشتر نزدیک است، ولی اینکه گفته می‌شود که موسیقی بختیاری به فارسی نزدیک‌است، درواقع یک نوع تبلیغ منفی برای آماده‌ساختن اذهان جهت آسمیله‌کردن است. امروز لازم است فرهنگ و هنر و موسیقی و ادبیات و زبان لری بر روی آن ریشه‌های اصیل خویش مجددا بروید و شکوفا شود.

واژەسازی
در زبان کوردی

نامدار جابری

در کتاب "بنەماکانی وشەسازی و وشەڕونان لە زمانی کوردیدا" صفحه ۲۰ به قلم آقای کامران رحیمی چنین میخوانیم:

۷ـ واچە دەنگدارەکان;

زمانی کوردی بەتێکڕا, حەوت واچی دەنگدار و دوو واچی نیوەدەنگداری هەیە. ئامانە, لە دۆخێکی ئاساییدا کۆسپ نیین. بەڵام هەندێک جار, لە پرۆسەی وشەسازیدا گیروگرفت دروست دەکەن. بۆ نموونە, لە زمانی کوردیدا ئەگەر بخوازین لە ناو, ئاوەڵناو دروست بکەین پێویستە, پاشگری<<ی>> لەگەڵ ناو بێنین. وەکوو:

زمان + ی = زمانی ... / نیشتمان+ی= نیشتمانی....

بەڵام ئەو وشانەی کۆتاییان بە واچی دەنگدارە یان نیوەدەنگدارە, لە دۆخی ئیزافەدا, دەبێ واچێکی بێدەنگ, وەکوو ناوجی, لەنێوانیاندا دابنیشێ. وەک:

زانستی + ی = زانستیی

Zanistî+î = zanistî + y + î

کە هەندێ جار لەکاتی دەربڕیندا و بە زۆری لە کاتی نووسیندا یەکێک یان هەر دووئیییەکە(y,î) وەلادەخرێ. بەواتایەکیتر هەر بەشێوەی ئاوەڵناو(زانستیی zanistîy) دەنووسرێت. نموونەیەکی تر:

مرۆڤایەتی + ەکە + ان = مرۆڤایەتییەکان

Mirovayetî +eke +an = mirovayetî +y + ekan

هەر وەک دیارە, دەربڕینی ئەم وشانە, بە هۆی بەدوای یەک هاتنی چەند واچی دەنگدار و نیوەدەنگدار, سەختە. هەروەها لەگەڵ لاختی بڕگەی زمانی کوردیشدا ناپووڕێت. چۆنکوو لە زمانی کوردیدا دوو پیتی دەنگدار ناتوانن لە پەنای یەک دابنیشن. لە زمانی فارسیشدا ئەم گرفتە دەبینری. وەک:

روان شناسی + ی = روان شناسیی...

در این بحث نویسنده اشاره یه یک شیوه واژەسازی در زبان کوردی می کند که بدین صورت است:

وقتی در زبان کوردی یک واژه, پسوند (یی î) میگیرد شکل صحیح آوردن این پسوند بسته به این دارد که حرف آخر واژەی ما صدادار یا بی صدا است.

اگر واژه ما به حرف بی صدا ختم شود شکل صحیح آن بدین شکل است:
واژه + پسوند "یی Î)
ولی اگر واژه‌ی ما به حرف صدادار ختم شد چه می شود؟
اینجا شکل واژه‌سازی کمی فرق می کند که شکل درست آن بدین صورت است:
چون پسوند "یی Î" در گروه حروف صدادار است و حرف آخر واژه ما هم حرف صدادار است از حرف نیمه‌صدادار "ی y" استفاده می شود.

یک قاعده دستوری در زبان کوردی میگوید هیچ گاه در یک کلمه دو حرف صدادار کنارهم نوشته نمی شوند.
مثل همان مثال اول نویسنده:
= Zanistî+î
اینجا حرف آخر zanistî و پسوندÎ هر دو حروف صدادار هستند و نمی توان کنارهم نوشت پس شکل صحیح آن بدین صورت است:
zanistî + y + î
تا اینجا نویسنده کتاب شکل واژه سازی بر اساس این قاعده کاملا درست بیان کرده‌اند.
وی همچنین بیان کرده‌اند در زبان کوردی(کورمانجی , کورمانجی ناوەڕاست(سۆرانی), کلهوری, هورامی, زازاکی, پهله‌ای و...)دو حرف صدادار کنار هم نوشته نمی شوند.
اما چند نکته:
یک نکته اینکه, این قاعده در تمام گویش های کوردی یکسان نیست و اعمال نمی شود. مثلا در کورمانجی شمال در برخی کلمات دو حرف صدادار کنارهم نوشته می شوند مانند:
Na'axivim حرف نمی زنم
در اینجا حرف دوم و سوم جز گروه حروف صدادار هستند ولی کنار هم نوشته شده اند
Diazirîne آزار می دهد

در این مثل باز هم همان شکل اول است و حرف iوa حروف صدادار هستند.

پس نتیجه میگیریم این قاعده در زبان کوردی(همه‌ی گویش های کوردی) یکسان نیست.

نکته دیگر اینکه نویسنده کتاب بیان کرده اند "آمدن دو حرف صدادار باهم سخت و ناجور است" به همین خاطر برای سهولت کار باید از حرف نیمه صدادار "y" استفاده کنیم. این حرف درست و منطقی است.

اما گاهی شکل واژه سازی با کمک پسوند î و حرف نیمه صدادار y در همه گویش ها یکسان نیست.

مثلا در کورمانجی شمال و پهله‌ای(جنوب ایلام) یک قاعده دستوری دیگه به این قاعده(دو حرف صدادار کنار هم نمی آیند) اضافه می شود که می گوید: هرگاه حرف آخر واژه‌ی ما به حرف صدادار î ختم شود و بین پسوندی که با حرف صداددار شروع می شود حرف نیمه صداردار y قرار بگیرد حرف صدادار î در آخر واژه به حرف i (کسره کوتاه)تبدیل می شود.

مثال:

zanistî + y + î = zanistîyî = zanistiyî

حتا در صرف افعال هم چنین است.

مثال:

.Bî + ye = bîye = biye

حال این مثال رو با مثال دوم مرۆڤایه‌تییه‌کان در اول متن نویسنده کتاب مقایسه کنید.

در پایان ضمن سپاس از جناب کامران رحیمی نویسند و پژوهشگر توانای کورد بخاطر تالیف این کتاب ارزشمندشان, اگر عمری بود و عمری ماند در آینده به تمام مطالب کتاب خواهم پرداخت.

اللغة اداة
للتعبير و التفاهم

هیاس محمود کاکەیی

اللغة تعتبر هوية أية أمة ، وهى أداة لايجادالعلاقة وظاهرةالتعبير(طاهرى ص٥٨٦) ،ولغة الام هى اللبنة الاساسية التى لها تأثير كبيرفى تطور لغة الامم وعلى مسيرة تقدم البشرية و تميز مجتمعاتها ، وهى مقياس أو معيار رئيسى لمسيرة تطور الشخصية وتراث المجتمع (زمان وزار ص١١٤) ، فاللغة يتجدد ويتطور عبر العصور و الازمان ، ولايخضع لامر السلطان والخبراء (نفس المصدر ص٤) ، مع بدء ظهور اللغة عند الانسان على مر عصور للحياة البشرية ، تمكن بواسطتها التعبير عن التجارب الحياتية و الكوارث الطبيعية ، وعن تأريخه للأجيال الاتية على هيئة قصص شفاهية وأساطير .

ففى العصر الحجرى القديم ، أى فى حدود (٥٠ ألف عام) الماضية ، حينما كان الانسان يأوى الى الكهوف والمغاور ،كان يعبر عن حياته اليومية وما يحيط بطبيعته بالرسومات والصور ، مثل مناظر الطبيعة والحيوانات وأعمال الصيد وجمع البذور والفواكه و ....الخ ، وكثير من الرموز الاخرى على جدران هذه الكهوف والمغاور (المصدر السابقص٩٨). ومع تطور الانسان بدأ التغيير فى تعبيره ضمن اللغة التى سادت فى حدود مجتمعه ، ومع تكوين الحظارة والمدنية ، تطورت التعبير عن الرسومات والرموز المتنوعة الى تدوينها فى أمور حياتية ضمن قوانين وأساطير وأبتهالات و طقوص دينية .

الكورد كواحدة من تلك الاقوام والامم على المعمورة فى الشرق الاوسط، تميز بلغتها الخاصة وهى اللغة الكورية ، والتى تعود عراقتها الى الالاف السنين فيما قبل التأريخ ، حيث تمكن الخوريون (الهوريون) بتخطى خطوات متميزة فى التأريخ(٣٢٠٠عام) فى هذا المجال ، أستخدموا الرموز المسمارية فى مدينة أوكاريتى على ضفاف بحر الابيض المتوسط فى شمال غرب سوريا بشكل يتلائم فى الكتابة ، وهذه الرموز كانت تتكون من (٣٠ حرفا) صوتيا ، بينما كانت الرموز المسمارية السومرية تتكون من (٣٠٠حرفا) صوتيا (شندروى عدد٤ ص١٠١). فالسومريون هم أول من بدأو ا الكتابة على الالواح الطينية وبخط مسمارى ،حيث هم غيروا مرحلة الكتابة والتعبير من الصور و الرموز الى الخط المسمارى الدالة على الصوت ، وهم من كتبوا أقدم النصوص باللغة السومرية (العراق القديم ص٢٧٤) ،فهم كانوا يتحدثون بلغتهم الخاصة ، واخترعوا الكتابة فى حدود (٣٠٠٠عام) قبل التاريخ ، والتى يعرف بالعصور التأريخية ، حيث بدأ الانسان و باتدريج بأستخدام الكتابة وتدوين شؤون حياته اليومية وجوانبه التأريخية (نفس المصدر ص٦٩).

الدلائل تشيرالى التشابه الكبير بين اللغة السومرية و اللغة الخورية والى اللغة الكوردية ، فكانت وريثة القوميات والامم التى تنتمى الى اللغات الهندو أوربية ، كالميدية، والاشكانية ، والساسانية ،وغيرها .

كانت اللغة البهلوية (ماجو -كوران) السائدة فى عهد الامبراطوريات عبر التأريخ لغة الحضارة والمدنية ، وكان الحكام والسلاطين فى تلك الأزمنة الغابرة يستخدونها فى بلاطهم و دواوينهم ويتباهون بها ، فهى كانت لغة الكورد منذ عهد البيشداديين والميديين ، كلمة بهلوى كانت تطلق على مناطق جبال زاكرؤس منذ

القدم (أى قبل الميديين) ، وكانت مناطق جبال زاكرؤس مركزا مهما من الناحيةالعلمية والثقافية والتراثية على مر التأريخ ، وفيما بعد سادت تسمية كوردستان على المنطقة (شندروى عدد٤ ص٥٣)، فالكتب الدينية لمملكة (فارس وماد) و بالاخص الديانة الزرادشتية وكتابهم المقدس (أفيستا)، كانت مدونة باللغة البهلوية القديمة ، ورغم ان الديانة الميترائية سبقت الديانة الزرادشتية بالالاف السنين ، وكانت جميع مايخص ديانتهم تنقل وتردد بطريقة صوتية شفاهية ، أو ربما أزيحت أثارهم عن الوجود ، والديانة المانية التى حلت محلها وتعتبر أمتداد للديانة الميترائية ، دونت الكثير مايخصهم باللغة البهلوية القديمة ، وترجمت الى عدة لغات ونشرت فة كثير من البلدان . ولكوردية اللغة البهلوية نخص بالذكر رأى الاستاذ المرحوم علاء الدين سجادى فى كتابه القيم (تأريخ الادب الكوردى) حيث يقول : اللغة البهلوية منبع اللهجتين الكورديتين وهما (اللور وكوران).

منطقة اللر الصغرى التى تقع فى جنوب كوردستان ، هى ضمن المنطقة البهلوية التى ظهرت فيها العقائد والرموز الدينية القديمة من تعدد الالهة الى ديانة التوحيد (شندروى عدد١ ص٦٤)، فقد وجد فة المراحل الاخيرة فى كوردستان وفى كهف جاسنة القريبة من السليمانية وعلى قطعة جلد غزال مدونة عليها مقطوعة شعرية باللغة البهلوية (الهورامية القديمة) ، احداث غزو كوردستان من قبل الجيوش العربية الاسلامية ، ونشر هذة المقطوعة الشعرية فى مجلة كلاويز (عدد٧) سنة ١٩٤٢م و باللهجة الكورانية والتى تعتبر اقدم مقطوعة شعرية كوردية ، حيث ان الكاتب لم يذكر اسمه تلافيا للمشاكل ولكى يبقى للتأريخ وللأجيال الكوردية ، ويذكر المؤرخ محمةد أمين زةكى على أن هذه المقطوعة الشعرية تعود الى بدايات أنتشار الدين الاسلامى .وتنص المقطوعة الشعرية على أن :-

مدينة (الموبدين =هرمزكان) دمرت ،وأنطفىءشعلة النيران، واختفى كبار رجال الدين والبلاط، أبدوا العرب اعمال شنيعة فى المنطقة ، بدؤا من (كنا و بالةى الى شهرزور) ، أخذوا النساء والاطفال سبايا ، وأستشهد الرجال الشجعان فى ساحات المعركة ، بقى تعاليم زردشت بدون مراعات ، وان الله لم يرحم أحدا منا .

يقول دانا محمد ملا صاحب فى كتابه (بير شاليار) ، بأن زردشت لم يكن من عبدة النار ، بل كان صاحب دين توحيد ، وامقطوعة الشعرية المارة الذكر كانت مدونة من قبل رجل الدين الزردشتى (بير شاليار) أو غيره ، وأخفاه للتأريخ أو للأجيال ، هذا بالاضافة الى العقود الثلاثةالقديمة فى هورامان المكتشفة عام ١٩١٣م ، حول عملية البيع والشراء للأملاك الزراعية وتوزيع مياه الرى ، واتى تعود كتابتها الى القرن الأول قبل الميلاد ، وباللهجة الهورامية أو اللهجة الكورانية الكوردية والتى هى امتداد للغة البهلوية القديمة (طاهرى ص٢٩٢)،بالاضافة الى ذالك هناك كتاب قديم لرجل دين زردشتى بأسم بير شاليار تحت عنوان (

معرفة بير شاليار) مدونة باللهجة الهورامية القديمة (أى البهلوية) (بهرامى ص٢٣) ،ومن نموذج مدونات هذا الكتاب كما جاء فى كتاب د. خمال نبز ص٥٦ مايلى : -

راسى خاسين راسى خاسين

راسى هم مايى وشى و خاسين

نة وشى بةلكو باكى و باسين

دوزمنى جةنى ديو وداسين

فى هذة المقطوعة الشعرية بير شاليار يشير الى أن عبادة الداسنية ضد الحقيقة والنظافة ، الباحثون ومختصوا اللغة يوضحون على أن جذور اللغة الكوردية تعود الى لغة افيستا التى لها نفس جذور الهيندو ايرانى (اريانى) (طاهرى ص٥٨٦)، ويمكن القول على أن اللهجة الهورامية (الكورانية) المتداولة فى منطقة هورامان تعد امتداد للغة البهلوية (طاهرى ص٥٩١) ،واللغة الكوردية الحديثة هى أقرب الى اللغة البهلوية مقارنة باللغة الفارسية اليوم (شندروى ١ ص١٠٥)، ورغم ان هناك اختلاف كبير بين اللغتين (الكوردية والفارسية)،الا ان من الناحية اللفظية هناك اختلاف كبير بينهما ،ويمكن مقارنة اللغتين فى بعض الكلمات كما ورد فى كتاب (تأريخ الكورد وكوردستان)لمحمد مردوخ ص٣٨١، ورغم انهما من نفس النشأ (هندو ايرانى (اريانى)الا انهما لغتين لقوميتين مختلفتين ولهما خصائصهما :-

كوردى	فارسى	عربى
او	اب	ماء
نان	نون	خبز
اسمان	اسمون	فلك
با	باد	ريح
تاوستان	تابستان	صيف
شو	شب	ليل
مانك	ماه	قمر

فالكورانيون هم جزء من الكورد الهوراميين وعلى الطريقة اليارسانية ،فلهم تأريخ عريق حسب المصادر التأريخية القديمة ،مثلا احدى هذة المصادر التأريخية القديمة كتاب (جغرافية سترابو) ، عالم الجغرافية

والتأريخ اليونانى (سترابو) المولود عام (٦٤ قبل الميلاد)والنص الذى جاء فيه ذكر الكورانيون مايلى : -جمع من الناس متشددين و محاربين و قتلة يسكنون فى منطقة (تراكية)عند حدود أرمينيا القريبة من الكورانيون و الميديين (صفحة فيس بوك ، عادل كاكيى) ، وهذا يعنى قدم ذكر الكورانيون ، ويأتى ذكر الكوران على انهم يتحدثون بلهجة (ماجو) الكوردية ، والتى تشمل اليوم (عشيرة كوران ، بالاضافة الى ذالك هناك مجموعات أخرى غير الكوران والهوراميون يتحدثون بلهجة (ماجو) الكوردية وهم : " اليارسانيون ، الشبك ، زنكنة ، باجلان ، شيخان ،....الخ ، وهورامان لها تأريخ عريق وهى أحدى المناطق الكوردستانية القديمة ، وكانت مركزا للمدنية فى الشرق الاوسط وقلعة حصينة للميديين (زمان وزار عدد ٤ ص١٦٠) ، هورامان المنطقة الجبلية الشاهقة من كوردستان تعتبر قلعة حصينة للحفاظ على اللهجة الكوردية التأريخية (ماجو) والتى ذاع صيتها بأسم هورامان ، حيث يذكر الاستاذ ايوب روستم بأن كلمة ماجو جاؤ بعدة صورفى الكتب الدينية القديمة ونها : الديانة الآريةالقديمة واللغة السنكسريتية ، الديانة الميترائية و اللغة البهلوية ، الديانة الزرادشتية وكتاب آ فيستا،الا انها فى الصور أوالمراحل الثلاث لها نفس المدلول ، والتى تعنى العبادة والذكر بالتأنى والهدوء (شندروى عدد١ ص٨).

كلمة هورامان بحث بعدة صور كما أشاراليها (طاهرى ص٥٨٦) كما يلى :-

١) هور = فى اللغة الكوردية والميدية تعنى الشمس .

٢) هورا = بمعنى آهورا و مان تعنى مكان ، اذا هورامان = مكان آهورا.

٣) هور آمان = وصات الخبر .

٤) هوارى آمان =مكان الاتجاء .

٥) هور آمان = اشرقت الشمس.

٦) ويعتقد البعض على أن كلمة هورامان مأخوذة من كلمة (تورامن) ، التى تعنى محل أحدى المناطق القديمة لموسيقا الكورد فى عصر ماقبل الاسلام ،وهناك أعتقادات مختلفة حول تلفظ كلمة هورامان من قبل المؤرخين والباحثين ، الا أن هورامان مأخوذة من مقطعين (آهورا) وتعنى (الله) و (مان) تعنى (اكبر) ، أذا آهورامان تعنى اللله اكبر (شندروى عدد٢ ص٢٠٣).

وتعتبر منطقتا اللور وهورامان منبع للحركات الدينية والثقافية منذ أقدم العصور والى اليوم ، وخاصة فيما بعد أن سيطر الجيوش العربية والاسلامية على كوردستان وسادت الديانة الاسلامية ، بدأت حركات التصوف وبروز الاديان والطوائف بعد حوالى قرنين من السكوت والجمود ، الى أن بدأ اليارسانيون للظهور فى العلن تحت غطاء التصوف الاسلامى ، وكان مدوناتهم فى الكتب والدفاتر الدينية التى تشمل الراسيم

والطقوس والعبادات باللغة الكوردية وبلهجة (ماجو ، كوران ، هورامان)لانها كانتى لهجتهم منذ القدم (شندروى عدد٢ ص١٥٣).

اليارسانيون هم من تمكنوا الحفاظ على هذة اللهجة الكورديةعبر العصور التأريخية ، بالاضافة الى منطقة هورامان التى لم يتخللها اللغات الاجنبية ، بالرغم من الظروف القاسية التى مرت عليهم من ويلات وحروب طاحنة لأبادتهم و محو مايملكون من تراث قيم بين فينة وأخرى ، ففى بداية بروز اليارسانيون ، كانت فى منطقة هورامان و لورستان وشهرزور، وانبثق تطورا فيما بعد فى كل من ايران وتركيا و أحد مريدى بابا خوشين فى فترة القرن الرابع وبداية القرن الخامس ، ولة مجموعة شعرية على هيئة رباعيات باللهجة اللورية الكوردية ففى أحدى رباعياته يقول : -

أكر مستان مستيمأز ته أيمان
أكر بى باو دستيم أز ته أيمان
أكر كوريم و ترسا و مسلمان أز ته أيمان
به هر مللت هستيم أز ته أيمان
(تأريخ الادب الكوردى - معروف خزندار ص٢١١)
رباعيات باباطاهر - هياس كاكيى ص١٤٤)

منهذة الباعية يؤكد أيمانه القيم بالرب مهما كانت حالته وأينماكان او يكون . وفى مقطوعة شعرية أخرى باللهجة الهورامية يقول :-

زار جم دى وراى مورج أدخورد
مورج أنى دوو دستى وخودادرد
ناكهان بامد آن بازو دارى
زار جش كوشت و موران زارج أدخورد
رباعيات باباطاهر - هياس كاكيى ص٣٥٣)

يقصد باباطاهر بأن لكل متسلط سلطان أقوى ، بوجود القوة يكون الظلم ، بأنعدام القوة يكون الانشراح ، أذا القوة والظلم مترادفان .

واذا أمعنا النظربدقة الى الكتب والدفاتر المقدسة لليارسانيين، نجد بأنها مكتوبة باللهجة (الهورامية - الكورانية)الكوردية أو باللهجة اللورية ، وهذا يعنى بأنهم حافظوا على هذا التراث القيم فى المجتمع

الكوردى على مر التأريخ رغم الظروف القاسية التى مرت عليهم عبر الزمن ، نأمل من الامة الكوردية بعيدا عن التظرف والطائفية أن يفهموا ماهم يحملون من رسالة خالة من التراث القيم ، يجب زيادة الاهتمام بهم وبتراثهم التى هى جزء من تراق الامة الكوردية .

على الباحثين والمؤرخين وذو الشأن ، التوخل الى أعماق التراث اليارسانى ومقارنته باللغة الكوردية وتراثهم ، اذ أن هذا التراث اليارسانى يخدم اللغة الكوردية خير خدمة والعمل على حفاظ اللغة الكوردية من تخلخل الكلمات الدخيلة اليها ، حيث كانت لهجة كوران الكورديةفى حقبة من الزمن لغة الكتابة والشعراء والدواوين ، وفيما بعد طغت اللهجة السورانية على لهجة كوران فى ظل امارتى أردلان وبابان .

فاللغة الكوردية بلهجاتها المتعددة ، تعتبر لغة حية واحتفظت بحيويتها عبر العصور الغابرة والى اليوم ، وعلى الاجيال أن يحاول الحفاظ على حيوتها وترقيتها الى مستوى لغات العالم .

ملخص المقال :

منذ أن توطأ قدم الانسان على الارض ، برزت عنده لغة التفاهم والتعبير ، سواء بلغة الاشارة أو النطق للتفاهم والتواصل مع محيطه ،والى مرحلة الكتابة وتدوين أموره الحياتية للاجيال القادمة .

الكورد كأمة عريقة ، يتميز بلغتة ، وتعود عراقتها الى الالاف السنين فيما قبل التاريخ ، وتمكن التعبير عنها بعد مرحلة الرسومات والصور الى رموز كتابية كما ظهر عند الهوريون والسومريون وفيما بعد عند الميديين ، وتعدد اللهجات فى اللغة الكوردية تعنى حيوية اللغة ومواكبتها ضمن اللغات العالمية ، وتمكن الكورد الحفاظ على نقاوة لغتة عبر الزمن ، اعتمادا على تراثهاالقيم واستمراريتها رغم الظروف الصعبة التى مرت على الامة ، ولو كانت هناك محاولات جمة للعبث بلغتهم وقيمهم التراثية ، ألا أ، طبيعة مناطقهم الجبلية الوعرة وتمسكهم بتراثهم القيم أدى الى دون ذالك ، وفى المراحل الاخيرة تطورت الوعى عند الطبقات المثقفة من المؤرخين والباحثين حيث كانت لها الدور الكبير فى الحفاظ على حدود لغتهم .

الاستنتاج :-

نستنتج مما مر ذكره على أن اللغة كأداة للتعبير والتفاهم منذ نشأة الانسان على الارض ، وتطورت مع تطور حياة الانسان من مرحلة الكلام الشفاهى الى الكتابة وتدوين مجريات حياته ، فاللغة الكوردية كواحدة من تلكم اللغات ، واكب مسيرة التطور والتكيف عبر العصور ، زتعدد الهجات فيها تعد من حيوية اللغة ،الا أن التقارب والتفاهم بين الهجات امر ضرورى ومهم ، والاهتمام باللغة الكوردية من قبل المعنيين لترقيتها الى مسيرة باقى الامم واحب على عاتق المثقفين والباحثين بدعم من السلطة .

المصادر :-

١) مجلة زار و زمان العدد ٤ م. طهران ، منظمة خاوى ،سليمانية .

٢) مجلة شندروى ، العدد ١، ٤، م. سويد ، منظمة التراث اليارسانى .

٣) تأريخ العراق القديم ،بغداد ، دار الحرية للطباعة والنشر.

٤) ميترائيزم ،بهمن بهرامى ،٢٠١١م، ط١ ، م. وزارة الثقافة ، اربيل .

٥) صفحة فيس بوك ل عادل كاكيى .

٦) مجلة رامان ،العدد ٤٥، ٢٠٠٠م ، اربيل .

٧) بير شاليار ، دانا بهاء الدين ملا صاحب ، ط٢ ، ٢٠١٣م ، م.زيان ، سليمانية .

٨) تأريخ السليمانية ، محمد أمين زكى ،١٩٥٩م ،شركة النشر والطباعة العراقية ، بغداد .

٩) فلسفةى ورامانى يارسان ، د. جمال نبز ، ٢٠٠٩م ، م. منارة ، اربيل.

١٠) كورد ناسى ، زكريا قادرى ،٢٠١٨م ، م. طهران ،سليمانية .

١١) تأريخ و فلسفة سرأنجام ، طيب طاهرى ، ٢٠٠٩م ،م. رؤز هلات ، اربيل .

١٢) سرأنجام ، ط١، م.آراس ، اربيل ، ٢٠٠٧م.

١٣) ميزووى أدبى كوردى ، د. مارف خزندار ، ط١.

١٤) رباعيات بابا طاهر الهمدانى ، هياس محمود كاكةيى ،٢٠٢٢م، نشر المكتبة الملكية ، سويد.

١٥) مجلة كلاويز ، العدد ٧، عام ١٩٤٢م ،بغداد .

١٦) تأريخ الادب الكوردى ، علاء الدين سجادى ، ط١، بغداد .

١٧) ميزوى كورد وكوردستان ، محمد مردؤخ ، ٢٠١١م،ط١ ، م. رؤز هلات ، اربيل .